# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

# لە سەدەی بیستەمدا

## بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان

**تویژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە**

ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا

ساڵی 2011 چاپی یەکەم

هەرێمی کوردستان — بارزان






**ئەم کتێبە لە سەر ئەرکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان چاپ کراوە**

| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا<br>بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا |
| بابەت: توێژینەوەی مێژوویی، سۆسیۆلۆجی، بەراوردکاری و دیکۆمێنتاری. |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بازی و توێژەر |
| هەڵچنین: زنار وەلاتی و توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: 3122 – چاپی یەکەم – تیراژ: 2111 دانە |
| چاپخانەی: منارە – هەولێر – ژمارەی تەلەفونی چاپخانە (186155673:8) |
| ژمارەی سپاردن: (8:4) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (3122) ی دراوەتێ |
| شوێنی نوسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ژمارەی لاپەرە: 975 – ژمارەی لاپەرەی ڕەنگاوڕەنگ:271 |
| قەبارەی کتێب:2766 سم × 33 سم |
| Font ; Ali-k-Sahifa - Ali-A-Sahifa - Ali-k-Kosari |
| سێیەم بەرهەمی نووسەر–توێژەر لە پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان |
| ژمـــــــــــــــارە موبـــــــــــــــــــایلی توێـــــــــــــــــژەر: 18615583382<br>Email:Rebwar.ramazan@.yahoo.com |

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر

## ناوەڕووک


| بەش | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|

**لە جیاتی پێشەکی** ................................................................ 5

### دەروازەی یەکەم

**بەشی یەکەم:** دەقی چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی و چەند بەیاننامە و یاداشت و پەیماننامــە و چــەند بیرخەرەوەیــەک........................................ 19

### دەروازەی دووەم

**بەشـــی دووەم:** جینۆســـایدکردنی بارزانیـــەکان لـــە نێـــوان ســـاڵانی (1907 – 1945/9)دا. 178

**بەشـــی ســـێیەم:** جینۆســـایدکردنی بارزانیـــەکان لـــە نێـــوان ســـاڵانی (1945/10 – 1960)دا. 211

**بەشی چوارەم:** جینۆسایدکردنی بارزانیـەکان لـە نێـوان سـاڵانی (1961 – 1974)دا. 236

**بەشـــی پێنجـــەم:** جینۆســـایدکردنی بارزانیـــەکان لـــە نێـــوان ســـاڵانی (1975 – 1991)دا.. 249

## دەروازەی سێیەم

**بەشی شەشەم:** پلە و ماوەی حوکمرانی و دەسەڵاتی هەندێك لە کاربەدەستانی عێراق لە سەدەی بیستەمدا.............................................. 290

**بەشی حەوتەم:** هەوڵدان، پیلان گێران و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چوارچێوەی دیکۆمێنتەکاندا............................................... 299

**بەشی هەشتەم:** جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چاوی وێنەکاندا............... 680

سەرچاوەکان............................................... 821

نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان......... 829

# لە جیاتی پێشەکی

بە گرنگمان زانی لە جیاتی پێشەکی بۆ ئەم پەرتووکە بە سێ یاداشتنامەی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر دەست پێبکەین:

یەکەمیان: لە لایەن بارزانی نەمرەوە بۆ باڵوێزی ئیمپراتۆریای بەریتانیا لە بەغدا.

دووەمیان: یاداشتنامەیەکی (باوکی نەمر مەلا مستەفا بارزانی) بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

سێیەمیان: یاداشتنامەیەکی (ڕابەری کورد مەلا مستەفا بارزانی)، بۆ سیادەتی پاشا و سەرۆکەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان.

یەکەمیان:

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیا[1]

33ی ئاداری 1945

فەخامەتی باڵوێزی ئیمپراتۆریای بەریتانیا– بەغدا

سڵاو و ڕێز

زۆر خۆشحاڵم بە کەسیی فەخامەتتان کە یەکەمین ئەم نامەیەتان بۆ بنێرم و تێدا پێشوازی لە هاتنی شکۆدارانەی پایەبەرزتان دەکەم بۆ وڵاتەکەمان و هیوادارم ئەم پەیامەی من دەسپێکی پەیوەندییەکی بەتین بێت لە نێوان ئێمەی دڵسۆز و ئێوەی ڕێبەری چاکەخواز و پارێزەری گەلانی لاواز و بەدبەخت.

فەخامەتی باڵوێز

مایەی خۆشحاڵی و دڵسۆزیی زۆری منە لە بەرامبەر کەسی بەڕێزی ئێوەدا کەوا ئەوەی لە دڵمایە لە کارەسات و ئازاری گەورەی گەلی کورد، بەتایبەتی لە عێراقدا بدرکێنم و ئەو شۆڕشە یەك لە دوایەکانەی ئەم گەلە لە کاتی گەیشتنی بەوپەڕی نائومێدی لە بەرامبەر زوڵم و ملهوریی بەرپرسانی پیاوەکانی حکوومەتی هەلگیرساندوون و لە هەموو جارێکیشدا بووتە هۆی کوشتوبڕ و ڕاگواستنی ئەو گەلە بێوەیە، بە ڕوویێکی سادە بەشێکە لە کۆی مرۆڤایەتی و مافی ئەوەی هەیە بژی و کەلك لەو ئازادییە وەربگرێ کە خوداوەندی مەزن بە بونەوەرەکانی خۆی بەخشیوە.

فەخامەتی باڵوێز

ئەم ڕەوشە خەمبارە لە عێراق، بوو بەهۆی ئەوەی گەلی کورد لە عێراق داوای داخوازینامە نەتەوەییەکانی خۆی بۆچاککردنی ئەم ڕەوشەی ئێستە پێشکێش بە باڵوێزخانەی سەنگینی ئێوە و حکوومەتی عێراقی بکات، ئەمەش وەك بەراییەك بۆ ئیمکانی کورد لە ئامادەسازی خۆی بە ڕێگەی ئاشتیانە و بە ئازادییەکی تەواو بو گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی کە بریتییە لە وەدەستخستنی ئازادیی تەواو لە ناو سنووری سروشتی وڵاتی خۆی بە گوێرەی ئەوەی هەریەکە لە سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکەتان مستەر چەرچڵ و سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مستەر ڕۆڤێلت لە پەیماننامەی ئەتلەنتیکدا بڕیاریان لە سەر مافەکانی هەموو گەلان داوە دوای شەڕ.

ئێمە هیوایەکی پتەومان بە کەسی فەخامەتتان هەیە بەوەی بە چاوێکی باوکانەی میهرەبانانەوە بڕواننە داخوازنامەکانی پێشوومان و مافی زەوتکراوی ئەم گەلە لە

چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا بە شێوەیەکی کاتی بگێرنەوە تاوەکو کۆتایی شەڕ بە پشـتیوانیی خواوەنـد ئێـوە سـەرکەوتوو دەبـن و هـیچ ئـاواتێکی ترمـان نیـە جگـە لـە سەرکەوتنی بەرچاوتان لە داهاتوویێکی نزیکدا و بـە دیارخسـتنی ئاواتـە نەتەوەییـەکانی ئێمـە و دروسـتکردنی قەوارەیـەکی نەتـەوەیی، هێـز و ڕێگـەی ڕاسـت لـە حکوومـەتی سەنگینی ئێوە وەردەگرین.

تکایە ئەوپەری ڕێز و سڵاومان قەبووڵ بفەرموون.　　　　دڵسۆزتان

واژوو

مەلا مستەفا بارزانی

دووەمیان:

یاداشتنامەی مەلا مستەفا بارزانی نەمر [2]

ئەم یاداشتنامەیە لە گەڵ پاشبەندەکانی لە ناوەڕاستی تشرینی یەکـەمی سـاڵی 1969 بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکراوەتـەوە و پـێش ئـەو سـەرکردایەتی شـۆڕش (ئـەیلول) لــە ســاڵی 1966 دا یاداشــتنامەیەکی تریشــی بــۆ نەتەوەیــەکگرتووەکان بەرزکردببووەوە کە بە دوور و درێژی پۆختەی بارودۆخە مەینـەتبار و کارەسـاتبارەکەی کوردستانی تێدا بوو.( بۆ پاشـبەندەکانی ئـەم یاداشـتنامەیە بڕوانـە دەروازەی یەکـەمی ئەم توێژینەوەیە).

- گەورەی بەڕێز یوثانت – سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- گەورەی بەڕێز خاتوونی سەرۆکی خولی بیست و چوارەمی دەستەی گشتی.
- دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان.
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤ.
- ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
- لێژنەی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم.

– ڕێکخراوی فێرکردن و زانست و ڕۆشنبیری سەر بە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنسکۆ).

– لیژنەی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی پەنابەران.

– شاندەکانی دەوڵەتە ئەندامەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

شەرەفی ئەوەم پێ دەبڕێ ئەم یاداشتنامەیە لە بارەی بارودۆخی خەفەتباری کوردستانی عێراقەوە پێشکەش بە بەڕێزتان بکەم.

لە مێژووی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، مەبەستی (( ڕزگارکردنی نەوە یەك لە دوایەکەکانی مرۆڤایەتییە لە نەفرەتی شەڕ)) ڕووی نەداوە ئاوها شەڕێك بە تەواوەتی بخاتە پشت گوێ کە هەشت ساڵ دەوامی کردووە، ئەویش ئەو شەڕە ڕەگەز پەرستیەیە کە فەرمانڕەواکانی عێراق دژی گەلی کورد دەکەن، بە چاوپۆشی لە داواکاریی چەند جارەی ئێمە بۆ گەورەترین ڕێکخراو لە جیهاندا.

ئەو شەڕە دۆژمنکارییە لە 11ی ئەیلولی ساڵی 1961 دژی گەلی کوردستانی بێ پشتیوانی دەستی پێکردووە، لەو کاتەوە پێنج حکومەتی دکتاتوری هاتوونەتە سەرکار، هەریەکەشیان لەو شەڕ سەرتاسەرییەدا هەر بەردەوام بووە.

ئەو زەمانەی کە ئەم شەڕە درێژەی تێدا کێشا، لە درێژەکێشانی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی تێکڕا کەمێك کەمترە. ئەو چەك و هۆی وێرانکارییانەش کە سوپای عێراق بە کاری هێنان لە تازەترین جۆرن و لەوانەش ناپاڵم و گوللەی ژەهراوی و هەموو جۆرە بۆمبایەکی سووتێنەر.

ئەوەی شایانی تێبینی کردنیش بێت ئەوەیە ئەو هۆیە وێرانکەرانە دەوڵەتێك بەکاریان دێنێت، لە هەموو دەوڵەتێك دڕندەتر و دڵڕەقتر و لە هەمووشیان کەمتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات، نەك هەر تەنیا بۆ خەڵك کوشتن و لەناوبردن، نەك هەر تەنیا بۆ وێرانکردنی ماڵەکانیان، بگرە بە سووتاندی کێڵگە و کشتوکاڵیان و کوشتنی مەڕ و ماڵاتیشیان، ئەمەش ئامانجی ئەوەیە بە دەستی ئەنقەست و بە عەمدی گەلی کورد لە

برسان بکوژی. لە بەر ئەوە زەحمەت نییە لای ئەو کەسانەی گیرۆودەیی ناخۆشی شەڕی دووەمی جیهانیان دیبێ، ئەو مەینەتیە وێنا بکەن و بهێننە بەر چاو کە گەلەکەی ئێمە پێیدا تێدەپەڕێت.

جا لەوەتەی فەرمانرەوا بەعسییەکان لە عێراق بۆیان ڕوون بووتەوە کە ناتونن شۆڕشی کورد لە ناو ببەن، وردە وردە زیاتر پەنایان بۆ ئەو ڕێگایانە بردووە کە دەبنە هۆی دوابڕینی گەڵی کورد و قڕکردنی.

ئەوان ئێستە هەوڵی ئەوە دەدەن بە تەواوەتی وەکو گەلێك مەحفی کەنەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ لێك دەداتەوە کە سوپای عێراق بۆچی ئەو هەموو ژمارە زۆرە کارە قڕکەرە ڕەگەزپەرستانە ئەنجام دەدات و هەر ئەمەشە مەبەستیان لە پیادەکردنی سیاسەتی خاك سووتاندن. ئەو شێوازەش کە بەردەوام پێڕەوی دەکەن دەتوانین بڵێین بەردەوام بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سوپا ناوچەیەك بە تەواوەتی دەورە دەدات و دوای ئەوەی ئاگری تانك و تۆپخانە و باڵەفڕ ئاڕاستەی ئەو ناوچەیە دەکات و هەر کەسێکیش لە خەڵکی ناوچەکە ئەگەر لە ماڵەوە نە کوژرابێت، ئەوا لە کاتێکدا کە هەڵدێن بە گوللە دەیانکوژن، ئینجا پیادە تەکان دەدەن بەرەو قوربانییەکانیان، دوای ئەوەی ڕێیەکە بە تەواوی ڕادەماڵن ماڵ بە ماڵ ئاگر لە خانووەکان بەردەدەن. ئیدی بەم ڕێگەیە سەدان هاووڵاتی لە سەنگەسەر کوژران کە (543) پێنج سەد و چل خانوو لە مانگی ئایاری ڕابردوودا ئاگریان تێبەردرا و دەیان گوند و گەلێك ڕووبەری بەرفراوانی مەزار و کشتوکاڵ لە دەشتی هەولێر بە هەمان شێوە لە ماوەی تەمموزی ڕابردوودا سوتێنران.

لە 19ی مانگی ئاب، (29) بیست و نۆ ژن و (37) سی و حەوت منداڵی کور و کچ و پیاوێکی پیر لە گوندی دەکان کە کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ سوتێنران، کاتێك سوپا هێرشی بردە سەر دێی ئەو کلۆڵانە. هەڵاتن بۆ ئەشکەوتێکی ئەو ناوە، لەوێ سوپا پێیان ڕاگەیشتن و دەستیان بە سەر دەروازەی ئەشکەوتەکەدا گرت و ئینجا

چیلکە و داریان کۆکردەوە و لە نێو ئەشکەوتەکەدا کەڵەکەیان کرد و نەوتیان پێداکرد و دەستبەجێ ناشیرینترین تاوان ئەنجام درا بە سوتاندنی ئەوانە بە زیندوویی، لە نێو قوربانیەکاندا منداڵێك دەبینی ناوی بەشار ڕەمەزانە تەمەنی لە مانگێك کەمترە، هەویری عیساش دەبینی تەمەنی لە (83) هەشتا ساڵ زیاترە.

لە ڕۆژی 16ی ئەیلول، (97) نەوەد و حەوت هاووڵاتی کە دانیشتووی گوندی سۆریای نزیك زاخۆ بوون لە سەر خاور بە کوشتن و بریندارکردن لە نێوبران، سەربازەکان منداڵەکانیان لە ناو لانکەکانیان هەڵدایە ئاوەوە و لە زێیەکەدا دەخنکان و دەمردن، حەننا قەشای قەشەی کلدانیش لە نێو کوژراوەکاندا بوو، تەنیا تاکە ژنێك توانی لەو کوشتارگەیە ڕزگار ببێت.

هەر لەم کاتەی ئێستەشدا هەزاران کوردی بێ تاوان لە زیندانەکانی عێراقدان بە دەست ئەشکەنجەدانیان لە لایەن بەعسییەکانەوە دەناڵێنن و گەلێکیش لەوانە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدانیان مردوون وەك ئیبراهیم حاجی عومەر و عەبدولرەحمان سادق.

پتر لە سەد هەزار مرۆڤیش ناچار کراون شوێنی دانیشتنی خۆیان لە شار و گوندەکان لە دەوری دامەزراوەکانی نەوت و خاکە بە پیتەکان بە جێبێڵن و بە زۆر بۆ ناوچە شاخاوییەکان دەرکراون دوای ئەوەی موڵك و ماڵیان دەستیان بە سەردا گیراوە.

فەرمانڕەوایانی عێراق هەڵسوکەوتێکی دڵڕەقانەیان بە تایبەتی بۆ مەسیحیەکان لە کوردستان بە کارهێناوە، چونکە لە ڕووی ڕەگەز و ئاینەوە لەو فەرمانڕەوایانە جیان. ئەو فەرمانڕەوایانە چەندان دێر و کلێسایان وێرانکرد و ژمارەیەك ڕەبەن و کاهینیان، لە کاتی هەڵکوتانە سەر پەرستگاکان کوشت و بریندارکرد.

هۆی ئەو شەڕە دڕندانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەلەکەمان دەیەوێ پارێزگاریی زمان و ڕۆشنبیری و بنەما نەتەوەییەکانی خۆی بکات و دژی ئەو پرۆسە زۆرەکییە دەوەستێت کە دەیەوێت پاکتاوی نەتەوایەتی بکات.

ئەو کوشتار و ژن و منداڵ و پیر سووتاندنە بە زیندوویی، زۆرێك لەو کارە دڕندانە و دزێوە وەحشییانەی فەرمانڕەوا بەعسییەکان ئەنجامی دەدەن پێشێل کردنێکی ئابڕووچوانەیە بۆ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کوردی عێراق هیچ ڕۆژێك وەك هاوولاتی پلە دوو بەولاوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە و بگرە لەوە کەمتریش، لە بارودۆخی ئێستەشدا کورد لە هەموو مافێکی مرۆیی بێ بەشە، وێرای ئەوەی کە بوونیشی هەڕەشەی لە نێوچوونی لێ دەکرێت.

فەرمانڕەوایی عێراق و ئیستیغلالکردنی کوردستان لە لایەنییەوە دزێوترین شێوازی ئیستیغلالە و ڕاستی ئەوەی کە پێستی فەرمانڕەوایانی عێراق ئەسمەرە بەس نییە بۆ ئەوەی سیفەتی کۆلۆنیالی لەو فەرمانڕوایانە دوور بخاتەوە.

شایانی ئەوەشە لێرەدا ئەوە باس بکەین شەڕ لە کوردستان ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەلاتی نێزیك دەکات و لە بەر ئەو هۆیانەی لە مەو بەر باسمان کردن و لە بەر ئەوەی حکوومەتەکانی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە شکستیان هێنا، ئەو شەڕەی ئەمرۆ لە ئارادایە دژی گەلەکەمان، پرسێکی ناوخۆیی نییە وەك ڕژێمی حوکمی عێراق دەڵێت، چونکە چوون دەکرێت شەڕێکی وێرانکەرانە هەشت ساڵ درێژە بکێشێت بە پرسێکی ناوخۆ دابنرێت تەنیا پەیوەندی بە خاوەنەکانیانەوە هەبێ؟

ڕێگەی ئەوەم پێبدەن کە داواکارییەکانم بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنە و دەستە و ئەندامەکانی تازەبکەمەوە بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق و ناچاری بکەن شەری قڕکردنی ڕەگەزپەرستانە لە کوردستان بوەستێنێ، بە لای کەمەوە لیژنەیەك بنێرن بۆ گەڕان بە دوای ڕاستیدا و نێوانکارێکی نێو دەوڵەتی بنێرن بۆ کوردستان بۆ کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تاوی سەندووە.

خاوەنی فەخامەت، قۆلترین ڕیز و تەقدیرم قەبووڵ بفەرموون.

مستەفا بارزانی

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ئەیلول)– کوردستان

تشرینی یەکەمی 1969

سێیەمیان:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خاوەن شکۆ و سیادەتی پاشا و سەرۆکە بەڕێزەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان[3]

مایەی شەڕەفە بۆ من کە بە بۆنەی گرتنی کۆنگرە بەڕێزەکەتان گەرمترین سڵاو و جوانترین ئاواتتان پێشکێش بکەم و لە خوای گەورەش داوا دەکەم سەرکەوتووتان بکات بۆ هەموو شتێك کە خێری گەلانی ئیسلامی و پاراستنی یەکێتی و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندیەکانی گەلانی ئیسلامی و بەرزکردنەوەی وشەی حەق و دادپەروەری لە هەموو لایەکدا تێدابێت، دوای ئەوە من بەستنی ئەم کۆنگرە پیرۆزە دەقۆزمەوە، تا ئەو زوڵم و زۆرییەی لە گەلێکی موسڵمان دەکرێت بخەمە بەرچاوتان کە لە وەتی چووەتە سەر ئەو دینە پیرۆزە، لە پێشەوەی ئەو کەسانەدا بووە کە بەرگرییان لێ کردووە و پابەندی بیروباوەرە ڕاستەکانی و ڕێنوێنییە باڵاکانی بووە.

خاوەنانی شکۆ و سیادە، بێگومان ئێوە ئاگاتان لە واقیعی ئازاراویی گەلی کورد لە عێراق هەیە، ئەوەتەی دەوڵەتی عێراق پێش نیو سەدە زەمان دامەزراوە و چەندان شۆڕشی دژی زوڵم و زۆرداری کردووە، شەڕی برا کوژی لە ساڵی 1961 بە سەرماندا سەپێنراوە، هەروەها داکۆکیکردن لە بوونی خۆمان کە هەمیشە کەوتووەتە بەر زوڵم و

چەوساندنەوە و هێشتاش هەر وایە لە بەر ئەو سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە و جیاوازیخوازییەی حکوومەتە یەك لە دوای یەکە عێراقییەکان لە دژی پەیرەویان کردووە و دەیکەن بە پێچەوانەی ئەو چەمکی برایەتی ئیسلامی و گەلاڵەی مافەکانی مرۆڤ و ئەو بنەمایانەی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانیان پیانراوە.

ئەو شەڕە داخاوییە دڵتەزینە لە 11ی ئاداری 1973 دا لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوان ئێمە و حکوومەتی عێراقدا بەسترا، وەستا. حکوومەت بە پێی ئەوە دانی بە مافی گەلی کورد دانا لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و وەدیهێنانی لە ماوەی چوار ساڵ و لەو ماوەیەدا چاکسازی گشتی لە هەموو لایەکی ژیان لە کوردستان دێتە جێبەجێکردن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیان و ماڵوێرانییەی تووشی هاتووە و ئەو پێشکەوتن و ئاوەدانییەی لە کیسی چووە، ئامادەکردنی وڵات بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا لە 11ی ئاداری ئەم ساڵ.

ئێمە لەم ماوەیەدا لە دوایین ئەو ڕۆژانەی تەمەنی مایەوەی ڕێککەوتننامەی ئاداردا دەژین و ئەوەی دەبێتە هۆی تاڵا و هیوا بڕاوی ئەوەیە ئاماژە بەو ڕووداوە وڕووژێنەر و زۆڵمە زۆرانە بکەین، کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو بە سەر گەلەکەمان هاتن و هیچ نیشانەیەکیش دیار نییە، کە حکوومەتی عێراق ئامادەیی ئەوەی هەبێ بەڵێنەکانی خۆی بە جێ بهێنێ، بگرە بە پێچەوانەی ئەوەوە، هەموو بەڵگە و نیشانەیەك جەخت لە سەر ئەوە دەکەن حکوومەت نیازی وایە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژمان دەست پێ بکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتی زۆرداری و هێزی داگیرکەرانە و لە نێوبردنی موسڵمانانی بێ بەرگری، ئەوانەی نایانەوێ کوێرانە گوێرایەڵی ڕەفتارەکانی بن کە بە تەواوەتی لە ڕێنوێنی ئاینەکەمان دوورن و دژی ئەو دەقانەشن کە لە نێوانماندا ڕێککەوتنیان لە سەر کرابوو و دژی هەموو شەریعەت و بەهایەکن کە لە نێوان

مرۆڤایەتیدا لە سەریان پێك هاتوون و ڕێگەی ئەوەشمان پێ بدەن ئەوانەی خوارەوەتان وەك نموونە، بۆ بێنینەوە:

1- ڕێککەوتننامەکە ئەنجامدانی سەرژمێریەکی بێ گەردی دانیشتووانی تێدابوو بە مەبەستی چەسپاندنی ئەو ناوچانەی ئۆتۆنۆمی دەیانگرێتەوە، بە مەرجێك ئەمە لە ساڵی یەکەمی بەستنی ڕێککەوتننامەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام حکوومەت لە کاتی خۆیدا نەیویست هاوکاریمان لە گەڵدا بکات و ئەو سەرژمێرییەی دواخست بۆ کاتێکی دیاری نەکراو و دەستی کرد بە قوستنەوەی ئەو هەلە بۆ بە زۆر دەرکردنی هاووڵاتییە کوردەکان لە سەر ماڵ و حاڵ و گوندەکانی خۆیان، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی نەوتیان زۆرە، نیشتەجێکردنی لایەنگرانی خۆی لە خێڵە عارەبەکان کە لە دەرەوەی ناوچەکانی کوردەوارییەوە هێنابوونی، بۆ ئەوەی لەو گوندانە دانیشن بە پێچەوانەی هەق و دادپەروەری، بۆ هەڵساندنی ڕق و کینە لە نێوان موسڵمانانی عارەب و کورد لە عێراقدا.

2- حکوومەتی عێراق لە ماوەی ساڵی 1972 زیاتر لە 53 پەنجا هەزار هاووڵاتی کوردی لە خەڵکی بەغدا و ناوچەکانی تری عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە بۆ دەرەوەی سنوور دەرکرد، بە جۆرێك کە دژ دەوەستێت لە گەڵ ئەو بنچینانەی لە نێوان ئێمە و ئەواندا ڕێککەوتنیان لە سەر کرابوو، لە مامەلەکردن لە گەڵ ئەو هاووڵاتیانەدا، هەروەها لە گەڵ کەمترین بیروباوەر و مافی مرۆڤ ڕێك ناکەوێت، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە لە بنەچەی ئێرانین.

3- دەسەڵاتدارانی عێراق لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا چەندان شاڵاوی سەربازی و بە سەردادانی بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ڕێکخستووە، سەدان کورد بوون بە قوربانی و هەزاران کوردیش دەربەدەرکران و چەندان گوندی بێ دیفاع و بێ تاوانیش سووتێنران، هەروەك لە شار و شارۆچکەکانی موسڵ و کەرکوك و خانەقین و شنگار و بارزان و هیتر ڕووی دا.

4- دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق گەلێك پلانیان سازکردووە بۆ تیرۆرکردنی سەرکردە و بەرپرسانی کورد، ڕەنگە دیارترین و ڕیسواترینی ئەو پلانانە هەوڵدانە سەرنەکەوتووەکەی حکوومەت بوو بۆ تیرۆرکردنی من لە 29 ی ئەیلوولی ساڵی 1971 بە ڕێگەیەکی شەڕخوازانە، مرۆڤێکی خاوەن ئینساف بیری لێ ناکاتەوە و دەسەڵاتداریەتی، خۆشەویستی و ڕێزی ئێمەی بۆ پیاوانی ئاینی و بە گەورە گرتنیانی بەکارهێنا، ئەوەبوو شاندێکی پێك هێنا تێکەل لە هەندێك زانایانی ئاینی و هەندێ تاوانبار و پیاوکوژ جلوبەرگی پیاوانی ئاینییان پۆشیبوو، ناردنی بۆ لای من بە بیانووی ئەوەی پرۆژەیەکی ڕێککەوتن دەخەنە پێشمان، لە کاتێکدا چەندان جۆرە بۆمبا و تەقەمەنی جیا جیایان لە ژێر جلەییەکاندا شاردبووە بۆ ئەوەی لە کاتی کۆبوونەوەدا بیان تەقێنەوە و ئەوەیان بە وردی و لێزانانە ئەنجام دا، بەڵام خوای گەورە لە فرۆفێلەکەیان پاراستمی و تەقەمەنییەکان، شاندە شەڕانییەکەی لە کاتی کۆبوونەوەکەدا لە نێوبرد و هەندێ پاسەوانی بەری و بێ تاوان بوون بە قوربانی ئەم پیلانە، بۆ هەولێکی تر بە هەمان ئامانج، دەسەڵاتداریەتی کەسێکی بە سیفەتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی نارد جانتایەکی پڕ لە تەقەمەنیی پێ بوو، بەڵام پێش ئەوەی لە 15ی تەممووزی 1972 دا تاوانەکەی جێبەجێ بکات، کارەکەی ئاشکرا بوو.

5- دەسەڵاتداریەتی بۆنەی هاوکاریکردنی خۆی لە گەڵ حزبی شیوعی عێراقی لە ناوەڕاستی پار بە هەل زانی بۆ فیتنە و ئاژاوەنانەوە لە کوردستان، بوونی ڕێکخراوی حزبی ناوبراوی لە ناوچەی کوردەواریدا بە کارهێنا بۆ تێکدانی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکەدا و دروستکردنی کەش وهەوای بارگرژی و تەنگژەنانەوە بۆ ئەوەی پاسا و بدۆزێتەوە و شەڕێکی تازە دژی گەلەکەمان هەڵبستێنێ.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو حاڵە خراپەی کە گەلی کوردمان بە دەستیەوە دەناڵێنێ دەیخەینە ڕوو بۆ پایە بەرزیتان، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە برا عارەبە موسڵمانەکانیش لە عێراقدا هەروەها دووچاری شوێنەواری سیاسی ئەو حوکمە

بوونەتەوە لە ئازادی و بژێوی خۆیان لە بەر سروشتی ئەو حوکمە ناباوە و هەوڵ و تەقەلادانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بە زەبری هێز بە سەر گەلی عێراقدا بسەپێنێ دوور لە شورا و شێوازی دەستووری و دیموکراسی لە هەڵسووراندنی جلەوی حوکمدا.

لە رێی خستنە رووی ئەو راستیانەی سەرەوە، من هەست بەوە دەکەم، هەروەها خەڵکێکی زۆری تریش دەرك بەوە دەکەن، بارودۆخی گشتی لە عێراق سەر لە نوێ بەرەو خراپی و ئاڵۆزی و شیمانەی شەڕ هەڵگیرسانەوە و خوێن رشتنی موسڵمانان دەچێت و ئێمەش لە بەرامبەر ئەوەدا ناچارین ڕوو لە ئێوە بکەین لە بەر ئەو دەسەڵاتە مەزنە و پایە بەرزییەی لە جیهانی ئیسلامیدا هەتانە، تکامان وایە هەوڵ و تەقەڵای چاکە و خێرخوازانەی خۆتان بدەن، تاکو ئەو بەڵێنانەی لە ڕێککەوتننامەی ئاداردا بە گەلی کورد درابوو جێبەجێیان بکات، بە گشتیش بە دەنگ داواکارییەکانی گەلی عێراقەوە بێت لە ئاشتی و برایەتی و دادپەروەری و یەکسانی لە ماف و ئەرکدا.

(( إنما المؤمنين إخوة، فأصلحوا بين أخويكم واتقوا الله لعلكم ترحمون))

صدق الله العظيم.

لە کۆتاییدا لە خوای گەورەمان داوایە سەرتان بخات و قاچتان بچەسپێنێ و سەرکەوتووتان کات بۆ ئەو شتانەی خێریان بۆ موسڵمانان تێدایە، خوا پشت و پەنای سەرکەوتنە.

والسلام عليكم ورحمة الله و بركاته

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

1974/2/16

# دەروازەی

# یەکەم

## دەسپێکی دەروازەی یەکەم

بێگومـــان ڕێککەوتننامـــە و بـــەڵێن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی مـــرۆڤ و مـــاف و ژیـــان و ژینگەکـــەی و ڕێزگرتن لە خاك و زمان و کولتور و ئاین و شارستانیەت و هینانەدی ئاشتی و ئازادی و سـەقامگیری و یەکسانی و یـەك ڕێـزی، گرێدراون، بە پێی یاسا و ماددەی تایبەت، لادەر و بەرهەڵسـتیکاران سـزا دەدریـن و ڕێز لە قوربانیـان دەگـیری، ئـەوەی ئێمـە لـەم بەشـەدا ئاماژمـان پێکـردون چـەند بەڵێننامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و نێوخۆیین. وڵاتی عیراقیش لـە سـەرەتای دروستبوونیەوە لە سەدەی بیستـەمدا لـە زۆربەیان ئەندام بووە، بەڵام سەرەرای بە ئەندام بوونی هەر بەردەوام بووە لە گرتن و بێسەروشوێنکردن و زیندەبەچالکردن و ســوتاندن و وێرانکـردن و لـە نـاوبردنی مرۆڤـی کـورد و گونـد و خـاك و بـیر و باوەڕەکەی، لەم بەشەدا ئەوەی خراوەتە ڕوو دەقی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە وەك خۆی، لە هەمان کاتـدا ئـەو بـەڵێن و پەیمان و ڕێککەوتنامانەی لە گەل کورد و لە بۆ کورد لە پێنـاو وەدیهێنـانی مـاف و ئـــازادی و ئـــارامی و ســـەربەخویەکەی گریدراون، چەندین یاداشت و بیرخەرەوە، بەڵام زۆربەیان تەنیا مەرەکبی سەر کاغەز بـوون و هیچـی تـر نـا و بگـرە بـە

پێچەوانەشەوە، سەرەرای ئەم هەموو وادە و گفتانە ئەم تاوانانەی لە دەروازەکانی تـــردا دەیخوێنییـــەوە بەرامبـــەر بـــە بارزانیەکان کراون.

بەراوردکردن و پۆلین کردنی بۆ ئیوەی بەڕێز بەجێدیلین، لە دەروازەی دووەم و سێیەمی ئەم پەرتووکە بە وردی تاوانە یەك بە دوا یەکانی سەدەی بیستەم کە بەسەر بارزانیەکان هاتوون خراونەتە ڕوو.

ئێمە لەم دەروازەدا تەنیا مەبەستمان بیر ئینانـــەوەی بەریزتانـــە بـــە دەقـــی ڕێککەوتننامەکان و ئاشنابوونتان پێی.

## بەشی یەکەم

## دەقی چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی

## و

## چەند بەیاننامە و یاداشت و پەیماننامە و چەند بیرخەرەوەیەك

## بەشی یەکەم

## لقی (أ)

***باسی یەکەم:***

***جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ***

***باسی دووەم:***

***ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێ و سزادانی تاوانی جینۆساید :/59/23 :2***

***باسی سێیەم:***

***ڕێککەوتننامەی بە سەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی***

***باسی چوارەم:***

***بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژبە مرۆڤایەتی.***

***باسی پێنجەم:***

***ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە و ڕەفتار، یان سزای توندو تیژ، دژی مرۆڤایەتی و تێکەل بە سووکایەتی***

***باسی شەشەم:***

## پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری

## باسی حەوتەم:

## بەرنامەی پێشنیارکراوی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پشگیری لە رفاندن و بێسەروشوێنکردنی مرۆڤەکان

**باسی یەکەم:**

### جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ(5)

### 2: 59/23/21

پێشەکی:

– لە بەر ئەوەی دان پێدانانی شکۆی ڕیشە داکوتاو لە هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتیدا و مافە یەکسانە چەسپاوەکانیان، بنەمای ئازادی و داد و ئاشتین لە جێهاندا.

– لە بەر ئەوەی لە بیر خۆ بردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و بە سوک سەیرکردنی، بوونە هۆی کاری دڕندانە و ئازاری دەڕوونی مرۆڤایەتیدا، ئەوپەری ئاواتەکانی بوو بەوەی کە جیهانێك هەلقولێت هەموو کەسێك تێدا خاوەنی ئازادیی ئاخاوتن و باوەر بێ و لە ترس و برسێتی بە دوور بێ.

– لە بەر ئەوەی پێویستە یاسا، مافەکانی مرۆڤ بپارێزی بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئەنجامدا ناچار نەکرێت لە بێدادی و ستەم هەڵبگەڕێتەوە.

– لە بەر ئەوەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیماننامەکەدا سەر لە نوێ جەختیان لە سەر باوەر بە مافە بنچینیەکانی مرۆڤ و ڕێز و شکۆی تاکەکەس و یەکسانی مافەکانی

ژن و پیاو کردەوە و بڕیاریاندا گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو پێش ببەن و ئاستی ژیان لە کەشێکی بەرین و ئازاد دا بەرزبکەنەوە.

– لە بەر ئەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان بڕیاریاندا بە هاوکاری لە گەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەکبینە چاودێری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینیەکانی بکەن و ڕێزیان بگرن.

– لە بەر ئەوەی هەست پێکردنی گشتی ئەم مافە و ئازادییانە، بایەخێکی زۆری هەیە لە ئەمەکداریی تەواوی ئەم بەڵێنەدا.

ئەوا کۆمەڵەی گشتی

بانگی ئەم جاڕە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ دەدات

– کەواتە ئەو ئاستە هاوبەشەی پێویستە ببێتە ئامانجی هەموو گەل و نەتەوەیەك، بۆ ئەوەی هەموو تاکەکەس و دەزگا و دامەزراوێکی کۆمەڵە گشتی هەوڵ بدەن و یەکبینە ئەم جاڕەیان لە بەر چاو بێ، بۆ چەسپاندنی ڕێزگرتنی ئەم ماف و ئازادییانە، لە ڕێی پەروەردە و فێرکردنەوە و کوششی بەردەوامی نەتەوەیی و جیهانی بکەن بۆ دەستەبەرکردنی دانپیانان و چاودێری کردنێکی جیهانی کاریگەر لە نێوان خۆدی دەوڵەتە ئەندامەکان و گەلانی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتیاندا.

ماددەی یەکەم:

هەموو مرۆڤ، ئازاد و شکۆ و ماف یەکسان لە دایك دەبن، هۆش و دەڕوونیان پێ بەخشراوە، پێویستە وەك یەك یاخود برا ڕەفتار بکەن.

ماددەی دووەم:

هەموو مرۆڤێك مافی بە خاوەن بوونی ئەو ماف و ئازادیانەی هەیە کە لەم جاڕەدا هەن، بەبێ جیاوازی وەك جیاکاری بە هۆی تۆخم و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئاین و بیروڕای

سیاسی یان هەر ڕایەکی ترەوە، یان بنچینەی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سامان و لە دایکبوون و هەر بارێکی تر، بەبێ هیچ جیاوازیەکی نێوان ژن و پیاو.
سەرباری ئەوانەی پێشەوە، نابێ هیچ جیاکاریەك هەبێت لە سەر بنچینەی سیاسی یان یاسایی یان نێودەوڵەتی وڵات، یان ناوچەی کەسەکە، جا ئیدی ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەربەخۆ بێت یان لە ژێر چاودێری دا بێت یان مافی خۆبەڕێوەبردنی نەبێت، یان سەروەرییەکەی ملکەچی هەر پابەندییەك بێت.

ماددەی سێیەم:

هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی و بێوەیی هەیە.

ماددەی چوارەم:

نابێت هیچ کەسێك بکرێتە کۆیلە و بەندە، کۆیلەکردن و کۆیلەکرین و فروشتن بە هەموو بارەکانیەوە قەدەغەیە.

ماددەی پێنجەم:

نابێت هیچ کەسێك ئازار بدرێت و بخرێتە بەر سزا و ڕەفتاری سەخت و دڕندانە و شکۆشکێن.

ماددەی شەشەم:

هەموو مرۆڤێك لە هەر کوێیەك بوو، مافی هەیە دان بە کەسایەتی یاسایی دابنرێت.

ماددەی حەوتەم:

هەموو مرۆڤێك لە بەردەم یاسادا یەكسانن و مافیان هەیە بە یەكسانی و بێ هیچ جیاوازییەك بپارێزرێن و هەموویان وەكو یەك مافی ئەوەیان هەیە دژی هەر جیاكاریەك بپارێزرێن كە لەم جاڕە لابدات و دژی هەر هاندانێكیش بۆ جیاكاری لەو بابەتە.

ماددەی هەشتەم:

هەموو كەسێك مافی ئەوەیان هەیە پەنا بباتە بەر دادگا نیشتمانییەكان، بۆ دادوەریكردن و پاراستنی لە دەستدرێژی كردنە سەر مافە بنەڕەتییەكانی كە یاسا پێی بەخشیوە.

ماددەی نۆیەم:

نابێت هیچ مرۆڤێك بە نا ڕەوا بگیرێت یان دەستگیر بكرێت یان دوور بخرێتەوە.

ماددەی دەیەم:

هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە بە یەكسانیەكی تەواو لە گەڵ خەڵكی تردا سەیر بكرێت، لەوەدا كە لە دادگایەكی سەربەخۆی خاوێندا دادوەرانە و بە ئاشكرا سەیری كێشەكەی بكرێت، بۆ یەكلاكردنی ماف و پابەندیەكانی هەر تۆمەتێك كە دەدرێتە پاڵی.

ماددەی یازدەم:

1- هەركەسێك بە تاوانێك گۆناهبار بكرێت، بە بێ گۆناه دادەنرێت، تا بە پێی یاسا گۆناهەكەی بەسەردا ساغ دەكرێتەوە، بە دادگایكردنێكی ئاشكرا كە متمانەی پێویستی بەرگری لێكردنی بۆ دەستەبەر بكرێت.

2– هیچ کەسێك لە پێناو کردنی ئیشێکدا قەرزبار ناکرێت تا ئەو کارە لـە کـاتی کرینیـدا بە پێی یاسـای نیشـتیمانی یـان نێودەوڵـەتی، بـە تـاوان دانـەنرێت، هـەروەها سـزایەکی توندتری بەسەردا نادرێت کە دەشیێ لە کاتی تاوان کردنەکەدا بدرێ بەسەریا.

ماددەی دوازدەم:

نابێت هیچ کەسێك ژیانی تایبەتی خۆی یان خێزانی یان ماڵی یان نامەکانی، یـان هێـرش بخرێتە بەر دەست تێوەردان، یان هێـرش کردنـە سـەر شـکۆمەندی و ناوبـانگی، هـەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە یاسا لەو دەستێوەردان و هێرشانە بپارێزیت.

ماددەی سیانزدەم:

1– هەموو کە سێك ئازادە لە هاتۆچووکردن و هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتنی لە سنووری هەموو دەوڵەتێکدا.

2– هەموو کەسێك مافی ئـەوەی هەیـە هـەر وڵاتێـك (بـە وڵاتـەکـەی خۆیشـیەوە) بـەجێ بهێڵێت و مافی ئەوەیشی هەیە بگەڕێتەوە بۆی.

ماددەی چواردەم:

1– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە پەنا بباتە بەر وڵاتێکی تـر یـان هـەوڵی پەنابـەری بدات لە تاو چەوساندنەوە.

2– ئـەو کەسـەی بـە تـاوانی نـا یاسـایی یـان کارێـك لـە گـەڵ ئامانجـەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان نەگونجێ، درابێ بە دادگا سوود لەم مافە وەرناگرێت.

ماددەی پازدەم:

1– هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی ڕەگەزنامەیەك کە بیەوێ.

2- نابێ بە زۆر ڕەگەزنامە لە هیچ کەسێك بسەندرێتەوە یان مافی ئەوەی نەدرێتی کە بیگۆڕێت.

**ماددەی شازدەم:**

1- ژن و پیاو کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەرگرتن، مافی شووکردن و ژن هێنان و خێزان پێکەوەنانیان هەیە، بەبێ هیچ ڕێگریەك بە هۆی ڕەگەز و ئاینەوە و لە کاتی خێزان پێکەوەنان و بەردەوامی و هەڵوەشاندنەوەدا مافەکانیان یەکسانە.

2- نابێت مارەبڕین بەبێ ڕەزامەندی تەواوی هەردوو لای مارەبڕینەکە و زۆرلێکردن بکرێت.

3- خێزان بنەمای سروشتی و بنچینەیی کۆمەڵە و مافی ئەوەی هەیە کۆمەڵ و دەوڵەت بیپارێزن.

**ماددەی حەڤدەم:**

1- هەموو کەسێك مافی بە خاوەن بوونی هەیە، هەر خۆی یان لە گەڵ خەڵکی تردا.

2- نابێ بە زۆر ماڵ لە هیچ کەسێك بسێندرێت.

**ماددەی هەژدەم:**

هەموو کەسێ مافی ئەوەی هەیە لە بیرکردنەوە و ویژدان و ئایندا ئازاد بێت، ئەم مافەیش مافی گۆڕینی ئاین و باوەڕیش دەگرێتەوە، ئازادی دەربڕینیان بە فێرکردن یان کارپێکردن و جێبەجێکردنی داب و نەریتەکانی و چاودێری بە نهێنی یان لە گەڵ کۆمەلێکدا.

**ماددەی نۆزدەم:**

هەموو کەسێك مـافی ئـازادیی بـیروڕا دەربرینـی هەیـە, ئـەم مافـە ئـازادیی پێـڕەوی بـێ دەستێوەردانی بیروڕا و هەواڵ و هزر وەرگـرتن و بڵاوکردنـەوەی بـە هـەر ڕێگایـەك بێـت دەگرێتەوە، بێ پابەندبوونی بە سنووری جۆگرافیاییەوە.

ماددەی بیستەم:

1- هـــەموو کەســـێك، مـــافی ئـــازادیی بەشـــداری کۆبوونـــەوە و کۆمەڵـــە و گرووپـــە ئاشتیخوازەکانی هەیە.

2- نابێت هیچ کەسێك بە زۆرەملێی بخرێتە هیچ کۆمەڵێکەوە.

ماددەی بیست و یەك:

1- هەموو کەسێك، مافی ئەوەی هەیە بەشداری بکات لە بەرێوەبردنی کاروباری گشـتی وڵاتەکەیدا، یان ڕاستەوخۆ، یان بە هۆی ئەو نوێنەرانەی ئازادانە هەڵدەبژێردرێن.

2- هەموو کەسێك، هەمان مافی خەڵکی دیکەی هەیـە، کـە کاروبـارە گشـتیەکانی وڵات بگرێتە ئەستۆ.

3- ویستی گەل، سەرچاوەی دەسەڵاتی حکوومەتە، ئەو ویستە بە هەڵبژاردنێکی پـاکی ناو بەناو بەردەوام دەردەبڕدرێت کە لە سەر بنچینەی دەنگدانی نهێنی یان بە یەکسـانی بۆ هەمووان یان بە پێی هەر کردەوەیەکی بابەتەکە ئازادی دەستەبەر بکات.

ماددەی بیست و دوو:

هەموو کەسێك، وەك ئەندامێکی کۆمەڵ، مـافی بیمـەی کۆمەڵایـەتی هەیـە و ئـەوەش بـە هۆی کۆششی نەتەوەیی و هاوکاری نێودەوڵەتیـەوە دەیهێنێتـە دی بـە جۆرێـك لـە گـەڵ ڕەوتی هەر دەوڵەتێك و داهاتەکانی، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کە بۆ شکۆ و گەشەی ئازادی کەسایەتی پێویستە، بگونجێ.

ماددەی بیست و سێیەم:

1- هەموو کەسێك، مافی کارکردنی هەیە و لە هەڵبژاردنیدا ئازادە بە مەرجی دادوەرانەی قایلکەر، هەروەك مافی پاڕاستنی هەیە لە بێکاری.

2- هەموو کەسێك، بێ هیچ جیاوازیەك، مافی کرێ کارێکی یەکسانی هەیە.

3- هەموو کەسێك، کە کارێك دەکات، مافی کرێیەکی دادوەرانەی قایلکەری هەیە کە ژیانێکی شایشتەی شکۆدار، بۆ خۆی و خێزانەکەی دەستەبەر بکات، لە کاتی پێویستدا شێوازەکانی پاڕاستنی کۆمەڵایەتیش بچێتە سەر.

4- هەموو کەسێك مافی دروستکردن و چوونە ناو سەندیکای هەیە، بۆ پاڕاستنی بەرژەوەندی خۆی.

ماددەی بیست و چوار:

هەموو کەسێك مافی پشوودانی هەیە و لە کاتی حەوانەوەدا بە تایبەتی لە دیاریکردنێکی پەسەندی کاتەکانی کارکردن و پشووی بەردەوامی بەکرێدا.

ماددەی بیست و پێنج:

1- هەموو کەسێك، مافی ئاستێکی ژیانی هەیە کە بۆ پارێزگاری تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانەکەی پێویستە و ئەوانیش خوراك و پوشاك و خان و چاودێرییە پزیشکی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیە پێویستسەکانیش دەگرێتەوە، مافی ئەوە هەیە کە ژیانی دەستەبەر کات لە باری بێکاری و نەخۆشی و کەنەفتی و بێ هاوسەری و پیری و هیتریش وەك بێدەرەتانی بەهۆی بارودۆخێکی لە دەست خودانەبووەوە.

2- دایکایەتی و منداڵی، مافی یارمەتی و چاودێری تایبەتیان هەیە، هەموو منداڵان هەمان پارێزگاری کۆمەڵایەتیان هەیە ئەگەر بە ڕێگایەکی ڕەوا یان نا ڕەوا لە دایک بووبن.

ماددەی بیست و شەش:

1- هەموو کەسێك مافی فێربوونی هەیە و پێویستە فێرکردن لە قۆناغە سەرەتایی و بنچینیەکانیدا بە لایەنی کەمەوە بە خۆڕایی بێت و فێرکردنی سەرەتایی تەوزیمی بێت و پێویستە فێرکردنی هونەری پیشەیی بگشتێنرێت و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا ئاسان بکرێت، بە یەکسانی بۆ هەمووان بە پێی لێهاتن بێت.

2- پێویستە ئامانجی پەروەردە، تونا و گەشەپێکردنی کەسێتی مرۆڤ بێت و ببێتە هۆی زۆرتر ڕێزگرتنی مرۆڤ و ئازادییە بنچینیەکانی و گەشەپێکردنی لێکترگەیشتن و چاوپۆشی و هاورێییەتی لە نێوان هەموو گەلان و گرووپ ڕەگەزی و ئاینیەکان و زۆرکردنی کۆششی نەتەوەیەکگرتووەکان و پاراستنی گشتی.

3- باوکان یەکەم مافی هەڵبژاردنی جۆری پەروەردەیی ڕۆڵەکانیان هەیە.

ماددەی بیست و حەوتەم:

1- هەموو کەسێك، مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بەشداری لە ژیانی کلتووری کۆمەڵدا بکات و چێژ لە هونەرەکان وەربگرێت و بەشداری بکات لە پێشکەوتنی زانست و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی.

2- هەموو کەسێك، مافی ئەوەی هەیە بەرژەوەندییە ئەدەبی و ماددییەکان کە بەستراون بە بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و هونەرییەوە بپارێزێت.

ماددەی بیست و هەشتەم:

هەموو کەسێك، مافی خاوەندارییی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی هەیە، بەپێی ئەو سیستەمە ئەو ماف و ئازادیانە بە تەواوی دێتە دی کە لەم جارەدا نووسراون.

ماددەی بیست و نۆیەم:

1- هەموو کەسێك، پێویستی کۆمەڵی لە ئەستۆ دایە، کە تەنها لەوەدا ئەو بوارە دەرەخسێ کەسێتی ئازاد و تەواو گەشە بکات.

2- تاکە کەس لە کارپێکردنی ماف و ئازادیەکانی دا، تەنها ملکەچی ئەو پێوەندانە دەبێت کە یاسا بڕیاری دەدات، بۆ دەستەبەرکردنی دان نان بە مافەکانی خەڵکی و ئازادییەکانی و ڕێزگرتنیاندا بۆ هێنانەدی داخوازیە دادوەرییەکانی سیستمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی و ڕەوشت لە کۆمەلێکی دیموکراسی دا.

3- بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەم مافانە بە جۆرێك کاریان پێ بکرێت، کە لە گەڵ ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان نەگونجێ.

ماددەی سی:

هیچ دەقێك لەم جارەدا نیە بەجۆرێك لێکبدرێتەوە کە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵ و تاکێك بۆی هەیە هیچ چالاکی و کارێك بەجێبهێنێت، کە ئەو ماف و ئازادییانەی تێیدا بڕۆخێنێت.

**باسی دووەم:**

## ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێ و سزادانی تاوانی جینۆساید :/59/23 :2[6]

بەم هۆیەوە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕیاری ژمارە 96ی 11ی کانونی یەکەمی ساڵی 1946دا جاڕی دا کە جینۆساید لە ڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە بە تاوان بە ئەژمار دێ و دژ بە مەبەست و نیاز و مەرەمەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە و جیهانی شارستانیەتی مەحکومی دەکات.

**ماددەی یەکەم:**

دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە ئەو کار و کردانەی، چ لە کاتی ئاشتی و چ لە کاتی شەردا، جینۆسایدییان بە دوواوەبووە، لە دیدی ئاسایی نێودەوڵەتیەوە بە تاوان ئەژمار دەکرێن و بەڵێن دەدەن هەموو ڕێوشوێنێك بۆ ڕێگەلێگرتنیان و سزادان لە سەریان بگرنەبەر.

**ماددەی دووەم:**

لەو ڕێککەوتننامەیەدا جینۆساید هەر کار و کردەیەکە لەو کار و کردانەی خوارەوە، بە مەبەستی لە ناوبردنی تەواوی یان بەش- بەشی گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجام بدرێ:

أ. کوشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە.

ب. زیانگەیاندنی بەرچاو بە جەستە و دەروونی ئەندامانی گرووپەکە.

ج. بەئەنقەست ئەندامانی ئەو گرووپە، بخاتە بارێکی گوزەرانی واوە کە لە ناوچوونی بەشێك یان تەواوی گرووپەکەی بە دواوە بێت.

د. گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەوتۆ ڕێگرب لە زاوزێ (نەزوك)ی گرووپەکە بگرێ.

ﻫ. بە زۆر گواستنەوەی منداڵان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر.

ماددەی سێیەم:

ئەم کار و کردەوانەی خوارەوە، سزایان لە سەرە:

أ. جینۆساید.

ب. پیلانگێران بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ج. هاندانی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرای جینۆسایدکردن.

د. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ﻫ. بەشداری کردن لە جینۆساید.

ماددەی چوارەم:

هەر کەسێ تاوانی جینۆساید بکا یان هەر کارێکی لەو کار و کردانەی کردبێ کە لە ماددەی سێ دا ناویان هاتووە سزا دەدرێ، جا تاوانکار، حکومڕان بێ یان کارمەند یان هەرتاکێکی دی.

ماددەی پێنجەم:

دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن، هەریەکەیان بە گوێرەی باری دەستووری تایبەت بە وڵاتی خۆیان، ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بنەواشەکانی ئەم ڕێککەوتننامە دابنێن، نەمازە لە یاسایەکانی خۆیاندا سزای تاوانکاری ئەو تۆ بۆ هەر یەکێك ببڕنەوە تاوانی جینۆسایدی کردبێ یان هەرکارێك لەو کارانەی ئەنجام دابێت کە لە ماددەی سێ دا دەقبەند کراون.

ماددەی شەشەم:

ئەو کەسانەی بە تاوانی جینۆساید تومەتبار دەکرێن، یان بە هەرکارێك لەو کارانە لە ماددەی سێ دا دەقبەند کراون، دەدرێنە دادگا گەلی پسپۆڕی ئەو دەوڵەتەی کارەکەی لە سەر خاکی ئەنجامدراوە، یان دەدرێنە دادگەیەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتی حەل و فەسلکردنی هەبێ، بۆ ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە دەسەڵاتی ئەم دادگەیان پێ پەسەندە.

ماددەی حەوتەم:

تاوانی جینۆساید و ئەو کردەوانەی لە ماددەی سێیەم دا دەقبەندکراون، سەبارەت بە تەحویلدانەوەی تاوانکاران، بە تاوان گەلی سیاسی دادەنرێن.

دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن لەم بارەدا، بە گوێرەی یاساگەل و پەیماننامەی تایبەت، ڕێوشوێنی تەحویلدانەوە بگرنەبەر.

ماددەی هەشتەم:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، ئەم پرسە بۆ دەستەی پسپۆڕی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەگەیەنێ و بە پێی بنەواشەکانی پەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێوشوێنی لە بار و گونجاو بۆ خۆ پاڕاستن، یان سزادانی کار و

کردەوەکـانی جینۆسـاید یـان هـەر کـارێکی کـە لـە مـاددەی سـێیەمدا دەقبەنـد کـراوە، بگرێتەبەر.

ماددەی نۆیەم:

هـەر کێشـەیەك لـە نێـو دەوڵـەتانی ئەنـدام لـەم ڕێککەوتننامەیـە بێتـە گـۆڕێ لـە سـەر لێکدانەوە، یان بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە کێشەی تایبـەت بـە بەرپرسیارەتی دەوڵەتیشەوە لە کارو کردەوەکانی جینۆساید یان هەرکارێك لـە مـاددەی سێ یەمدا دەقبەند کراون، لە سەر داوای هـەر یـەکێك لـە لایەنـە تاکەکـەکان بـۆ دادگـای دادی نێودەوڵەتی دەخرێتە ڕوو.

ماددەی دەیەم:

دەقـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـە زمانـەکانی ئینگلیـزی، فەرەنسـی، چـینی، ئیسـپانی و ڕووسی نووسراوەتەوە و هەموویان وەك یەك جێگەی بـڕوان و مێژووەکـەی 9ی کـانوونی یەکەمی ساڵی 1948.

ماددەی یازدەهەم:

هـەر دەوڵـەتێکی ئەنـدام لـە نەتەوەیـەکگرتووەکان یـان هـەر دەڵـەتێکی نـا ئەنـدام کـە کۆمەڵەی گشتی داوای لێ بکا، دەکارێ تـا 31ی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی 1949، ئـەم ڕێککەوتننامەیە واژوو بکا.

ئەم پەیماننامەیە پەسەند دەکرێ و دیکۆمێنتـەکانی بـە ڕاسـتگەراندن لـە لای سـکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ و دەشـێ لـە 1ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی 1953 ەوە هــەر ئەنـدامێکی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان یـان هەردەوڵەتێکی نا ئەندام، داخوازینامەیەکی لەمبارەوە پێ گەشتبێ، بەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەست بێ.

دیکۆمێنتەکانی پەیوەستبوون بەو ڕێککەوتننامەیە لە لای سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەپارێزرێن.

ماددەی دوازدەهەم:

دەکرێ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەرکات بیەوێ، ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکاتەوە کە ئەحکامەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەسەر تەواوی، یان هەندێ لەو هەرێمانەی کاروباری دەرەکییان بۆ هەڵدەسوڕێنێ، جێبەجێ دەبن.

ماددەی سێزدەهەم:

لەو ڕۆژەی بیستەمین دیکۆمێنتی پەسەندکردن یان پەیوەستبوون بەم ڕێککەوتننامەیە (لەلای سکرتێری گشتی) بەئەمانەت دادەنرێ، ئەوا سکرتێری گشتی ڕاپۆرتێك دەنووسێ و وێنەیەکی لێدەنێرێ بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە نا ئەندامەکان کە لە ماددەی 11 دا بە دەق ئاماژەیان بۆکراوە.

ماددەی چواردەم:

لە مێژووی بەرێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بۆ ماوەی 13 ساڵان کاری پێدەکرێت و دواتر بۆ ماوەی 5 ساڵی تریش بەرێوە دەبردرێ و بەم شێوەیە، تا ئەو دەمەی دەوڵەتانی ئەندام لایەنی کەم شەش مانگ پێش تەواو بوونی ئەم ماوەیە، ئارەزووی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی دەرنابڕنەوە.

ماددەی پازدەهەم:

بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێ ئاگادارینامە ئاڕاستەی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێ.

ماددەی شانزدەهەم:

هـەر دەوڵـەتێکی ئەنـدام هـەر کاتێـك بیـەوێ بـە نووسـراو بـۆ سـکرتێری گشـتی داوای چـاوگێرانەوە بـەم ڕێککەوتننامەیـە بکـا. لـەم بارەیـەوە کۆمەڵـەی گشـتی ڕێوشـوێنی پێویست دەگرێتەبەر.

ماددەی حەڤدەم:

سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە ئەندام نین لەم ڕێکخراوەدا لە ماددەی 11 دا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئاگادار دەکاتەوە:

أ. مۆرکردن– واژووکردن–، پەسەندکردن و پەیوەست بوون بەو ڕێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی 11.

ب. ئەو ڕاگەیاندراوانەی ئاڕاستەی دەکرێن بە گوێرەی ماددەی 12.

ج. مێژووی بەرکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی بنەواشەکانی ماددەی 13.

د. ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گوێرەی ماددەی 14.

ه. هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی 15.

و. ئەو ئاگادارکردنەوانەی ئاڕاستەی دەکرێن بە پێی ماددەی 16.

ماددەی هەژدەم:

وێنــەی ئەســلی ئــەم ڕێککەوتننامەیــە لــە ئەرشـیفی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان هەڵدەگیرێ وێنەی دەقا و دەقی پەسەندکراوی ئەم پەیمانە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەنـدام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی نا ئەندام لە ماددەی 11 دا ئامـاژە بـۆ کراوە، دەنێردرێن.

ماددەی نۆزدەم:

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بەرواری بەکاربوونیەوە تۆمار دەکا.

## باسی سێیەم:

## ڕێککەوتننامەی بە سەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی[7]

بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 2391(د 23) لە 1968/11/26 دەرچووە، پەسەندکراوە بۆ واژووکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕیز خراوەتە ڕوو. مێژووی دەسپێکی جێبەجێکردنی 1973/11/11 بە پێ بەندی هەشتەم.

دێباجە

ئاماژە بە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، 3 (د 1) لە 13 شوباتی 1946 دا دەرچووە، 173 (د 2) لە 31ی تشرینی یەکەمی 1947 دا سەبارەت بە تەسلیمکردنەوە و سزادانی تاوانکارانی شەڕ دەرچووە و بۆ بڕیاری 95 (د 1) لە 11 کانوونی یەکەمی 1946. جەخت لە سەر بنەمایەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکاتەوە لە پێرەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرکی سەربازیی نێودەوڵەتی و لە حوکمی دادگاکەدا دانی پێدانراوە و بۆ هەردوو بڕیاری 2184 (د 21) لە 12 کانوونی یەکەمی 1966 و 2232 (د 21) لە 16 کانوونی یەکەمی 1966 و بە ڕاشکاوی دەقنووسی

مەحکومکردنی پێشلکردنی مافە ئابووری و سیاسیەکانی دانیشتووانی ئەسلی ولاتان کردووە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە سیاسەتی ئەپارتهایدی مەحکومکردووە بە وەی دوو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین. ئاماژەش دەکەن بە هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان 1374 (د 39) لە 28ی تەمموزی 1965 و 1158 (د 41) لە 5ی ئابی 1966 ، سەبارەت بە سزادانی تاوانکارانی شەڕ و ئەو کەسانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیان ئەنجامداوە.

تێبینیش دەکەن هەموو جاڕنامە ڕسمیەکان و بڕوانامە و ڕێککەوتننامەکان کە پەیوەندیدارن بە ڕاوەدوونان و سزادانی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەر دەقێك لە سەر ماوەی بە سەر نەچوون، خالێن.

دەشبینێت تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی خەتەرناکترین تاوانەکانن لە یاسای نێودەولەتیدا.

بە قەناعەت هاتنیشیان بە وەی کە سزادانی کاریگەریانەی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کارێکی گرینگە لە دوور کەوتنەوە لە ڕوونەدانی ئەو تاوانە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی و هاندانی بڕوایی و چەسپاندنی هەرەوەز گەلی لە نێوان میللەتاندا و پالپشتکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی.

کە تێدیتنیش دەکەن هێنانی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بۆ ژێر ڕکێفی بنەماکانی یاسای نێوخۆیی کە پەیوەستن بە سەرچوونی تاوانە ئاساییەکان, نیگەرانییەکی توند لە لایەن ڕای گشتی جیهانییەوە دەوروژێنێ لە بەر ئەوەی دەبێتە هۆی نەشیان, بۆ ڕاوەدوونان و سزادانی بەرپرسان لەو تاوانە.

هەستیش دەکەن بە پێویستی و لە باریی ڕابوون بە جەختکردنەوەی بنەمای بەسەرنەچوونی تاوانەکانی شەڕ و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەولەتی و بە هۆی ئەم ڕێککەوتننامەوە و بە زامنکردنی پیادەکردنێکی گشتگیری جیهانی.

لە سەر ئەوەی دادێت ڕێك کەوتن:

بەندی یەکەم:

بە چاوپۆشین لە کاتی ئەنجامدانی هیچ بە سەرچوونێك بە سەر ئەو تاوانانەی خوارەوەدا پیادە ناکرێت:

أ- تاوانەکانی شەڕ پێناسەکەی لە پێرەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرگی سەربازیی نێودەوڵەتی لە 8ی ئابی 1945دا و لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان 3 (د 1) لە 13ی شوباتی 1946 و 95 (د 1) لە 11ی کانوونی یەکەمی 1946دا دەرچووە تەئکید کراوەتەوە بە تایبەتی (تاوانە خەتەرناکەکان) کە لە ڕێککەوتننامەی جنێڤدا ژمێردراون لە 12ی ئابی 1949 بۆ پاراستنی قوربانییەکانی شەڕ بەستراوە.

ب- تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، چ لە کاتی شەڕدا یان لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامدرابێت, پێناسەکەی بە پێرەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرگی سەربازیی نێودەوڵەتیدا هاتووە لە 8ی ئابی 1945دا دەرچووە و لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان 3(د 1)لە 13ی شوباتی 1946 و 95(د 1) لە 11ی کانوونی یەکەمی 1946 دەرچووە و تەئکیدکراوەتەوە و دەرکردن بەهۆی دەست درێژی چەکدارانە یان داگیرکردن و کارەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوانەی بەرەنجامی سیاسەتی ئەپارتهایدن و تاوانی کۆمەڵکوژی کە پێناسەکەی لە ڕێککەوتننامەی ساڵی 1948 دا هاتووە، سەبارەت بە قەدەغەکردنی کۆکوژی و سزادان لە سەر ئەنجامدانی ئەگەر چی ئەو کارە ناوبراوانە لاسەنگیەکی لە یاسای نێو خۆی ئەو وڵاتەی تاوانەکەی لێ ئەنجامدراوە دروست نەکردبێت.

بەندی دووەم:

ئەگەر هەر تاوانێك لەو تاوانانەی لە بەندی یەکەمدا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەنجامدرا، حوکمەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پیادە دەکرێت بە سەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو تاکە کەسانەی بە سیفەتی کارکردەی ئەسڵی یان هاو پشك ڕا دەبن بە بەشداری کردن لە ئەنجامدانی هەر تاوانێك لەم تاوانانە یان هاندانی ڕاستەوخۆی کەسانی دیکە لە سەر ئەنجامدانی یاخۆد ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی، پیلان دەگێرین بە چاو پۆشین لە پلەی جێبەجێکردن و لە سەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان، شل دەکەن.

بەندی سێیەم:

دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا پەیمان دەدەن هەموو تەکبیرێکی نێوخۆی و یاسایی و غەیرە یاسایی پەیوەست بکەن، بۆ ئەوەی وا بکرێت بە پێی یاسایی نێودەوڵەتی کەسانی ئاماژە بۆ کراو لە بەندی دووەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە تەسلیم بکرێنەوە.

بەندی چوارەم:

دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا هەر یەکێك بە پێی چەند ڕێوڕەسمێکی دەستووریی پەیمان دەدەن بە کردنەوەی چەند تەکبیرێکی یاسایی یان غەیرە یاسایی، کە پەیوەست بێت بۆ زامنکردنی پیادەنەبوونی بە سەر چوون یان هەر تاوانێکی دیکە بە سەر تاوانەکانی ئاماژە بۆ کراو لە هەردوو بەندی یەکەم و دووەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە چ لەڕووی ڕاوەدوونانەوە یان لە ڕووی سزادانەوە بۆ زامن کردنی پۆچەڵکردنەوەی، ئەگەر هەبوو.

بەندی پێنحەم:

ئـەم ڕێککەوتننامەیـە تـا 31 کـانوونی یەکـەمی سـاڵی 1969، بـۆ واژووکردنــی هــەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوەیە, یاخود بۆ ئەندامانی هەر ئاژانسێك لـە ئاژانسـە پسـپۆرەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان یـان بـۆ ئاژانسـی نێودەوڵـەتی وزەی ئـەتۆمی و هـەر دەوڵـەتێك لـە دەوڵـەتانی ئەنـدام لـە پێـرەوی بنـەڕەتی دادگـای دادی نێودەوڵەتی و هەر دەوڵەتێکی تر، کۆمەڵەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بانگهێشـتی کردبێت کە ببێتە لایەنێك لەم ڕێککەوتننامەیەدا.

بەندی شەشەم:

ئەم ڕێککەوتننامەیە بروایی پێدەدرێت و دەقەکانی بڕوایی پێـدان بـە ئەمینـداری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

بەندی حەوتەم:

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هاتنە ڕێزی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی لـە بەنـدی پێنجەمـدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە, ڤالآیـە و دەقــەکانی هاتنــە ڕیـز بـە ئەمینـداری گشـتی نەتــەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

بەندی هەشتەم:

1- ئـەم ڕێککەوتننامەیـە لـە (93) ڕۆژی دوای بـەرواری سـپاردنی دەقـی دەیـەم لـە دەقەکانی بڕوایی پێدان یان هاتنـە ڕێـز بـە ئەمینـداری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان, کاری پێدەکرێت.

2- ئەم ڕێککەوتننامەیە بـەگوێرەی هـەر یـەك لـەم دەوڵەتانـەی کـە بروایـی پێـدەدا یـا دەچیتە ڕێزیەوە پاش سپاردنی دەیەمین دەقی بڕوایـی پێـدان یـا چـوونە ڕێـز لـە (93)

ڕۆژی دوای بەرواری بڕوایی پێدانی دەوڵەتەکە یا چوونە ڕێزی بۆ ڕێککەوتننامەکە، کاری پێدەکرێت.

بەندی نۆیەم:

1- هەر لایەنێکی ڕێکەوتوو بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا دوای تێپەربوونی (13) ساڵ بەسەر کارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، داوای بژاردەکردنی پێشکێش بکا و داوایەکەی بە ڕاگەیاندنێکی نووسراو دەبێت کە ڕووبەڕووی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێتەوە.

2- کۆمەڵەی گشتی ئەو هەنگاوانە یەکلایی دەکاتەوە کە ڕەنگە لە بابەتی وەك ئەم داوایە پێویست بە هاوێژتنیان بکات.

بەندی دەیەم:

1- ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

2- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەبێت بە ناردنی وێنەی بڕواپێدراو لەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئاماژەبۆکراو لە بەندی پێنجەم.

3- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێ بە ئاگادارکردنەوی هەموو دەوڵەتانی ئاماژەبۆکراو لە بەندی پێنجەم، بە وانەی خوارەوە:

أ- واژووەکانی سەر ئەم ڕێککەوتننامەیە و دەقەکانی بڕوادان و چوونە ڕێز بە پێی بەندەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم.

ب- بەرواری کارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی بەندی هەشتەم.

ج-نامە هاتووەکان بە پێی بەندی نۆیەم.

بەندی یازدەهەم:

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بەڵگە و هێزدا دەقە ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕووسی و چینی و فرانسیەکەی یەکسانن، بەرواری 26ی تشرینی دووەمی 1968 بەخۆیەوە هەڵدەگرێت.

**باسی چوارەم:**

**بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.[8]**

بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 3374 (د 28) لە 3 کانونی یەکەمی 1973 دا دەرچووە:

کۆمەڵەی گشتی:
ئاماژە دەکا بۆ بڕیاری خۆی 2583 (د 24) لە 15ی کانونی یەکەمی 1969، بە بڕیاری خۆی 2717 (د 25) لە 15 کانونی یەکەمی 1973 دا و بڕیاری خۆی 2843 (د 26) لە 18ی کانونی یەکەمی 1971دا و بڕیاری خۆی 3323 (د 27) لە 18ی کانونی یەکەمی 1972 دا دەرچووە.
ڕەچاویش دەکات هەبونی پێویستیەکی تایبەت بۆ ئیجرائات وەرگرتن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە پێناو دابینکردنی ڕاوەدونان و سزادانی کەسانی تاوانبار بەئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

بە تێڕوانینی لە پڕۆژەی بنەمایەکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاونبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

ڕایدەگەیێنێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی ئەو بنەما و مەبەستانەی لە بڕوانامەکەدا دیاریکراون و پەیوەستن بە پشتگیریکردنی ئالیکاری نێوان دەوڵەتان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوەی و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ڕادەگەیێنێ:

1- تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەر کوێیەکدا ئەنجامدرابن، جێگای لێکۆڵینەوەیە و ئەو کەسانەی بەڵگەی ئەوەیان لە سەر هەیە تاوانە ناو براوەکانیان ئەنجامدابێت, جێگای بەدواداچوون و وەستاندن (توقیف) و دادگایکردنن، ئەگەر تاوانبار دەرچوون سزادەدرێن.

2- هەر دەوڵەتێك مافی دادگایکردنی هاووڵاتیانی خۆی هەیە بە هۆی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

3- دەوڵەتان دوو لایەنە و چەند لایەنە ئالیکاری لە گەڵ یەکتردا دەکەن لە پێناوی وەستاندنی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و ڕوونەدانی لە سەر هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، چەند تەکبیرێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەکەن.

4- دەوڵەتان یارمەتی یەکتر دەدەن لە بەدواداچوون و گرتن و دادگایکردنی ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت، کە بابەتی وەك ئەم تاوانەیان ئەنجامدابێت، سزادانیان ئەگەر تاوانباران دەرچوون.

5- ئەو کەسانەی بەڵگەی ئەوەیان لە سەرە کە تاوانەکانی دژی شەڕ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیان ئەنجامدابێت، دەدرێنە دادگا و سزا دەدرێن ئەگەر تاوانکار دەرچوون، ئەمەش وەك بنەمایەکی گشتی لەو وڵاتانەی تاوانەکەیان تێدا ئەنجامداوە، لەم بارەیەوە

دەوڵــەتان لــە هەرچــییەکی پەیوەندیــدار بــە تەســلیمکردنی ئەوکەســانە، ئالیکــاری یەکتردەکەن.

6- دەوڵەتان هاوکاری یـەکتر دەکـەن لـە کۆکردنـەوەی ئـەو بەڵگـە و زانیارییانـەی کـە بۆیان هەیە یارمەتی ڕەپێشکردنی کەسانی لە بڕگەی (5) ی سەرەوەدا ئاماژە بـۆ کـراو بدات بۆ دادگایکردن، ئەو زانیارییانە ئاڵۆگوڕیان پێدەکرێت.

7- بە پیٚ حوکمەکانی بەندی (1) لە جاڕنامەی پەنابەریی ئیقلیمـی لـە 14ی کـانوونی یەکەمی 1967 دا دەرچووە. نابێت دەوڵەتان پـەنای هـیچ کەسـێك بـدەن کـە گومـانی تەواوی لێدەکرێت بە ئەنجامی تاوانی دژی ئاشتی یا تاوانی دژی جەنگ یاخود تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

8- دەوڵەتان هیچ تەکبیرێکی یاسایی (تشریعی) و غەیرە یاسـایی ناکـەن کـە لـە وانیـە کارتێکردنێکی سلبی بـە سـەر ئـەو ئیلتزامـە نێودەوڵەتیـەوە تێـدابێت بـە ئەسـتۆیانەوە گرتووە، لەوەی پەیوەندیـدارە بـە بەدواداچـوون و گـرتن و تەسـلیمکردنەوە و سـزادانی کەسانی تاوانبار بە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

9- کاتێـك دەوڵـەتان هاوکـاری یـەکتر دەکـەن لـە پێنـاوی بـە دواداچـوون و گـرتن و تەسلیمکردنەوەی ئەو کەسـانەی بەڵگـەی ئـەوەیان لـە دژدا هەیـە تاوانـەکانی جـەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیان ئەنجامدابێت و سـزادانیان ئەگـەر تاوانبـار دەرچـوون، بـە پێــی حوکمــەکانی بڕوانامــەی نەتــەوە یــەکگرتووەکان و جــاڕی بنــەماکانی یاســایی نێودەوڵەتی پەیوەستدار بە پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و ئالیکاری نێوان دەوڵەتان، بە پێی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

## باسی پێنجەم:

## ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە و ڕەفتار، یان سزای توندوتیژ، دژی مرۆڤایەتی و تێکەڵ بە سووکایەتی[9]

## 2: 95/23/21

- بە سەرنجدان بە بنەمایەکانی گونجاو لە پەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە بە ڕەسمی ناسینی حورمەتی زاتی و مافی یەکسانی و ڕانەگوێزراوی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەك بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا ڕاگەیاندووە.

- بە سەرنجدان بەوەی کە ئەو مافانە لە ڕێز و حورمەتی خۆدی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە.

- بە سەرنجدان بە بەرپرسیارەتی ئەو وڵاتانەی پەیمانیان مۆر کردووە، بە تایبەتی بە سەرنجدان بە ماددەی 5ی، داواکاری بەرەو ژووربردنی ڕێز و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانیەتی.

– به له بەر چاوگرتنی ماددەی پێنجەمی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و ماددەی حەوتەمی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسیەکان، تێایدا هاتووە:" هیچ کەس نابێ ئەشکەنجە بدرێ، یان بکەوێتە بەر ئەو ڕەفتار و سزا زۆردارانە و دژە ئینسانییانە، کە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك زەوت دەکەن."

– بە سەرنجدان بە جاڕنامەی 9ی دیسامبری ساڵی 1975 ی کۆمەڵەی گشتی، پشگیری لەو مرۆڤانە دەکات لە گەڵ ئەو ئەشکەنجە و کردەوە زۆردرانە و دژە مرۆڤایەتییانەی بەرەو ڕووی دەبنەوە و ڕەفتاری ئەوتۆیان لە گەڵ دەکرێ کە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیان پێشل دەکات.

– بە ئاواتی نەهێشتی ئەشکەنجە و هەموو کردەوە وەحشیگەرانە و دژە مرۆڤایەتیەکان، تێکرا ئەو سزا و ڕەفتارانەی هەڕەشە لە مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا دەکەن.

ئێمە ئەو ڕێککەوتننامەیەمان مۆر کردووە، قبووڵ دەکەین کە:

## بەشی یەکەم

ماددەی 1:

1– لە روانگەی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە، ئەشکەنجە بەم جۆرە پێناسە دەکرێ:

هەر کردەوەیەکی بە ئەنقەست کە بە هۆی ئەوەوە دەرد و ئازارێکی توندیی جەستەیی و رۆحی بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن، یان دانان بە کردەوە و تاوانێك لە پەیوەندی لە گەڵ خۆی، یان یەکێکی دیکەدا، دووچاری کەسێك دەکرێ، ئەشکەنجەی پێدەگوترێ.

هەروەها تەمبێکردنی شەخصی کەسێك بە بۆنەی کردەوەیەك کە ئەو یان کەسی سێیەم ئەنجامی داوە، یان لەوانەیە ئەنجامی بدات، کەلك وەرگرتن لە هەڕەشە و زۆرداری لە سەر بناغەی هەر جۆرە جیاوازی دانانێك، ئەگەر ئەو ئەزییەت و ئازاردانە بە دنەدان و

ڕەزامەندی و هاندان و پێشگێری لێ نەکردنی کاربەدەستی دەوڵەتی و هەر خاوەن پلـە و پایەکی دیکەش بێ، هەموویان بە ئەشکەنجە دەژمێردرێن.
ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەو دەرد و ئازارانەی مرۆڤ لە سۆنگەی سزای یاساییەوە دووچاریان دەبێ، ناگرێتەوە.
2- ئەم ماددەیە لە سەر ڕێـی ئـەو بەڵگەنامـە نێونەتەوەییانـە، یـان پەسـەندکراوەکانی پەیوەندیـدار بـە یاسـایە نێوخۆیـەکانی وڵاتـان واتایـەکی بـەرینتریان بـۆ ئەشـکەنجە وەبەرچاو گرتووە، نابێتە ڕێگر. ( دەبێ هەر بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە نێو نەتەوەییانـە و ئەو یاسایە ناوخۆییانە، ڕەفتار بکرێ).
ماددەی :2
1- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەو ڕێککەوتننامەیە، لە سەریەتی لـە بوارەکـانی یاسـایی، بەرێوەبەری (ئیجرایی) قەزاییدا، هەنگاوی پێویست و کاریگەر بە مەبەستی پێشگێری لە بەرێوەچوونی ئەشکەنجە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەڵبگرێ.
2- هیچ چەشنە هەلومەرجێکی تایبەتی وڵاتێك وەك شەڕ، یان ڕووبەڕوو بـوون لـە گـەڵ هەرەشەی شەڕ، ناسەقامگرتوویی سیاسی نێوخۆیی و هەر جۆرە بـارۆدخێکی نائاسـایی دیکە، نابێ بکرێتە بیانوو و بەڵگە بۆ کەلك وەرگرتن لە ئەشکەنجە.
3- بڕیـار و فـەرمانی کاربەدەسـتێکی بـەرزتری دەوڵـەتی، یـان ناوەنـدێکی دەوڵـەتی، ناتوانێ ببێتە بەڵگەی پاساودانی پەنابردن بۆ ئەشکەنجە.

ماددەی :3
1- هیچ دەوڵەتێکی ئەندام بۆی نییە کەسێك کە گیـانی لـە مەترسـیدایە و بـەرەو ڕووی ئەشکەنجە دەبێتەوە، بداتەوە بە دەوڵەتێك کـە بـە ڕاسـتی ئەشـکەنجە لـە وێدا بـرەوی هەیە.

2- بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە بوارەکانی کردەوەی ئەشکەنجە، ناوەندی لێوەشاوە و خاوەن سەلاحیەت دەبێ پێکبێن، تا بە هۆی ئەوانەوە لێکۆڵینەوە لەو دەوڵەتانە بکرێ کە نموونەی ئاشکرا و گەورە و بەکردەوەی ئەشکەنجە و پێشلکردنی بەردەوامی مرۆڤ لە کارنامەیاندا دەبینرێ.

ماددەی 4:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، چاودێر و دڵنیا دەبێ کە هەر جۆرە ئەشکەنجەیەك لە ژێر ناوی یاسایە جینایییەکاندا، بە تاوان دەژمێردرێ و کەسێکیش کە ئەشکەنجەکە ئەنجام دەدا، هەروەها ئەو کەسەی لەو کردەوەیەدا بەشداری و هاوکاری دەکا، بە تاوانبار دەناسرێ.

ماددەی :5

1- هەر دەوڵەتێکی ئەندام، هەنگاوی بەجێ و دەسەڵاتی یاسایی پێویست بۆ ڕاگەیشتن بەو تاوانانەی لە ماددەی چوارەمدا هاتوون، لە دەزگای قەزایی خۆیدا بەم شێوەیەی خوارەوە، جێبەجێ دەکا:

أ) کاتێك تاوانێك لە سنووری قەزایی و دەریایی و هەواییە ناسراوەکانی وڵاتەکەیدا، ڕوو دەدا.

ب) کاتێك تاوانبار هاووڵاتی ئەو وڵاتە بێت.

ج) کاتێك قوربانی ئەشکەنجە خەڵکی ئەو وڵاتە بێ و دەوڵەتەکەش ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ.

2- هەر دەوڵەتێکی ئەندام، بە مەبەستی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی یاسایی پێویست لە سیستەمی قەزایی خۆیدا، هەنگاوی گونجاو دەنێ. ئەو هەنگاوانە تایبەتن بەو کاتانە کە هەندێك تاوان لە سنووری قەزایی ئەو وڵاتەدا ڕوو دەدەن و تاوانبارکراو نادرێتەوە بە وڵاتەکەی خۆی.

به گوێرەی ماددەی هەشتەمی بەشی یەکەم، تاوانبار دەدرێتەوە بەو دەوڵەتانەی ناویان هاتووە.

3- ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەو تاوانە جینایانەش هەڵ ناوێرێ کە پەیوەندییان بە یاسایە نێوخۆیەکانەوە هەیە.

ماددەی 6:

1- هەر دەوڵەتێکی ئەندام، کەسێك تاوانێکی بە پێی ماددەی 4 ی ئەم ڕێککەوتننامەیە کردبێ دەخاتە زیندان، یان هەنگاوی دیکە بۆ دڵنیایی لە ئامادەبوونی تاوانباران هەڵدەگرێ. ئەم دەوڵەتە بۆ دڵنیایی لە بارودۆخی تاوانبار، لەو زانیاریانەی بە دەستەوە هەن و سوودیان هەیە، دەکۆڵێتەوە و پاشان دەستووری گرتن یان بڕیارێکی دیکە بە گوێرەی یاساکانی خۆی دەر دەکا. ئەو دەستبەسەرکردنەی تاوانبار بە پێی پێویست، لە وانەیە تا ماوەیەك درێژەی هەبێت تا لێکۆڵینەوە لە تاوان و تەحویلدانەوەی تاوانبار ڕەوتی خۆی بپێوێ.

2- دەوڵەتی ئاماژە پێکراو کارە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە و ڕاگەیشتن بە دۆسیەی تاوانبار جێ بە جێ دەکا.

3- ئەو کەسەی لە بەند دایە، مافی هەیە بە گوێرەی بەندی 1 ی ئەم ماددەیە، دەستبەجێ پەیوەندی بە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکەی خۆیەوە بگرێ. ئەگەر گیراوەکە هاووڵاتییەتە نەبێ، مافی ئەوەی دەبێ لە گەڵ نوێنەرایەتی وڵاتێك کە زۆرتر لە وێ ماوەتەوە پەیوەندی بگرێ.

4- کاتێك دەوڵەتێك بە گوێرەی ئەو ماددەیە کەسێك بەند دەکا، ئەو دەوڵەتە لە ماددەی 5ی بەندی 1 دا ئاماژەیان پێکراوە دەستبەجێ لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکا و هۆ و هەلومەرج و شوێنی گیرانی بەندکراویان پێ ڕادەگەیەنێ.

ماددەی 7:

1- دەوڵەتێکی ئەندام لە سنووری قەزایە خۆیدا کەسێکی تاوانبار بە گوێرەی ماددەی 4 گرتووە، بە پێی ماددەی 5 لە گەڵی دەجوولێتەوە. ئەگەر ئەو دەوڵەتە تاوانبارەکە نەداتەوە بە وڵاتەکەی خۆی، دەبێ دۆسیەی تاوانبار بۆ لێکۆڵینەوە و پێراگەیشتنی قەزایی بۆ ناوەندی لێوەشاوە و خاوەن سەلاحیەتەکان بنێرێ.

2- ناوەندە خاوەن سەلاحیەتە ئاماژە پێکراوەکان، وەك هەر تاوانێکی ئاسایی و رەوتێکی سروشتی و جیدیدا و بە پێی یاسایە دەوڵەتییەکان بڕیاری خۆیان دەدەن. بە گوێرەی ماددەی 5ی، بەندی 3، بۆ لێکۆڵینەوە و پێراگەیشتنی یاسایی و مەحکوومکردن، بەڵگەنامە یاسایی و باوەڕپێکراوەکان پێویستن. ئەو بەڵگەنامە بە پێی ماددەی 5، بەندی 1، دەبێ بڕوا پێکراو حاشا هەڵنەگر بن، بە جۆرێك ڕێگا بۆ لێپرسینەوە قەزایی خۆش بکەن.

3- هەموو کەسێك بە سەرنجدان بە تاوانێك کە بە پێی ماددەی 4 لە سەری گیراوە، دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی قەزاییدا، ڕەفتارێکی گونجاوی لە گەڵدابکرێ.

ماددەی 8:

1- دەوڵەتانی ئەندام، تاوانەکانی پەیوەندیدار بە ماددەی 4، دانەوەی تاوانبار بە وڵاتی خۆیان دەگرێتەوە، یان هەر چەشنە دەرکردن و تەحویلدانەوەیەك کە ئەوان بە گوێرەی ڕێککەوتنی دوو لایەنە قبوولیان کردووە، دەستەبەر دەکەن.

2- هەر کات دەوڵەتێکی ئەندام لە لایەن دەوڵەتیکی دیکەوە کە ڕێککەوتننامەیەکی بۆ دانەوەی تاوانبار لە گەڵ ئەو دەوڵەتە مۆر نەکردووە، داوای دانەوەی تاوانبارێکی پێبکا، ئەم کونڤاسیۆنە وەك پەیمانێکی یاسایی بۆ دانەوەی تاوانباران چاوی لێ دەکرێ.

3- ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی مەرجی دانەوەی تاوانبارانیان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەیەك قبوول نەکردووە، تاوانەکانی پەیوەندیدار بە ئەشکەنجە، وەك ئەو

تاوانانەی کە دەبێ تاوانباران سەبارەت بە ئەنجامدانیان تەحویل بدرێنەوە، لە ڕێککەوتنە دوو لایەنەکانی خۆیاندا دەگۆنجێن و ئەشکەنجە وەك تاوانێك دەبێ تاوانبار لە سەری تەحویل بدرێتەوە و وەك شتێکی یاسایی، لە دەوڵەتێکی ئەندام داوا دەکەن.

4- ئەم جۆرە تاوانانە (ئەشکەنجە) کە دەبێ تاوانباران بە بۆنەی ئەنجامدانی ئەوانەوە تەحویل بدرێنەوە، پێویستە بە هۆی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنە لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام دا، دەستنیشان بکرێن، ئەگەر هاتوو ڕێککەوتننامەیەك لە لایەن ئەوانەوە مۆرکرابوو، بە گوێرەی ماددەی 5 و بەندی 1 و بە پێی دەسەلات و توانا قەزاییەکانی دەوڵەتان پێویستە نەك هەر ئەو شوێنانەی تاوانەکەیان لێ ئەنجام دراوە، بەڵکو لە سنووری دەسەلاتی دەوڵەتانیشدا بەرێوەبچن.

ماددەی 9:

دەوڵەتانی ئەندام بۆ دابینکردنی ئیمکانات و پێداویستییەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و ئەو تاوانبارانەی ماددەی 4 دەیانگرێتەوە، هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن. هەروەها پێشاندان و هێنانە گۆڕی ئەو بەڵگە و نیشانانەی لە دەستیان دایە، لە بەرەو پێشبردن و بە ئاکام گەیاندنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکاندا، یارمەتی یەکتر دەدەن.

ماددەی :13

1- هەر دەوڵەتێکی ئەندام بە سەرنجدان بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە، دەبێ ڕێنوێنی و زانیاری پێویست بدا بە بەرێوەبەرایەتی یاسا، هێزەکانی ئاسایش و سڤیل و چەکدار، کارمەندانی خزمەتە پزیشکیەکان و هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێك دەستیان لە گرتن و لێپرسین و لێکۆڵینەوەدا هەیە و لەوە دڵنیا بێ ئەوان بۆ ئەم مەبەستانە ڕادەهێنرێن و فێر دەکرێن.

2- هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە یاسا و بڕیارنامەکانی خۆیدا، مرۆڤەکان بە گوێرەی ئەرك و بەرپرسایەتییەکانیان لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە ئاگادار دەکاتەوە.

ماددەی 11:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی بە رێك و پێکی و بە بەردەوامی، شێوە و ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی تایبەت بە هێشتنەوەی گیراوەکان لە گرتووخانەکاندا، جێبە جێ بکا. هەر چەشنە چاو خشاندنەوەیەك بەو جۆرە ڕێوشوێنانە و هەر جۆرە چاودێرییەك لە پەیوەندی لە گەڵ هەر کام جۆرەکانی گرتن و زیندانیکردن و هەر بوارێك لە بوارەکاندا کە دەکەونە سنووری قەزایی ئەو وڵاتە، دەبێ سەرنجدان بە ئەسڵی قەدەغەبوونی ئەشکەنجە بێ.

ماددەی 12:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی سیستەمێکی جێگای متمانەی ئەوتۆ پێکبێنێ، ئەگەر بەڵگە و نیشانەی باوەر پێکراوی لە بارەی هەبوون یان بەرێوەچوونی ئەشکەنجە لە شوێنك یان لە سەر سنووری قەزایی ئەو دەوڵەتە بە دی کرد، کاربەدەستە خاوەن سەلاحیەتەکان دەست بەجێ بێ لایانانە پێیان رابگەن.

ماددەی 13:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی مافی سکاڵا بۆ کەسێك کە ڕادەگەیەنێ لە سنووری قەزایی ئەو دەوڵەتەدا ئەشکەنجە کراوە، بپارێزێ و سکاڵاکەی دەستبەجێ بێ لایانانە بگەیەنێتە دەست کاربەدەستە خاوەن سەلاحیەتەکان و دڵنیاش بێ خاوەن سکاڵا و شایەدەکانی بە بونەی سکاڵاکردن و شایەدیدانەکانیانەوە لە گەڵ هیچ هەڕەشەیەك بەرەو ڕوو نابن.

ماددەی 14:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی لە ڕێگای سیستەمی یاسایی خۆیەوە، ئەو دڵنیاییە بدا کە قوربانییەکانی ئەشکەنجە مافی ئەوەیان هەیە بە تەواوی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە زیانەکانیان بۆ ببژێردرێتەوە و خەسارەتەکانیان بۆ قەرەبۆ بکرێتەوە. ئەم بژاردنەوە و قەرەبۆکردنەوەیە بریتییە لە گەڕاندنەوەی هەلومەرجی پێشوو بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە، تا ئەو جێگایەی دەگونجێ. هەر کات کەسێك لە ئاکامی ئەشکەنجە بمرێ، زەرەر و زیانەکان بۆ کەسوکاری ئەو قەرەبۆ دەکرێنەوە.

ماددەی 15:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی لە ڕێگای خۆیەوە ئەو دڵنیاییە بدا کە داننان بە تاوان لە ژێر ئەشکەنجەدا، بە هیچ شێوەیەك وەك بەڵگە سەیر ناکرێ و تەنیا ئەو کاتە وەك بەڵگە حیسێبی بۆ دەکرێ کە دژی ئەشکەنجەگەر و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی تاوانێك کە ئەشکەنجەگەر ئەنجامی داوە بەکاربهێنرێ.

ماددەی :16

1- هەر دەوڵەتێکی ئەندام بەرعۆدەیە کە لە سنووری قەزایی خۆیدا لە کردەوەی وەحشیانە و نائینسانی و سووکایەتی پێکردن و هەر چەشنە سزایەك کە پێناسەی ئەشکەنجە و ماددەی 1ی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەیانگرێتەوە. ئەم جۆرە کردەوانە بە هاندان و دنەدان و ڕەزامەندی و دەست وەبەرنەهێنانی کاربەدەستانی دەوڵەتی و خاوەن پلە و پایە بەرێوە دەچن، پێشگیری بکا. ئەم بەر پرسیارەتییانە بە تایبەتی ئەوانەن کە بە گوێرەی ماددەکانی 13 و 11 و 12 و 13 کە داوای گۆڕین و وەلانانی کەسێك دەکەن دەستیان لە ئەشکەنجە و کردەوەی وەحشییانە و نامرۆڤییانە و سووکایەتی پێکردن و سزای توند و تیژدا هەیە، دەکەونە سەر شانیان.

2- ڕێوشـوێنەکانی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە نابنـە هـۆی ڕەتکردنـەوە و خەوشـدارکردنی بەڵگەنامـە نێونەتەوەییـەکان و یاسـایە نەتەوەییـەکان کـە بـە کـردەوەی هۆڤانـە و نـا مرۆڤانە و سووکایەتی پێکردن بە تاوان دەژمێرن و ئەنجامدەرانیان بە شیاوی دەرکـردن و تەحویلدانەوە دەزانن.

بەشی دووەم

لە ماددەی 17 دەست پێدەکات و لە ماددەی 24 کۆتایی دێت.

بەشی سێیەم

لە ماددەی 25 دەست پێدەکات و لە ماددەی 33 کۆتایی دێت.

**باسی شەشەم:**

## پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری(:)

بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمـارە 2233 (د) لـە ڕێکـەوتی 1966/12/16 پەسەندکراوە.

پێشەکی:

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لە پەیمانی (پەیمان) ئێستا:

داننان بە کەڕامەتی بنـەڕەتی هـەموو ئەندامـەکانی نێودەوڵـەتی، یەکسـانیان لـە هـەموو مافەکان کە ناکرێت دەستیان تێوەربدرێت دەبنە بناغەیەك بۆ بیروباوەری ڕاگەیاندراو لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بناغـەی ئـازادی و داد و ئاشـتی لـە دنیـادا، داننـان لـە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هاتنە کایەوەی ئەم مافانە لە سەر کەرامەتی مرۆڤ، داننـان

به مرۆڤایەتی مافی خۆیەتی لە ترس و برسی ڕزگار ببێت، دێتەکایەوە بە پاڵپشتی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، ئەگەر بارودۆخ ڕەخسا تاك دەتوانێت مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، هەروەها مافەکانی شارستانی و ڕامیاری بەکار بێنێت. لە بەر ئەوە هەموو دەوڵەتەکان پابەندن بە پێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییەکانی، بەرز نرخاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەر پرسیارەتی تاك لە ئەرك بەرامبەر بە تاکەکانی تر و ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژیت، خەباتکردن بۆ پێشڤەبردنی مافەکانی دانپێنراو لەم پەیمانەی ئێستا و ڕەچاوکردنی، ڕازین لە سەر بەندەکانی خوارەوە:

## بەشی یەکەم

بەندی یەکەم:

1- هەموو میللەتان مافی چارەنووسی هەبێت و بە پێی ئەم مافانە ئازادانە بڕیاری قەوارەی سیاسی خۆی بدات و بەردەوام بێت لە سەر پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆی.

2- هەموو میللەتێك بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی بۆی هەیە ئازادانە سوود لە سەر و سامان و داهاتی ئاسایی خۆی وەربگرێت بەبێ پێشلکردنی ئیلتیزاماتی دروست بۆ هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی، بە هەرحاڵ نابێت هیچ میللەتێك قەدەغە بکرێت لە ڕێگای ژیانە تایبەتیەکەی.

3- لە سەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانەی ئێستا، هەتا ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی حوکم لە خۆناکەن و دانراون لە ژێر ویسایە، دەبێ بۆ بە دیهێنانی مافی چارەنووسی کاربکەن و ڕێز لەم مافانە بگیرێت، کە تێکدەکاتەوە لە گەڵ بەندەکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## بەشی دووەم

بەندی دووەم:

1- هەر دەوڵەتێك کە لایەنە لەم پەیمانە بەڵێن دەدات کە دەبێ لە لای خۆیەوە، بە تەنیا لە ڕێگای هاوکاری و کۆمەکی نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت، بە تایبەتی هەنگاوی ئابووری و هونەری کە داهاتەکانی ڕێگا دەدەن بۆ وەردە وردە گەیشتن بە جێبەجێکردنی تەواو بۆ ئەو مافانەی کە لەم پەیمانە دانی پێنراوە، بە هەموو ڕێگایەکی گونجاو و بە تایبەتی ڕێگای دانانی یاسایەکان.

2- هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دەبێ بەڵێن بدەن بە مسۆگەرکردن و بەکارهێنانی ئەم مافانەی لەم پەیمانەدا هاتوون بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز، ڕەنگ یان زمان، ئاین،بیرورا، نەژاد، هەبوویی یاخود سیفەتی پەیدابوونی ئەوانیتر.

3- ئەو دەوڵەتانەی تازە پێگەیشتوو بۆیان هەیە لە گەڵ ڕەچاوکردنی تەواو بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئابوورییان بڕیار بدەن تاچ ڕادەیەك مافە ئابوورییەکانیان مسۆگەر بکەن کە لەم پەیمانەدا دانیان پێنراوە سەبارەت خەڵکانێکی نا هاووڵاتی.

بەندی سێیەم:

هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دەبێ بەڵێن بدەن بە دابینکردنی یەکسانی لە مافەکانی نێوان ئافرەت و پیاو بە سوود وەرگرتن لە هەموو مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە لەم پەیمانەدا هاتوون.

بەندی چوارەم:

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانەدا دان دەنێن بەوەی کە دەوڵەت بۆی هەیە لە بواری سوود وەرگرتن لەو مافانەی کە دابیندەکات و یەکدەگرێتەوە لە گەڵ ئەم پەیمانە، بۆی هەیە ئەم مافانە بخاتە ژێر قەیدەکانی دانپێنراون لە یاسا تەنیا، تا چ ڕادەیەك

دەگونجێن لە گەڵ مافانە بۆ بەرزکردنی ئاستی ئابووری گشتی لە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسی.

بەندی پێنجەم:

1- هیچ شتێك لەم پەیمانەدا نییە ڕێگا بدات هەر دەوڵەتێك یاخۆد گرووپێك یا تاکێك بۆخۆی شیبکاتەوە کە بتوانێت هەرکارێك ئەنجامبدات بۆ لە ناوبردنی هەر یەکێك لەو ماف و ئازادیانەی لەم ڕێکەوتنە دانیان پێنراوە یاخۆد سنورداری بکات بە چەشنێکی گەورەتر و فراوانتر کە لەم پەیمانەدا هاتووە.

2- نابێت بە هیچ چەشنێك مافەکانی مرۆڤی دان پێنراو سنووردار بکرێن یاخۆد هەبوونی، لە هەر وڵاتێك بەپێی یاسا و ڕێکەوتننەکان و لائحەکان و داب و نەریت یاخۆد بلێت من ڕێزی لێنانێم بە بەهانەی دان پێنەنانی لە پەیمانی ئێستا بەم مافانە یاخۆد بە کەمتر دانپێدانی.

## بەشی سێیەم

بەندی شەشەم:

1- ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دادەنێنن کە دەبێ کاربکەن بۆ دابینکردنی هەل بۆ هەرتاکێك بۆ بەدەستهێنانی ژیانەکەی لە ڕێگای کارکردن کە خۆی هەڵدەبژێرێت یاخۆد پێ ڕازی دەبێت و دەبێ دەوڵەتانی سەرەوە هەنگاو بنێن بۆ دابینکردنی ئەم مافە.

2- ئەم هەنگاوانەی دەوڵەتانی سەرەوە دەهاوێژن ئەو هەنگاوانەش دەگرێتەوە کە بەرەو جێبەجێکردنی تەواوی ئەم مافانەن، هەروەها پرۆگرامەکان و نەخشەکێشان و هۆکارەکانی ڕێنیشاندەر و ڕاهێنانی هونەری پیشەیی بۆ بە دیهێنان و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەردەوام، دابینکردنی کرێکارێکی تەواو و

بەرهەمهێنەر بە پێی ئەو مەرجانە کە بۆ تاك، ئازادی و سەربەستیەکانی سیاسی و ئابووری و دابین دەکات.

بەندی حەوتەم:

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانەدا، دان بە مافی هەر تاکێك لە کۆمەڵگا دەنێن بەمەرجەکانی کاری چاك و عادیلانە. بە دابینکردنی ئەمانەی خوارەوە:

أ–

1– ڕێزلێنانەکان بۆ کرێکارەکان خەرجبکرێن وەك سنوورێکی خوار و یەکسانی نرخ بەبێ جیاوازی و دابین کردنی مەرجەکانی کار بۆ ئافرەتان کەمتر نەبن لەو دەسکەوتانەی کە بەر پیاوان دەکەون لە کەرتی ڕۆژانە لە سەر کارەکانی یەکسان.

2– ژیانێکی سەربڵند بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، بە پێی بەندەکانی ئەم پەیمانە.

ب– بارودۆخی کارکردنێکی چاك و تەندروست.

ج– دابینکردنی کار بە یەکسانی بۆ هەموو تاکێك لە ڕووی پلە بەرزکردنەوە لە سەربناغەی زیرەکی و لێهاتوویی.

د– دابینکردنی پشوودان و دیاریکردنی ئیش و مۆڵەتدانی ڕێکوپێك و پێشکەشکردندنی ڕێزلێنان لە جیاتی ڕۆژەکانی پشوودانی گشتی.

بەندی هەشتەم:

1– ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە بەڵێن دەدەن بە دەستەبەرکردنی:

(أ) بۆ هەر کەسێك هەیە سەندیك دروست بکات و تێدا کاربکات بە ئارەزووی خۆی سەندیکاکە هەڵبژێرێت بۆ پاراستنی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، نابی بەربەست بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەم مافە تەنیا یاسا نەبێت

ئەویش زۆر گرنگە لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی یاخۆد سیستەمی گشتی بۆ پاراستنی مافی خەڵکانی تر و ئازادی و سەربەستییەکانیان.

(ب) پێکهێنانی یەکگرتووەکانی نیشتمانی یاخۆد پەیمانەکان مافی هەموو سەندیکاکانە.

ئەو پەیمانانە مافی پێکهێنانی سەندیکاکانی نێودەوڵەتی و ڕۆیشتنە ناویان هەیە.

(ج) سەندیکاکان مافی کارکردنیان هەیە ئازادانە بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێك بخرێتە سەری تەنیا ئەوەی لە یاسادا هاتوون، ئەوەی پێویست بێت لە کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی یاخۆد سیستەمی گشتی بۆ پاراستنی مافی خەڵکانی تر و ئازادی و سەربەستییەکانیان.

(د) ئەم بەندە ڕێگای لە دانانی بەربەستەکانی یاسایی بۆ بەکارهێنانی ئەم مافانە لە لایەن هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ناگرێت.

3- ئەم بەندە هیچی وەهای تێدا نییە بۆ دەوڵەتانی لایەنی ئەو لە ڕێککەوتنی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ساڵی 1948 کە تایبەتمەندە بە سەربەستی بەشداربووان و پاراستنی ماف لە ڕێکخستن، وەرگرتنی کاری تەشریعی زیان بە زەمانەت بدات کە لە ناو ڕێککەوتننەکەیە یاخۆد جێبەجێکردنی یاسا بە چەشنێك زیان بەو زەمانەتە بگەیەنێت.

بەندی نۆیەم:

دەوڵەتانی لایەن لە پەیمانە دان بە مافی هەر تاکێك دەنێت بۆ زامینکردنی کۆمەڵایەتی.

بەندی دەیەم:

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان دەنێن بە:

1- خانەوادە دەبێ فراوانترین هاوکاری پێبدرێت، چونکە بەردی بناغەی ئاسایی و بنەڕەتییە لە کۆمەڵگا، بە بەخێوکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ هەڵدەستێت. دەبی ژنهێنان ئازاد بێت بە ڕازیبوونی هەردوو لا.

2- دەبێ هاوکاری تەواوی ژنان بکرێت بۆ ماوەیەکی گونجاو، بە تایبەتیش پێش منداڵ پەیدابوون و لە پاش منداڵبوون دەبێ مولەتی بە مووچەی پێبدرێت لە دابینکردنی کۆمەڵایەتی.

3- دەبێ کاری تایبەتی بۆ پاراستنی و کارکردنی هەموو منداڵەکان ئەنجام بدرێت و مرۆڤی گچکە بپارێزن لە ڕووی ئیستغلالکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەبێ سزای یاسایی بسەپێنرێت لە سەر ئەو خەڵکانەی کە ئەو منداڵ و مرۆڤی گچکە بەکاردێنن بۆ کاری بێ ڕەوشتی یاخۆد زیان بە تەندروستیەکانیان دەگەیەنێت یاخۆد ژیانیان دەخاتە مەترسی یاخۆد دەبنە ڕێگر لە پێشکەوتنیان و لە سەر دەوڵەتەکان پێویستە سنوور دابنێن بۆ تەمەن، نابێ کار بە منداڵەکان وەك کرێکار و بە کرێدانیان، سزا بدرێن ئەوانەی کار بەوانە دەکەن کە تەمەنیان لە خوار سنووورە دانراوەکە بێت.

بەندی یازدەم:

1- دەوڵەتەکانی لایەن لەم پەیمانە دان بە مافی هەر تاکێکدا دەنێن کە دەبێ لە ژیانێکی سەقامگیردا بژین خۆی و خێزانەکەی، وەك خواردنی گونجاو جلوبەرگ و شوێنی خەوتن، هەروەها پێشخستنی باری ژیان بە بەردەوام دەبێ دەوڵەتانی لایەن هەنگاوی گونجاو بنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافانە لە گەڵ داننان بە گرنگی هاوکاری نێودەوڵەتی بنیادنەر لە سەر ڕەزامەندی ئازاد لەم بوارەوە.

2- لە بەر ئەوەی دوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە دانیان ناوە بە مافی هەر تاکێك کە ڕزگار بووبێت لە برسێتی، دەبێ هەنگاو بنێن و کاربکەن بە مەبەستی نەهێشتنی برسییەتی چ

بە تەنیا و چ بە هاوکاری نێودەوڵەتی، ئەو پرۆگرامە دیاریکراوانە و ئەوانەی بە گرنگ دەژمێردرێن بریتین لە:

(أ) چاککردنی بەرهەمهێنان و پاراستن و دابەشکردنی خۆراك، سود وەرگرتن لە زانست و بڵاوکردنەوەی شارەزایی لە سەر خواردن، پێشخستنی ڕێگاکانی چاندن و چاککردنیان بۆ ئەوەی چاکترین بەرهەم بهێنێت و چاکترین سوود لە داهاتەکانی سروشتی وەرگرێت.

(ب) بە دابینکردن و دابەشکردنێکی عادیلانە بۆ خۆراك بە پێی پێویست، بەڵام دەبێ ڕەچاوکردنی کێشەکانی ئەو دەوڵەتە بخرێتە بەر چاو چ ئەوانەی خۆراك دەنێرنە دەرەوە یاخۆد داوای خۆراك دەکەن لە دەرەوە.

بەندی دوازدەم:

1- ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان دەنێن بە مافی هەر تاکێك کە لە چاکترین ئاستی تەندروستی و عەقلی بژیت.

2- بۆ ئەوەی دەوڵەتانی سەرەوە بگەنە ئەو ئامانجە دەبێ ئەم هەنگاوانە وەك پێویست بنێن:

أ) کارکردن بە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن لە پەیدابووەکان، بە تایبەتی ڕێژەی مردنی منداڵەکان بۆ دابینکردنی تەندروستی چاك بۆ منداڵەکان.

ب) چاککردنی هەموو بوارەکانی ژینگە و پیشەسازی.

ج) پاراستن لەو نەخۆشیانەی دەگوێزرێنەوە و بڵاودەبنەوە هەروەها نەخۆشیەکانی پیسشەیی، چارەسەرکردن و گەمارۆدانیان.

د) دروستکردنی بارودۆخی چاك بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی، چاودیری پزیشکی لە کاتی نەخۆش بووندا.

بەندی سێزدەم:

1- ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە دان بە مافی هەر تاکێك دەنێن بۆ فێربوون و خوێندن. ڕێکدەکەون لە سەر چونیەتی پیشڤەبردنی کەسایەتی مرۆڤ و هەستکردن بە کەرامەتی، زیادکردن و بەهێزکردنی ڕێزلێنان لە مافەکانی مرۆڤ و سەربەستی و ئازادییەکانی، هەروەها ڕێك دەکەون کە خوێندن ڕێگا بە هەموو مرۆڤێك بدات بەبەشداریکردن بە چەشنێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگای ئازاد و باشکردنی باری تێگەیشتن و گیانی لێبووردن لە ناو هەموو میللەتەکان و کۆمەلانی نەژادی و ئاینی، هاوکاری جموجۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لە ڕووی پاڕاستنی ئاشتی.

2- لە سەر خواست و ویستی دەوڵەتانی لایەن بە گەیشتن بۆ مافەکانی سەرەوە دان دەنێن بە:

أ) دەبێ خویندنی سەرەتایی بە زۆری و بێ بەرامبەر بێت بۆ هەموو کەسێك.

ب) دەبێ فیرکردنی ناوەندی و دواناوەندی بە هەموو چەشنێك بێت، فیرکردنی دواناوەندی و هونەری و پیشەیی بۆ هەموو کەسێك بێت و ئاسانکارییان بۆ بکرێت، هەموو ڕێگا چارەیەك بگرێتەبەر و ورده ورده خوێندن بەرەو خۆڕایی بروات.

ج) دەبێ خوێندنی بالا دابین بکرێت بۆ هەموو کەسێك لە سەر بناغەی لێهاتوویی، هەموو ڕێگا چارەیەك بگرێتەبەر و ورده ورده خوێندن بەرەو خۆڕایی بروات.

د) سەبارەت بەو خەڵکانەی کە نەیاتوانیووە خویندنی سەرەتایی تەواو بکەن یاخۆد هەر نەیان خوێندووە، دەبێت هان بدرێن بۆئەوەی بخوێنن و درێژەبەخوێندن بدەن.

و) دەبێ بەردەوام بن لە بە دواداچوون و پێشڤەبردنی سیستەمی خوێندن لەسەر هەموو ئاستێك سیستەمێکی گونجاو دابندرێت، چاککردنی باری ئابووری ماموستایان و دەستەی فێرکردن بە بەردەوامی.

3- دەولەتانی لایەن لەم پەیمانە بەڵێن دەدەن بە ڕێزلینانی باوکان و سەرۆك (وصی)یەکان بە پێی یاسا، دەستنیشانکردنی قۆتابخانە بۆ منداڵەکانیان جگە لە قوتابخانە دروستکراوەکان لە لایەن دەوڵەتەوە، دەبێت لە گەڵ سنووری خواڕووی

ئاستەکانی خوێندن کە لە لایەن دەوڵەتەوە دانراوە بگونجێت، دەبێ فێرکردنی ئاینی و ئەخلاقی کە لە گەڵ دابوو نەریتیان دەگونجێت، تێیایدا بخوێنن.

4- هیچ شتێك لە ناو ئەم بەندە نییە کە بکرێت شیبکرێتەوە بە دەستێوەردان لە ئازادی مرۆڤ و داموودەزگاکان لە دامەزراندنی دەزگایەکی خوێندن و بەرێوەبردنیان لە چواچێوەی بیروبۆچوونەکانی برگە (1) سەرەوە، دەبێت ئەم پەیمانانە ئاستی خوێندن لە ناویان لە سنووری ئەو ئاستە نەبێت کە دەوڵەت دیاریکردووە.

بەندی چواردەم:

ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەم پەیمانە و سەرەتا لایەن نەبوونە و ئێستا بوونەتە لایەن، دەتوانن خوێندنی سەرەتایی بەخۆڕایی لە ناو هەرێمەکەی یاخۆد هەرێمەکانی تر کە لەژێر ولاتەکەیەتی دابین بکەن و لە ماوەی دوو ساڵ پلانێکی ورد و ڕوون دابنێت بۆ وردە وردە جێبەجێکردن فێرکردنی بە زۆری و خۆڕایی بۆ هەموو خەڵکانێك لە ماوەی چەند ساڵێك کە دیاری بکرێت لە پلانەکە.

بەندی پازدەم:

1- دەوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە دان بە مافی هەرتاکێك دەنێن بە:

أ) بەشداریکردن بە ژیانی ڕۆشنبیری.

ب) سوود وەرگرتن لە هەموو چالاکییەکانی پێشکەوتنی زانستی و جێبەجێکردنی.

ج) سوود وەرگرتن لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مەعنەوی و ماددی لە ئەنجامی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری کە خۆی پێی هەڵدەستێت و دایدەنێت.

2- بۆ گەیشتن و جێبەجێکردنی ئەم مافە دەبێ دەوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە، هەنگاوێ کە بە گرنگ دەژمێردرێن بنێن بۆ پاراستن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیری.

3- دەوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە دان دەنێن بە ڕێزگرتنی ئازادی کە ناکرێت لێ دەست بەرداربین.

4- دەوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە دان بە دەسکەوتەکان بنێن، دەبنە هاندەر و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری زانست و ڕۆشنبیریدا.

## بەشی چوارەم

بەندی شازدەم:

1- دەوڵەتانی لایەن لەم پەیمانە بەڵێن دەدەن ڕاپۆرتەکان بخەنە بەر دەست، بەو هەنگاوانەی کە هاوێشتوویانە، بەو پێشکەوتننانە بۆ جێبەجێکردن و چاولێکردنی ئەو مافانەی لە ناو ئەو ڕێککەوتنەدا هاتوون و دان پێنراون.

2-

أ) هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی دەخرێنە بەردەم ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و فۆتوکۆپییەکەیان دەنێردرێنە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ بینین و چارەسەرکردنیان بە پێی بەندەکانی ئەم پەیمانە.

ب) لە سەر ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە وێنەی ڕاپۆرتەکان بنێرن بۆ وەکالەتی تایبەتمەند یاخۆد بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی پەیوەندیدار کە دەوڵەتە لایەنەکان لەم ڕێککەوتننەدا دایان دەنێن، هەروەها ئەندامن لە ناو ئەندامانی وەکالەتەکانی تایبەتمەند ماددەم ئەو ڕاپۆرتانە یاخۆد بەشێك لەو کارانەی لەو ڕاپۆرتانەدا هاتووە دەچێتە ناو بەر پرسیارەتی وەکالەتەکانی سەرەوە بە پێی بەڵگەنامەکانی دەستووری.

بەندی حەڤدەم:

1- دەبێ دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیمانە ڕاپۆرتەکان بە قۆناغ پێشکەش بکەن بە پێی ئەو بەرنامەیەی لە ئەنجوومەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی دانراوە، لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە پاش ڕاوێژی لە گەڵ دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان و وەکالەتەکانی تایبەتمەندی پەیوەندیدار.

2- دەکرێ ئەم ڕاپۆرتانە هەموو بەربەست و ئاسەوارەکانیان تێدا بنووسرێت کە کار لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەکات هەر وەکو لە پەیمانی ئێستادا هاتووە.

3- هیچ پێویست ناکات دووبارە ئەو زانیارییانەی دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان لەم پەیمانە پێشکەشیان کردبێ بە نەتەوە یەکگرتووەکان یاخۆد بۆ هەر یەکێك لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند، بینوسنەوە تەنیا ئەوە بەسە کە ئاماژە بە کورتەیەك لەو زانیاریانە بدەن کە پێشان پێشکەش کراون.

بەندی هەژدەم:

دەکرێ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جگە لە کارەکانی کە ئەنجامدەدات بە پێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ماوەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بۆی هەیە لە گەڵ وەکالەتەکانی تایبەتمەند ڕێك بکەوێت، دەبێ لە ڕاپۆرتەکانیان بنوسرێت تا چ ڕادەیەك پێشکەوتوو بوونە لە ڕێگای ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ئێستا کە دەکەوێتە ناو بازنەی جموجۆلیان، هەروەها دەکرێت ئەم ڕاپۆرتانە هەموو بڕیار و ڕاسپاردەکان بە وردی تێدا بنوسرێت کە دام و دەزگا تایبەتمەندەکان بڕیاریان لە سەر داوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی سەرەوە.

بەندی نۆزدەم:

بۆ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە داوا لە لیژنەکانی مافی مرۆڤ بکات کە دیراسات و توێژینەوە پێشکەش بکات، هەروەها ڕاسپاردە دابنێت بۆ زانین بە پێی

دیدگای خۆی کە بە ڕاستیان دەزانێت و ڕاپـۆرتی دەوڵـەتان کـە تایبـەتن بـە مافـەکانی مرۆڤ، هەروەکو لە بەندی 16 و 17 دا هاتوون، ئەو مافانەش تایبەتمەندن بە مافـەکانی مرۆڤ پێشکەشکراون لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند بە پێی بەندی 18.

بەندی بیستەم:

بۆ دەوڵەتەکانی ئەندام لەم پەیمانە و پەیوەنـدیان هەیـە، وەکالەتـەکانی تایبەتمەنـدیش کە هەرچی توێژینەوەیان هەیە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایـەتی بکـەن، لە سەر هەر ڕاسپاردەیەك یان ئاماژە بەو ڕاسپاردە گشتییە بە پێی بەنـدی 19 لـە هـەر ڕاپۆرتێکی لیژنەی مافی مرۆڤ یاخۆد لە هەر بەڵگەنامەیەکی تری ئاماژە پێدراوە.

بەندی بیست و یەك:

بۆ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە ناوەناوە ڕاپۆرتەکان پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی بکات لە گـەڵ ڕاسـپاردەکانی گشـتی و کورتـە زانیاریـەکان کـە بـۆی هـاتوون لـە دەوڵـەتانی ئەنـدام لـەم ڕێککەوتنـە و وەکالەتـەکانی تایبەتمەنـد سـەبارەت بـە کـار و کاردانـەوەکانی ئەنجامـدەران و ئـەو پێشـکەوتنەی کـە بـووە هـۆی گەیشـتن بـە چاودێریکردنی ئەو مافانەی دان پێنەدراون لەم پەیمانە.

بەندی بیست و دووەم:

ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆی هەیە ئاگاداری دام و دەزگایەکانی تری نەتـەوە یەکگرتووەکان و لقەکانی بکاتەوە، هەروەها وەکالەتەکانی تایبەتمەندی پەیوەندیدار، بە پێشکەشکردنی هاوکاری هونـەری و هـەر کـارێکی تـر کـە لـە ڕاپۆرتـەکان ئاماژەیـان بـۆ کراوە و دروستبووبن لەم بەشـەی ئـەم پەیمانـە دەکرێ هاوکـاری دەزگاکـانی سـەرەوە بکات بۆ دەرکردنی بڕیارەکانی هەر یەك لەم دەزگایانە لە بواری خۆی لە سـەر چـاکترین

ڕێگا چارەی نێودەوڵەتی هۆکار کە هاوکار دەبێت بۆ جێبەجێکردنی وردەوردە و کاریگەری ئەم پەیمانە.

بەندی بیست و سێیەم:

دەوڵەتە لایەنەکانی ئەم پەیمانە ڕازین بە بەستنی ڕێککەوتنەکان و دانانی ڕاسپاردەکان و پێشکەشکردنی هاوکارییە هونەرییەکان و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی هەرێمی و هونەری بە ڕێککەوتن لە گەڵ حکوومەتەکانی پەیوەندیدار بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیر و ڕا بە مەرجی گرتنەوەی کاری نێودەوڵەتی بە مەبەستی جێبەجێکردنی مافەکانی دانپێنراو لەم پەیمانە.

بەندی بیست و چوارەم:

هیچ شتێك لەم پەیمانە نییە شیبکرێتەوە کە بتوانێت دەقی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەستوورەکان و وەکالەتەکانی تایبەتمەند ڕابگرێت، ئەوەی کە بەرپرسیارەتی تایبەتی دەزگا نەتەوە یەکگرتووە جۆراوجۆرەکان و وەکالەتەکانی تایبەتمەند سنووردار بکات، ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو کارانەی ئەم پەیمانە چارەسەری دەکات.

بەندی بیست و پێنجەم:

هیچ شتێك لەم پەیمانە نییە کە بتوانرێت شیبکرێتەوە و ئەم مافە بنەڕەتەی هەموو میللەتان ڕابگیرێت یاخۆد بەرپەچی بداتەوە، هەموو میللەتان بۆیان هەیە سوود لە داهاتەکانی سروشتی خۆیان وەربگرن بە تەواوەتی و ئازادانە.

بەشی پێنجەم

بەندی بیست و شەشەم:

1- هەریەك لە دەوڵەتەکانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یاخۆد هەریەك لە وەکالەتەکانی تایبەتمەند بۆیان هەیە ئەم پەیمانە واژوو بکەن، هەروەها بۆ هەر یەکێك کە لایەنی بنەڕەتی بیت لە دادگای دادی نێودەوڵەتی و بۆ هەر دەوڵەتێکی تر کە کۆمەڵەی گشتی داوای بکات، دەبێتە لایەنێك لەم پەیمانە.

2- ئەم پەیمانە پێویستی بە ئەنجامدانی کارەکانی پەسەندکردنیەتی و ئەم بەڵگەنامە پەسەندکراوە کە لە لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت.

3- بۆ هەر دەوڵەتێك کە لە بڕگەی 1 ئاماژەی پێدراوە لەم بەندە بۆی هەیە بێتە ناو ئەم پەیمانە.

4- هاتنە ناو ئەم پەیمانە لە ڕۆژی دانی دانەیەك بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێدەکات.

5- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە ئەم پەیمانەیان واژوو کردووە و هاتوونەتە ناوی لە کاتی دانانی هەر بەڵگەنامەیەك لە بەڵگەنامەکانی پەسەندکراو.

بەندی بیست و حەوتەم:

1- ئەم پەیمانە کاری پێدەکرێت لە پاش سێ مانگ لە ڕێکەوتی دانانی بەڵگە پەسەندکراوەکە لە لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

2- ئەم پەیمانە کاری پێدەکرێت بەرامبەر هەر دەوڵەتێك پەسەندی کردبێت یاخۆ پاشان هاتبێتە ناوی لە پاش سێ مانگ لە بەڵگە پەسەندکراوەکە یاخۆد هاتنە ناوی.

بەندی بیست و هەشتەم:

بەندەكانی ئەم پەیمانە لە سەر هەموو پارچەكانی دەوڵەتە یەكگرتووەكان بە بێ بەربەست جێبەجێدەكرێت و لە سەریان دەرروات.

بەندی بیست و نۆیەم:

1- هەر دەوڵەتێكی ئەندام لەم پەیمانە بۆی هەیە پێشنیاری هەمواركردنی پێشكەش بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بكات، ئەمینداری گشتیش دەبێ ئاگاداری هەموو دەوڵەتەكانی لایەن لەم پەیمانە بكات بە پێشنیارەكانی و هەمواركردنی داوا بكات، ئاگادار بكرینەوە ئەگەر دەوڵەتەكان بە بەرژەوەندییان زانی كۆنگرە ببەسترێت بۆ سەیركردن و تێبینی پێشنیارەكان و دەنگدان لە سەری، ئەگەر سێ یەكی ئەم دەوڵەتانە ویستیان كۆنگرە ببەسترێت ئەوە دەبێ ئەمینداری گشتی داوای بەستنی كۆنگرە بكات لە ژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتووەكان، هەر هەمواركردنێك بەشی زۆرینەی دەوڵەتە لایەنەكانی بەشداربوو لە كۆنگرە پەسەندی كرد و دەنگی لە سەر دا دەبێ بخرێتە بەردەم كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لە سەری.

2- هەر هەمواركردنێك كاری پێدەكرێت لە پاش ڕەزامەندی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە سەری، قبوولكردنی دوو لە سەر سێ دەوڵەتە لایەنەكانی ئەم پەیمانە لە هەمواركردنی بە پێی ئیجرائاتی دەستووری تایبەتمەند.

3- هەر هەمواركردنێك لە پاش دەستپێكردن و جێبەجێكردنی دەبێ هەموو دەوڵەتەكانی ئەندام پابەندن بن بەم هەمواركردنە، هەروەها دەوڵەتانی لایەنەكانی تر دەبێ پابەندبن بە دەقەكانی ئەم پەیمانە و ئەو هەمواركراوانەی پێشووتر كراون.

بەندی سییەم:

پێویستە لە سەر ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جگە لە ئاگادارکراوەکان کە لە برگەی (5) لە بەندی 62 دا هاتوون، ئاگاداری هەموو ئەو دەوڵەتانە بکات کە لە برگەی (1)ی هەمان بەند هاتوون، بەم وردەکاریانەی لە خوارەوەن:

أ) واژووکردن و پەسەندکردن و هاتنە ناو ئەم پەیمانە بە پێی بەندی 62 دەبێت.

ب) ڕۆژی کارپێکردنی ئەم پەیمانە، کاری پێدەکرێت بە پێی بەندی 72، هەروەها ڕۆژی کارپێکردنی هەموارکراوەکان بە پێی بەندی 92.

بەندی سی و یەك:

1- ئەم پەیمانە بەندەکانی بە چینی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕوسی و ئیسپانین، لە یەك ئاست لە ڕەسەنایەتیان لە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت.

2- لە سەر ئەمینداری گشتییە، وێنەیەکی پەسەندکراوی ئەم پەیمانە بنێرێت بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی لە بەندی 26 دا هاتوون.

## باسی حەوتەم:

### بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان[21]

بەرایی:

هەر کات کەسێك لە لایەن یەکێك لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی نا ڕەسمی بگیری و هیچ چەشنە زانیارییەك لە سەر بارودۆخی ناوبراو بە دەستەوە نەبێ، ئەو کەسە وەك ڕفێندرا و یان بێسەروشوێنکراو ناو دەبەین.

ئــەم ڕووداوە بــۆ کەســە بێسەروشــوێنکراوەکە و بنەماڵەکــەی سەرچــاوەی ئــازار و نارحەتییەکی لە ڕادەبەدەرە. ئەم کردەوەیەی کاربەدەستانی دەوڵـەتی بـە یـەکێك لـە تــاڵترین نموونــەکانی پێشــلکردنی مــافی مــرۆڤ دەژمێــردرێ، مرۆڤــی ڕفێنــدراو یــان بێسەروشوێنکراو بە هەڵکەندران لە شوێنی ژیانی خۆی هـەموو چەشـنە پشـتیوانییەکی یاسایی لە دەستدەدا و دەکەوێتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە. زۆر لـە قوربانییـەکان هـیچ کات جارێکی دیکە چاویان بە ئامێزی بنەماڵەکـەی خۆیـان ناکەوێتـەوە، بنەماڵەیـەك کـە ئیدی ئێستا بە بۆنەی بێ ئاگایی لە چارەنووسی یـەکێك لـە ئازیزەکـانی لـە نێـو دەرد و ئازاردا بە تەنیا دەتلێتەوە.

ڕێکخـراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان، داوا لــە هــەموو دەوڵــەتان دەکـات سـەرنج بدەنـە بەرنامەی "پێشگیری لە ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن"ی مرۆڤەکان، سـەرنجی ئـەوان بـۆ ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم 14 ماددەیە کە لێرە بـەدواوە دەخرێتـە بـەر چـاو ڕادەکێشـێ، لـە قوربانیـەکانی ئـەم چەشـنە جینایەتانـە و ڕێکخـراوی پەیوەندیـدار بەوانەوە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم بەرنامەیە داوای یارمەتی دەکا.

دەوڵـەتان بــە جێبــەجێکردنی ئــەم بەرنامەیــە، ویســت و ئــیرادەی خۆیــان لــە بــارەی کوتایهێنان بەم جینایەتە نیشان دەدەن و لە هەوڵ و هەنگاوی نەهێشـتنی ئـەم سـتەمە لە جیهاندا، بەشدار دەبن.

1- مەحکوم کردنی ڕەسمی " ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن"

دەبێ بـەرزترین ناوەنـدەکان و نوێنـەرانی دەوڵـەتان بـە ڕەسمـی لـەو پـەری ڕاشـکاویدا ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی مرۆڤەکان مەحکوم بکـەن و دژایـەتی خۆیـان لـە گـەڵ ئـەم تاوانە ڕابگەینن. ئەوان دەبێ پۆلیس، ئەرتەش و هێزە ئاسایش پارێزەکانیان تێ بگەینن کە بێسەرشوێنکردن و لە نێوبردنی مرۆڤەکان بە هیچ جۆر و لـە هـیچ هەلومەرجێکدا، لێ قبوڵ ناکەن.

2- دیاربوونی ئاست و دەسەڵاتی فەرماندەری و لە ژێر چاودێریدا بوونی هێزە ئاسایش پارێزەکان.

داوا لە بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزە ئاسایش پارێزەکان دەکرێ بە دەرکردنی فەرمانی ڕوون و لە ڕێگای چاودێریکردنی هەموو کاروبارەکانەوە کۆتایی بە گرتنی لە خۆ وە بێنن، پێشی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی مرۆڤەکان بگرن و دڵنیابن کەوا ئەو کارانە جێ بەجێ دەبن. دەبێ هەموو ئەو کاربەدەستانەی بە جۆرێك دەستیان لە قوربانیکردنی مرۆڤەکاندا هەیە بکەونە ژێر لێکۆڵینەوە و سزای یاسایی بدرێن.

3- ئەرکی گەیاندنی زانیاری لە بارەی گرتن و ئازادکردنی مرۆڤەکان.

دەبێ بنەماڵە، پارێزەر و دادگای پێوەندیدار دەستبەجێ لە گرتن، ڕاگواستن، یان ئازادکردنی گیراوەکە ئاگادار بکرێن و زانیاری وردیان لە بارەی ئەو کەسەوە، بۆ وێنە: کات و شوێنی گیران و هۆیەکەی، پێ بدرێ.

ئازادکردنی هەر بەندییەك دەبێ بەپێی بەڵگە بێ و ئەمنییەتی دوای ئازادکردنی دەستەبەر بکرێ.

4- هەنگاونان بە مەبەستی پشتیوانی لە گیراوەکان و ڕوونکردنەوەی شوێنی گیرانیان

داوا لە دەوڵەتان دەکرێ بەجێبەجێکردنی هەنگاوی کاریگەری یاسایی ئەو بوار و دەرەتانە بۆ پارێزەران و بنەماڵەی بەندییەکان پێکبێنن تا بتوانن پێوەندی بە ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکان بگرن و بەزوویی لە شوێنی گیران و دەستەبەسەرکردنی گیراوەکان ئاگادار ببنەوە. پارێزەران و بنەماڵەکان دەبێ ئیمکانی پێوەندی گرتن لەگەڵ ئۆرگان و دامەزراوەکانی بەرپرس لە گرتنەکانیان هەبێ و بتوانن شکایەتیان لێ بکەن و بۆ ئازادیی کەسانێك کە لە خۆە گیراون، هەوڵبدەن.

5- دژایەتی لە گەڵ گرتنی بە نهێنی.

دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن کە گیراوەکان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و ڕەسمییەکاندا ڕادەگیرێن، دەبێ ناونیشان و تایبەتمەندیی گیراوەکانی هەرکام لە بەندیخانەکان لە

دەفتەری بەندیخانەکەیان و هەروەها لە ناوەندە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی تۆمارکرابێ. بنەماڵەکان، پارێزەران، قازییەکان و کەسان و ناوندەکانی دیکە دەبێ دەستیان بەو دەفتەر و شوێنانە ڕابگا کە ناوەندەکانیان تێدا تۆمارکراوە و یاسا مافیان پێ دەدا بیان بینن. بەندیخانە و گرتنە نهێنییەکان دەبێ کۆتاییان پێبێ.

6- دەستبەسەر داگرتن و زیندانیکردن تەنیا دەبێ لە لایەن بەرپرسە قانونییەکانەوە بێ.

هەر جۆرە فەرمانێکی گرتن و زیندانی کردن دەبێ تەنیا لە لایەن بەرپرسانێك کە یاسا دەست نیشانی کردوون، دەربچێ و جێبەجێ بکرێ. مەئموران دەبێ خۆیان بە تاوانبارکراو بناسێنن و کارتی پێناس نیشان بدەن. ئەگەر لە شوێنی گرتنەکە، کەسانێك وەك شایەدی ڕووداوەکە هەبن و داوا بکەن مەئموران خۆیان پی بناسێنن، دەبێ خۆیان بەوانیش بناسێنن. دەوڵەتان لە سەریانە ئۆردووگاکانیان و کەسانی بەرپرس لە کاروباری گرتن و زیندانی کردنی مرۆڤەکان بە تەواوی دیاری بکەن و لە کاتی لادان و پێشێلکاریدا، تەمبێیان بکەن.

7- دەستڕاگەیشتن بە گیراوەکان

هەموو ئەو کەسانەی دەگیرێن دەبێ دەستبەجێ بە دادگا و بەرپرسانی قەزایی بسپێردرێن. ئەندامانی بنەماڵە، پارێزەران، وەکیلەکانی داد و پزیشکەکان دەبێ بە ڕێکوپێکی گیراوەکە لە هەموو قۆناغەکانی گیراندا ببینن. دەبێ ڕێگای سەردان و پشکنینی ڕێکوپێك، لە پڕ و ناکا و بە بێ مەرج، لە هەموو بەندیخانەکان بە لێکۆڵەرانی دەوڵەتی بدرێ.

8-"ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردن" دەبێ قەدەغەکردنی یاسایی لەسەر دابنرێ:

دەوڵەتان دەبێ لێبراوانە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان بە پێچەوانەی یاسا و بە تاوان دابنێن و هەر کەس لێی لادا، تەمێبکرێ.

9- بەر پرسیاریەتی تاکە کەسی:

دەبێ لە خولـە فێرکارییەکانـدا ئـەو مەئمورانـەی کـاری دەستبەسـەرکردن و بەنـدکردنی کەسـانی تاوانباریـان پـێ سـپێردراوە، قەدەغـەبوونی ڕفانـدن و بـێ سەروشـوێنکردنیان وەبیر بخرێتەوە و بە جیددی تێ بگەیەنرێن. ئەم مەئمورانە دەبێ بـزانن کـە هـەم مـافی ئەوەیان هەیە، هەم ئەرکی سەرشانیانە فەرمانی سەرەوەتری خۆیان لە بارەی ڕفاندن و بـێ سەروشـوێنکردنی مرۆڤـەکان ڕەت بکەنـەوە و دژی بوەسـتن. مـەئموران دەبـێ لـەو کێشە حوقووقییە ئاگـاداربن کـە ئەگـەر لـە ڕفانـدن و بـێ سەروشـوێنکردنی مرۆڤەکانـدا هاوکاری و بەشداری بکەن، هیچ بیانوو و پاساوێکیان لێ قەبووڵ ناکرێ و ناتوانن خۆیـان بەمە بپەریێننەوە کە فەرمانێکی دەوڵەتان جێبەجێ کردوە و لە هەرحاڵدا بە تۆندی سزا دەدرێن.

13- پێراگەیشتن و لێکۆڵینەوەی نە بەستراو بە دەوڵەت:

دەوڵەتان دەبێ لێبراوانە هەوڵبدەن سکاڵا و ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیـدار بـە ڕفانـدن و بـێ سەروشوێنکردنی مرۆڤـەکان. لـە لایـەن دامـەزراوێکی نـاحزبی و نـە بەسـتراوە بـە وردی بخرێتە ژێر لێکۆڵینـەوە و پێراگەیشـتن. ئـەو ڕێکخـراوە دەبـێ هـیچ بەسـتراوەیەکی بـەو لایەنـەوە نـەبێ کـە سـکاڵای لێکـراوە، پێویسـتە بەڵگەنامـە و ئـامرازی پێویسـت بـۆ بـە دواداچوون و دۆزینەوەی ڕاسـتییەکانی بەدەسـتەوە هـەبێ. مـەئمورانی تاوانبـارکراو بـە ئەنجامـدانی کـردەوەی ڕفانـدن و بـێ سەروشـوێنکردن، دەبـێ لـەو ماوەیـەدا ی لـە دۆسیەکەیان دەکۆڵرێتەوە لە کارەکەیان وەلا بنرێن. ئەندامانی بنەماڵەی قوربانی دەبـێ دەستیان بە هەموو زانیاری و بەڵگەیەکی پێوەندیدار بـە دۆسـیە ڕابگـا، هـەروەها مـافی پێوە زیادکردنی سکاڵا و بەڵگەنامـەی دیکـە بـە دۆسـیەکەوە، بـۆ ئەنـدامانی بنەماڵـەی قوربانییەکە بپارێزرێ. دەبێ بە مەبەستی پشـتیوانی لـە خـاوەن سـکاڵاکان، شـاهیدان، پارێزەران و هەموو ئەکەسانەی دۆسیەکە پێوەندی بە وانەوە هەیە، هـەنگاوی پێویسـت بنرێ، پێشی هەر چەشنە تۆڵەسەندنەوە، هەرەشە و مەترسیەکی دیکە بـۆ سـەر گیـانی

ئەوان بگێری. دەبێ لێکۆڵینەوە و بەردەوامبوون لە سەر دۆسیەکە تا ڕوونبوونەوەی چارەنووسی قوربانییەکە بە ڕەسمی درێژەی هەبێ.

11- لێپرسینەوەی یاسایی لە تاوانباران:

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵبدەن کەسانی بەرپرس و بەشدار لە تاوانی ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکاندا، بکێشنە داداگا و لێیان بکۆڵنەوە. ئەم بڕیارە دەبێ هەموو کات و لە هەموو جێگایەك بەڕێوەبچێ و هیچ پێوەندییەکی بە شوێنی ژیان، شوێنی ڕوودانی تاوان، میللییەت (نەتەوایەتی)ی تاوانبار، میللییەتی قوربانی، یان کاتی ڕوودانی تاوانەکەوە نییە. هەرچەشنە هەنگاونانێکی یاسایی، بە مەبەستی سوککردنی سزا، یان پشتیوانی لە تاوانباران، ئیعتیبار و بایەخێکی نییە، بە نا ڕەوا دەزانرێ.

12- قەرەبۆکردنەوەی ئەو زیانانەی لە قوربانی کەوتوون:

ئەرکی سەر شانی دەوڵەتانە ئەو زیان و خەسارانە لە قوربانیی ئەشکەنجە و بنەماڵەکەی کەوتوون، قەرەبۆبکرێنەوە. دانی ڕادەیەکی گونجاو دراو(پارە)، یەکێك لەو قەرەبۆکردنەوانەیە. بۆ ئەو کەسە بێسەروشوێنکراوانەش کە پەیدا دەبنەوە، دەبێ خزمەتە دەرمانییەکان و ئیمکاناتی پزیشکی دابین بکرێ.

13- پەسەندکردنی بە ڕەسمیی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنیان.

هەموو دەوڵەتان دەبێ پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤ و قەدەغە بوونی ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی پەسەند بکەن. نموونەی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانە بریتین لە: پەیماننامەی نێونەتەوەیی لە بارەی مافە شارۆمەندی (هاووڵاتی) و سیاسییەکان، جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتنە نێو نەتەوەییەکانی دیکە کە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان مەحکووم و پشتیوانی لە قوربانییەکانی

دەکـەن، دەوڵـەتان بەشـێوەیەکی بـەردەوام دەبـێ بـۆ جێبـەجێکردن و بـەرێوەبردنی پەیماننامەکان تێبکۆشن.

14- بەرپرسایەتی دەوڵەتان لە مەیدانی نێو نەتەوەییدا:

دەوڵەتان دەبێ بەکەلك وەرگرتن لـە هـەموو ئیمکاناتێـك کـە هەیانـە دژی دەوڵـەتێك کـە تاوانی ڕفاندن و بـێ سەروشـوێنکردنی مـرۆڤ ئـەنجام دەدا، بوەسـتن و ئاگـادار بـن هـەر چەشنە یارمەتیەکی سەربازی، پۆلیسی و ئەمنییـەتی ئـەوان بـە وڵاتـانی دیکـە، نەبێتـە هـۆی ڕفانـدن و بـێ سەروشـوێنکردنی مرۆڤـەکان. دەوڵـەتان دەبـێ دڵنیـابن کـە ئـەو کەسانەی لەوانەیە لەوڵاتێکـدا لەگـەڵ مەترسـی ڕفێنـدران و بـێ سەروشـوێنکردن بـەرەو ڕووبن، بە زۆری نەیاندەنەوە بەو وڵاتە.

# بەشی یەکەم

# لقی (ب)

***<u>باسی یەکەم:</u>***

***<u>یاداشتێکی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە گەڵ چەند ناوداری کورد پێشکەش بە دەسەڵاتی دارایی تورکیا و ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرەکانی ئستەنبۆڵ کراوە.</u>***

***<u>باسی دووەم:</u>***

***<u>کورتەیەك لە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان(عصبە الامم) بە لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە.</u>***

باسی سێیەم:

بڕگەی (دوو) لە بەرنامەی وەزاری لە ڕێکەوتی31/21/36 :2 لە کاتی پێکهێنانی یەکەم وەزارەتی عێراق.

باسی چوارەم:

پێشنیاری لیژنەیەکی سنووری لە پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە.

باسی پێنجەم:

یاسای بنەڕەتی عێراق لە 36/4/32 :2

باسی شەشەم:

بەڵگەنامەیەکی نهێنی بارەگای مەندووبی سامی، بەغدا 34ی نیسانی :3 :2

باسی حەوتەم:

بڕیاری 3/8/ 55 :2 ی کابینەی ئەوسای حکوومەتی عێراق تایبەت بە بارزانیەکان

باسی هەشتەم:

دەستووری کاتی عێراق – 69 :2

باسی نۆیەم:

ڕێککەوتننامەی 21ی شوباتی 75 :2

باسی دەیەم:

وەڵامی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی 21ی شوباتی 75 :2

باسی یازدەم:

بەیاننامەی :3ی حوزەیرانی 77 :2

باسی دوازدەم:

بەشێك لە پاشبەندەکانی یاداشتنامەی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری میللەتی کورد مەلا مستەفا بارزانی بۆ... .

## باسی سێزدەم:
## بەیاننامەی 22ی ئادار

### باسی یەکەم:

شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە گەڵ چەند ناوداری کورد یاداشتێکیان پێشکەش بە دەسەڵاتی دارایی تورکیا و ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرەکانی ئستەنبۆڵ کرد، بریتی بوون لەو دواکاریانە:[11]

1- زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕەسمی لەو پێنج قەزایانە (زێبار، ئاکرێ، دهۆك، ئامێدی و زاخۆ).

2- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

3- سەرۆکی یەکەکانی بەڕێوەبردن و فەرمانبەرەکانی، کوردی بزانن.
4- حوکمڕانی بە پێی شەرعی ئیسلام بێت، چونکە ئاینی دەوڵەت ئیسلامە.
5- ئەوانەی لە قەزادا دادەمەزرێن و خاوەن فەتوان، دەبێ لە مەزهەبی شافعی بن.
6-باج وەرگرتن لەو خەڵکانەی کە دەبێ باج بدەن، باج دانەکەش بە پێی شەرعی ئیسلام بێت و ئەوەی لەوە زیاترە وەرنەگیرێت.
7- باجەکە لە جیاتی پوول بەکاردێت بمێنێت بە مەرجێك لە ڕێگا و بانی ناوچەکە خەرج بکرێت.

**باسی دووەم:**

**بڕیاری کۆمەڵەی گەلان(عصبە الامم) بە لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە:**[23]

لە کاتی دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە چوار بڕگەی تێدابوو:
لە بڕگەکانی 3-4 لە بڕیاری سەرەوەدا هاتووە و دەڵێت:
(دەبێ حکوومەتی بەریتانیا بانگهێشت بکرێت بۆ پێشکەشکردنی ڕا و بۆچوونی بەڕێوەبردن بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد هەروەکو لە کۆتایی ڕاپۆرتی لیژنەکە هاتووە، هەروەها دەبێ حکوومەتی بەریتانیا ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە جێبەجێ بکات کە پەیوەندیان بە هێورکردنی ناوچەکە و پاڕاستنی تەواوی خەڵکی ناوچەکە هەیە – مەبەستی خەڵکی کوردستان بوو-)

**باسی سێیەم:**

له کاتی پێکهێنانی یەکەم وەزارەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان نەقیب دەبینین لە بڕگە یەك لە بەرنامەی وەزاری لە 1923/13/25 هاتووە و دەڵێت: حکوومەتی عێراق دەستووریە، پەرلەمانییە، دیموکراسیە بە پێی یاسا.
بڕگەی دوو باسی کێشەی کورد دەکات هەروەکو لە خوارەوە هاتووە:[13]
(( لە بەر ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا ماوە دەدات بەو ناوچانەی کوردین بەشداری بکات یاخۆد نەکات لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن بە پێی ڕێککەوتننامەی سیڤەر، ئەنجوومەنی وەزیران وەها دەبینین کە سەربەستییەکی تەوا بدرێتە ناوچەکانی سەرەوە بە بەشدار بوونیان یاخۆد بەشدار نەبوونیان بە پێی ڕێککەوتننامەی سەرەوە لە سەر هەڵوێستی کوردەکانی سەرەوە محاسبە نەکرێت لە دوا ڕۆژ هەرچەندە حکوومەت حەز دەکات کورد بەشداری بکات و لە عێراق جودا نەبێتەوە.))

## باسی چوارەم:

**ڕێککەوتننامەی لۆزان لە 35ی تەمموزی ساڵی 2:34 بەسترا**، جێگای پەیمانی سێڤەری گرتەوە بەم پەیمانە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کرابوو لە بەر سەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانان لە سەر بەرژەوەندی کورد، ئەو سەردەمە لیژنەیەکی سنووری پێکهاتبوو لە پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق.[14]
ئەم لیژنەیە پێشنیارەکانی پێشکەش کردبوو و تێدا هاتبوو:
- دەبێ خواست و ویستی کوردەکان کە دەریان بڕیبوون ڕەچاو بکرێن بە دانانی کوردەکان لە سەر کاروبار و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان.
- دەبێ داد دابەش بکرێ.
- خوێندن بڵاو بکرێتەوە.
- زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی لە هەموو فەرمانگەکان.

## باسی پێنجەم:

## یاسای بنەڕەتی عێراق لە 36/4/32 :2[26]

### بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ئێمە مەلیکی عێراقین لە سەر ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی پێکهێنـان، یاسـای بنـەڕەتیمان پەسەند کرد و فەرمانمان دا بە جێبەجێکردنی.

پێشەکی:

بەندی یەك:

ئەم یاسایە بە یاسای بنـەڕەتی عێـراق ناوزەنـد دەکرێت و بەنـدەکانی لـە سـەر هـەموو شوێنەکانی عێراق دەروات و جێبەجێدەکرێت.

بەندی دوو:

عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد و سەربەستە و موڵکیەتیش دابەش ناکرێت، ناکرێـت تەنازول لە هیچ شتێك بکرێت و حکوومەتەکەش ڕژێمی مەلەکییـە و میراتییـە و چەشـنی پەرلەمانییە.

بەندی سێ:

شاری بەغدا پایتەختی عێراقە و دەکرێ لە کاتی پێویستدا شارێکی تر بە یاسا بکرێت بە پایتەخت.

بەندی چوار:

ئاڵای عێراق بەم چەشنە پانو و بەرینەی خوارەوە دەبێت: درێژیەکەی دوو بەرامبەر بەرینیەکەی و ڕاستەو ڕاست دەکرێتە سێ بەشی یەکسان بە ڕەنگەوە، بەشی سەرەوە ڕەش دەبێت دوایی سپی پاشان سەوز، لە لایەن داری ئالاکە (ساریە) چوار گۆشەیەکی خوار دەبێت و بنکەکەی بەقەد بەرینی ئالاکە دەبێت و لایە بچوکەکەی بەقەد ڕەنگی سپی دەبێت و بەرزایەکەشی چاریەکی درێژی ئاڵا دەبێت و لە ناوەندیشی دوو ئەستێرەی سپی دەبێت بە حەوت چوکل و لە سەر یەك بەرامبەر بە داری ئاڵا دەبێت، بەڵام چونیەتی ئاڵا و دروشمی دەوڵەت و نیشانەکانی بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن.

## دەروازەی یەکەم: مافەکانی میللەت

بەندی پێنجەم:

ڕەگەزنامەی عێراقی دادەنرێت و دەدرێت و لە دەست دەچێت بە پێ یاسایەکی تایبەت.

بەندی شەشەم:

هیچ جیاوازییەك لە نێوان عێراقییەکان نییە بەرامبەر بە یاسا، هەرچەندە جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و زمان لە نێوانیاندا هەبێت.

بەندی حەوتەم:

سەربەستی و ئازادی هەموو تاکی عێراق پارێزراوە، بۆ کەس نییە دەستی بۆ ببات و دەست تێوەربدات وەیا خۆی تێهەڵقوڵێت، نابێ هیچ کەسێك بگیرێت و زیندانی بکرێت یان سزا بدرێت و ناچاربکرێت بە گۆڕینی شوێنی ژیانەکەی، بەربەست لە سەری

دابندرێت یاخۆد ناچاربکرێت بە خزمەتکردنی لە هێزەکانی چەکداری، تەنیا بە پێ یاسا دەبێت، ئازار و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە و دەرکردن بۆ دەرەوەی عێراق بە هیچ جۆرێك نابێت و قەدەغەیە.

بەندی هەشتەم:

جێنشینی مرۆڤ پارێزراوە لە هەر دەست درێژییەك و نابی هەڵبکوترێتە سەر مالان یاخۆد پشکنینی بکەن تەنیا بە پێی بارودۆخ و ئەو ڕێگایانەی یاسا دیاریکردوون.

بەندی نۆ:

هیچ کەسێك قەدەغە ناکرێت بە سەردانی دادگاکان وەکو داخواز، هیچ کەسێك ناچار ناکرێت بچێتە دادگا کە تایبەتمەند نەبێت بە کێشەکەی تەنیا بە پێی یاسا دەبێت.

بەندی دە:

مافەکانی موڵکیەت پارێزراوە و نابێ هیچ مەرجی لە سەر هەبێ و نابێت دەست بە سەر ماڵ و ملك دا بگیرێت، هەر موسادەرکردنی کەل و پەلی قەدەقەکراو تەنیا بە پێی یاسا دەبێ، کاری سوخرە قەدەغەیە هەروەها موسادەری گشتی بۆ ماڵی خەڵك، گواستراوە و نەگواستراوە قەدەغەیە و موڵکی کەس بۆ بەرژەوەندی گشتی زەوت ناکرێ تەنها بەپێی ئەو ڕێگایەی کە یاسا دیاری دەکات و بەمەرجی قەرەبوکردنێکی عادیلانە قەرەبوبکرێت.

بەندی یازدە:

هیچ باجێك تەنها بەپێی یاسا نەبێت ناپەسەندرێت و هەموو جۆرە سنفێك دەگرێتەوە.

بەندی دوازدە:

عێراقیەکان بۆیان هەیە ئازادی بیروڕا دەربڕین و بڕیارەکانی بڵاوبکەنەوە هەروەها کۆڕ و کۆبونەوە ئەنجام بدەن و ڕێکخراوەکان پێکبهێنن و بەپێی یاسا بچنە ناویان.

بەندی سێزدە:

ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەتە و هەموو لایەك ئازادن لە ئاینی خۆیان هەرچەندە مەزهەبەکان لە یەك جیابن، هەر هەموویان ڕێزی تایبەتی خۆیان هەیە و هەموو لایەك ئازادن بەپێی دابونەریتی خۆیان خزمەتی ئایین و مەزهەبی خۆیان بکەن، بەڵام نابێ هێمنی و ئاسایش تێکبدەن و دژی ئادابی گشتی بن.

بەندی چواردە:

هەر عێراقییەك مافی پێشکەشکردنی پێشنیاری هەیە کە پەیوەندی بە کاروباری خۆی هەبێت هەروەها پەیوەندی بە بەرژەوەدی گشتی و مەلیك و ئەنجوومەنی پەرلەمان و دەسەڵاتدارانی گشتی هەبێت بەپێی ئەو ڕێگایانەی کە یاسا دیاری کردوون.

بەندی پازدە:

هەموو نووسینەکان و پەیوەندییەکانی پۆستە و بروسکەکان و پەیوەندییەکانی تەلەفون شاراوەیە و پارێزراوە لە هەموو چاودێریەك و ڕاگرتنێك، تەنها لەو حاڵەت و ڕێگایانەی یاسا دەستنیشانی کردوون.

بەندی شازدەم:

هەموو کەمایەتییەکان و تائیفەکان بۆیان هەیە قوتابخانە دابمەزرێنن بۆ فێرکردنی تاکەکانیان و خوێندنیان بە زمانی تایبەتی خۆیان، بە مەرجێك پرۆگرامەکانی تایبەتی لەگەڵ پرۆگرامەکانی گشتی یەك بگرن و تێك بکەنەوە کە یاسا دیاری کردوون.

بەندی هەڤدەم:

زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی دەوڵەتە و جگە لەوەی تر بەپێی یاسایەکی تایبەت دەقی لەسە دەکات.

بەندی هەژدەم:

هەموو عێراقییەکان یەکسانن بە بەکارهێنانی و سود وەرگرتن لە مافەکانیان و هەستان بە ئەرکەکانیان، بۆ هەموویان هەیە بەبێ جیاوازی هەر کارێکی حکوومەت پێیان بسپێرێ توانا و هەڵسوکەوتی خۆی، نابێ غەیرە عێراقییەکان کاری حکوومیان پێ بسپێردرێت، تەنها لە چەند حاڵەتێکی (نا ئاسایی) کە بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێن، بەڵام ئەو بێگانانەی کە دەبێ بەکاریان بهێنەوە یاخۆد دەکرێت بەکاریان بهێنن بەپێی پەیمانەکان و یاخۆد بەلێندەرانی لە نا ئاسایی سەرەوە جیادەکرێنەوە.

دەروازەی دووەم: مەلیك و مافەکانی

لە بەندی نۆزدەوە دەست پێدەکات تاکو بەندی بیست و شەش تایبەتە بە مەلیك و مافەکانی (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

دەروازەی سێیەم: دەسەڵاتی تەشریعی

لە بەندی بیست و حەفت دەست پێدەکات و لە بەندی شەست و سێ کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

دەروازەی چوارەم: وەزارەت

لە بەندی شەشت و چوار دەست پێدەکات و لە بەندی شەست و حەوت کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

### دەروازەی پێنجەم: دەسەڵاتی قەزایی

لە بەندی شەست و هەشت دەست پێدەکات و لە بەندی هەشتا و نۆ کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

### دەروازەی شەشەم: کاروباری دارایی

لەبەندی نۆەد دەست پێدەکات و لە بەندی سەدوو حەوت کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

### دەروازەی حەوتەم: بەرێوەبردنی هەرێمەکان

لەبەندی سەدوو هەشت دەست پێدەکات و لە بەندی سەدوو یازدە کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

### دەروازەی هەشتەم: پەسەندکردنی یاسایەکان و حوکمەکان

لە بەندی سەدوو دوازدە دەست پێدەکات و لە بەندی سەدوو شازدە کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

### دەروازەی نۆیەم: گۆڕینی بڕیارەکانی ئەم یاسایە (دەستوور)

لە بەندی سەدوو هەڤدە دەست پێدەکات و لە بەندی سەدوو هەژدە کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

دەروازەی دەیەم: بەندە گشتیەکان

لە بەندی سەدوو نۆزدە دەست پێدەکات و لەبەندی سەدوو بیست و دوو کۆتایی دێت. (پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە).

لە ڕۆژی 21ی ئاداری ساڵی 1925 دەکاتە ڕۆژی 25 ی شەعبانی ساڵی 1342 لە بەغدا نووسراوە.

وەزیری دارایی — وەزیری پەروەردە — وەزیری ناوخۆ

ساسون عبدالحسين — عبدالحسين — ياسين الهاشمي

سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری

وەزیری کاروباری هاتووچۆ — وەزیری داد بە وەکالەت — وەزیری ئەوقاف

مزاحم الامين پاچەچی — ابراهيم الحيدري

**باسی شەشەم:**

نهێنی — بارەگای مەندووبی سامی[16]

بەغدا

23ی نیسانی 1933

بەڕێز لۆرد

ئاگادارتان دەکەم، لەو کاتەی گەیشتوومەتە عێراق، تاوتوویی ئەو گلەییە بەردەوامانـەی کورد دەکەم کە دەڵێن: ئەو بەڵێنانەی لە بارەی چەند ئیمتیازێکی دیاریکراوەوە پێیـان دراوە، باش جێبەجێ نەکراون.

2- شا فەیسەل سەرەتای ئەم ساڵ پێی وتم حەز دەکات باسێکی کێشەی کورد بکەین. وا ڕێـك کـەوتین، دوای ئـەوەی کـە دەرفـەتم دەبـێ بـە ڕاسـتییەکان و ڕای شـارەزایان ئاشنابم، پێکەوە باسی ئەو کارانە بکەین کە حکوومەتی عێراق دەبێ بۆ ڕازیکردنی کورد بیانکات.

سـێر کیناهـان کۆرنـواڵیس، ڕاوێـژکاری وەزارەتـی نـاوخۆ، هـەر زوو بـە دوای مـن لـە پەیمانەکانی دراو بە کورد و ڕادەی جێبەجێکردنیانی بە وردی کۆڵیوتەوە، گفتوگۆی تێر و تەسەلی لە بارەی ناڕەزاییـەکانی کـوردەوە لـە گـەڵ پشـکنیارە کارگێریـەکانی ناوچـە کوردیەکان و پشکنیاری گشتی بریتانیا بۆ پەروەردە و خوێندن کردەوە.

سەرەنجام سەرنجێکی گشتگیری گرفتەکەی داوە و ڕاسپاردەی باشیشی خسـتووتە بـەر دەستی حکوومەتی عێراق.

3- وێنەیەکی ئینگلیزی تێبینیەکانی سێر کیناهان کۆرنـوالیس، بـۆ زانیـاری بـەڕێزتان، هاوپێچ دەکەم بۆ وەزیـری نـاوخۆیی نـاردووە و هۆیـەکانی نیگـەرانی کـورد و چۆنیەتی ڕەواندنەوەیشی زۆر بە ڕوونی خستووتە ڕوو.

من سیر کیناهانم ئاگادار کردووە کە پشتیوانی پێشنیارەکانی دەکەم، هەوڵدەدەم شای عێراق و سەرۆکی حکوومەت پشـگیری هەوڵـەکانی بکـەن بـۆ ئـەوەی حکوومـەتی عێـراق ڕازی بکەن کار بۆ ڕاسپاردەکان بکات.

4- یەکەم بەرهەمی تێبینیەکان بەلاغێکی 9ی نیسانی حکوومەتی نوری پاشایە کـە لـە چاپەمەنیەکانەوە بڵاوکراوەتەوە و وێنەیەکم کردووتە هاوپێچی دووەمی ئەم نووسـراوە. ڕەزامەندیی کوردانیش لە ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە لەو بڕووسکانەوە دەردەکەوێ کە لە چەند پارچەیەکی کوردستانەوە بە بە سەرۆك وەزیر و من گەیشتوون.

ئێف. ئێچ. هەمفریز

مەندووبی سامی لە عێراق

ئەم دواییە، لە گەڵ پشنكنیارەكانی لیواكانی باكوور، بە فەرمانی خاوەنشكۆ شای عێراق، تاوتۆیی بارودۆخی كوردمان كرد. هەروەها لە دروستی ئەو قسانەی هەندێ كوردم كۆڵییەوە كە گوایە ئەو پەیمانانەی وا پێیان دراوە، جێبەجێ نەكراون.

2. گفتەكان:

(1) بەلاغێكی 6ی مایسی ساڵی 1921 ی سێر كوكس، كە ڕاوێژكارانی بریتانیا لە موسڵ و كەركوك و سلێمانی بڵاویان كردووەتەوە:

(( مەندووبی سامی چاودێری ئەو هەنگاوە ئیداریانە دەكات كە بۆ ئایندەی ناوچە كوردیەكانی عێراق دەنرێن. ئەو بۆی دەركەوتووە: ترسی ئەوە لە ئارادایە كە بەرژەوەندیەكانی كورد، بە هۆی بەستنەوەیانەوە بە حكوومەتی نیشتمانی دامەزراو لە بەغدا، توشی زیان بن، بۆیە داوای ناوچەیەكی ئۆتۆنۆمی دەكەن.

سەركردەكانی ڕای كورد، هاوكات تەواو ئاگاداری ئەو پەیوەندییە ئابووری و پیشەسازییەی نێوان ناوچەكانیان و عێراق و هەموو ئەو ئاكامە خراپانەیشن كە پێدەچێ لە جیابوونەوەیان بكەونەوە. بەڕێزی لەم هەڵومەرجەدا خوازیارە، ئەگەر بگۆنجێ، لە خواستی ڕاستەقینەی كورد ئاگادار بێ. خۆ ئەگەر بیانەوێ لە سایەی حكوومەتی عێراقدا بمێننەوە، ئەوا ئەم چارەسەرەی لای خوارەوە دەخاتە پێش چاوی ئەنجوومەنی وڵات.

یەكەم:

سەبارەت بە ناوچە كوردیەكانی ویلایەتی موسڵ كە دەكەونە سنووری ماندای بەریتانیا، لیوایەك لە زاخۆ و ئاكرێ و دهوك و ئامێدی پێكبهێنرێت ناوەندەكەی لە دهۆك

بێ وموتەسەڕیفی یاریدەدەری بریتانی بەڕێوەی ببات. قایمقامەکان سەرەتا بریتانی بن دواتر هەر کە کەسی شایستە دەست دەکەوت، کورد یان عەرەبی کوردیزان و پەسەند لای کوردەکان، جێیان بگرنەوە. ئەم لیوایە نوێنەرێکی خۆی بۆ ئەنجوومەنی دامەزراندن بنێرێت.

دارایی و دەسەڵاتی دادوەری لە دەستی حکوومەتی نیشتیمانیدا بن. بەڵام بۆ مەسەلەی ئیدارەی گشتی، قایمقامەکان موتەسەڕیفەکان دەستنیشان دەکەن و بەڕێز مەندووبی سامی کارمەندی پۆستە ئیداریەکان، بە ڕاوێژ لە گەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکاندا دامەزرێنێ.

دووەم:

مەندووبی سامی هەوڵ بدات چەند ئەفسەرێکی بریتانی لە ئیدارەی هەولێر و کۆیە و ڕەواندز دابنێت. کارمەندی حکوومی بە خواستی خەڵك دابنرێ و هەرکە دەرفەت ڕەخسا، زانیاری زیاتر لەم بارەویەوە بدرێت.

سێیەم:

سلێمانی موتەسەرییفیەتێك بێت، موتەسەڕیفێك لە ئەنجوومەن بەڕێوەی ببات. مەندووبی سامی ئەم موتەسەڕیفە دانێ و ڕاوێژکارێکی بریتانیشی هەبێ. ئەگەر موتەسەڕیف دانەنرا ئەفسەریکی سیاسی بریتانی ئەم دەسەڵاتە وەربگرێت.

موتەسەڕیف دەکرێ چەند دەسەلات و مافێکی هەبێ، لەوانە: نارەزایی پێشکەشی مەندووبی سامی بکات و ڕاوێژ لە گەڵ مەندووبی سامی و موتەسەڕیف لە لایەك و ئەنجوومەنی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە بکات بۆ پەسەندکردنیان.

قایمقامەکان سەرەتا بریتانی بن دواتر کوردی شیاو جێیان بگرنەوە.

سەرنج: موسڵ و هەولێر ئەم مەرجانەیان پەسەند کرد کەچی سلێمانی دانیە دواوە.

(2) ڕاگەیاندنی 24 ی کانوونی یەکەمی 1922:

(( حکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانی و حکوومەتی عێراق دانیان ناوە بە مافی ئەو کوردانە کە لە سنووری عێراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە ناوچەکانیاندا. هەروەها دەخوازن زوو لە ناوخۆیاندا لە سەر شێوەی ئەو ئیدارەیە و سنوورەکانی ڕێك کەون، شاندی بەرپرس بنێرنە بەغدا بۆ گفتوگۆی پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکانیان لە گەڵ حکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانی و حکوومەتی عێراقدا)).

(3) بڕیاری ڕۆژی 11ی ئەیلولی 1923 ی ئەنجوومەنی وەزیران:

1- حکوومەتی عێراق نیازی نییە هیچ کارمەندێکی عەرەب جگە لە فەرمانبەری تەکنیکی لە ناوچە کوردیەکاندا دامەزرێنی.

2- هەروەها نایەوێ دانیشتووانی کورد ناچار بکات نووسراوە ڕەسمیەکانیان بە عەرەبی بنووسن.

3- مافی دانیشتووان و دەستە و تاقمە دینی و کۆمەلایەتیەکانی ئەو هەرێمانە باش دەپارێزرێن.

(4) بروسکەی سەرۆك وەزیر بۆ موتەسەڕیفی کەرکوك:

(أ) تکایە ئەنجوومەنی ئیداری ئاگادار بکەن کە پێشنیارەکانیان پەسەندکراون. حکوومەت ڕازییە تەنیا خەڵکی شوێنەکان خۆیان پۆستەکان پڕبکەنەوە، زمانی خۆجێیش زمانی ڕەسمی بێت.

(ب) هەروەها دەتوانن ئەنجوومەنی ئیداری دڵنیا بکەن کە ئەم مەرجانە بە ڕەسمی جێبەجێ دەکرێن.

(5) گوتەی 2ی کانوونی دووەمی 1926 ی سەرۆك وەزیر:

(( ... دەبێ مافی کوردەکان بدەین کارمەندەکانیان لە خۆیان بن، زمانیان زمانی ڕەسمیان بێت، منداڵانیان لە قوتابخانەکانیاندا فێری زمانی خۆیان بن. ئەرکی سەر شانمانە مافەکانیان بدەینێ)).

هەروەها ڕاسپاردەی خۆلاوی سەرۆك وەزیر بۆ گشت وەزیرەکان:

(( بەڕێزتان بێگومان گوتەکەی خانەی نوێنەرانی سەرۆك وەزیرتان دیوە کە ڕۆژی دواتر لە چاپەمەنیەکاندا بڵاوکراوەتەوە. گوتەکە ئەو سیاسەتە لە خۆ دەگرێت کە حکوومەت لە ناوچە کوردنشێنەکاندا پێڕەوی کردووە و دەیکات، واتە: فەرمانبەران پێویستە کورد بن و کوردی زمانی ڕەسمی بێ. بۆیە بەڕێزی ڕایسپاردووم داوا لە بەڕێزتان بکەم، هەوڵ بدەن ئەو سیاسەتە بگرنە بەر و پابەندی هەموو شتێکی تایبەت بە دامەزراندنی ناوچەکە بن.

(6) مەرجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان:

(( دەبێ خواستەکانی کورد بۆ دامەزراندنی فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان، دابەشکردنی دەسەڵاتی قەزایی، خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکاندا، بە ڕەسمیکردنی زمانی کوردی لە گشت دام و دەزگاکانی ناوچەکەیاندا، لە بەر چاو بگیرێن)).

3. بە ڕای من گفتەکانی ژمارە 3 و 5 و 6 بایەخیان زیاترە و ئاماژە دەدەنە:

أ- فەرمانبەران.

ب- زمان.

ج- دابەشکردنی دەسەڵاتی قەزایی.

د- خوێندن.

بەڵێنەکەی سەبارەت بە ئەنجوومەنی ئیداریی کەرکوك شیاو نییە، چونکە زۆرینەی دانیشتووانی بەشی هەرە زۆری ناوچەکان کوردن و قەزا کوردیەکانی (چەمچەمال) و

(گل)یشی لە لیوای سلێمانییەوە، دوای پەیمانەکە، گوێزرانەوە. دیارە ئەمەش لە گەڵ ئەم گفتانەدا یەك ناگرێتەوە کە بە کوردەکان دراون.

پێشنیار دەکەم چوار بەڵێنەکە یەك لە دوای یەك کاریان بۆ بکرێ، بەڵام حەز دەکەم سەرەتای بڵێم: بە بۆچوونی من، گیانی کارکردنی ئایندەی حکوومەتی عیراق لە گەڵ کورد دا، زۆر لە جێبەجێکردنی کتومتی هەر پەیمانێك بە بایەخترە.

کورد، ڕاست بێ یا هەڵە، وا هەست دەکات مافی خۆی پێ نادرێ، بۆیە ئەرکی هەرە گرنگی هەنووکەیی حکوومەتە ئەو گومانانە بڕەوێنیتەوە و تۆی بڕوا و متمانە بچێنێ.

هەر گلەییە بچوکەکانن لە مێشکی خەڵکدا گەورە دەبن و کۆ دەبنەوە و دەبنە ناڕەزایی. جا بۆیە حکوومەت دەبێ لێبوردە بێ و ئەم نیگەرانیانە بڕەوێنێتەوە.

فەرمانبەران:

5. ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی فەرمانبەران دەخاتە ڕوو:

ك: کورد  ت: تورکمان  ع: عەرەب  گ: گاور  ج:جوولەکە

| شار | ك | ت | ع | گ و ج | | ك | ت | ع | گ و ج | | ك | ت | ع | گ و ج (سەرجەم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 2: | 9 | 2 | 3 | | :1 | 25 | 22 | 23 | | 21: | 33 | 23 | 25 |
| هەلێر | 29 | 6 | 5 | 2 | | :6 | 34 | 45 | – | | 224 | 3: | 49 | 2 |
| کەرکوک | 27 | 22 | 29 | 3 | | 3: | 218 | 51 | 7 | | 56 | 229 | 69 | 9 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مووسل- قەزا کوردیەکان | 22 | 4 | 25 | 5 | | 57 | 9 | 54 | 46 | | 68 | 22 | 68 | 4: |

6. دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر کارمەندی غەیرە کورد، بە ڕاستی شکاندنێکی ئاشکرای بەڵێنەکانە. بۆ نموونە، (99٪)ی دانیشتووانی سلێمانی کوردن، کەچی زیاتر لە (33٪)ی فەرمانبەران، کورد نین. خۆ ژمارەی ناوچەکانی تریش خۆیان دەدوێن.

فەرمانبەرانی کورد، وەك دەبینرێن (324)، عەرەب(165)، تورکمان(183) و گاور و جوولەکە (62)ن، واتە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کورد نین (93) یان لە کوردەکان زیاترە.

ئەمە، بە ئاشکرا، نموونەیەکی ئەو جێیانەیە کە ڕێنمایەکانی حکوومەتیان تێدا پشتگوێ خراوە، چونکە کەسێکی بەرپرس نەبووە بە شوێن جێبەجێکردنی گفتەکان بچێ. دیارە ئەم پشتگوێ خستنەیەش هەلّی ڕەخنە بۆ هەموو ئەوانە دەرەخسێنی کە دەیانەوێ مەسەلەکە بە تۆندی لێك بدەنەوە. من پێم باشترە بایەخ بدرێتە گیان (روحییەت)ەکەو مەسەلەکە زۆر قول نەکرێتەوە، چونکە زۆرینەی ئەوانەی وا کورد نین، کەرکوکین و لە لیوای کەرکوکدا خزمەت دەکەن، یان دانیشتووانی دێرینی شارن و کار دەکەن و لە کوردەکان جیانابنەوە. هەندێ بەشی وەکو تاپۆ و گۆمرك و کشتۆکال هەولێکی وەهایان نەداوە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بوویە نیگەرانی کورد، زیاتر لە مەڕ پۆستە تەکنیکیەکان، بێ هۆ نییە. وا دەردەکەوێ تا ئێستا کارێکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری کێشەکە نەکرابوو.

کوردەکان هەوڵ دەدەن بەڵێنەکان خۆ پەرستانە، بە خۆیانەوە ببەستنەوە.

خۆ عەرەبەکانیش هەر هەنگاوێك ڕەت دەکەنەوە کە وا بکات لیوا کوردیەکان بۆ کوردەکان خۆیان بن، ئەگەر چی بەو شێوەیەش نەبێ کە لە خشتەکاندا دیارە، کەچی

ڕێیان لێ ناگیری له بەشەکانی تری وڵاتدا خزمەت بکەن. وا باشتره زانینی زمان ببێته پێوەر، بوار بدرێته ئەو عەرەبانەی که به کوردی قسه دەکەن بۆ لیوا کوردیەکان، ئەو کوردانەی وا به عەرەبی دەدوێن له لیواکانی تر کار بکەن، هەتا کورد له سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بەگومان بێ، دیاره ئەم کارەش ناکرێ. بەڵام ئەگەر ئەو یاسای زمانەی که له پەڕەی "2" دا باس کراوه، دەربچێ و دەریبخات که پەله ناکرێ و دامەزراندنەکان به وریایی دەبن، دەشێ جێبەجێ بکرێ.

7. دامەزراندنی فەرمانبەری شیاو مەسەلەیەکی یەکجار گرنگه.

کوردەکانی لیوای هەولێر پێدەچێ، له وانی دی زیاتر بێزار کرابن. ببوورن که ئەمه دەڵێم، بەلام گەیشتوومەته ئەو ئەنجامەی که هۆیەکە: سیاسەتی پیادەکراوی موتەسەریف (ناجی بەگ)ه هەر هەر چەنده فەرمانبەرێکی به توانایه، بەڵام تورکمانه و له گەڵ کورد دا باش نییه. هەروەها بووەته نموونەیەکی خراپ له ناو کارمەندەکانی تردا و هەستێکی زیانبەخشی دژ به کورد له ئیدارەکەیدا به دی دەکرێ. ناوبراو، له ماوەی ئاسایی زیاتر خزمەتی له لیوای هەولێر کردووه، به ڕای من باشتره هەرچی زووه، له ناوچه کوردیەکان بگوێزرێتەوه و کوردێکی جێ متمانەی حکوومەت و هاوشاریەکانی شوێنی بگرێتەوه.

8. کەموکوڕیەکی تر پێویسته چارەسەر بکرێ، ئەو هێزه پۆلیسه که ئەفسەر و پشکنیاری کوردی کەم تێدایه. سەرەنجام فەرمانبەری عەرەب دانراون کوردی نازانن و وەرگێڕیان هەیه هەڵەیەکی دیار و بەرچاوه، بۆیه پێویسته کار ئاسانییان بۆ بکرێ بۆ ئەوەی کورد و ئەو عارەبانه ڕابێنن که کوردی دەزانن، تا ببنه پشکنیار و ئەفسەر.

9. به بڕوای من ئەگەر کۆردێك له پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتی له وەزارەتی ناوخۆ دابمەزرێ. نەك هەر بۆ وەزارەت باشه، بەڵکو کوردەکانیش سوپاس گوزار دەبن. ئەم کارمەنده دەبێ به پلەی یەکەم له بەر ڕۆشنایی فەرمانەکانی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕیدا، ئەرکی نامه گۆڕینەوەی لیوا کوردیەکان له ئەستۆ بگرێ. کارەکه خەرجیەکی

زیادەی دەویٚ، بەڵام دڵنیام کوردەکان ڕازی دەکات، چونکە کەسێکی زۆر شارەزای لیوا کوردیەکان لە وەزارەتدا دەبیٚ.

13. کوردەکان هەست دەکەن لە ناو فەرمانبەرە باڵاکانی پایتەختدا نوێنەرایەتیان تەواو ناکریٚ. ئەم هەستە بێگومان، لە جێی تریش بە دی دەکریٚ، بەڵام من پێم وایە دەبیٚ ژمارە و بایەخی سیاسی کوردەکان لە بەر چاو بگیریٚ و بەوە ڕازی بکرێن کە خەڵکی شیاوی کورد لە شوێنە بەتاڵەکاندا دابنریٚ.

<u>زمان و دابەشەکردنی دەسەڵاتی قەزایی:</u>

11. زمان یەکێکە لەو مەسەلانەی کە کورد یەکجار لێی ناڕازییە. گفتەکان ڕوون و ئاشکران و پێویستە هەرچی زووترە، یاسایەك دەربچیٚ و کوردی لە لیواکانی سلێمانی و هەولێر و قەزا کوردنشینەکانی لیوای موسڵدا بکاتە زمانی ڕەسمی و لە لیوای کەرکوکیشدا بیکاتە یەکێك لە زمانە ڕەسمیەکان ئینجا شارەزای زمان نەك ڕەچەلەك، ببێتە مەرجی دامەزراندن لە ناوچە کوردیەکاندا.

12. هەندیٚ بەش هێشتا کەم تەرخەمن و پەیمانەکانی تایبەت بە زمان جێبەجیٚ ناکەن. گرفتەکەیش لەوەدایە میکانیزمێکی تەواو لە بەر دەستدا نییە بۆ وەرگێڕانی یاساکانی دەوڵەت و زۆرێك لە ئیلتیزاماتەکانی وەکو دارایی ... هتد. یاسا بنەڕەتیەکانی وەك یاسای سزادانی بەغدا نەکراونە کوردی. زمانی ڕەسمی دادگاکانی هەولێر عەرەبییە و ئیجرائات و حوکمەکانیش هەر بە عەرەبی تۆمار دەکرێن. یاسا و ڕێسا و خوڵاو و نامەگۆڕینەوەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە زمانی عەرەبی بۆ لیوا کوردیەکان دەنێردرێن، بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری تەحریراتەکانی ئەو لیوایانە بیانکەنە کوردی. ئەمەیش خۆ دیارە کارێکی باش نییە، چونکە ستافی هەر چوار لیواکە یەك شت وەردەگێڕن، بەمەش وەرگێڕانەکان جیاواز دەبن. بەڵگەنامە یاساییەکان دەبیٚ بە وریایی و شارەزایی وەربگێڕن، بۆیە ستافێکی نەشیاو کە تەواو نوقمی کاری ئیداری بوویٚ ناتوانیٚ ئەو دۆکیومێنتانە، کە ڕەنگە هەندیٚ جار هەر نەشکرێنە کوردی، باش

وەربگێڕێ، سەرەنجام ئەو کارمەندانەی عەرەبی نازانن، ناتوانن ئیشەکانیان بە دروستی ڕاپەڕێنن و خەڵك لە مافە بنەڕەتیەکانی ئەو یاسایانەی وا بە زمانی خۆیـان نووسـراون و لە بەر ڕۆشناییاندا باجیان لێ وەردەگیرێ و بەرێوە دەبردێن، بێ بەش دەبن.

بە ڕای من، دەبێ نووسینگەیەکی وەرگێڕان، باشترە لەم وەزارەتەدا بـێ، دابمـەزرێ بـۆ کردنە کوردی یاساکان و بڵاوکردنەوەیان لەو چاپەمەنیە ڕەسمـی و بەڵگەنامـەکانی تـردا کـە وەزارەت بـە پێویسـتی دەزانـێ. هـەروەها پرۆسـە و حـوکمی دادگاکـان بـە کـوردی بنووسرێتەوە.

<u>خوێندن:</u>

13. گلییەکانی کورد لە سیاسەتی پەروەردەی حکوومەت گەلێ زۆرن، هەندێکیان ڕەوان و ئەوانی دیکە زیادەڕەوییان تێدایە، چونکە سەختە حکوومەتێکی کەم دەرامەت بتوانێ خێرا هەموو شتێ بکات. کوردی بووەتـە زمـانی نووسـین، بـەڵام مامۆسـتای لێهاتوویـان نییە، بۆیە مەسەلەکە ئاڵۆز بووە.

گرفتەکان بە بۆ چوونی من، دوانن:

یەکــەم: نــەوەکانی کــورد نــاتوانن بــاش بخــوێنن، چــونکە قۆناغــەکانی قوتابخانــە ناوەندیەکانی ئەمرۆی لیوای کوردیەکان ناتەواون.

دووەم: ناوچەی خوێندنی کوردی نادیارە، چونکە هـەولێر دەکەوێتـە دەڤـەری موسـڵ و فەرمانبەری پـەروەردەی ناوچـەی (بەغـدا) سـلێمانی و کـەرکوك بـەرێوەدەبات. چـەند گازاندەیەکم بیستووە کە گوایە بەرنامەی پەروەردەیە پیـادەکراوی هەنـدێ فەرمانبـەری خۆجێیی پێچەوانەی گفتەکانە. ئەمە ڕاست بێ یان نە، پێویستە هەرێمێکی پەروەردەیی لـە هـەولێر و کـەرکووك و سـلێمانی بـێ دواخسـتن و بـە چـاودیری کـوردێکی گونجـاو، دابمـەزرێ. هـەروەها بـە ڕای مـن، پێویسـتە خوێنـدنی قۆنـاغی ناوەنـدی لـە قوتابخانـە ناوەندیەکانی سلێمانی و هەولێردا تەواو بکرێ. کاتێکیش پارە دەبێ، قوتابخانـەی تـری سەرەتایی بکرێتەوە. ئەگـەر ناوچـەی خوێنـدنی کـوردی دابمـەزرێ، ئـەوا فەرمانبـەرانی

کورد بەرەو ڕووی ئەو ڕەخنانە دەبنەوە، کەم و کوری ئیداریش کە پێشتر هۆیەکەم بۆ بودجە گێرایەوە و وا لێك دراوەتەوە کە حکوومەت هەوڵ دەدات بەڵێنەکان پشت گوێ بخات، کەم دەبێتەوە.

14. وا هەست دەکەم، لە قوتابخانە کوردیەکاندا، بایەخێکی زۆر دەدرێتە مەسەلەی ئامرازی وانە وتنەوە. کوردان مافی خۆیانە زمانی وانەبێژانی سەرەتاییان کوردی بێ، بەڵام ئەگەر یاسای زمان دەربچێ و کورد قەناعەت بکات کە ئیتر هیچ هەوڵێك بۆ لە ناوبردنی گیانی نەتەوەیی نادرێ، هەر خۆی داوا دەکات هەندێ لە بابەتە قورسەکانی قۆناغە پێشکەوتووەکان بە زمانی عەرەبی بوترێنەوە. هەر کە تێکەڵی و گفتوگۆش دەستیان پێکرد، لیوا کوردیەکان دابڕاو نابن و لاوانی کورد دەرك دەکەن، بەبێ شارەزایی زمانی عەرەبی ناتوانن ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی نیشتیمانیدا بگێڕن. ئەم مەسەلەیە وردە وردە خۆی دەسەپێنێ، هەڵەشە کێشەی نەتەوەیی تێ بخزێنرێ.

15. من ئەم سەرنجانەی لای خوارەوەم هەن:

<u>فەرمانبەران:</u>

1- هەر کە یاسای زمان دەرچوو، شارەزایی زمانی کوردی، نەك نەتەوە و ڕەچەڵەك، ببێتە تاقیکردنەوە و دامەزراندن.

2- سەرجەم بەشە ئیداریەکان، هاوکات بایەخی زیاتر بدەنە دامەزراندی کارمەندی کورد.

3- موتەسەڕیفی هەولێر خێرا بگوێزرێتەوە و کوردێکی گونجاو لە جێی دابنرێ.

4- کارئاسانی بۆ پۆلیس بکرێ بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر پشکنیار و ئەفسەری کوردی زان ڕابێنێ.

5- کوردێك لە پۆستی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی کارگێریدا لە وەزارەت دابمەزێنرێ.

6- بیر لە دامەزراندنی کوردی شیاو لە هەندێ پۆستی بەرزی بەغدا دا بکرێتەوە.

زمان و دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەری:

7- یاسایەك دەربکرێ، کوردی بکاتە زمانی ڕەسمی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر و قەزا کوردیەکانی موسڵ و یەکێك لە زمانە ڕەسمیەکانی کەرکووك.

8- نووسینگەی وەرگێڕان لە بەغدا بکرێتەوە.

9- پڕۆسە و حوکمەکانی دادگا بە کوردی بنووسرێن.

خوێندن:

13- لیواکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك بکرێنە یەك ناوچەی پەروەردە و خوێندن و لە ژێر ڕکێفی کوردێکی شیاودا بێ.

11- قۆناغەکانی قوتابخانە ناوەندیەکانی سلێمانی و هەولێر تەواو بکرێن. هەرکە پارە هەبوو، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان زیاد بکرێ.

هی تر:

12- هەستی کوردەکان لە بەرچاو بگیرێ و هێمایەکی کورد بۆ ئاڵای عێراق زیاد بکرێ.

16- وەکو بەڕێزتان دەبینن، داواکاری کوردە ناسیونالیستەکانم بۆ فراوانکردنی هەرێمی کوردی تا دیالە و کووت و هەر گۆڕانێکی تر کە دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی لیوا کوردیەکان لە شانشینی عیراق، لە سەرنجەکانمدا وەلا ناون. وا هەست ناکەم ئەم داخوازیانە قازانجی کوردان خۆیان و دەوڵەتی عێراقیشیان تێدا بێ. تێبینیەکانی من، ناسیونالیزمی کورد تێر ناکات، بەڵکو تەنیا داوایەکن بۆ فراوانکردنی دەڤەری خوێندن و پێکهێنانی لیوای دهۆك. دەکرێ دەروازەکە هەر وا واڵا بمێنێتەوە بۆ هەر فراوانکارییەکی لەو جۆرە، بەڵام دەبێ لە ڕووی هەر شتێکی دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق دابخرێ.

ئەوەی وا من داوای دەکەم، لە بەرچاوگرتنی گازندە ڕەواکانی کوردە. بیستوومە دەڵێن کورد کێشەی نییە، ئەمەش لە ڕاستیەوە دوورە. کورد نیگەران و بە گومانە، پرۆپاگەندەیەکی یەکجار زۆر و زیانبەخشیش لە بەغداوە بڵاوبووتەوە. ئەگەر بە دوای ئەم مەسەلەیەدا نەچین و شتێ نەکەن بۆ چارەسەری گومان و ناڕەزاییە ڕاستەقینەکان

و دروستکردنی متمانە، دڵنیام گێروگرفت دروست دەبن. ئەمە جگە لە وەی داواکانی کورد بە جۆرێك زیاد دەکەن کەوا حکوومەت ناچار دەبێ یان بە زەبری هێز بەرەنگاریان بێتەوە، یان قبووڵیان بکات. ئەمەش لە قازانجی سەقامگیری و ئارامی ئایندە دا نابێ.
حکوومەت هەڵەیەکی مەزن دەکات، ئەگەر بیەوێ تەنیا داخوازیەکان جێبەجێ بکات. ئەوان مەبەستیانە کورد بە گەلی عێراق بلکێنن. دیارە ئەمە لە ڕێی کارتێکردنی گیان و ناخیانەوە دێتە دی، نەك جێبەجێکردنی کتومتی بەڵێنەکان، ئەگەر چی ئەمەی دوایشی هەر گرنگە. بە بۆچوونی من، ئەگەر حکوومەت بە مێشکی فراوان و میهرەبانی مامەڵە لە تەك کێشەکەدا بکات دەکرێ لە ماوەی دوو ساڵی ئایندەدا بنەمای پێکهاتەیەکی هەمیشەیی دابنرێ.
گرفتەکە یەکجار گرنگە و حکوومەت پێویستە پشت گوێی نەخات. هیوادارم بەڕێزتان زوو بیخەنە بەر دەستی کابینەکە.

ڕاوێژکار

**باسی حەوتەم:**

**لە 8/3/5 5:2 کابینەی وەزارەتی حکوومەتی ئەوسای عێراق. بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:[28]**

1- دامەزراندنی پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ لە قەزای زێبار و ڕەواندز و ئامێدی، لە ناحیەکانی مێرگەسۆر، شێروان مەزن، بارزان، دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەست پاك بۆ ئەو شوێنانە و کەلك وەرگرتن لە ئەفسەرانی سوپا وەکو بریکار و ئەفسەرانی پەیوەندی.

2- بنیادنانی کۆمەڵێك بنکەی پۆلیس لەو ناوچانەدا.
3- چاککردنی ڕێگاکان بۆ ئەوەی بنکەکان بە یەکەوە ببەستێتەوە.
4- دوورخستنەوەی دەست بەجێی مەلا مستەفا بارزانی لە بارزان و ناچارکردنی بۆ ئەوەی لە پیران نیشتەجێ ببێ.
5- شێخانی بارزان کە دوورخراونەتەوە، دەگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان و قبولکردنی هاتنی مەلا مستەفا بۆ بەغدا بۆ دەخالەت کردن، بە مەرجێك کات و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم کارە بۆ بیر و ڕای وەزیری ناوخۆ وەزیری بێ وەزارەت بە جێبهێلرێ.
6- گێرانەوەی ئەو چەك و کەرەستانەی حکوومەت کە مەلا مستەفا و گرووپەکەی دەستیان بە سەردا گرتووە، لەم بارەیەوە دەبێ دەست بەجێ دەست بە کاربن.
7- ڕازی بوون لە سەر دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی لەو بارزانیە یاخیبووانە، جگە لە کەسانی هێزە چەکدارەکانی حکوومەت و فەرمانبەران کە لە گەڵ ئەو یاخییانەدا بەشدارییان کردووە. بە مەرجێك بەرواری لێبووردنی ناوبراو بۆ هەڵسەنگاندنی حکوومەت بە جێ بهێلرێ.
8- هەستانی وەزارەتە تایبەتەکان بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە هەر یەکە و بە پێی پەیوەندی خۆی بە بڕیارەکانەوە.

**باسی هەشتەم:**

## دەستووری کاتی عێراق – 69 :2 (29)

لە بەر ئەوەی ئەم جولانەوەی نیشتمانی کە سوپای عێراق پێ هەڵسا بە هاوکاری و پشتگیری میللەت لە 14ی تەمموزی ساڵی 1958 مەبەستی سەروەری میللەت بوو، کارکردن بۆ ئەوەی سامانی لێ نەسەندرێت و مسۆگەرکردن و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان، لە بەر ئەوە ڕژێمی پێشوو لە وڵات ئەوەی کە لێ ڕزگارتان بوو دروستکرابوو

لە سەر بناغەی پرۆپوچی ڕامیاری، بە دەست پێکردنی چەند کەسێك دەستیان خستبووە سەر دەسەلات، حوکمرانی وڵاتیان دەکرد بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی زۆرینەی خەڵکی عێراق و دژی بەرژەوەندییەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و جێبەجێکردنی مەبەستەکانی، هەروەکو لە بەیانی یەکەم دا هاتووە بە ڕاگەیاندنی شۆڕش لە 14ی تەمووزی 1958 بزاڤی نیشتمانی ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و هێنانەوەی ڕژێمی کۆماری بە خووە گرتووە. لە بەر ئەوە ئێمە بەناوی میللەت نە هێشتنی یاسای ئەساسی (بنەمەکی) عێراقی و هەموو هەموارکردنەکانی لە 14ی تەمووز ساڵی 1958 ڕادەگەیەنین و ئارەزووکردن بە چەسپاندنی حوکمڕانی ئەرك و مافەکانی هەموو هاووڵاتیان لە سەر بنەمای دەستووری کاتی ڕادەگەیەنێین و لە قۆناغی گواستنەوە تا دەستوورێکی کاتی بەردەوام تەشریع دەکرێت ڕێکخستنی کاری پێدەکرێت.

دەروازەی یەکەم

کۆماری عێراق

بەندی یەکەم:

دەوڵەتی عێراق کۆمارییە و سەربەخۆیە و خاوەن سەروەری تەواوە.

بەندی دووەم:

عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

بەندی سێیەم:

قەوارەی عێراق لە سەر بناغەی هاوڕازیکردن لە نێوان هەموو هاووڵاتیان پێکدێت، ڕێزلێنانی مافەکانیان و پاڕاستنی ئازادی و سەربەستییان، عەرەب و کورد وەها ئیعتبار دەکرێن کە هاوبەشن لەو نیشتمانە و دەستوور دان بە مافە نەتەوایەتییەکانیان دەنێت لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقدا.

بەندی چوارەم:

ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە.

بەندی پێنجەم:

بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە.

بەندی شەشەم:

ئاڵاو سمبولەکانی کۆماری عێراق و خالە پەیوەندییەکانی تایبەت، بە یاسا دادەنرێن.

بەندی حەوتەم:

میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە.

بەندی هەشتەم:

ڕەگەزنامەی عێراقی، یاسا دیاری دەکات.

بەندی نۆیەم:

هاووڵاتیان بەرامبەر بە یاسا لە مافەکان و ئەرکەکانی گشتی یەکسانن، نابێ جیاوازی بکرێت لە نێوان هاووڵاتیان بە هۆی ڕەگەز یاخۆد ئەسل یان زمان یان ئاین یاخود بیروبۆچوون و بڕوا.

بەندی دەیەم:

ئــازادی بــیر و ڕا و بۆچــوون و چــۆنیەتی بــە دیارخســتنی پــارێزراوان بــە پێــی یاســا ڕێکدەخرێن.

بەندی یازدەم:

سەربەستی تـاك و ڕێـزی شـوین دانیشـتن پـارێزراون، بـە هـیچ شـێوەیەك نابێـت پێشـل بکرێن. تەنیا ئەگەر بەرژەوەندی لە ئاستی گشتی، پێویست بکات.

بەندی دوازدەم:

سەربەستی و ئازادی ئاینەکان پارێزراون، دەبێ ڕێز لە داب و نەریتی ئـاینی بگیرێـت بـە مەرجێك سەرپێچی سیستەمی گشتی نەکات و پێچەوانەی ئادابی گشتی نەبێت.

بەندی سێزدەم:

موڵکیەتی تایبــەتی پــارێزراوە و یاســا ڕێکــدەخات چۆنیەتی کارەکـانی خـۆی جێبــەجێ دەکات و نابێ حوکمی هیچ کەسێك لێ بسێندرێت تەنیا بۆ سوودی گشتی بێـت بەرامبــەر بە قەرەبووێکی عادیلانە و بە پێی یاساکان.

بەندی چواردەم:

أ‌- موڵکیەتی چاندن بە پێی یاسا دیاریدەکرێت و ڕێکدەخرێت.

ب- مافەکانی موڵکیەتی چـاندن پـارێزراو بـە پێـی یاسـایەکانی کـارپێکراو دەمێنێتــەوە هەتا یاسایەکانی تر دەردەچن و هەنگاوەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دەهاوێژرێن.

بەندی پازدەم:

نابێ هیچ باجێك یاخۆد پارە وەرگرتنێك وەكو ڕەسم یاخۆد هەمواركردنیان یاخۆد هەڵوەشاندنیان بسەپێندرێت بە پێی یاسا، هەموو ئەو كارانەی سەرەوە دەبێ بە یاسا بن.

بەندی شازدەم:

بەرگری نیشتمانی ئەركێكی پیرۆزە و خزمەتكردن لە سوپا شەرەفێكە بۆ هەموو هاووڵاتیان ڕێكدەخرێن بە پێی یاسا.

بەندی حەڤدەم:

هیزە چەكدارەكانی كۆماری عێراق سەر و سامانی میللەتە و ئەركەكەشی پاراستنی سەروەری وڵات و ساغ و سەلامەتی خاكەكەیەتی.

بەندی هەژدەم:

تەنیا دەوڵەت بۆی هەیە سوپای چەكدار دروست بكات و بۆ هیچ دەستەیەك یاخود گرووپێك نییە سوپا یاخۆد ڕێكخراوەكانی سەربازی یاخۆد بەچەشنی سەربازی دروست بكات.

بەندی نۆزدەم:

نابێ پەنابەری سیاسی بدرێت.

### دەروازەی دووەم

### چونیەتی حوكمڕانی

بەندی بیستەم:

سەرۆكایەتی كۆمار ئەنجوومەنێك بەرێوە دەبات بە ناوی ئەنجوومەنی سەروەرین (سیادە) لە سەرۆك و دوو ئەندام پێكدێت.

بەندی بیست و یەکەم:

ئەنجوومـەنی وەزیـران بـەکاری دەسـەڵاتی تەشـریعی (پەرلـەمان) بـە پەسـەندکردنی ئەنجوومەنی سەروەرین هەڵدەستێت.

بەندی بیست و دوو:

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەر یەك لە وەزیرەکان هەڵدەستن بە کـاری دەسـەڵاتی جێبەجێکردن.

بەندی بیست و سێ:

دادوەرەکان سەربەستن و هیچ دەسەڵاتێك بە سـەریانەوە نییـە، تـەنیا دەسـەڵاتی یاسـا نـەبێت، نابێـت بـە هـیچ شـێوەیەك دەسـت تێـوەردان بکرێـت لـە کاروبـاری قـەزا و دادپەروەری، یاسا کاروباری قەزا ڕێکدەخات.

بەندی بیست و چوار:

دانیشتنی دادگایەکان بە ئاشکرا دەبێت، تەنیا ئەگەر دادگا بڕیار بدات بە نهێنی بێت بـە ڕەچاوکردنی سیستمی گشتی و داب و نەریت و ئاداب.

بەندی بیست و پێنج:

بڕیارەکانی سزادان و جێبەجێکردنیان بە ناوی میللەت دەردەچن.

بەندی بیست و شەش:

هەموو یاسایەکان بڵاودەکرێنـەوە لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی، لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی کـاری پێدەکرێت تەنیا ئەگەر دەقێك هەبێت بە پێچەوانەوە، ئەگەر نەنووسرابێت لـە یاسـایەکە ڕۆژی جێبەجێکردنی لەم حاڵەتە پاش (13) ڕۆژ تێپەربوون لە بڵاوکردنـەوەی لـە ڕۆژی دواتر جێبەجێدەکرێت.

## دەروازەی سێیەم

## بڕیارەکانی (احکام) گواستنەوە

**بەندی بیست و حەوتەم:**

بڕیارەکان و فەرمانەکان و ڕاگەیاندنەکان و مەرسومەکانی لە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان یاخود سەرۆك وەزیران یاخۆد ئەنجوومەنی سیادە لە ماوەی نێوان 14ی تەمووز تا ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە کاتییە دەردەچن، هێزی یاساییان هەیە و هەموار دەکرێن، ئەگەر هەندێکیان دژ بن لە گەڵ دەقەکانی یاسایەکان لە پێش دەرچوونیان.

**بەندی بیست و هەشتەم:**

هەموو ئەو یاسایانەی جێبەجێدەکرێن لە پێش 14ی تەمووزی 1958 بەردەوام دەبن لە پەیرەوکردنیان و دەشێ هەندێك لەم یاسایانە هەڵبوەشێنرێتەوە یاخۆد هەموار بکرێن هەروەکو لەم دەستوورەدا دیاریکراوە.

**بەندی بیست نۆیەم:**

ئەم دەستوورە کاتییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی پەیرەو دەکرێت.

**بەندی سییەم:**

لە سەر وەزیرەکانی دەوڵەت پێویستە ئەم دەستوورە جێبەجێ بکەن لە 9ی محەرەمی ساڵی 1378 دەکاتە 1958/7/27 ی زاینی لە بەغدا، نووسراوە.

**ئەنجوومەنی سیادە**

**خالد نەقشبەندی　　محەمەد نەجیب ئەلعروبی　　محەمەد مەهدی کبە**

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | سەرۆکی ئەنجوومەنی سیادە | ئەندام |

| | |
|---|---|
| عەقید ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف | زەعیم ڕوکن ناجی تالب |
| جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| زەعیم ڕوکن عەبدولکریم قاسم | سەرۆك وەزیران و وەکیل وەزیری بەرگری |
| محەمەد حەدید | وەزیری دارایی |
| د. محەمەد سالح مەحموود | وەزیری تەندروستی |
| د. عەبدولجەبار ئەلجومرد | وەزیری دەرەوە |
| مستەفا عەلی | وەزیری داد |
| د. جابر عومەر | وەزیری مەعاریف |
| بابا عەلی شێخ محمود | وەزیری هاتووچۆ |
| فۆاد رکاییی | وەزیری ئاوەدانکردنەوە |
| د. ئیبراهیم کبە | وەزیری ئابووری |
| محەمەد سدیق شنشل | وەزیری ڕاگەیاندن |
| هەدیب حاج حەموود | وەزیری کشتوکال |

**باسی نۆیەم:**

## ڕێککەوتننامەی 21ی شوباتی 75 :2

## دەقی بەیاننامەی حکوومەتی عێراق[2:]

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

له بەر بەرژەوەندی گشتی، بە پیرهاتنی کوردەکان بۆ بانگەوازی مەلا مستەفا بارزانی و حەزکردنمان بە گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ژووڕووی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان و دانانی سنووڕێك بۆ هەوڵەکانی ئیستعمار و کلکەکانی و ڕێگاگرتن لەو کەسانەی کە ڕاو لە ئاوی شێلو دەکەن، بۆ ئەوەی چیتر خوێنی بێ گوناهەکان نەڕژێت، بەرژەوەندی گشتی وا پێویست دەکات، ئەو بڕیارانەی خوارەوەمان دا:

1- داننان بە مافە نەتەوەییەکان بۆ برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی میللەتی عیراق و لە ناو یەکبوونی یەك نیشتمان، ئەم مافە لە ناو دەستووری کاتی تۆماربکرێت.

2- ئازادکردنی هەموو گیراوەکان، حوکمدراو و مەحجوزەکان بە هۆی ڕووداوەکانی ژووڕوو، لێبووردنی گشتی و لابردنی دەست بە سەرداگرتنی سەر و سامانی ئەو خەڵکانەی کە سەر و سامانیان پێشتر دەستی بە سەر دا گیرابوو.

3- گەڕانەوەی یەکەکانی بەڕێوەبردن بۆ ناوچەکانی ژووڕوو.

4- گێرانەوەی فەرمانبەرەکان و مووچە خۆرەکان بۆ سەر کارەکانیان.

5- هەڵگرتنی هەموو بەربەستێك لە سەر ڕێگای ناردنی هەموو جۆرە خواردەمەنییەك بۆ ناوچەکە.

6- دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی ژووڕوو، بە بێ دواکەوتن و پێکهێنانی لیژنەکانی جۆرا و جۆر بۆ لابردنی کوسپەکان و پابەندبوون بە ڕۆتین و قەرەبووکردنی زەرەرمەندەکان.

7- قەرەبووکردنی ئەو خەڵکانەی کە زەوییەکانیان ژێر ئاو کەوتووە بە هۆی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان، بە قەرەبووێکی عادیلانە.

8- هەموو ئەو کارانە جێبەجێ بکرێن بۆ گەڕانەوەی هێمنی و ئاسایش بۆ ناوچەی ژووڕوو، داوا لە برا کوردەکان دەکەین بگەڕێنەوە ژیانی ئاسایی، تا سوود وەرگرتن لە خێر و بێری ئەو وڵاتە و یەکخستنەوەی ڕێزەکانی نیشتمان بەرامبەر بە پیلانەکانی

ئیستعمار و کلکەکانی، با برا کوردەکانمان بزانن ئێمە کارێکی وا دەکەین بۆ زامنکردنی مافە ڕەواکانیان وەکو هەموو هاووڵاتییەك لە عێراق، خودا لە پشت مەبەستمانە.

9- پێویستە لە سەر هەموو وەزارەتەکانی پەیوەندیدار، فەرمان و ڕێنمایەکان دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەیە.

واژوو

عەبدولسەلام محەمەد عارف

سەرۆك کۆمار

**باسی دەیەم:**

## وەڵامی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی 21ی شوباتی 75 :2

ڕابەری نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی ئەم بەیانەی خوارەوەی دەرکرد، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ بەیانی سەرۆك کۆمار، ئەمەش دەقەکەیەتی:[23]

لە سەر ویستی بەڕێز سەرۆك کۆمار موشیر روکن عەبدولسەلام محەمەد عارف بۆ پاراستنی ڕێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی و بۆ ئەوەی زیاتر خوێنی بێ گوناح نەرژێت،

کۆتایی هێنان بە شەڕی ناو برایان و لە بەر ئیسپاتبوونی نیازپاکی حکوومەت بڕیارماندا بەڕاگرتنی شەڕ داوا دەکەم لە برایەکانم بە گەڕانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێی خۆیان و دەستکردن بە کارو کاسبی خۆیان، بەم کارە هەل دەرەخسێت بۆ حکوومەتی نیشتمانی بۆ هەنگاونان بەرەو ئاسایی کردنەوەی ژیانی هاوولاتیان و گەرانەوەی ئاسایش و هێمنی بۆ ناوچەکە، بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەل دەرەخسێت بۆ دان پێنان بە مافە نەتەوایەتییەکانی هاوولاتیانی کورد لە چوارچێوەی میللەتی عێراق لە پێکێشەکی نیشتمانی یەکبوو و پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب لە سەر بناغەیەکی پتەو کە دەیپارێزێت لە پیلانەکانی ئیستیعمارییەکان ئەوانەی ڕاو دەکەن لە ناو ئاوی شێلو و تەماحکاران، با هەموو لایەك بزانن کە سەروەری یاسا و ئاسایش لە ناوچەکە زامنن بۆ چارەسەرکردنی هەرکێشەیەك چەند قورس و زەحمەت بێت، خودا پشتیوانی دڵسۆزەکان بێت و هاوکاریان بێت بۆ سەرکەوتن لە ڕێگای خزمەتکردنی ویستەکانی گەل و نیشتمان لە یەکێتی و سەرکەوتن.

خوای گەورە لە پشت نیازمانە.

واژوو

مستەفا بارزانی

**باسی یازدەم:**

### بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966[21]

ئەم حکوومەتە و لە بەر حەزکردنی بە کۆتایی پێ هێنانی ئەو بارودۆخە ناسروشتیە لە هەندێك ناوچەی باکوور، هەروەك لە برگەی چواری نووسراوی ڕوولێنانی پێکهێنانی وەزارەتدا هاتووە، ئەو برگەیەی بانگەشە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتی خاکی عێراق و وەدیهێنانی یەکێتی عێراق و جەختکردن لەو یەکگرییەی لە نێوان عارەب و کوردا هەیە –ئەو یەکگرییەی بە سەریاندا دەسەپێنێ کە بە ڕاستگۆیی و خۆگریکار بۆ بەرژەوەندی

نیشتمانەکەیان بکەن- ئەم حکوومەتە ئەو بەرنامەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا بڕیاری بنەڕەتی خۆی جاڕ دەدات بۆ پابەندبوون بەو بەرنامەیە و پیادەکردنی بە دەق و ناوەڕۆکەوە بە نزیکترین کات کە لە توانادابێت:

1- حکوومەت بە دڵنیایی بێ پێچ و پەنا دان بە نەتەوایەتی کورد دا دەنێت لە دەستووری کاتی هەموارکراودا و ئامادەشە بۆ جەختکردن لە سەر ئەو دانپیانانە و ڕوونکردنەوەی لە دەستووری هەمیشەیدا، بە جۆرێك ببێتە نەتەوەی کورد و مافە نەتەوییەکانی کورد لە یەك نیشتمانی عێراقدا، دوو نەتەوەی سەرەکی دەگرێتە خۆ عارەب — کورد، عارەب و کوردیش لە ماف و ئەرکدا یەکسان دەبن.

2- حکوومەت ئامادەیە لە یاسای پارێزگەکان، لە سەر بنچینەی (لامرکزی) جاڕ دەدرێت، بوونی ڕاستەقینە بەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ببەخشێت، هەموو پارێزگا و قەزا و ناحیەیەك کەسیەتی بەشداری خۆیان هەیە و دانیان پیادەنرێت، هەر یەکەیەکی کارگێری لەوەش زێتر، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی خۆی دەبێت کە دەسەڵاتی بەرفراوانی لە بواری فێرکردن و تەندروستی و گەلێکی تر لە کاروباری ناوخۆیی و شارەوانیدا دەبێت، هەروەك یاسای ئامـاژە بۆ کراو بە دوور و درێژی لێی دەدوێ و یاساکەش دەسەڵاتی هێنانەکایەی هەموارکردن دەدات بەخۆی لە نێو چوارچێوەی یەکە کارگێریەکاندا، هەروەها دەسەڵاتی پێکهێنانی یەکەی کارگێری تازەی پێدەدرێت. ئەگەر بەرژەوەندی گشتی پێویستی بەوە کرد.

3- پێویست بەوە ناکات بڵێین، حکوومەت دان بە زمانی کوردیدا دەنێت وەك زمانێکی ڕەسمی شان بە شانی زمانی عارەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیان تێدا دادەنیشێ و خوێندنیش بە هەردوو زمان دەبێت بە پێی ئەو یاسایەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان دیاری دەکەن.

4- ئەم حکوومەتە نیازی وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو ماوەیەدا بکات کە دەستووری کاتی و بەیاننامەی وەزاری دیارییان کردووە و کوردیش بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی

لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا نوێنەری دەبێت بە پێی ئەو ڕێبازەی لە یاسای هەڵبژاردندا باسی لێوەکراوە.

5- ئاساییە کوردیش لە هەموو پلە و پایە گشتیەکاندا، بە پێی ژمارەی دانیشتووانیان بەشداریی برا عارەبەکانیان دەکەن، لەوانەش وەزارەتەکان و فەرمانگە گشتییەکان و پایەی قەزایی (دادوەری) و دیپلۆماسی و سەربازی لە گەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و لێوەشاوەیی.

6- ژمارەیەك منحەی خوێندن و قوتابی ناردنە دەرەوە، بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندیەتی لە بواری لێهاتوویی و کەسایەتی پێویست بۆ وڵات، دەدرێ بە کورد و زانکوی بەغداش بایەخێکی تایبەتی بە خوێندنی زمان و ئەدەب و نەریت و باوەڕ و مێژووی کورد دەدات، ئەگەر پارەی پێویست بۆ ئەم مە بەستە هەبوو.

7- فەرمانبەرەکانی حکوومەت لە پارێزگا و قەزا و ناحییە کوردیەکان کورد دەبن، هەر کاتێك ژمارەی پێویست بۆ ئەمە هەبوو، ئەو جۆرە فەرمانانە بە کەسی تر نادرێن، تەنیا مەگەر لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا بێت.

8- ژیانی پەرلەمان وا پێویست دەکات ڕێکخراوی سیاسی دیاریکراو هەبێت و ڕۆژنامەوانیش مافی ئەوەی هەیە خواست و ئارەزووی گەل دەرببڕێت و کوردیش بەشداری لەو مافەدا دەکەن لە چوارچێوەی سنووری یاسادا. ڕۆژنامەی سیاسی و ئەدەبی لە ناوچە کوردیەکاندا بە زمانی کوردی یان زمانی عارەبی دەبێت بە پێی داواکاری کەسانی پەیوەندیدار.

9-

أ- هەرکاتێك کاری توندوتیژی بوەستێت، ئەوا لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەوانە دەردەچێت کە لە باکووردا بەشدارییان لەو کارانەدا کردووە و پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە. هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی حوکم دراون لە بەر بەشداربوونیان لە توندوتیژیدا

یان پەیوەندیان پێیانەوە هەبووە و لە هەمان کاتیشدا هـەموو ئەوانـەی ئازادییـان کـۆت کراوە.

ب- هەموو بەرپرس و فەرمانبەرە کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانگەکانی پێشوویان و دامەزراندنیش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەچێت بەرێوە.

ج- حکوومەت هەرچییەکی لە توانایدا هەبێ بۆ گەڕاندنەوەی گشت کرێکـارە کوردەکـان بۆ سەر کارەکانیان دەیکات.

13- هـەموو هـەڵاتووەکانی هێـزە چـەکدارەکان لـە چوارچـێوەی ئـەو مەرجانـەی لـە خوارەوەدا نووسراون، دەسـت بـەجێ بـە دەرچـوونی ئـەم بەیاننامەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ یەکـەکانی خۆیـان، بـە مـەرجێك ئـەم کـارە لـە مـاوەی دوو مانگـدا جێبـەجێبکرێت و گەڕانەوەکانیش بە سۆزەوە مامەڵەیان لـە گەڵدا دەکـرێ و لێبـووردنێکی تایبـەتیات بـۆ دەردەچێت. مەرجەکانیش ئەمانەن:

أ) هەموو ئەوانەی لە سوپادا بوون، دەبێت بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە.

ب) هەمووئەوانەیش کە پۆلیس بوون، دەبێت بە خۆیان و چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ هێزی پۆلیس.

ج) هەموو ئەو مەدەنیانەی لە ماوەی توندوتیژیـدا چـەکیان هـەڵگرتووە بـە ڕێکخراوێکـی سەر بـە دەوڵـەت دادەنـرێن و حکوومـەت یارمـەتیان دەدات بـۆ دەسـتپێکردنەوەی کـارە ئاساییەکانیان  تا ئەمەش جێبەجێ دەبێـت. ئـەوا حکوومـەت لێیـان بـەرپرس دەبێـت و پێویستە لە سەر هەموو ئەوانەی دەست بـەکارە ئاسـاییەکانی خۆیـان دەکەنـەوە گشـت چەك و فیشەك و شتی تری لەم بابەتەیان بدەنەوە حکوومەت، بە پێی پلانێك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت.

د) هێزی سوارە (الفرسان) لە کاتی دابین بـوونی ئاشـتی دا دەگەڕێنـەوە مەڵبەنـدەکانی خۆیـان و چەکەکانیشـیان بـە پێـی پلانێـك کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئامـادە دەکرێـت لێ دەسەندرێتەوە.

11-پێویست بە گوتن ناکات کە ئەو پارە و پۆلەی بۆ لە ناوبردنی کاری توندوتیژی، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات خەرجدەکرێ، بۆ ئاوەدان کردنەوەی باکوور تەرخان دەکرێت و دەستەیەکی تایبەتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردیەکان پێك دەهێنرێت و پارەی پێویستیش بۆ ئەم دەستەیە تەرخان دەکرێت بۆ وەدیهینانی کار تەواو کردن لەو پارەی کە دانراوە، بۆ جێبەجێکردنی پلانی گەشەکاری بۆ وڵات.

وەزیرێکی تایبەتیش دادەنرێت بۆ چاودێری کردنی ناوچەگەلی هاوینەهەوارەکان و لێرەوار و توتن چاندن و لە هەمانکاتیش سەرپەرشتی کاروباری ئەم یەکە کارگێرییە دەکات کە کورد زۆرینەی دانیشتووانی پێك دەهێنێت و ئەو کاروبارانەش لە ناخی گیروگرفتی کوردەوەن، وەك ڕۆشنبیری و زمانی کوردی، حکوومەت ئەوەی لە توانای دابێ دەیکا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی کاری توندوتیژیەوە زیانیان لێکەوتووە تا بتوانن کارە ئاساییەکانی خۆیان لە سایەی ئاشتی و ئاسایش دا بکەن لە وەدیهێنانی خوشگوزەرانی و گەشەکردن. حکوومەت لە ڕووی نیشتمانی و مرۆڤایەتیەوە ژیانی هەتیو و بێوەژنەکان و هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی ئەو توندوتیژیکاریانەوە و لە بەشی باکووری نیشتیمان دووچاری پەککەوتەیی و کەم ئەندامیبوون دەگرێتە ئەستوو، لە هەمانکاتدا حکوومەت بە زوترین کات پەناگە و پەیمانگەی پیشەیی دەکاتەوە.

12- حکوومەت هەوڵدەدا بۆ نیشتەجێکردنەوەی هەموو ئەو کەس و کۆمەڵانەی ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە، یان لێیان هەترەکراون و دوورخراونەتەوە بۆ ڕەخساندنی بارودۆخێکی ئاسایی. خۆ ئەگەر حکوومەت بینی لە دوا ڕۆژدا وا پێویست دەکات بە کڕین دەست بەسەر هەندێ کەل و پەلدا بگیرێت دەبێ ئەم کارە بە قەرەبوکردنەوەیەکی خێرا و عادیلانە بێت.

**باسی دوازدەم:**

**لەم باسەدا بەشێك لە پاشبەندەکانی یاداشتنامەی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری میللەتی کورد مەلا مستەفا بارزانی نەمر خراوتە ڕوو لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی 2:7: بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکراوەتەوە.**[33]

(1-1)

بەڵێندانی سوێندخۆران بۆ سەربەخۆیی هەروەك لە فەسلی سێیەمی پەیمانی سیڤەر لە ساڵی 1923 بەستراوە. هاتووە

ماددەی شەست و دوو:

لیژنەیەك کە بارەگاکەی لە ئەستەنبوڵە، لە ئەندامی نوێنەرانی هەر یەك لە حکومەتی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا پێکدێت، لە ماوەی شەش مانگدا لە ئیعتیباری دەسپێکردنی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە پڕۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دادەنێت کە زۆرینەی کورد تێدا نیشتەجێن، ئەوانیش ئەو ناوچەنانەن کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی فورات و باشووری سنووری ئەرمێنیای باشوور لەمەو دوا دەچەسپێنرێت، باکووری سنووری تورکیا لە گەڵ سوریا و نێوان دوو زێ.

هەروەها لە بڕگەی دووەم و سێیەم، فەسلی دووەم, ماددەی 27 دا دیاری دەکرێت، ئەگەر ڕێککەوتن لە نێوان ئەندامانی لیژنەکە لە سەر هەر خالێك لە خاڵەکان وەدی نەهات، ئەوا ئەندامەکەی هەریەکە و ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ حکوومەتەکەی خۆی بۆ ڕاوێژکردن. پڕۆژەی ناوبراو دەبێت ئامادەکاری تەواوی تێدابێت بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی ئاسووری و کلدانی و هی تریش لە کەمایەتی نەتەوەیی و ئاینی لە نێو ناوچەکەدا، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەش لیژنەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و تورك سەردانی ئەو ناوچە دەکەن بۆ تێڕوانینی ئەو تەدبیرانەی پێویستە لە بارەی سنووری تورکیا ئەنجام بدرێن ئەگەر پێویستی کرد، چونکە ئەو سنوورانە بە حوکمی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە بە سنووری ئێرانەوە نووساون.

ماددەی شەست و سێ:

ئەم ماددەیە لە یاداشتنامەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، دەقی ئەم ماددەیەش تایبەتە بە کورد و بەم شێوەیەیە:[23]

(( دەبێ حکوومەتی تورکیا ڕەزامەندی خۆی دەربڕێت لە سەر ئەو بڕیارانەی کە هەردوو لیژنەکـە لـە بەنـدی (62) وەردەگرێـت لـە مـاوەی سـێ مـانگ لـە ئاگادارکردنـەوەی حکوومەتی تورکیا.))

ماددەی شەست و چوار:

ئەو دانیشتووە کوردانەی لەو ناوچانە دادەنیشن، کـە بـە پـێ ماددەی شەسـت و دوو دیـاریکراون ئەگـەر لـە مـاوەی سـاڵێك لـە جێبـەجێکردنی ئـەم پەیماننامەیـە شـتێکیان پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، ئەوە بسەلمێنیت کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی ئـەو ناوچانە حەز بە سەربەخۆیی دەکـەن لـە تورکیـا، ئەگـەر ئەوسـا ئەنجوومـەن بینـی ئـەو دانیشتووانە شایانی سەربەخۆیین، ئەوا تورکیا ڕەزامەندی بـەو حاڵـە پێشـان دەدات بـۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردەیە و دەستبەرداری هەموو ماف و ئیمتیازێك دەبێت کـە لـەو ناوچانەدا پەیرەوی دەکردن.

مادده بەیانکراوەکانی ئەم جۆرە دەسبەرداربوونە بابـەتی ڕێککەوتننامەیـەکی جیـا لـە نێوان سوێندخۆرە گەورەکان و تورکیا پێکدێنێت.

ئەگەر ئەم دەستبەرداربوونەش ڕووی دا، ئەوا دەوڵەتە سوێندخۆرە گەورەکان دژی هیچ تێکەڵبوونێکی خۆ ویستانە ناوەستن کە لە نێوان ئـەو دەوڵەتـە کوردیـە سـەربەخۆیە لـە گـەڵ ئـەو کوردانـەی لـەو بەشـەی کوردسـتان دادەنیشـن کـە ئێسـتا لـە چوارچێوەی موسڵدایە، ڕوودەدات.

(2-1)

ئەو بەیانە هاوبەشەی لە لایـەن هـەردوو حکوومـەتی عێـراق و بـەریتانیاوە لـە کـانوونی دووەمی ساڵی 1922 بە ناوی (بەیانی چەژنی لە دایکبوون) ناسراوە.

به گەلی کورد درا:

حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکوومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دادەنێن کە لە نێو سنووری عێراقدا دەژین، حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنوورە پێکبهێنن، هەردوو حکوومەت هیوایان وایە ڕەگەزە جیاجیا کوردەکان بە زووترین کات لە نێوان خۆیاندا ڕێك بکەون لە بارەی شێوەی ئەو حکوومەتەی دەیانەوێ پێکی بهێنن، ئەو سنوورەی ئەو حکوومەتە بۆی درێژ دەبێتەوە (قەڵەمڕەوی ئەو حکوومەتە)، نێردراوی دەسەڵات پێدراویش بنێرن بۆ بەغدا، بۆ وتو وێژکردن لە بارەی پەیوەندی ئابووری و سیاسی لە گەڵ حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکوومەتی عێراق.

(3-1)

کورتەی ئەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن ئەو لیژنە تایبەتیەی کۆمەڵەی نەتەوەکان داینابوو، بۆ ئەو کۆمەڵەیەی بەرزکردبووەوە لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە، لەم پێنج پارێزگایەی ئێستا پێکدەهات: موسڵ، دهۆك، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی کورد لە 85٪ لە سەدا هەشتاو پێنجی دانیشتووانی پێکدەهێنن.

وەرگرتەی یەکەم:

(( بە شێوەیەك کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، لیژنەکە قەناعەتی بەوە هاتووە کە خەڵکەکە بە ئازادی تەواوەتی تەعبیریان لە حەز و ئارەزووی خۆیان کردووە و ئێمە بۆمان دەرکەوت هەستی نەتەوەیی کورد هەستێکی بە زاڵ و بەجێیە، هەرچەندە جارێ کامل نییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کورد ئارەزووی ئێجگارەکی بنەبڕی خۆیان بۆ سەربەخۆیی تەواو بەیان کرد و ئەوان درکیان بە سوودی سەرپەرشتیەکی بە پەرۆشانە و بیرکردنەوەیەکی بەرفرەوان و دووربینی کردووە...))

وەرگرتەی دووەم:

(( لە بەر ئەوەی لیژنەکە وا ڕادەسپێرێت کەوا دەبێ هێڵی برۆکسل بە شێوەیەکی کۆتایی جێگیر بکرێت و بچەسپێنرێت بە سنووری نێودەوڵەتی عێراق – تورکیا دابنرێت، ئەمەش دەبێت بکەوێتە ژێر باڵی دوو مەرجەوە:

یەکەم: ئەو ناوچەیەی مایەی ناکۆکییە، واتە ویلایەتی موسڵ، لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کۆمەڵی نەتەوەکاندا دەمێنێتەوە، بۆ ماوەیەك پێشنیاز دەکەین بە 23 بیست ساڵ دیاری بکرێت.

دووەم: دەبێ بۆ ئەو ئارەزووەی کورد ڕایگەیاند بێینە خوارەوە، ئەویش فەرمانبەری تەنیا لە خۆیان بۆ فەرمانی کارگێری و دادوەری و فێرکردن، زمانی کوردی بکرێت بە زمانی ڕەسمی لە کارگێری و خزمەتگوزاریدا.

تێبینی:

ئەو ڕاپۆرتەی کە بە 113 لاپەرەی فۆلکساب نووسراوە لە ئەیلولی ساڵی 1925 پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵە کراو حکوومەتی تورك ئینکاری ئەوەی کرد کە ئەنجوومەن دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ بڕیارێکی زۆرەکی بۆ هەردوو لای ناکوك بدات، بۆیە یەکەم جار کێشەکە حەواڵەی داداگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی کرا بۆ ئەوەی ڕای ڕاوێژکاری خۆی بدات لە 21ی تشرینی دووەمدا دادگای ڕای خۆی ڕاگەیاند ئەویش ئەوەیە هەر بڕیارێك بە کوی دەنگ بدرێت، بڕیارێکی زۆرەکییە و بۆ هەردوو لا خۆی لە خۆیدا جێگیرکردنی سنووری بە شێوەیەکی ڕەسمی تێدایە، ئەنجوومەنی کۆمەڵە لە 16ی کانوونی یەکەم بە ڕەسمی بڕیاری چەسپاندنی هێڵی برۆکسلی دا، حکوومەتی تورکیش ڕەزامەندی لە سەر ئەو سنوورە پێشاندا، هەروەها ئەو سنوورە لە لایەن کۆمەڵەوە پەیماننامەیەکی جیا لە گەڵ عێراق و بەریتانیای مەزن لە ساڵی 1926 دا چەسپێنرا.

(4-1)

چەند بڕگەیەك لە بەیانی بەڵێنەکانی حکوومەتی عێراق بۆ گەلی کورد، یان کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان لە ساڵی 1932

(کاتێك ئینتیدابی بەریتانیا تەواو بوو، عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئەندام وەرگیرا، حکوومەتی عێراق بەیانێکی بڵاوکردەوە هەندێ بەڵێنی دیاریکراوی بەرامبەر بە گەلی کورد و کەمایەتیەکان تێدابوو، وەك لە ماددەی یەکەمیدا هاتبوو، وای دادەنا کە بەشێکە و لە دەستووری وڵات جیا ناکرێتەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی دەیەم بە بەڵێنێکی نێودەوڵەتی دادەنا کە لێ پەشێمان بوونەوەی نییە، ئەم ماددانەی تایبەتن بەو پەیمانە کە بە دەقەکەوە لە پەیمانەکە خۆی وەرگیراون)

ماددەی یەکەم:

ئەو مەرجانەی لەو فەسلەدا هاتوون وەك یاسای بنچینەیی عێراق دانیان پێدا دەنرێت و نابێ هیچ یاسایەك، یان پێرەوێك، یان کارێکی ڕەسمی دژی ئەو مەرجانە بن هەروەها نابێ هیچ یاسایەك، یان پێرەوێك، یان کارێکی ڕەسمی، نەئێستا نە لە دوا ڕۆژیشدا بەسەریاندا زاڵ بن.

ماددەی دووەم:

1- هەموو دانیشووانی عێراق پاڕاستنێکی تەواوی ژیان و ئازادییان پێ دەبەخشرێت، بەبێ جیاوازی شوێنی لە دایکبوون، یان ڕەگەزنامە، یان زمان، یان ڕەگەز، یان ئاین.

2- هەموو دانیشتووانی عێراق مافی ئەوەیان هەیە بە سەربەستی لە شوێنە گشتیەکان، یان شوێنە تایبەتیەکان نیشانەکانی هەموو باوەڕ و ئاین و بڕوایەك پەیرەو بکەن، کە لە گەڵ سیستەمی گشتی ڕەوشت ناساز نەبن.

ماددەی سێیەم:

لـە یاداشـتنامەکەدا هـاتووە کـە (پەیوەنـدی بـە بابەتەکـەوە نییـە)، بـەڵام دەقـی ئـەم ماددەیە بەم شێوەیەیە:[24]

(( هــەموو ئــەو خەڵکانــەی کــە عوسمــانی بــوون و نیشــتەجێی عێــراق بــوون لــە 6/ئابی/1924 ئەوانە ڕەگەزنامەی عێراقیان وەرگرتووە بەبێ ڕەگەزنامەی عوسمانی بە پێی بەندی 33 لە پەیمانی سولح کە لە لۆزان بەسترایە و بەپێی مەرجەکانی ناو یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی لە 1924/13/9 دا هاتوون.))

ماددەی چوارەم:

1- هــەموو خــەڵکی عێـراق لــە بەرامبــەر یاســادا یەکســانن و هــەمان مــافی مــەدەنی و سیاسیان هەیە بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز و زمان و ئایندا.

2- سیستەمی هەڵبژاردن نواندنێکی عادیلانە لە خۆ دەگرێت، بۆ کەمە ڕەگەزی و ئاینی و زمانییەکان لە عێراقدا.

3- جیاوازی لە ڕەگەز و ئاین و زمان لاسەنگی بە مافی هیچ کەسێك لـە خـەڵکی عێـراق ناگەیەنێت لەوەی کە بـە مافـە مـەدەنی و سیاسـیەکانیان بگـەن وەك قـەبووڵ بـوون لـە فەرمانی گشتی و پلە و پایەی شەڕەف، یان پێڕەوکردنی پیشە و پیشەسازیی جیاجیا.

4- هیچ کوت و بەندێك ناخریتە سەر ئازادی بە کارهێنانی هیچ کەسێك لە خەڵکی عێراق بـۆ هــەر زمانێـك لـە پەیوەنـدی تایبــەتی، یـان بازرگـانی یـان کاروبـاری ئـاین یـان لـە ڕۆژنامەوانیدا یان بڵاوکراوەی هەمەجۆر یان لە کۆبوونەوەی گشتیدا.

5- هەرچەندە حکوومەتی عێراق زمانی عارەبیی کردووە بە زمانی ڕەسمی، هەرچەندە حکوومەتی عێراق ڕێوشوێنی تایبەتی دادەنێت لە بـارەی بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی و تورکی، ئەو ڕێوشوێنانە لە ماددەی نـوێی ئـەم بەیانـەدا بـاس کـراون، خـەڵکی ئەوانـەی

زمانەکەیان لە زمانی ڕەسمی جیایە، ئاسانکاری گۆنجاویان بۆ دەکرێت بۆ بەکارهێنانی زمانەکەی خۆیان بە قسەکردن و نووسین لە بەرامبەر دادگادا.

ماددەی پێنجەم :

لە یاداشتنامەکەدا هاتووە کە (پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە)، بەڵام دەقی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەیە:[25]

(( ئەو عێراقیانەی کە لە کەمایەتییەکانی نەتەوەیی و ئاین و زمانن هەموو مافەکانی یاساییان هەیە و بەیەکسانی تەماشا دەکرێن وەکو هەموو هاوولاتیانی عێراقی و بە چەشنێکی تایبەت ئەو مافەیان هەیە کە دام و دەزگا حزبی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و قوتابخانەکان بیان پارێزن و بەرێوەیان ببەن و چاودێرییان بکەن لە سەر ئەرکی خۆیان و دام و دەزگاکانی سەرەوە دابمەزرێنن و دەزگایەکانی تری چاکسازی و مافی زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و بیروبۆچونی ئاینی خۆیان ئەنجام بدەن بە سەربەستی.))

ماددەی شەشەم:

لە یاداشتنامەکەدا هاتووە کە (پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە)، بەڵام دەقی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەیە:[26]

(( حکوومەتی عێراق ڕازیە هەر کارێك ئەنجامبدرێت لە بارەی کەمایەتییەکان بۆ ئەو پەیوەندییانەی بە یاسای خانەوادەیی و باری کەسی هەیە، بە هەر کارێك بو ڕێکخستنی کارەکانی سەرەوە ڕێگا دەدات بە پێی داب ونەریت و عورفی ئەو تایفانەیە کە ئەو کەسانە سەر بەو تایفانەن، حکوومەتی عێراق هەموو جۆر زانیارییەك بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات لە چونیەتی جێبەجێکردنی کارەکان و ڕێگا چارەسەرییەکان.))

ماددەی حەوتەم:

لـە یاداشـتنامەکەدا هـاتووە کـە (پەیوەنـدی بـە بابەتەکـەوە نییـە)، بـەڵام دەقـی ئـەم ماددەیە بەم شێوەیەیە:[27]

((1- حکوومـەتی عێـراق بـەڵێن دەدات هــەموو ئاســانکارییەك بـدات بـۆ پاڕاســتن و ئاسانکاری و ڕێگادانی تەواو بە کلێسەکان و پەرستگاکانی و جولەکە و گۆڕستانەکان و دام و دەزگـا ئاینیـەکانی تـر و هــەموو کـارە خێرخوازەکـان و ئـەوقاف، کـە سـەربە کەمایەتییەکانی ئاینن لە عێراق.

2- بـۆ هـەموو تایفـەکان هەیـە ئەنجوومەنـەکانی بـەڕێوەبردن لـە ناوچـە گرنگـەکانی بەڕێوەبردنی خۆیان و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەوقاف و داهاتـەکانی خێرخـوازی و ئـەو ئەنجوومەنانەی دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کۆکردنـەوەی داهاتـەکانی ئـەوقاف و دیـاری پێشکەشکردن و خەرج کردنیان بە پێی خواست و ویستی ئەو کەسانەی کـە پارەکـەیان پێشکەش کردووە یاخۆد بە پێی داب و نەریتی تاییفەکە، دەبێ ئـەم تاییفانـە چـاودێری ماڵی هەتیوەکان بکەن بە پێی یاسا، ئەو ئەنجوومەنانە لە ژێر چاودێری میری دادەنرێن

3- حکوومەتی عێراق بۆی نییە نەهێڵێت دام و دەزگای ئاینی دروست بکرێن، هـەروەها دەزگا حزبییەکان و بۆی نییە ئاسانکاری گـرنگ پێشـکەش نـەکات بـۆ ئـەو دەزگایانـەی ئێستا هەن.))

ماددەی هەشتەم:

1- حکوومەتی عێراق سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە فێرکردنی گشتییەوە هەیە لە شار و ئەو ناوچانەی بەشێکی زۆری خـەڵکی عێراقیـان تیـدا دادەنیشـن و زمانەکـەیان زمـانی ڕەسمـی نییـە، ئاسـانکاری گونجاویـان پـێ دەبەخشـێ لـە پێنـاو ئـەوەی فێرکـردن لـە قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ منداڵانی ئەو خەڵکەی عێـراق بـە زمـانی خۆیـان بێـت، ئـەم مەرجانەش ڕێگە لە حکوومەتی عێراق ناگرێت کە فێرکردنی زمانی عارەبی لەو قوتابخانە ناوبراوانە زۆرەکی بێت.

2- لەو شار و لادێیانەی کە ئەو بەشە زۆرەی خەڵکی عێراقیان تێدا نیشتەجێن لەوانەی سەر بە کەمە ڕەگەزییەکان، یان زمانە جیاجیاکانن بەشێکی عادیلانە بۆ ئەو کەمایەتیانە دابین دەکرێت لە ڕووی ئەو داریییە گشتیەی بۆیان دادەنرێت بە پێی بۆدجەی دەوڵەت، یان شارەوانییەکان، یان بودجەی تر بۆ مەبەستی ڕەوشت بەرز ڕاگرتن، یان ئاین، یان بۆ مەبەستی خێر و لە ڕووی بە کارهێنانی ئەو دارییە ناوبراوانە.

ماددەی نۆیەم:

1- حکوومەتی عێراق کۆکە لە سەر ئەوەی زمانی ڕەسمی لەو قەزایانەی ڕەگەزی کوردیان تێدا زاڵە لە لیوای موسڵ و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی، زمانی کوردی دەبێت شان بە شانی زمانی عارەبی، بەڵام لە قەزای کفری و کەرکوك لە لیوای کەرکوك کە بەشێکی زۆر لە دانیشتووان لە ڕەگەزی تورکمانن، زمانی ڕەسمی لە پاڵ زمانی عارەبی، یان کوردی، یان تورکمانی دەبێت بە پێ ئەوەی کە حاڵەتەکە دەیخوازێت.

2- حکوومەتی عێراق بەوە ڕازییە کە فەرمانبەر لەو قەزا ناوبراوانەدا دەبێ ( مەگەر هۆیەکی ڕێ تێچوو هەبێت) شارەزای زمانی کوردی یان تورکی بن بە پێی ئەو حاڵەتەی دەیخوازێت.

3- پێوانەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لە قەزا ناوبراوەکاندا، هەرچەندە لێهاتوویی و زانینی زمان پێش ڕەگەزە هەر وەکو حاڵ لە هەموو لایەنەکانی عێراقدا وایە، حکوومەت ڕەزامەندی لە سەر ئەوە هەیە فەرمانبەران هەر وەکو حاڵەتی ئێستا و بە پێی توانا لە نێو خەڵکی عێراق هەڵبژێردرێن کە ئەسڵەکەیان لەو قەزایانەن.

ماددەی دەیەم:

ئەو مەرجانەی لە ماددەکانی پێشەوەی ئەم بەیانەدا هاتوون، ئەوەندەی پەیوەندییان بەو کەسانەوە هەبێت کە سەر بە کەمایەتییە ڕەگەزی، یان ئاینی، یان زمانییەکانن

بـەڵێنن کـە مـۆرکی نێونەتـەوەییان پێوەیـە و دەخرێنـە ژێـر دەسـتەبەری کۆمەڵـەی نەتەوەکان و بە ڕەزامەنـدی زۆرینـەی ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان نـەبێت، هـیچ هەموارێکی تێدا ناکرێت، هەموو ئەندامێك لە ئەندامانی کۆمەڵە نوێنەرە لە ئەنجوومەنـدا، مافی سەنجراکێشانی ئەنجوومەنی هەیە بۆ هەر مەترسییەك، یـان مەترسـی پێشـلکردنی ئەو مەرجانە، ئەوسا ئەنجوومەن بۆی هەیە ڕێگەکار بگرێتەبـەر و ڕێنـوێنی دەربکـات بـۆ ئەوشتانەی بەشیاو کاریگەریان دەزانێت بە پێی بارودۆخەکە.

هەموو جیاوازی ڕایەك لە وانـەی کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ پرسـی یاسـایی یـان واقعـی و لـەو مادانە پەیدادەبن لە نێوان عێراق و هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵە کە نوێنەرە لـە ئەنجوومەندا، بە جیاوازییەك دادەنرێت شێوەیەکی نێودەوڵـەتی هەیـە بـە پێـی مـاددەی چوارەم لە میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان و هـەموو جیاوازییـەکی لـەم جـۆرە کاتێـك کـە لایەکەی تر ئەوە داوا دەکات، حەواڵەی (دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشە دەکرێـت) و بڕیـاری دادگـای هەمیشـەیی قـابیلی پێداچـوونەوە نییـە و هێـز و گاریگـەری بڕیـاری دەرچووی هەیە بە پێی ماددەی 13ی میساق.

**باسی سێزدەم:**

## بەیاننامەی 22ی ئادار[39]

دەقی بەیاننامەکە:

یەکەم هۆی شۆڕشی 17 تەمموز ئەوەبوو وەك دەربڕینێکـی ڕەقـی هـەموو جـەماوەری عارەب لە هۆ و ئەوانەی بوونە هـۆی شکسـتی حـوزەیران و یـەك دەنگـی ڕای میللـی لـە عێراق بـە مـەحکوومکردنی کۆنەپەرستی تـاکڕەوی پێشـوو لـە بـەر بەشـداریکردنی لـەو

دەوری بەزینەی ئەم مەینەتییە نەتەوەییەدا هات، ئەمەش لە بەر گۆشەگیری تەواوی لە گەل و دەستەوەستانی ڕەهای لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە نیشتمانیانەی بە قەوارەی نیشتیمانیدا دەچوونە خواریٚ و کلۆریان دەکرد، چارەسەرکردنی ئەو پێشەکییە پێویستیەك بوو دەبوایە ببێت بۆ هەموو نیازێکی ڕاستگۆیانە بۆ تەیار و ئامادەکردنی هەموو وزەیەکی مرۆیی و مادی لە عێراقدا، بە بیٚ هیچ خەریك کردنێك لە شوێنی خۆی دابنرێت، بە پلەی یەکەمیش لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی چارەنووسازی میللەتی عارەبدا.

لە بەر ئەوە، شۆڕش هەر لە ڕۆژەکانی ئەوەلییەوە ئەرکی وەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی بۆ گەلی عێراق لە بەرچاوی خۆی دانا بیٚ هیچ جیاوازییەك بە هۆی ڕەگەز و زمان و ئاین و شوێنی پێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکەی و ڕەخساندنی هەموو مەرجێکی پێویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بنەماکانی ئەم یەکێتیە دەیانخوازێت و پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی عێراق بەهەموو وزە و توانایەکی بتوانێت ڕووبکاتە شەڕە نەتەوییە چارەنووسازەکەی، بە دیدی شۆڕش لووتکەی ململانێی تاڵ و سەختی نێوان ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و چاوچنۆکیە شەڕخوازەکەی لە نیشتمانی عارەبیدا دەنوێنیٚ لە لایەك و لە نێوان بەرژەوەندی ڕزگاری و خەباتی میللەتی عارەب لە پێناوی ئامانجە پێشکەوتنخوازییە مرۆییەکانی لە لایەکی ترەوە.

لە گەڵ ئەو میراتی گیروگرفتە زۆرە ئاڵۆزەی کە شۆڕش هەر بە لە دایکبوونی ڕووبەڕوویان بووەوە، بە توانا و بڕواوە هەر بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت لە پێناوی ڕزگارکردنی عێراق لە پاشماوە و خاپەرۆکی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوی دیکتاتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆ کارکردن بۆ ڕەخساندنی هەموو مەرجێکی پێویست بۆ بنیادنانی عێراقێکی تازە، بەشێوەیەکی جیدی یەکسانی ڕاستەقینەی ماف و ئەرك و هاوهەڵی لە نێوان هاوولاتیاندا تێدا دێتە دی و چەندان ئاسۆ لە بەردەمی هەموو گەلدا دەکرێنەوە لە ڕێگەی پابەندبوونی نیشتمانی بە کۆمەڵ بۆ یەکێتی خاکی نیشتمان و

یەکێتی گەلەکەی و ئامانجە بنەڕەتیە گەورەکانی یەکێتی نەتەوەیی و ئازادی و سۆشیالیزم.

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق لە پێشەوەی ئەو گیر و گرفتە نیشتمانییانەیە کە شۆڕش ڕووبەڕووی بووەوە، بە تایبەتی بێ توانایی سەردەمەکانی پێشوو لە تێگەیشتنی ئەو گیروگرفتە... بگرە نەبوونی ئارەزووی ڕاستگۆیانە بۆ چارەسەرکردن و دانانی ڕێگەچارەی ڕاست و دروست بۆی لەو سەردەمانەدا... لە گەڵ ئەوانەدا، بەکارهێنانی لە لایەن ئیمپریالیزم و نوکەر و بەکرێگیراوانیەوە، بوونە هۆی زێتر ئالۆزی هەتا وای لێ هات وەك بڵێی گرفتێکی بێ چارەسەرکردن بێ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە ئەوە چەند ساڵێکە نواندنی توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی، جێگەی گفتوگۆی دیموکراتی برایانە و بابەتیانەی گرتووەتەوە، ئەو گفتوگۆیەی سروشتی گیروگرفتە نیشتمانیەکە و ئەو مافە ڕەوایە عادیلانەی بەشێکی گەلی عێراق بە پێویستی دەزانێ.

شۆڕش هەر لە ڕۆژانی یەکەمیدا هەوڵی دا ئەو گیروگرفتە بە گیانێکی پڕ لە بەرپرسیارەتی و ئەوپەڕی سنووری پابەندبوون بە بیروباوەری دیموکراتی شۆڕشگێرانە چارەسەر بکات.

شۆڕش کە لە سەرچاوەی تیۆری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەبەوە ئاو دەخواتەوە، بڕوای بەوە هەیە مافی نەتەوەیی، لە گەوهەردا مافی دیموکراتی و زیندووکردنەوەی کەلەپۆری ڕۆشنبیری و زمان و داب و ڕێوڕەسم و پێرەوکردنی خواست و ویستی ئازاد و پتەوکردنی ئەو مافانە لە نێو نەتەوەی جیاجیادا، بە تایبەتی لە یەك وڵاتدا، وا پێویست دەکات ڕێگەی ئەوتۆ بدۆزێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانە بە شێوەیەك یارمەتی هەڵسانەوەی هەموویان بدات، ڕێکی بخات.

هەموو ئەو پرۆژە و پلانانەی ئامانجیان بێ هێزکردنی پەیوەندی نێوانیان و چاندنی تووی دووبەرەکییە، خزمەتی بەرژەوەندی ناو کۆی ڕۆڵەکانی ناکات... لە هەمان کاتیشدا ڕێکخستن و بە هێزکردنی پەیوەندی نیشتمانی و مرۆیی لە نێوانیاندا و دانانیان

بۆ خزمەتی پێشکەوتن هەر ئەوانن هۆی یەکێتی ژیانی نیشتمانی لە کەش و هەوایەکی پڕ لە برایەتی، نەتەوەیی، ئاشتی، دەرەخسێنن.

لە سروشتی ئەو بیر و باوەرانە بوو کە کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عارەب لە کۆتایی ساڵی 1968 و سەرەتای ساڵی 1969 دا گیرا دەستپێشخەری هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و تیۆری و حزبی بەرامبەر ئەم گیروگرفتە نیشتمانییە دیارکرد و ڕێگەی چارەسەرکردنی لە بەردەمی شۆڕش و دەسەڵاتداریی شۆڕشگێری دانا، ئەمەش لەو بڕیارانەی دوای ئەو کۆنگرەیە دەرچوون و لە بڕیارەکەدا دەڵێت:

کۆنگرە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە مەسەلەی ئاواتی نەتەوەییی کورد لە عێراقدا دەکەوێتە پێش ئەو مەسەلانەی ڕووبەڕووی بزاڤی شۆڕشی عارەبی دەبنەوە و چەند ساڵێکیش تێپەرین بیٚ گەیشتن بە چارەسەرێکی دروست بۆ ئەم مەسەلەیە و لە ئەنجامی ستەمکاری نواندن لە چارەسەرکردنیدا، بەدبەختی و مەرگەساتێکی ترسناك بە هاووڵاتیانی عارەب و کورد گەیشت و هێزەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەستەی بە کرێگیراو و هەڵپەرستان، هەمیشە دەیانخستە کار و سەرنەکەوتنیشیان لە چارەسەرکردنی وەبەر دێنا بۆ دەست خستنە ناو کاروباری عێراق و پاڵەپەستۆ خستنەسەری و پیلانگێران بۆ سەر مافەکانی عارەب و کورد، گەیاندنی زیانی زیاتر بەو پێگە و دەستکەوتە نەتەوەیی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانەی لە ماوەی سەردەمانێکی دوورودرێژی خۆبەختکردن و قوربانیدان و خەباتی ناوکۆیی پێی گەیشتوون. هەروەك کونگرە جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە کە حزبەکەمان لە خەبات و سیاسەتیدا لە بیروباوەڕە نەتەوەییە مرۆییە سۆشیالیستە دیموکراتەکەیەوە تەکان دەدات... هەمیشە ڕێزی لە ئاواتە نەتەوەییەکانی جەماوەری کورد بە ناوەڕۆکە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەی دەگرت و بە مافی مرۆڤانەی ڕەوای دادەنا و پەیوەندییە بە تینەکەشی لە نێوان وەدیهێنانی ئەو مافانە و نێوان هێز و دروستی ڕێڕەوی جەماوەری گەل لە عێراقدا بەڕووکار و ئاڕاستەی پاکتاوکردنی پاشماوەی

ئیمپریالیزم و خۆ تەرخانكردنی تەواو بۆ شەڕە نەتەوەییە چارەنووسازەكەی ئێستە لە فەلەستین و بەردەوامبوونی تێكۆشانی مێژوویی لە پێناو وەدیهێنانی یەكیتی عارەبی و ئازادی و سۆشیالیزمدا.

لە كاتێكیشدا میللەتی عارەب پێ دەنێتە نێو خەباتێكی بەرفراوان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و كۆنەپەرستی نێوخۆ ئەو خەباتە لە هێلەكانی یەكەمی خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دادەنێت... تەبای خەباتی توند گرێدراوی گەلی عێراق لە گەڵ خەباتی میللەتی عارەب لە پێناوی دیمۆكراسی و ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە...بەجیهانی و ناوخۆشەوە، بۆیە شۆڕش وای دادەنێت كە بنچینەی یەكەمی یەكێتی نیشتمانی عارەبی — كوردی لە عێراقدا ئەوەیە كە بزاڤی نەتەوەیی كوردی وەك بزاڤی نەتەوەییی عارەبە، بزاڤێكی دیموكراسی دژ بە هەمان ئەو هێزە كۆنەپەرستانەیە لە لایەنی و بابەتییەوە، لە عێراقدا یەكێتی تێكۆشان دژی ئیمپریالیزم و هێزە كۆنەپەرستە هاوپەیمانەكانی تر و دەست و پەیوەندەكانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی عارەبییەوە دەبەستێتەوە.

هەروەها دابونەریتی مێژوویی و یەكێتی بەرژەوەندی ئابووری و پەرەسەندنی هاوئاهەنگ لە نێوان هەردوو نەتەوەی عارەب و كورد، بە خەباتی گەلی عەرەبییەوە دەبەستێتەوە، هەر تێكدان و ناهاوسەنگی ئەو هاوئاهەنگییە سەرەنجام دەبێتە زیان گەیاندن بەو تێكۆشانە هاوبەشە و ڕابوونی نیشتمانی پێشكەوتنخواز بە شێوەیەكی گشتی.

ئیمپریالیزم دركی بەوە كردووە كە یەكێتی تیكۆشانی عارەب و كورد، بزاڤی ڕزگاری عارەب و كورد بە تین دەكات و توانای ئەوەی پێ دەبەخشێت كە پێگەی گرینگ لە ڕووی پڕۆژەی دوژمنكاریی ئیمپریالیی زایۆنیی ئیسرائیل لە ناوچەكەدا وەدەست بێنێ. بە تایبەتی سەبارەت بەو شەڕە نەتەوەییە چارەنووسازەی ئێستە لە فەلەستین و ئەو وڵاتە عارەبییانەی دەوریان داوە، لە ئارادایە. لە بەر ئەوە دام و دەزگا ئیمپریالی و بە كرێگیراوەكان خۆیان كوشت و هەوڵیان دا بۆ دۆزینەوەی زیاتر لە هۆیەك بۆ لێك

ترازاندنی پەیوەندی لێک گرێدان و برایەتی لە نێوان جەماوەری عارەب و کورد بە مەبەستی بێ هێزکردنی بەرەی خەباتی نیشتمانی شۆڕشگێڕی لە عێراقدا.

جا لە بەر ئەوەی شۆڕش لە تێگەیشتنی بۆ مەسەلەی کورد لەوە بۆی دەچێت کە بەشێکە لە شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنە پەرستی... گومان لەوەدا نییە شۆڕش لە هەموو هەنگاوێك کە دەیهاوێت پابەند دەبێت بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتیمانی کوردی، بەو شێوەیەی دەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی خەباتی نیشتمانی نەتەوەیی دژی تێکرای ئەو هێزە نامرۆییانە.

لە بەر ئەوەی پەیرەوکردنی جەماوەری کورد بۆ سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی، وەدیهێنانی هاوکۆفی ڕەها لە هەڵی پەرەپێدانی ئازاد، هەردووکییان ڕێگەی پێویستن بۆ یەکخستن و بە تینکردنی تێکۆشانی نیشتیمانی لە عێراقدا دژی دوژمنانی گەلان و دوژمنانی مللەتی عارەب و گەلی عێراق، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنە پەرستی بە کرێگیراو.

کات دانانەوە بۆ پیلانە ئیمپریالیستە زایۆنییە کۆنەپەرستەکان بۆ سەر کۆماری عێراق هەر بەڕێکەوت نەبوو، لە هەمان ئەوکاتەدا دەستی پێکرد کە مژدەی ئاشتی لە هەمولایەکی باکووری خوشەویستمان بە هۆی ئەو هەوڵە دڵسوزانەی حکوومەتی شۆڕش ئەنجامی داو ئەو بە دەنگەوە هاتنە دڵسوزانەی لە لایەن مستەفا بارزانی بەڕێزەوە پێشاندرا.

شتێکی شاراوە نییە، شۆڕش لەلایەن خۆیەوە دەست پێشخەری کرد بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی هۆی متمانە و ئاشتی لە هەمولایەکی باکووری عێراق، کاری بۆ ئەمانەی خوارەوە کرد:

أ- بەپێی بڕیارەکانی کونگرەی حەوتەمی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالستی عارەب و لە ڕێگەی هەموو ئەو بەیانە ڕەسمی ڕۆژنامەوانییانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی

شۆڕشــگێڕییەوە دەرچــوون، دان بــەبوونی شــەرعی نەتــەوەی کــورد دانــراوە و ئــەم ڕاستیەش بە شێوەیەکی ئێجگارەکی لە دەستووری هەمیشەییدا دادنرێت.

ب- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دامەزرانـدنی زانکـۆی سـلێمانی و کـۆڕی زانیاری کوردی دا، هەروەها دانی نا بەهەموو مافێکی ڕۆشنبیری و زمانی نەتەوەی کورد و دەبێ خوێندن لە هەموو قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ و خانەی ماموستایانی کوران و کچان و کۆلیژی سەربازی و کۆلیژی پـۆلیس بـە زمـانی کـوردی بێـت... هـەروەها دەبـێ نووسراو و کتێبی دانڕەوی کوردی زانسـتی و ئـەدەبی و سیاسـی کـە تـەعبیر لـە ئـاواتی نیشتیمانی و نەتەوەی گەڵی کورد دەکەن، بە هەموو لایەکدا بڵاوبکرێنەوە و بۆ ئەوەیش کە ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی کورد بۆیان بکرێت یەکێتیـەك بـۆ خۆیـان دابمـەزرێنن و دانراوەکانیان چاپ بکەن، بو ڕەخساندنی هەموو هەوڵ و توانایەك لە بـەردەمییان دا بـۆ گەشەپێدانی توانا و بەهرە زانستی و هونەرییـەکانیان و دامەزرانـدنی خانەیـەکی چـاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کـوردی و پێکهێنـانی بەڕێوەبەرایەتییـەکی گشـتی بـۆ ڕۆشـنبیری کوردی لە نوژەنەوە و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانـە و گوڤـاڕێکی مانگانـە بـە زمـانی کـوردی، زیـادکردنی بەرنامەیـەکی کـوردی لـە تەلـەفزیوونی کـەرکوك تـا ئێسـتگەیەکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی تەلەفزیوونی بە زمانی کوردی دادەمەزرێت.

ج- داننان بە مافی هاووڵاتییە کوردەکان بە زیندوو کردنەوەی داب و ڕێوڕەسم و جەژنە نەتەوەییەکانییان و لە پێناوی بەشـداری کردنـی هـەموو گـەل لـە جەژنـەکانی ڕۆڵـەکانی دا... ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـاری دا کـەوا جـەژنی نـەوروز بـە جـەژنێکی نیشتیمانی دابنرێت لە کۆماری عێراقدا.

د- هــەروەها ئەنجوومــەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش یاســای پارێزگاکــانی دەرکــرد کــە (لامرکزی) کارگێری نـاوخۆ دەگرێتـە خـۆی و بڕیـاری پێکهێنـانی لـە نـۆژەنی پارێزگـای دهۆکی دا.

هـ- هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لێبووردنێکی گشتی گشتگیری دەرکرد بۆ هەموو ئەو مەدەنی و سەربازیانەی بەشدارییان لە کاری توندوتیژیدا لە باکوور کردبوو، بۆ ئەوەی هەموو شوێنەوارێکی بارودۆخی نەرێنی نائاسایی پێشوو لە نێو ببات و نەهێڵێ و نیشانەی ژیانی نیشتمانی تازە لە سەر زەمینەیەکی پتەوی ئاسایشی گشتی و برایەتی نەتەوەیی گشتگیر دابمەزرێت.

جەماوەری عارەب و کوردی عێراقی بە پشتگیری و بە پێرەوەچوون پێشوازییان لەو بڕیار و کارانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد... ئەم کارەش بارودۆخی لە باری سازکرد بۆ بەردەوامبوون لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجە نموونەییانەی یەکدەنگی گەلیان لە سەرە و خواست و هێز و وتەی عێراق لە دەوریاندا یەکیان گرت.

بە پێی ئەوەی پێشەوە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیوەندییەکی سازدا لە نێوان خۆی و هێژا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاڵوگۆڕی دید و بۆچوون کرا و هەموو قەناعەتیان بەوە کرد کە پێویستە ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە قەبوول و جێبەجێ بکەن و جەختیش لە سەر خواست و بڕیاری خۆی دەکاتەوە بە قەبوول و فراوانکردنی کاری چالاکانە، بۆ تەواوکردنی هۆی هەڵسانەوەی ڕۆشنبیری و ئابووری و پەرەسەندنی گشتی لە ناوچەی کوردیدا و ئامانجی پلەی یەکەمی ئەوەیە، جەماوەر بتوانێت پێڕەوی مافە ڕەواکانی خۆی بکات، ئەو جەماوەرە بە کردەوە لە هاوبەشکردنی جیدییانە لە بنیادنانی نیشتمان و تیکۆشان لە پێناو ئامانجە نەتەوەییە مەزنەکاندا بەشداریی پێ بکرێت، لە بەر ئەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا:

1- زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لە گەڵ زمانی عارەبی لەو ناوچانەی کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان کوردن و زمانی کوردیش لەو ناوچانەدا زمانی خوێندن و فێرکردن بێت، زمانی عارەبیش لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێنرێت کە بە کوردی

دەخوێنن. لە هەمان کاتیشدا زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لەو سنوورەی یاسا دایدەنێت لە هەموو لایەکی عێراقدا دەخوێندرێت.

2- بەشداریکردنی برا کوردەکانمان لە حوکم و جیاوازی نەکردن لە نێوان کورد و کەسانی تر لە فەرمانی گشتی گرتنە دەستدا. لەوانەش پایەی گرنگ و بایەخدار لە دەوڵەتدا وەك وەزارەت و سوپا و هیتریش... ئەوانە هەموویان لەو کارە گرنگانەن کە ئامانجی شۆڕش بوون بۆ وەدیهێنانیان، حکوومەت لە کاتێکدا دان بەو بنەمایە دادەنێت، جەخت لە سەر پێویستی کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو بنەمایە بە ڕێژەیەکی عادیلانە دەکاتەوە، لەگەڵ لە بەر چاوگرتنی بنەمای لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتووان و ئەو بێ بەشییەی برا کوردەکانمان لە ڕابردوو دووچاری بوون.

3- لەبەر ئەو دواکەوتووییەی لە ڕابردوودا لە لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە، پلانێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتووییە دادەنرێت لە ڕێگەی:

أ- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕووی زمان و مافی ڕۆشنبیرییەوە بۆ گەلی کورد، بەستنەوەی ئامادەکردن و ئاڕاستەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی.

ب- گەڕاندنەوەی ئەو قوتابیانەی دەرکراون یان لە بەر بارودۆخی توندوتیژی لە ناوچەکەدا ناچاربوون واز لە خوێندن بێنن، بۆ قوتابخانەکانیان بە چاوپۆشی کردن لە تەمەنیان یان دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی لە بار بۆ گیروگرفتەکانیان.

ج- کردنەوەی قوتابخانەی زۆر لە ناوچەی کوردیدا و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و قەبووڵکردنی قوتابیی کورد لە زانکۆ و کولیژی سەربازی (بەعسە و زەماڵە)ی خوێندن بە ڕێژەیەکی عادیلانە.

4- فەرمانبەرەکان لەو یەکە کارگێڕیانەی کە بەشی زۆریان کوردن، دەبێ کورد بن، یان لەو کەسانە بن کە کوردی باش دەزانن ئەگەر ژمارەی پێویستیان لێ پەیدابوو، بەرپرسە بنچینییەکان ( پارێزگار، قایمقام، بەرێوەبەری پۆلیس، بەرێوەبەری ئاسایش و هیتری لەم جۆرە) دادەمەزرێن و دەستبەجێ دەستدەکرێت بە پەرەپێدانی دام و دەزگای دەوڵەت لە ناوچەکەدا بە ڕاوێژکردن لە چوارچێوەی لیژنەی باڵای سەرپەرشتاری جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەیە بەو شێوەیەی کە جێبەجێکردنی مسۆگەر دەکات و یەکێتی نیشتمانی و ئارامی لە ناوچەکەدا بەتین دەکات.

5- حکوومەت دان بە مافی گەلی کورد دادەنێت لە پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ماموستایانی تایبەت بە خۆیان و ئەو ڕێکخراونە ئەندامی ڕێکخراوە نیشتمانییە عێراقییەکانی هاوشێوەی خۆیان دەبن.

6- بڕگەی:

أ- کارکردن بە هەردوو بڕگەی (1) و (2)ی بڕیاری ژمارە 59 ی ڕێکەوتی 1968/8/5ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەتا مێژووی ئەم بەیاننامەیە و ئەمەش هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە کاری توندوتیژی ناوچەی کوردیدا کردووە دەگرێتەوە.

ب- کرێکار و فەرمانبەر و خزمەتگوزارە مەدەنی و سەربازییەکان دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت، ئەمەش بە پێ خۆبەستنەوە بە بوونی (میلاك) جێبەجێ دەکرێت و سوودیش لە خەڵکی مەدەنی لە ناوچە کوردیەکان بە پێ پێویستی ئەو ناوچانە پێیان، وەردەگیرێت.

7- بڕگەی:

أ- دەستەیەك لە کەسانی خاوەن تایبەتمەندایەتی پێکدەهێنرێت بۆ ئەوەی بەو پەڕی خێراییەوە ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵسێتەوە و قەرەبووی ساڵانی ئەم دواییەی

بەسەرهاتەکانی بکرێتەوە، بودجەیەکی تەواویشی بۆ تەرخان بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، ئەو دەستەیەش سەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور دەبێت.

ب- ئامادەکردنی پلانی ئابووری بە شێوەیەك کە پەرەسەندنی هاویەکی و یەکسانی لە هەموو لایە جیاجیاکانی عێراق دابین بکات بە چاودێریکردنی بارودۆخی دواکەوتوویی لە ناوچەی کوردیدا.

ج- تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی ئەو کەسانەی لە بارودۆخی داخباری شەڕ لە بەشداربووانی بزاڤی چەکداری کوردا شەهیدکراون و بۆ خەڵکی تر و بۆ ئەوانەی بە هۆی ئەو بارودۆخەوە تووشی شێواوی هاتوون، بە پێی یاسایەکی تایبەتی لە سەر یاسای کارپێکراوەکان.

د- کارکردنی خێرا بۆ فریاکەوتنی خەڵکی زیان لێکەوتوو و دەست کورت لە ڕێگەی تەواوکردنی پڕۆژەی خانوو دروستکردن و شتی تر کە کار بۆ بێکاران دابین دەکات و پێشکێشکردنی یارمەتی کەل و پەل، پارە بەشێوەیەکی گونجاو و قەرەبووکردنەوەی ماقوول بدرێت بەو زیان لێکەوتووانەی پێویستییان بە یارمەتییە، ئەمەش بە لیژنەی باڵا دەسپێردرێ و ئەوانەی لێ هەڵدەهاوێژرێ کە بڕگەی پێشوو گرتوونیەوە.

8- گەڕاندنەوەی دانیشتووانی گوندە عارەبی و کوردیەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بەڵام ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی ناکرێ بکرێن بە ناوچەی لێ نیشتەجێبوون، ئەوا حکوومەت بۆ مەبەستی سوودی گشتی بە پێی یاسا دەیانکات بە موڵکی خۆی و لە ناوچەی نزیك ئەوێ نیشتەجێیان دەکات و هەر زەرەر و زیانێکیش بە هۆی ئەوەوە لێیان کەوتبێ، قەرەبوویان دەکاتەوە.

9- پەلەکردن لە پیادەکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردی و هەموارکردنی بە شێوەیەك کە پاکتاوکردنی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی مسۆگەر بکات، هەموو جوتیارەکانیش پارچە زەویی گونجاویان پێ ببڕیت و لەو باجە کشتوکاڵییەش

کە لە ماوەی ساڵانی شەڕ داخبار لە سەریان کۆبووەتەوە، ببەخشرێن و لێیان خۆش بن.

13- ڕێککەوتن لە سەر هەموارکردنی دەستووری کاتی وەکو ئەمەی خوارەوە:

أ- گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش نەتەوەی عارەب و نەتەوەی کوردن و ئەم دەستووره دان بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و مافی هەموو کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

ب- زیادکردنی ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی دەستوور:

(( زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچە کوردیەکاندا شان بە شانی زمانی عارەبی)).

ج- چەسپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییدا.

11- گەڕاندنەوەی ئیستگەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان بۆ حکوومەت و ئەمەش بەند دەبێت بە جێبەجێکردنی قۆناغە کۆتاییەکانی ڕێککەوتننامەکە.

12- جێگرێکی سەرکۆمار کورد دەبێت.

13- یاسای پارێزگاکان بە شێوەیەك هەموار دەکرێت، لە گەڵ ئەم بەیاننامەیەدا بگونجێت.

14- دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە، بە ڕاوێژ لە گەڵ لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی بەیانەکە، کاری پێویست ئەنجام دەدرێت بۆ یەکخستنی ئەو پارێزگا و یەکە کارگێریانەی زۆربەی زۆری کوردیان تێدا دادەنیشن بە پێی ئەو ئامارە ڕەسمییانەی دەکرێن، دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو یەکە کارگێریانە و قوڵکردنەوە و فراوانکردنیان، بۆ ئەوەی گەلی کورد پەیرەوی سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات بۆ دەستەبەرکردنی شادبوونی بە ئۆتۆنۆمی. تا ئەو یەکە کارگێرییەش دێتەدی. هاو ئاهەنگی کاروباری نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی کۆبوونەوەی دەوری دەکرێت لە نێوان لیژنەی باڵا و پارێزگارەکانی ناوچەی باکوور دەبەسترێت، لە

بەر ئـەوەی ئۆتۆنـۆمی لـە چوارچـێوەی کۆمـاری عێراقـدا جێبـەجێ دەکرێت، بێگومـان وەبەرهێنانی هەموو سامانێکی سروشتی لەم ناوچەیەدا تایبەتـە بـە دەسـەڵاتداریی ئـەم کۆمارە.

15- گـەلی کـورد بـە ڕێـژەی دانیشـتووانی لـە چـاو دانیشـتووانی عێـراق، بەشـداری لـە دەسەڵاتی یاسادانان دەکات.

هاووڵاتییە کوردەکان:

هەر خواستی ئێـوە سـەبارەت بـە یـەکێتی نیشـتمانی سـەر دەکـەوێت، هـەموو هـەوڵێ و تەقەلایەکیش بۆ بێ هێزکردنی پێکـەوە گرێـدانی تێکۆشـانتان، لـە سـەر تـاوێرە بـەردی هۆشیاری مێژوویتان ورد و خـاش دەبێت. کۆمەڵـە خـەباتگێرەکانتان ئـەمڕۆ تـەپوتۆزی فرۆفێڵی دوژمنەکانتان و ئەوانەی چاویان تێ بڕیون، لە سەر شـانی خۆیـان دادەتـەکێنن بۆ ئەوەی هەموو یەکپارچە پڕ هێز و هۆشیاری و ورەی کار و تێکۆشـان پێکـەوە بـڕۆن، بـۆ پشـتگیری و سەرخسـتنی کێشـە گەورەکـەی میللـەتی عـارەب کـە فەلەسـتینە و بـۆ وەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانتان لە یەکێتی و ئازادی سوشیالیزم.

ئەی جەماوەرە خەباتکەرەکەی میللەتی عارەبمان:

بەم شێوەیە لاپەرەیەك لە لاپەرەکانی مێژووی ئەم وڵاتـە خـەباتگێرە کۆتـایی دێت، بـۆ ئەوەی بە دەستی شۆڕش و بە دەستی هەموو خەباتگێرە ئازادەکان لە ڕۆڵەی ئەم وڵاتە لاپەرەیەکی تازەی پرشگندار بکرێتەوە، تا جارێکی تریش لە سـەر ئـەم خاکـە پـیرۆزە، مەرجی خۆشەویستی و ئاشتی و برایەتی تازە دەبێتەوە لـە نێـوان هـەردوو نەتـەوە کـە مێژووی تێکۆشانی هاوبەشی دوور و درێژیان بە درێژایی مێژوو هەیە، ئەمڕۆ و سبەینێ و هـەتا هەتایـە شـەرەفی زیندووکردنـەوەی خـەباتی هاوبەشـیان دەبێـت لـە پێنـاوی لـە نێـوبردنی دوژمنـانی هـەردوو نەتـەوە... دوژمنـانی تێکرایـی گـەلان و مرۆڤایـەتی... ئیمپریـالیزم و زایـونی و دواکـەوتن، شـەرەفی بەشـداری کـردن لـە پشـتگیری کردنـی

تێکۆشانی مرۆیی لە پێناوی ڕزگاری و پێشکەوتنە، چەسپاندنی ژیاری سەردەم لەسەر بنچینەی ماف و یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان هەموو گەلێکدا.
بۆ خەباتی هاوبەش و ئاواتی هاوبەش و سەرکەوتنی نەتەوەیی و مرۆیی هاوبەش.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
1973/3/11

(2-1)

پاشبەندی فەرمی نهێنی ئەو بەیاننامەیەی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری کرد

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانی نا بەو مەسەلانەی لەم پاشبەندەدا نووسراون و لە بەر پێویستی بەرژەوەندی نیشتیمانی، جاڕنەدانی بە پێویست دانا:
یەکەم: بوونی نەتەوەی کورد لە عێراق لە دەقی دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق لە سنووری ئەم دەقەی خوارەوە دەچەسپێندرێ:
((گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی (سەرەکی)پێك دێت، ئەوانیش نەتەوەی عارەب و نەتەوەی کوردن و دەستووردان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافی هەموو کەمایەتییەکان دادەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا)).
دووەم: ئەم دەقە لە دەستوورەکەدا دێت:
بەمەرجێك زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عارەبی زمانی فەرمی بێت لە ناوچەی کوردی دا.
سێ یەم: حوکمی نیشتمانی هەوڵی پەرەپێدانی بارودۆخی ناوچەی کوردی دەدات بەرەو ئۆتۆنۆمی، ئەمەش لە ڕێگەی ((نێزیکترین دوو ماوە، یان بۆ ماوەیەك کە ئەو پەری

چوارساڵە، یان لە کاتی ڕاگەیاندنی یەکەم یەکێتی عارەبی لە نێوان عێراق و هەر وڵاتێکی عارەبیدا.))

چوارەم: ماوەی دابڕان سەبارەت بە هەموو فەرمانبەران، مەدەنی و سەربازی و گشت کرێکار و خزمەتگوزارەکان، ئەوانەی بە پێی بەندی حەوتەمی بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەڕاونەتەوە بۆ فەرمانەکانیان بە خزمەت دادەنرێت بۆ مەبەستی مووچە بەرزکردنەوە و خانەنشینی.

پێنجەم: ئەو سەربازانەی پێش دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە، لەوانەی بەشدارییان لە بزاڤی چەکداری کوردا کردووە، داوا کرا بۆ خزمەتی یەدەگی، لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرێن.

شەشەم: دەوڵەت سەرپەرشتی بەرێوەبردن و ژیاندنی بەشداران و بزوتنەوەی چەکداری کورد دەگرێتە دەست، بۆ چاوەڕوانی دابەشکردنیان بەسەر کار و فەرمانی مەدەنیدا، وەرگرتنی ئەوانەش کە دەمێننەوە بە سیفەتی پاسەوانی سنوور بە مەرجێك ژمارەیان لە پێنج فەوج تێپەرنەکات و دەرماڵەی ژیان و کاری پارەپێدانیان بە پێی ئەم تەرتیبانەی خوارەوە ڕێك دەخرێت:

أ- 333 دینار لە مانگی یەکەم دووای دەرچوونی بەیاننامەکە.

ب- 233 دینار لە مانگی دووەم دووای دەرچوونی بەیاننامەکە.

ج- 133 دینار لە مانگی سێیەم دووای دەرچوونی بەیاننامەکە.

د- ئەو پێشمەرگانەی دەمینەوە، دوای مانگی سێیەم دەگۆڕێن و دەکرێن بە پاسەوانی سنوور بە مەرجێك لە پێنج فەوج تێنەپەرێ.

هـ- پاسەوانی سنوور پێکدەهێنرێت و کار و گرێدراوییە کارگێرییەکانی بە یاسا دیاری دەکرێت و هەموو ئەو قەرەبوکردنەوە و دەرماڵانەی کە لە بەندی پێنجەمی ئەم پاشبەندەدا دیاری کراون و لەو بەیاننامە گشتیەدا کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچووە، دەدرێ بە مەلا مستەفای بارزانی بۆ ئەوەی خۆی لە سەر

بەرپرسیاریەتی خۆی ئەرکی دابەشکردنییان بکات بەسەر ئەوانەی هەژی ئەوەن بە پێی ئەحکامە بڕیاردراوەکانی بەیاننامە و پاشبەندی ناوبراو.

حەوتەم: هەر لە گەڵ جاردانی ئەم بەیاننامەیەدا (پێشمەرگە و هەموو هێزە نانیزامییەکانی تر) دەست بە کشانەوە دەکەن لەو شوێنانەی ئێستایان بۆ ئەو مەڵبەندانەی کۆبونەوە کە لیژنەی باڵا بۆیان دیاری دەکات و سەرکردایەتیە سەربازییە تایبەتمەندەکان ئەرکی ئاراستەکردنی هەندێ کەرتی سەربازی دەگرنە ئەستۆ بۆ پڕکردنەوەی پێگە و شوێنی گرینگ لە سەر سنووری عێراق و ئێران، دەست بەجێ بە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە لە لایەك، کشانەوەی کەرتەکانی تر بۆ مۆڵگە نیزامییەکانیان لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتیش هەموو دام و دەزگا چەکدارە نانیزامییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە بە گوێرەی ئەو ئەحکامەی لە بەیاننامە گشتییەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا هاتوون، وەرگرتنەوەی هەموو چەك و دەزگای ئێستگە دەگرێتە ئەستۆ.

هەشتەم: لە حاڵەتی دامەزراندنی جێگر بۆ سەرکۆمار، یەکێك لەو جێگرانە لە هاووڵاتیە کوردەکان دەبێت.

نۆیەم: ئاماری گشتی لە عێراق لە ماوەی ساڵێك لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە ئەنجام دەدرێت.

دەیەم: لیژنەیەکی هاوبەشی باڵا پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی پیادەکردنی ئەو ئەحکامەی لە بەیاننامە گشتییەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەم پاشکۆیەدا هاتوون و ڕێگەی پێکهێنانی ئەم لیژنەیە و ئسوولی کارکردن و بڕیاردان لە لیژنەکەدا و پەیوەندی لە گەڵ دەسەڵاتداری ناوچەیی و مەرکەزی، بە بڕیارێك لە لایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دیاریدەکرێت.

یازدەم: ئەم پاشکۆ نهێنیە بە یەك دانەی ئەسلی لە لایەن حکوومەتەوە ڕێك دەخرێت و یەکێك لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یان کەسێك کە ئەنجوومەن

دەسەڵاتی ئـەوەی پێـدەدات، ئیمـزای دەکـات، لـە لایـەنی کوردیشـەوە مـەلا مسـتەفای بارزانی ئیمزای دەکات و بە ئامانەت لە لایەن بەڕێز سەرکۆمار دادەنرێـت بـۆ ئـەوەی لـە کاتی پێویستدا بگەڕێنەوە بۆی.

دوازدەم: دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکـەی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، مـەلا مستەفا بروسکە نامەیەکی پشتگیری بۆ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕش دەنێریت کە پابەندی خۆی سەبارەت بەوەی کە لەو بەیاننامە فەرمییە هاتووە و ئامادەییی تەواو بۆ دانانی هەموو توانایەکی خۆی بۆ جێبەجێکردنی، دەگرێتەخۆ.

کاتژمێر/ 13ی سەر لە ئێوارە.

11/13/ مانگی 3/ 1973

ناوپردان.

واژوو مەلا مستەفا بارزانی و سەددام حوسێن

**باسی چواردەم:**

## یاسای ئۆتۆنۆمی[3:]

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

یاسای ئۆتۆنۆمی

11ی ئاداری 1974

ئەی گەلی مەزن

ئەی جەماوەری میللەتە باڵاکەمان

بۆ جەختکردن لە سەر پێوەندی هاووڵاتیەتی و برایەتی مێژوویی لە نێوان ڕۆڵەکانی عێراقدا لە عارەب و کورد و کەمایەتییە براکان و بەگونجان لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەمووز بەجێهێنانی بەڵێنەکەی و پیادەکردنی بەیاننامەی یازدەی ئاداری 1973 و لە بەر ئەوانەی کە میساقی کاری نەتەوەی گرتبونیەخۆ و بۆ بەتینکردنی خەباتی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەل و بۆ ئەوەی کە خەباتیان لە پێناویدا کردووە ، گشت هێزە نشتیمانی و نەتەوەی و پێشکەوتنخوازەکان داوای دەکەن...

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان دا.

پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەیەی کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردن و لەسەر بنچینەی دیموکراسی، ڕێگەی دەستەبەرکراو بۆ گەلی کوردمان دەرەخسێنێ کە تەواوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی لە چوارچێوەی یەك نیشتیماندا پێرەو بکات... و لە سایەی پێوەندی برایەتی و یەکسانی و ئەو دەسکەوتانە شۆڕش لە هەموو بوار و مەیدانێکەوە بۆ جەماوەری وەدیهێناون ، فروفێل و تەلەکەبازیی ئیمپریالیزم و هێزی کۆنەپەرستانی لێ دوورخاتەوە، لە هەمانکاتیشدا پێوەرکردنی تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە دەستە نیشتمانییەکان، دەستەبەربوونی مافە رۆشنبیرییەکانی کەمایەتییە براکان بەپێی ئەو یاسایانەی شۆڕشی حەڤدەی تەمموز دای ناون و لە سایەی بنەما و دامەزراوە دیموکراتیەکانی و لە چوارچێوەی کاری هاوبەشی بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەی دا دەستەبەری ئەوەن کە ئەو زوڵم و ستەمەی لە سەردەمە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستەکان و سیاسەتە شوڤێنییە ستمکارانەکەیان بەڕۆڵەکانی گەلی کوردمان و کەمابییەتیە براکان گەییون نەهێلرێن و گوڕو و توانایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

ڕۆشنبیریی گشتگر لە کوردستاندا بهێنرێتە ئاراوە و ئاسۆی فراوان بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەل بکاتەوە بۆ ئەوەی بە بروایەکی پتەو و گیانی دڵنیایی و کاری بنیادنەرانە لە سەر ڕێگەی گۆڕانکاریی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی بچینە پێشەوە بۆ گەیشتن بەبنیادنانی سۆشیالیزم.

## بڕیاری ژمارە (247)

## هەموارکردنی دەستووری کاتی

بەپشتیوانی حوکمەکانی بڕگەی (ب) لە مادەی شەست و سێی دەستووری کاتی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی 1974/3/11 یدا بەناوی گەل بڕیاری هەمووارکردنی دەستووری کاتی دا، کە لە مێژووی 16ی تەممووزی ساڵی 1973 دا دەرچووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەم بڕگەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر ماددەی هەشت:

ج- ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی زۆری دانیشتووانی کوردن دەبێتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بەو پێیەی یاسا دیاری دەکات. ئەم هەموارکردنی دەستوورە لە میژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ. لە ڕۆژی 7ی سەفەری ساڵی 1394ی کۆچی، ڕێکەوتی ڕۆژی 11ی مانگی ئاداری ساڵی 1974ی زاینی.

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

به پشتیوانی برگەی (أ) لە ماددەی 42 دەستووری کاتی. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەو دانیشتنەی لە ڕێکەوتی 1974/3/11 دا بەسترا. بە ناوی گەل بڕیاری دەرکردنی یاسای ژمارە 33ی ساڵی 1974 ی خوارەوەی دا.

### یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عێراق

### بابی یەکەم: بنچینەکانی ئۆتۆنۆمی

### فەسڵی یەکەم: بنچینە گشتییەکان

ماددەی یەك:

أ- ناوچەی کوردستان بە ئۆتۆنۆمی شاد دەبێت پێی دەگوترێت ناوچە لە هەر کوێیەکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

ب- ناوچەکە بەوە دیاری دەکرێت کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی کورد بن و ئەمینداری گشتی ناوچەکە بە گوێرەی ئەوەی لە 11ی ئادار دا هاتووە، دەچەسپێنێ، تۆمارەکانی سەر ژمێری ساڵی 1957 بە بنچینە دادەنرێت بۆ دیاری کردنی سروشتی نەتەوەی زۆربەی ڕەهای دانیشتووان لەو شوێنانەی سەر ژمێرییە گشتیەکەیان تێدا دەکرێ.

ج- ناوچەکە بە یەکەیەکی کارگێری دادەنرێت کەسایەتیەکی واتای دەبێت کە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکەی یاسایی سیاسی و ئابووری کۆماری عێراق دا هەیە.

دابەشکردنی کارگێری تێدا بە دی دەکرێت و بە گوێرەی ئەحکامی یاسای پارێزگاکان بە ڕێوە دەبردرێت لە گەل ڕەچاوکردنی ئەحکامی ئەم یاسایە.

د- ناوچەکەکە بەشێکە لە خاکی عێراق جیا نابێتەوە و گەلەکەشی بەشێکی جیانەبووەی گەلی عێراقە.

هـ- شاری هەولێر ناوەندی کارگێری ئۆتۆنۆمی دەبێت.

و- دەستەکانی ئۆتۆنۆمی بەشێکن لە دەستەکانی کۆماری عێراق.

ماددەی دوو:

أ- زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچەکە دا.

ب- زمانی عارەبی و کوردی زمانی فێرکردن دەبن لە هەموو قۆناغ و بەشەکاندا و ئەمەش بەپێی برگەی (ه)ی ئەم مادەییە جێبەجێ دەبێ.

ج- بەشی فێرکردن لە ناوچەکەدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عارەب دادەمەزرێت و فێرکردن تێدا بە زمانی عارەبی دەبێت و کوردیشی بە زۆری تێدا دەخوێندرێت.

د- هەموو ڕۆڵەکانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەیان هەیە کە حەز دەکەن تێدا بخوێنن بە چاوپوشی لە زمانی دایکان.

ه- فێرکردن لە هەموو قۆناغەکان لە ناوچەکەدا، سەر بە سیاسەتی پەروەردەیی فێرکردنی گشتی دەوڵەت دەبێت.

ماددەی سێ:

أ- ماف و ئازادی ڕۆڵەکانی عارەب و کەمایەتییەکان لە ناوچەکەدا، بە پێی ئەحکامی دەستوور و ئەو یاسا و بڕیارانەوە دەردەچن، پارێزراون و کارگێری ئۆتۆنۆمیش پابەند دەبێت بە دەستەبەری پەیرەوکردنیان.

ب- ڕۆڵەکانی نەتەوەی عارەب و کەمایەتیەکانی تر لە ناوچەکە بە پێی ڕێژەی ژمارەیان لە دانیشتووانی ناوچەکە لە دەستەکانی ئۆتۆنۆمیدا دەبن و بە پێی ئەو یاسا و بڕیارانەی بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراون بەشداری لە گرتنە دەستی ئەرك و فەرمانی گشتیدا دەکەن.

ماددەی چوار:

دادوەری سەربەخۆیە، لە یاسا بەو لاوە هیچ دەسەڵاتێکی تر لە ژوور ئەوەوە نییە و پێکهاتەکانی لە ناوچەکەدا بەشێکی لە جیابوونەوەنەهاتووی ڕێکخستنی دادوەرییە لە کۆماری عێراق.

## فەسلی دووەم: بنچینە داراییەکان

ماددەی پێنجەم:

ناوچەکە یەکەیەکی دارایی سەربەخۆیە لە نێو یەکەی دارایی دەولەتدا.

ماددەی شەش:

ناوچەکە بودجەی تایبەتی هەیە بە پێی پرەنسیپ و بنچینە کارپێکراو و یاسا باوەکان ئامادە دەکرێت و ڕێك دەخرێت و پەسەند دەکرێت.

ماددەی حەوت:

بودجەی ناوچەکە لەم بودجانەی خوارەوە پێك دێت:

1- بودجەی ئاسایی ناوچەکە.

2- بودجەی ئەنجوومەنەکان و یەکە کارگێرییەکان.

3- بودجەی ئەنجوومەنە شارەوانییەکان.

4- پلانی ساڵانە.

ماددەی هەشت:

سەرچاوەکانی بودجەی ناوچەکە لەم ڕەگەزانەی خوارەوە پێکدێن:

أ- سەرچاوە خۆییەکان، ئەوانیش لە مانە پێکدێن:

1- ئەو دەرامەتانەی بۆ شـارەوانییەکان، کارگێڕیـە خۆجێیـەکان لـە ناوچـەکەدا بـەپێی یاسا باوەڕپێکراوەکان، بڕیاریان لە سەر دراوە.

2- نرخی شتی فرۆتەنی و کرێی ئەو خزمەتگوزارییانەی سەر بەو فەرمانگە و دامەزراو و بەرژەوەندییانەی لە ڕووە کارگێڕی و داراییەوە بەئۆتۆنۆمی بەستراونەتەوە.

3- پشـکی بڕیـار لـە سـەر داوای قـازانجی ئـەو بەرژەوەنـدی و دامەزراوانـەی بودجـەی ناوچەکە دەیانگرێتەوە.

4- باجی بنچینەیی و سەربازی و خانووبەرە لە ناوچەکەدا.

5- باجی زەوی کشتوکاڵی و پشکی بەروبوومی چاککردنی کشتوکاڵ لە نێو ناوچەکەدا.

6- باجی زەوی بیناکردن لە ناوچەکەدا.

7- باجی میرات.

8- ئەو ڕەسمانەی بە پێی یاسای ڕەسمی تاپۆی خانووبەرە دانراون.

9- ڕەسمی دادگاکان و ئەو جەزایانەی دەیانسەپێنن.

13- پووڵی دارایی.

11- ڕەسمی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و گۆڕینی موڵکدارییان.

ب- ئـەوەی لـە بودجـەی ئاسـایی دەوڵـەت و بەرنامـەی وەبـەرهێنانی سـاڵانەی پلانـی گەشەکاری نەتەوەیی تەرخان دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی بودجەی ناوچەکە بـە شـێوەیەك کـە گەشـەکردن و پەرەسـەندنی هاوسـەنگ لـە گـەڵ لایەنـەکانی تـری کۆمـاری عێراقـدا دەستەبەر بکات.

ماددەی نۆ:

هـەموو حیسـاباتێکی ناوچـەکە دەکەوێتـە ژێـر چـاودێری دیـوانی چـاودێری دارایـی لێ وردبوونەوەی ناوەندی.

## بابی دووە: دەستەکانی ئۆتۆنۆمی

## فەسڵی یەکەم: ئەنجوومەنی یاسادانان

ماددەی دە:

ئەنجوومەنی یاسادانان دەستەیەکی یاسادانانی هەڵبژێردراوە لە ناوچەکەدا و پێکهێنان و ڕێکخستنی کار تێدا بە یاسا دیاری دەکرێت.

ماددەی یازدە:

أ- ئەنجوومەنی یاسادانان سەرۆکێك بۆ خۆی و جێگری سەرۆك و سکرتێر لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێت.

ب- دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ژمارەی ئەندامان دەبەسترێت و بڕیارەکانیش بە زۆربەی ژمارەی ئامادەبووان دەدرێت، تەنیا مەگەر دەقێك بە پێچەوانەی ئەم یاسایە، یان ئەنجوومەنی یاسادانان هەبێت.

ماددەی دوازدە:

ئەنجوومەنی یاسادانان لە سنووری دەستووردا پەیرەوی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە دەکات:

أ- دانانی پەیرەوی ناوخۆیی.

ب- دەرکردنی بڕیاری یاسادانانی پێویست بۆ پەرەپێدانی ناوچەکەو بەرزکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوەی بەشە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانکاری و ئابووریەکانی ئەوانەی کە مۆرکی ناوخۆییان پێوەیە لە سنووری سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا.

ج- دەرکردنی بڕیاری یاسادانانی ئەوتۆ کە پەیوەندییان بە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و خاسیەت و داب و ڕەسمی نەتەوەیی هاووڵاتیان لە ناوچەکەدا هەیە.

د- دەرکردنی بڕیاری یاسادانانی تایبەت بە فەرمانگە نیمچە ڕەسمیەکان و دامەزراو و بەرژەوەندە ناوخۆییەکان، دوای ڕاوێژ لە گەڵ لایەنە تایبەتمەندە ناوەندییەکاندا.

هـ- بڕیاردانی ئەو پڕۆژە و پلانە دوور و درێژانـەی ئەنجوومـەنی ڕاپەڕانـدن بـۆ کاروبـاری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و پـڕۆژەی گەشـەکاری و کاروبـاری پـەروەردە و فێرکـردن و تەندروستی و کار، بە پێـی داخـوازیی پـلان دانـانی ناوەنـدی و پێویسـتی پیـادەکردنی، ئامادەیان دەکات و بەرزکردنەوەیان بۆ لایەنە ناوەندییەکان بۆ بڕیار لە سەر دانیان.

و- ڕەزامەندی پێشاندان لە سەر بودجە ئاساییەکانی ناوچـەکە دوای پەسـەندکردنی لـە لایەن ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنەوە و بەرزکردنەوەی بۆ لایەنە ناوەندییەکان بۆ بڕیاردانیان.

ز- هەمووارکردنی بودجەی ئاسایی ناوچەکە دوای پەسەندکردنی، ئەمـەش لـە سـنووری ئەو گۆژمە پارە تەرخانکراوانە و ئەو مەبەستانەی لە پێناویاندا تەرخانکراون دەبێت، بـە مەرجێك لە گەڵ ئەو یاسایانەدا دژ نەوەستێت کە کاریان پێدەکرێت.

ح- وتووێـژ لـە گـەڵ کـردن و لێپرسـینەوەی ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی ڕاپەڕانـدن لـەو کاروبارانەی لە تایبەتمەندایەتی ئەواندان.

## فەسڵی دووەم: ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن

ماددەی سێزدە:

أ- ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن دەستەی ڕاپەڕاندنە بۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا.

ب- ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لـە سـەرۆك و جێگرەکـەی و ژمارەیـەك ئەنـدام پێکدێت کـە یەکسانن لە گەڵ ژمارەی ئەو کارگێڕیانەی لە مادەی چوارەمدا بـاس کـراون. یـان زیـاتر دەبن.

ج- سەرکۆمار ڕوو لە یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان دەنێت بۆ سەرۆکایەتی و پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن.

د- دەقی بڕگەی (د) لە ماددەی سێزدە، بەندی ژمارە (1) بڕگەکە پێك دێنـی و بەنـدی (2، 3، 4) یشی وەك شێوەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

(2) ئەگەر پلەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن یان یەکێك لە ئەندامەکانی چۆڵ بوو، ئەوا سەرۆکی ئەنجوومەن یەکێك دەپاڵێوێت لەوانەی کە مەرجەکانی ئەندامەتییان تێدایە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پلە چۆڵە و مەرسومێکی کۆماری بۆ دامەزراندنی پاڵێوراوەکە دەردەچێت، دوای ئەوەی بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی بڕوای ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن بە دەست دێنێ.

(3) سەرۆك یان ئەندامانی دەستەی ڕاپەڕاندن ئەگەر فەرمانێکی گشتی هەبوو، ئەوا بە دەرچوونی مەرسومی کۆماری بە پێکهێنانی ئەنجوومەن، بە دەست کێشاوە لە فەرمانەکەی دادەنرێت.

(4) ماوەی ئەندامەتی لە ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندندا بە خزمەتی کردەیی دادەنرێت لە دەوڵەتدا بۆ هەموو مەبەستێك.

هـ- سەرۆك و ئەندامەکانی ئەنجوومەن بە پلەی وەزیر دەبن.

و- سەرۆك کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لە پلەکەی لاببات، لەو حاڵەتەشدا ئەنجوومەن بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.

ز- لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن، یان بڕوا لێ ستاندنەوەی، ئەوا ئەنجوومەن تەنیا لە سەر کارە ئاساییەکانی بەردەوام دەبێت تا ئەنجوومەنێکی تازە پێکدەهێنرێت بە مەرجێك ئەم کارە لە 15 ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

ماددەی چواردە:

أ-

(1) پارێزگاکانی ناوچەکە بە سەرۆکی ئەنجوومەن دەسپێردرێتەوە.

(2) سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنە لە ناوچەکەدا بۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی و ئەو فەرمانگانەی بە ناوچەکەوە بەستراونەتەوە و بڕیار و فەرمانیش بە ناوی ئەوەوە دەردەچن.

ب- ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن بۆ پەیرەوکردنی کارەکانی پشت بەم نووسینگانەی خوارەوە دەبەستێت:

1- نووسینگەی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن.

2- نووسینگەی بە دواداچوون و پشکنین.

3- نووسینگەی ئامار و پلاندانان.

4- (1) کارگێری کاروباری ناوخۆ- ئەنجوومەنەکانی یەکە کارگێرییەکان و بەرگری شارستانی و باری شارستانەتی.

(2) کارگێری پەروەردە و فێرکردن.

(3) کارگێری ئەشغال و نیشتەجێکردن.

(4) کارگێری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ.

(5) کارگێری ڕۆشنبیری و لاوان.

(6) کارگێری شارەوانی هاوینە هەوارەکان.

(7) کارگێری کاروباری کۆمەڵایەتی.

(8) کارگێری کاروباری ئابووری و دارایی.

تایبەتمەندایەتی ئەو کارگێریانە لە شێوەی خوارەوە دیاریدەکرێت:

1- کارگێری کاروباری ناوخۆ- ئەنجوومەنەکانی یەکە کارگێریەکان و بەرگری شارستانی و باری شارستانەتی.

2- کارگێری کاروباری کۆمەڵایەتی: تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

3- کارگێری کاروباری ئابووری و دارایی: فەرمانگە داراییەکان و بەشە بازرگانی و پیشەسازییە ناوخۆیەکان.

ج- (1) ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن کە پێیان دەگوترێت (ئەمینداری گشتی)، بەرپرسیاریەتی ئەو کارگێریانەی لە برگەی پێشەوە باسکران، دەگرنە ئەستۆ و هەر یەکێکیشیان جێگرێکی دەبێت کە بە پلەی تایبەت دادەمەزرێت.

(2) ئەمینداری گشتی سەرۆکی باڵای ڕاپەراندنە لە کارگێڕیەکەی خۆیدا و بڕیار و فەرمان بە ناوی ئەوەوە دەردەچێت.

د- ئەمیندارە گشتییەکان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنەوە دەبەسترێتەوە.

ماددەی پازدە:

ئەنجوومەنی ڕاپەراندن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە بەجێ دەهێنێ:

أ- دەستەبەری جێبەجێکردنی یاسا و پەیرەوەکان.

ب- پابەندبوون بە حوکمی دادگا.

ج-بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و ئاسایش و پاراستنی دام و دەزگا گشتییەکانی نیشتمانی و ناوخۆییەکان و موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت بە گوێرەی ئەحکامی یاسا.

د- دەرکردنی بڕیاری یاسایی (تەشریعی) ناوخۆیی.

هـ- ئامادەکردنی پرۆژە پلانە دوور و درێژەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پرۆژە گەشەکارییەکان و کاروباری پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و کار، بە گوێرەی پێویستییەکانی پلاندانانی ناوەندیی گشتی دەوڵەت و پێویستی پیادەکردنی و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ پەسەندکردنیان.

و- سەرپەرشتیکردنی دام و دەزگا و دامەزراوە گشتییە ناوخۆییەکان لە ناوچەکەدا.

ز- دامەزراندنی فەرمانبەرانی کارگێری ئۆتۆنۆمی، ئەوانەی دامەزراندنیان پێویست بە مەرسومی کۆماری یان ڕەزامەندی سەرۆك کۆمار ناکات، بە پێی یاسای خزمەت و میلاك، ئەحکامی ئەو یاسایانەیان بە سەردا پیادەدەکرێت، کە بەسەر فەرمانبەرانی کۆماری عێراقدا پیادە دەکرێن، بە مەرجێك فەرمانبەرەکانی لەو دابەشکردنە کارگێرییەی زۆرینەی کوردیان تێدا نیشتەجێن، کورد بن یان لەوانە بن کە کوردی باش دەزانن، لە گەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ح- جێبەجێکردنی بودجەی ئاسایی ناوچەکە بەپێی ئەو یاسا و بنچینانەی لە سیستەمی ژمێریاری دەوڵەتدا کاریان پێ دەکرێت.
گ- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لە بارەی بارودۆخی ناوچەکەوە بۆ سەرکۆمار و ئەنجوومەنی یاسادانانت بەرزدەکرێتەوە.
ی- ئامادەکردنی خەملاندنی پرۆژەی بودجەی ئاسایی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان.

## بابی سێیەم: پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداریی ناوەندی و کارگێری ئۆتۆنۆمی

### ماددەی شازدە:

جگە لەو دەسەڵاتانەی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە پەیرەو دەکرێن، پەیرەوکردنی دەسەڵات لە هەموو لایەکی کۆماری عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستە ناوەندییەکان یان ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی ئەو دەستانە دەکەن.

### ماددەی حەڤدەم:

أ- پێکهاتەکانی پۆلیس و ئاسایش و ڕەگەزنامە و هاتووچۆ لە ناوچەکەدا بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانیان لە وەزارەتی ناوخۆ، دەبەسترێتەوە و مونتەسیبەکانیان ئەحکامی ئەو یاسا و پێرەو و ڕێنوینیانە دەیانگرێتەوە کە لە کۆماری عێراقدا پەیرەو دەکرێن.
ب- سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەراندن، داوای ڕاوێژکردن لە گەڵ وەزیری ناوخۆدا، بۆی هەیە هەندێك ئەرك بەو پێکهاتانەی لە برگەی (أ) دا باس کراون بسپێرێت، ئەویش لە چوارچێوەی ناوچەکە و لە سنووری فەرمانەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا، بۆی هەیە ئەم کارە بە ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆ بسپێرێت.

ج- بەڕێوەبەرەکانی ئەو پێکهاتانەی لە بڕگەی (أ) دا ناویان هاتووە، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ دادەمەزرێن دوای ڕاوێژ لە گەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندندا.

د- مونتەسیبەکانی پۆلیس لە چوارچێوەی ناوچەکەدا بە فەرمانی ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆ، یان کەسێك کە ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدات دەگوێزرێتەوە، لە گەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە بڕگەی (ج) ی ئەم مادەیەدا هاتووە.

هـ- مونتەسیبەکانی ئەو پێکهاتانەی لە بڕگەی (أ)ی ئەم ماددەیەدا ناویان هاتووە بە پێی ئەو بنەما و دەسەڵاتانە دادەمەزرێن و دەگوێزرێنەوە کە لە کۆماری عێراقدا کاریان پێدەکرێت، لە گەڵ ئەوەی لە بڕگەی پێشوودا هاتووە.

ماددەی هەژدە:

أ- فەرمانگەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بە فەرمانی وەزارەتەکان خۆیان دەبن و کارەکانیشیان لە سنووری تایبەتمەندایەتی خۆیاندا دەکەن و دەستەکانی ئۆتۆنۆمی بۆیان هەیە ڕاپۆرت لە بارەیانەوە بۆ وەزارەتەکان بەرز بکەنەوە.

ب- دەسەڵاتداریەتی ناوەندی، لە سنووری تایبەتمەندیەکانی خۆی، مافی ئاڕاستەکردنی گشتی ئەو کارگێرییە ناوخۆییانەی هەیە کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە.

ج- لابراوە

د- بڕیارەکانی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی، هەر بە دەرچوونیان، بە وەزیری داد ڕادەگەیەنرێن.

هـ- سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئامادە دەبێت.

ماددەی نۆزدەم:

أ- دادگای تەمیزی عێراق بە دەستەیەکی تایبەتی لە سەرۆکی دادگا و چوار ئەندام پێکدێت، ئەندامەکانی دادگای تەمیز لە نێوان خۆیان دا بۆ ماوەی سێ سالْ هەلیان دەبژێرن و دەشێ بۆ یەك جار تازە بکرێتەوە، چاودێری دەخاتە سەر ڕەوایەتی بڕیارەکانی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی.

ب- وەزیری داد یان وەزیری دەولّەت، بۆی هەیە تانە لە بڕیارەکانی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی لە بەرامبەر ئەو دەستە چاودێرییەی لە بڕگەی پێشوودا باسکرا بدات، لە بەر ئەوە پێچەوانەی دەستوور یان یاساو پێڕەوەکانە لە ماوەی سێ ڕۆژ لەو مێژوویەی کە بڕیارەکەی پێ ڕادەگەیەنرێت.

ج- تانەلێدانی بڕیارەکانی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی لە بەرامبەر دەستەی چاودێدێری دا، جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە دەوەستێنێ تا دەرکەوتنی ئەنجامی یەکلایکردنەوەیان.

د- دەستەکە لە ماوەی ئەو پەری سێ ڕۆژ لە مێژوویی پێشکێشکردنی تانە لێدانەکە یەکلای دەکاتەوە و بڕیارەکانیشی بنەبڕن.

هـ- ئەو بڕیارانەی دەستەکانی ئۆتۆنۆمی کە دەستەی چاودێری بڕیاری نایاساییان دەدات هەموو یان بەشێکیان، بە هەلّوەشاوە دادەنرێت لە مێژووی دەرچونیان و هەر شوێنەوارێکی یاسایش کە لەو بڕیارانە کەوتبنەوە لا دەبرێن.

و- دەستەی چاودێری بڕیارەکانی خۆی بەلایەنی تانەلێدەر و سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەنجومەنی ڕاپەراندن ڕادەگەیەنێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیش دا بلّاودەکرێتەوە.

ماددەی بیست:

أ- سەرۆك کۆمار بۆی هەیە ئەنجومەنی یاسا دانان هەلّوەشێنێتەوە لە حالّەتێکدا ئەگەر لە بەر دەست لە کارکشانەوی نیوەی ئەندامەکانی بۆی نەکرا دەسەلّاتەکانی خۆی ئەنجامبدات یان (نصاب)ی یاسایی لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە مێژووی بانگکردنی بۆ کۆبوونەوە نەرەخسا یان ئەو بروایەیی پێنەدرا بۆ زیاتر لە دوو جار یەك لە دوا یەك، لە

بڕگەی (د)ی ماددەی 13ی ئەم یاسایەدا دەقبەندی لە سەر کراوە، یان لە حاڵەتەکانی گوێ نەدانی بە بڕیارەکانی دەستەی چاودێری لە ماددەی نۆزدەمی ئەم یاسایە دەقبەندیی لە سەرکراوە.

ب- لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی یاسادانانداندا، ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لە ئەنجامدانی دەسەڵاتەکانی خۆی بەردەوام دەبێت تا ماوەی ئەوپەڕی 93 ڕۆژ لە دەرچوونی مەرسوومی کۆماری بە هەڵوەشاندنەوەی، ئەنجوومەنی یاسادانانی تازە هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی بیست و یەك:

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

لە ڕۆژی 17 ی مانکی سەفەری ساڵی 1394 ی کۆچی، ڕێکەوتی 11ی ئاداری ساڵی 1974 ی زاینی دەرچووە.

ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

**دەقی ئەسلی چەند بەڵگەنامەیەك لەم دەروازەیەدا بڵاوکراونەتەوە.**

٣٠/٣/٩٤٥

فخامة سفير الأمبراطورية البريطانية ـ بغداد

تحية واحتراما

يسرني جدا بأن ابعث الى شخص فخامتكم رسالتي هذه اذ ولى مرحبا فيها قدومكم السامي الى بلادنا وارجو ان تكون مخاطبتي هذه الكتابية فاتحة مخابرات صميمية بيننا نحن المخلصين وبينكم انتم المرشدين الصالحين وحامين الشعوب الضعيفة والمنكودة الحظ .

فخامة السفير

انه من دواعي سروري واخلاصي العميقين تجاه شخصكم الكريم بأن افوه اليكم بما تكنه قلبي من ويلات واوجاع المجسمة في الشعب الكوردي وخاصة فــي العراق وان الثورات المتعاقبة التي اضرم نارها هذا الشعب عند وصوله الــى درجة اليأس تجاه الظلم والطغيان من قبل المسئولين من رجالات الحكومـــة العراقية والتي في كل مرة ادت الى تقتيل وتهجير ابناء هذا الشعب الأمــين والذى هو جزء من مجموع البشرية على وجه البسيطة ولهما الحق في العيش والتمتع بالحرية التي وهبها الله عزّ وجلّ الى مخلوقه .

فخامة السفير

ادت هذه الاوضاع المؤسفة في العراق الى تقديم الشعب الكوردى مطاليب قومية لأصلاح وضعها الحالي الى سفارتكم الموقرة والحكومة العراقية وذلك تمهيــدا لأمكان الكورد من تهيئة نفسه بطرق سلمية وبحرية تامة للوصول الى هدفه الأسمى الا وهو كسبه الحرية التامة داخل حدود بلاده الطبيعي تنفيذا لما اقره كل من رئيس وزراء دولتكم المستر جرجل ورئيس جمهورية الولايات المتحدة المستر روزفلت في الميثاق الاطلسي بحقوق جميع الشعوب بعد الحرب . فلنا الأمل الوحيد فــي شخص فخامتكم ان تنظروا الى ادعاءاتنا السابقة بعين ابوى رحيم واعطاء هـــذا الشعب حقه المطلوب ضمن الحدود العراقية بصورة موقتة لحين انتهاء الحــرب الذى ستكونون فيها بأذنه تعالى انتم المنتصرون وليست لدينا امنية سوى انتصاركم المبين في القريب العاجل واظهار امانينا القومية وبناء كياننا القومي مستمدين قوانا وتطبيك الطريق الصالح من حكومتكم الموقرة هذا وارجو قبول فائق احترامي .

المخلص

البارزانــــي

ملا مصطفى

Copy.

Confidential.

The Residency,
Baghdad.

23 April, 1930.

My Lord,

I have the honour to inform Your Lordship that since my arrival in 'Iraq I have had under careful consideration the complaints which have frequently been put forward by the Kurds in 'Iraq that the pledges which have been made to them concerning their special privileges are not being properly implemented.

2. Early in the year King Faisal told me that he particularly wished to discuss with me the whole Kurdish question and we agreed that as soon as I had had time to make myself acquainted with the facts and with the views of those having special knowledge we would consider together the action which the 'Iraq Government should take to satisfy the Kurds.

Soon after, at my request, Sir Kinahan Cornwallis the Advisor to the Ministry of the Interior made a careful examination of the pledges which had been given to the Kurds and the extent to which they had been carried out. He also discussed Kurdish grievances very fully with the Administrative Inspectors of the Kurdish areasand with the British Inspector General of Education. These discussions

have enabled

The Right Hon'ble
Lord Passfield, P.C.,
Secretary of State for the Colonies,
Downing Street, London, S.W.1.

have enabled him to prepare a comprehensive note on the whole matter and to put forward concrete recommendations to the 'Iraq Government.

3. I enclose with this despatch for Your Lordship's information, a copy in English of Sir Kinahan Cornwallis' note to the Minister for the Interior which in my opinion describes very clearly the reasons which the Kurds have for complaint and the way in which they may be removed.

I have informed Sir Kinahan that I approve of the recommendations which he is making and that I will use my influence with the King and the Prime Minister to support his efforts to persuade the 'Iraq Government to adopt them.

4. The first fruit of Sir Kinahan's note to his Minister is a communique, a copy of which forms the second enclosure to this despatch, which was issued on the 9th April by Nuri Pasha's Government through the medium of the press. That this pronouncement of policy has given satisfaction to the Kurds is shown by the number of telegrams of appreciation and thanks which have already been received by the Prime Minister and by me from many parts of Kurdistan.

I have, etc.,

(Signed) F.H.HUMPHRYS.

High Commissioner for 'Iraq.

H.E.

I have recently been studying the Kurdish situation in conjunction with the Administrative Inspectors of the Northern Liwas and by order of His Majesty the King, I have made an enquiry as to whether there is any truth in the allegations made by certain Kurds that the pledges given to them, have not been properly observed.

3. The pledges are as follows:

(1) Communique by Sir Percy Cox published by the British Advisers in Mosul, Kirkuk, and Sulaimani Divisions on May 6th, 1921.

"The High Commissioner has under active consideration the administrative arrangements to be made for the future of the Kurdish districts in Iraq. It has been represented to him that apprehension exists lest the interests of the Kurds should suffer by subordination to the National Government established in Baghdad, and that for this reason there is some demand for an autonomous regime.

At the same time the leaders of Kurdish opinion are understood to be fully alive to the economic and industrial ties connecting their areas with Iraq proper and to the inconveniences which separation might involve. In these circumstances His Excellency desires if possible to obtain an indication of the real wishes of the Kurdish communities. Should they prefer to remain under the Iraq Government he is prepared to recommend to the Council of State a solution on the following lines:-

One - As regards the Kurdish districts of the Mosul Division which fall within the sphere of the British Mandate, a sub-liwa should be formed comprising the districts of Zakho, Aqra, Dohuk and Amadiya, with headquarters at Dohuk, the sub-liwa to be under a British Assistant Mutasarrif. Qaimmaqams for the time being should be British, but will be replaced by

Kurds or

Kurds or Kurdish-speaking Arabs acceptable to the Kurds as soon as competent men are forthcoming. This sub-liwa would be generally subject, for all financial and judicial purposes, to the National Government in Baghdad and would then naturally send representatives to the Constituent Assembly; but for the purposes of general administration the Qaimmaqams would address the sub-Mutasarrif while administrative appointments would be made by H.E. the High Commissioner in consultation with the local authorities.

Two - The High Commissioner will endeavour to arrange to associate British officers with the administration of Arbil, together with Keui Sanjak and Rowanduz, and will secure that in the appointment of Government officials regard will be had to the wishes of the people. Details should be elaborated as soon as the situation admits.

Three - Sulaimani will be treated as a Mutasarrifliq governed by a Mutasarrif in Council; the Mutasarrif to be appointed by the High Commissioner and to have a British Adviser attached to him. Pending the appointment of a Mutasarrif the British Political Officer will act in this capacity.

The Mutasarrif-in-Council will be delegated such powers, including right of appeal to the High Commissioner as may be approved by the High Commissioner, after consultation with the Mutasarrif-in-Council on the one hand and the Council of State on the other.

Qaimmaqams for the time being should be British to be replaced by Kurds as soon as competent men are forthcoming.

N.B. Mosul and Arbil accepted these conditions, Sulaimani rejected them.

(2). Declaration of 24th December, 1922:

"His Britannic Majesty's Government and the Government of Iraq recognise the rights of the Kurds living within the boundaries of Iraq to set up a Kurdish Government within those boundaries and hope that the different

Kurdish

Kurdish elements will, as soon as possible, arrive at an agreement between themselves as to the form which they wish that that Government should take and the boundaries within which they wish it to extend and will send responsible delegates to Baghdad to discuss their economic and political relations with His Britannic Majesty's Government and the Government of Iraq."

(3). Decision of the Council of Ministers of 11th July, 1923.

(1) That the Iraq Government do not intend to appoint any Arab officials in the Kurdish districts except technical officials.

(2) Nor do they intend to force the inhabitants of the Kurdish districts to use the Arabic language in their official correspondence.

(3) That the rights of the inhabitants and the religious and civil communities in the said districts shall be properly safeguarded.

(4). Telegram addressed by the Prime Minister to the Mutasarrif, Kirkuk:

(a) Please inform the Administrative Council that their suggestions have been accepted and that the Government agrees that the appointments be filled by local men only and that the local language be considered as official.

(b) ........ You may inform the Administrative Council and promise them the fulfilment of these conditions in an official way.

(5) Prime Minister's speech of 21st January, 1926:

"..... We should give the Kurds their rights. Their officials should be from among them; their own tongue should be their official language and their children should learn their own tongue in the schools. It is incumbent upon us to give them their rights."

and the Prime Minister's circular instructions to all Ministries -

"Your Excellency has no doubt seen the speech made by the Prime Minister in the Chamber of Deputies and publishe

in the Press on the following day. This speech embodies the policy which the Government pursued and will pursue in the administration of the Kurdish zone, namely that the officials should be Kurds and the official language Kurdish. His Excellency has therefore directed me to request Your Excellency to endeavour to carry out this policy and adhere thereto in all that appertains to the establishments of the zone in question."

(6) Stipulations of the League of Nations:

"Regard must be paid to the desires expressed by the Kurds that officials of Kurdish race should be appointed for the administration of their country, the dispensation of justice and teaching in the schools, and that Kurdish should be the official language of all these services.

3. In my personal opinion the pledges which are of the greatest importance are Nos. 3, 4, 5 and 6 and it will be seen that they refer to:-

(a). Officials.
(b). Language.
(c). Dispensation of Justice.
(d). Education.

The pledge to the Administrative Council of Kirkuk is an awkward one because the population of *most of the districts is predominantly Kurdish* and because the wholly Kurdish Qadhas of Chemchemal and Gil were transferred from the Sulaimani liwa after the pledge was given. It therefore conflicts somewhat with the pledges to the Kurds.

I propose to take the four pledges in succession but I should like first to state my opinion that the spirit in which the Iraq Government will work with the Kurds in the future is far more important than the literal fulfilment of any pledge. Rightly or wrongly the Kurds feel that they are not getting their due and it is one of the most important

tasks

tasks of the Government today to remove that impression and to instil a feeling of confidence and trust. As I intend to try and show, the Government has been to blame in certain respects --- not in large questions of policy so much as in less important matters like injudicious appointments and faulty organization. It is, however, minor complaints which often loom largest in the minds of the people and in the aggregate cause most discontent. It is the first duty of Government to consider these complaints in a sympathetic spirit and rectify them.

OFFICIALS.

5. The following figures show what officials are employed:-

K - Kurd
T - Turcoman
A - Arab
C - Christian
J - Jew

| | Gazetted. | | | | Non-Gazetted. | | | | Total. | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | K. | T. | A. | C & J. | K. | T. | A. | C&J | K. | T. | A. | C& J. |
| Sulaimani | 19 | 8 | 1 | 2 | 90 | 14 | 11 | 12 | 109 | 22 | 12 | 14 |
| Arbil | 18 | 5 | 4 | 1 | 95 | 23 | 34 | - | 113 | 29 | 38 | 1 |
| Kirkuk | 16 | 11 | 18 | 2 | 29 | 107 | 40 | 6 | 45 | 118 | 58 | 8 |
| Mosul (Kurdish Qadhas). | 11 | 3 | 14 | 4 | 46 | 8 | 43 | 35 | 57 | 11 | 57 | 39 |

6. Strictly speaking, the employment of so many non-Kurds is a definite breach of the pledge. In Sulaimani, for instance, where 99% of the population is Kurdish, no less than 30% of the officials are non Kurds. In the other Kurdish areas the figures speak for themselves.

As will be seen there are 324 Kurdish officials, 165 Arabs, 180 Turcoman and 62 Christian and Jews, i.e., the non Kurdish officials exceed Kurdish officials by 93.

This is clearly an instance where the

instructions

instructions of the Government have been neglected because there has been no one in particular responsible for seeing that the pledge was carried out literally. This neglect affords an unassailable opportunity for criticism by anyone who wishes to interpret it rigidly. I prefer to look to its spirit and on the whole do not take a very serious view of the matter because in many cases the non-Kurds are either Kirkuklis serving in the Kirkuk liwa or old inhabitants of the liwa in which they are serving who have become almost indistinguishable from the Kurds. Certain departments (especially Tapu, Customs and Agriculture) have, however, made very little effort to observe the pledges and the Kurds undoubtedly have a genuine reason to complain of this - particularly with regard to non-technical posts. I feel that the question has not up to the present been dealt with on the right lines. The Kurds try to cling jealously to the pledge which has been given them; the Arabs resent an arrangement which keeps the Kurdish liwas for the Kurds (nominally though not entirely in practise as the figures show) but does not debar them from serving in other parts of the country. It would be much sounder to make a knowledge of the language the test and permit the employment of Kurdish speaking Arabs in the Kurdish liwas and Arabic speaking Kurds in the non-Kurdish liwas. This cannot be done solong as the Kurds are suspicious of the policy of the Central Government. I consider, however, that its application will be possible if the language law which is referred to

in Para 11

para 11 is passed, providing that too great haste is not shown and that appointments are made carefully.

7. The matter of appointing suitable officials is one of great importance. It is probable that the Kurds in Arbil liwa are more discontented at the present moment than those in the other Kurdish liwas. I am sorry to say that I have come to the conclusion that this is largely due to the policy adopted by Najid Beg, the Mutasarrif. This official is capable but he is a Turcoman and has shown himself to be unsympathetic in dealing with the Kurds. He has given a bad example to other officials and there exists an anti-Kurdish bias in the administraion which is harmful. He has served more than the usual term in Arbil and I consider his immediate transfer from the Kurdish areas is essential. He should be replaced by a Kurdish official whom the Government and his own countrymen can trust.

8. A defect which requires remedying is to be found in the police force where there is a shortage of suitable Kurdish police officers and Inspectors. The result has been the appointment of Arab officials who in certain cases have not known Kurdish and have had to act through Interpreters. This is obviously wrong and greater facilities should be given to the police to train men - whether Kurds or Arabs with a knowledge of Kurdish - to be Inspectors and Gazetted Officers.

9. I think it would be not only helpful to the Ministry of Interior but also gratifying to

the Kurds

the Kurds if a Kurdish Assistant Director General of Administration were appointed in the Ministry. This official would deal in the first place with correspondence from the Kurdish liwas under the orders of the Director General of Administration. The appointment would entail additional expenditure but I feel sure this would be justified by the feeling of satisfaction that there was someone with a thorough knowledge of the Kurdish liwas in the Ministry.

10. The Kurds are beginning to feel that they are insufficiently represented amongst the high officials in the Capital. This is of course a feeling which exists in other quarters and places also but I think that due regard should be given to the numerical and political importance of the Kurds and an effort made to satisfy them as suitable men are found and vacancies occur.

LANGUAGE AND DISPENSATION OF JUSTICE.

11. The language question is one about which the Kurds are very uneasy. The pledges are quite definite and I think that no time should be lost in passing a law making Kurdish the official language of the administration in Sulaimani and Arbil and tho'predominantly Kurdish Qadhas of Mosul Liwa and admitting Kurdish as one of the official languages of Kirkuk liwa. After the passage of the law a knowledge of the language and not race, could, as I have suggested above, be made the condition of employment in the Kurdish areas.

12. Up to the present some of the Departments

have

have been neglectful about fulfilling the language pledge and a serious ground for complaint is the fact that there is no adequate machinery for translating the laws of the country and the many regulations - financial and otherwise - which are constantly being brought out. Basic Laws such as the Baghdad Penal Code still remain untranslated and in Arbil, for instance, not only is the language of the Courts Arabic but proceedings and judgments are also recorded in Arabic. Laws, Regulations, Circulars and correspondence of general administrative application are sent to the Kurdish liwas in Arabic and are supposed to be translated by the Mudirs Tahrirat. This is uneconomic because the staffs of four liwas are set to make a translation of the same thing. It is unfair to the public because the translations cannot be uniform. The correct translation of legal documents is a matter of care and skill. Such documents cannot be translated properly by unqualified staffs which are already occupied with administrative work and in many cases they probably remain untranslated. The result is that non Arabic reading official cannot do their work correctly and the public are deprived of the fundamental right of being taxed and ruled according to laws written in their own language. I consider that an adequate Translation Bureau should be established, preferably under this Ministry, to translate laws into Kurdish for publication in the Official Gazette and such other documents as the Ministry considers necessary. I consider also that

proceedings

proceedings and judgments in the Courts should be recorded in Kurdish.

EDUCATION.

13. Kurdish complaints about the educational policy of the Government are many. Some of them may be justified, others I think are exaggerated. It is difficult for a Government which is hampered by lack of funds to do everything at once and in this case the question is complicated by the fact that Kurdish has only just been standardized as a written language and that there is a shortage of qualified teachers.

The two main defects in my opinion are firstly that no Kurdish boy can be properly educated in the Kurdish liwas today because there are not even any full secondary schools and secondly that there is no Kurdish Education area since Arbil falls into the Mosul area and Sulaimani and Kirkuk are administered by the Area Education Officer, Baghdad. I have heard complaints that the educational policy adopted by the responsible local officials is not in accordance with the pledges. Whether this is so or not I consider that an Educational Area consisting of Arbil, Kirkuk and Sulaimani should be established without delay under a suitable Kurd. I think also that the full secondary course should be given in the Secondary Schools at Arbil and Sulaimani and that more Primary Schools be opened as funds are available. If a Kurdish Educational Area is established, the Kurdish official in charge will have to meet the criticisms of the Kurds and there will be less chance of administrative short-

comings

comings which as I have pointed out above are often due to lack of funds - being interpreted as a deliberate attempt by the Government to neglect its pledges.

14. I think that too much importance is given here to the question of the medium of instruction in Kurdish schools. It is obviously the right of the Kurds to have their elementary instruction in Kurdish but I believe that if the language law is passed and the Kurds can be convinced that there is no idea of destroying their national entity, they themselves will ask for the medium of instruction in some of the more difficult subjects in the higher courses to be in Arabic. With the opening up of communications, the Kurdish liwas are no longer isolated and Young Kurds will realise that they will not be equipped to take their part in the national life without a knowledge of Arabic. This is a question which will settle itself in due course and it is a mistake to introduce into it the issue of nationality.

15. My recommendation may be summarized as follows:-

<u>OFFICIALS</u>.

i. That as soon as a Language Law is passed a knowledge of Kurdish and not race should be made the test of employment.

ii. That in the meantime all departments should be required to pay more attention to the appointment of Kurdish personnel.

iii. That the Mutasarrif, Arbil, should be

transferred

transferred at once and a suitable Kurd appointed in his place.

iv. That the Police should be given facilities to train more Kurdish speaking gazetted officials and Inspectors.

v. That a Kurdish Assistant Director General of Administration be appointed in the Ministry.

vi. That the possibility of finding suitable Kurds for some of the higher departmental appointments in Baghdad should be examined.

LANGUAGE AND DISPENSATION OF JUSTICE.

vii. That a Law should be passed making Kurdish the official language of the administration in Sulaimani, Arbil and the predominantly Kurdish Qadhas of Mosul liwa and admitting Kurdish as one of the official languages of Kirkuk(see i above).

viii. That a Translation Bureau should be set up in Baghdad.

ix. That the proceedings and judgments in the Courts should be recorded in Kurdish.

EDUCATION.

x. That for purposes of Education the liwas of Arbil, Kirkuk and Sulaimani should be grouped into one Mantiqa under a suitable Kurd.

xi. That there should be full Secondary Schools at Arbil and Sulaimani and that the numbers of Primary Schools be increased as funds permit.

ADDITIONAL RECOMMENDATIONS.

xii. That the addition of a Kurdish symbol to the Iraq flag should be considered as an appeal to Kurdish sentiment.

16. Your Excellency will see that in my recommendations I have ignored the demands of the Kurdish nationalists for an extension of the Kurdish area into the Diyala and Kut liwas and for any change which will lead to the separation of the Kurdish liwas from the Kingdom of Iraq.

I do not consider such demands are in the best interests of the Kurds themselves or of the Iraq State. My recommondations will not satisfy the more ardent Nationalists and there will certainly be a demand at the very least for the extension of the Kurdish Educational Area and for the formation of a Dohuk liwa. The door may be left open for reasonable extensions such as these but I think it should be closed against anything which militates against Iraq Unity.

What I chiefly plead for is sympathy in considering the legitimate complaints of the Kurds. I have head it said that there is no Kurdish question. I think this is far from actuality. The Kurds are uneasy and suspicious and there had been a great deal of harmful propaganda mainly from Baghdad. If this is allowed to continue unchecked and if nothing is done to remedy real grievances and instil a feeling of trust, I am certain that there will be trouble. Not only will there be trouble but the demands of the Kurds will increase with it until the Government will be faced with the alternative of meeting it with force or agreeing to demands which offer no prospect of stability for the future.

It will be a great mistake if the Government looks only to the fulfilment of the letter of the pledges. Their object was to incorporate the Kurds in the Iraq nation and it is their spirit more than their literal fulfilment which is important. I believe that if the Government treats the question in a broad-minded and sympathetic manner, it will be

possible

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی دەروازەی یەکەم

1. د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا, ڕاپەرینـەکانی بـارزان لـە بەڵگەنامـە نهێنیـەکانی هـەردوو حکوومـەتی فەڕەنسا و بـەریتانیادا 1931–1949 وەرگێڕانـی لـە فرەنسـییەوە, چاپخانەی ئاراس/2313/ بەرگی یەکەم, ل146

2. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشـی یەکـەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961–1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004 ل426.

3. هـ. س. پ، ل519

4. دەقی جاڕی جیهانی مـافی مـرۆڤ، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ – حکوومـەتی هەرێمی کوردستان.

5. گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە (8) ئەیلوولی 2336 هەولێر، ل197

6. هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێسـتی یاسـای نێودەوڵـەتی، لـە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چاپی دووەم ، هـەولێر 2006، ل215

7. هـ. س. پ، ل223

8. قادر وریا، چەند دیکۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لـە بـارەی مافـەکانی مـرۆڤ، وەرگێـران، بـەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2006 هەولێر، ل82

9. محەمەد سالح عقـراوی، کـورد و دەوڵـەتی سـەربەخۆ بـە پێـی بەڵگەنامـە نێودەوڵەتیـەکان، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی خـانێ، دهـوك 2007، ل146

10. قادر وریا، هـ. س. پ، ل161

11. محەمەد سالح عقراوی، هـ. س. پ، ل.20

12. هـ. س. پ، ل29

13. هـ. س. پ، هەمان لاپەرە.

14. هـ. س. پ، ل78

15. هـ. س. پ ل32

16. سەلمان عەلی، کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2005، ل10

17. مەعروف چیاوك، کارەساتی بارزانی زۆڵملێکراو، وەرگێرانی ئەبو بەکر سالح ئیسماعیل، چاپخانەی ڕوشنبیری و لاوان، چاپی دووەم، هەولێر 2009، ل170

18. محەمەد سالح عەقراوی، هـ. س. پ، ل50

19. هـ. س.پ، ل137

20. هـ. س. پ، ل138

21. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004، ل.388

22. هـ. س. پ، ل429

23. محەمەد سالح عەقراوی،هـ.پ، ل26

24 تا 27. هـ. س. پ، ل60-61

28. . مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004، ل343

29. هـ. س. پ، ل363

# دەروازەی دووەم

## دەسپێکی دەروازەی دووەم

بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... متد،

ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد، وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتنی بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

ئەوەی لە لاپەرەکانی داهاتوو ئاماژەی بۆکراوە و خراوەتە ڕوو بەشێکی بچووکە لەو تاوان و زوڵم و زۆردارییەی بە سەر بارزانیەکاندا هاتووە، بەڵی ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خودای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.

بۆ لە نێوبردن و سڕینەوەی ڕەچەڵەکی بارزان و بارزانیەکان هەموو ڕێگا و ڕێباز و ئامێریان بە هەموو جۆر و شێوە تاقیکردووتەوە، سەرەرای ئەو هەموو بەڵێن و پەیمان و گفت و ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی بۆیان دراوە، لە پێش چاوی هەموو ئەو وڵاتانەوە، مرۆڤی بارزانی ڕاگوێزراون، سووتێنراون، دوور خراونەتەوە، لە سێدارەدراون، جینۆسایدکراون ...هتد.

# بەشی دووەم

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

# لە نێوان ساڵانی(1907 –1945/9) دا

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە نێوان ساڵانی(1907 –1945/9) دا

پتر لە سەد ساڵە بارزانیەکان سەرکردایەتی شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانی سەدەی بیستەم و بزاڤی ئازادی خوازی هاوچەرخی کوردستانیان کردووە و بەردەوامیشن، هەر بوویە ئەمڕۆ گەر توێژەرێك یاخۆد مێژوو نوسێك بیەوێت لە مێژووی بزاڤ و ڕزگاریخوازی کوردستان بکۆڵێتەوە، ناچارە بە وردی لە مێژووی بارزانیەکان و داستانی سەرکردایەتیان و ئازار و ڕەنجی پیاوەکانیان و ڕاگواستن و ئاوارەیی و وێرانکردنی دێهاتەکان و سوتاندنی زەوییە بە پیت و چینراوەکان و ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی خێزانەکانیان و لە دایکبوونی کچ و کوڕەکانیان لە وڵاتانی دراوسێ و ڕێگای ئاوارەبوون و لە ئەشکەوت و باشووری عێراق بکۆڵێتەوە.

ڕۆڵی نەتەوەیانەی ڕەسەنی ئەم بنەماڵەیە پاڵی بە دوژمنەوە نا کە لە ماوەی چەند قۆناغێکی یەك لە دوایەکی مێژووی بزاڤی کورد، هەوڵ بدات بە هۆی ڕاگوێزران و دەربەدەرکردن و تیرۆرکردن و بەندکردن دەستیان بە کارە شوفینستەکان کرد دژی بارزان و خەڵکەکەی کە هیچ ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستان ئەوەی نەدیت، کە بارزان[1] و خەڵکی بارزان بینی و دووچاری بوون لە مێژووی هیچ وڵاتێکی ئەو جیهانەو لە هیچ یەکێك لە گوندەکانی جیهان نەبووە، داگیرکەران ئەو هەمووماڵوێرانی وخوێنرێژییە ئەنجام بدەن وەك ئەوەی داگیرکەران چەند جار بە بارزانیان کردووە...دەکرێ بڵێن ڕووداوە مێژووییەکان سەلماندویانە ئەو داگیرکردن و شاڵاوە بیانیانەی بارزان دووچاری بووە ئامانجی تێکشکاندنی پێگەی کوردستان بوو وەك لانەی گەلی کورد و کۆلەکەی ئیسلام و دواتر پارچە پارچەکردن و لێك بڵاوکردنەوەی یەکێتی نەتەوەی کورد و بچوکردنەوەی قەوارەکەی و تواندنەوەی کەسایەتی و سڕینەوەی سیماکانی و توانەوەی

گەلی کورد لە بووتەی نەتەوەی داگیرکەردا.[2] بارزانیەکان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دەیان جار دووچاری ڕاگواستن و ئاوارەبوون و زیندانیکردن و وێرانکردن و جینۆسایدکردن هاتوون.

لە کۆتایی ساڵی 1907 هێزی سوپایی عوسمانی بە سەرکردایەتی فەریق (فازل پاشای داغستانی) پەلاماری دەڤەری بارزانیاندا، داغستانی بە هێزەکانیانەوە هاتە ناوچەی بارزان و گوندەکانی سوتاند و هەرچی هەبوو تالانی کرد, تەنانەت ژن و منداڵی بە دیل گرت، لەم ڕووداوە مەلا مستەفای بارزانی تەمەنی (3) سێ ساڵ بۆ لە گەڵ دایکی بۆ بە دیلی هێزەکانی عوسمانی لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی کران و[3] بنەماڵەی بارزانیەکانیش ڕاگوێزران بۆ موسڵ و (120) بارزانی تریش گیران[4] هەر لە ساڵی1907 چەند هۆزێک زەوی و زاری شێروانیەکانیان لە لای ڕۆژهەلاتەوە داگرت و هێزە سەربازییەکانیش لە بەرەی دووەمی (دینارتە) پێشڕەویان کرد و هەموویان لە جەرگەی دەڤەری بارزان یەکیان گرتەوە و مەڕ و مالات و مێگەلیان تالان کرد و خانوو و زەوی و زاری بارزانیان سوتاند.[5]

لە ساڵی (1909) سوپایەکی گەورە بە پاڵپشتی تۆپ و بە کرێگیراو و ئاغا کوردەکان پەلاماری بارزانیان دا.[6]

لە ساڵی (1913) هەمدیسان هێزی سوپای عوسمانی هێرشیان کردە سەر بارزان، ئەمەش بووە هۆی شەهیدبوونی (15) پانزە کەس لە بارزانیەکان و ئاوارەبوونی "شێخ عبدولسلام" و هەندێك لە بارزانیەکان بۆ کوردستانی ئێران، سوپای تورك و بەکرێگیراوەکان گوندەکانیان تالان کرد و ئاگریان تێبەردا.[7]

کاربەدەستانی تورك خەلاتیان دیاری کرد بۆ ئەو کەسانەی بە زیندوویی یان بە مردوویی "شێخ عەبدولسەم"یان تەحویل بدات.[8]

شێخ عەبدولسەلام لە گوندی گەنکەچین بە هۆی خیانەتی خاوەن ماڵەکە دەگیرێ و لە گەڵ سێ چەکداری پارێزەری لە سنووری سێرۆ تەحویلی دەوڵەتی تورکەکان دەدرێت. لە پایزی ساڵی 1914 شێخیان بۆ زیندانی موسڵ بەڕێ کرد.[9]
سلێمان نەزیف والی موسڵ کە ڕۆشنبیرێکی کوردی سەر بە ئیتحادەکان بوو لە زیندان بە شێخ عەبدولسەلامی گوت:
(حکوومەت دەسەڵاتدارە هەر زەرەرێکی پێ بکەوێ دەتوانێت دە قاتیش زیاتر تۆڵە بستێنێتەوە، بەڵام هەر زەرەرێکی بە تۆ بکەوێ قەرەبوو نابێتەوە چاری حکوومەتیش بە تۆ ناکرێت).
شێخ عەبدولسەلام وەڵامی دابووە:
من لە پێناو ئازادی گەلی کوردمدا هەموو ئازارێك دەچێژم، بۆچی مافی کورد نادەن؟!.)
لە (14) کانوونی یەکەمی ساڵی (1914)ز بە دادگایی کردنێکی سەرپێ و کارتونی و بێ فەرمانی "باب عالی" و بە فەرمانی "سلێمان نەزیف" والی موسڵ[10] حوکمی لە سێدارەدان (خنکاندن) یان بە سەر"شێخ عبدالسلام" و سێ لە هاورێیەکانی درا، یەکێکیان"محەمەد ئاغای هیشتی" بوو، سەرۆکی عەشیرەتی (ڕێکانی) پیاوێکی پیر بوو، یەکێکی تریان"عەبدی ئاغای مزۆری"بوو، ئەویش پیاوێکی بە ساڵاچوو بوو، ئەوی تریان "عەلی کوڕی حەمەدئەمین ئاغای مزۆری "بوو، کوڕێکی گەنجی شایان بوو، لە سەر داواکردنی مافێکی خوراوی خۆیان هێنرانە بەر (سێدارە) و خنکێنران، "شێخ عبدالسلام" لە پێش ئەوەی بچێتە بەر تەنافەکە، دەست نوێژێکی شۆرد، هەندێ قورئانی خوێندەوە و پاشان چووە پێشەوە و گوتی: (ئەم کوژرانەی من وەنەبێ بۆ حکوومەت قازانجی هەبێت) ئەمەی گوت و پەتەکەی کردە ملی خۆیەوە، "عەلی حەمەد ئاغا" لە بەر سێدارەکە گوتی: ((قوڕ بە سەر حکوومەت وەنەبێ لە نەمانی ئێمە (بارزان) لە ناوبچێت، باحکوومەت بزانێ کە بارزان نامرێ !)) ئەویش سەری کرد بەپەتەکەوە.[11]

له ساڵی (1920) کاربەدەستانی ئینگلیز بڕیاریاندا دەستێکی کۆشندە لـە بارزانیـەکان بوەشـێنن، گـەورەترین عەشـیرەتی کـورد بسـڕنەوە تـا ڕێگـە بـۆ نیشـتەجیبوونی ئاشوریيەکان تەخت ببێ بـە بیـانووی ئـەوەی کـە ئەوانـە (واتـە ئاشـوریەکان) تـەنیا لـە ناوچـە شـاخاویدا دەتـوانن نیشـتەجێبن، ئـەو عەشـیرەتە گەوریـەی کـە ئامانجیـان لـە ناوبردنی بوو، تەنیا عەشیرەتی بارزان بوو.[12]

لێرە نەخشە جینۆسایدیەکەی بەریتانیا بەرامبـەر بـە بارزانیـەکان ڕوونـتر دەردەکـەوێت کاتێك لە بەرنامەی دابوو بە هەر شێوازێك بێت ئەم دەڤەرە لە بارزانیـەکان چـۆل بکـات، بەڵام ئاسوريیەکان هەندێکیان وایـان کـرد و هەنـدێکیان نـەیان ویسـت ئـەو پەيوەندییـە مێژووییەی نێوان خۆیان و بارزانیەکان تێکبدەن[13] بۆیە گەڕانـەوەی ئـەم پەنابەرانـە بـۆ دەڤــەرە بنەچــەکەیان نەخشــەی جینۆســایدی بــەریتانیای پوچــەڵکردەوە. کاتێــك ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە ڕەوشی سیاسی و هەڵوێستی شۆڕشـگێرانەی شـێخانی بارزان لە گەڵ ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان ناگونجێ.

لە هاوینی ساڵی (1931) کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراق ئەم جارەیان بە شێوازێکی تر کەوتنــە نەخشــەی پــەلامار بردنــە ســەر بــارزان ئــەویش بــە هانــدانی هۆزەکــان دژی بارزانیــەکان لــە مانــە هــۆزی برادۆســتیەکان, ئــەوەبوو لــە هــاوینی ســاڵی (1931) برادۆستیەکان پەلاماری عەشیرەتی شێروانی ناوچەی بارزانیان داو گوندەکانی (کرکال و کولەك و بابکێ) یان تالانکرد و ماڵەکانیان سوتاند[14] ئەمانە دوا گوندی شێروانیەکانن لـە سەر سنووری هۆزی برادوست.

جۆن هنری میولر[15] دەڵێت: ((... نزیکەی چوار سەد پیاوێك دەبـوون، لـەو گۆرەپانـە کۆببوونەوە و چاوەڕێی گەیشتنی شێخ ئەحمەدی بارزانییان دەکرد.

لە پڕ دەنگی تەقەی ناڵی ژێر ئەسپان دەهـات. خەڵکەکـە هـەمووی قوسـقی بـوون و لـە هەموو لایەوە ڕوانیـان و تەماشـای ئـەو چـوار پۆلیسـەیان کـرد، کـە کـەلێنیان دانـێ بـە ناویاندا تێپەڕن.

پۆلیسەکان بەبێ دەنگی و بە بێ ئەوەی هیچ گرنگیەك بەو خڕبوونەوەی بدەن، زۆر بە چاوێکی کەمەوە سەیری ئەو کۆبوونەوەی کوردانیان دەکرد و بە سپایی بەرەو سەرا چوون.

ئینجا شێخ ئەحمەدی بارزان لە شەقامی سەراجخانە بە دەرکەوت، پیاوێکی باڵا بەرزی بەخووە بوو، جامەدانەیەکی گەورەی لە سەری پێچابوو، چوار پیاوی عەشیرەتەکەی خۆی لە دوای دەڕۆیشتن. دوو لەو پیاوانە تەزبێحی (131) سەد و یەك دەنکی زەردی نوێژییان بە دەستەوە بوو، دووەکەی تریش دەست لە سەر مشتووی خەنجەری بەر پشتێندی.

شێخ ئەحمەد گەیشتە گۆڕەپان، یەکسەر بە ناو ئاپۆڕای خەڵکەدا ڕۆیشت و بەڕاست و چەپدا بە سەری سەڵاوی لەو کوردانە دەکرد.

کە یشتە باریَ سەرەوەی گۆڕپانەکە لەویَ لە سەر سەکۆیەك کە هەر چوار دەورەی بە گوڵی چاندراو ڕازابووە، ڕاوەستا.

لە دەستە ڕاستیەوە پیاوانی جێی متمانە و لە چەپیشیەوە پیاوانی خەنجەر لەبەر پشتێندیَ ڕاوەستابوون.

ئینجا شێخ ئەحمەد دەستی برد نامەیەکی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و لە سەر خۆ کردیەوە و زۆر بەڕێزەوە خوێندیەوە و گوتی:

سڵاوتان لێ بێ کوردینە. ( بۆ ماوەیەك کشوماتی و بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت، شەدەکانی سەریان نەبێ، جولە لەبەر هیچیەوە نەدەهات).

دوایی... من ئەم نامەیەم لە گەورە پیاوانی دهوکەوە بۆ هاتووە، تا ئێمەی کورد هەموو پێکەوە بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین. وا ئێستا نامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە...

بۆ هەمو کوردێك

( شێخ ئەحمەد زۆر لە سەرخۆ و بە دەنگێکی بەرز خوێندییەوە، تا هەموو لێی تێبگەن). ئاگاداربن، چاوتان بکەنەوە، ئاوڕێك لە دەوروبەری خۆتان بدەنەوە. ئەوا

ئینگلیز ئیستاکە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا پەیمانێکی بەستووە و لەگەڵی ڕێککەوتووە کە چاو لە مافی نەتەوەی کورد بپۆشێ، دوای دوو ساڵی دیکەش ئینتیدابی ئینگلیز لە عێراق دەکشێتەوە، ئەو دەم چارەنووسی کوردان وەك ملکەچ و بێدەسەڵاتێك دەکەوێتە ژێر ڕکێف و دەستی عارەبانەوە، جا مایەی شەرمەزارییە، ئەگەر لێرەش وەکو کوردی ناوچەی سلێمانی داوای مافی نەتەوەی کورد نەکەین. ئێمە دەزانین کە خوشك و برایانی سلێمانی لە سەر ئەو بیر و باوەڕەن کە ئێمەی کورد هەموو پێکەوە یەك دەنگ داوای مافی خۆمان بکەین... ئەوان توانیان کۆمەڵەی نێونەتەوەیی و کۆمسیارانی ئینگلیز لەم بارەیەوە وشیارکەنەوە. بۆیە دەبێ ئێمەش پشتی ئەو ڕاپەرین و هەستانەوە سەر پێیەی سلیمانی بگرین. ئەگەر وانەکەین ئەو بارودۆخەی ئێستا خراپتر دەبێ و هەڵمان لە دەست دەچێ و مافی نەتەوەیی کورد دەدورێنن.

ئێمە، ئەو ناوانەی کە لە سەر ئەم نامەیە مۆمان کردووە“ زیندی، گولی، بەرواری و عاشایەری دوسکی... ئەرکی سەر شانمانە کە ئەو نامەیە بگەیننە گویچکەی هەموو جیهان و جیهانیانەوە و ڕشت بین لە سەر مافی نەتەوەکەمان. مافی ئیمەش و مافی خەڵکی سلیمانی هەمووی هەر مافی کوردانە و لە هیچ خالێکدا جیاوازیمان لە نێواندا نییە و ئێمەش هەروەکو خەڵکی ناوچەی سلیمانی داوای وڵاتێکی سەربەخۆی کوردان دەکەین، وەك چوون ئەو پەیمانە لە کۆمەڵەی نێو نەتەوەییەکانەوە، درابوو.

– شێخ نوری بریفکانی
– شێخ غیاثودین
– شێخ ڕەقیب سورچی
– شێخ شهاب زبەیر
– شێخ ئوبەید ئەفەندی
– سەرۆکی شارەوانی ئامێدی
– شێخ تیرخان حاجی

– ڕەشید بەگ بەرواری

تێبینی: ئەم نامەیەمان، نێردراوە:

– سەرۆکی کۆمیساری ئینگلیز لە بەغدا

– سەرۆك وەزیران لە عێراق

– پەرلەمانی ئینگلیز لە لەندەن

– خەڵکی ناوچەی سلیمانی

شێخ ئەحمەد نامەکەی پێچایەوە و نایەوە گیرفانی و گوتی:

دوێنی چوار پیاو ئەو نامەیان لە دهوکەوە بۆ هێناوم، دەیانەوێت هەواڵی ئێمە بۆ شێخەکانیان بەرنەوە. لە بڕیاری ئێمەیان ئاگادار بکەنەوە داخۆ بڕیارمان لە سەر چیە.

بەڵام پێش ئەوەی بینە سەر بڕیارەکە ئەو چوار پیاوانە دەیانەوێت باسێکی بارودۆخی ئەو ناوچانەی ڕۆژ ئاواتان بۆ بکەین.

ئەوجا دین خات هۆرمز هاتە تەنیشت شێخ سەلاویکی موسڵمانانەی لە کوردەکان کرد و گوتی : السلام علیکم.

هەموو وەلامی سەلامیان دایەوە زۆر وریایانە سەیری ئەو پیاوەیان دەکرد کە خەنجەری بەر پشتێنی بریسکە بریسکە بوو.

ئێمەی کورد هیچ ڕێگایەکی خەبات و تێکۆشان نەما تاقییان نەکەینەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆمان، ئەو مافەی ئینگلیز و عارەب لە بەیاننامەکانیاندا دانیان پێدا هێنابوون و مۆیشیان کردبوو، بەلام ئەمرۆ وەك پاشگەزبوونەوە لە بەلێنەکانیان چونکە هیچیان دیار نییە.

ئەدی کوان ئەو مافانە !.

ئەو دەمەی کورد بیری لە ئۆتۆنۆمی دەکردەوە بۆ خۆی، عارەب خەونی بە حوکمرانی خۆیەوە دەبینی، کەچی وا ئەمرۆ گوند و شار و شارۆچکەکانمان هەموو بۆردوومان و

وێران و خاپۆر کراون و کاولکاری و بۆردوومـانیش هـەر بەردەوامـە، بـۆمبی کاتیمـان بـە سەردا دەبارێنن.

ئینگلیز بە تەن بۆمب و تەقەمەنییان بـە سـەردا هەڵدەرێـژێ هـەر بـۆ ئـەوەی بـەرگری و پارێزگـاری دەسـەڵاتی شـا فەیسـەڵی پێبکـەن، بـە داخـەوە حکوومـەتی عـارەب چـەند سەرکردەیەکی لە ئێمە دەستەموو کردن و ڕاکێشانە بن باڵی خـۆی و وای لێکـردن بچـنە موسڵ، لە وێ بە دەرزی و دەرمـانی سـڕکردن دەمـاری پیـاوەتی و خیرەتـی کوردانـەی کوشتن، ناچاریکردن بە ملکەچییەوە لە سەر چەندین نامە و بڕوانامانـدا پەنجـە مۆریـان پێبکەن.

حکوومەتی عارەبان باش دەزانێ کە کوردسـتان پارووێەکـە تـاڵ و بـەری قـوت ناچـێت. کـوردی ئێمـە و کـوڕە جگـەر سـۆزەکانمان تـا ئـەمرۆ کـەمیان خـوێن نـە بەخشـیووە، ئەوەشـیان هـەر لـە نـاو بـیر و دڵ و دەروون و ناخدایـە، کەهـەر ڕۆژێـك هـەلێکیان بـۆ هەڵکەوێ و دەستیان بڕوا خۆیان ڕزگار دەکەن و لە ژێـر چـەپۆکی عارەبـان دێنـەدەرێ، ئەوەش هیچ گومانیکی تێدا نییە و هـەر دەبـێ بێتـە دی. عـارەب ئـەوە چـاك دەزانـێ و تێگەیشتووە، بەڵام ئەوە ئینگلیزە کە بۆ پاراستنی شا فەیسەل وادەکات.

ئێمە هـەر تـەنیا مـافی خۆمـان گەرەکـە و هیچـی دی، باشـە ئێمـە تاکـەی هـەر لـە ژێـر چەپۆکاندا بین و ببینە قوربان و سەدەقەی دەهۆی سیاسی ئەم و ئەو.

کە دین خات هۆرمز لە وتارەکەی بووە، تا شێخ ئەحمەد جارێکی تریش بێتەوە و قسان بکات. خەڵکەکە دەستان بە چەپلە ڕێزان کرد و سەری ڕەزامەندییان لە قاند.

شێخ ئەحمەد گوتی: گوێتان لە دین خات بوو چی گوت، ئێستا نۆرەی مـەحمود عـەلوان یە قسان بکات.

مـەحمود هـەردوو دەسـتی لـە بـن هـەنگڵی نـابوون و قاچـەکانی لـە ڕەواسـتانیدا لێـك بڵاوکردبوونەوە.

ئێمە بە قسەی پیاوی دووزمان و شۆفار و زمان پیسان ناومان لەو دنیایـەدا زڕاوە گوایـە میللەتێکی ڕەمەکی و نا شارستانی و نەزانین و جێ متمانـە و بـاوەر نـین. بـەڵام ئێمـەی کورد سەدان جارمان سەلماند، کە نەدڕندەین و نە پیاو خـۆر و نـە بـێ ئەمـەك. هـەرگیز کورد ستەم لە برادەر و ئاواڵی خۆی ناکات پابەندی پەیمان و بەڵێنی خۆیەتی و هـەر لـە سەر قسەی خۆی دەمێنێتەوە. ئێمە چەندان ئینگلیزمـان گـرتن و نـان و ئاومـان دانـێ و ڕێزمان گرتن و بەرهەڵداشمان کـردوون هـەر بـۆ هینـدێ سـکاڵای ئێمـە بـە گـەورەکانیان ڕابگەیەنن، ئێمە ئەوان نین کە خراپیان تیگەیشتوون. مـن لـە ئێـوە دەپرسـم تـا ئێسـتا عارەبێك ئەوەی کردووە؟!

ئینگلیز بۆ خۆیان ئەوەی چاك دەزانن، کە عارەب لە شەری دۆڵی ڕافیدەین چوون بـوون و چوون هیچ ڕوویەکیان پیشان نەدان بۆ پشگیری، هەرگیز لای تێشکاوی نـەبوون و کـێ ئازابا یە ئەوان شـێری وان بـوون، هـەربۆ ئـەوەی تـاڵان و بڕۆیـان دەسـکەوێ و خـەریکی پاتاڵی بن. هەر ئەو عارەبانە بوون کە تورك و ئینگلیزیان لە لا وەك بوون و بە یەك چـاو سەیریان دەکردن و لێیان دەخەفتن تا بیانکوژن و پارە و چەکەکانیان بـەرن؟ ئیسـتاش لە تورکیا زارەوەی خائن عارەب یان هەر لە سەر زاریە.

باشە ئەگەر کورد و ئاشوری پێکەوە بە گژ ئینگلیزدا چووبانایە و باوەڕیـان بـە بـەڵێن و پەیمانـەکانی ئینگلیـز نەکردبایـە، ئینگلیـز هینـدە پاشـەڵی خـاوێن دەبـوو، ئـاوا نـەوتی ولایەتی موسڵی بە چەنگ کەوێ...!. بەڵام ئەمڕۆ کە ئینگلیز ئاوا بـە سـەر عارەبـان بـە جوابە، هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بە سـەر ئێمـەدا بشـکێ. بۆیـە وا باشـترە هـەر نـەبێ ئەگەر خۆشمان تەسلیم بە دۆژمن بکەین، باخۆمـان ڕادەسـتی دۆژمنـی ئاشـکرا بکـەین، نەك دوژمنی فێڵباز و بەمەکر و دەهۆ. بۆیە دەبێ، تا پـۆلیس و سـەرباز و مووچـەخۆر و حاکمی عارەبان بنێرنـە نـاو هـەتا دان بـەو نامەیـەدا نـەنێن کـە بۆیـان دەنێـرین و هـەتا چارەسـەرێك بـۆ ئێمـە نەبیننـەوە، نـابێ بـە هـیچ جۆرێـك واز لـە خـەبات بێـنین و لێـی ساردبینەوە، مەحمود کشایەوە دواوە.

شێخ ئەحمەد بە دەنگێکی نزم و لە سەرخووە گوتی:

پێش ئەوەی چ بڕیارێك بدەین و بیان دەینە دەست ئەو دوو پیاوانە، ئێستا گوێمان لە خەباتگێڕێکی گەورەی تر دەبێت کە سەرکردایەتی چەند شەڕێکی گەورەی دژ بە تورکەکان کردووە و لە وەتەی هەشە بە درێژایی تەمەنی خۆی ژیانی بۆ کێشە و ئاریشەی کورد تەرخان کردووە. هەر ئەو مانای ژێر دەستی و چەپۆکی بێگانە دەزانێ، ئەو خەباتگێڕەش کاك عومەر قادری نەوەی شێخ سەعیدی پیرانە.

شێخ ئەحمەد کشایەوە و هەوڵی دا کاك عومەر بێتە پێشەوە.

کاك عومەر قادر تفەنگێکی بە شانییەوە و دەمانچەیەکی بە قایش و فوروشەوە بە پشتێندیوە بوو، خەنجەرە زێڕەکەشی لە بن پشتێندی دەبریسکایەوە. خەڵکەکە کەوتنە پسکە پسك و وەکو گەلاداران سەریان دێنا و دەبرد، چونکە هەر یەکەیان دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران شتێکیان دەزانی و قامچی لێدانەکەی سەر سەکۆی مزگەوتیش کرابووە گۆرانی و زۆربەیان دەیان زانی، کاك عومەر قادر هەر لەو ڕۆژەی لە موسڵ گەڕایەوە، وەك خەباتگێڕێکی کۆن خۆی وا تەرخان کرد کە موجاهیدێکە بۆ ئاریشەی کورد و ئەو کێشەیەی لە لا لە هەموو شتێك گرنگترە. لە ئەنقەرە و بەغداش وا لە قەلەم درابوو، تا ئەو پیاوەیان بە ساغی دەستگیر نەبێ هێمنی و ئارامی ناگەڕێتەوە ناو ئەو چیا و دۆڵ و شاخ و بەندەنانەوە.

ئیبنجا عومەر قادر گوتی: من سڵاوی ئەو برایانەو پێ ڕادەگەیەنم کە لە چیایەکانی ڕەواندز و هەکاری و گلاری و ئازەربایجانن. سڵاوی ئەو براینەو پێ ڕادەگەیەنم کە وەکو من بە شەوی تاریك و نووتەك و ئەنگوستە چاو ناو ئەو چیایانەی نیشتیمان دا لە ترسی ئەوەی نەوەك بکەونە بەر دەستی تورك و عارەبان هەدا نادەن و دەسووڕینەوە، ئێمە کورد هەر دەبێ بەم شێوەیە تەنانەت لە ناو چیا و زێدی خۆشمان وەك دز و جەردە و ڕێگران خۆمان حەشاردەین و خۆمان بشارینەوە. تورك و عارەب لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردووین، تەنانەت هەر بۆ ئەوەندەی بتوانن پێمان بوەستن و بە سەرماندا زاڵ

بن، هەر بۆیەش پەیمان و بەڵێنەکانیان شکاندن و گرێبەندەکانیان دڕاندن و ستەمیان لە گەڵ شێخەکانماندا کرد و هەڵیان واسین.

هێشتا برینەکانی سەر پشتی باپیرم سارێژ نەببون لە دیار بەکر بە لە سێداریاندا، برایەکم لە شەڕدا شەهید بوو، ئەوی دیان لە سێدارەدا. خوشکەکانم تا ئێستا هەر بێسەر و شوێن و بزرن، شێخ نوریش کەوتە زیندانەوە.

دوا وشەشی زۆر بە حەماسەتەوە بەسەر ئەو گۆڕەپانەدا تەقاندەوە: هەتا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا شێخ رەحمانیش لە شێرناخ سەربەست و ئازاد و سەربەخۆ بوو، وای خۆ پێشاندەدا کە لە گەڵ چەند شێخێکی کوردی تردا سەر بە عێراقن و دانیان ناوە بە شایەتی شا فەیسەلدا لە پاشایەتی عێراقیدا، چونکە فەیسەل بەلێنی ئۆتۆنۆمی پێ دابوون. بەڵام ئێستا شێخ رەحمان لە کوێیە؟ خۆ هەموو دەزانن عارەب کوشتیان. باشە ئێستا چەند لە سەرکردە کوردەکانمان ماون؟! چەندیان پەناهندە و چەندیان دوور خراوەی شوێنە دوورەکانن و لە وێ نیشتەجێی ناچاری و هەموو دەستبەسەرن؟. چەندین پیاوی کەڵەمێردی شۆڕشگێرمان لە سێدارە دران؟ باشە دەبێ خوێنی ئەو هەموو شەهیدانە هەر وا بە خوت و خۆرایی و بە مفتە بروا؟ یان دەبێ ئەو هەموو گوندە بۆمبارن کراو و سووتاوانە و ئەو هەموو خەبات و شۆڕشگێرییەمان هەروا بە ئاسانی بڕوا و لێگەڕێین لە ناو زێدی باب و باپیرانمان وەدەرنێن و دەنگێ نەکەین...!؟ باشە دەتوانین باوەڕ بەو پەیمان و بەلێنانەی ئەنقەرە و بەغدایە بێنین؟

ئایا دەکرێ ئێمەش چاوەڕێی هەمان چارەنووسی ئەرمەن و ئاشوری و کیرکیزن بکەین، کە هەموویان قەلاچۆکردن و لە ناویان بردن و بزر بوون؟.

ئەبو نیسان نامەیەکی لە گیرفانی عەرەبێکی دیبلۆماتیکدا دیتەوە فەرموون بزانن چییە؟...

ئەبو نیسان زەردەیەکی هاتێ و گوتی: سوپاسی ئەو چەپلە ڕێزان و ڕەزامەندیانەتان دەکەم, بەڵام لەبەر ئەوەی من هەر لە سەرەتای هەرزەکاریمەوە وەك شۆڕشگێڕێك بە

شاخیەوە بووم و نەمتوانیەوە بخوێنم و قوتابخانە تەواو بکەم بۆیە هیچ سەودایەکم نییە، با جەنابی شێخ ئەحمەد بۆتان بخوێنێتەوە.

کاك عومەر نامەکەی کردەوە و دایە دەست شێخ ئەحمەد، بو خۆی کشایە دواوە دەستی خستە سەر مشتووی خەنجەرە زێرەکەی.

شێخ ئەحمەد سەر پێی و بە خێرایی چاوێکی بە نامەکەدا خشاند و گوتی لە نامەکەدا هاتووە دەڵێت بۆ شێخ ئەحمەد و ئەو کەسانەی لە گەڵیدان: دوای ئەوەی تۆ هەموو فەرمان و بەیاننامەت خستە پشت گوێ و بە هیچت دانەنان، وا پێت ڕادەگەینین، دەمانەوێ لە ئاسمانەوە هێرشتان بێنینە سەرو بۆمبارانتان بکەین. دەبێ لەمەو دوا بە شەشتیران هێرش بهێنینە سەر خۆت و گوند و مەڕ و ماڵاتەکانتان و دەبێ ئەو جۆرە بۆمبایانەتان لێ بەکاربێنین کە هەر یەکەیان دوای چەند ساعاتێك بتەقێتەوە، بۆیە پێت دەڵێین، ژن و منداڵان لە جێگایەکی پەنا حەشاردە و لە خۆتانی دوور خەنەوە. چونکە ئەو لێدان و هێرش و بۆمبارانە هەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو دەمەی هەموو ڕابۆنەکانتان دادەمرێتەوە ئێوەش بە خۆتان و هەموو ئەوانەی لە گەلتان، دێن خۆ بە دەستەوە دەدەن. بۆیە وا بە هەڕەشەوە پێت دەڵێین، چونکە حکوومەت زۆر بە هێزە و تۆ بەرگەی ناگری و هەموو ڕابوونێکیش بێ سوود و ئامانجە، با چیتر خوێن نەرژێ.

شێخ ئەحمەد هێشتا نامەکەی تەواو نەکردبوو، جەماوەری ناو گۆرەپانەکە لە هەرایان داو پێیان بە زەوی دادا و مستیان گرێ کردن و هاواریان کرد، ئەوانە هەموویان نەفرەتی خوایان لێ بێ. هەموو دەیانزانی مەبەستی ئەو نامەیە چییە، شەڕە...شەڕە...

هەریەکە لە بەر خۆیەوە ڕایکێشایە چەخماخی دەمانچەی و کەوتنە تەقەی هەوایی.

شێخ ئەحمەد نەیتوانی کەف و کوڵ و هەڵچوونی ئەو کەڵەمێردە کوردانە دامرکێنێتەوە و هێوریان بکاتەوە، بۆیە هەر یەك ڕاست هەڵیان کوتایە سەر سەرایە. نۆبەتدارەکان هەر نەترە و هەترەشیان چوو، جەماوەر بەبێ تەقە چوونە ناو ژووری سەرایە و داگیریان

کرد، مەفرەزە و دەوریەی پۆلیسەکانی سەر شەقام و ناو بازاریشیان دەستێك پێدا هێنا.

ئەبو نیسان چووبووە نێو بازاری مزگەران، تا لاشەی پۆلیسە عارەبەکان بە داریەوە نەبینێ. شەوێ بە سواری لێدا و ڕووی.

پاش چوار ڕۆژ عارەب لە کەرکوك سەری بڕاوەی لێپرسراوی لیوای سلیمانیان لە گەڵ نامەیەکدا دیتەوە، لەو نامانەی کە حکوومەت بەهەزارانی لە نێو ئەو چیا و چۆڵانەدا لێ بڵاوکردبووە, ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا ڕاست دەسپێکی هەستانەوەیەکی تر بوو پێشوازی لێکرا.

کابرایەکی شێخ (واتە سەرەك عەشیرەتێك) لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1931 دا زۆر بە نامەردی بە نهێنیەوە هێرش بۆ شێخ ئەحمەد دێنێ و چەند سەرێك مەڕ و ماڵات و وڵاغ و چەند ئافرەتێك دەدزێ و دەیانبات.(16)

شێخ ئەحمەد دەزانێ، حکوومەت لەو هێرش هینانە سەری حکوومەت ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام حکوومەت چاوپۆشی لێدەکات و دەیخاتە پشتێ گوێ و لێی ناپرسێتەوە.

پاشان شێخ ئەحمەد هەڵدەستی بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە دۆژمنەکەی بکاتەوە، هێرش دەکاتە سەری و زیانێکی زۆر لەو زیاتری لێ دەخا کە بۆ خۆی لێکەوتبوو. لەمەوە خەڵك چاوەڕێ بوون کە حکوومەت لەشکریان بکاتە سەر. بەڵام هەر دەروەستی شێخ ئەحمەد نەهاتن و سەرەرای هەموو ئەو لەشکرکێشی و شەڕ و هەرایەش، شێخ ئەحمەد لە گەڵیان ئاشت بووە و زیانەکانی سوپای هەموو بۆ قەرەبوو کردنەوە و ئەو سەربازانەی بە دیلیش گیرابوون و هەمووی بەردان و ڕەوانەی کردنەوە و پێی وا بوو بەم هەنگاوە ئیدی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەو شەرە دۆزیوەتەوە. حکوومەت ئەوەی زۆر بە ڕاشکاوی وەرگرت و پێی وابوو ئەمجارەیان دەتوانێ دەروەستیان بێت و پاکیان بکاتەوە.

دووبارە شەر دەستی پێکردەوە، بە سەدەها بۆمب و خۆمپارە بە سەر ئەو گوند و لادێ و پێشمەرگانەدا، کە وەك شێر لەگەڵ شێخ ئەحمەد دا دەجەنگین. بەڵام فڕۆکە و

بۆمبـــاران هـــەموو وڵاتـــی کـــاول و وێـــران و خـــاپوور کـــرد، شـــێخ ئەحمـــەد گـــیرا و دەستبەسەرکرا، سەدان پێشمەرگەی کورد ڕووەو سنوورەکانی تورکیا هەڵاتن، بەڵام کە گەیشتنە ناوچە سنووریەکان سوپای تـورك بۆیـان لـە بۆسـەدا بـوو و هـەمووی کوشـتن، هەرچەندە سـنوورەکەش لـە ژێـر قەڵـەمڕەوی دەوڵـەتی عێراقیـدا بـوو، بـەڵام بـە فیتـی ئینگلیزەکانیان کرد...

لە (1931-12-19) تاخمێك لە هێزی عێراق بریتی بوون لە (2) توپ وهەندێك چەکی ڕەشاش مەڵبەندی بارزانیان گەمارودا... بۆ ڕۆژی دوایی لـە بەرەبـەیان هێـزی ئاسمـانی دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز ئاواییـەکانی بارزانیـان بۆردوومـان کـرد[17] بـارزان دووچـاری پەلامارێکی نامەردانەی سەربازگەی (بلە) بـوو کـە بـە هۆیـەوە بـارزان ڕاپـەری[18] دەبـێ ئەوەش بگوترێ "شێخ ئەحمەد" وعەشرەتەکەی یەکەم کەس بوون حکوومەتی عێراق و بەریتانیا ویستیان لە ناوی بەرن.

مەعروف چیاوك لـە سـاڵی 1931 ڕاپـۆرتێکی بـۆ جـەمال مەدفـەعی سـەرۆکی ئەوسـای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نوسیوە، ئەمەی خوارەوە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەیە:[19]

برام جەنابی جەمیل ئەلمەدفەعی بەڕێز دوای سڵاو...

لە ڕۆژنامەکاندا چـاوم بـەو نووسـینانە کـەوت کـە دەربـارەی جولانـەوە سـەربازییەکانی بارزان بە مەبەستی تەمبێکردنیان، بڵاوکراونەتەوە، پاش لێڕامان، لە تۆ زیاتر کەسی تـر نابینم کە پشتی پێببەستم بۆ ئەوەی ئەم نامەیەی بخەمە بەر چاو، بۆیە ئەم نووسراوەم پێشکەش بە بەڕێزتان کرد بەڵکو سەرنجتان ڕابکێشێ و پێشکەشی دەرباری پادشایەتی بکەن و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕەوتی کارەکان بخاتەوە سەر ڕاستەرێ ئێـوەش ببنـە هۆکارێکی خێرخوازانە.

1- لای ئێـوە شـاراوە نییـە کـە کوردەکـان هـەموویان هـەر لـە شـوانێکەوە بیگـرە تـا سەرۆکێك، لەو باوەڕەدان کە تاوانبارکردنی بارزان بە یاخیبوون و سوپا ناردنـە سـەریان بە ئاماژەی ئینگلیز بەرێوەدەچێ، دەزانـن ئـەم ماسـتە موویـەکی تێدایـە چونکە وەکو

ڕووداوەکـان پێشـانی دەدەن، ئینگلیـز مـەرامی تایبـەتی خـۆی هەیـە لـە ڕاگواسـتنی بارزانیەکان.

2- ئەم عەشیرەتە، هەرچەندە لە قبۆلکردنی ئەو شتانەی کە وەزارەت بە سەپاندن بـە سەریاندا دەی سەپێنی سەختگیریش بن، بەڵام ناپاك یان یاخی نین، نەریتە کۆنەکانیان و زانینـی ئـەوان بـە مـەرامی ئینگلیـز و سـەرباری ئـەوەش شـێوازی بـەریوەبردن لـەو ناوچانەدا وای لێکردوون سەختگیربن و ئەو شتانە ڕەت بکەنەوە، ئێوە سەیری ڕاپـۆرتی بەریز عەبدولعەزیز مزەفەر بکەن کـە لـە وەزارەتـی نـاوخۆ هـەڵگیراوە ئینجا هەقیقـەتی کارەکانتان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

3- بارزانیەکان ئەوەندە نەزان نین کە ڕادەی هێز و دەسەڵاتی حکوومـەت، لـەوەی کـە لـە ماوەیـەکی کورتـدا، حکوومـەت دەتـوانێ دەریـان بکـات نـەزانن، بـەڵام ئـەوان لـەو هەڵوێستەیاندا داکۆکی لە نیشتمان و مەزارگەی شـێخانی خۆیـان دەکـەن کـە لـە گۆشـە نیگای ئەواندا بە پیرۆزترین و خۆشەویسترین شت دەزانرێ.

4- هۆکـاری لیکـدان لـە نێـوان فـەوجی بلـێ و بارزانیەکانـدا و کەوتنـەوەی ئـەو زیانـە گیانییە، بە هۆی ئەوەبوو کـە سـوپا تـەنگی بـە عەشـیرەتی بـارزان هەڵچنیوە. چـونکە ئەوان باوەریان وابوو لە ناوچوونیان مسۆگەرە جا چ بـەرەو ڕووی سـوپا بوەسـتنەوە چ خۆیان تەسلیم بکەن، هەر وەکو یەك وایە.

5- ئامانجی ئینگلیز لەو جولانەوەدا وەفـاداری بـۆ ئـەو پەیمانەیـە کـە بـە ئاشـوریەکان دراوە بۆ ئەوەی نیشتمانێکی نەتەوەییان بۆ دابمەزرێنن. جا ئەگەر بێتو خوا نەخواسـتە ئەم سیاسەتی ڕێرەوی خۆی وەربگرێ، ئەوا مەترسی نەك تەنیا هەر بۆ ناوچەی باکوور، بەڵکو بۆ هەموو نیشتیمانی عێراق لێدەکەوێتـەوە، ئـەم کـارە گێروگرفتـی ئاڵۆزمـان بـۆ دروست دەکات کە لە شێوەی کێشەی فەلەستین دەچێ، ئەمەش کارەسات و مـاڵوێرانی هەر تەنیا بۆ کورد نانێتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو عێراقییەکان.

6- ئینگلیز زۆر بە چاکی دەزانیٚ مادەم ئەم عەشیرەتە لە ژیان دایە، ئەوان بەو ئامانجانەی خۆیان ناگەن، لە بەر ئەوە ئەوان بە تایبەتی کۆمەڵەی (پاڕاستنی ئاشورییەکان) لە لەندەن بە هەموو تواناى خۆیانەوە هەوڵی فیتنە نانەوە و پیلانگێری دەدەن لە لایەکەوە حکوومەت دنە دەدەن و لە لایەکی تریشەوە لە ناو کوردەکان فیتنە دەنێنەوە.

7- خۆدی بارزان قەڵایەکی بەهێزە لە باکوور و دەتوانیٚ بەرپەچی دەست درێژی بداتەوە و ئەم قەوارەیە بپارێزی، لە بەر ئەوە مانەوەی بارزانیەکان لە جێگای خۆیاندا کارێکە ئەرکی نیشتیمانی و مافەکانی خۆدی عەشیرەتەکەش لەو نیشتمانەی خۆیاندا کە سەدان ساڵە بە دەستیان هێناوە، دەکا بە کارێکی حەتمی.

8- بۆ ئارام کردنەوەی هەستی کەسانی ئەم عەشیرەتە و ئینجا شیانی هەستان بە ئەنجامدانی چاکسازییە داخوازیکراوەکان و فریٚدانی چەك، من وای بە باش دەزانم بە گوێرەی توانای دارایی دەوڵەت، بە پێی هەلەمەرج و کات، ڕێوشوێنی کارگێری و سیاسی بگرێتە بەر، بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوەیان دەبیٚ سوپا بکشێتەوە و لێبووردنێکی گشتی دەربچیٚ و ئەمەش بە وەرگرتنی ڕێوشوێنی حەکیمانە دەبیٚ:

أ- دیاریکردنی شێخ ئەحمەدی بارزانی بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان.

ب- دیاریکردنی مەلا مستەفا بە قایمقامی قەزای زێبار ( وەکو چوون ئینگلیز لە دەورانی داگیرکردنندا لە زۆر قەزادا کردی، وەکو چوون دەوڵەتی عوسمانی لە دیاریکردنی سەرۆك عەشیرەتەکاندا لە هەندێك ناوچەدا، وەکو دیاریکردنی فەهد هەزال بە قایمقامی قەزای رزازە و دیاریکردنی محەمەد عەلی جاف بە قایمقامی قەزای خانەقین،کردی ) و یارمەتیدەرێکی بەرێوەبەری پۆلیس لە گەڵیدا دیاری بکریٚ کە خاوەن خەسلەتی چاك و پاکی ڕاستەقینە بێت.

ج- دیاریکردنی محەمەد سدیق بە بەرێوەبەری ناحیەی بارزان و دانانی کۆمیسەریکیٚ پۆلیس لە گەلدا کە خاوەن ئەزموون وسەر ڕاست بێت. بەم شێوەیە حکوومەت دەتوانیٚ

چاکسازییە داخوازیکراوەکان لە بابەتی کردنەوەی قوتابخانەوە بنیادنانی بنکەی پۆلیس و خۆشکردنی ڕێگا و بان و پتەوکردنی ئاسایش هەڵبستێنێت. بەم شێوە ڕێوشوێنانە عەشیرەت دەتوانێ ئارام ببێتەوە و ژیانی بەرایی بە جێبێڵێت و ملکەچی فەرمانەکانی بێت. هەر بەم شێیەش حکوومەت سامان و پشوودانی دەست دەکەوێ رعیەت گەلیش دڵنیا دەبێتەوە.

السلام و علیکم و رحمه الله وبرکاته

لە یەکەم ڕاپەرینی بارزان ساڵی (1931-1932) لە ئەنجامی هێرشەکانی حکوومەت بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا ( R A F) و بۆمبارانکردنی بەردەوامی دەڤەری بارزان ناچار دانیشتووانی گوندەکانی تیرەو عەشیرەتی (بەڕۆژی، نزاری، شێروانی، دۆلەمەری) کۆچیانکرد بۆ ناوچە شێروانییەکانی ڕۆژئاوای ڕووکوچك و دەڤەری گەردی و مزۆرییەکان، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1931) ئامادەباشی وەردەگرن بوو پەنا بردنە بەر تورکیا[20]

لە نیسانی ساڵی(1932) ناوچەی بارزان بۆمباران کرا بە تایبەتی گوندی بارزان، ژن ومندالّ و پیاوی پیر کە نەیان توانیبوو دەرچن هەموو لە ژیر بۆمبای حکوومەتە ئیسلامییەکەدا! ! پارچەپارچە بوون[21]لە ڕۆژی (24-26)ی مایس لە ساڵی (1932)دا بەیاننامە بە هۆی فرۆکە بلاّوکرایەوە ئەو ناوچەیە و باشووری ڕۆژهەلاّتی مزۆری بالاّ کە بێن خۆیان بدەن بە دەستی حکوومەتەوە. سەیرتر ئەوەبوو لە ڕۆژی(25) مایس دا فرۆکەکانی هێزی هەوایی بەریتانیا بۆردوومانی دێهاتەکانی ئەم ناوەی دەکرد، مرۆڤ و مەڕ و مالاّت و هەرشتێکی بەرچاو بکەوتایە بە هێزی چەکداری بارزانی دەزانی و دەی کوشتن، کەچی ڕۆژی پێش و پاش ئەو ڕۆژە واتە (25) مایس، بەیاننامە بە زمانی کوردی و بە مایکرۆفۆن دڵسۆزی لە گەڵ دەنواندن کە بێن خۆیان

بـدەن بـە دەسـتـەوە[22] لـە (27)ی مـایس بـە هـۆی بۆردوومـانی بەردەوامـەوە ناچـار بارزانیەکان پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکان، ژن ومندالّ لەو ناوەدا لە بەر بۆمبای فڕۆکە بە سـەریەکدا دەکـەوتن، لـە ڕۆژی (31)ی مـایس هەنـدێ لـەخێزان و منـدالّی ناوچـەی (بـەڕۆژ) هاتنـە نـاو ئاوایـەکانیان و خۆیـان دا بـە دەسـتەوە. ئـەم جـۆرە کوشـتارە بـێ بەزەییانە بەرامبەر بە بێ گوناه و ژن و مندالّی بارزانیەکان درێژەی کێشا تا ڕۆژی (9)ی حوزەیرانی سالّی(1932). ناچار"شێخ محەمەد سدیق" لە بەر ئەوەی ئەو ژن و مندالّـە بێ گۆناهانە لەوە زیاتر لە ژێر بۆمبادا پارچە پارچە نەبن، هزری هاتە سەر ئەوەی خۆی بدات بە دەستەوە و کۆشش بکات بۆ ئەوەی شەڕ بوەستێنرێ، بـەڵام نـە ئینگلیـز و نـە حکوومەتی عێراقی هیچیان ئەم قسەیان وەرنەگرت.[23] هـۆی بنچینـەی ئـەم ڕاپەڕینـەش ئەوە بوو حکوومەتی عێراق بە فەرمانی ئینگلیـز کـە لـە ژێر سـایەی بـۆ مـافی میللـەتی کوردی لە عیراق نەدەدا.

لـەو ڕۆژەی کـە دەوڵـەتی عێـراق دروسـت بـوو بایـەخێکی ئـەوتۆ بـە ڕۆشـنبیری و خوێنـدەواری و تەندروسـتی ناوچـە کوردیـەکان نـەدەدرا، بـە تایبـەتی ناوچـەی بارزان.[24] هەموو خێزانە بارزانیەکان لە دولّی (زێت) کـۆ دەبنـەوە بـۆ چـوونە نـاو خـاکی تورکیا، هەندێکیان ڕوویـان کـردە وڵاتـی تورکیـا و هەنـدێکیان لـە چـۆلّ و چـیاکان وەك ئەشـقی مانـەوە، هەنـدێکی تریـان گەڕانـەوە بـوو گونـدەکانیان, ئەمانـەی دواییـان ئـەو خێزانانە بوون کە مەترسیان لەسەر نەبوو بە پێی بڕیاری "شێخ ئەحمەد" گەڕانەوە بوو گوندەکانیان, ژمارەیان کەم بوو زیاتر بە تەمەنەکان بوون کە نەیان دەتـوانی ئـەم ڕێگـا سەخت و دژوارە ببڕن سەرەرای بەردەوامی بۆمبارانکردنیان.

لە (21-6-1932) دوا خێزان گوندی (زێت) بە جێدێلن و دەچنە گوندی (گرانـە) لـەو دیوی سنووری تورکیا. کـۆی ژمـارەی خێزانـە ئاوارەکـان (400) خێـزان بـوو لـە وێـش حکوومەتی تورکیا ئەوانی بەرەو (ئەرزەروم) لە ڕێی (گەڤەروانەوە) ڕاگواسـتن، ئەمـەش یەکەمین ڕاگواستنی کوردان بوو لە عێراقدا دوای دامەزراندی دەوڵەتی عێراق.[25]

باری گوزەرانی خێزانە پەناهەندە بارزانیەکانیش بە هۆی فشاری بێ ئەندازەی ڕژیمی تورکیای ئەوکات تا دەهات لە گشت ڕوویەکەوە زیاتر بەرەو خراپی دەچوو,[26] شێخ ئەحمەد لەگەل پیاوەکانی ڕاگوێزران بۆ ئەدەرنە لە سەر سنووری نێوان تورکیا و بۆلغاریا.

پاش یەك سالْ بۆ تورکیا دەرکەوت کە ئینگلیز دەیەوێت ئاشوریەکان نیشتەجێ بکات لە سەر خاکی بارزان، بەم کارە نیگەران بوو هەلْسا بە گواستنەوەی بارزانیەکان لە ئەدرنە بۆ ئاکۆیان لە سەر سنووری خاکی بارزان.[27]

هەر لە ئاوارەیی وڵاتی تورکیا چەند کەسێك لە بارزانیەکان کوژران و خنکێراون، هەندێکیشان بەهۆی سەختی ڕیگا گیانیان لە دەستداوە.

هاوولاتی (دەرویش حەسەن مروان)[28] خەلْکی گوندی بێدود دەبێژی:( لە سالْی 1932 لەکاتی ئاوارەبوونی بارزانیەکان بۆ تورکیا لە ڕاپەرینی یەکەمدا، باوکم بە ناوی حەسەن مروان سێودین بە دەستی تورکەکان شەهیدکراوە).

ئافرەتێکی تەمەن (92) سالْ بەناوی (فاتیمە شەریف مەلا حسێن) خەلْکی گوندی بارزان,[29] دەلْێت: (بە بیرم دێ ئێمە لە گەلْ شێخ ئەحمەد بارزانی بە پێیان چووین ئاوارەی وڵاتی تورکیا بووین، ژیانمان لەوێ زۆر ناخۆش بوو گوندەکانیشمان هەمووی وێران و سوتێنران).

هاوولاتیەکی تر بەناوی (کوێستان محەمەد سلێمان)[30] خەلْکی گوندی (بابسێفا)دەلْێت: (دایکم دەی گێرایەوە، من لە ڕێگای ئاوارەبوون بۆ تورکیا لە دایکبوومە دەی گوت زۆر هیلاك بووم، هیچ جێگا و شوێنی حەوانەوە نەبوو، جگە لە مەش فرۆکەکان بەردەوام بۆردوومانی دەکردین...).

لەم ڕاپەڕینەدا فرۆکە و بۆمبا چەکەکانیان بە سەر خەلْکی مەدەنی و ژن و منداڵدا تاقی کردنەوە، دانیشتووانی کوشت و خانووی گوندەکانی بە سەریەکدا ڕۆخاند، تەر و وشکی بە یەکەوە سوتاند بە تایبەتی بارزان و دەوروبەری.[31] هەر لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی

بەردەوامی خەڵکەکە بۆ یەکەم جار خەڵکی ئەم دەڤەرە بۆمبای (تیشك هاویێژیان) بینی فڕۆکە بە شەو بەری دایەوە زیانێکی زۆری بە خێزان و مەڕ و ماڵات گەیاند. بە جۆرێك زیانی خێزانەکان زۆر لە زیانی چەکدارە شەڕکەرەکانی مەیدان زیاتربوو.[32] هەر لە ساڵی (1932) ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەی ئینگلز بە شەپۆڵی یەك بە دوا یەکەوە هاتن هەرچی لە خوارەوە بیان دیبایە دایان دەپەلۆست، بۆ یەکەم جار (بۆمبای کاتی)یان هاوێشت کە منداڵێکی زۆری کوشت، چونکە لە بۆمبا فرێدراوەکان کۆدەبوونەوە و لە پڕێکا دەتەقینەوە و لە ناوی دەبردن.[33] هەر بوو دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی بارزان، هێزی سوپای عێراق و بەریتانیا کەوتنە هێرش و وێرانکردن تەنیا لە ناوچەکانی (بەرۆژ ، شێروان، مزۆری)" (79) گوند وێران کران، لە سەرجەمی (2382) خانووبەرە (1365) خانویان سوتاند و ڕۆخاند, واتە (%60) وێرانکرا.[34]




***هێلکاری ژمارە(1) وێرانکردنی گوند و خانووی دەڤەری بارزان لە ڕاپەرینی یەکەمی بارزاندا.***

پـاش پەیوەنـدیکردنی بارزانیـەکان بـە وڵاتـی دراوسـێی (تورکیـا) و پـاش دەربڕینـی ڕەزامەندی بە وەرگرتنی خێزانەکان، پاش ئـەوەی بارزانیـەکان بـە مـاڵ و خێزانـەوە لـە (21-6-1932) دوا خێزان گوندی (زێت)یان بەجێهێشت و ڕوویانکردە خاکی تورکیا، پـاش سـاڵێك بـە هـۆی پـەلاماری تورکیـا و پاشـکەزبوونەوەی لـە بڕیـاری وەرگرتنـی ئاوارەکان, لە بەهاری ساڵی (1933) پەیمانێك لە نێوان (ئینگلیز- عێراق - تورکیـا)دا مورکرا, حکوومەتی تورکیا (86) کەسی لـە شـێخانی بـارزانی دایـە دەسـت حکوومـەتی عێراقەوە لە وانە"شێخ ئەحمـەد و مـەلا مسـتەفا و محەمـەد سـدیق و بـابو, منداڵـەکانی شێخ عبدالسلام و هەموو خێزانەکان" ڕاگوێزان بۆ موسـڵ ئیـدی قۆنـاغی دوورخرانـەوەو دەست بە سەرداگرتن دەستی پێکرد.[35]تا سـاڵی (1936) لـە موسـڵ مانـەوەو پاشـان ڕاگوێزران بۆ بەغـدا و پاشـان ڕەوانـەی ناسـریە کـران و[36]دوورخرانـەوە سـەرئەنجام لـە هەمان ساڵ مۆڵەتی گەڕانەوەیان بـۆ کوردسـتان پێـدرا بـەو مەرجـەی هـەر لـە سـلێمانی دابنیشن.[37]

لە (5 ی ئابی 1935) ئەحکامی عورفی لە هـەموو ناوچـەکانی بـارزان ڕاگەیەنـدرا و بـە هەموو جۆر هەموو لایەکیان لێ تەنین! دیوانی عـورفی کەوتـە ئیشـەوە بـە گونـاح و بـێ گوناح ئەگیرا و حوکم ئەدرا، هەندێك لـە سـەرۆکەکانی ئـەو نـاوە، وەکو"عومـەر گـوران، مەلا زادە ئیسـماعیل، محەمـەد مـەحمود، فـارس عـەلی"و چـەند کەسـێکی تـریش بـەبێ ئەوەی شتێکی وایان لە سەر بدۆزنەوە، فەرمانی خنکاندنیاندا بە سـەریانا و خنکێنـران، زۆریشیان هەر لەو ناوە گرت و فەرمانی زیندانیان دا بە سەریان، ئیـدارەی عـورفی وازی بەمە نەهێنا، بە پێی وتەی موتەسەڕیفی موسڵ و قایمقامی زێبار ئاژاوەچیەکان وەختـێ قبوڵ دەکرێنەوە کە:

1. سەرۆکەکان هەموو بدرێن بە دەستەوە بۆ دادگایکردن.
2. لەو وڵاتەدا جامانەی سوور لابەن و جامانەی شین لە سەر ببەستن.

3. ئەوانەی کەوا یاخیەکان پەنا ئەدەن ئەبێ تۆڵە بدرێنەوە.[38]

لە ناوەڕاستی ساڵی 1936 "مەلا مستەفای بارزانی" بۆ وتوویژ دەچێتە موسڵ لە وێ دەست بەسەردەکرێ لە لایەن موتەسەڕیفی ئەوسای موسڵ، ژەهری بۆ دەکەنە نێو قاوەو بە موعجیزە لە مەرگ ڕزگاری دەبێ پاش دوو هەفتە بێهوشی.[39]

لە شوباتی ساڵی 1936"خەلیل خوشەوی" و هاوکارانی شەهید دەکرێن، سەری "خەلیل خوشەوی"یان بڕیبوو،[40] لە نێو تاشە بەردی چوارچێوەی ئەشکەوتێك. "خەلیل خوشەوی" لە گەڵ (12) هەڤاڵی, هەندێ ڕای تر هەن دەڵێن (30) هەڤاڵی تری زۆر بێ ویژدانانە و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی شەهید دەکرێن، بەڕێز مسعود بارزانی هەر بە (30) کەس لە قەلەمی داون، ئێمەش هەر بە (30) لە هاوڕێیانی مان زانیووە، حکوومەت هەر بەمەش نەوەستا بۆ چاوترساندن و تۆقاندن, دوور لە هەموو خۆ ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی سەری "خەلیل خوشەوی" و سێ لە هەڤاڵانی لە لاشەیان دەکرێتەوە و دەیانبەنە شێروان مەزن کە سەنتەری ناحیەکەیان بوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە بەر چاوی خەڵکەکە هەڵدەواسرێن، وەك دیارە مەبەستی حکوومەت لەو کارە:

یەکەم: نیشاندانی سەرکەوتن و هێزو بازووی خۆی بوو.

دووەمیش: بۆ چاو ترساندن و پەند لێوەرگرتنی خەڵکەکە بوو.[41]

لە ساڵی 1936 حکوومەتی عێراق "شێخ ئەحمەد و خێزانەکان و ماڵ ومنداڵی شێخ عەبدولسەلام" لە گەڵ چەند کەسێکی تر لە ناسریە بۆ (ئاڵتون کوپری) و (کفری) پاش مانگێك ڕاگوێزران بۆ سلێمانی.[42]لە بەرئەوەی ئەمانە خەڵکی وڵاتێکی کویستانی بوون، ئەم ماوەیەی کە لەم ناوچانەدا بوون و زۆربەیان دووچاری نەخۆشی و زەردوویی و تالەرز ببون، بوویە گوێزرانە شاری سلێمانی...

سلێمانی بوو بە شوێنی ژیانی (7) حەوت ساڵیان بە خراپترین و چەوسانەوەترین ژیان لە وێ بە سەربرد. حکوومەت کارێکی وای کردبوو کە تەنانەت خەڵکی مەدەنیش نابێ لە گەڵیاندا قسە بکەن، لە برسان و لە ڕوتیا مەجوس بەزەیی پێیاندا ئەهاتەوە.[43]

مەلا مستەفا لە گەڵ دوو کەس بە ناوەکانی(مستەفا عەبدوڵڵا و سلێمانە سۆر) بە نهێنە لە ڕێی پێنجوین – بانە – سەردەشت – پەسوێ – لاجان – ناودەشت – سێلکێ– سریشمە – بارزان، (بە مەودای زیاتر لە 120 میل) لە ماوەی یەك هەفتەدا بە پێی، گەیشتنەوە بارزان... کاتێك گەیشتە بارزان چەند سکالا نامەیەکی نووسیووە تیدا هاتووە: بە هۆی تەنگ پێهەڵچنین و دڵسەختی فەرمانبەرانەوە لە شوێنی دوورخراوەکەی ڕایکردووە، لەم گەڕانەوەیدا بۆ نیشتیمانی خۆی، مەبەستی یاخیبوونی چەکدارانە دژی حکوومەت یان دەست درێژی بۆ سەر کەسانی تر نییە. بەڵکو دەیەوێ لە نێو کەسوکاری و کوڕەکانیدا بە ئاسوودەیی بژی.

حکوومەت گوێی بەم سکالانامەیە نەدا و فەرمانی بە هێزەکانی پۆلیس کرد بە وردی لە دووچونی بەدووادا بکەن، لە هەمان کاتیشدا شێخ ئەحمەد و مریدەکانی لە سلێمانییەوە گوێزرانەوە بۆ حیللە لەو ترسە کە نەوا پەیوەندی بە مەلا مستەفاوە بکەن.[44]

معروف چیاوك دەنووسێت:[45] (کاتی گەڕانەوەم لە کەرکوك بیستم حکوومەت لە جیاتی ئەوە ڕێگایان بدات بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، ڕەوانەی ناسریەی کردون، ئەوکات ژمارەیان 93 کەس دەبوو، پاش ئەوەی نزیکەی چوارساڵیان لە ناسریە بردە سەر، بە ڕێ کران بۆ حیللە و پاشان بۆ دیوانییە و ئینجا کەرکوك و ئاڵتۆن کوپری و پاشانیش سلێمانی و لە وێ حەوت ساڵیان لە ژیانێکی تاڵ و تەنگەبەری و هەژاری دا بردە سەر. هۆکاری گواستنەوەشیان بۆ سلێمانی بە هۆی ئەوەوە بوو بەهۆی توندی گەرماوە دووچاری جۆرەها نەخۆشی وەکو کوێری و زەردویی و مەلاریا و هیتر بوون. کاتێك بە هەندێ کاروباری تایبەت بە یانەی پێشکەوتنی کوردی لە ساڵی 1943 چووم بۆ سلێمانی، هەواڵی بارزانیەکانم لە هەندێ کەس پرسی پێیان گوتم لە خراپترین حاڵدا دەژین، نەحکوومەت بەشی ژیانی خۆیان دەداتێ و نەموتەسەڕیف ڕێگا بە خەڵکی دەدات بە پێی توانا یارمەتییان بدات. ئەو کاتە موتەسەڕیفی سلێمانی شێخ مستەفا قەرەداغی بوو. من زۆر سەرم سۆڕما و بە لامەوە سەیر بوو کە ئەوە هەڵوێستی

قەرەداغی بێت بەرامبەر ئەو ستەملێکراوانە، گوتم بەڵکو هەواڵەکە ڕاست نەبێت. چونکە هەڵوێستەکەی موتەسەڕیف بەو شێوە توند و سەخت لە گەڵ ئەواندا، لە گەل بەڕێوەبردنێکی حەکیمانەدا ڕێك نایەتەوە. جگە لەمەش ئەو خۆشی کوردە و موتەسەڕیفیش لە نیشتمانی کوردیدا پایەکی گرنگی هەیە. لە پاشاندا ڕووم کردە ماڵی شێخ ئەحمەد بارزانی، لە ڕێگا تووشی پیاوێکی بارزانی بووم بە جل و بەرگەکەی دا ناسیمەوە. ئەو بەسەر گۆچانێکەوە دەڕۆیشت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، نیشانەیەکی خوێن لە ڕووخساریدا نەمابوو، جۆرە نارینێك لە دەنگییەوە دەهات وەك بە سەر لێواری مردنەوە بێت، جاروبار دادەنیشت و پاشان هەڵدەستاوە و کەمێك دەڕۆیشت، لێی نزیك کەوتمەوە و سڵاوم لێکرد، بە ڕەقییەوە وەڵامی دامەوە، هەر وەکو بڵێی نایەوێ کەسێك لە فەرمانبەران ببینێ هەواڵم پرسی، وەڵامی دامەوە نامبینی نەخۆشم! ! لە وەش زیاتر هیچی تری نەگۆت، منیش بە جێم هێشت. کەوتمە ڕێ تا ڕێبوارێك ماڵی شێخ ئەحمەدی پێشان دام، لە دەرگام دا یەکێك لە مریدانی دەرگای لێکردمەوە، بینیم شێخ ئەحمەد لە سەر ڕایەخێك لە سەر سەکۆیەکی لە قوڕ دروست کراو ڕاخرابوو، دانیشتبوو، دار جگەریەکی درێژی بە دەستەوەبوو، سڵاوم کرد شێخ لە بەرم هەستایە پێ و وەڵامی دامەوە، منیش لە تەنیشتییەوە دانیشتم و پێم گوت:

– نامناسی؟

وەڵامی دامەوە: ئەو پیاوەی خۆی لە بیر چووبێتەوە خەڵکی تر نا ناسیتەوە؟ کاتێك بینم زۆر لە ئازاردایە، دەستم کرد بە دڵ خۆشی دانەوەی بە قسەی باش و ئایەتی قورئانی و کەمێك ئازار و گرانایی بێزاریم لە سەری سوك کرد، پێم گوت:

– یا شێخ خەڵکی وەکو تۆ چونکە خوا دەناسێ، خۆی لە بیر ناچێتەوە، گوتی:

– تۆ کێی؟ ناوی خۆمم پێ گوت: هەستایە پێی و باوەشی پێدا کردم، گوتی:

بە خوا نەمناسییەوە، پاشان گوتی کەی هاتووی و چوون هاتووی بۆ ئێرە، چونکە سەردانی ئێمە بە فەرمانی موتەسەڕیف قەدەغەیە. هەر بۆیەش هەمیشە دەرگامان

داخراوە، لە وەڵامدا پێم گوت کە فەرمانی موتەسەڕیف و غەیری ئەویش بە لای منەوە گرنگ نییە.

کاتێك لە وەزعی گۆزەرانیانم پرسی، نەفەسێکی قووڵی لە دار جگەرەکەیدا و گوتی: دەربارەی خواردن زۆربەی ڕۆژان تامی خواردن ناکەین بەڵکو تەنیا بە نان و چا بەسەر دەبەین، دەربارەی تەندروستی زۆربەمان دووچاری کەم خوێنی بووین، پاشان بە دووای ئەوەدا گوتی: ئەو دەرماڵەی حکوومەت بۆمانی تەرخان کردووە بریتییە لە دەرماڵەی یەك پۆلیس، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: ئایا ئەوە ڕەوایە کاپتن لاین سەرۆکی پشکنەری بەرێوەبردنی باکوور بێتە لام و چەند دینارێك بخاتە ڕایەخەکەوە و شێخی قەرەداغیش خەڵك لە یارمەتیدانی ئێمە قەدەغە بکات و بەبێ هۆ بەم شێوە مامڵە سەختە مامڵەمان لە گەڵدا بکا؟!!

کەمێك بیرم کردەوە و پاشان گوتم: یا شێخ مامڵەی لاین دەسیسەیە و بۆ خۆشەویستی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە تۆ ئەو قسەیە بلێی کە ئێستا گوتت: پاشان لە بیرت نەچێ هەڵاتنی مەلا مستەفا و گەیشتنەوەی بۆ بارزان پاڵنەری ڕاستەقینەیە لە پشت لوتفی لاینەوە، کاتێك دەرباری هۆی ڕاکردنی مەلا مستەفا پرسیارم کرد، تەنیا ئەوەندەی گوت:... ئەو لاوێکە ناتوانێ سوکایەتی و دڵرەقی قبوول بکا، بۆ پاراستنی کەرامەت و شەرەفی خۆی مردنی بە لاوە پەسەندترە...).

لە سەردەمی پادشایەتیدا و لە ساڵانی (1942) و (1943) و (1945) ناوچەی بارزان چەندین جار شاڵاوی بەربڵاوی سوپایی کراوەتە سەر، چونکە بارزانیەکان شۆڕشیان دەکرد دژی پاشایەتی و ئەو ئاغا ئینگلیزانەیان کە دروستی کردبوون، ئەفسەرە ئینگلیزەکان پەلاماری سوپای عێراقیان ڕابەری دەکرد، وەکو "جەنەراڵ روبنسۆن" لە ساڵی (1932) دا، "جەنەرال ڕانتن" لە ساڵی (1945)دا.

فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانی (R A F) بەشداری شەڕیان دەکردو و گوندی پڕ لە ژن و منداڵی بێ تاوانیان بۆردوومان دەکرد، وێڕای ئەم شاڵاوە سوپایانە هێرشی

گرتن و دوورخستنەوەی خەڵکەکەشی بەرێوە دەبرد. حکوومەتی عێراق ناوچەی بارزانی لە گشت خزمەتێکی فێرکاری و لەش تەندروستی و کشتوکاڵی بێ بەش کردبوو.[46]

کار و بار ڕۆژ بە ڕۆژ بە لای خراپییەوە دەڕۆیشت، حکومەت گوێچکەی لە ئاستی دادپەروەری و مافپەرستی ئاخنیبوو، پیاوانی حکومەت جگە لە ڕۆژانی ڕەش نەبێ هیچی تریان پیشان نە ئەدا. بارزان لە لایەکەوە بە دەست برسێتیەوە چەوسابووە و لە لایەکی ترەوە بە دەست توندوتیژی کاربەدەستە ناڕەواکانەوە هاتبووە تەنگ، داد و دادپەروەری وادیار بوو تۆپێکی منداڵان بوو بە دەست هێزەوە بە هەموو لایەکا هەڵی دەسوڕاند.[47]

پاش ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی توانی لە دەستبەسەری لە سلێمانی خۆی ڕزگار بکات، بیرخەرەوەیەکی بە ڕاوێژی حزبی هیوا، دایە حکوومەتی ئەوکاتی عیراق تیایدا داوای:

پێشخستن و چاککردنی باری ڕۆشنبیری و ئابووری کوردی کرد، حکوومەتی عێراق لە 1943/11/6 دا بە هێرشێکی سوپایی وەڵامی دانەوە.[48]

پاش ئەوەی خودانی بارزان (شێخ ئەحمەد) لە حیللە گواستراویەوە بەغدا لە ڕێکەوتی 1944/2/12 هێنرایەوە بارزان.

کوشتن و زیندایکردن و شوێن بزرکردنی مرۆڤە بارزانیەکان لە لایەن سەرانی حکوومەتی پادشایەتی عێراق و حکوومەتی ئینگلیز بەردەوام بۆ، بە بەردەوامی لەم لاو لەو لا گەر کەسێکیان بدیتایە دەستگیریان دەکردن، بۆ نموونە دسکو حادێ کەك لە ساڵی 1943 لە بلێ دەستگیرا کرا و لە کەرکوك زیندانی کرا، دواتر بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بە دەرزی ژەهراوی شەهیدکرا.

مەلا مستەفا بارزانی لە مانگی 8ی ساڵی 1945 بەیانێکی لە شێوەی سکاڵا بۆ سەرۆك وەزیران و باڵوێزخانەکان نارد بەم شێوەیەی خوارەوە:[49]

1- وەزارەتی بەڕێز نوری سەعید، لە 1944/1/25 بڕیاری لە سەر پێویستی هەستان بە چاکسازیەکانی بەڕێوەبردن لە ناوچەی باکوور دابوو، سەرۆك وەزیرانی ئێستاش لە کاتی هاتنە حوکمدا پشتیوانی لەوە کردبوو، بەڵام چاوەڕێکردنی ئێمە بێهودە درێژەی کێشا، گەرچی ئێمە گوێرایەڵی تەواویشمان پێشان دابوو.

2- حکوومەت پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری حکوومەت تەنیا بنیادنانی سەراکان و پڕکردنیان بە پۆلیس، کۆکردنەوەی سوپا بوو لە دەورووپشتی ناوچەی ئێمە بە ناوی ئەنجامدانی مانۆڕەوە.

3- کاتێك ویستم سەردانی هەندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی دەورووپشتمان، بە پێی داب و نەریتی خۆمان بکەمەوە، حکوومەت فەرمانی قەدەغەکردنی ئەو سەردانانەی دەرکرد، لە کاتێکدا هیچ لەمپەڕێکی یاسایی نییە ئەم جۆرە سەردانانە قەدەغە بکا.

4- کاتێك سەردانی یەکێك لەو سەرۆکانەم دەکرد، هەواڵم زانی کە موتەسەڕیف سەردانی بارزانیەکانی بۆ فەرمانگەکان و سەراکانی حکوومەت قەدەغە کردووە، فەرمانی داوە هەر کەسێك سەردانی ئەو فەرمانگانەی کرد بیگرن.

5- وەلی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی شێروان کە خالی ئێمەیە بۆ وەرگرتنی کەرەسەی خۆراك دەچێتە مێرگەسۆر، لەوێ پۆلیسەکان دەست درێژی دەکەنە سەری و کوشتوویانە، پیاوەکانیش ناچار دەبن ئەو کۆمیسەرە بکوژن کەمایەی ئەو نەگبەتییە بوو، هەروەها پۆلیس دەیانەوێ بەبێ پاسا و هۆ ئەسعەد خۆشەوی سەرۆکی عەشیرەتی مزۆریان بکوژن، بەڵام بێ ئەوەی هیچ ڕوویدا، توانیویەتی خۆی دەرباز بکا.

6- حکوومەت لە باشوورەوە لە ئاکرێ و لە ڕۆژهەلاتیشەوە لە باپشتیان سوپای کۆکردووتەوە، لە لای ڕۆژئاوا لە ڕێکان پولسی کۆکردووتەوە بێ ئەوەی ئێمە پێشتر دەست درێژیمان کردبێ، ئاگری جەنگی هەڵگیرساندەوە.

7- فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق هەموو ڕۆژێك بۆمباکانی بە سەر ئەو گوندە ئارام و کێڵگەکاندا دەبارێنێ و دەبێتە هۆی لە ناوبردنی منداڵ و پیر و ئافرەتان.

8- ئێمە بۆ ڕاگرتنی ئەو جولانەوانە داوای میانگیری دەکەین، بەپێی پەیماننامەی ئەتلەنتیك داوا دەکەین ژیانمان بپارێزن.

9- هیوامان بە یارمەتی و یاریدەی ئێوەیە بۆ ئێمە مانانی بێ پەنا.

لە (8-8-1945) وەزارەتی "پاچەچی" بڕیارێکی دەرکرد لە خاڵی (4) بڕگەی (ز) بڕیار دراوە:

((یارمەتی پارە لە بارزانیەکان بـبڕدرێ و خـواردنیش (تموین) لە خۆیان و تاخمەکەی ببڕدرێ و بوویان نەچێ.))

لە هەمان خاڵدا لە بڕگەی (ی)دا هاتووە:

(داوا بکرێ فڕۆکەخانەی موسڵ لە ئینگلیز بسەندرێتەوە بە پەلە تاهێزی هەوایی عێراق سودی لێوەربگرێ دژی ناوچەی بارزان).[50]

لەم دوو بڕگەی بڕیاری وەزارەتی "حەمدی پاچەچی" لە بڕگەی (ز) کە ئاماژەمان پێکرد بۆمان بە دیار دەکەوێت کەوا ڕژیمی پادشایەتی هەستاوە بە قەدەغەکردنی خۆراك و یارمەتی دارایی لە بارزانیەکان، بە مەبەستی لە نێوبردنی بارزانیەکان لە ژێر فشاری برسێیەتی و مردنێکی لە سەرخۆ ئەمەش وێنەیەکی زەقی جینۆسایدی ئابووریمان دەخاتە بەرچاو. لە بڕگەی (ی) هەمان بڕیاری وەزارەت، دەردەکەوێ کە ئینگلیز و ڕژیمی پادشایەتی عێراق هەستاون بە بۆردوومان کردنی دەڤەری بارزان و وێرانکردن و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و تالانکردن و بە فیڕودانی ماڵ و سامانی خەڵك و سوتاندنی تەواوی ژینگەکە، ئەمە جگە لە کوشتن و بریندارکردنی هەزاران خەڵکی سیڤیلی ئەم دەڤەرە بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و کوێر و کەم ئەقل و کەم ئەندامەوە کە هیچ جیاوازیان نەکردووە لە نێوان خەڵکی ئاسایی و چەکدار ئەمەشیان لە وێنەی جینۆساید زیاتر هیچ واتای ترمان نادا بە دەستەوە.

دیسان لە (19 ئابی 1945) ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری ئەحکامی عورفی لە شارەکانی موسڵ و هەولێر و قەزای زێبار (دەڤەری بارزان – قەزای مێرگەسۆری ئێستا) و ناوچەکانی چوار دەوریان دەرکرد، بەتالیۆنەکانی سوپای عێراق بەرەو کوردستان هەڵکشان بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا، دەستیان کرد بە بۆمباران کردنێکی خەستی دەڤەری بارزان.[51]

ساڵی 1945 گوندی ئەرگوش تۆپباران کراو و بنەماڵەی (عەلیی مستیٚ) خەڵکی گوندی بیروخ کۆمەڵکوژکران و ئاواربوون بۆ وڵاتی ئێران.[52]

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1. سەلاح بەدرەدین، نیو سەدە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی کورد، لەپەرتووکی (کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر) ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و نەژاد عەزیز سورمیێ، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم دهوك 1997 ل71.

2. فایق ئەبوزید، دەرخستنی واتاکانی ژیانی شێخ عبدولسلامی بارزان، پەرتووکی (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری، د.کوردستان موکریانی، د.دلێر اسماعیل هەقی شاوێس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەشی یەکەم، هەولێر 2003 ل131.

3.مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(1931–1958)، وەرگێرانی سەعید ناکام، چاپی یەکەم بە کوردی، چاپخانەی خەبات, دهوك 1998، ل19.

3. عەبدولرحمان مەلا حەبیب, عەشیرەتی بارزان لە نێوان (1931–1991) چاپی یەکەم، هەولێر 2001، ل54.

4. فایق ئەبو زید، هـ.س.پ، ل145.

5. هـ.س.پ، ل151.

6. مەسعود بارزانی, هـ.س.پ، ل22

8. حسین مەدەنی، کوردستان ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم 2009 ل384

9. هـ. س. پ، ل386

10. عەلی تەتەر نێروەیی، سەرهەڵدان و گەشەکرنا ژیانا حزبایەتی و کۆمەڵە و ڕێکخراوێن سیاسی ل کوردستانێ و دەورێ شێخ عبدولسلام بارزانی تێدا. پەرتووکی (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) هـ.س.پ، ل29.

11. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپخانەی ئێران – شاری کورد، چاپی دووەم، ساڵی 1996، ل102.

12. مەعروف چیاوك، كارەساتی بارزانی زۆڵملێكراو، وەرگێڕانی ئەبو بەكر سالح ئیسماعیل، چاپخانەی روشنبیری و لاوان، چاپی دووەم، هەولێر 2009، ل51

13. مەسعود بارزانی، هـ.س.پ،ل22.

14. هـ.س.پ،ل25

15. جۆن هنری میولر، خەنجەرە زێرینەكەی عومەر قادر، وەرگێرانی ناسح ئیبراهیم عەبدورحمان دزەیی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2003 ل75

16. سەبارەت بە دزینی یاخۆد بردنی ئافرەت، دەكرێ نوسەر هەڵەبووبێ.

17. كریس كوچیرا، مێژووی كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێرانی محەمەد ڕیانی، چاپی دووەم، رێبەندانی 2603كوردی، چاپخانەی سەدەف تاران, ل195.

18. مەسعود بارزانی، هـ.س.پ، ل15.

19. مەعروف چیاوك، هـ. س. پ، ل155

20. مراد حەكیم محەمەد، ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی سیاسی ڕاگواستنی كورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی ی كوردستان– سلێمانی 2004 ل113.

21. عەلائەدین سەجادی، هـ.س.پ، ل110.

22. هـ.س.پ، ل111.

23. هـ.س.پ، هەمان لاپەرە.

24. د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بلأكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، 2001، ل30.

25. مستەفا جوندیانی، هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە ڕاپەرینەكەی خەلیل خۆشەوی، لە پەرتوكی(كونگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئامادەكردنی مومتاز حەیدەری،

د.كوردســـــتان موكريــــانى، د.دلێــــر ئيســــماعيل حـــــەقى شـــــاوێس، بەشـــــى دووەم، هەولێر،2003،ل1121.
26. هـ.س.پ
27. مەعروف چياوك، هـ. س. پ، ل83
28. چاوپێكەوتن لە گەڵ (دەروێش حەسەن مروان)، بێدود، 1/ 10/ 2010
29. چاوپێكەوتن لەگەڵ (فاتمە شريف مەلاحسێن) گوندى بارزان،2006.
30. چاوپێكەوتن لەگەڵ (كويستان محەمەد سلێمان) كۆمەڵگاى هردان،2006.
31. سوار قامشلى، سەرنجێك لە پاڵەوانێتى لە پاڵەوانانى مێـژووى ڕابـەرى مـەزن بـارزانى، لـە پەرتوكى(كونگرەى يادەوەرى سەد ساڵەى بارزانى نەمر) هـ.س.پ، ل998.
32. مەسعود بارزانى، هـ.س.پ، ل37.
33. هـ.س.پ، ل39.
34. مارف عومەر گول, جينۆسايدى گەلى كورد، چاپى سێيەم، سليمانى 2006
35. مەسعود بارزانى، هـ.س.پ، ل49.
36. عەبدولرحمان مەلا حەبيب، هـ.س.پ، ل76.
37. ئارچى ڕۆزڤێلت، كورد لە ياداشتەكانى (ئارچى ڕۆز ڤێلت)دا، وەرگێرانى كـارزان محەمـەد، لە بلاوكراوەكانى خانەى وەرگێران، چاپى يەكەم، سلێمانى،2003، ل15.
38. عەلائەدين سەجادى، هـ.س.پ، ل112.
39. دڵۆپێك لە كلتورى بيرى بارزانى نەمر، لە بڵاوكراوەكانى دەزگاى شـەهيد، بـەرگى يەكـەم، هەولێر1999، ل10.
40. مەسـعود بـارزانى، بـارزانى و بزوتنـەوەى ئـازادى خـوازى كـورد، يەكـەم ڕاپـەرينى بـارزان 1931-1932، چاپى يەكەم چاپخانەى خەبات، ل63.
41. مستەفا جونديانى، هـ.س.پ، ل1144.
42. عەبدولرحمان مەلا حەبيب ، هـ.س.پ، ل77.
43. عەلائەدين سەجادى، هـ.س.پ، ل113.
44. مەعروف چياوك، هـ. س. پ، ل166

45. هـ. س. پ، ل165

46. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(1958-1961). سەعید ناکام وەریگێراوە، چاپی یەکەم بەکوردی، چاپخانەی خەبات، دهوك، 1998، ل39.

47. عەلائەدین سەجادی، هـ.س.پ، ل126.

48. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێرانی کوردو، چاپی یەکەم ، هەولێر 2002، ل114

49. مەعروف چیاوك، هـ. س. پ، ل194

50. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(1931-1958)، و" سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهوك، 1998، ل128.

51. فەوزیە سابیر، مەلا مستەفا بارزانی لە مەهاباد لە ژێر ڕۆشنایی دیکۆمێنتە عێراقیەکاندا، پەرتوکی (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) هـ.س.پ، ل91.

52. ڕێکارێ مزویری، جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، 2010 ل16

# بەشی سێیەم

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
# لە نێوان سالانی(1945/10 – 1960) دا

## جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە نێوان سالانی(1945/10 – 1960) دا

ڕاگواستنێکی تری بارزانیەکان لە دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی سالی (1943–1945)ی بارزان شێوەی وەرگرت کە بە ڕاپەرینی دووەمی بارزان ناسرا. ئەم جارەیان خێزانە بارزانیەکانی ناوچەی ( بەرۆژ، نزار) لە چیای شرین پەڕینەوە بەرە و کانی (ڕەش) فرۆکەکانی فەرمانڕەوای بەغدا و ئینگلیز بەردەوام بۆردوومانی مال و خێزانەکانیان کرد و تەنانەت گوندە چۆلکراوەکانیان سوتاند و ڕۆخاند، ژمارەیەك ئافرەتی سکپڕ و مندال لە ڕێگا گیانیان لە دەستدا هەندێکیان بە بۆردوومان و هەندێکیان لە برسان و لە سەرمان.[1] هێزە هەوایەکانی بەریتانیا (5) پێنج گوندیان بە تەواوی لە گەل خاکدا یەکسان کردوو بارزان و (51) پەنجا و یەك گوندی تر زیانێکی فراوانیان بەرکەوت.[2]

لە (11–10–1945) بارزانیەکان لە ڕێگەی کێلەشین مەرگەوەرەوە چوونە ناو خاکی ئێران بەلام تا ئاوابوون بالەفڕەکانی عێراق و بەریتانیا دەستیان لە بۆمبارانی مال و مندال هەلنەگرت.

لە ڕاپۆرتێکی نێردراوی کونسولی عێراق لە تەورێزدا ژمارەی خێزانە کوردە بارزانیەکان کە خاکی عێراقیان بە جێهێشت و ڕوویان کردە ولاتی ئێران بەم شێوەیە دیاری دەکات:

– (150) خێزان لە بۆکان نیشتەجێ کران.

– (150) خێزان لە ناوچەی سولدز و مهاباد.

- (100) خێزان لە مەهاباد.
- لە هەمان کاتدا (1000-1500) لە شنو و نەغەدە نیشتەجێ کران.[3]

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی ڕێپێدراوی پاشایەتی عێراق لە تاران کە بۆ وەزارەتی دەرەوە نێرداوە، هاتووە:

(( ژمارەی ئەوانەی لە گەڵ بارزانی چوونە ئێران (2000) کەسن لە نێوانیاندا (1000) چەکدار هەبوون هەر لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە ژمارەی پەنابەران لە زیاد بووندایە.[4]))

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە هەرچەندە کوردستانی ئێران لە پێشکەش کردنی هاوکاری بۆ بارزانیەکان هیچ دریغیان نەکرد، بەڵام ژیانی بارزانیەکان لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر نالەبار بوو.[5]

ڕاپۆرتێکی دیکەی عێراق لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە، وەسفی بارودۆخی ئەو کوردانەی چوونە مەهاباد بەم شێوەیە دەکات: (ئەوانە پێخواس بوون هیچ پێداویستیەکی ژیانیان نەبوو، لە بەر ئەوەی ئەوانە هیچ هۆیەکی دابینکردنی ژیانیان لە دەستدا نەبوو بۆیە دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی یارمەتیان لەپارەو پوول و خۆراك پێشکەش بکەن...)[6]

بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتا بارزانیەکانی قەلاچۆکرد نەخۆشی (تیفوئید) لە نێویاندا بڵاوبووە بە جۆرێك لە ماوەی شەش مانگی یەکەم لە ساڵی (1946)دا (1500) کەسیان لە ناوچوون. تا ساڵی 1947 ئەم نەخۆشییە بەردەوام بوو، دواجار ژمارەیان گەیشتە (2000) دوو هەزار کەس، ڕۆژ نەبوو ژمارەیەك لە منداڵ و پیر و گەنج گیانیان لە دەست نەدەن، وای لێهات هیچ گوند و ئاواییێکی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی مهاباد، شنو، بۆکان نەما گۆڕستانێکی بارزانییانی لێ نەبێ.[7]

ئامۆشوف سەرکونسولی سۆڤیەت لە ڕەزاییە دەڵێت[8]: (زستانی پڕ لە سەرما و سۆڵەی 1945-1946 بووەتە هۆی ئاڵۆزترکردنی باری ژیانی هەڵاتووەکان بە تەواوی شوین و

جێیان بۆ جێ بە جێ نەبووە، زۆربەیان بێ پێڵاو و بێ جل و بەرگن، لە ناویاندا نەخۆشی گەدە و ڕیخۆلە بڵاوە).

ژمارەی ئەو بارزانیانەی ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەلات بوون گەیشتە زێتر لە (10000) دە هەزار کەس, لە ئەنجامی بڵابوونەوەی نەخۆشی تیفوئید و بەرگری کردن لە کۆماری مهاباد (49 ٪) بارزانیەکان لەناوچوون.[9]




***مێلکاری ژمارە(2) لەناوچوونی بارزانیەکان لە ئەنجامی بڵابوونەوەی نەخۆشی تیفوئید و بەرگری کردن لە کۆماری مهاباد.***

یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی کونسوّلی عێراق لە کرمانشانەوە زانیاری پتری دەربارەی بارودۆخی بارزانیەکان داوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: (مەلامستەفا لە بارێکی زۆر خراپدایە، نەخۆشی گرانەتا-تیفوئید- لە نێو پیاوەکانی دا بڵاوبووتەوە، پێویستیەکی زۆریان بە خۆراك و ئازووقە هەیە).[10]

لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا (محەمەد حەدو مەحمود) خەڵکی گوندی (شێخ سیدا)[11] دەڵێت: (ساڵی 1945 خانەوادەکەمان و هەزاران بارزانی تر ئاوارەی ئێران بوون، لە دەستپێکی دامەزراندنی کوماری کوردستان (مهاباد) لە ساڵی 1946 باری ئابووری هەموو لایەك بە تایبەتی بارزانیە ئاوارەکان زۆر زۆر خراپ بوو برسییەتی و نەداری باڵی بە سەر هەموو لایەکدا کێشابوو هەروەها خراپی باری تەندروستی ئاوارەکان ڕوو لە زیادبوون بوو سلێمانی برام و دوو مام و چەندین کەسوکاری ترم بە هۆی نەخۆشی و پەتا لە مزگەوتی سۆر لە شاری مهاباد گیانیان لە دەستداوە).

لە 18-3-1947 حکوومەتی ئێران کەوتە بۆمبارانی ئەو گوندانەی کە پێیان وابوو ژن و منداڵی بارزانیەکانی تێدایە.[12] بەم شێوەیە دەبینین لە پاڵ پاڵە پەستۆ سەربازەییەکاندا حکوومەتی ئێران ئابلووقەی ئابووری خنکێنەری لە سەر ئەو ناوچانە دانا کە بارزانیەکانی تێدابوو.

لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی کۆنسولی عێراق لە تەورێز، ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:(سوپای ئێران بە قوربانییەکی کەم دەتوانێت لە چەند ڕۆژێکدا بارزانیەکان لە ناو ببات)[13] ئێران کەوتە بۆمبارانکردنی ئەوشوێنانەی بارزانیەکانی لێبوو، بەربەرکانیەکی سەخت لە نێوان بارزانیەکان و ئێران دەستییێکرد، بارزانیەکانیش بەربەرەکانێیەکی سەخت و ئازانەیان کرد، تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران ڕایگەیاند سوپای تازەی ئێران تا ئێستا لە گەڵ دوژمنی هێندە بەهێز شەڕی نەکردووە. لەو کاتەدا شا فەرمانیدا بە هەموو هێزێکەوە لە بارزانیەکان بدرێ و لە فەرمانێکدا کە لە (20 ی مارسی 1947) داویەتی دەڵێ:

((بە فڕۆکە تەواوی بنکەکان و ڕێبازی کۆچ و کۆچباری ماڵە بارزانیەکان –ژن و منداڵ– تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن. دەبێ تا 15 ی خاکەلێوەی 1326 (4ی ئاوریلی 1947) شەڕ کۆتایی بێت و کارێکی وابکەن کە بارزانیەکان نەتوانن دەرباز بن و لەوە زیاتر ئابڕووی لەشکر نەچێ.)) (4)

سەبارەت بەو بۆردوومانە بەردەوامەی بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵە بارزانیەکان دەکرا، شێخ ئەحمەد بارزانی نامەیەکی بۆ سەرکردەی کاروانی مەرگەوەر ( عەقید نیساری) بەم شێوەیەی خوارەوە نارد:(15)

(... باڵەفرەکانی ئێوە بە پێچەوانەی یاسای ناو وڵاتان و مرۆڤایەتی و ئاین، هەموو ڕۆژێ هێرش دەکەنە سەر خێزان و خێلان و ئافرەت و منداڵمان، ئێمە هەموو ڕۆژێ لێمان دەکوژرێن، داوا دەکەین باڵەفڕە بۆمبارانمان نەکەن).

لە نامەیەکی تردا بۆ لیوا هومایوونی شێخ ئەحمەد بارزانی بەم شێوەیە نوسیوەیەتی:

بەڕێز لیوا هومایوونی:(16)

دوای سڵاو...

لە بارەی ئەو بۆندژییەی لە نێوانی ئێمە و حکوومەتی ئێراندا هاتە کایەوە، پێویستە بڵێم سەرهەڵدانی ئەو بۆندژییە سەبارەت بەوە بوو کە هێزگەلی ئێران و خیلانی ئێوە لە سینگان پەلاماری ئێمەیان دا، لە لایەنی ئێمەوە هیچ هێرشێك نەکرابوو، بەڵام ناچاربووین بەرتەکی خێڵان بدەینەوە و بیانشکێنین.

لەبارەی تۆپەکانەوە، ئێوە لە شنۆ تۆپێکتان بە هەموو کەرەستەوە کەوتەوە بەردەست. تۆپێکی تر لە زەویی ئێراندا ماوەتەوە بە هۆی شێخ عەبدوڵڵاوە سۆراغی بکەن و بیدۆزنەوە و بیبەنەوە، لە بەر ئەوەی ئێمە دەوارمان پێ نەبوو ڕاییبکێشێ بۆیە نەمان برد.

باڵەفڕەکانی ئێوە هەموو ڕۆژ زیانی گیانیی نزیکەی 20 بیست ئافرەت و زارۆکمان لێ دەدەن.

له بارەی دیلەکانـەوە هـەموو ئەفسـەران و دیلـەکانمان داوەتـەوە لای شـێخ عەبـدوڵڵا و (جیهانبانی) مان داوەتە دەستی سەید کەمال.
لـە بـارەی تـەبایی و پاراسـتنی پەیوەنـدی بـاش لـە گـەڵ دەوڵـەتی ئێرانـدا، ئێمـە زۆر تێکۆشاین بە تایبەتیش لەم بارەیەوە، قازی محەمەد، مـەحمود ئاغـای دێبـوکری، مـام عەزیز و محەمەد سەعید هەرکی شایەدی ئێمەن، بەڵام بە هاندانی هەندێك لە خێڵان ئـەم گۆنگەرە بەرپابوو.
ئاواتە خوازم ئەم ناتەباییە لە نێواندا هەڵستێ، بەرژەوەندیش لەوە دایە هەردوو بۆ ئەوە تێبکۆشن.
له بـارەی تەقـەکردنی باڵـەفران لـە ئـافرەت و منـداڵانی ئێمـە، ئەمـە دژی مرۆڤایـەتی و یاسای ناو وڵاتانە، دەستی لێ هەڵگرن.

واژوو
شێخ ئەحمەد

له 13-4-1947 بارزانیەکان لە سەر ڕۆباری (گادەر) لە نزیك سنووری ئێـران-عـیراق کۆبونەوە بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق, بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان خۆیانـدا بـە دەسـت و گەڕانەوە عێراق "نوری سەعید" بە ئاگر و ئاسن پێشوازی لێکردن، ئەمانە شێخ ئەحمەد و چەندین خێزانی تر بوون، بەڵام بەشەکەی تریان "مـەلا مسـتەفا بـارزانی" و زیـاتر لـە (500) چەکداری تربوون ڕێگای دووا ڕۆژێکی نادیاریان گرتەبەر.
(حـاجی شـێرو حـاجی)[17] پیـاوێکی تەمـەن 107 سـاڵ خـەڵکی گونـدی بـازێ هـەموو یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی لە بیرماوە و لە قسەکردنا زۆر لە سـەر خـۆ و وردبینـە دەڵێت: ((لە ساڵی 1945 حکوومەتی عێراق گوندەکەمانی بۆردوومان کرد، ڕەز و باغ و بیستان و خانوەکان سوتێنران، ئێمە بە ماڵ ومنداڵەوە ئاوارە بووین، بە پێیـان چیا بـە چیا ڕێگامان گرتەبەر سەرەتا لە چیای شیرینەوە بە ڕێکەوتین تا گەیشتینە شوێنێك بـە

ناوی (سەرۆکانی) دواتر چوینە (سلۆڕ)یَ پاشان چوینە (کانیا لنج)یَ لە وێش چوین بـوو سەر(پردی شێروان) لەم کاتەدا باڵەفڕەکانی عێراق بەردەوام ئێمەیان بۆردوومان کرد تـا گەیشتینە سەرسنوور، بەهۆی ئەم بۆردوومانە منداڵێك و مێرمنداڵێك گیانیان لە دەسـتدا کە خوشك و برا بوون ئەوانەم بەچاوی خۆم بینی، جگە لە مەش زۆر شەهید و بریـنداری تر هەبوون. کە گەیشتینە ئێران وەرز کۆتایی پایزبوو، لە ئێران بـەفر دەبـاری، چـووینە (نەغـەدە)و شـەو لـە ویَ ماینـەوە، ڕۆژی دواتـر "مـە لامسـتەفا" و "شـێخ ئەحمـەد" خێزانەکانیان دابەشکرد بە سەر گوندەکانی کوردستانی ئێران، ئێمە چووینە گوندێك بـە ناوی (قەرەقەساب)، بۆ ماوەی ساڵێك دواتر چووینە سـابلاخ (مـەهاباد) لـەویَ چـەکمان وەرگـرت لەگـەڵ (قـازی محەمــەد) لــە کۆمـاری (مــەهاباد) بەشـداربوین و ڕاهێنــانی سەربازیمان دەکرد... لە ئێران زۆر لە بارزانیەکان مـردن و ئەسـپیَ گیانیـانی دەخـوارد، من لە مزگەوتێك بووم بەناوی مزگەوتی (سوَر) زیاتر لە (500) کەس لەو شوێنە گیانیان لـە دەسـتدا، دوو کەسـی گوندەکـەمان بـە هـۆی ئـەم نەخۆشـی و پەتاییـە گیانیـان لـە دەستدا... کەمتر لە دوو ساڵ لە ئێران بووین دواتر بوو بەشـەڕ لـە دەشـتی (تەلگەڤـەر) جگە لە حکوومەتی ئێـران زۆر لـە عەشـیرەتە کوردەکـانی ئێـران پـەلاماری ئێمـەیان دا، بەرەو سەرسنوور ڕویشتین بەردەوام حکوومەتی ئێران بۆردوومـانی دەکـردین، لـە سـەر سنووریش باڵەفرەکانی ئێران دوو پیاو و ژنێکی شێروانیان شەهیدکرد، پیاوێکی گونـدی ئێمەش شەهیدبوو لە سەرسنوور شاردمانەوە. ژنانیش بەرگریان دەکرد, لە سەر سـنوور لە دەڤەری گادەر ئێمە بووین بە دوو بەشەوە بەشێك بۆ سەر سنوور بەشەکەی تر لێمان جیابوونەوە پاشان چوون بۆ سۆڤیەتی پێشوو...))

ئافرەتێك بەناوی (نەسیمە عبدولرحمان بریندار)[18] خەڵکی گۆندی (شیفکیَ) دەبێـژیَ: (( لە گوندەکەمان فرۆکە ئێمەیان بۆردوومان دەکرد، بە ڕۆژ خۆمان لە ئەشکەوت و شـوێنە نادیارەکان حەشـار دەداو بـە شـەویش ڕێگامـان دەکرتەبـەر بـەم شـێوەیە تـا گەیشـتیە ئێران، لە ئێران لە کەلاوە خانویەکدا بووین بارانمان لێدەهات، بارودۆخمان زۆر نـاخوش

بوو، نەخوشی و پەتا لە نێو ئێمەدا بڵاوبووە سەدان کەس گیانیان لە دەستدا، چەند خزمێکم بە هۆی ئەو نەخۆشی پەتایە گیانیان لە دەستدا"باوکم، مامم، کوڕی خالم، پێنج منداڵی پورم..." ئەمانە هەموو مردن و لە وێ نێژراون.))

ئیحسانی لە پەرتووکی (بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەریەکانی ئیحسانیدا)[19] دەنووسێت: (پاش یەك دوو ڕۆژ بە هۆی کەمبوونی ئازۆقە و بە هۆی ئەوەی بارزانیەکان نەیان دەتوانی تەنانەت سکی خۆیان و ژن و منداڵەکانیان تێر بکەن و لە لایەکی ترەوە زۆر بوونی سەربازانی سوپا و بێغیرەتی ئەوان بۆ شەرکردن لە گەڵ بارزانیەکان، بەڕەزامەندی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا سەربازەکانمان ئازادکردن و ئەفسەرەکان و پلەدارەکانمان هێشتنەوە. پاش مانەوەیەکی کەم لە شنۆ بڕیار درا ئەو دوو تۆپەی کە بەر دەست کەوتووە تێکبدەین بۆ ئەوەی بۆ کەلك وەرگرتن نەشێ و لە کاربکەون. تەنیا ئەو دوو تۆپەی خۆمان بۆ ناوچەی مەرگەوەر بگوازینەوە. ئێمە لە گەڵ کەسانی تری هۆزی بارزان و ئەسیرەکان لە شنۆ هاتینە دەرەوە و بەرەو مەرگەوەر، کەوتینە ڕێ. قۆناغی پڕ لە ڕەنج و کارەساتباری ئیمە لەو سەرما و سۆڵەی زستاندا یان ڕاستر بلێم قۆناغی گیان کێشانی ئیمە پلە بە پلە دەستی پێکرد. شەوی پاشتر لە (گیلاس) کە دواین گوندی مەرگەوەر نزیك شاخەکان بووین، وا وێنا دەکەم ناوی گوندەکە (زێوە) بوو. ئێستا سوپا بە داگیرکردنی شنۆ کە ئێمە چۆلمان کردبوو، وڕەیەکی تازەی بە بەردا هاتبوو بە سازدانی تەکنیکی تەواو سەربازییانەی ڕێزبەندییەکی ڕێك و پێکەوە هێرشی هێنایە سەر بارزانیەکان. سەرەتا فڕۆکەکانی سوپا پێگەکانی ئێمەیان بۆمباران کرد پاشان ئاگری بێ ئامان و ترسناکی بۆردوومانی تۆپخانە لە پێگەکانی ئێمەدا، ژن و منداڵ و خەڵکی بێ پشت و پەنای هۆزی بارزانیەکانی قەتلوعام دەکرد. فڕۆکەکان وەك نوقڵ و شیرینی لە ئاسمانەوە گوللەیان بە سەر ژن و منداڵانی بارزانیان هەڵدەڕشت...)

له 10-4-1947 کاتێك بارزانیەکان چوونە سەر ڕۆباری گادەر بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق ژمارەیەك فڕۆکەی ئێران بۆردوومانی خێزانە بارزانیەکانی کرد ژمارەیەك ئافرت و منداڵ و گەنجی بارزانی شەهیدکران. "مەلامستەفا بارزانی" و زیاتر لە (500) پێنچ سەد لە یاوەرانی، پاش (18) هەژدە مانگ ئاوارەیی لە ئێران، ڕێگایەکی سەخت هەڵدەبژێرێ و بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی بارزان دەروات، "مەلا مستەفا بارزانی" باش لەوە گەیشتبوو کە ناهێلن بە ئارامی لە ناوچەکەدا بمێنەوە، بۆیە بڕیار دەدات پەنا بەرێتە بەر وڵاتێك کە ژیانی تێدا پارێزراوبێت. بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی بە سنووری عێراق - تورکیا و بەرەو ڕوسیا دەکەونە ڕێگا، بە پێی ڕێگایەکی دوور و درێژی پێنچ سەد کیلو مەتریان بڕی.[20] لەو ڕێرەوە مێژوویەدا بارزانی هێزەکەی خۆی کۆکردەوە پێی وتن: (( براکانم ئێمە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچین، نازانم لە برسان دەمرین، یان لە سەرما ڕەق دەبینەوە... یان گۆللەی دوژمن دەمان پێکێ، واتا مردن نزیکترین ڕێی تێچوونە. بەڵام خوا گەورەیە ...))[21]

پاش پەڕینەوە لە ڕۆباری ئاراس چوونە نێو خاکی سۆڤیەت، بارزانی برایە شوێنێك لە شاری (نەخچەوان) لە کۆماری ئەرمەنستاندا، یاوەرانیشی لە ئۆردووگایەکی سەر ئاوالەی ساکەدەشت دانران کە تەلی دڕکاوییان بە دەوردا هاتبوو و سەرباز پاسەوانی لێدەکردن، نەیاندەهێشت لە سنووری ئۆردووگا دوورکەونەوە، ڕۆژانە یەکی نیو کیلو نان و قاپی شوربایان دەدانێ، بێ کەم و زیاد وەکو دیلی شەڕ لە گەڵیان دەبزوتنەوەو یەکە یەکەش بە وردی لێیان دەکۆڵینەوە.[22] بارزانیەکان نزیکەی (40) ڕۆژ لەو ئۆردووگایە مانەوە، پاشان گوێزرانەوە بۆ کۆماری ئازەربایجان و بە سەر ناوچەکانی (ئاغدا و لاچین و ئایالوخ) دابەشکران.[23]

بارزانی لە نامەیەکدا هاتنی خۆی و هاوکارانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت ڕوونکردووتەوە و تێبینی داخوازیەکانی خۆی پێشانداوە.[24]

((بـۆ "مـیر جەعفـەر بـاقرۆف" سـکرتێری گشـتی پـارتی کۆمۆنیسـتی ئازەربایـنجـان و بەرپرسی کاروباری گەلانی خۆرهەڵات.

بۆمن هۆی سەربەرزی و شانازییە کە بۆ یەکەم جار خۆم بە ئێوە بناسێنم، ساڵهایە کە گەلانی خۆرهەڵات لە ژێـر بەرداشـی زولـم و زۆرداری چەوسانەوەدا دەنـاڵێنن، یـەك لـەو گەلانـەی رۆژهـەڵات گـەلی کـوردە، ئـەو گەلـەی بەشـێکی قورسـی جەزرەبـە و ملـهوڕی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی وەکو تورکیا و ئێران و عێراقی بەرکەوتوە، کە لە لایەن وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلیزەوە پشتیوانی دەکرێن و بە دەسـت ئـەم دەوڵەتانـەوە تالاوی نۆشیووە.

لە بارودۆخی وەکو ئەمڕۆدا هـیچ سـەیر نییـە گـەلی کـورد ڕووبکاتـە ئێـوە سـەبارەت بـە ئاواتەکانی، ئەویش دوای ئەوەی پەیوەندی نزیکی لە گەڵ ئێوەدا پێکەوەناوە ڕۆڵـەکانی لێ براون کە ڕێگای خەبات بگرن بۆ ڕزگاری، ئێمەش بـە ئەفسـەر و چـەکدارەوە، وەکـو بەشێك لە گەلی کوردی دیمۆکراتیخواز پەنامان بۆ ئێوە هێنـاوە و هـەموو هیوایێکمـان بـە ئێـوە بەسـتووە. حکوومـەتی ئێرانـی کۆنەپەرسـت و بـە کـرێگیراو، بـە ڕابەرایـیـەتی ئیمپریـالیزمی بـەریتانی و ئـەمریکی، سـوپای خـۆی نـاردە سـەر کۆمـاری کوردسـتانی دیمـۆکراتی و لــە نێـوی بـرد و کوردسـتانی داگیرکـرد کـە بیگومـان زانیوتانـە، بـەڵام حکوومەتی تورکیای فاشیست کە سنوور و بەشـێکی زۆری کوردسـتانی بەدەسـتەوەیە، ئـەم پارچـەی نیشـتیمانی ئێمـەی کـردووە بـە تاریکسـتانێك نـەزانی و دواکـەوتوویی بـە جۆرێك باڵی بە سەردا کێشاوە ئەقل ڕێی تێ نابات. تا لەم کاتـەی ئێسـتادا بـە هـەزاران ئازادیخوازانی کوردی دیمۆکراتی لە زیندان و گرتووخانەکانی ئێراندان.

لە پێشدا بە بیرمان نەدەهات هێزێك لـە سـەر ئـەم دنیایـە هـەبێ بتـوانی گـەلی کوردمـان ڕزگاربکات لەم ڕۆژە تاریکەی بهێنێتـەدەر و بـەرەو تیشـکی ئـازادی، بـەڵام گـەلی کـورد هیواداره لەژێر ئاڵای دیمۆکراتیدا بە چاودێری (ماموستا) سەرۆکی مەزن "سـتالین" ئـەو تاریکیە بڕەوێنێتەوە و ڕێگەی خەبات لـە بـەردەمی خوسـیدا یـەکلا بکاتـەوە، هـەروەها

گەلی کورد هیوای بە بەزەیی باوك و فەرماندەی گەلانی خۆرهـەلات "بـاغرۆف" بـەهیزە، بێگومان ئەم دەسـەلاتە کۆنەپەرسـتەی سـواری ملـی گەلەکـەمان بـووە و ئێسـتا لـە دوا هەناسەی دایە، فرێدەدرێ و نامێنێ.

هۆزی بارزانی – کە لە ئەستۆی منەو لە بەرپرسم دایـە– یەکێکـە لـە هـۆزە گـەورەکانی کوردستان و مێژوویـەکی درێـژی لـە خـەبات بـۆ ڕزگـاری هەیـە، لـە سـالّی 1894 بـرای کۆچکردووم "شێخ عبدالسلام" ڕاپەرینی ئەم هۆزەی دژی دەسەلاتی عوسمـانی ڕابـەری کرد لە سەردەمی "سولّتان عبدالحمیدی دووەمدا" ئەو سەردەمەی لـە ئەسـتەمبۆلّ بـوو ڕێکخراوێکی نهێنی لە ئەستەمبوّلّی پایتەختدا دامەزراند کـە ئامـانجی تێکۆشـان بـوو بۆ ڕزگـاری گـەلی کـورد، ئـەم ڕێکخـراوە کەوتـە چـالاکی و یارمـەتی و بەشـداری هـۆزە کوردەکـانی تریشـی وەرگـرت, لـە سـالّی 1904 دا ئـەم ڕێکخـراوە چـالاکی خـۆی ئاشکراکردو و ڕاپەرینێکی جەماوەری لیّ هاتەبەر کە ئەو ئازادی خوازانە بەرێیانەوەبرد، لە سالّی 1914 سەردەمی دەسەلاتی "سولتان محەمەد ڕەشادی پێنجەم"دا بە دەست دانە چەك گەیشتە ئەو پەڕی... بەلاّم ئەم تێکۆشانە نەگەیشـتە ئامـانج. برایـەکم گـیرا و سەربڕەکانی تۆرکیا خنکاندیان لـە موسـلّ. ئێمەشـیان دەرکـرد کـە ناچـاربوین بـە خـاو خێزانـەوە پـەنا بەرینـە بـەر ئێـران لـە سـالّی1920 دا بـرا گەورەکـەی دیکـەم "شـێخ ئەحمـەد" بـە سـەرۆکی هـۆز هەلّبژێـدرا، ئـەم جـار خـەباتمان بـەرەو ڕووی حکوومـەتی بـەریتانیا بـوو کـە خـاکی کوردسـتانی داگـیر کـردووە، ئـالاّی خەباتیشـمان دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراقی بە کرێگیراوی ئینگلیز بەرز کردەوە.

لە ماوەی سالّەکانی 1942–1945 پاش شـەڕ و لێـدانێکی زۆر ناچـارکراین بـە هـەموو خاوخێزانی هۆزی بارزانەوە پەنا بەرینە بەر ئێران، لە کوردستانی ئێراندا ئەسـتێرەیەکی بریقـەدار دەتروسـکایەوە هیـوای ژیـانێکی پـڕ لـە سـەربەرزی بـۆ زیندووکردینـەوە، ئـەو ئەستێرەیەش دامەزراندنی حکوومەتی کوردستانی دیموکراتی بوو، ئێمـەش لـە گـەلّ بـرا ئازەربایجانییەکانمان بەشداری حکوومەتەمان کـرد بـە پارێزگـاری لێکردنـی دژی هێـزە

فاشیستەکانی ئێران لە شاری ورمێ و شوێنەکانی تر. (1000) هەزار کەس لە بارزانیەکان خۆیان کردە پاسدار و سنوور پارێزی هەردووك حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان، جگە لەوەش هێزی بارزانیەکان لە سەقز و سەردەشت و شوێنەکانی تردا بەگژ دۆژمندا چوون و لە هەموو شەڕەکاندا دوژمنیان بەزاند و ڕاویاننان.

تێکۆشانی قارەمانانی ڕزگاری لە ئازەربایجان و کوردستاندا بیر و باوەری دیموکراسی و پێشکەوتویی لەم دوو وڵاتەدا چاندو گەیاندییە قۆناغی بەکارهێنان.

لە 11 کانوونی یەکەمی 1946دا سوپای ئازەربایجان بە هۆی باری سیاسیەوە خۆی دا بە دەستەوە و ماوەیەك دوای حکوومەتی کوردستانیش چەکی دانا... بەڵام ئێمەی بارزانی خۆ بەدەست دوژمن دانمان نەویست و داوای چەك دانانمان دایە دواوە، لە ژێردرۆشمی (بەرەی ئازادی خوازی کوردستان)دا درێژەمان بە خەبات داو ماوەی (6) شەش مانگ خۆمان لە بەردەم دوژمندا ڕاگرت، زنجیرەیەك شەڕی گەرم و قورس ڕۆیدا، نەخشەمان بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی شەڕی پارتیزانی کێشابوو لە عێراقدا، یەك مانگ لە عێراقدا ماینەوە ژیانی گیان بەخت کارانەمان بەسەربرد لە پێناوی کێشەی گەلدا، پاشان لە سنووری عێراق پەڕینەوە سنووری تورکیا و پاشتر ڕوومان کردە یەکێتی سۆڤیەت.

ئەوەی پێویستە باس بکرێ، هێزی ئەو دوو حکوومەتە لە دوو لایەوە ئابلووقەیان دابووین دەیانویست لە ڕێگا لە نێومان بەرن، ئێمە نەوەستاین و ئەوانیش لە ڕاونانمان ڕانەوەستان. ئێمە بۆ ئازادی تێکوشاوین کەس نیە ئەم ڕاستیە نەزانێ...

هۆزەکەی ئێمە (50000) پەنجا هەزار کەسە یەك ئاغا و دەرەبەگیان تێدا نییە سواری شانیان بووبێ، هەموویان وەکو یەکن، خێزانەکانی ئێمە یەکی تەنیا یەك پارچە زەوی بچوك و چەند سەرە ئاژەڵیان هەیە,ساڵی 1914 "شێخ عەبدولسەلامی" برام زەوی بە سەر جوتیارەکاندا دابەشکرد، بە چەشنی وەکو یەك و ڕاست و ڕەوان، ئەو دابەشکردنە تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، گوندەکانمان یەکی (400) چوار سەد

پارچە زەوی بە قەد یەکەو بەو شێوەیەی باسمکرد دابەشکراون، بەم پێیە گیروگرفتی زەوی و زار لە نێو ئێمەدا بە بێ قرە و ناکوکی چار کراوە و جوتیارەکانمان هەر کەسە لە سەر زەوی خۆی خەریکی کارە و بە داهاتەکەی بەڕێ دەچێ... واتا لە نێو ئێمەدا ئاغاو جوتیار نیە، هەمووماں یەکگرتوو و یەك پارچەین لە هەواییکی ئارام و ئاشتیدا دەژین، لەم ڕێبازەوە ڕێگای تێکۆشانمان بۆ ژیانی نیشتیمانی گرتووتە بەر... ئەو کارەساتەی بەرەو ڕووی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان دەبێتەوە بەشی بارزانیەکان لە هەموویان زیاترە, چونکە:

یەکەم: پەنابەرین و لە خاکی خۆمان دەرکراوین.

دووەم: پیاوەکانمان تێکڕا لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدابوون و کەسوکارەکانیان بە بێ پیاو بە سەر ناوچەکەدا دابەش کرابوون.

دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەموویان شایەدی ئازایەتیمانن و داستانی لێکدانەکانمان دەگێڕنەوە وەکو هەموو دنیا دیگێریتەوە و دەزانن بە بەرچاوی لێپرسراوانی سۆڤێتییەوە فڕۆکەکانی دوژمن بارەبۆمباکانی خۆیان بە سەر ئێمەدا دەباراند، کە چی هیچ جۆرە ئاورلێدانەوە و بایەخ پێدانێکی سۆڤێتیمان بە خۆمانەوە نەدیوە، رادیۆیەکانی مۆسکۆ و ئازەربایجان تاقە وشەیان لە مەڕ ئەوە لە دەم نەهاتووتە دەرێ کە ئێمە تێوەگلاوین!!!... هیچ جۆرە بایەخ پێدانێکمان لە سۆڤێتییەکانەوە نەدیوە، یەکێك لە کاربەدەستەکان ڕەنجی چاوپێکەوتنمانی نەکێشاوە و تا لە حاڵمان بپرسێ یا ئاوڕێکمان لێ بداتەوە. ئەگەر باری سیاسی ڕێی لێ گرتبوون کە یارمەتی چەك و تەقەمەنیمان بدەن، ئەرێ ئێستا چی هەیە ناهێڵێ ئێمەتان بێتەوە بیر یا دەتانەوێ بوونمان لە بیر خۆتان بەرنەوە؟

ئێمە کاتێك بڕیاری پەناهێنانە بەر یەکێتی سۆڤیەتمان دا کە زانیمان بە شەڕی پارتیزانی ناتواندرێ درێژە بە تێکۆشانمان بدەین، نە وەکو ئەوەی ماویشمانە لە هێزەکان لە نێو بچێ، بۆیێ بە بڕوای لە بن نەهاتووی کێشەکەمان و تۆند گرتنی ڕێبازمان، لە گەڵ

بەگشتداچوونی سیّ حکوومەتی عێراق و تورکیاو ئێران، کە پێکەوە بڕیاریان دابوو قەڵاچۆمان بکەن، ڕێگای بەرەو ئێوەمان گرتەبەر... ئێمە سووربووین لە سەرخۆ دەربازکردن لە ئابلۆقەی چوار دەورمان و گەیشتینە سنووری سۆڤیەت، ئاواتێك پاڵی پێوە دەنایین ئەویش ژیان لە ژێر سایەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی سوسیالیست بوو.

جێگایەکمان بۆ تەرخان نەکرا تێیدا بژین، لە سەر لێواری ڕۆباری سنوور ماوەیەکی درێژ ماینەوە ژیانمان لە مەترسیدا بوو، تەنانەت ناچار بووین دەست لە بەشێکی زۆری چەکەکانمان هەڵگرین و بۆ دوژمنان بەجێبێڵین، جگە لەوە گەلێك کەل و پەلی قورس و پێویستیە گرانەکانی خۆمانمان فڕێدا، لە ڕۆبار پەڕینەوە بۆ خاکی سۆڤیەت.

لە شاری نەخچەوان بۆماوەی زیاتر لە (40) چل ڕۆژ منیان لە برا هاورێیەکانم دورخستەوە، وەکو زیندانی لە ژوورێکدا ژیام... بەڵام من لەم ڕەفتارە ناقۆڵایە پەست نەبووم ئەگەر چی هەر لە بیریشمە، چونکە ئەو فەرمانە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دەرچوبوو، کاتێك گەیشتمە شاری (ڤۆڤۆ)یش هەمان ڕەفتارمان لە گەڵ کرا، هەندیّ لە برادەرەکانم لە من باشتر بوون، من خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆرم بۆ برادەرەکانم هەیە بۆیێ بە تەنگەوەم چەندی بوم بکریّ ژیانێکی باشتریان بو برەخسێنم، ئەوان لە ڕەگەزی ڕەسەنی چینی جوتیارانن, لە سەر زەوی ژیاون و کاریان لە سەرکردووە، هەرگیز شیاوی ئەم کەساسییە نین، نە کار... نە ژیانی باش... ئەوان تەنانەت وەکو هاونیشتیمانە سۆڤیەتیەکان ئەزموونی کارەکانی دیکەیان نییە، لە زانست و ڕۆشنبیری دا کزن، ئێستا زۆربەیان ڕووتن و جلی وایان نییە خۆیان پیّ داپۆشن، لە جێی وادا دەژین لە مرۆڤ ناوەشێتەوە.

ئەمانە نوێنەری گەلی کوردی تێکوشەرن لە پێناوی ئازادی و دیموکراتیدا خەباتیان کردووە و قوربانیان داوە، خاکی خۆیان بە جێهێشتووە و چییان هەبووە وازیان لیّ هێناوە... ئەوان کە پەنایان بۆسۆڤیەت هێناوە و ئێستا لە ژێر چاودێری سۆڤیەتدان بۆ

بازرگانی و دەسکەوت و سامان نەهاتوون و نیازی خەلەتاندنیشیان نیە، ئەوان نوێنـەری گەلی کوردن لە گەلانی خۆرهەڵات... ئێمە چاوەڕوانی لا لێکرنەوەین بە یارمـەتی گـەلانی یەکێتی سۆڤیەت و گەلانی خاوەن ڕێبازی دیموکراتی بۆ گەرانەوەی نیشـیمانی خۆمـان، زۆر جێی داخە ئێمە لە خاکی سۆڤیەت بین کەچی من و هاوڕێکانم تا ئێستا لـە بـەهرەی خوێندن بێ بەشین لە کاتێکا وا چاوەروان دەکرا کە دەرگـای خوێنـدن و ڕۆشـنبیری بـە تایبەتی ڕۆشنبیری سیاسیمان بو بخرێتە سەرپشت... تکا دەکەم لـە گـەڵ برادەرەکـانم دا یەك بگرینەوە هەموومان لە پارچەیەکی خـاکی سـۆڤیەتدا بـەبێ دواکـەوتن بگەینـەوە یەك، ڕێگـای خوێنـدن و مەشـقی سـوپایمان بـۆ تـەخت بکرێـت لەسـەر چـەکی قـوڕس و هۆنەری سـەرکردایەتی، پێشـنیاردەکەم (10) دە کـەسمان لەوانـەی لێهاتوویی‌ـان هەیـە هەلبژێردرێن بۆمەیدانی فڕین و هێزی ئاسمانی، چەند کورسیەکیشمان بۆ تەرخان بکـرێ بۆ پسپۆری لە هونەری تاکتیکی سوپاییدا و مەشق بکـرێ لـە سـەر تـازەترین چـەك کـە هەیە... ئەمە جگە لە خوێندنی زانستی مێژوو و جوگرافیا و لەش ساخی و هۆنەری شەڕ و هەرچی بە کەڵکە بۆ کۆمەڵگای نوێ لە زانیارییە نوێیەکان... لـەم دواییانـەدا مێـژووی ئەم میللەتە شێوێندراوە, حاشـا لـە بـوونی ئـەدەب و ڕۆشـنبیریەکەی کـراوە لـە کاتێکـا خۆی زیندوو، نەمرە ...

لە گەڵ ڕێزی زۆر

کوڕی کورد و نۆکەری کورد

مستەفا بارزانی

شاری بالو 1947/11/15

ئەمەی باس کرا چەند بەشێك بوو لەو نامەیەی "مەلا مستەفا بارزانی" ناردوویەتی بۆ "میر جەعفەر باغروف" سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنستی ئازەربایجان و بەرپرسی کاروباری گەلانی ڕۆژهەڵات.

لە ڕێرەوە مێژوویەکەی بارزانی نەمر و یاوەرانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، زۆرێك لە بارزانیەکان لەوێ لە گەڵ ئافرەتی ڕۆسی ژیانی خێزانیان پێکەوەنا کە ژمارەیان زیاتر لە (125) ئافرەت و (225) منداڵ دەبوون، لە گەڵ پیاوەکانیان هاتوون بۆ کوردستان.

لە 1947/5/23 لە کاتی چوونی بارزانیەکان بۆ سۆڤیەت لە گوندی درییە (4) باڵەفڕ بۆردومانی ئەم ناوەیان کرد، بووە هۆی شەهیدبوونی چەند کەسێك وەك "تەمەر مستەفا بناوی و تەها عزیز ئەسپینداری..."و بریندار بوونی (14) چواردە کەسی تر.[25] دوای ئەوەی بارزانیەکان هەندێکیان گەڕانەوە عێراق، "شێخ ئەحمەد"و هەموو خێزانە بارزانیەکان لە ئۆردووگای دیانا تەڵبەندکران کە پاسەوانی توندی سوپاو پۆلیسیان لە سەر بۆ ڕێگە نەدەدرا هیچ کەسێك بە بێ پرسی حکوومەت بچێتە نێویان یاخود بهێتە دەرەوە.[26] کۆی ئەو خێزانانەی هاتنەوە عێراق و لەو ئۆردووگایە تەلبەندکران بریتی بوون لە (4565) کەس، (1550) پیاو, (1686) ئافرەت, (1329) منداڵ.[27]




***هێلکاری ژمارە(3) ژمارەی ئەوکەسانەی لە ئۆردووگای دیانای تەلبەندکراو نیشتەجێکرابوون بە زۆرەملێ و بەپێی ڕەگەز لە ساڵی 1947 ڕووندەکاتەوە.***

هەندێك لەو کەسانەی لە گەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی گەڕانەوە بۆ وڵات لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە لە سێدارەدران، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی 19 ی حوزەیرانی 1947 لە هەر چوار ئەفسەر لە سێدارەدران ئەمانەبوون:

- خێروڵڵا عەبدولکەریم.
- عیزەت عەبدولعەزیز.
- محەمەد مەحمود قودسی.
- مستەفا خۆشناو.

لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا (میرخان سلێمان ڕەشید)[(28)] دەڵێت: (برایەکم لە ڕاپەرینی یەکەم و دووەمی بارزاندا بەشدار بووە پاش گەڕانەوەی لە ئێران لە گەڵ بارزانی نەمر بەرەو سۆڤیەتی پێشوو ڕێگەی گرتووتە بەر و لە مانگی (5)ی1947 لە گوندی دری بە هۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ڕژیم برینداردەبێت و پاشان گیانی لە دەستدەدات).

هەر لە ساڵی 1947 بەشێوەی نائامادە لە لایەن ئەنجوومەنی عورفی سەربازی حوکمی مردنی دەرکرد بۆ مەلا مستەفا بارزانی و نزیکەی 110 کەس لە هاوڕێکانی و نزیکەی سێ یەکی ئەم ژمارەیەش حوکمی مردنیان بۆ دەرچوو،[29] حکوومەتی عێراق بڕیاری لە سەر شێخ ئەحمەدی بارزانی و براکانی محەمەد سدیق و بابۆ هەردوو کورەکانی محەمەد خالد و جەمال و برازایەکانی دیکەی دەرکرد هەموویان دران بە دادگای عورفی، لە ئۆردووگای دیانە گواسترانەوە بۆ گرتۆخانەی هەولێر تا پاشتر بدرێن بەدادگای عورفی... پاشان شێخ ئەحمەد بارزانی و براکانی و کوڕەکانی گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی بەسرە.[30] هەر لە هەمان ساڵ و لەو ئۆردووگایە حکوومەتی عێراق، پیاوەکانی سەروی (18) ساڵیان گرتن و گواستەوە بۆ بەندیخانەکانی موسڵ و کەرکوک[31] و بەغدا و ...هتد, بە گوتەی زۆربەی شایەد حالەکان (500) بارزانی لە کەرکوک و(600) بارزانی تر لە موسڵ و بەغدا زیندانی کراون، پاشان ماڵ و منداڵەکانیان بۆ دەشتی هەولێر و ڕانیە و بادینان ڕاگوێزران.[32] ئەو ژن و منداڵانەی کە لە ناوچەکانی هەولێر و بتوین بە نائومێدی مابوون سەرەڕای ئەمەش لە ساڵی 1949 دا دیسان فەرمانێکی تر دەرکرایەوە کە ئەو ژن و منداڵانە ئەوەندەی تر لەو شوێنانە دووربخرێنەوە.[33]

ئەو خێزانە بارزانیانەی لە ئۆردووگای دیانا تەلبەندکرابوون، دابەشکران بە سەر چەند ئۆردووگای تردا. بەشێکیان هێنرانە شانەدەر و دەوروبەری، لە ژێر کۆنترۆڵی سەربازی دا بوون، بۆیان نەبوو بۆ هیچ شوێنێك بچن و بەشێکی تر لە ناوچەی زێبار لە ئۆردووگایەك نیشتەجێکران لەم ئۆردووگایانە زۆر دەردەسەری و ناخوشییان بە دەست بەڕێوەبەرە ناپەسەندەکانەوە چەشت، گەچیان لە گەل ئارد بۆ تێکەل دەکرد و زۆر بە توندی لە گەڵیان دەجوڵانەوە و کاری قوڕس قوڕسیان پێ دەکرا.[34]

عەلائەدین سەجادی دەڵێت: ((لە ساڵی 1947چاوم بەو نانە کەوتووە کە بە ژن و منداڵە بارزانیەکان دەدرا، بریتی بوو لە ( ئارد و گەچ) تێکەڵاو کرابوون.))

هاووڵاتییەکی بارزانی ووتی: ((لە ساڵی 1947 گەڕاینەوە عێراق لە ئۆردووگایەکی تەلبەندکراو لە دیانا ئێمەیان نیشتەجێکرد، دوو تا سێ مانگ لەو ئۆردووگایە ماینەوە، دواتر هەموو پیاوەکانیان گرت و ئێمەیان بردە (موسڵ) زیاتر لە دوو ساڵ لە زیندان دوور لە ماڵ و منداڵەکانمان، پاشان ئێمەیان دابەشکرد هەندێکیان بوو ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر هەندێکیش بوو شاری دهوك و دەوروبەری...) [45]

هاووڵاتی (نەسیمە عبدالرحمن بریندار)[36] دەڵێت: (لە ئۆردووگا تەلبەندکراوەکەی دیانا هەرچی نێرینەی بارزانی هەبوو گیرا جگە لە هەندێك منداڵ، منداڵەکانیش بۆ چەند هەفتەیەك هەر لە دیانا دەستگیرکران پاشان ئەوان بەردران، ئێمە ئافرەت و منداڵ بە تەنیا بووین لەو ئۆردووگایە، خواردن و خۆراك کەم بوو، برسیمان بوو، ئاومان نەبوو، ئازاد نەبووین، لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا بووین، پاشان ئازادکراین هاتینەوە سەر وار و ناوچەی خۆمان، لە شوێنی خانووە سوتاوەکانمان، ئێمە دووبارە بەهێز و بازووی خۆمان خانوومان دروستکردەوە.))

خێزانە دوورخراوەکان وەکو کوێلە مامەلەیان لە گەڵدا دەکرا، لە لایەن هەندێك ئاغا و هەندێك لە خەڵکی شارۆچەکان. بێگومان مەبەستی ڕژێمیش هەر ئەمە بوو، کە وەك کوێلە بمێننەوە و خەڵکانی تر کاریان پێبکەن، بەلام زۆربەی خەڵکەکە چونکە هاونیشتمانی خۆیان و لە یەك نەتەوە و ڕەگەز و ئاین و زمان بوون، هەڵویستیان باش بوو لەگەڵ ئەم خێزانە دوورخراوانە و وەك یەکێك لە ئەندامانی خێزان هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا دەکرد.

لە ساڵی1950 ژمارەیەك لە پیاوە بارزانیەکان بەردران، جگە لە وانەی کە مەترسیان لێدەکرا، لە ساڵی 1953 ڕێگا درا بگەڕێنەوە دەڤەری بارزان، بەلام شێخ ئەحمەد ونزیکەکانی تاساڵی 1958 ڕێگەیان پێنەدرا بگەڕێنەوە.

(ئاسیا ئیسماعیل سەلیم)[37] تەمەن (99) ساڵ خەڵکی گوندی زورەگڤان دەڵێت: (پاش ئەوەی هاوسەرەکەم دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانی موسڵ لەژێر ئەشکەنجە دانێکی زۆر لەم زیندانەدا گیانی لە دەستداوە).

هاووڵاتیەکی تری بارزانی بە ناوی (تەها محەمەد عوسمان)[38] تەمەن (84) ساڵ خەڵکی گوندی کانیەلنج دەڵێت: (باوکم محەمەد عوسمان ڕەسول لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی بارزاندا وەکو پێشمەرگەیەك خەباتی کردووە پاش ئەوەی لە ساڵی 1945 ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت بەشداری لە کۆماری مەهاباد دەکات لە ساڵی 1947 لە گەڵی گادەر بە هۆی گوللەی ئەرتەشی ئێران شەهید دەبێت و هەر لە گادەر دەنێژرێت, من و برا و دایکم لە گەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان دایکم لە ئۆردووگای تەلبەندی دیانا کوچی دوایی کرد من و برایەکەم لە زیندانەکانی موسڵ و کەرکوك بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندانی کراین).

ئافرەتێك بە ناوی (مەحروسە ئیسماعیل محەمەد)[39] دەڵێت: ((باوکم لە ساڵی 1947 لە گەڵ بارزانی نەمر و یاوەرانی چوون بەرەو خاکی یەکێتی سوڤیتی پێشوو دوای (10) دە ساڵ لەم وڵاتە بە هۆی نەخۆشی کوچی دوایی کردو لە سۆڤیەت نێژراوە)).

(لیدیسمور)[40] ئەفسەرێکی ئەمریکی بوو لە کەرکوك لە ساڵی 1953 سەردانی دەڤەری بارزانی کردووە دەڵێت: (ئەو بارزانییانەی لە دوای ساڵی 1945 بڵاوبوونەوە هۆکاری سەرەکی نەبوونی پەیوەندی بوو لە گەڵ حکوومەت و نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە، وەك ڕێگاوبان و بازرگانی, گەیشتبوون بەو باوەڕەی کە بڵێن ئیمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین، تا ساڵی 1946 زۆر لە خێزانەکانی ئەم عەشیرەتە گوندەکانیان بەجێهێشت هەر هەندێکیان بە شوێنێك بڵابوونەوە، هەندێکشیان چوون بۆ سۆڤیەت.

لە ساڵی 1953 پاش ئازادکردنی گیراوەکان، بارزانیەکانییان گەڕاندەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ڕێگە بەشێخ ئەحمەد نەدرا بگەڕێتەوە).

لیدیسمور لە سەردانەکەیدا چاوی بە(محەمەد ئاغای مێرگەسۆری) کەوتووە دەڵێت: ((لە مێرگەسۆر بوو لەو ڕۆژانە گەڕابووە مێرگەسۆر هەندێك ماڵ و بنکەیەکی پۆلیسی لێبوو، محەمەد ئاغا مێرگەسۆری باسی ئەوەی کرد کە پارەیەکی زۆری نییە، قایمقامی ئەوکاتی قەزای مێرگەسۆریش (فایق ئاکرەیی) بوو لە دانیشتنەکە ئامادەبوو. نەیویست باسی بارودۆخی بارزانیەکان و کێشەکانیان بکات، حەزی نەدەکرد هەڵبستن چەند شتێك لە بڵاوکراوەکان و کاسێتەکان دابەش بکەنە سەر خەڵکی ناوچەکە، لە کاتی قسەکردن پیاوێك گەیشتە ئەویَ لە هەولێر بە پێیان هاتبوو بۆ ناوچەی بارزان، لە بەرئەوەی پارەی نەبوو.

هەروەها لە گوندی (شانەدەر) بووم گوێم لە گۆرانی بارزانیەکان ڕاگرت کە باسی خەباتی بارزانیەکانی دژ بە پۆلیس دەکرد، ئەوکات لە گوندی شانەدەر زانایەکی شوێنەواری لیَ بوو ناوی (ڕالف موکیلی)، خێزانەکەی موکیلی باسی ئەوەی دەکرد کە ئافرەتانی ئەو گوندە شانازی بە پیاوەکانی خۆیان دەکەن، کاتی خۆی ژمارەیەك پۆلیسیان کوشتبوو، هەر دوو ساڵ جارێك پردێك لە لایەن بارزانیەکانەوە لە نێوان گوندی شانەدەر و زێبار دا دروست دەکرێت، بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کاروباری خۆیان.

قایمقامی قەزای زێباری ئەوکات ناوی (محەمەد شەریف دەباغ ) بوو گلەیی ئەوەی دەکرد کە جوتیارەکانی ئەم گوندە هیچ کاریان نییە و جێگایەك نییە بۆ فروشتنی کەل وپەلی کشتوکاڵی و بەرهەمەکانیان، چونکە خاوەن ئۆتۆمبێلەکان ناتوانن بگەنە ئەم ناوچەیە و هیچ کەسێك لە بەغدا و هەولێر بۆ پشکنینی ناوچەکە ناهێن بۆ ئەوەی لە بارودۆخی خەڵکەکە و ناوچەکە لە نزیکەوە ئاگادار بن. پۆستە و گەیاندنیش هەفتەی دوو جار دەهات بۆ دەڤەری بارزان، ئەمەش لە ڕێگەی کەسێکەوە لە ئاکریَ وە بە هێستر دەهات.))

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1. مەسعود بـارزانی، بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد(1931–1958)، و" سـەعید ناکام، چاپی یەکەم ،چاپخانەی خەبات، دهوك، 1998، ل139.

2. د. جویس بلۆ، دۆزی کورد، وەرگێرانی کارزان محەمـەد، چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم سلێمانی،2004، ل83.

3. د. فەوزیە سابیر، مەلا مستەفا بارزانی لە مەهاباد لە ژێر ڕۆشنایی دیکۆمێنتە عێراقیەکانـدا، پەرتوکی (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) هـ.س.پ، ل91.

4. هـ. س. پ، ل92

5. شەوکەت شێخ یەزدین، لە مەهابادەوە... بۆ ئاراس، وەرگێرانی سێ پەرتوك کۆکردنـەوەیان لەو پەرتوکەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،2001، ل14.

6. د.فەززیە سابیر، هـ،س،پ، ل.92

7. مەسعود بارزانی، هـ.س.پ، ل156.

8. ئەفراسـیاو هـەورامی، مسـتەفا بـارزانی لـە هەنـدێك بەڵگەنامـە و دیکـۆمێنتی سـۆڤیەتیدا (1945-1958)، تۆمارێکی زێـرین لـە مێـژووی گـەلی کـورد، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، 2002 ل52

9. مـراد حـەکیم محەمـەد، ئاکامـە کۆمەڵایەتیـەکانی سیاسـی ڕاگواسـتنی کـورد لـە عێـراق لـە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان- سلێمانی 2004 ل114

10. د.فەوزیە سابیر، هـ.س.پ، ل99.

11. چاوپێکەوتن لە گەڵ( محەمەد حدو محمود) شێخ سیدا, 2009

12. مەسعود بارزانی، هـ.س.پ، ل180.

13. د.فەوزیە سابیر، هـ.س.پ، ل112.

14. د.عبدالرحمان قاسملو، کوردستان و کورد، وەڕگێرانـی: عبداللـە حسـێن زادە، چاپخانەی منارە چاپی دووم، هەولێر،2006، ل91.

15. شەوکەت شێخ یەزدین، هـ. س. پ، ل173

16. هـ. س. پ، ل178

17. چاوپێکەوتن لە گەڵ (حاجی شێرو حاجی) گوندی بازێ، 2006.

18. چاوپێکەوتن لەگەڵ(نەسیمە عبدولرحمان بریندار) کۆمەڵگای هردان، 2006.

19. عەلی ئەسغەر ئیحسانی، بارزانی پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا، وەرگێرانی ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانیّ دهوك، چاپی یەکەم، هەولێر 2008 ل51

20. سەلاحەدین ڕاستگەلی، شەڕە لە بیرکراوەکە، وەڕگێرانی: کاوە ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،2004، ل103.

21. مەسعود بارزانی، ه.س.پ، ل185.

22. ه.س.پ، ل195.

23. ه.س.پ، ل196.

24. ه.س.پ، ل297.

25. ه.س.پ، ل188.

26. ه.س.پ، ل185.

27. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپخانەی ئیران – شاری کورد، چاپی دووەم، ساڵی 1996، ل152.

28. چاوپێکەوتن لە گەڵ ( میرخان سلێمان ڕەشید) 2009

29. دانا ئادەم شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێرانی ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانیّ دهوك، چاپی یەکەم، هەولێر 2008 ل240

30. مەسعود بارزانی، ه.س.پ، ل186.

31. مراد حەکیم، ه.س.پ، ل115.

32. عەبدولرحمان مەلا حەبیب, عەشیرەتی بارزان لە نێوان (1931-1991) چاپی یەکەم، هەولێر 2001، ل111.

33. عەلائەدین سەجادی، ه.س.پ، ل153.

34. مەعروف چیاوك، کارەساتی بارزانی زۆڵملێکراو، وەرگێرانی ئەبو بەکر سالح ئیسماعیل، چاپخانەی روشنبیری و لاوان، چاپی دووەم، هەولێر 2009، ل84.

35. چاوپێکەوتن لەگەڵ (حاجی شێرو حاجی) گوندیبازیّ،2006.

36. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەسیمە عبدالرحمان بریندار) کۆمەڵگای هردان،2006.
37. چاوپێکەوتن لە گەڵ (ئاسیا ئیسماعیل سلیم) زۆرەگڤان, 2008
38. چاوپێکەوتن لە گەڵ (تەها محمد عسمان) کانیەلنج 2009
39. چاوپێکەوتن لە گەڵ (مەحروسە ئیسماعیل محەمەد) 2009
40. ڕاپۆرتی ئەفسەری ئەمریکی لیدیسمور لە کەرکوك, 1953

# بەشی چوارەم

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

# لە نێوان سالآنی(1960 – 1974) دا

## جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە نێوان سالآنی(1960 – 1974) دا

لە کۆتایی ساڵی 1960 عەبدولکەریم قاسم ترسی کەسایەتی و نێو بانگی و شۆرەت و دەسەڵاتی بارزانی نەمری لە دڵ نیشتبوو. ویستی بارزانی نەمر و کوردیش بێ هێز بکات، ڕۆژنامە کوردیەکانی یەك لە دوای یەك قەدەغە کرد. بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کار خرا، گەلێك کورد بەند کران، زۆر کاربەدەستی کورد بە تایبەتی لە پۆلیس و سوپادا بۆ ناوچە عاربیەکان ڕاگوێزران، زۆر کوردیش کوژران، جموجوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بەری پێگیرا، چەندین چاوپێکەوتن و گفتوگۆی بارزانی نەمر لە گەل قاسم دا سوودێکی نەگەیاند، قاسم سیاسەتی دژایەتی کوردی گرتەبەر، 100٪ ی باجی لە سەر بەرهەمی کشتۆکاڵی زیادکرد.[1]

عەبدولکەریم قاسم پەنای بردە بەر خێلەکانی دەوروبەری بارزان و لە خۆی نزیك کردنەوە و چەکی پێدان بۆ بەربەرەکانی دەڤەری بارزان و عەشیرەتەکەی، عەبدولکەریم قاسم دەستی کرد بە گرتنی هەندێك لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دوورخستنەوەی هەندێکی تریان بۆ خوارووی عێراق، بەم کارە ناڕەوایانەی عەبدولکەریم قاسم، گرژی دروست بوو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و عەبدولکەریم، لە ئەنجامدا لە 1961/7/31 مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی پێشکەش بە عەبدولکەریم قاسم کرد و تێدا داوای کرد بە هێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و ئازادکردنی گیراوەکان و گەڕاندنەوەی دوورخراوەکان بۆ کوردستان و کارکرد بە بەندی سێی و دەستووری کاتی بە زامنکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و جێبەجێکردنی پاکسازی و گەڕاندنەوەی کارمەندانی کورد بۆ شوێنەکانیان.[2]

لە ڕۆژانی 9 – 11 ی ئەیلولی 1961 هێزە ئاسمانییەکانی عێراق، بارزان و هەندێ ناوچەی دیکەی کوردستانیان بۆمباران کرد و هێرشی سوپایی عێراق بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد.[3] لە 14 ئەیلولی 1961 هەندێك لە گوندەکانی دەوروبەری بارزان بۆردوومان کران لە 18 ئەیلولی 1961 جارێکی تر بارزان بۆردوومان کرایەوە, بە هێرشی دڕندانەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق و توپە قورسەکانی. لە ماوەی نێوان

ڕۆژانی 14 و 18 ئەیلول جارێکی تر لە 16ی ئەیلولی ساڵی 1961 واتە پاش پێنج ڕۆژ لە هەلگیرساندنی شۆڕشی ئـەیلول، عبـدالکریم قاسـم باڵـەفڕە بۆمـب هاوێـژەکانی خـۆی ناردە سەر گوندی بارزان و هەندێ گوندی تری دەور و بەریان لە ناوچەکەدا وەك گوندی (ڕێزان و هاوینەهەواری ببانا) لە چیایی شیرین بۆمباران کرد. چوار باڵەفڕی جۆری میگـا 15 و 17 ئەم ئەرکەیان بەجێهێنا.[4] بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بۆمبارانی ناوچەکە بـەردەوام بـۆ تـا ئـەو ڕادەیـەی تاکـە گونـدێکی ناوچـەی بـارزان نـەما لـەم بۆمبارانـە کوێرانـەیان دەربازبێت.

عەبدولکـەریم قاسـم 120 فڕۆکـەی جـەنگی خسـتەگەڕ و زۆر دڕندانـە دژی کـورد وەستایەوە، هێزی ئاسمانی عێراق سەدان گوندیان کاولکرد و گەلێك کوردیان کۆشت.[5]

قاسم لە پڕۆپاگەندە تۆقینەر و بێ بنەمایـەکانی هـەولێکی زۆریـدەدا تـرس و دڵـەراوکێ بخاتـە دڵـی خـەڵکی کوردسـتانەوە، هـەروەك لـە گۆتـەکانی عەبدولکـەریم قاسـم لـە ئـەکادیمیایی سـوپایی بەغـدا، لـە ڕۆژنامـەکانی (العهـد الجدیـد) ژمـارە 478 لـە 1962/7/20 بەغدا، هـەروەها هـەمان سەرچاوە ژمارە 600 لـە 11/12/ 1962 ، هەروەها ڕۆژنامەی (الایام) ژمارە 59 لە 22 ی حزەیرانی 1962 بەغدا، هەروەها Le Monde , paris, 19-20 Aout و چەندین ڕۆژنامەی تر زۆر جار ڕایدەگەیاند کە گوایە "بارزانی کۆژراوە" وای لێ هاتبۆ ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان چیدی باوەڕیـان پـێ نـەدەکرد، هـەروەك ڕۆژنامـەی New York Herald Tribune لـە ڕێکـەوتی 1962/5/24 لاقرتێ بە گۆتەیـەکی قاسـم کردبـوو، خسـتبوویە نێـو ئـاخنی سـەردێری گۆتارەکەیـەوە و نووسـیبووی "شۆڕشـی کـورد کۆتـایی هـات، کەچـی جـەنگ هـەر بەردەوامە".[6]

لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسـم دا زۆربـەی سـەربازگەکان ببـوون بـە گرتوخانـە لەوانـە سەربازگەی هێزی گەرۆکی پۆلیس لە پشت سەددە لە بەغـدا و سـەربازگەی ڕەشـید کـە ناسرابوو بە بەندیخانەی ژمارە (1) یەك.[7]

له بەهاری ساڵی 1963 زیاتر لە (50) گوندی عەشیرەتەکانی شێروانی و بەرۆژی و نزاری لە ناوچەی بارزان لە ئەنجامی نائارامی ناوچەکە ئاوارە دەبن لە ناوچەی مزورییەکان دەگیرسێنەوە تا پایزێکی درەنگ.[8] لە کۆتایی مانگی 11ی ساڵی 1963 بارزانیەکان بە ماڵ و منداڵەوە گەڕانەوە گوندە سوتاوەکانی خۆیان.

لە 1963/6/10 هێزەکانی ئاسمانی و فڕۆکەکانی جەنگ بە هەموو توانایەکەوە دژی پێشمەرگە قارەمانەکان و کوردستان بۆ یەك پارچە ئاگر چونکە حکومەتی بەعسی سیاسەتی سوتاندنی خاکی کوردستانی بەکارهێنا و تەڕ و وشکیان پێکەوە سوتاند و جیاوازییان نەکرد لە نێوان چەکدار و بێ چەك و ژن و پیاو و منداڵ، هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ڕەچاونەکرد کە تایبەتمەندن بە جەنگ و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ.[9]

لە 1963/7/2 دا مەنگۆلیا داوای لە سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان – یۆنایتد–کرد" مەسەلەی جینۆساید و قڕکردنی میللەتی کورد بخاتە بەر چاوی هەژدەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆیە عێراق پەیوەندی دیبلۆماسییانەی خۆی لە گەڵ مەنگولیا پچڕاند.[10]

وەزیری دەرەوەی شورەوی ئەندرێ کرۆمیکۆ لە 1963/7/9 پرتێستێکی دایە باڵیۆزی عێراق لە مۆسکو، نارەزای دژی میلەتی کورد دەربڕی. لە 1963/7/10 ڕۆژنامەی پرڤدا گوتارێکی یاخود یاداشتێکی بڵاوکردەوە کە تێیایدا تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق بە ئاگا دێنێتەوە. لەو بە ئاگا هێنانەوە شوورەوی هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکات کە نەتەوەی ئازادیخوازی کورد قڕ دەکەن.[11]

بەم چەشنەی خوارەوە لە یاداشتەکەدا هاتبوو:

( حکوومەتی سۆڤیەت زانیاری بە دەستەوەیە کە هەندێك دەوڵەت لەوانە ئێران و تورکیا و سوریا بە ڕێگای دەستێوەردانی ڕووداوەکانی باکووری عێراقن لەو کارانەی ئەنجامی دەدەن سیمای سەربازی بەخووە دیارە و ئەم سیاسەتەی کە حکوومەتەکانی ئەندام لە پەیمانی ناتۆ ئەنجامی دەدەن کاردانەوەیەکی خراپە و ئەنجامەکانی خەتەرناکن).[12]

لە 10ی تەمموزی 1963 دا ڕادیۆی بەغدا ئینزاری کوردی کرد، جەنگاوەر و ئازادیخواکانی کوردی بە جوداخواز و سەر بە کۆمۆنیست و زایۆنیست نێو دەبرد و هەڕەشەی مردنی لە هەر یەکێك دەکرد کە پشتگیری لە بارزانی بکات. خەڵاتیکی 100 هەزار دیناری بۆ سەری بارزانی تەرخان کرابوو.[13]

هەموو هاوینی ساڵی 1963 هەتا مانگێك لە پایزیش بارزان دەورە درابوو. باڵندەی لێ دەرنەدەچوو، لە ئاسمانەوە بۆم باران لەسەر زەمینیش بە هەمان شێوە، بە قسەی ئەفسەرێکی عێراق کە فەرماندەی شەڕەکە بوو، (250) دووسەد و پەنجا توپی زل بەردەوام بێ پسانەوە دەڤەری بارزانیان دادەبێژت.[14]

لە 24/ 9/ 1963 پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد یاداشتێکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێو دەوڵەتی کرد و تیایدا بە تێر و تەسەلی باسی بارودۆخی کوردستان و شەڕی جینۆسایدی کرد کە حکوومەتی بەعسیەکان لە عێراق دژی ئەنجامیان دەدا و هەر لە یاداشتەکەدا داوا کرابوو جەخت بخەنە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی جەنگی قڕکردنی کورد, لە سەر ئەم یاداشتە لیژنەی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ یاداشتەکەی بەرزکردەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و تێدا ئاگاداری کردەوە بەو نەهامەتیانەی بە سەر کوردا هاتووە و هەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە.[15]

ئەوەی شایانی باس بێت عێراق ئەندام بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەو دەوڵەتانە بوو کە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی پەسەند کردبوو.

هاووڵاتی (حاجی بالین شینو)[16] دەڵێت: ((لە ساڵی 1963 بە ماڵ و منداڵ و مەرومالاتەوە ئاوارەیی ناوچەی شێروان بووین بەردەوام فڕۆکە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە بۆردوومانی دەکردین خاك و باغ و بێستان و مەڕ و مالات بەهۆی ئەم بۆردوومانەوە سوتێنران و لە ناوچوون, هاووڵاتی (سەید مەلا حەسەن ئێروانی، ڕەوشەن مەلا فقێ)چەند کەسانێکی تر شەهید بوون و ڕێژەیەکی زۆریش بریندداری بوون, (ڕەوشەن)

هەر لە ناوچەی شێروان لە نزیك گوندی كولەكا بە جلوبەرگەوە نێژراوە, هەر بەمەشەوە نە وەستان فڕۆكەكان تیزابیان بەسەر خەڵكەكەدا باراند و چەند كەسێك گیانیان بەم تیزابە سوتا...))

لە پایزی ساڵی 1963 هەردوو هێزی عێراق و سوری دەچنە ناوچەی بارزان و چەند خانوویەك دەسوتێنن.[17]

هەر لە ساڵی 1963 چەند كەپرێك كە شوێنی حەوانەوەی چەندماڵێكی ئاوارەبووی گوندی پرێسەی لێ بوو, دەكەوێتە دەوروبەری گوندی هەنارەی نزیك گوندی هەرنێ. لە لایەن فڕۆكەكانی ئەوسای عێراق بۆردوومان كراو 4 كەس لە ژن و منداڵی بێ گوناح شەهید كران.

هەر لە ساڵی 3691 بۆ ماوەی شەش مانگ، (13) لەو ئافرەتە ڕوسیانەی شویان بە بارزانیەكان كردبوو لە هەولێر زیندانی كران.[31]

لە 11/ 1/3691 دا ڕژێمی عەبدولسەلام عارف یاسایەكی بە ناوی (یاسای مەدالیا بۆ لە نێوبردنی جەردەكانی ژوورو)ەوە دەركرد، گوایە ئەو مەدالیایە بەو كەسانە دەبەخشرێت كە (ئەركی لە نێوبردنی چەتەكان و خامۆشكردنی یاخی گەریەكەی دەستە خۆ فرۆشەكان لە ئەستۆ دەگرن) تا (بتوانن خاكی ئازیزیان لە جودایی خوازەكان و بە كرێگیراوانی ئیمپریالیزم پاكژ كەن). جگە لەوە عارف لە تەلەفزیۆنی بەغدا ڕایگەیاند كە (كورد لە ڕەچەلەكی عارەب)ن.[36]

لە بەهاری ساڵی3691 لە ماوەی سێ ڕۆژدا مێرگەسۆر و دەوروبەری و گوندی سێلكێ و چەند گوندێكی تر سوتێنران و كاول و وێرانكران لەم هێرشانەدا تانكی و پۆلیس بەشدارییان كردبوو[20] عەبدولرحمان عارف ئەوكات سەرۆكی سوپا بوو بە فەرمانی ژمارە (278) لە ڕۆژی 6 ی حوزەیرانی ساڵی 1965 دا، فەرمانی دابوو:

1-هەموو ئەو كێلگانەی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان دەبێت خاپوور بكرێن.

2–هەموو بەڕووبۆمی ئەو جوتیارانەی کە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە دەکەن, دەبێت دەستی بەسەردا بگرێت.[21]

یەکێك لەو ڕەفتارەی حکوومەتی بەزاز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان قەدەغەکردنی دەرمان گەیاندنە کوردستان بوو، تا چارەسەرکردنی پزیشکی لە توانایدا نەبێت.[22] بە فەرمانێکی نهێنی "سەرکردایەتی هێزی مەیدانی عەمەلیاتی جەنگی" ژمارە 1060 لە 1965/8/17 لە ژێر سەردێری " قەدەغەکردنی دەرمان بردن بۆ گوندەکانی کوردستان".

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا کە ڕژیمی داگیرکەری عێراق کەوتبووە گوند ڕۆخاندن و سوتاندن و ڕاگواستنی کورد لە سەرماڵ و حاڵی خویدا، بارزانی نەمر لە 1-1-1966 بیرخەرەوەیەکی دایە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بیرخەرەوەیە سیاسەتی خاك سوتاندنی ئیدانەکرد، داواشی لە (UN) کرد لێژنەیەك بنێرتە ناوچەکانی شەڕ تا بەچاوی خۆیان ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیەی ڕژیمی عێراق ببینن.[23]

لە 1966/1/16 لە یاداشتنامەی فڕۆکەوانێکدا کە فڕۆکەی (ئیلیۆشن)ی ژمارە 433 بوو لەلایەن تۆپە فڕۆکە شکێنەکانی کوردەوە خرایەوە خوارەوە، نووسرابوو کە تەنیا خۆی 45 گوندی کوردی خاپوور کردووە.[24]

هەر لە ساڵی 1966 ڕژێمی عارف و بەزاز گازی کۆشندەیان دژی کورد بەکارهێنا، ئەوە دژایەتی پرۆتێستێکی توندی دژی ڕژێمی عارف خەملاند. بۆ نموونە لە 1966/3/18 دا سکرتاریەتی یەکیتی قوتابیانی جیهان لە پراگ ڕژێمی عارفی بە توندی تاوانبارکرد.[25]

لە مانگی ئایاری 1966دا هێرش کرایە سەر ناوچەی شێروان و کێوی پیران لەم هێرشەدا چەندین خانوو تێکدران و ماڵ و ملکیان تالان کرا ژمارەیەك خەڵکی سڤیلیش کوژران.[26]

یەکێك لەو ئافرەتانە بە ڕەچەلەك روسی بەناوی (گوڵێ قەرە ئەسلان)[27] تەمەن (73) ساڵ شووی بە پیاوێکی بارزانی خەڵکی شنگێل کردووە دەڵێت: (پاش ئەوەی هاتینە

عێراق تەنها بۆ ماوەی سێ ساڵ ژیانمان خوش بوو، لە ساڵی شەستەکان چەندین جار ئاوارە و دەربەدەربوین، ئەمە جگە لە بۆردوومانی بەردەوامی فڕۆکەکان، چەندین جار خانوومان سوتاوە و شتومەك ئاگری تێبەربووە، زۆرێك لە منداڵ و ئافرەت شەهید بوون...).

لە 16-8-1969 ئەمجارەیان زۆر دڕندانەتر ڕژێمی بەعس کەوتە بۆردوومانکردنی گوندی دەکان و دەوروبەری، خەڵکەکە بە ژن و منداڵەوە ئاوارەی ئەشکەوتێکی نزیك گوندەکە بوون, بەهۆی بۆردوومانی سەختی ئەشکەوتەکە و سوتاندنی دەرگای ئەشکەوت و ئاگر فرێدانە نێو ئەشکەوتەکە، 67 شەست و حەوت منداڵ و ئافرەت و پیر و گەنج بە هۆی بۆردوومان و ئاگر تێبەردان لە نێو ئەشکەوتەکە سووتێنران. ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدەکان (سەفتێ و بەنانی) بوون کە ئاوارەی ئەم ناوچەیە ببوون.

هاووڵاتی (سەعید ڕەمەزان محەمەد)[28] خەڵکی گوندی دەکان و دانیشتوی گوندی نێروەکا کە (8) هەشت کەس لە خانەوادەکەی (دایك و زردایك و چوار برا و دوو خوشکی) بەم بۆردوومانە لە ئەشکەوتی دەکان سوتێنراون, دەڵێت: ((گوندی دەکان سەر بە ناحییەی قەسروك و قەزای شێخانە. لە شۆڕشی ئەیلولدا لانەیەك بووە بۆ پێشمەرگەکان, لە ساڵی 1969 حکوومەتی بەعسی عێراق بەفڕۆکە و گشت چەکێکی قورسەوە بۆردوومانی گوندەکەمانی کرد, خەڵکەکە ڕویان لە ئەشکەوتێکی نزیك گوند کرد بۆ خۆ حەشاردان لە نێو ئەشکەوتەکە گیرسانەوە, بەڵام فڕۆکەکان بۆردوومانی کردن خەڵکەکە ئافرەت و پیر و پەککەوتە و منداڵ سوتێنران. پاش (14) چواردە ڕۆژ تەرمەکانیان لە ئەشکەوتەکە دۆزرانەوە, هەموویان سوتێنرابوون نەدەتوانرا جەنازەکان هەڵگرین چونکە لە بەر یەك هەڵدەوەشانەوە لە ناو دەچوون بو یە هەر بە کۆمەل و بەبێ کفن نێژران و چونکە نەماتوانی بیان شوین خرانە نێو سێ گۆڕی گەورەی بەکۆمەڵەوە...))

له 29-9- 1971 پولێك ماموستای ئاینی به چەند بۆمبایەکەوە بە ڕێکران بۆ حاجی ئومەران کە خۆیان بە بارزانیەوە بتەقێنن.

لەم بارەیەوە بەڕێز مەسعود بارزانی لە پەرتوکی بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد[29] دەڵێت: (کاتژمێر چوار و پەنجاو پێنج خولەك دەنگی تەقینەوەیەکی گەورەم گویٚ لێبوو، وام زانی دەنگی تەقینەوەی مینی دینامێتە لەو جورە کە بۆ شکاندنی بەردی چیاکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەنگی تەقینەوەیەکی زۆری بە دوادا هات ڕاست و ڕەوان ڕام کرد بەرەو ماڵی باوکم، وام دەزانی باوکم لە وێیە بەڵام لەویٚ نەمدی تڤەنگەکەیم هەلگرت و بە هەڵەدا ڕام کرد بۆ ئەو شوێنەی پێشوازی مێوانی لێدەکات لە نیهادم پرسی : باوکم لە کوێیە؟ وتی: کوژرا کەوتمە زەوی. هێزم لێبڕا بەڵام پاش توزێك زۆرم لە خۆم کرد و هەستامەوە و ڕووم کردە شوێنی تەقەکە. لە ڕێدا توشی پێشمەرگە ڕەسولٚ خدر بووم یەکێك بۆ لە پاسەوانەکانی باوکم. لە بارەی باوکم پرسیارم لێکرد، وتی: سەلامەتە دڵت خەتەرە نەکا، بەڵام پرشکی یەکێك لە نارنجوکە فرێدراوەکانی بەر کەوتووە و برینداری کردووە. پاشان بۆم دەرکەوت کەوا بارزانی پێش ئەو کاتەی خۆی دیاری کردبۆ بو دیتنی میوانەکان، ڕاستەوخۆ پاش نوێژی عەسر، چووبوو بۆ لایان. چووبوە ژورەوە و بەخێرهاتنی لیٚ کردبوون و دانیشتبوون. لەم کاتەدا پێش خزمەتەکەی کە ناوی (شەریف) بۆ هاتبووە ژوەرەوە و چای هێنا بۆ بە سەر میوانەکانی دا دەگێڕا. لە نێوان باوکم و بۆمباکەدا وەستا بۆ کە لە ناو جلەکانی (ابراهیم خوزاعی)دا بۆ یەکێك بۆ لە مەلایەکان بەو جورە چایچیەکە بو بە دیوارێك کە بۆمبایەکە لە ناو جلەکانی ابراهیم خوزاعی دا تەقییەوە باوکمی لیٚ پاڕاست خۆی پێوەبوو بەم جورە بارزانی بە پەرچ و ( معجزە)یەك بە سەلامەتی لەو پیلانە ڕزگاری بوو.

لە ژۆری پێشوازی دا چوار لەوانە هاتبوون بە ساجمەی بۆمبا تەقێنراوەکە کوژران دانیشتووانانی لای ڕاست و چەپی باوکیشم بریندار بوون و کێیان توانی راکەتە دەرەوە رای کرد، بارزانی ژورەکەی بە جێهێشت و هاواری دەکردە پێشمەرگەکان : کەسیان

مـــەكوژن، بـــەڵام دوو شـــوفێرەكە پـــاش ئـــەوەی نـــەیانتوانی بگەنـــە لای ئوتومۆبێلـــە شیفرولێتەكە ئەویش وەك ئوتۆمبێلەكەی تـر، بۆمبـا ڕێـژ كرابـوو لـە جێگـەی لایتـەكانی پاشەوەی دا رۆكێت قایم كرابوو تا ئەگەر شوفێرەكان سەركەوتن و هەڵاتن بیان نـێن بـە هـەر ئوتۆمبێلێكـەوە كـە شـوێنیان بكـەوێ. ئـەم دوو شـوفێرە چـونیان بـۆ ڕێدەكـەوت نارنجوكی دەستیان هەلدەدا. دیـارە ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە كـە هـەر لـە سـەرەتای كارەوە پلانی هەڵاتنی شوفێرەكان – كە هەردووكیان ئەفسەری ئاسایش بوون– رەچاو كرابوو بەڵام هیچ نیشانەیەكی ئەوە دیـار نـەبوو كـە ڕزگـار بـوونی مەلایـەكانی مەبەسـت بوبێت... سەعات پێنچ و بیست و پێنج خولەك بە كوژرانی پیلان گێڕەكان هەموو شتێك بڕایەوە. پاش ئەوەی خەڵكەكە هەموو بڵاوەیان لێكرد ئۆتومبێلە (كات) بۆ دانراوەكـەش تەقی یەوە و پرزولەكانی بە تەختانەكەدا بلاوبوونەوە.

لە ئاكامدا (9) مەلاو (2) دوو شـوفێرەكە كـۆژران و (2) دوو پێشـمەرگە كـە یـەكێكیان چایچیەكەبوو شەهید بوون، چواردەی تریش بریندار بوون.

ڕۆژنامەی میدل ئیست مۆنیتۆر– لە واشنتۆن دەردەچێت–15ی ئۆكتۆبەری 1971 لـە بارەی سەرنەكەوتنی هەوڵی تیرۆركردنی بارزانی، دەنووسێت:

(( لـە 29ی ئـەیلوول 11 كەسـی چـەكدار بـە بـۆمبی دەسـتی (نـارنجوك) و تەقەمـەنی هەوڵی تیرۆركردنی مەلا مستەفا بارزانی پێشەوای كوردیان دا لە بارەگای سـەركردایەتی خۆی لە باكووری عێراق، بارزانی لـەم هەوڵدانـە بـە برینداریيـەكی كـەم دەرچـوو، بـەڵام دووان لە پاسەوانەكانی كوژران و هەموو پیلانگێڕەكانیش لە نێو چوون...))[30]

(مزگین ساڵح شەریف) دانیشتوی شارۆچكەی بلێ تەمەن (55) سـاڵ كـە دەكاتـە بـرای شەهید (شەریف ساڵح شەریف) دەڵێت ( شـەهید شـەریفی بـرام كـەنجێكی خزمـەتكار و ڕووخۆش بوو, تەمەنی 18 سـاڵی بـوو سـەلت بـوو لـە 29–9–1971 ڕژیمـی بەعسـی گۆڕبەگۆڕ شاندێكی تیرۆرسـتی بـە مـەلای ئاینیـەوە لـە شـوینی حەوانـەوە و پیشـوازی

بارزانی نەمر لە حاجی ئومەران خۆیان تەقاندەوەو شەڕیفی برام چایچی بوو ئەوکات چای دەگێڕا, بۆ بە پەرجانێك بۆ پاراستی گیانی بارزانی نەمر و بۆ بە قوربانی...)[31]
لە 16-7-1972 دیسان بە هۆی کوردێکەوە بۆمبایەکیان لە جەمەدان دانرابوو کە بارزانی پێ بکوژن ئەو فێڵەشیان سەری نەگرت.[32]
لە پایزی ساڵی 1974 دوو فڕۆکەی جەنگی ڕژیمی عێراق گۆندی (هەڤندکا) و دوروبەری گوندی بارزانیان بۆردوومان کرد، هاووڵاتییەك شەهیدکرا و چەندین زیانی ماددی بەدوای خویدا بەجێهێشت.
هاووڵاتیەکی گوندی هەڤندکا بەناوی (عەلی یوسف عەلی) بەم شێوەیە دووا: ((لە پایزی ساڵی 1974 دوو فڕۆکە گوندەکەمانی بۆردوومان کرد, برایەکم بەناوی (ڕەمەزان یوسف عەلی) لە سەر زێی گەوەرەی نزیك ماڵ و گوندەکەمان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوو بیستانەکانی ئاو دەدا فڕۆکەکان بۆردوومانیان کردو شەهیدکرا. زۆر بێ بەزەییانە, دایکێکی گوندەکەمان ناوی (سەروەر عەلی ئالو) بوو شیری دەدا بە منداڵەکەی گوللەیەکی بۆردوومانی فرکەکەکان بە بێشکەکە کەوت, بەڵام بەزەیی یەزدانی مەزن ئەم زاروکە بێ گوناهە و ئەو دایکەی ڕزگارکردو گیانیان سەلامەت بوو.
مەڕ و مالات و کا و کادین و شوینی لەوەرگاکان و دار و بێستان و زەوییەکانیان بە ناپاڵم بۆردوومان کرد. گەنم و جووی ئامادەکراو بۆ خەرمانە سوتێنرا و زیانێکی زۆر بە ژینگەی گوندەکەمان کەوت.))[33]

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

1. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێرانی کوردو، چاپی یەکەم، هەولێر 2001، ل135
2. محەمەد سالح عقراوی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانیٚ، دهوك 2007، ل125
3. ئاری کەریم، چەند لاپەڕەیەکی زیندوو کردنەوەی شۆڕشی ئەیلول،چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهوك 1999، ل16.
4. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004 ل38.
5.جەمال نەبەز، هـ. س. پ، ل138
6. هـ. س. پ، ل146
7. محەمەد سالح عقراوی، هـ. س. پ، ل127
8. مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ی کوردستان- سلێمانی 2004 ل.119
9. محەمەد سالح عقراوی، هـ. س. پ، ل129
10. جەمال نەبەز، هـ. س. پ، ل153
11. هـ. س. پ، هەمان لاپەرە.
12. محەمەد سالح عەقراوی، هـ. س. پ، ل131
13. جەمال نەبەز، هـ. س. پ، ل150
14. هەژار موکریانی، بارزانی، لە پاشکوی پەرتوکی لە مەهابادەوە...بۆ ئاراس، و" شەوکەت شێخ یەزدین، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2001، ل473.
15. محەمەد سالح عقراوی، هـ. س. پ، ل133
16. چاوپێکەوتن لە گەل(حاجی بالین شینو) ساکا, 2010
17. ئاری کەریم، هـ. س. پ، ل51

18. ڕێکاری مزویری، ژنێت ڕۆسی و ڕاگواستن و ئەنفال و کۆمکوژی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ڤەژین بۆ قوربانیانی جینۆسایدی بارزانیەکان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر 2010 ل191

19. جەمال نەبەز، هـ. س. پ، ل158

20. سەلاحەدین ڕاستگەلی، شەڕە لە بیرکراوەکە، وەرگێرانی: کاوە ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،2004، ل104.

21. هـ. س. پ، ل110

22. جەمال نەبەز، ل168

23. غەفور مەغموری، بەعەرەبکردنی کوردستان, لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا، چاپی یەکەم، هەولێر2002، ل104.

24. جەمال نەبەز، هـ. س. پ، ل170

25. هـ. س. پ، ل171

26. سەلاحەدین ڕاستگەلی، هـ.س.پ، ل103.

27. چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوڵێ قەرە ئەسلان) کۆمەڵگای هردان،2006.

28. چاوپێکەوتن لە گەل( سەعید رەمەزان محەمەد), نێروەکا 2010

29. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961–1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004 ل69.

30. هـ.س.پ، ل290

31. چاوپێکەوتن لە گەڵ( مزگین شەریف ساڵح) بلێ 2009

32. هەژار موکریانی، هـ.س.پ، ل474.

33. چاوپێکەوتن لە گەل(عەلی یوسف عەلی) هەڤندکا, 2009

# بەشی پێنجەم

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

# لە نێوان سالآنی(1975 – 1991) دا

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە نێوان ساڵانی(1975 – 1991) دا

لە ساڵی 1975 پاش ئەوەی بارزانیەکان بە ماڵ و منداڵەوە بەشێکیان ئاوارەی ئێران بوون و بەشەکەی تریان لە گوندەکانیان مانەوە، قۆناغێکی تری ڕاگواستی بارزانیەکان دەستی پێکرد کە بە مەترسیدارترین قۆناغی ڕاگواستنی بارزانیەکان و تەنانەت قۆناغی ڕاگواستنی کوردیش دادەنرێ، دەیان هەزار لە گوندنشینانی دەڤەری بارزان لە ماڵ دەرکران و بە زۆر بۆ ناوچە ڕووتەکانی بیابانی باشووری عێراق ڕایانگواستن. لێرە بێ هیچ یارمەتیدانێك دەبوو سەر لە نوێ بە جنگە گرێ ژیانی خۆیان دروست بکەنەوە.[1] کە زێتر لە (76) حەوتا و شەش گوند لە ناوچەی بارزان دانیشتووانی گوندەکانی هەرسێ عەشیرەتی بەرۆژی و نزاری و هەرکی بنەجێ و هەندێك لە گوندەکانی عەشیرەتی مزۆری و شێروانی گرتەوە.[2]

وەك ئاماژەمان پێکرد بە مەترسیدارترین قۆناغی ڕاگواستنی کورد دادەنرێ، ژمارەی کوردە ڕاگوێزراوەکان بۆ باشووری عێراق تا ساڵی 1976 خۆی لە (300000) سێ سەد هەزار دەدا حکوومەت بارزانیەکانی لێ ڕێزپەڕکردن و ڕێی بە هەموو ئەوانی دیکەدا بگەڕێنەوە ناوچە کوردنشینەکان، بەمەش پێویست بۆ تەنیا بارزانیەکان لە خوارووی عێراقدا بمابانەوە.[3] هەندێك لەو ڕاگوێزراوانە لە ڕێگا گیانیان لە دەستداوە ئەوانی دیکەش هیچ یارمەتیەك نەدراون لە لایەن دەسەڵاتدارانی خوارووی عێراق، ئەو لێپرسراو و کەسانەی هاوکاری ڕاگوێزراوە کوردەکانیان کردووە و خۆراك و کاریان داونەتێ یان بەرگریان لێ کردوون سزادراون و زیندانی کراون،[4] ژمارەیەکی زۆریشیان لە بیابانەکانی خوارووی عێراق گیانیان لە دەستدا. ڕاگوێزراوە فەرمانبەر و پلەدارەکانیش لە کارەکانیان دورخرانەوە و پلەکانیان دابەزێندرا. بێکاریش وەك نەخۆشییەکی کوشندە

دووچـاری جوتیـار و ئاژەڵـداره بارزانیـەکان ببـوو چـونکه بارزانیـەکان کەسـانێکی بەرهەمێنەر و جوتیار بوون، بەڵام له بیابەنەکانی باشوور دەرفەتی ئەم جۆره کارانـەیان بـۆ نەدەرەخسـا. هـەروەك لـه دیکۆمێنتـه نهێنیـەکانی حکوومـەتی ئەوکاتـدا دیـاره دامەزراندنی بارزانیەکان وەك خزمەتگوزار و پاککەرەوه له دام و دەزگاکاندا زۆر به چڕی لـه لایـەن ئاسایشـەوه کـۆنترۆڵ دەکـران و پاشـان بـه نووسـراوی ڕەسمـی ئاسایشـەوه ڕەزامەنـدی دامەزرانـدنیان دەدرا. هـەروەها لـه بەڵگەنامـه نهێنیەکانـدا ئـەوه بـه دیـار دەکەوێت که بارزانیـەکان لـەم ڕاگواسـتنه وەك بەنـدی نهێنـی کاریـان لـه گەڵـدا کـراوه، هەموو کارێکیان له لایەن ئەفسەرانی بەنده نهێنییەکانەوه بەبەردەوامی چاودێری کراون و له هەموو کارێك ئاگادارکراونەتەوه، بروانه بەشی حەوتەم دیکۆمێنتەکان.

ئافرەتێکی ڕاگوێزراو بەناوی (خدیجه مستەفا ئەحمەد)[5] خەڵکی گونـدی بـازێ دەڵێـت: (ئێمه له گوندەکانمان بووین ژیانێکی سادەو ساکارمان به سـەر دەبـرد، بـەڵام ڕۆژێ لـه ڕۆژان حکوومـەتی عێـراق بـه سـەربازێکی زۆر و خـۆ ئامـادەکردنێکی باشـەوه دەوری گوندەکەمانی گرت، نەیانهێشت کـەس لـه گونـد بچێته دەرەوه، پاشـان چـەند زیلێکـی سەربازییان هێنـا و ئێمـەیان سـواری زیلـەکان کـرد و ئێمـەیان بـرد بـۆ هـەولێر لـه ڕێگـا برسـیمان بـوو، تینومـان بـوو، ئێمـەیان لـه هـەولێر لـه سـەربازگەیەك دانـا، ڕۆژی دواتـر ئێمەیان برد نەمان زانی بۆ کوێمان دەبەن، زیاتر له شەو و ڕۆژێك به ڕێگاوه بـووین, زۆر دەترساین بمان خەنه نێو ڕۆبارێك یا خۆد زیندەبەچاڵمان بکەن، ئێمەیان بـردە بیابانێـك هەندێك حەسیله و دار پێکەوەنرابوون له شێوەی خێمه, ئەو بیابانه ئاوێکی پیدا دەهات زۆر پیس بوو کەلەشی سەگی تۆپیو و پشیله و شتی لەو جۆرانەی پێدا دەهات، به هۆی نالەباری کەش و هەوای ئەم شوێنه و پیسی ئاوەکه کوڕێکم بـەناوی (وەلی عیسـا خالـد) گیانی له دەسدا خەسووشم به ناوی (چاك عەلی سوفی) هەر لەو بیابانه گیانی لەدەسدا، لەوێ نێژراون و تاکو ئێستا گۆڕەکانیانم نەبینیتەوه، لەم بیابانه پزیشك و ئوتومبێل زۆر کەمبوون ...).

زۆربەی ئەو گواهیدەرانەی لـەم ڕاگواسـتنەدا بەشـداربوون دەڵـێن خـەڵکێکی زۆر ڕۆژانـە دەمـردن هــەروەها ڕژێــم زۆر بــە ئاشــکرا لــەو شــوێنانەی کــەوا ڕاگوێزراوەکــان تێـدا نیشتەجێکرابوون نوسیبووی (دارالفنا) شـوێنی لـەناو چـوون و مـردن، بارزانیـەکان لـەم بیابانە بەردەوام لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ڕادەگوێزران.

ئافرەتێکی تری شایەد حال بەناوی (سامیە شەمزین سـەیدو)[6] دەبێـژی:( لـە ڕێکـەوتی 1975/11/25 کاتـژمێر 10 ی بـەیانی، سـێ فڕۆکـەی هەلیکۆپتـەر لـە سـەر لوتکـەی گوڤەند بە دیارکەوتن، یەکیکیان بەرەو گوندی ئەرگوش و ئەوانی تر بـەرەو گونـدی درێ هاتن و فڕۆکەکان گەیشتنە شوینی نیشتنەوەیان و سەربازەکانی ڕژێم دابەزین لە هـەموو لایەك گەمارۆی گوندەکەیان دا، نـەیان هێشـت هـیچ کەسـێك بـۆ دەرەوەی گونـد بچـێتە دەرەوە، جگـە لـە چـەند منـدالێك ئـەوانیش بـۆ بانگهیشـتکردنی ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ ڕاپـەراندنی ئیش و کاری ڕۆژانەیان ڕوویان لە دەرەوەی گوند کردبوو، تابگەڕێنەوە.

شەوی بە سەردا هات هەموو پیاوەکان قۆل بەست کران بۆ ناو بینایەی قوتابخانـە، ئـەم شەویش زیاتر لە نیو مەتر بەفر باری.

هەڵکەوتی جۆگرافی ئەو گوندەش بەو شـێوەیە بـوو کـە لـە دوو تـاخ پێکهـاتبوو، تـاخی ڕۆژهەلات لە سنووری تورکیا نزیك بوو هەنـدێکیان توانیـان خۆیـان دەربازبکـەن بـۆ نـاو خاکی تورکیا، بۆ روژی دواتر هەرچی خـاو خێـزان هەیـە ڕاپێچـکران بـێ ئـەوەی بتـوانن تەنیا یەك ژەم خواردن لە گەڵ خۆیان ببەن، تەنانەت نەیانهێشت قورئانی پیرۆز لە گـەڵ خۆمـان ببـەین، بەهـەزاران مـەر و بـزن لـە نـاو هـور بـە جێمـان، هاوسـەرەکەم ویسـتی دەرگایان لێبکاتەوە و بۆ ئەوەی مەر و بزن و ڕەشەولاغەکان ئازاد بن و لە بێ ئاو و لـە برسان گیان لە دەست نەدەن، بەلام ڕێگەیان پێنەدان.

سواری فڕۆکەیان کردین بۆ مێرگەسۆر، ئێـوارەی هـەمان ڕۆژ سـواری ئیڤـای ئۆتـۆمبێلی سەربازیان کردین بۆ دەشتی هەولێر، بۆ بەیانی گەیشـتینە هـەولێر، تـا ئێـوارە ماینـەوە نەمان زانی هەولێرە، نزیـك سـەربازگەیەك بـە بـێ خـواردن و خواردنـەوە، ئێـوارە چـەند

لۆریـەکیان هێنـا سـواری بـووین نـازانم بـۆ کـویَ ئـیتر ئـەوەبوو دوو ڕۆژ و دوو شـەو تاگەیشتینە ئەو شوێنەی کە خۆیان مەبەسـتیان بـوو. ئـەویش بیابـانی جـەحیش بـۆ لـە سنووری قەزای عەفەکی پارێزگای دیوانییـە، بـاش بـە بـیرم دێـت کاتـژمێر نـۆی بـەیانی یەکەم کاروانی ئێمە گەیشتە جـەحیش دیتمـان کـە پـڕە لـە بارزانیـەکانی تـری بـەڕۆژ و نزاریش کە چەند ڕۆژێـك بـەر لـە ئێمـە هێنرابـوون، بـەڵام نـەمان زانیبـوو، کـەمێك ئـارام بووینەوە کاتێك چاومان بە جامانەی سوری بارزانیەکان کەوت، ئـەوانیش زۆر جوامێرانـە کەوتنە کۆکردنەوەی نان و دابەشکردنیان بـە سـەر ئێمـە، بـە درایـژایی مانـەوەمان لـەم بیابانە کارەسات دەستی پێکرد، چونکە زەحمەت بۆ کەسێك کـە خـەڵکی بنـاری چـیای چوارچەل بێت بتوانێت لەم بیابانە وشك و ڕووتە بژیت.

ئیسـهالبوون و ڕشـانەوە دەسـتی پێکـرد بـەهۆی خواردنـەوەی ئـاوی پـیس، بـەبێ چارەسەرکردن ڕۆژانە زیاتر لە $10$ کەس لـە منـداڵ و ئـافرەت و پەککەوتـە گیانیـان لـە دەستدەدا هیچ کار و کاسبیمان نەبوو تەنیا ژێر گڵ کردنی ڕۆڵەکانمان نەبێت، خـۆم دوو منداڵم بـەناوی ( ڕەشـید و لـەزگین) و چـەند ئەنـدامانی تـری خێزانەکـەمان گیانیـان لـە دەستدا).

هێلکـاری ژمـارە($5$) شـوینی نیشـتەجێبوونی بارزانیـەکان لـە ئۆردووگاکـانی باشـووری عێراق ساڵی $1975-1980$ نیشاندەدات




**هێلکاری ژمارە (4) شوێنی نیشتەجێبوونی بارزانیەکان لە ئۆردووگاکانی باشووری عێراق ساڵی 1975-1980**[7]

صافیە هادی خەلەف ئافرەتێکی عارەبی عەشیرەت کنانی و شیعە مەزهەب دەبێـژێ:[8] ( لە پایزی ساڵی 1975 بە لێشاو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری خیزانە بارزانیەکان بە لامان تێپەرین، ئێمە لە ناحیەی نەفەر بووین، بەرەوە بیابانە وشك و ڕووتەکەی مەرزیجە بران، بەڵام بە هۆی نالەباری کەش و هەوای ئەم ئۆردووگایەی تایبەتەی بارزانیەکان و نەگونجانی بۆ ژیان، مردنی بەردەوامی نا ئاسایی بارزانیەکان، تیمێکی پزیشکی بۆ ئەم ئۆردووگایە نێردرا دوای پشکنین و چارەسەرکردنی بارزانیەکان و شوێنەکەیان، وتیان ئەمە شوێنی ژیان نییە، بۆیە بە ناچاری بارزانیەکانی ئەم ئۆردووگایەیان دابەشی سەر

ئۆدوگایەکانی تر و ناحیەکانی دەوروبەر و گوندەکان کرد، چەند ماڵیکی بارزانی بوونە هاوسێمان، یەکیك لە ماڵەکان ماڵی حسین محو بۆ کوریکی هەبوو بە ناوی مستەفا، دوای یەکتر ناسین و شارەزابوون لە هەڵویست و مرۆڤدوستی بارزانیەکان، ئەم کورەم بە تەواوی ناسی و یەکترمان خۆش ویست، پاشان هاتە داوام و باوکمیش بارزانیەکانی ناسیبوو، منی پێشکەش بەو کورە بارزانیە کرد، بەڵام پاش شووکردنم بەردەوام تاکو ڕاپەرین، ژیانێکی پڕ لە مەرگەساتی و ئازارمان چێشت).

لە ساڵی 1978 دانیشتووانی قەزای مێرگەسۆریش بەم شێوەیە ڕاگوێزران:

- (74) حەفتا و چوار گوند لە ناحیەی شێروان مەزن گوندەکانی هەر سێ عەشیرەتی مزۆری و شێروانی و گەردی بوون.

- (26) گوند لە ناحیەی پیران کە زۆربەیان سەر بە عەشیرەتی شێروانی و هندێك لەو گوندانە عەشیرەتی برادووست بوون دانیشتووانی ئەم گوندانەش بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی حەریر، دیانە, گۆڕەتو و دەوروبەری شاری هەولێر وەك بەحرکە، پیرزین، کەسنەزان,[9] عەسریە(مزووریان)...هتد ڕاگوێزران. گوندەکانی ئەم ڕاگوێزراوانە بە تەواوی لە گەڵ زەوی تەختکران و کانی و سەرچاوە ئاوییەکان بە (T.N.T) تەقێنران، ژینگە و هەرچی گیانلەبەری هەبوو لەم دەڤەرە لە ناوچوون و سوتێنران.

ئافرەتێکی ڕاگوێزراو بەناوی (گولیزار تەوفیق حاجی) [10] خەڵکی گوندی(کانی بوت)، نیشتەجێی سوران تەمەن (54) ساڵ دەڵێت: ( ئێمە لە گوندەکانمان بوین و ڕەز و باغ و بێستان و مەڕ و ماڵاتمان هەبوو, سەرباز و فرۆکەکانی عێراق لە گوندی کانی بوت ئێمەیان بە زۆری ڕاگواست و خانووەکانیان سوتاند و وێران کرد، بە چاوی خۆم بینیم ئاگریان لە خانووەکان بەردا و دووکەڵ بەرزبووە...).

ڕژیمی داڕوخاوی بەعس پێشبینی ئەوەی دەکرد کەوا ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانییەك هەیە لە نێوان بارزانیەکان و عەرەبە شیعەکانی دژی ڕژیم، هەروەها کاریگەری ئەو مەترسیانەی کەوا لە دەرەنجامی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە ڕۆبەڕووی

ڕژیم دەبوونەوە و مەترسی هاوپەیمانییەتی لە نێوان ئێران و بارزانیەکان. بە تایبەتی لە ساڵی $1975$ بەدواوە کە (پ.د.ك) لە کەرەج، لە نزیك تارانەوە جێگیربوو, ڕق و کینەی ڕژیمی عێراق بەمە زیادی کرد کاتێ بەمەی زانی کە ئەم گرووپە کوردە ساز و ئامادەیە بۆ دوستایەتی و هاوپەیمانێتی لە گەڵ حوکمڕانە ئایینە نوێیەکانی ئێران. ئەو گوندنشینانەی لە ساڵی $1975$ لە دەڤەری بارزان ڕاگوێزرابون، نزیکەی $(5)$ پێنج ساڵیان لە شوێنە تازەکەیان لە پارێزگای دیوانیەی باشووردا بە سەربرد، بەڵام لە ساڵی $1980$ سوپای عێراقی بەو ئوتومبێلە بار هەڵگرانەی کە ئیڤایان پێدەوترا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە هێنرابون هەم دیسان ئەم ئۆردووگایە بیابانیەیان پێ پێچایەوە و پیان ڕاگەیاندن کە ئەمجارەش دەگوێزرێنەوە... چارەنوسی ئەم جارە قوشتەپە بوو، کۆمەڵگایەك بوو بۆ ماوەی نیو سەعاتە ڕێیەك بە ئوتۆمبێل دەکەوێتە باشووری هەولێری کوردنشینەوە.[11]

لە دەشتی قوشتەپە لە بن خێمەدا نیشتەجێکران پاشان دەست کرا بە دروستکردنی ئۆردووگای (قودس و قادسیە) بۆ ئەم ڕاگوێزراوانە، بەر لەوەی ئەو ئۆردووگایانە خانووەکانی تەواو بێت بڕیاریان پێدرا بچنە ناو ئەو خانووانە.

زۆر بە وردی ئامار و سەر ژمێری بارزانیەکان کراوە لە لایەن وەزارەتی بەرگری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری لەشکری گشتی لە سەرانسەری عێراق، لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و تەنانەت ئەوانەی ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونە بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە کۆنترۆڵیان بکەن و دواتر لەناویان بەرن هەروەك لە بەڵگەنامە نهێنیەکاندا بە زەقی دیارە.

لە ڕۆژی $24-9-1980$ فڕۆکەکان بۆردوومانی کۆمەڵگای (قودس)یان کرد، زیاتر لە $(17)$کەس لە ئافرەت و منداڵ و پیرو گەنج شەهیدکران و نزیکەی $(50)$ کەسی تریش لە هاووڵاتی سیڤیل بریندارببوون، هەندێك لەو خانووانە تەواو نەکرابوون ڕۆخان و سوتێنران، لەوکاتەدا حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند کەوا ئەم فڕۆکانە هی (حکوومەتی

ئێران) بوونە، بۆیە ڕژێم هەڵسا بە قەرەبوکردنەوەی خانەوادەی شەهیدکراوەکان، بەڵام دەکرێ ئەمەش جورێکی تری سیاسەتی ڕژێمی بەعس بێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ڕق و کینەی بارزانیەکان بەرامبەر بە ئێران چونکە ڕژێم ترسی لە هاوپەیمانیەتی لە نێوان ئێران و بارزانیەکان دەکرد. هەندێك سەرچاوەش پێیان وایە فڕۆکەکانی ئێران بوون.

(خانزاد تەتو مستەفا)[12] دەڵێت: (چەند مانگێك بوو ئێمەیان لە بیابانەکانی باشووری عێراق هێنابووە لە دەوروبەری هەولێر لە قوشتەپە جێنیشین کرابووین، لە کۆمەڵگای قودس هەندێك لە خانووەکان تەواو کرابوون و هەندێك لە ژێر دروستکردندا بوون، ئەوانەی خانوەکانیان تەواو نەکرابوون، هێشتا لەبن خێمەدا بوون. پاش نیوەڕۆ بوو چوار فڕۆکە کۆمەڵگای قودسیان بۆردوومان کرد نزیکەی (17) کەس لە پیرو منداڵ و ئافرەت شەهید بوون و نزیکەی (50) کەسیش بریندار بوون، برایەکم بە ناوی (رەمەزان تەتو مستەفا) شەهیدبوو، خەڵکی دەوروبەری قوشتەپە و بەحرکە بەهانامان هاتن بۆ شاردنەوەی شەهیدەکانمان و هیچ جێگا نەبوو، بیان شوین لە سەر بیری ئاوی کۆمەڵگای قودس تەرمی شەهیدەکانمان شوشت... حکوومەتی عێراق دەیگوت فڕۆکەی ئێرانە بەڵام ئێمە باوەرمان نەدەکرد... ).

پیاوێکی تر بەناوی (کەریم عەبدوڵڵا باپیر)[13] دەڵێت: (پاش ئەوەی نزیکەی ساڵێك لە کۆمەڵگای قودس لە قوشتەپە نیشتەجێ کراین فڕۆکەکان ئەم کۆمەڵگەیان بۆردوومان کرد، کە بووە هۆی شەهید بوون و برینداربوونی چەندین کەس لەوانە باوکم بەناوی (عبدالله باپیر الیاس) شەهید بوو لە نێو ماڵ و منداڵی بوو خوشکێکم بە ناوی (عایشە عبدالله باپیر) بریندار بوو، هەروەها (حسێن ئیبراهیم) ی کوڕی پورم و (محەمەد باپیر)ی مامم لە گەڵ چەند دراوسێیەکمان بریندار بوون کە ئەمانە هەمووی خەڵکی بێگوناە بوون...).




**هێلکاری ژمارە(5) قوربانیانی بۆردوومانی ئۆردووگای قودس لە قوشتەپە ساڵی 1980 ڕووندەکاتەوە.**

لە 6-10-1980 ئەو بارزانیانەی کە ئاوارەی وڵاتی ئێران ببوون لە ئۆردووگای زێوە لەلایەن چەند فڕۆکەیەکی ڕژیمی عێراق بە ناپاڵم بۆردوومانی پەنابەرە بارزانیەکان کرا و لە ئاکامدا (2) دوو شەهید و چەندین هاووڵاتی تر بریندارکران دوو شەهیدەکەش بریتی بوون لە:[14]

1. بەیبون جوج ئاڤدەل بەردەری.
2. فارس شکر بێروخی,

بە درێژایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران چەندین جار خەڵکی سیڤیلی بارزانیەکان لە ئاوارەیی و دەڤەری بارزانیش دووچاری بۆردوومان و گوند وێرانکردن و خاک سوتاندن بوونە لە سەرەتای ساڵی 1981 ئۆردووگای زۆرەملێی گۆڕەتوو دووچاری بۆردوومانی فڕۆکەکان بوو لە ئەنجامدا (3) سێ کەس گیانیان لە دەستدا یەکێکیان منداڵی ساوای

ناو بێشکەبوو، ئەمە جگە لە برینداڕێکی زۆر لە خەڵکی سڤیلی ڕاگوێزراو بۆ ئەم ئۆردووگایە.

هاووڵاتی (محو حدو حمد)[15] دانیشتووی ناحیەی گۆڕەتوو تەمەن (61)ساڵ دەبێژێ: (منداڵێکم بە ناوی رائد محو حدو تەمەن (2) دوو ساڵ لە ساڵی 1981 لە ئۆردووگای زۆرەملێی گۆڕەتوو بە هۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی دوژمن گیانی لە دەستدا, لە کاتی بۆردوومانەکە خەڵکیکی زۆر شەهید و بریندار بوون و منداڵی ناو لاندکیشیان لە گەڵ دابوو...).

لە 1-1-1982 ناحیەی شێروان مەزن و گوندی کلکەمۆ لە ناوچەی بارزان بۆ ئۆردووگای سێبیران لە نزیك شاری هەولێر ڕاگوێزران.[16]

هەر لە ساڵی 1982 فڕۆکەکانی ڕژیمی لە ناوچوو دەوروبەری کۆمەڵگای زۆرەملێی قادسیەیان بۆردوومانکرد و چەندین منداڵ خەریکی گەمە و یاریکردن بوون، بریندار‌بوون.

لە بەرواری (30-7-1983) ژمارەیەك لە کەسایەتی و هەندێك لە شێخانی بارزان لە پارێزگای هەولێر و پارێزگای بەغدا شوێن بزرکران.

لە 31-7-1983 ڕژیم لە بەرەبەیانێکی زوودا بە سوپایەکی گەورەی سەربازی چوار دەوری ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (قودس و قادسیە)ی لە قوشتەپە گرت و هەرچی نێرینەی سەرووی (7) ساڵی بوو گیران و ئافرەت و منداڵیان بە تەنیا هێشتەوە.

لە 10-8-1983 لە قۆناغێکی تردا ڕژیم چواردەوری ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (حەریر و دیانا و بەحرکە و گۆڕەتوو...) یاندا هەرچی نێرینەی لە سەرووی (7) ساڵی بوو گیران.

لە 1-10-1983 ئەم جارەیان زۆر چڕتر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ ئۆردووگاکانیان پشکنی کۆی پیاوە بارزانیەکانی بەرەو چاڵەکانی مردن برد[17] لە هەموو قۆناغەکاندا ژمارەی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان گەیشتە (8000) هەشت هەزار کە (315) سێ

سەد و پازدە منداڵیان لە گەڵدا بووە قوربانی، ئەم ڕاستیەش (ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ) تۆماری کردوە.[18]

بارزانیەکان بە زیندویی خراونەتە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە و لە ناوچە جیاجیاکانی بیابانی (بۆسەیە) بارزانیەکان کۆمەڵ کوژکراون، ئەم بیابانە بیابانێکی زۆر گەورەیە، ڕووبەرەکەی (24532)کم² نزیکەی (5,7)ی ڕووبەری عێراق پێکدێنێت و ڕووبەری پارێزگای سەماوە نزیکەی (51740)کم²یە، سێگۆشەی سنووری نێوان عێراق _کوێت و عێراق_سعودییە پێکدەهێنێت، لە ناسریە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنووری سعودییە، گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم بیابانە لە شوێنێك شاردراونەتەوە کەپێی دەلێن(بەسوە) لە ناوچەیەکی تریش کە ئەویش (هەرياريیە)لە قوڵایی بیابانیشدا سێ ناوچەی تریش هەن بارزانیەکان لەوێش کوژراون و شاردراونەتەوە.[19]

پاش ئازادکردنی عێراق لە 17 و 18 مانگی 10 ساڵی 2005 بە ڕێوڕەسمێکی شایستە ئیسکی (513) پێنج سەدو و سێزدە کەس هێنرانەوە کوردستان و لە گۆڕستانێکی تایبەتدا لە بارزان بە شێواز و ڕێوڕەسمی ئاینی و مرۆڤایەتی بە خاك سپێردرانەوە, لە سەر هیچ یەکێك لە کێلەکان ناوی هیچ کەسێك تومار نەکراوە تەنیا بە جل و بەرگیانەوە ناسراون کە بارزانین زۆربەیان ئێسکەکانیان تێکەڵکراون یاخود نەماون چونکە هەر هەموویان خرابوونە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە.

هەروەها ئەو نێرینە بارزانییانەی لە کار و کارگەکانیش بوون گیراون و لەسەر کار و کارگەکانی کوردستان دەستگیرکراون، بە پێی دیکۆمێنتەکان لە یەکێك لە کارگەکانی شاری هەولێر (کارگەی ڕستن و چنین ) کرێکاری بارزانی تێیدا کاری کردووە لە 31-7-1983 دەست بە سەر کارگەکە گیراوە و هەرچی کرێکاری بارزانی بووە گیراوە, لە کارگەی ناوبرا ناوی کرێکارە بارزانیەکان بەم شێوەیە بووە وەك لە خشتەی خوارەوە دیارە:[20]

| ژ | ناوی سیانی | بەشی کارکردن |
|---|---|---|
| 1 | وەحید هادی ڕەشید | ڕستن |
| 2 | یونس شهاب بابەکر | چنین |
| 3 | اسماعیل عومەر اسماعیل | تەواوکەر |
| 4 | دەروێش شەڕیف حەسەن | تەواوکەر |
| 5 | بشیر محەمەد عەبدوڵلا | تەواو کەر |
| 6 | ئەبابەکر کریم شەڕیف | ڕستن |
| 7 | عوسمان فقی حسێن | چنین |
| 8 | شکری محمود عەلی | ڕستن |
| 9 | حسین برایم شینك | چنین |
| 10 | تاهیر خالند ملا | چنین |
| 11 | یوسف عزیز ئومەر | چنین |
| 12 | عزەت محەمەد ئەحمەد | چنین |
| 13 | یاسین ئەحمەد مستەفا | چنین |
| 14 | عارس محەمەدامین حەسەن | چنین |
| 15 | باتا مستەفا سلێمان | چنین |
| 16 | ڕەشید بشیر محەمەد | ڕستن |
| 17 | ئیبراهیم تاج الدین | ڕستن |
| 18 | عەبدوڵلا کریم شەڕیف | ڕستن |
| 19 | عزیز عەبدوڵلا محەمەد | ڕستن |
| 20 | جبو اسماعیل چیچو | ڕستن |
| 21 | سەید ئال عەلی | ڕستن |
| 22 | عومەر عوسمان وەیسی | کارگێری |

گرتن و بێسەروشوێنکردنی بارزانیەکان لە بەر هیچ هۆیەك نەبووە ئەوە نەبێت بارزانی بوون، هۆی گرتنی بارزانیەکان و شێوەی گرتنەکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە گەڵ هۆ و شێوەی گرتنی جوولەکەکان لە لایەن نازیستەکانی ئەلمانیا.[21] حکوومەتی عێراق هیچ جیاوازییەکی نەکرد لە نێوان خەڵکی سیڤیل و چەکدار و فەرمانبەران و سەربازانی بارزانی کە خزمەتیان بۆ حکوومەتی عێراق دەکرد هەرهەمویانی بەرەو چاڵەکانی مردن برد.

د. کەمال مەزهەر دەڵێت:[22] (( یەکێك لە هاورێ هەرە نزیکەکانم لە یەکێتی سۆڤیەت یەکێك بۆ لە بارزانیەکان بەناوی د. حوسێن فەقی ئەحمەد بارزانی، پێم وایە خۆی لە نزیك ناوچەی بارزانەوە ژیاوە، هاورێیەکی زۆر نزیکم بوو کە گەڕاینەوە لە بەغدا هەر دراوسێ بووین و ئەو پەیوەندییە نزیکەمان هەر هەبوو.

لە کاتێگدا پرۆسەی ئەنفالی (کۆمەڵکوژی) بارزانیەکان دەستی پێکرد ئەو لە بەغدا بوو، دوو منداڵی هەبوو، لە گەڵ ژنەکەی بە ناوی ناتاشا. لە نزیك ماڵی ئێمە دەژیان و ڕۆژێك ناتاشا بە گریانەوە خۆی کرد بە ماڵماندا و گوتی: حوسێن چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە دیارە گیراوە، منیش گوتم: باشترین چارەسەر ئەوەیە کە تۆ نامەیەك بە زمانی ڕووسی بنووسی و بینێرین بۆ د. فازل بەراك ئەو کات بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، گوتم: نامەیەکی پڕ هەستی بۆ دەنووسین تا لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانین شتێك بزانین.

نامەکەمان بۆ نووسی پێم گوت: کە چوون بینووسێ و بەدەستوخەتی خۆی و پاشان ناردمان بۆ د. فازل بەراك، پاش دوو ڕۆژ تەلەفونیان کرد و ناردیان بە شوێن ناتاشا دا ئێمە زۆر دڵمان خۆشبوو، ناتاشا زۆر شادمان بوو بە دڵخۆشیەوە ڕۆیشت و چاوەروان بوو لە گەڵ خۆی بهێنێتەوە، منیش لە دڵەڕاوکیدا بووم، بەڵام کاتێك ناتاشا گەڕایەوە بینیم دەگریا و فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارێ و نەیتوانی بە دەم پێم بلێ و بە دەست ئاماژەی بۆ کردم و گووتی: کوژراوە ! !.))

هەر لە كاتی شاڵاوی دەستگیركردنی نێرینە بارزانیەكان، ئەو ئافرەت و منداڵانەی بە دوای باوك و پیاوەكانیان چوون تاكو سەر شەقام بە شێوەیەكی زۆر نامرۆڤانە و عەشیوایی لە لایەن سەربازانەوە گوللە بارن كراون لە ئەنجامدا چەندین ئافرەت و منداڵ بریندار بوون، بۆ نموونە یەكێك لە منداڵەكان بە ناوی (شلێر شێخ عومەر سالح) بە دوای باوكیدا گریاوە و ڕوویشتووە. بەلام گوللە لە پشتی دەكەوێت لە فەقەراتی دەدرێت. پاش چوار مانگ بە هەمان كاریگەری گیانی لە دەستدەدا.

سەرچاوە كوردیەكان دەڵێن ئەو بارزانییانەی لە ساڵی 1983 لە كۆمەڵگایەكان ڕفێندران، چەكی كیمیایان لە سەر تاقی كراوەتەوە.[23] ئەمەش دەكرێ لە سەر بەشێكیان تاقی كرابێتەوە نەك هەموویان بەشێوەیەكی زۆر نهێنی لە زیندانەكاندا.

بۆ ماوەی كەمتر لە ساڵێك لە پاش ڕەشگیریەكە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو هەلسا بە برینی كارەبای ئۆردووگاكان و نەیانهێشت ئافرەتەكان لە ئۆردووگایەكان بچنە دەرەوە تەنانەت بۆ بازاریش.[24] هەڵسان بە داخستنی دەرگای قوتابخانەكان بە سەر قوتابیە بارزانیەكان لە ئۆردووگاكاندا وەك لە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ژمارە 6/9- 43663 ڕێكەوتی 4/12/ 1983 دیارە، بڕوانە بەشی حەوتەم دیكۆمێنتەكان، پشتگوێخستنی خزمەتگوزاییەكان و دامودەزگا تەندروستیەكان، هێنانە دەرەوەی بۆریەكانی ئاو، كە لە ژێر زەوی دانرابوون بۆ گواستنەوەی ئاو، شكاندنی ئەو بۆرییانە، بڕینی ئەو برە ئازۆقەیەی كە ڕژێم ئەوسا دەیدا بە هاووڵاتیان.

نۆسەری عێراقی (كەنعان مەكییە) لە پەرتوكی (دڵڕەقی و بێدەنگی)دا دەڵێت: (ئەو بێرەوشتییەی بە درێژایی 10 دە ساڵ سوپای گەماروەدەر بەسەر ژنانی قوشتەپەی هێنا، لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەكیان ناوی بارزانی بوو كە سۆمبولی گەورەی شەڕەفی نەتەوەی كورد بوو).[25] بەڵام ئەو پیلانەی ڕژێمی بەعس سەری نەگرت كە دەی ویست ژنانی بەجێماوی كۆمەڵكوژی بێ ڕەوشت بن و بێ حورمەتییان بەرامبەر بكرێت و منداڵەكان ببنە ئامێرێك بە دەست حكوومەتەوە، ئافرەتە بەجێماوەكان جیا لە ئەركی

خۆیان رۆڵی پیاویشیان دەبینی. هەر وەکو یەکێك لە بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بەناوی (کامل تاهر عومەر)[26] خەڵکی گوندی بلێ تەمەن (53) ساڵ دەڵێت: (پاش کۆمەڵکوژی ئافرەتەکانمان رۆڵی مەردایەتییان گێڕا، نەیان هێشت بە رەزیلی بژین، ئافرەتە بارزانیەکان دەستیان کرد بە کاری پیاوان و بە دەست خستنی دەرامەتی رۆژانە بە سەر بلندی و پاکژی، بە زۆترین کات توانیان جێگای پیاو بگرنەوە، ئەو نەخشەی حکومەتی داروخاوی عێراق بۆیە خەون کە دەیان ویست پاشماوەی بارزانیەکان ببنە ئامێرێك بە دەست حکوومەتەوە، حورمەت و ئابرۆی ئافرەتەکانمان بچێت، بە پێچەوانەوە هەموو خەڵکی هەولێر و کەرکوك شاهێدن کە ئەم ئافرەتانە چون توانیان بە دەستی خۆیان کاربکەن و منداڵەکانیان بەخێو بکەن، ئەمەش سەر بلندییە بۆ هەموو کوردێك بە تایبەتی ئێمەی بارزانی).

ئافرەتێکی تر بەناوی (فاتمە بابکر محەمەد)[27] تەمەن (59)ساڵ ئەم ئافرەتی شەش براو هاسەر و باوکی کۆمەڵکوژکراون:

هەروەها لە ڕاگواستنی زۆرەملێ ساڵی 1975 بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیە بیابانەکانی باشووری عێراق چەند کەسێکی بەهۆی نالەباری و ئاو هەوای ئەم بیابانە گیانیان لە دەست داوە.

دەڵێت: (بەرەبەیانێکی زۆبوو ئێمە چێشتمان دەخوارد سەربازەکان بەناو ماڵەکان کەوتن پیاوەکانیان بردن و هەندێکیش لە ڕێگا و لە ناو جێگا گیران، ئەوەی نێر بووایە دەیان برد، هەشت کەسم کۆمەڵکوژکراوە (شەش برا و هاوسەر و باوك)م جکە لە مام و خال و خزمە نزیکەکانی ترم، سێ برام ژنیان هێنا بوو.

پاش ئەم شاڵاوە ئێمە تەنیا ئافرەت و منداڵ ماین، چەند ماڵێك لە یەك ماڵ کۆدەبووینەوە لە ترسی پیاوانی ڕژیمی بەعس.

ئاو و کارەبایان بڕی، پاش دوومانگ دووبارە سەربازەکانی عێراق هاتن ماڵ بە ماڵ گەڕان، ئەم جارەیان کەنتور و سندوقیان دەشکاند، تەنانەت کولیتی ئاژەڵی وەك

مریشکیان دەسوتاند هیچ جێگایەك نەمابوو نەگەڕێن، ئێمە بە نهێنییەوە دەچوینە هەولێر و پێداویستی و شتومەکی ڕۆژانەمان دەکڕی.
کرێکاریمان دەکرد, کاری پیاوان کاری قورس قورس، شتومەکی ناو ماڵمان دەفرووشت...).
(خانزاد تەتو مستەفا)[28] ئافرەتێکی تری کەسوکار کۆمەڵکوژکراوە دەبێژی:
(پیاوەکانمان کرێکار بوون دەچوونە کاری ڕۆژانە، لە سەر شەقامەکان رادەوەستان هەندێك ڕۆژ کاریان دەستدەکەوت و هەندێك ڕۆژیش هیچ کاریان بۆ نەدەرەخسا دەگەڕانەوە ماڵەوە. شەوێك پاش کاتژمێر سێ دەوری ئۆردووگا بە تانکی و فڕۆکە و سەرباز گیرابوو گەر هەڵە نەبم پاسەوانی کوماری و هێزی ئاسایش بوون. کاتێك دونیا ڕۆناکی کرد بەناو ئۆردووگا کەوتن، ئەوانەی دەچونە سەر ئیش لە سەر شەقام و لە ڕێگا گیران، هەر هەندێك بە جورێك گیران، پیر و گەنج و منداڵ و کەم ئەقل و کەم ئەندام و نەخۆش و کوێر و کەڕوڵاڵ گشتیان دەستگیرکران بە زۆر برانە سەر شەقامی گشتی ئێمەی ئافرەتیش ڕامان دەکرد بە دوایاندا, بەڵام سەربازەکان بە قونداغە تفەنگ لە ئێمەیان دەدا و تەقەیان لە ئێمە دەکرد چەند ئافرەتێك برینداربوون من بە چاوی خوم بینیم شێتێك کە پێی کەلەپچەکرابوو بە سێ سەرباز دەیان هاوێشتە نێو پیکابێك پاشان بردیانە سەر شەقامی گشتی لەوێ لە یەکێك لە پاسەکان سوارکرا.
خەزوریشم کاتێك دەستگیرکرا ئاوڕێکی لە ئێمە داوە و خەریك بوو ئاموژگارییەکمان بکات یاخود شتێکمان پێ بلێ, بەڵام سەربازە دڕندەکان لە بەرچاوی ئێمە دایانە بەر قونداغە تفەنگ و خوێن لە لوتی هات و کاتژمێری دەستیان شکاند و لە بەر دەرگا کاتژمێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە ئێستاش ماوە. بەم شێوە دڕندانەیە نەیاندەهێشت لە پیاوەکان نزیك ببینەوە ئێمە لە دوایاندا دەچووین ئاو و پارەمان بۆ دەبردن، بەڵام سەربازەکان ئاوەکانیان ڕژاند و پارەکانیان بۆ خۆیان برد. لە سەر شەقامە گشتییەکە هەموو بەزۆری لە پاسەکان سوارکران و پەردەی پاسەکانیان

داخست...پاش ئەوەی گشت پیاوە بارزانیەکان گیران ئێمە بێکەس و هەژارماین، کاری ئێمە ببوو گریان، نەدەوێراین لە ماڵەوە بخەوین، چەند ماڵێك لە یەك خانوودا کۆدەبووینەوە تا بەیانی. ئاو و کارەبایان لە ئێمە بڕی, ئاو نەبوو خۆمان پێ بشوین، کارێزێکی دوور هەبوو نزیکەی کاتژمێرێك دووربوو لە ئۆردووگایەکەمان، بە پێیان دەچوین ئاومان دەهێنا، بەڵام سەربازەکان دەهاتنە سەر ڕێگا و تەنەکەی ئاویان لە سەر شانمان دەڕێشت و تەنەکەکانیان دەقوپاندەوە، هەندێك جار لە دوورەوە تەقەیان دەکرد و گولەیان بەسەر سەردا دەهاوێشتن بۆ چاوترساندن و توقاندنی ئێمە. بەمەش نەوەستان دواتر گوندەکانی دەوروبەری ئۆردووگایەکەمان ئاگادارکران کە هەر گوندێ یاخود هەر کەسێ ئاو و ئازۆقە و شتومەك... هتد بفروشێت و بداتە ئێمە چارەنوسی ئەوانیش وەکو بارزانیەکان دەبێت، کەس نەدەوێرا شتومەکمان بێ بفروشێ مەگەر زۆر بەنهێنی، حکوومەتی عێراق پیاوەکانمانی بە زیندوویی خستە نێو گۆڕی بە کۆمەڵ، دەیویست ئێمەش بمرین بە مردنێکی لەسەر خۆ).[29]

ڕژیمی بەعس بەردەوام بوو لە گرتن و شوین بزرکردنی بارزانیەکان تا ڕاپەرینی ساڵی 1991 وای لێ هاتبوو هەرچی جامانەی سورپیشی لە سەر بووایە دەستگیر و شوین بزردەکرا هەر بۆ نموونە لە 10-8-1983 لە کاتی دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکانی ئۆردووگای دیانا چەند کەسێکی مەسیحی لە بەر ئەوەی جامانەی سورپیان لەسەر بووەو لە دێر زەمانەوە لەگەڵ بارزانیەکان هاوسێ و هاودوست بوونە. ئەمانیش چارەنووسیان وەك چارەنوسی بارزانیەکان ڕاگواستن و شوین بزرکردن لە گۆرە بە کۆمەڵەکان بوو.

هاووڵاتی ( گۆرگیس یوخنا ئاودیش)[30] دانیشتووی گوندی بێدیال لە سنووری یەکەی کارگێری قەزای مێرگەسۆر و سەربە ناحیەی شێروان مەزن, ناوبراو بە ڕەچەڵەك مەسیحییە و ئەم گوندەش گوندێکی مەسیحی نشینن وەك بارزانیەکان دووچاری ڕاگواستن و جینۆسایدکردن بوونە, دەبێژێ: ((نزیکەی (50) پەنجا سەرە خێزان بووین

له كاتژمێر (4) چواری ئێوارەی 30-7- 1978 سەربازانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە فڕۆكەكان دابەزین و هەر چواردەوری گوندی بێدیال یان گرت و بە بیانووی پشكینینی چەك و تەقەمەنی بێ حورمەتانە بەنێو ماڵەكان كەوتن.

مریشك و مەڕ و بزنیان بە ئێمە سەربری و خواردنیان بە ئێمە لێنا, شەو لە ماڵەكانمان خەوتن و بەیانی زوو بە ئێمەیان ڕاگەیاند كە گوندەكەمان چوڵ بكەین, خانووەكانیان ڕۆخاند و تەقاندەوە چەند ڕیش سپییەكی گوند داوایان لە سەربازەكان كرد تەنیا دێرەكە كە شوێنێكی پیروزە بپارێزن, بەڵام گاڵتە و سوكایەتیان پێكردین و دێرەكەشیان تەقاندەوە, مەر و ماڵاتەكانیان تالان كردوو دوو گەنجی گوندیان دەستنیشان كردوو پێیان ڕاسپارد كە هەموو مەڕ و ماڵاتەكان ببەنە سەر شەقامی گشتی لە سەر پردی چامە, نزیكەی (7) حەوت كاتژمێر بە پیادە دوور بوو. چەند سەربازێك لە پێشەوە و چەند سەربازێك لە دوواوە بوون, تەنیا ڕێگای پیادە هەبوو بۆ گوندەكەمان, بە ڕێكەوتین بۆ سەر ڕێگای سەرەكی, چەند ئافرەتێكی سك پڕ و چەند نەخۆش و پەككەوتەمان لە گەڵدابوو بە ماندیبوون و شەكەتێكی زۆرەوە گەیشتینە سەر پردی چامە و لە وێ سەرباز و ئۆتۆمبێلی جۆری زیل ئامادەكرابوون, ئێمەیان بردە ئۆردووگای دیانا, خانووەكان بە دار و حەسیلە سەریان داپۆشرابوون, دیواریان بە بەرد دروستكرابوو, ئاوی نەبوو بە تانكی ئاومان بۆ دەهات پیاوانی ئاسایش بە جل و بەرگی سەربازی بەردەوام چاودێرییان دەكردین و بە نێو ئۆردووگا دەكەوتن... لە 10-8-1983 سەربازان و پیاوانی ئاسایش بە نێو ئۆردووگا كەوتن هەرچی بارزانی بووایە و جامانەی سۆریان لە سەر بووایە دەستگیر دەكران, برایەكم بە ناوی (ئاودیش یوخنا ئاودیش) و زاویەكم بە ناوی (خوشابە یوخنا هورمز) كە جامانەی سۆریان لە سەربوو گیران و لە گەڵ بارزانیەكان بە زیندوویی خرانە نێو گۆڕە بە كۆمەڵەكانەوە و چەند ساڵێك لە مەوبەر ئێسكەكانیان بۆ هێنانیەوە...))

بەبەردەوامی سزا بەسەر شارۆچکە و ناوچەکانیش دەسەپێنرا بەداگرتنی پلەکانیان بەگۆڕینیان لە مەڵبەندی جێنشینەوە بۆ مەڵبەندی ناوچەنشین و مەڵبەندی گوند، لە پاڵ ڕۆخانی نزیکەی (4533) چوار هەزار و پێنج سەد گوند و مەڵبەندی جێنشین و ناوچەنشین لە کوردستان، ئەوەی مایەوە یان پلەیان دابەزێنرا یان هەڵوەشاندرایەوە، بۆ نموونە بڕیاردرا مەڵبەندی جێنشینی ڕەواندز بگۆڕدرێ بۆ گوندێکی سەر بەجێنشینی السدیق... هەروەها ناوچەداریەتی بارزان سەربە پارێزگای هەولێر هەڵوەشاندرایەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە(648)لە 1977/6/1. دابەشبوونی ئیدارەی سیاسی ناوچەکانی کوردستانی عێراق بە گوێرەی دابەشبوونی ساڵی 1984 قەزای زێبار تەنیا ناحیەی مێرگەسۆر بە ڕووبەری 1353 کم$^2$ ماوەتەوە، ناحیەکانی تر وەکو بارزان، شێروان مەزن- مزوری بالا- ...هتد نەهێلراون و سڕاونەتەوە.[31]

جگە لە ڕاگوستنی زۆرەملێی و کۆمەڵکوژی و خاك سوتاندنی بەردەوام لەلایەن جاش و پیاوانی ڕژێمی بەعس, سیاسەتی بەمینکردنی زۆربەی هەرەزۆری ناوچە ئازادکراوەکان و ناوچە سنوورییەکانیش بەکارهێنرا، لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە هەردوو لاوە زۆربەی هەر زۆری زەوییەکان مینرێژکران, بە تایبەتی ناوچە کوردیەکان.

لە 13-7-1984 لە کاتی ئاوەرەبوونی چەند خانەوادەیەکی بارزانی لە بەر زەبرو ستەمی حکوومەتی ئەوسای بەعسی عێراقی لە ناوچەی سنووری مێرگە کاروان - کێلەشین بە ئوتۆمبێلێکی جێب دەپەڕنەوە ئوتۆمبێلیان بە نێو کێلگەی مین دەکەوێت و لە کۆی 10 کەس لە ئافرەت و گەنج و منداڵ, تەنها دوو کەس ڕزگاردەبن ئەوانی تر دەبنە قوربانی.

هاوسەری یەکێك لە شەهیدەکان بە ناوی (ئەحمەد حسین مستەفا)[32] دەڵێت: ( لە 13-7-1984 ئێمە لە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران لە کاتی ئاوارەبوون بۆ وڵاتی ئێران لە ناوچەی کێلەشین دوو ئۆتۆمبێل بووین ئێمە لە پێشەوە دەڕۆیشتین ئێمە تێپەڕین و گیانمان سەلامەت بوو, بەڵام ئۆتۆمبێلی دوای ئێمە کە منداڵ و خێزانەکەم و

چەند خزمێکی تری تێدابوو, بە بەر لـۆغم کـەوتن و هەشـت کـەس گیانیـان لـە دەسـتدا کچێکم و خێزانم لە گەڵیاندابوون, ئۆتۆمبێلی عەباس غەزالی بوو جۆری جێب کە ئـەویان گیانی سەلامەت بوو. جادر حسین مستەفای براشـم ئێسـتا کـەم ئەنـدام بـووە و نیـوەی خـوارەوەی ئـیش ناکـەت بـە هـەردوو قاچـەکانییەوە. ئـەوانی تـر گشـتیان گیانیـان لـە دەستدا و شەهیدبوون بریتی بوون لە:

1- غربت حسین مستەفا.

2- زەرد حسین مستەفا.

3- دلشاد عبدالرحمان حالی.

4- عبدالله خلیل حالی.

5- سلیم خلیل حالی.

6- نەجات محەمەد مستەفا.

7- شمسی خان ئەحمەد محەمەد.

8- سێبەر ئەحمەد حسین.

لــە بەرەبــەیانی ڕۆژی 9-6-1985 کاتــژمێر(9:15) نــۆ و پــازدە خولــەکی بــەیانی بەرامبەر بە 19ی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، ئۆردووگای (زێوە) ی پەنابەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن (8) لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕژیمی لە ناوچووی عێراق بۆمبـارانکرا، کە پەنابەرانی کـورد لـەم ئۆردووگایـە داڵـدە درابـوون، لـە چـاو تروکانێکدا بـووە هـۆی شــەهیدبوونی زیــاتر لــە (140) منــداڵ و ئــافرەت و پــیر و پەککەوتــە و برینــداربوونی (373) کـەس، ژمارەیـەکی زۆر لـەو شـەهید و بریندارانـە بـارزانی بـوون. بـووە هـۆی ئاوارەبوونەوەی تێکڕای خێزانە پەنابەرەکانی ئەم ئۆردووگایە کە زیـاتر لـە 17 حەڤـدە هەزار کەسی پەنابەر تێدا داڵدەدرابوون، ئاوارەی گوندەکانی دەوروبور بوون بە تایبەتی ناوچـەی مەرگـەوەر، تەرگـەوەرە، درسـێ، هاشـم ئابـاد، دزێ، ڕاژان، بەنـدێ، شـنۆ و نەغەدە(33)...هتد.




هێلکاری ژمارە(6)قوربانیانی بۆردوومانی زێوە ڕووندەکاتەوە.

چەند جارێکی تریش لە 1-7-1985 و 6-4-1988 ئۆردووگای زێوە لە کوردستانی ڕۆژهەلات لەلایەن فڕۆکەکانی عێراق و بە ناپاڵم بۆمباران کرا کە چەندین شەهید و بریندارى لێکەوتووتەوە.

یەکێك لە بۆردوومانەکان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندابووە، پیاو و ئافرەت و منداڵ و کرێکارەکان لە پاڵ ماندووبوون و پەیداکردنی بژێوی ژیان و دووری لە زیدی باوباپیران، بە دڵێکی پاك و پڕ لە باوەر چاوەری بەسەرکردنی ڕۆژەکانی ئەم مانگە پیرۆزە و جەژنی ڕەمەزان بوونە، بەڵام جەلادەکانی بەعس بەمەش نەوەستان و لە جیاتی پێشکەش کردنی شرینی بۆ شکاندنی ڕۆژووەکانیان بە نوقل و فێنکردنەوی دەروونیان

به ئاوی سارد، ناپالم و جۆرەها تەقەمەنی پێشکەش کردن و  کردیە خۆراکیان و جەرگ و دڵی پەناهەندەکان بە ئاگر سوتێنرا! ! چ یاسایەك چ مرۆڤایەتیەك ئـەم تراژیدیایـە پـڕ لە ئازارە پەسەند دەكات، مەگەر یەزدان لە ڕۆژی دواییـدا، لاپـەرەکانی ئـەم تراژیدیایـە ڕووبەڕووی تاوانبارن بکاتەوە و بە سزای خۆیان بگەنێت! !

بریـنـداربوون و نـەمانی بەشـێك لـە جەسـتە لـەم ڕۆژەدا خۆشـحالی لـەلای کەسـوکاریان درووست دەکرد، چونکە مەحال بوو ڕزگاربوون لەم بۆردوومانە.

زۆربـەی گونـدو ناوچـەکانی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات گـۆڕی بارزانیـە ئاوارەکـانی لێیـە. گۆڕستانی ئۆردووگای زێوە کە زۆربەی هەرە زۆری نێژراوەکان بارزانیە پەناهەندەکانن, لە شاری شنویەش لە ناوچەیەك کە بەناوی بارزان ئاباد ناسراوە، گۆڕسـتانیکی تایبـەت بە بارزانیەکانی لێیە بە ناوی گۆڕستانی (شێخ بابو).

بارزانیەکی ئاوارە بە ناوی (یاسین خز حەسەن تاتکی)[34] لە دایکبـووی سـاڵی (1953) بەم شێوەیە بومان دووا: (( لە ساڵی 1975 لە گوندی تاتکێ بە پیادە ئـاوارەی وڵاتـی ئێران بووین تا گەیشتینە شاری شنوو پاشـان لـە مزگـەوتی شـنوو پێشـمەرگە لـە گـەڵ خەڵکی هاووڵاتی دابەش کراین، ئێمەی پێشمەرگە بۆ ئۆردووگای (ڕەوانسەر)ی سـەر بـە پارێزگای کرمانشان ڕاگوێزراین پاش (12) دوانزە ڕۆژ ئێمەیان هێنایە ئۆردووگای زێـوە کە خێزان و منداڵە بارزانیەکان لەم ئۆردووگایە نیشتەجێ کرابوون...

لـە سـاڵی1980 فڕۆکـەکان ئۆردووگـای زێوەیـان بۆردوومـان کـرد دوو شـەهید و چـەند بریندارێکی لێکەوتەوە...

لە ساڵی 1985 هەشت فڕۆکەی ڕژیمی عێراق ئۆردووگای زێوەیان بۆردوومان کرد زیاتر لە (370) بریندار و (124) شەهید و کـە دواتـر ڕێـژەی شـەهیدەکان گەیشـتە (150) شەهید.

له سەر بانی مزگەوتی ئۆردووگا ئێسك و گۆشتی شەهیدەکانمان کۆدەکردەوە بەردەوام بە دویاندا دەگەڕاین تاکو ئێستاش ئافرەتێکی شەهیدکراو بە ناوی (پیروز محەمەد فەقی بەردەری) گۆشت و ئێسکەکانی نەدۆزراوەتەوە.
هەشت فڕۆکە بوون $(2)$ دوو فڕۆکە وەك پاسەوان لە بەرزاییەوە دیاربوون، هەرجارە و $(3)$ سێ فڕۆکە دادەبەزین و بۆردوومانی ئۆردووگایان دەکرد پاشان بەرز دەبوونەوە و سێ فڕۆکەکەی تر دادەبەزین و بۆردوومانی دەکردین هەرسێ فڕۆکە دووجار دابەزین و بە ناپاڵم بۆردوومانی کردین واتە چوار جار لە ماوەیەکی کەم دا لەلایەن شەش فڕۆکەوە بۆردوومان کراین زۆر باش بەبیرم دێ فڕۆکەکان لە ڕۆژئاوا نزیك سنووری تورکیا گوندی (هەلەج) بە دیارکەوتن هەرچەندە نزیك بوون لە سنوری تورکیا بەڵام پشت ڕاست بووین کە فڕۆکەکانی عێراق بوون، لەو ساتە بەدواوە خەڵکەکە بە بەردەوامی ئاوارەی گوندەکانی دەوروبەری ئۆردووگای زێوە بوون وەکو" مەنسورئاباد، مەلاباس، هورستان، هێشماوە، نوڤێ، بێراسب، دزێ و چەند گوندێکی تر.
جارێکی تر پاش کەمتر لە مانگێك لە مانگی $(7)$ حەفت دا بە ناپاڵم بۆردوومانکراین لە لایەن فڕۆکەکانی عێراق خۆشبەختانە ئەم جارەیان تەنها بریندارێکی لێکەوتەوە کە بەسەختی بریندار بوو، بە هۆی بۆردوومانی پێشوتر ئۆردووگا تا ڕادەیەك چوڵ کرابوو.
لە بەهاری ساڵی $1988$ کاتژمێر سێ و پانزدە دەقیقەی پاش نیوەڕۆ ئۆردووگای زێوە بۆردوومان کرایەوە ئەمجارەشیان چەند شەهید و بریندارێکی لێکەوتەوە، هەر لە هەمان ساڵدا (سلێڤانە)ش بۆردوومانکرا کە هەندێك لە خانەوادە و شێخانی بارزانی لێ نیشتەجێبوون ئەم جارەشیان $(17)$حەڤدە لە هاوولاتی سیڤیل شەهید کران هەرهەمویان خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات بوون تەنیا $(1)$ یەك لە پەناهەندە بارزانیەکان بە سەختی بریندار بوو بەناوی (ساڵح محەمەد ساڵح سەرکێری). پاش سێ چوار ڕۆژ جارێکی تر (ڕاژان) بۆردوومان کرا کە چەند بریندارێکی لێکەوتەوە. مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا بارەگای لە ڕاژان بوو.))

ئافرەتێکی تری ئاوارە بە ناوی (بەسێ محەمەد تەها) تەمەن (64) ساڵ خەڵکی گوندی سەفتێ دەڵێت[35]:(( لە ساڵی 1975 ئاوارەی وڵاتی ئێران بووین, لە ساڵی 1985 لە ئۆردووگای زێوە فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق بۆردوومانیکردین من بە سەختی بریندار بووم ئێستاش جەستەم چەندین ساچمەی تێدایە برینێکی زۆرم هەیە, کوڕێکم بە ناوی (نزمی یاسین عومەر) بە هۆی ئەم بۆردوومانە شەهیدکرا هەتا نەمانتوانی هەموو ئێسك و جەستەی کوڕەکەم ببینمەوە چونکە پەرت و بڵاو ببوو...))

لە 22-2- 1986 ڕژێم هەستا بە ڕاپێچکردنی ئەو ژن و منداڵە بارزانییانە بۆ سەر سنووری تورکیا و فەرمانیان پێکرا وڵات بە جێبێڵن. هەندێ ئیجرائاتیش دژ بە دەربازبووە بارزانیەکان کراوە، یەکێك لەو ئیجرائاتانە لێسەندنەوەی ئەو مافەیان بوو کە هاووڵاتی عێراقی بن، کەوا بە وردی و دور و درێژی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامە و نووسراوی ئیستیخبارات دا دەردەکەون لە کانوونی دووەمی 1968 دا لە سەر حوکم و بڕیاری کاروباری باکوور سەر بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەدوێت، نووسراوی ژمارە (6740)ی لێژنەی کاروباری باکوور ((نهێنی و تایبەتی)) لە 16ی کانوونی دووەمی (1986)دا.[36]

ئەو ئافرەت و منداڵانەی ئۆردووگای (قودس و قادسیە) لە قوشتەپە ئەمجارەیان بە پاس و لوری ڕاپێچکران بۆ ناوچەی شێروان و ناوچەکانی سەر سنوور ئەم ناوە هەمووی مینرێژ کرابوو ئەو ئافرەت و منداڵانەش فرێدرانە ناو ئەو کێڵگە مینانە. بەو بیانویەی کە گوایە کەسوکاریان لە ئێران و تورکیا و ناوچە ئازادکراوەکانن.

هەرچی ئەوانەی تربوون کە لە ئۆردووگاکان ڕایان کردبوو چووبوونە هەولێر و ناوچەکانی تر ئەو ئافرەت و منداڵانەش ڕاگوێزران بو شوێنێکی سەربازی لە دەشتێك بەناوی (جدیدە) لە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر– موسڵ.

(89)کێڵگەی مین لە ناوچەی بارزاندا هەیە: چیای برادۆست، چیای نیوەخین، پیران، هەلانیا، پشت چیای پیران، چیای قەلەندەر، حوشتر گەردەن، پشت گوندی ببێل ...

هتد, زۆربەی هەرە زۆری کێڵگەکانی مین لە دەڤەری بارزان دەکەوێتە ناوچەی شێروان و ناوچەکانی سەر سنوور کە خەڵکێکی زۆری لە گوندنشینە بارزانیـەکان لـە نـاو بـردووە و بەشێکیش بە کەم ئەندامی و پەککەوتەیی هێشتووتەوە. ئەمە جگە لە لەناوبردنی ئاژەڵ و ڕووەکێکی زۆر. ئەم مینانـە بوونەتـە ڕێگـر لەبـەردەم گەشەسـەندنی بـاری ئـابووری و کشتوکاڵی ئەم دەڤەرە، کە گوندنشینان ناتوانن سوود لە کێڵگە کشـتوکاڵیەکان و ڕەز و باخ و باخچەکان و لەوەڕاندنی ئاژەڵ وەرگرن.(37)

خشتەی ژمارە(1) زانیاری و ژمارەی ناوچە و کێڵگە مینرێژکراوەکان و قوربانیان و بریندابووانی مینی قەزای مێرگەسۆر ڕووندەکاتە(38)

| ناحیەکانی قەزای مێرگەسۆر | ژمارەی ناوچە مینرێژکراوەکان | ڕووبەی ناوچە مینرێژکراوەکان بە کم$^2$ | ژمارەی قوربانیان | ژمارەی بریندابووان |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی مێرگەسۆر | 25 | 11,5445 | 22 | 33 |
| بارزان | 1 | 0,6 | 29 | 64 |
| پیران | 25 | 7,56 | 18 | 5 |
| شێروان مەزن | 19 | 14,6405 | 34 | 48 |
| مەزنێ | 10 | 8,2475 | 12 | 3 |
| کۆی گشتی | 80 | 42,5925 | 115 | 153 |

((پاش ئەوەی لە ئۆردووگای (قودس)لە قوشتەپە بە نهێنییـەوە هاتبووینـە هـەولێر (3) سێ ساڵ پاش کۆمەڵکوژی کەسوکارمان، لـە خانوویـەکی بـەکرێ دابـووین، بـۆ خۆمـان کارمان دەکرد، بەیانیەکی زوو بـەر لـەوەی بچینە سـەر کـار، ئـەمجارەش سـەربازەکان هاتن و ئێمەیان سواری پاسەکان کرد تەنانەت نەیانهێشت دراوسێیەکان نزیکی ئێمە بن.

ئەو ئافرت و منداڵە بارزانیانەی لە هەولێر و شوێنەکانی تربوون هەموویان دەستگیرکران و ئێمەیان بردە شوێنێکی سەربازی لە دەشتی (جدیدە) بەر لەوەی بگەینە موسڵ لەوێ فرێدراین لەبن نایلون و خێمە دابووین، لە هەمان کاتدا ماڵی دایکم و کەسوکارمان لە ئۆردووگایەکانی قوشتەپە ڕاگوێزرابوون بەرەو سەر سنوور لە ناوچەی شێروان لە شوێنێکی بە مینکراو فڕێدرابوون.))[39].

شایەد عەیانێکی تر بە ناوی (مێم عوسمان حسێن)[40] تەمەن(53)ساڵ دەڵێت: ((چەند ساڵێك پاش ئەوەی کەسوکارمان کۆمەڵکوژی، ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە مابوون لە ئۆتۆمبێلی جۆری پاس کراین ئێمە یان بردە سەرپردی چامە لە شێروان ناوچەکە هەمووی (T.N.T) و مین بوو لە وێ فڕێدراین.))

لە ماوەی نێوان ساڵانی 1986–1988 چەند جارێك دەڤەری بارزان بۆردوومان کراوە و گوندەکان وێرانکراون و ژینگەکەی لە ناوچووە، بە هێرشی زۆر توند جاری وا هەبوو هەندێك لە گوندەکان بە تەواوی تەخت دەکرا لە گەڵ زەوی دا. ئەو خەڵکەی پاش شاڵاوی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان بەرەبەرە بە نهێنی چووبوونە دەڤەری بارزان و لە گوندەکانی خۆیان ژیانیان بە سەردەبرد بە ڕۆژ ئاوارەی ئەشکەوت و چیاکان دەبوون و بە شەویش دەگەڕانەوە.

هاووڵاتی (سەباح ئەحمەد محەمەد)[41] دەبێژی:( لە ساڵی 1984 ئێمە لە گوندی هەرن بەهۆی بۆردوومانی بەردەوام گوندەکەمان بە جێهێشت و هەر جارێ لە گوندێك خۆمان حەشاردەدا، لە ساڵی 1986 هاتینە گوندی شرێ خەڵکی گوند ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراق، ئەم گوندە لە بناری چیای پیرس بوو و لە سەر زێ گەورە، ئێمەش بۆ ماوەیەك خۆمان لەم گوندە حەشاردا چەندین جا مەڕ و ماڵات بۆردوومان دەکرا و پردەکان تەقینران وەکو پردی ڕێزان، بەبەردەوامی ژینگەی دەڤەری بارزان دەسوتێنرا، لە پایزی هەمان ساڵ بە سەختی لە گوندی شرێ بۆردوومان کراین مامو ژنم بە ناوی لەعلیخان عومەر شەهید کرا زیاتر لە

برینداریش بۆ ماوەیەك بە سەختی ژیانیان بەسەر برد هەردوو خوشکەکانم بە ناوی هەیفا و فاتما ئەحمەد محەمەد برینداربوون هەروەها حەسەنا مستەفا محەمەد و ڕەشید مستەفا محەمەد و محەمەد تەمەر خان و چەند کەسێکی تر لە بریندارەکان بوون، بە نهێنیەوە بردمانە نەخوشخانەیەك لە مۆصلّ ناچار بووین بلێین بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێران بووە بۆ نموونە حەسەنا مستەفا محەمەد بۆ سێیەم جار دەستی بڕا چونکە لە نەخۆشخانەیەك ئاشکرا دەبووین بەهۆی ئەوەی کە کوردین لە ناوچە ئازادکراوەکانین و لەلایەن فڕۆکەکانی عێراقەوە بۆردوومان کراوین دکتورەکان چارەسەریان نەدەکردین و دەریان دەکردین، هەر ئەم نەخۆشەیان جارێکیان بەهۆی ئەوەی بەڕەڤانی لە خۆی بکات و بە دکتورەکانی وت بە هۆی بۆردوومانی فڕۆکەکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بۆردوومانی کراوین و بریندارکراوم، دکتورەکە بە تۆرەییەکی زۆرەوە لێیی قیژاند و وتی تۆش هاوکاری پێشمەرگەکان دەکەی و دار و دەستی دەوڵەتی ئێرانن ئەگەر نا چوون بە دەوڵەتی ئێرانی دەڵێی دەوڵەتی ئیسلامی؟! ناچار لە وێش لە ترسان بۆ نەخۆشخانەیەکی تر ئەم جارەیان لە هەولێر خۆشبەختانە چارمان بە پزیشکێکی کوردەوە گرێدرا، بە وردی بەسەرهاتەکەمان بۆ گێرایەوە زۆر بە دڵسۆزی چارەسەری نەخۆشەکەی کرد. هەیفای خوشکمیش تاکو ئێستا ساجمەیی لە جەستە و سەری داماوە ناتوانیین چارەسەری بۆ بکەین چونکە ساجمەکان لە جێگایەکی مەترسیدارن).

یەکێك لەو کەسانەی کە لە شاڵاوی کۆمەڵکوژی ڕزگاربووە[42] دەڵێت: (پاش ئەوەی کەسوکارم کۆمەڵکوژکران، کوڕێکیشم لە گەڵیان بوو، من نەمتوانی بچمە قوشتەپە سەردانی کەسوکارەکانم بکەم، هەر لە گوندەکەی خوم لە دەڤەری بارزان مامەوە، ئەم ناوچەیە ناوچەی قەدەغەکراو بوو، ئاژەڵیان بدیتایە بۆردوومانیان دەکرد، چەندین جار فڕۆکەکان ئەو ناوەیان بۆردوومان دەکرد، ئێمەش لە ئەشکەوت و شاخەکان خومان

دالّدەدەدا, ئازوقەش زۆر کەم بوو لە ئەشکەوتەکان حەشارمان دابوو لە ترسی سوتان و لە ناوچوونی...).

لە ساڵی 1987 چەند فڕۆکەیەك بۆردوومانی سارداو و گوندەکانی دەوروبەریان کرد کە تا ئێستاش بە ڕوونی دیارنییە فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بوونە یاخۆد ئێران (7) حەوت شەهید و چەندین برینداری لێکەوتەوە.

هاووڵاتی (محەمەد ئەمین قادر کسبار)[43] دانیشتوی گوندی کەکلە دەڵێت: ((لە ساڵی 1987 لەلایەن چەند فڕۆکەیەکەوە سارداو گوندەکانی دەوروبەری بۆردوومانکران کوڕێکم بە ناوی (سعید محەمەد ئەمین قادر) لە گەڵ شەش هاووڵاتی تر شەهیدکران...))

لە 1-5-1987 تا 27-5-1987 واتە لە ماوەی (27) ڕۆژدا، فڕۆکە تۆپە دوورهاوێژەکانی سوپای عێراق (4) چوار جار ژەهربارانی (بلێ) یان کردووە[44] سەرچاوەی تریش هەن دەڵێن لە 25-8-1988 دەڤەری بارزان ناوچەی بەڕۆژ و ناوچەی مزووری بالا بەر هێرشی کیمیایی کەوتووە.[45]

لە ساڵی 1988 گەلی ڕەش و گوندی زەروا کەوتنە بەر بۆردوومانی چەکی کیمیایی و چەند شەهید و برینداڕێکی لێکەوەتەوە.

(فڕۆکەکان دەڤەری بارزانیان کیمیاباران کرد. بەڵام خوشبەختانە خەڵکەکە لەوێ نەمابوو، چونکە ئاوارەی تورکیا ببوون، ئەم دەڤەرە چول ببوو، تەنیا دار و باڵندە و ئاژەڵ بەر ئەم کیمیابارانە کەوتن ئەمەش هاوکات بوو لە گەڵ کیمیابارانی بادینان) ئەمە ئاخافتنی پێشمەرگەیەکە لە چیای شێرین خۆی حەشاردابوو بە ناوی (شێرو سەلیم شێرو).[46]

لە ساڵی 1988 ئەو گوندانەی دەڤەری بارزان کە هەندێك لە بەجێماوەکانی کۆمەڵکوژکراوەکان لە ئۆردووگاکان ڕایانکردبوو خۆیان تێدا حەشاردابوو لە 25-8-1988 ئەم دەڤەرە بە تەواوی لە گەڵ زەویدا تەختکرا، زۆربەی خەڵکەکە ئاوارەی

توركیا و ئێران بوون، بەشێكیشان لە سەر سنوور لە شاخ و ئەشكەوتەكاندا خۆیان حەشاردا، بەڵام بە بەردەوامی لە لایەن حكوومەتی بەعسەوە بۆردوومان دەكران، ناوە ناوەش پیاوانی ڕژێمی بەعس بە هێزێكی زۆرەوە بەم ناوچانەدا دەگەڕان و هەرچیان بدیبایە لە مرۆڤ و ئاژەڵ لە ناویان دەبرد و شوێن بزریان دەكرد، بۆ نموونە ئافرەتێكی گوندی هەزیر بە ناوی (مسریخان نوری حەمەد) لە ساڵی 1988 لە دەشتی بەرازگر لە لایەن جاش و پیاوانی ڕژێمی بەعسەوە شوێن بزركراوە و تاكو ئێستاش چارەنووسی دیار نییە.

لە 1988/8/25 لە قۆناغی هەشتی شاڵاوی ئەنفال، ئەمجارەیان ئەنفالكردنی بادینان بۆ، ژمارەیەكی زۆر لە خێزانە بارزانیەكانیش لەم شالاوە ڕزگاریان بو خۆیان گەیاند سەر سنووری توركیا و پاشان لە لایەن حكوومەتی توركیاوە بۆ چەند كەمپێكی دیاری كراو، وەك ( كەمپی گەڤەر، دیاربەكر، مۆشێ، مێردینێ و سلوپی) نیشتەجیكران، ژیان لەم ئۆردووگایانەدا زۆر سەخت و دژوار بوو هەندێك لە خەڵكەكە خۆیان گەیاندە وڵاتی ئێران، بەشەكەی تر بۆماوەی چوار ساڵ ژیانیان لەم ئۆردووگایانە بە سەر برد.

((ئێمە لە سەر گوندەكانی خۆمان بووین فڕۆكەكان دەهاتن بۆردوومانی دەكردین و دەچوینە نێو ئەشكەوتەكان، بەڵام ئەمجارەیان فڕۆكەكان خانووەكانیان سوتاندو تەنانەت دار و بەردیشیان سوتاند و تەقاندەوە. ئێمە ناچاربووین ئاوارەبین، چوینە سەر ڕۆباری شین، بە پێیان تاكو گەیشتینە سەر سنووری توركیا نزیكەی (6) شەش ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین، ئەم جارە تەنیا بارزانیەكان نەبوون بەڵكو خەڵكی بادینانیش لە گەڵ ئێمە دابوون... بەم شێوەیە چوینە نێو خاكی توركیا پاشانیش چوینە وڵاتی ئێران)) ئەمە قسەی شایەد حالێك بوو بەناوی (نافیا ڕەشید مام ڕەش).(47)

شایەد حالێكی تر بە ناوی (نێرگز میرزا یاسین) خەڵكی گوندی شنگێل دەڵێت: ((لە ساڵی 1988 ئێمە ئاوارەی توركیا بووین حكوومەتی عێراق بەردەوام بۆردوومانی دەكردین، ئێمە لە گەڵ خەڵكی بادینان تێكەل بووین. لە ڕێگا كیمیابارانكراین (باوكم و

خوشکم) کاریگەری کیمیایان بەرکەوت, لە سەر سنووری تورکیا وەك ئاژەڵ ئێمەیان لە ئوتومبێلەکان دەکرد و ئێمەیان بردە (گەڤەڕ) لەبن خێمە دابووین، لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا. ئاوێکی پیسی لێ بوو کە خەڵکێکی زۆری پێ نەخۆش ببوو، پاشان حکوومەتی تورکیا ژەهرو دەرمانی کردە ناو ئاوەکە.

ئێمە زیاتر لە مانگێك لەوێ بووین دواتر ڕوویشتین بۆ وڵاتی ئێران، باری تەندروستی باوکم و خوشکم بە هۆی کاریگەری کیمیاوە زۆر خراپ بوو، لە ئێران بردمان بوو لای پزیشك بەڵام کاریگەرییەکە زۆر دژواربببوو، هیچ چارەسەریان نەمابوو، دواتر هەردووکیان باوکم (میرزا یاسین) خوشکم (ریحان میرزا یاسین) گیانیان لە دەستدا. ئێستاش لەوێ نێژراون.))[48]

دڕەندەیی ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو کارە شوفینیستەکانیان گەیشتبوو ئەو ڕادەیەی مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاخی هاووڵاتیانیان لە ناو دەبردو شوانەکانیان شوێن بزر دەکرد.

عەیش برایم ئەحمەد خەڵکی گوندی (ئینەمسید)[49] سەر بە قەزای مێرگەسۆر دەڵێت: (پاش ئەوەی هەموو گوندنشینانی دەڤەری بارزان لە ماوەی نێوان ساڵانی 1975-1980 ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق و ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دەوروبەری هەولێر, ئێمە بەهۆی ئەوەی خاوەن مەڕ و ماڵات بووین چوینە ناوچە ئازادکراوەکان, لەوێ خەرێکی لەوەڕاندن و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەکانمان بووین هاوسەر و دوو کوڕم شوان بوون ڕۆژێك لە ڕۆژانی ساڵی 1988 کە وەك هەموو بەیانییەکی تر هاوسەر و کوڕەکانم مەر و بزن و ڕەشە وڵاغەکانیان بۆ لەوەڕاندن برد و رژیمی بەعس شوێن بزری کردن و نەگەڕانەوە تاکو ئێستا تەنانەت مەڕ و بزنەکانیانیشیان برد و شوێن بزرکرد کە ژمارەیان 1500 سەرە مەڕ و بزن و 15 سەر گاڕەش و 25 ئەسپ بوون... تاکو ئیستاش نازانین جەنازەکانیان لە کوێن).

هەر لە ساڵی 1988 لەم ساڵە سیاسەتی وەحشیگەرانەی بەعس گەیشتبووە چلەپۆ, چەندین خێزان لە ئۆردوکا زۆرەملێیەکان بە نهێنییەوە ڕایانکردبوو لە ناوچە

ئازادکراوەکان گیرسابوونەوە, ئەمجارەشیان جاش و بەعسی و فڕۆکەکانیان کەوتنە سیاسەتێکی تر ئەویشیان ژەهراوی کردنی ئاوی کانی و ڕوبارەکان بوو, بۆ ئەوی هەر کەسێك بیخواتەوە بمرێت تەنانەت ئاژەڵ و باڵندە و هەر زیندەوەرێکی تر کە ئەمانە هیچ کاتیك گوناهیان بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەبووە, بەڵام بەعس دەیویست ژیان بە گشتی بە دار و درەخت و زەوی و زیندەوەر و تەنانەت چیاش, لەم دەڤەرە ئازادکراوانە لە ناوبەرێت و نەهێڵێت.

(بەفرا عزو مەلا یحیی)[50] تەمەن (36) ساڵ دانیشتوی شارۆچکەی سوران دەڵێت: (پاش ئەوی ڕاگوێزراین بۆ ئۆردووگای زۆرەملێی حەریر لە کاتی پرۆسەی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ئێمە بە نهێنیی هەڵاتین و لە ناوچە ئازادکراوەکانی سەر سنوور لە شوێنیك بە ناوی بێکفری نیشتەجێبووین, خوشکێکمان لە ئۆردووگای سێبیران بە جێهێشت پاش ساڵێك لە ڕێگای خزمێکەوە بە نهێنی هێنرا لای ئێمە. لە ساڵی 1988 باوکم شوان بوو کۆمەلێك مەڕ و ماڵاتمان هەبوو ئێمەش نانمان بۆ پێشمەرگە لێدەنا, چەند جارێك ئەم ناوچانە بۆردوومان دەکران تەنانەت فڕۆکەکانی حکومەتی تورکیاش بۆردوومانی دەکردین, لەم ماوەیەدا چەندین شەهید و بریندارمان بینی ئێمە وەك ئافرەت بەم تاوانانەی بەعس مەندەهۆش ببوین چ ویژدانێك ئەمەی قبول نەدەکرد ! ! باوکم ڕۆژێکیان مەڕ و ماڵاتی وەك ڕۆژانی تر ئاسا بۆ لەوەڕاندن بردبووی لە ناوچەی ئاریێ و سیر و زەروا لە کانی زەروا ئاوی خواردبووە ئاوەکەش لە لایەن پیاوانی ڕژێمی بەعس ژەهراوی کرابوو, باوکم تۆشی ڕشانەوە و کۆکە و پشووکورتی ببوو پاش چەند مانگێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئێران, پیان ڕاگەیاندین کە کیانی لە دەست دەدات و هۆکاریشی ژەهراوی بوون بووە, لە ئێران باوکم نێژراوە...).

لە ساڵی 1988 گوندە وێرانکراوەکانی دەڤەری بارزان (مێرگەسۆر و بارزان و شێروان) ژمارەی (90) گوند بوو ئەوانەی کە وێران و خاپۆرکران.[51]

له 15ی نیسانی ساڵی 1989 دا بە فەرمانی ژمارە (3448)ی نووسینگەی باکوور فەرمانیان کرد بە (چۆڵکردن و کۆکردنەوە)ی ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە گوندەکانی عەشیرەتی دوڵەمەری.[52]

دبێ ئەوەش بگوترێ زۆرێک لە سەرچاوە کوردیەکان قەلادزێ بە دوا ویستگەی ڕاگواستنی کورد دادەنێن، بەڵام پاش ئەوەش تاساڵی 1990 حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە ڕاگواستنی ناوچەی مێرگەسۆر و دەوروبەری، کە دەکرێ ئەمە بەدوا ویستگەی ڕاگواستنی کورد دابنرێ.[53]

پاش دەرکردنی عێراق لە کوەیت، حکوومەتی عێراق هەموو هێزەکانی خۆی بەرەو کوردستان هێنا ئەو هێزەی لە کوەیت کێشابووە لە تۆپ و تانکی و زریپۆش و هیلیکۆپتەرە جەنگییەکان لە ڕێکەوتی 1991/4/1 دڕندەترین هێرشیان هێنایە سەر کوردستان، کۆڕەوی ملیۆنی کورد و هەڵاتنی لە دیکتاتۆریەت دەستی پێکرد، بە هۆی ئەو هێرشە هۆڤانەیەی پاسەوانانی کۆماری و هێزەکانی تر کردیانە سەر کوردستان[54] مندال و پیر و گەنج بەر بۆردوومانی فڕۆکەکان کەوتن و پیر و پەککەوتە و ئافرەتی سکپڕ و شێت و کەم ئەندام لە ڕێگای ئاوارەبوون بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران بەردەوام بوون، سەدانیان لە ڕێگادا بەهۆی سەختی و برسێتی و ماندووبوون سەرما و سەهۆل و گیانیان لە دەستدا، مندالێ لە دایك و هاوسەر لە یەکتری وون دەبوون و ئیتر نەدەدۆزرانەوە، بە درێژایی ڕێگا سەر سنوورییەکان ناوە ناوە گۆڕی قوربانیانی لێ بوو، جگە لە هەزاران کەس لە ڕێگادا دەبینران کە دەست یاخود قاچ یاخود ئەندامێکی تری جەستەیان بە هۆی بۆردوومانی فڕۆکەکان و مین و پاشماوەی تەقەمنییەکان لە دەستدابوو، زۆر باش بە بیرم دێت لە بەر چاوم بەهۆی بۆردوومانی یەکێك لە فڕۆکەکان پیرەمێردێك لە خویندا سور بوو و دەم و دەست گیانی لە دەستدا، ڕێزبەندی ئۆتومبێلەکان کە دەیان کیلومەتر بەدوای یەکدا وەستابوون، لە ڕێگادا خواردن و خواردنەوەمان زۆر بە ئەستەم بە دەست دەکەوت، من بە پێخواسی نزیکەی پەنجا

کیلومەترم بری کە ئەو کات تەمەنم نۆ ساڵان بوو، هەندێك جاریش دایکم و داپیرەم منیان لە پشتی خۆیان دەکرد هەرچەند گەورە بووم بەڵام ناچار بووم، تاکو گەیشتنە شوێنێك لەو دیو سنووری کوردستانی ئێران بە ناوی خانە پێڵاوێکم لە یەکێك لە دوکانەکان کری و لە پێم کرد.

لەم ساڵەدا لە کۆرەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردا نزیکەی 250 منداڵ و پیر و پەککەوتە لە بارزانیەکان لە سەر سنوورەکان تورکیا و ئێران و ئۆردووگاکانی ( بێمزۆرتێ، سێگرکان، زێوە، خۆێ و سەلماس و دەوروبەریان ) گیانیان لە دەستدا.(55)

سەرەڕای بۆردوومانکردن و ڕاگواستن و سوتاندنی بەردەوامی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە ماوەی سەدەی ڕابردووودا لە لایەن حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق, بارزانیەکان بێ بەش نە بوون لە وێرانکردن و بۆردوومانکردنیان لە لایەن وڵاتانی دراوسێ وەك ئێران و تورکیا, لە ڕێکەوتی 7-8-1991 لە لایەن دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیا گوندی خێرەزوکا بۆردوومانکرا (13) سێزدە شەهید و نزیکەی (30) سی بریندار لێکەوتەوە, (3)سێ لە شەهیدەکان خەڵکی گوندی خێرەزوك بوون و (8) هەشتی تریشیان خەڵکی گوندی کەکلە و ئەوانی تریش خەڵکی گوندی بێرسیاڤ بوون.

((گوندی خێرەزوکا گوندێکە لە دەڤەری بارزان سەر بەقەزای مێرگەسوور (2) دوو کیلومەتر لە سنووری کوردستانی باکوور نزیکە، ئەم گوندە وەکو هەموو گوندەکانی تری ناوچەی بارزان لە ساڵی 1978 دووچاری وێرانکردن بۆ لە لایەن ڕژیمی بەعسی عێراقی، خەڵکی ئەم گوندانەش ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگای زۆرەملێی هەریر، پاش ڕاپەرین دوای ئەوەی خەڵکە ڕاگوێزراوەکانی ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و ئەوانەی ئاوارەیی وڵاتی دراوسێ بوون گەڕانەوە سەر گوندەکانی خۆیان خەڵکی ئەم گوندە و گوندی (کەکلە) بە شێوەیەکی کاتی لە بن چەند (کەپرێك)دا بە ئاسودەیی دەژیان دوور لە زوڵم و زورداری ڕژیمی بەعس، بەڵام مخابن لە ڕێکەوتی 1991/8/7 دوو فڕۆکەی جەنگی ڕژیمی تورکیا بە شێوەیەکی زۆر هۆڤانە بە بۆمبی هێشویی و سارۆخ و گوللەی دوشکە پیر و ئافرەت و

منداڵ بۆمبارانکران لە ئەنجامدا (13) سیانزە هاووڵاتی شەهید بوون و نزیکەی(33) سی هاووڵاتی تریش برینداربوون هەموو کەل و پەلیشیان سوتێنرا. ڕژێمی تورکیا ئەم تاوانەی ئەنجامدا بە بیانوی هەبوونی چەکداری (پەکەکە) بەڵام ئەمە دووربوو لە ڕاستی و تەنها بیانویەك بوو.

شەهیدەکان بریتی بوون لە" عەلی جاسم تاهر, نەوزاد سالح عەلی, دەوران تاهر جاسم, سالح زەردو موسا, جەمال سالح زەردو, عەیشێ سالح زەردو, ڕێبەر سالح زەردو, جاز محەمەد ئەمین جەوهەر, جیهان محەمەد ئەمین جەوهەر, خەم قاسم حەسو, عاتیفە عبدولقادر عەبدوڵڵا, خەدیجە حسین عەزیز, لەعلیخان شێر ئاغا سلیم"))

هاووڵاتی (هەوار بەدر خەلیل) [56] موختاری گوندی خێرەزوکا دەڵێت: (( کاتژمێر (8) هەشتی بەیانی فڕۆکەکانی تورکیا گوندەکەمانی بۆردوومانکرد خێزانم بە ناوی (جاز محەمەد ئەمین جەوهەر) و (12) دوانزە هاووڵاتی تریش شەهیدکران و چەندین برینداریشی لێکەوتەوە, هەندێك لە بریندارەکان تا ئێستاش بەردەوام سەردانی پزیشك و نەخۆشخانەکان دەکەن بۆ چارەسەرکردن...))

لە ساڵی 1991 بە دواوە ناوچە سەر سنووریەکانی تورکیا کە زۆربەی دەڤەری بارزان لە خۆ دەگرێت، بە بەردەوامی بۆردوومان دەکرێن لە لایەن وڵاتی تورکیاوە بە بیانووی هێزی چەکداری پەکەکە، چەندین جار زەوییە بە پیت و چینراوەکان و ڕەز و باغ و بێستان و بەرهەمە چیایەکان سوتێنراون، خەڵکەکە بە ئاسودەیی ناتوانن سوود لە بەرۆبومەکانیان وەربگرن، چەندین گوند تاکو ئێستاش بە وێرانی و چۆڵکراوی ماون، چەندین جار گوندەکان بۆردوومان کراون، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی 1995/7/16 گوندی هەزیری سەر سنووری تورکیا بەتەواوی چۆل کراوە بۆردوومانی سەختی گوندەکەیان کرا و خەڵکی ئاوایی ناچار ڕوو لە گوندەکانی تری دەوروبەر بکەن بۆ ماوەی چەند مانگێك.

له ماوەی (13) ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەم، زۆر جوتیار و ئاژەڵدار و خەڵکی سیڤیل له ناوچە سنووریەکانی تورکیا شوێن بزرکراون و کوژراون.

له ساڵی 1996 بنەماڵەی ڕەشید تویی دەستگیرکران له لایەن سەربازانی تورکیاوە و بە شێوەیەکی زۆر هۆڤانە پێچەوانەی هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی لە ئاسمانەوە لەنێو فڕۆکەدا خرانە خوارەوە بە سەر شاخ و کێوەکاندا.

بەم پێیە دەبینن دۆژمن لە بوونی هەر بارزانیەك لە سەر رووی ئەم زەمینە توقیووە بوویە بەم سیاسەتە وەحشیگەر و و کوێرانە هەڵساوە، بە هەموو جۆر و شێوازێکەوە، سوتاندن، وێرانکردن، بۆردوومان، شوێنبزرکردن، قڕکردن، ڕاگواستن، بەمینکردن، سڕینەوەی ناسنامە، تعریب، تبعیس و جینۆساید بە هەموو لق و پۆپ و جۆرەکانیەوە.

## سەچاوە و پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

1. میدلّ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و" محەمەد حەمە سالّح توفیق، خانەی وەرگێران، چاپی دووەم، سلێمانی،2004، ل45.
2. مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلّایەتیەکانی سیاسی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجی ی کوردستان- سلێمانی 2004ل126.
3. هـ.س.پ، ل129.
4. سامڤێل کۆچری، کوردستانی عێراق جینۆساید و خەبات لە پێناو مافی چارەی خۆنوسیدا، و" دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، گوڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(25) پایزی 2002، هەولێر، ل169.
5. چاوپێکەوتن لەگەلّ(خەدیجە مستەفا ئەحمەد)گوندی بازیّ،2006.
6. چاوپێکەوتن لە گەلّ (سامیە شەمدین سەیدو) مێرگەسۆر 2313
7. ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللّا, ڕەهەندە کۆمەلّایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2009 ل55
8. چاوپێکەوتن لە گەلّ ( سافیە هادی خەلەف) سەفتیّ 2313
9. مراد حەکیم محەمەد، هـ.س.پ،ل131.
10. چاوپێکەوتن لەگەلّ (گولیزار تەوفیق حاجی) شارۆچکەی سوران،2006.
11. میدل ئیست ووچ، هـ.س.پ، ل85.
12. چاوپێکەوتن لەگەلّ (خانزاد تەتو مستەفا)گوندی بازیّ،2006.
13. چاوپێکەوتن لەگەلّ (کەریم عبداللە باپیر)گوندی بازیّ،2006.
14. چاوپێکەوتن لە گەلّ (یاسین خز حەسەن)، ئێران, دانیشتووی ئۆردووگای زێوە خەلّکی گوندی تاتکیّ 2010.
15. چاوپێکەوتن لە گەل( محو حدو محەمەد) گۆرەتوو, 2009

16. مراد حەکیم محەمەد، هـ.س.پ،ل136.

17. لەتیف ماتیح فەرەج، لە سەلمانەوە بۆ مردن، چاپی یەکەم، سلێمانی 2004، ل53.

18. هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، لـە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چـاپی دووەم ، هـەولێر 2006، ل133.

19. ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا, بارۆڤی لـە نـاوبردنی بارزانیـەکان, لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکانی هـەرێمی کوردسـتان، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ، هەولێر، 2010 ل140

20. ماجیدە خوشـناو، کارەسـاتی ئـەنفال و پێشـێلکردنی یاسـای کـارکردن، هـاواری ئـەنفال، ژمارە (1) یەکی پایزی،2002، ل122.

21. شۆڕشی حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، سـلێمانی،2003، ل43.

22. زانیار سەردار قرگەیی، د. کەمال مەزهەر، مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کورد بە خـەباتی بارزانی و بارزانیەکان ڕازاوەتەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەنـدی دیراسـات و پێگەیانـدنی حزبی(پارتی دیموکراتی کوردستان)، چاپخانەی حـاجی هاشـم، چـاپی یەکـەم، هـەولێر 2313 ل12

23. زوهێر جەزائیری، پـێش ئـەنفال و پـاش لـە بیرچـونەوە، سـەنتەری برایـەتی, ژمـارە(24) هاوینی 2002, ل47

24. میدل ئیس ووچ، هـ.س.پ، ل86.

25. کەنعان مەکییە، دڵڕەقی و بێدەنگی، و"حەمە ڕەشید، چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، سلێمانی 2005، ل362.

26. چاوپێکەوتن لە گەڵ(کامل تاهر عومەر)، گوندی بلێ 2006.

27. چاوپێکەوتن لە گەڵ(فاتیمە بابەکر محەمەد)، گوندی بازێ 2006.

28. چاوپێکەوتن لە گەڵ(خانزاد تەتو مستەفا)، گوندی بازێ 2006.

29. هـ.س.پ

30. چاوپێکەوتن لە گەڵ(گورگیس یوخنا ئاودیس) بێدیال,2009

31. ئـەمین ئـەمین قـادر مینـە، ئـەمنی سـتراتیجی عێـراق و سێکوچـکەی بەعسـیان، تـەرحیل تـەعریب تـەبعیس، چـاپی دووەم، لـە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردستان، سلێمانی 1999.ل283 ، هەروەها بڕوانـە ( ڕێبـوار ڕەمـەزان عەبـدوللا, ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سـەردەمی بەعسـدا, چاپخانەی منارە, چاپی یەکەم. 2009 ).

32. چاوپێکەوتن لە گەڵ ( ئەحمەد حسین مستەفا), 2009

33. خوشـەوی عـەلی بـاپیر، یـادی بۆمبـارانی زێـوە لـە 9ی حـوزەیران، هەفتەنامـەی گـولان، ژمارە(488)، ل31.

34. چاوپێکەوتن لە گەڵ (یاسین خز حەسەن)، ئێـران, دانیشـتووی ئۆردووگـای زێـوە خـەڵکی گوندی تاتکێ 2010.

35. چاوپێکەوتن لە گەڵ( بەسێ محەمەد تەها) سەفتێ, 2009

36. میدل ئیس ووچ، هـ.س.پ، پەراوێزی ل86.

37. ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا, ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بـۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2009 ل85

38. ڕێکـارێ مزویـری، جینۆسـایدکردنی بارزانیـەکان، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکانی هـەرێمی کوردسـتان، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، چـاپی یەکـەم، 2010 ل16

39. چاوپێکەوتن لە گەڵ (خانزاد تەتو مستەفا)، گوندی بازێ 2006.

40. چاوپێکەوتن لە گەڵ (مێم عسمان حسێن)، گوندی بازێ 2006.

41. چاوپێکەوتن لە گەڵ(سەباح ئەحمەد محەمەد) بلێ 2313

42. چاوپێکەوتن لە گەڵ (ئەلیاس خدر یەلیاس )، گوندی بازێ 2006

43. چاوپێکەوتن لە گەڵ (محەمەد ئەمین قادر کسبار) 2009

44. عبدالله کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئـەنفال، بـەرگی دووەم، چـاپی یەکـەم 2003، ل45.

45. هەژار عەزیز سورمێ، هـ.س.پ، ل229.

46. چاوپێکەوتن لە گەڵ (شێرو سەلیم شێرو) گوندی بازێ 2006.

47. چاوپێکەوتن لە گەڵ (نافیا ڕەشید مام ڕەش) کۆمەڵگای هردان 2006.

48. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نێرگز میرزا یاسین) کۆمەڵگای هردان2006.

49. چاوپێکەوتن لە گەڵ (عەیش براهیم ئەحمەد) ئینەمسید 2009

50. چاوپێکەوتن لە گەڵ (بەفرا عزو مەلا یحیی) سوران 2010

51. مراد حەکیم محەمەد، هـ.س.پ، ل152.

52. غەفور مەغموری، بەعەرەبکردنی کوردستان, لـە بڵاوکراوەکـانی ڕۆژنامـەی میـدیا، چـاپی یەکەم، هەولێر2002، ل44.

53. مراد حەکیم محەمەد، هـ.س.پ، ل156.

54. محەمەد سالح عقراوی، کورد و دەوڵەتی سـەربەخۆ بـە پێـی بەڵگەنامـە نێودەوڵەتیـەکان، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی خـانێ، دهـوك 2007، ل192

55. ڕێکارێ مزویری، هـ.س.پ، ل18

56. چاوپێکەوتن لە گەڵ ( هەوار بەدر خەلیل) خێرەزوکا 2313

# دەروازەی سێیەم

## دەسپێکی دەروازەی سێیەم:

ئەم دەروازەیە، لە سێ بەشی پێکهاتووە:

یەکەمیان:

ناساندنی هەندێك لەو تاوانبارانەی بکەری جینۆسایدکردنی بارزانیەکان بوون، پێناس و ماوە و پلە و دەسەڵاتیان خراوەتە ڕوو.

دووەمیان:

بەهۆی ئەمانەتی زانستیی و ئەکادیمیی ئەم پەرتووکە، لەم باسەدا کە تاییەتە بە دیکۆمێنتەکان، بە هیچ شێوەیەك دەستکاری دیکۆمێنتەکانمان نەکردووە، تەنیا وەرگێراونەتە سەر زمانی کوردی، هەندێك لە بەڵگەکان لە چەند سەرچاوەیەك وەرگیراون، سوپاسی ئەرك و ماندوبوونیان دەکەین ئێمەش دەقە کوردیەکامان لەو پەرتووکانیان وەرگرتووە بێگومان ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بەڵگەکانیان وەرگێراوە.

زۆربەی دیکۆمێنتەکان بە زمانێکی دوژمنکارانەو زۆر بێ ڕێزەوە نووسراون، زۆر هەواڵی نادروست و پرۆپاگەندە خراونەتە پاڵ بارزانیەکان، لە زۆر شوێندا وشەی ( تاوانبار، یاخیبوو، نەزان، چەتە و ...هتد) نووسراون و ئیمەش بەهۆی ئەمانەتە زانستیەکەی دەستکاریمان نەکردوون، ئەگەر چی دڵگرانیش بۆبین لە مەر وشە نادروست و بێ ڕێزەکان، بەڵام ئەگەر ئەمە زمانی ڕەسمی وڵاتێك بێت دەبێ چی لێ چاوەروان بکرێت! !

سێیەمیان:

بێگومان وێنەکانیش وەك دیکۆمێنتەکان راستیەکان دەخەنە روو، ئێمەش هەوڵمانداوە لە شێوەی پێشانگا بەپێی کات و قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و بارودۆخی بارزانیەکان چەند وێنەیەکمان لەم پەرتووکەدا نیشانداووە.

# بەشی شەشەم

# پلە و ماوەی حوکمرانی و

# دەسەڵاتی هەندێك لە کاربەدەستانی

# پلە و ماوەی حوکمرانی و دەسەڵاتی هەندێك لە کاربەدەستانی عێراق لە سەدەی بیستەمدا

خشتەی ژمارە(2)مێژووی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ساڵی 1921 ەوە تا 9ی نیسانی 2333

| ژ | ناوی سەرۆکی عێراق | ساڵی لە دایکبوون و کوچکردنیان | ماوەی دەسەڵات وەرگرتن و کۆتایی هاتن | وەرگرتنی دەسەڵات | هۆکاری کۆتایی هاتن بە دەسەڵات |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | فەیسەڵی یەکەم | 2996-2:44 | 2:32-2:44 | وارسی پاشایەتی | مردن |
| 3 | غازی یەکەم | 2:23-2:4: | 2:44-2:4: | پاشایەتی | بەهۆی کارەساتی ئوتومبێل |
| 4 | عبد ئیلا | | 2:4:-2:64 | وەصی (خاڵی مەلیك فەیسەڵی دووەم بوو) | لە بەر ئەوەی مەلیك فەیسەل منداڵ بووە |
| 5 | فەیسەڵی دووەم | 2:46-2:69 | 2:64-2:69 | پاشایەتی | کودەتایی سەربازی |
| 6 | عبدالکریم قاسم | 2:25-2:74 | 2:69-2:74 | کودەتایی سەربازی | کودەتایی سەربازی |
| 7 | عبدالسلام عارف | 2:32-2:77 | 2:74-2:77 | کودەتایی سەربازی | کارەساتی فڕۆکە |
| 8 | عبدالرحمان عارف | 2:29- | 2:77-2:79 | چووەتە شوێنی برایەکەی | کودەتایی سەربازی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 9 | ئەحمەد حەسەن بەکر | -2:25 2:93 | -2:79 2:8: | کودەتایی سەربازی | کودەتایی سەربازی |
| : | سەدام حسین مەجید | -2:48 3115 | -2:8: 3114 | چووە شوێنی ئەحمەد حەسەن بەکر | بەهۆی تێک شکان لە جەنگدا |



مەلیک فەیسەلی یەکەم



غازی یەکەم



مەلیك فەیسەلی دووەم



عەبدولكریم قاسم



عەبدولسەلام عارف



عەبدولرحمان عارف



ئەحمەد حەسەن بەکر



سەدام حسین مجید

خشتەی ژمارە(3) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە بەڕێوەبەرەکانی ئاسایشی گشتی لە عێراق لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

| بەڕێوەبەرەکانی ئاسایشی گشتی | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاکو |
|---|---|---|
| بهجت الحاج داوود العطیة | 28 ی نیسانی 2:68 | 3 ی ئابی 2:69 |
| عبدالمجید جلیل جمعة البیاتی | 29 ی تموزی 2:69 | - |
| جمیل صبری ولی البیاتی | 9 ی شوباتی 2:74 | 2 ی کانون دووەمی 2:75 |
| ڕەشید محسن جمعة العانی | 36 ایلول 2:76 | - |
| عبد الجلیل احمد محمود العبدی | 2:76 | 21 ی تشرینی یەکەمی 2:77 |
| اسماعیل ڕەشید شاهین | 26 ی تشرینی یەکەمی 2:78 | 2: ی ئابی 2:79 |
| حامد اسماعیل ابراهیم العانی | 31 ی ئابی 2:79 | 8 ی تشرین دووەمی 2:7: |

| | | |
|---|---|---|
| ناظم كزار لازم | 9 ی تشرینی دووەمی 2:7: | 27 ی تموزی 2:84 |
| عبدالخالق عبدالعزیز سعید | 4 ی تشرینی یەكەمی 2:84 | 29 ی كـــانونی دووەمـــی 2:88 |
| فاضل براك حسین | 29 ی كانونی دووەمی 2:88 | 6 ی كانونی دووەمی 2:95 |
| عةلی حةسةن عبدالمجيد | 9 ی كانونی دووەمی 2:95 | ی28 شوباتی 2:98 |
| عبدالرحمن احمد عبدالرحمن الدوری | 28 ی شوباتی 2:98 | 25 ی شوباتی 2::2 |
| حاتم حمدان محمود العزاوی | 25 ی شوباتی 2::2 | 7 ی نیسانی 2::2 |
| الدكتور سبعاوی ابراهیم حةسةن | 7 ی نیسانی 2::2 | 5 ی تشرینی دووەمی 2::6 |
| الفریق الركن طه احمد عباس الآصبحي | 7 ی تشرینی دووەمی 2::6 | 4 ی حزەیرانی 2::8 |
| الفریق طاهر جلیل حبوش سلوم حبوش | 5 ی حزەیرانی 2::8 | 38 ی ئەیلولی 2::: |
| اللواء الركن رافع عبداللطیف طلفاح مسلط | 2::: | 3: ی ئایاری 3113 |

خشتەی ژمارە(4) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە سەرۆكەكانی فەرماندەیی یەك لە عێراق لە چاریەكی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

| سەرۆكایەتی فەرماندەیی یەك | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاكو |
|---|---|---|
| سعدي طعمه عباس الجبوری | 39 ی كانونی دووەمی 2:93 | 42 ی ئایاری 2:93 |
| نعمه فارس حسین المحیاوی | 5 ی حزیرانی 2:93 | 29 ی ئابی 2:94 |
| ماهر عبدالرِةشید محةمةد رِةشید | 29 ی ئابی 2:94 | 41 ی كـــانونی یەكـــەمی 2:94 |
| نزار عبدالكریم فیصل الخزرجي | 41 ی كانونی یەكەمی 2:94 | 36 ی ئابی 2:97 |
| نزار عبدالكریم فیصل الخزرجي | 34 ی كانونی دووەمی 2:98 | 25 ی تموزی 2:98 |
| سلطان هاشم احمد محةمةد | 37 ی حزیرانی 2:98 | 25 ی تموزی 2:98 |
| سلطان هاشم احمد محةمةد | 25 ی تموزی 2:98 | 5 ی ئەیلولی 2:98 |
| سلطان هاشم احمد محةمةد | 33 ی كانونی دووەمی 2:99 | 42 ی ئاداری 2:99 |

| | | |
|---|---|---|
| سلطان هاشم احمد محەمەد | 42 ی ئاداری 2:99 | 8 ی نیسانی 2:99 |
| اياد خليل زكی محەمەد البياتي | 7 ی نیسانی 2:99 | 35 ی نیسانی 2:99 |
| سلطان هاشم احمد محەمەد | 8 ی نیسانی 2:99 | :3 ی ئایاری 2:9: |

خشتەی ژمارە(5) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە بەڕێوەبەرەكانی هەواڵگری گشتی لە عێراق لە چاریەكی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

| بەڕێوبەرەكانی هەواڵگری گشتی | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاكو |
|---|---|---|
| برزان ابراهيم حەسەن | | 5 ی تشرینی یەكەمی 94 :2 |
| هشام صباح الفخری | 6 ی تشرینی یەكەمی 94 :2 | 41 ی كانونی یەكەمی 2:94 |
| فاضل براك حسين | 4 ی كانونی دووەمی 95 :2 | |
| فاضل صلفيج محيميد – جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری | 7 ی تشرینی دووەمی 94 :2 | |

خشتەی ژمارە(6) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە سكێرتێرەكانی نووسینگەی كاروباری باكوور لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا.

| سكێرتێرەكانی نووسینگەی كاروباری باكوور | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاكو |
|---|---|---|
| وليد محمود الخشالي | – | 23 ی تشرینی دووەمی 2:92 |
| وطبان ابراهيم | 23 ی تشرینی دووەمی 2:92 | – |
| عبدالفتاح محەمەدامين | 2:96 | 2:97 |
| طاهر توفيق | :2 ی ئابی 2:97 | – |

خشتەی ژمارە(7) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە بەڕێوەبەرەكانی هەواڵگری سەربازی گشتی لە عێراق لە چاریەكی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

| بەڕێوەبەرەکانی هەواڵگری سەربازی گشتی | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاکو |
| --- | --- | --- |
| عبد الجواد ذنون محەمەد طاهر | 8 ی شوباتی 2:91 | 5 ی حزەیرانـــــــی 2:93 |
| ماهر عبدالرِەشید محەمەد الرِەشید | 24 ی کـــانونی دووەمـــی 2:94 | 29 ی ئابی 2:94 |
| محمود شكر سعيد شاهين الجميلي | 29 ی ئابی 2:94 | 3 ی نیسانی 2:97 |
| صابر عبدالعزيز حسين الدوري | 9 ی نیسانی 2:97 | 7 ی نیسانی 2::2 |

خشتەی ژمارە(8) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە سەركردەكانی ئەركانی سەربازی لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا.

| سەرکردەکانی ئەرکانی سەربازی | ماوەی دەسەڵاتیان لە | تاکو |
| --- | --- | --- |
| عبدالجبار خليل احمد شنشل | 36 ی تشـــرینی دووەمـــی 2:83 | 41کانون الأول 2:94 |
| عدنان خيرالله طلفاح الناصري | 27 ی ئەیلولی 2:8: | |
| عبد الجواد ذنون محەمەد طاهر | 41 ی کانونی یەکەمی 2:94 | 41 ی ئایاری 2 : 2 |
| نزار عبدالكريم فيصل الخزرجي | 25 ی تموزی 2:98 | |

خشتەی ژمارە(9) چەند زانیارییەك دەربارەی هەندێك لە كاربەدەستانی عێراق لە سەردەمی بەعسدا.

| ناوی دەسەڵاتداران | بەرپرسیارەتی |
| --- | --- |
| عەلی حەسەن المجيد | ئەندامی سەرکردایەتی وڵات و بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە 3: ئاداری 98 :2 تا 4 ی کانونی یەکەمی 2:9: |
| حامد يوسف حمادي | سکێرتێری سەرۆك کۆمار و بەرپرسی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی, بەپێ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش, لەکارخراو بەژمارە 261 لە 21 شوباتی 99 :2 |
| سعدون شاكر | وەزیری ناوخۆ |
| حاتم حمدان محمود | سکێرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی |
| الرفيق كاظم نعمه سلمان | سکێرتێری نهێنی سەرکردایەتی لقی لشکری باکوور |

| | |
|---|---|
| اللواء عبدالمحةستن | بەرێوەبەری ئاسایشی خۆدموختاری(ناوچەی ئۆتوتۆمی) |
| اللواء خیري سالح داوود | بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێر |
| العقید عةلی عبداللة برع | بەرێوەبەری ئاسایشی بەغدا |
| المقدم حقی اسماعیل | ئەفسەری ئاسایش و بەشداربوو لە رادەستخستنی دەستبەسەراگیراوەکان |
| الرائد یاسین أسعد | ئەفسەری ئاسایش و بەشداربوو لە دەستبەسەراگرتن |

خشتەی ژمارە(10) ناو و زانیاری (7) تاوانباران لە قەفەسی دادگای بالآی عیراق لە ئاداری ساڵی 2009 دادگایکران بە جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

| ژ | ناوی تاوانباران | ساڵی لە دایکبوون | ڕەگەزنامە | پیشە لە کاتی ئەنجامدانی تاوان | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عەلی حەسەن مەجید | 1941 | عێراقی | ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی وڵات | بەغدا/ دجلە |
| 2 | تارق عەزیز عیسا | 1926 | عێراقی | ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی شۆڕش | بەغدا |
| 3 | سەعدون شاکر مەحمود | 1936 | عێراقی | وەزیری ناوخۆ- ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی | بەغدا/ جادریە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | شۆڕش-سەرکردایەتی وڵات | |
| 4 | سفیان ماهر حەسەن | 1956 | عێراقی | ئەفسەری گاردی کۆماری | بەغدا |
| 5 | وەتبان ئیبراهیم حەسەن | 1952 | عێراقی | سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور | بەغدا |
| 6 | حامد یوسف حمادی | 1935 | عێراقی | سکرتێری سەرۆك کۆمار | بەغدا |
| 7 | حکمەت مزبان ئیبراهیم | 1934 | عێراقی | وەزیری دارایی و جێگری سەرۆك وەزیران | بەغدا |

سەرچاوە/ جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، ڕێکاریَ مزویری، چاپی یەکەم 2010 ل56

# بەشی حەوتەم

# هەوڵدان، پیلان گێران و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
# لە
# چوارچێوەی دیکۆمێنتەکاندا

## هەوڵدان، پیلان گێران و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چوارچێوەی دیکۆمێنتەکاندا

دیکۆمێنتی (أ)

باب عالی

وەزارەتی ناوخۆ

بەرێوەبەرایەتی هەواڵگیری گشتی/ هۆبەی دوو

وێنەی تەلەگرافی شوفرەیی

والی موسل و سەرلەشکر و دەوروبەری بە مێژووی 17ی ئەیلول 1325 ی (رۆمی- سالی عوسمانی - بەرامبەر بە ساڵی 1939ی زاینی).

کۆنسۆلگەری دەوڵەتی ئینگلیزی مەزن لە موسل، مانگی تەمموز هاتووتـە بەغـداد پـاش چەند ڕۆژێك پشوودان بە ڕێگای کفری کەوتە ڕێ بۆ موسل کاتێك گەیشـتە کفـری ووتـی من دەمەوێت بە ڕێگای بازیانەوە بچمە سلێمانی، بە فەرماندەی فەوجی کفـری ڕاگەیانـد کاتێك مـن لـە سـەرۆکایەتی ئـوردوێ هەڵسـام هێلـی هـاتوو چـوونم بـۆ هاتـە دەسـت نیشانکردن و ئەم چوونە بەم ڕێگایەدا باش نییە.

پاشان چوو بۆ کەرکوك و پاش چەند ڕۆژێك پشودان لـە ڕێگـەی چەمچـەماڵەوە چـوو بـۆ سلێمانی لەوێش کە بە شێوەیەکی ناڕەسمی هەواڵی بۆهات، چوو بۆ بانـە و سەردەشـت بۆ ماوەیەکی باش لە نێوانیان دا گەڕا.

ئەو ڕێگایەی من پێیدا چووم بۆ لێدانی یاخیبووە بارزانییەکان ئەویش بـە هـەمان شـێوە چاودێری هەمان ڕێگە کردووە کاتێك چووتە هەولێر و لـە وێ بـوو گرمامـك لـە وێـش بـۆ ئاکرێ و ویستوویەتی بگاتە بارزان، بـەڵام لـە بـەر هـەر هۆکارێـك بێـت گەڕایـەوە و هـیچ دەربارەی جێگای گەڕانەوەی نازانیین.

بـە ئیحتیمـالی زۆر ڕاسـتە و ڕاسـت لـە ئامێدییـەوە چـوبێتە تیـارێ، بـەڵام سـەیرە هـیچ زانیارییەکی نەداوەتە هیچ لایەنێك، وەك پێویست بوو هـەر هاتووچـونێکی بـەم شـێوەیە دەبێ وەکالەتی ویلایەت ئاگادار بکرێت، ئەم کۆنسلە هەر ڕوویشـتووە و گـەڕاوە لـە نێـو عەشیرەتی هەمەوەند ئەوەی کە یـاخی بـووە. ئـەوەی کـە ئیسـبات بـووە لـە بەرامبـەر مەرجی سەرهەڵدان، ئەوەیە کە شێخی بارزان هاتووە و بۆ ئـەوەی گفتۆگۆ بکـەن، بـەم پێیە لە پێش هاتنی خۆی شێخ عبدالسلامی بارزانی نامەی بۆ نووسیووە.

لە ناوەڕووکی ئەم نامەیەی کەوتووتە دەستمان دیـاربووە کـە شـێخی نـاوبراو وتوویـەتی ئەگەر لەشکر بێتە سەرمان ئێمەش بەرگری لـە نەفسـی خۆمـان دەکـەین، بـەم شـێوەیە مافی داوەتە خۆ و داوای یارمـەتی کـردووە، نامەیـەکی بـە مێـژووی 11ی ئـابی 1325 نووسـیووە و مـۆری کـردووە و خـەریکی بـەڕێکردنی بـووە بـەڵام ڕایکـردووە و لـە نێـو

ئەوراقەکانیدا ماوە و کەوتووتە دەستمان، پێشووتر ناوبراو هاتووتە ئاگادارکردن و ئەمە زانراوە لە ئیفادەی ئەو یاخیانەی کە کەوتوونەتە دەستمان.

ناوبراو بە دەستووری مەرجی عادل دا لەم شوێنانە هاتووچوبکە بێ ڕەزامەندی و نەهاتبێتەگرێدان بە قەید و شەرتی حکومەتەوە، پێویستیان بە هاوکاری نەبێ کۆنسۆڵی وەها بیانی وەکو ئەو لە هاتۆچوودا خاوەن دەسەڵات و سەربەست بن. لەم شوێنانە خەڵك لە خوێندن و زانین بێ بەشە لە جێگای وادا بەردەوامی تەناهی مومکین نییە هەموو کاتێك ئاژاوەی تێدا ئەنجامدەدرێ لە داهاتوودا ئاسایش و تەناهی لە سەر شێوازی سیاسی زۆر ئەستەم دەبێت.

ببورن کە جەسارەتم کرد بە گۆڕی کارەکەم لە ئێوە داواکارم بە پەلە چارەسەرێك (تەکبیرێك) بێتە کردن.

دقی دیکۆمێنتی (أ) وەك خۆی



**دیکۆمێنتی (ب)**

باب عالی

وەزارەتی ناوخو

پێنوسی شفرە                    لە ویلایەتی وان شفرە هاتووە

بەپەلە

ویلایەتی موسل دەیـەوێت هەسـتێ بـە کـارێکی سـەربازی بـۆ دامرکردنـەوەی (تەئـدیب) کردنی شێخی بارزان، فەرمانداری فرقە وەزارەتـی جـەنگی ئاگـادارکردووە کـە پێویسـتە سبەی لە وانێ وە دوو تابوور بچن. شاندیدکردنی (ناردنی) ئەم دوو تابوورە لە گەڵ توپ و ڕەشاش بۆ سنووری موسل بەلای کەمەوە پێنج هەزار لیرەی پێویستە کە ئەمڕۆ فرقە داوای کردوە. لە سندوقدا(خەزنەدا) تەنها سێ هەزار قـوروش هەیـە، ئەوانـەی سـەرانەی مەرو ماڵات کۆدەکەنە هـەموو سـەرقالی کـاری خویـانن لـە توانـادا نییـە تـاکۆ سـەرەتای نیسان ویلایەت بتوانێ ئەم برە پارەیە ئامادە بکـات ئـەوەی پەیوەسـتە بـە فرقـەوە لـە تابۆر و سریەی سنوور و لیوای جەندرمـە داوای سـی هـەزار لیرەیـان کـردووە، ئێمـە بـۆ فرقە نووسیوومانە کە ناتوانیین پێنج پارە (دراوێکی بچوکە چل پارە بەرامبـەر بـە یـەك قوروشە — تویژەر) بدەین. بەم ئۆپەڕاسـیونە سـەربازییە و بـۆ ئازوقـەی سـەرباز، ئێمـە بەپرس نین لە دواکـەوتن و بـە ڕێکردنـی لەشـکر لیـرەوە تـاکۆ سـنووری موسـل مـاوەی هەشت رۆژە، گواستنەوەی دوو تابوور لە گەڵ تۆپ و ڕەشاش بە تەنیا دوو هەزار لیرەی پێویستە لەبەر ئەوە هیوادارین بو دوا نەکەوتنی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سـەربازییە دە هـەزار لیرە بە هۆی تەلەگرافەوە بومان جێبەجێبکەن.

لە25ی شوباتی ساڵی1329ی(ڕۆمی–ساڵی عوسمـانی– بەرامبـەر بـە سـاڵی 1914ی زاینی)

والی

تحسین

## دەقی دێکۆمێنتی (ب) وەك خۆی

باب عالی

داخلیه نظارتی

[illegible]

[illegible] ولایتنه [illegible]

مستعجلدر

موصل ولایتنه بارزان [illegible]

[illegible]

[illegible] موصل [illegible]

[illegible]

[illegible] مشغول

[illegible]

اولدقلرینی [illegible]

[illegible] ولایتنه

بالکز [illegible] عسکریه [illegible]

[illegible] موصل [illegible]

مسئول [illegible]

[illegible]

[illegible] عسکریه [illegible]

والی

[illegible]

[illegible]

دیكۆمێنتی (ج)

باب عالی

وەزارەتی ناوخۆ

قەلەمداری شیفرە

له ویلایەتی وانێ شیفره هاتووه

زستان زۆر سارده هەندێك سەرباز نەخۆش كەوتوونه له بارەی چوونی سەرباز بۆ سەر شێخی بارزان فەرماندەیی ئۆردوای موسلی سەربەخۆ دەتوانێ یاخۆد ناتوانێ پرسیوویەتی ولآمی وا وەرگرتووه:(( شێخی بارزان دەربارەی ئەو بە هیمەتی قۆل ئوردویایی دوازده بەم زۆانه دەگات به سزای خۆی)).

بەم شێوەیه بردنی دوو تابۆر بۆ ئەم جێیە دروست نییە من پەیوەندیم بە قایمقامەكانەوە كردووە كە ناتوانیین لە ڕێی(تاقواشیا)و ناحیەیی خۆمار دەربچن. لێرە هەتا شەمدینان بیست ڕۆژ تا مانگێكی پێویستە، گوند و جێگای حەوانەوە لە ڕێگادا نیین. سەربازی نەخۆشی لە ڕێگادا قڕبكرێن و خەسارەتی شێخی بارزان بە هیچ جۆرێك ناتوانێت بۆ ئەملا بێت چونكە ئەگەر ڕابكات لە هەریەك لە شەمدینان و گەڤەر تابۆرێك لەگەڵ سریەیەكی سەربازی سنوور هەیە ناتوانێ بەم شوێنەدا ڕابكا. مادام ویلآیەتی موسل سەرباز ڕەوانەدەكا بۆ( جێی مەبەست) ئیدی پێویست ناكات لێرەشەوە سەرباز برون وا ئومێد دەكەین بۆ تەندروستی و سەلامەتی سەربازان بیست ڕۆژ لە چوونی سەربازان تاخیرتر بكرێت لەم بارەیەوە من سەردانی حەزرەتی ئەنوەر پاشام كردووە باسی بارۆدووخۆ و ڕێ و سەربازان بە تەواوەتی بو كردووە هیوادارم ناوەڕووكی لە بەر چاو بگیرێت.

لە25ی شوباتی ساڵی1329ی(ڕۆمی-ساڵی عوسمانی- بەرامبەر بە ساڵی 1914ی زاینی)

والی

تحسين

**دەقی دیکۆمێنتی(ج) وەك خۆی**



دیکۆمێنتی ژمارە (1)

## بەیاننامەی مەندووبی سامی[1]
## 1923/5/31

1- ماوەیەکە حکوومەتی بەریتانیا بەو پەری چاودێری و بایەخ پێدانەوە دەڕوانێتە مەسەلەی پارێزگاریکردنی گەلی ئاشوری، بە لە بەرچاو گرتنی تەواوی ئەو خزمەتانەی کە لە کاتی جەنگدا پێشکەش بە هاوپەیمانانیان کردووە، بڕیاری داوە هەوڵ بدات سنوورەکانی خۆی تا ئەو پەری توانا لە باکوور درێژ بکاتەوە و هیوای وایە ئەو چیایانە کە "تیاری" یەکان و هۆزەکانی " تخوما و جیلو و باز"ی لێ دادەنیشن، بخاتە ناو ئەو سنوورانەوە و نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ ئەوانەش ئامادە بکا کە نە تەنیا هەر بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییەکیان بەم ناوچانەوە هەیە، بەڵکو بۆ ئەو ئاشورییە پەرت و بڵاوانەش کە هەن، هەروەها مەندووبی سامی تەئکید دەکا لە عێراق ناوچەی بەتاڵ لەوە زیاتر هەیە کە پێویستیان پییێ هەیە، ئەم ناوچانەش دەکەونە باکووری ئامێدی و چیایەکانی باکوور.

2- بۆ پیادەکردنی ئەم سیاسەتە و ئەم نەخشە داڕێژراوە مەندووبی سامی داوای لە حکوومەتی عێراق کرد بۆ سەرخستنی ئەم سیاسەتە هەر شتێك کە بە پیویست دەزانرێ و زەمانەتی تەواوی بۆ دابین بکا. حکوومەتی عێراقیش بێ قەید و بەند، بەم شێوەیە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی:

یەکەم: حکوومەتی عێراق موڵکداریەتی ئەو زەویانەی کەوا لە باکوور لە دەور و پشتی دهۆك – ئامێدی – مێرگەسۆر – شێروان مەزن – زێبار (واتە ناوچەی بارزان)– لە ڕەواندزەوە تا زاخۆ بە درێژایی ئەو هێڵەی بە هێلی "برۆکسل" ناسراوە، بۆ ئاشوریەکان بە مەرج گەلێکی گونجاو تەملیك بکا.

دووەم: حکوومەتی عێراقی لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباری خوجییەتیدا بڕێکی گەورە لە ئازادی بدات بە ئاشوورییەکان، واتە قبول کردنی بیروکەی ئۆتۆنۆمی.

دیکۆمێنتی ژمارە (2)

## (ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە)[2]

ژمارە:8- ئەرشیف

ڕۆژهەڵاتی (عێراق) 15ی ئەیلوولی 1933

نهێنی بەشی 1

(ئی.93/1932/4976) ژ:1

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئەی. هندرسن (15ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە:353 قوستەنتەنییە،4ی ئەیلوول 1933

بەڕێز،

خۆشحالم ئاگادارتان بکەم کە جەنەڕاڵ نوری پاشای سەرۆك وەزیری عێراق ئەم هەفتەیە لە تورکیاوە گەڕایەوە عێراق.

2- بەداخەوە نوری پاشام تەنها لە قوستەنتەنییە بینی، کە هێشتا سەری لە وەزیری دەرەوەو عیسمەت پاشا لە ئەنکەرە و غازی لە یالۆڤا نە دابوو. ئەو ڕۆژەی وا بەڕێزی لە پایەتەخت دەهاتەوە، من بەرەو ئەوێ دەچووم و بەر لەوەی بگەڕێمەوە، ئەو بەرەو بەغدا بەڕێکەوتبوو. بەڵام هاوکارێکم، بە خۆشحالییەوە، پێشوازیی کردبوو.

3- بە قسەی نوری پاشا سێ مەسەلەی سەرەکی باس کراون:

أ) کێڵگە نەوتەکانی موسڵ

نوری پاشا وتی تێبینیەکی تورکی نووسراوی باڵیۆزی لەندەن دیوە و بە ئاشکرا بە تورکەکانیشی وتووە کە جێی بڕوانییە. ئەو هەروەها ئاماژەی کرد کە قازانجی عێراق لە قۆرخکردنی نەوتە لانەکان نۆ ئەوەندەی دەسکەوتی تورکیایە، بۆیە ڕاستەقینە دەدات، خێرا ئەو نەوتە لانانە پەرەی پێ بدرێن، نوری پاشا دەیزانی مەسەلەکە هێشتا لە ژێر چاودێریدایە، پێی وابوو چەند داوایەك بۆ زۆر خەرجکردنی مووچە لە ئارادایە، هیواداریش بوو ڕۆژانی داهاتوو لەمە زیاتر ئاگادار بێ. ئەو هەستی دەکرد کە تورك گوێ

ناداتە پلانی بۆریە نەوتەکان، چونکە بۆی دەرکەوتووە فەرەنسە چاوی لە باکوور و بریتانیاش لە باشوور بڕیوە.

ب) سنوور

تورکەکان بە نوری پاشایان وت لە سیاسەتی تایبەت بە کوردانی عێراق و هەڵوێستی گشتی ساڵی 1926 بە دواوەی تایبەت بەکێشەی سنوور، تەواو ڕازین. نووری پاشا ئاماژەی پێ دا، دوا باسی حکوومەتی عێراق کێشەی سنوور بوو، هەروەها تورکیای دڵنیا کردەوە کە ڕێگە ناداتە هیچ جۆرە پلانێکی کورد. تورکەکان باسی ڕووداوەکانی بازییان کردبوو، نوری پاشا وەڵامی دابوونەوە کە: عێراق خۆی ئەمساڵ چارەسەری شێخی بارزان دەکات و سێ ساڵە مەسەلەکەی لە کۆبونەوەکانی لیژنەی هەمیشەی سنووردا خستووتە ڕوو، بەڵگەشیان لە بەردەستدایە کە شێخ چەك و هاوکاریی لە چەند سەرچاوەیەکی سەربەخۆی تورك، ئەگەر لە حکوومەتی تورك خۆیشیەوە نەبێ، وەرگرتووە. نوری پاشا بە گومان بوو پیلانەکانی شێخ دوایی بێن، بۆیە دەیویست لە حکوومەتی تورك بێتەوە، تاکو لە دیوی خۆیەوە سنوورەکان مەحکەم بگرێ، حکوومەتەکەی خویشی لەو دیوەوە بەرەنگاری شێخ ببێتەوە. ئەمساڵ تازە دڕەنگە، بەڵام ئەگەر گرفتەکە درێژە بکێشێ، ڕەنگە ئەم پێشنیارە، بەهاری داهاتوو، بخاتە بەر دەستی حکوومەتی تورك.

ج) ڕێککەوتنامەی بازرگانی

تورکەکان و ووری پاشاش، هەر وەکوو خۆی وتی، زۆر پەرۆش بوون ئەم مەسەلەیە زوو تەواو بکەن. ڕێی تێدەچێ مانگی داهاتووش لە بارەی ڕێککەوتنی یاساییەوە بگەنە یەك. تورکەکان پێیان وتبوو ڕێککەوتنامە بازرگانیەکە پێویستە چەند بەندێکی (شوێنی داڵدە و پەناگە) لە خۆ بگرێ، ئەویش وەڵامی دابوونەوە کە ئەو قسە لەم بابەتە ناکەت، بەڵام ئەوان دەتوانن بە ڕێگەی ئاسایی داواکەیان بکەن.

نوری پاشا لە دید و بۆچوونی تورکەکانی لەمەڕ ڕێکەوتنە تازەکە پرسی، ئەوانیش وتوویانە حکوومەتی کرێکاران دوای شەڕ دوو کاری زۆر گرنگی کردووە:

یەکەم: ڕێکەوتننامەی دەریایی لەندەن.

دووەم: ڕێککەوتنی بریتانیا- عێراق. تورکەکان ئەمەی دواییان زۆر لا پەسەند بوو، بەڵام فەڕەنسا داوای لێکردبوون لە چاپەمەنییە تورکەکانەوە ڕەخنەی ئەوەی لێ بگرن کە گوایە عێراق دەخاتە چوارچێوەی ئیمپراتورییەتی بریتانیاوە. ئەمیش وەڵامی فەرەنسیەکانی وا دابووە و کە ڕێککەوتنەکە نەك تەنیا بۆ تورکیا، بەڵکو بۆ عێراق خویشی زۆر باشە. تەوفیق ڕوستوو بەگ وتی، لە کاتێکی گونجاودا، بابەتێك بە قازانجی ڕێککەوتنەکە بڵاودەکاتەوە. نوری پاشا ئەمەی زۆر پێ باش بوو، چونکە هەڵوێستی پەسەندی تورك لە ئاستی ڕێککەوتنەکە، بۆ ئەو، لە بەغدا زۆر گرنگە.

تورکەکان سەبارەت بە هەڵوێستی بریتانیای مەزن بەرامبەر بە تورکیا، چونکە هەستیان کردبوو بریتانیا لە ئاستیاندا خەمساردە، هاوکات پێشییان وانەبوو درێژە بکێشێ. لە نوری پاشایان پرسی. نوری پاشا بۆی ڕوون کردنەوە کە گومانی تێدا نییە بۆ تورك خۆی چاکترە چەند نیشانەیەکی ڕاستەقینەی دوستایەتی پێشان بدات. ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە تورکیا هێشتا زۆر پەیوەستی ڕوسیایە.

نوری پاشا ڕاپۆرتەکانی لۆرێنسی بە (زۆر بێ مانا) ناو برد. خۆی کۆلۆنێل لۆرێنسی لە لەندەن دیبوو و لە گەڵی ئاخاوتبوو. لۆرێنس یەکەمجار خۆشی لە بیستنی ڕاپۆرت و هەواڵ دەهات. تورکەکان وتیان: باوەرییان بە ڕاپۆرتەکانی لۆرێنس نەبووە. چونکە هەروەك پلانەکانی یەکەمجاری (18) مانگ لە مەوبەری ئەڤغانستانی، لە سەرچاوە فەرەنسیەکانی وەرگرتوون.

تورکەکان بڕوایان وابوو فەڕەنسا هەموو هەوڵێك دەدات ڕێ لە گەشەکردنی پەیوەندی دوستانی تورکیا و بریتانیای مەزن و عێراق بگرێ.

4– دوێنی کە وەزیری کاروباری دەرەوەم دی، خێرا سوپاسی نوری پاشای کرد، وتی تەواو لە مەسەلەی سنوور و هەڵوێستی بەرامبەر بە کوردی عێراق ڕازییە.
5– بەڕێزی، سەبارەت بە مەسەلەی نەوت، لەو بیروبۆچونانە نیگەران بوو کە سەرەتای قۆرخکردنی داهاتی (25) ساڵی نەوتیان دواخست. تورکیا دەبێ (13٪)ی قازانجی فروشتنی نەوت وەربگرێ.
بیست و پێنج ساڵە، بە پێی ڕێککەوتنی ئەنگۆرە، لە جێبەجێبکردی ڕێککەوتنەکەوە دەست پێ دەکات، بەڵام توفیق ڕوستوو پێی وابوو ساڵێك یان دوو ساڵ دوا دەکەوێ.
وەڵامێکی تەواوم لە نووسراوی ژمارە(536)ی (1)ی ئەم مانگەتاندا کە بۆ فەرید بەگ نێردرابوو، خوێندەوە. هیوادارم ئەو نووسراوە ترسی توفیق رۆستوو بڕەوێنێتەوە.
پێویست ناکات بچمە ناو باسی زیانە سیاسیەکانی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیا، وا دەرکەوتنمان کە گوایە هانی عێراق بە هەر شتێ دەدەین کە تورکیا وا لێك بداتەوە مەبەستمانە، هێندەی بکرێ، ئەو کاتە دوا بخەین کەوا دەبێتە سەرتایی پارە وەرگرتنی تورکیا.

جورج ئاڕ. کلاّرك

سەرەنج:
وێنەیەکی ئەم نووسراوەم بۆ جێگری مەندووبی سامی لە بەغدا ناردووە.
جی. ئاڕ.سی.

# دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(2) وەك خۆی

THIS DOCUMENT IS THE PROPERTY OF HIS BRITANNIC MAJESTY'S GOVERNMENT. 111

No. 3. ARCHIVES.

EASTERN (IRAQ).

CONFIDENTIAL.

3~~0~~4

September 16, 1930.

SECTION 1.

[E 4976/1932/93]

No 1

*Sir G. Clerk to Mr. A. Henderson.—(Received September 15.)*

(No. 350.)

Sir,

*Constantinople, September 4, 1930.*

I HAVE the honour to report that General Nuri Pasha, Prime Minister of Iraq, passed through Turkey this week on his return to Bagdad.

2. Unfortunately, I was only able to see Nuri Pasha at Constantinople before his visits to the Minister for Foreign Affairs and Ismet Pasha at Angora, and to the Gazi at Yalova, as I had to go to the capital on the day his Excellency returned from there, and he had to leave for Bagdad before I could get back to Constantinople; but a member of my staff found him very pleased with his reception.

3. Nuri Pasha said that three main questions had been discussed:—

(1) *Mosul Oilfields.*—Nuri Pasha had said that he had seen the Turkish note handed in by the Ambassador in London and told the Turks frankly that it was quite unconvincing. He pointed out that Iraq's interest in the exploitation of the oilfields was nine times as great as the Turkish one, and that real efforts were being made to develop the oilfields as soon as possible. He knew that the question was still under consideration and thought that there was some question of making an early payment, but he hoped to know more definitely in a few days. Nuri Pasha got the impression that the Turks did not care in the least about the *tracé* of the pipe-line, realising as they did that the French were pushing the northern, just as the British desired the southern.

(2) *Frontier.*—The Turks had told him that they had been entirely satisfied about the Iraq Kurdish policy and general attitude on frontier questions since 1926. Nuri Pasha pointed out that the last thing the Iraq Government desired was trouble on the frontier, and gave quite definite assurances that no Kurdish intrigues would be encouraged. The Turks having referred to the Barzan incident, Nuri Pasha pointed out that the Iraq Government had themselves decided to deal this year with the Sheikh of Barzan, had for three years raised the question at meetings of the Permanent Frontier Commission and had definite proof that the sheikh had received arms and supplies, if not from the Turkish Government, then from Turkish sources independent thereof. He, Nuri Pasha, was only too anxious to put an end to the intrigues of the sheikh and had contemplated approaching the Turkish Government with a view to the latter holding the frontier on one side while the Iraq Government dealt with the sheikh on the other. It was now too late for action to be taken this year, but if the trouble continued, he would probably make proposals to the Turkish Government in this sense next spring.

(3) *Commercial Treaty.*—The Turks were anxious to complete this as soon as possible. Nuri Pasha said that he was, too. Agreement would probably be reached, as regards the judicial convention, in the next month. The Turks had now proposed to him that the commercial treaty should also include residence clauses. He had replied that he was not competent to discuss this, but that they might make the proposal through the usual channels.

Nuri Pasha had asked the Turks what they thought of the new treaty. The reply was that the Labour Government had done two of the best things that had been done by the British Government since the war—the conclusion of the London Naval Treaty and of the Anglo-Iraq Treaty. The Turks were delighted about the latter, but efforts had been made by the French to make them critical. They told Nuri Pasha that the French had suggested that the Turkish press should criticise the treaty in the direction of showing that, for practical purposes, it would include Iraq in the British Empire. The Turks had replied that they

[p-1]

could not dream of doing this, because they considered the treaty to be an excellent thing, not only for Turkey, but for Iraq, and Tevfik Rüstü Bey indicated that, at a suitable moment, he would have articles inserted in the Turkish press in a sense favourable to the treaty. Nuri Pasha much appreciated this indication, for a favourable attitude towards the treaty would be very valuable to him in Bagdad.

The Turks had asked Nuri Pasha about Great Britain's attitude towards Turkey. They realised that Britain was coldly friendly towards Turkey, but thought this did not get them very far. Nuri Pasha pointed out that it would, perhaps, be best for the Turks themselves to show real signs of friendship, for the British were not of a nature to curry favour. He gathered the impression that the Turks were still pretty well tied up with Russia.

In his conversation, Nuri Pasha had also referred to the Lawrence reports and pointed out what absurd rubbish they were. He had himself seen and talked with Colonel Lawrence in London, and the latter had been most amused at hearing the reports. The Turks had replied that they did not believe in the least in the Lawrence reports, which, at the beginning, had emanated from French sources in the same way as the first reports of Lawrence intrigues in Afghanistan had done eighteen months ago. The Turks had a very definite impression that France was doing her utmost to prevent any further development of friendly relations between Turkey and Great Britain and Iraq.

4. When I saw the Minister for Foreign Affairs yesterday he at once expressed his gratification at Nuri Pasha's visit and said that he was quite satisfied as regards the frontier and the Iraqi attitude towards the Kurds.

5. With respect to the oil question, his Excellency was clearly much perturbed at the thought that the delay in exploiting the oil diminishes by so much the twenty-five years during which Turkey is to receive her 10 per cent. of the profits. Under the Treaty of Angora, it is, of course, the case that the twenty-five years start from the coming into force of the treaty, but Tevfik Rüstü certainly expected exploitation to begin within a year or two of that date. I have had the advantage of reading in your despatch No. 536 of the 1st instant the very complete reply returned to Ferit Bey, and I hope that it will soothe Tevfik Rüstü's fears, for I need not dwell on the political disadvantage to our relations with Turkey of our seeming to encourage Iraq in anything which the Turks will be all too ready to interpret as a deliberate intention to put off as long as possible the day on which payments to Turkey must start. The fact that, if the positions were reversed, this is just what the Turks would do themselves will not affect the Turkish point of view.

I have, &c.

GEORGE R. CLERK.

P.S.—I have sent a copy of this despatch to the acting High Commissioner at Bagdad.

G. R. C.

دیکۆمێنتی ژمارە(3)

## یاداشتێك لە بارەی گفتوگۆی ئەنکەرەی نێوان نوری پاشا ئەسەعید و سەرۆك وەزیری دەرەوەی تورکیاوە[3]

وتووێژەکان لەگەڵ عیسمەت پاشا و توفیق روشدی (رۆستوو) بەگ لەم سێ خاڵەی خوارەوە کۆبوونەتەوە:

1- مەسەلەی ئاسایشی سنووری تورکیا- عێراق لە ڕێککەوتنامەی سێ لایەنی ساڵی 1926دا خراوەتە ڕوو.

لە دانووستانەکانەوە دەرکەوت: کە تورکیا زۆر پەرۆشە ڕێگە لە تاقمی خراپەکاری ناوچەکانی شێخی بارزان بگرێ. ئەم نیگەرانییەی ئەوانم پێ سەیر بوو، چونکە ماوەیەك بوو دەمزانی شێخی بارزان لە تورکیاوە هاوکاری دەکرێ و هەندێ چەکیشی وەرگرتووە. کە عیسمەت پاشا لێی پرسیم ئایا ئێمە باوەردەکەین حکوومەتی تورك شێخی بارزانی هان دابێ و چەك و تەقەمەنی دابنێ؟ وەڵامم دایەوە و وتم:(( دڵنیا نیم، بەڵام حەقمانە وا باوەر بکەین کە هاوکارییەکان بە سنووری تورکیادا دێنە ئەم دیو، ڕێشی تێدەچێ سەر خێلە کوردەکانی تورکیا دابینی بکەن.))

ئەنکەرە ئامادە بوو هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور کۆبکاتەوە. ئەگەر حکوومەتی عێراق بیەوێ هێرش بکاتە سەر شێخی بارزان، ئەوا هێزەکانی تورك دەتوانن هەر پەنابەرێکی کوردی دزەکردوو بۆ ناو خاکی تورکیا دەستگیر بکەن و بیدەنەوە دەست عێراق. من بۆ ئەم هەڵوێستە سوپاسم کردن و وتم ئەگەر حکوومەتی عێراق بڕیار بدات بەرەنگارییان ببینەوە، ئەوا بەهار نەك پایز، باشترین کات دەبێت بۆ ئەم کارە. پایزان وەرزی باران دەست پێ دەکات، ڕێگەو بان خراپ دەبن، خۆ ناوچەکەش هێشتا لە گەڵ حکوومەتێکی

مەدەنیدا ڕانەهاتووە. بۆیە ئەم وەرزە بەکەڵکی کاری فراوانی سەربازی نایێ. ئەم هۆکارانە هەموو دەبنە مایەی پچڕانی کردەوە سەربازییەکە و دەرفەتی تەواو دەدەنە جەنگاوەرانی شێخ، خۆیان بۆ بەرگریکردن ساز بکەن. سەرەنجام کارەکە دوا دەکەوێ و سەخت بە ئاکام دەگات.

18ی ئەیلوولی 1933 چاوم بە هەڵسووڕینی تورک لە بەغدا کەوت. پێی ڕاگەیاندم کە کارە سەربازەکانی ئەم دواییەی سوپای تورک لە هەرێمی ئاراڕات دوایی هاتوون، سوپاکە نێردراوەتە ناوچەیەکی تری ڕۆژئاوای گومی وان. هیوایشی خواست ئەم ئۆپەراسیوونانە لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی بێن. ناوبراو هەواڵەکەی ئەنگۆرەیشی پشت ڕاست کردەوە کە سوپای تورک لە سەر سنووری عێراق–تورکیا کۆدەکرێنەوە و تا کاتی دەستپێکردنی هێرشی حکوومەتی عێراق بۆ سەر شێخی بارزان، لەوێ دەمێنەوە. من سوپاسم کرد و دڵنیام کە حکوومەتی عێراق، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، هێشتا بیری لە کارێکی وەها نەکردووتەوە. خوئەگەر بڕیاریش بدات ئەوا مانگی مایس باشترین کاتە بۆ دەستپێکردنی ئەم کارە.

2– مەسەلەی نەوت

سەبارەت بە سەرەنجەکانی حکوومەتی تورک لە مەر کێشەی نەوت و لە وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا داویەتیە وەزارەتی ناوبراو و حکوومەتی عێراق، ڕوونم کردەوە کە داوام لە کومپانیاکە کردووە زوور دەست بەکار خستنە بازاڕی نەوت بکات و خێرا بڕێك پارە بدات. هەروەها داواشم کرد ناوچەی مۆڵەت پێدراو دیاری بکرێ، بەمەرجێ ئێستا کۆمپانیاکە بچوکتر بێ، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێتە عێراق لە ڕێی کۆمپانیایەك یان زیاترەوە نەوتی زیاتر لە بەشی خۆی دەست بکەوێ، لە سەر بڕی داواکراوی ناوچەی ڕێپێدراو تا ئێستا ڕێك نەکەوتوون. سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ڕێی بڕیاری بەغدایەوە، داوای لێکردووم تا سەرەتاکانی مانگی ئوکتووبەر مۆڵەتی

بدەین بۆ ئەوەی کە بتوانیین بەسەر گرفتی کۆمپانیا پێکهێنـەکانی کۆمپانیـای پـەترۆڵی عێراقدا زاڵ بێ.

3- ڕێککەوتنامەی ئابووری

ڕێککەوتننامەی پێشنیارکراوی ئابووری لە گەڵ تورکیا ئێستا گفتوگۆی لەسـەر دەکـرێ. بـە سـەرۆك وەزیـری تورکیـام وت: حکوومـەتی عێـراق پێـنج مـانگ زیـاترە پڕۆژەکـەی خسـتووتە ڕوو، بـەڵام دواکـەوتنی بـۆ لایـەنی پەیوەندیـداری ئـەنگۆرە دەگەڕێتـەوە کـە نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە. ئەویش پەشیمانی خۆی لەمە دەربڕی گفتی دا، هەرچی زووە وەڵامی پێویست بداتـەوە. وەزیـری دەرەوی تـورك ئامـاژەی دا کـە نیازیانـە بڕگەیـەکی تایبەت بە مـافی نیشـتەجێبوون بـۆ دەقـی ڕێککەوتنامەکـە زیـاد بکـەن. منـیش وتم کـە گەڕامـەوە بەغـدا لـەم مەسـەلەیە دەکۆڵمـەوە، لـەم بارەیـەوە ئەوەنـدەی بـەمن بکـرێ دەیکەم.

دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم کە کار هەڵسووڕێنی تورك لە چاوپێکەوتنەکەی 18ی ئەیلوولی 1933ی بەغداماندا، تەواو خۆشحاڵی خۆی بـە ڕێککـەوتنی نـوێی یاسـایی ڕاگـەیانراوی 16ی ئـەیلوولی بەغـدا پیشـان داو پیرۆزبـایی سـەرکەوتن و بـەئاکام گەیشتنیشـی لـە حکوومەتی عێراق کرد.

نوری ئەسەعید

## دەقی دیكۆمێنتی ژمارە (3) وەك خۆی

403 120

Memorandum on Conversations held at Angora between Nuri Pasha as-Sa'id and the Turkish Prime Minister and Minister for Foreign Affairs.

The conversations with 'Ismat Pasha and Doctor Tawfiq Rushdi Beg turned on three questions, and may be summarised as follows:-

1. Question of Turco-Iran Frontier Security arising from the tripartite treaty of 1926. It transpired from the conversations that the Turkish Government were most anxious that no opportunity should be given for further activities on the part of evil-making elements in the district of the Shaikh of Barzan. I expressed myself surprised to find them so anxious in that behalf, since I had been aware for some not inconsiderable time that the Shaikh of Barzan had been receiving assistance and some arms from territory within the Turkish frontier Having been asked by Ismat Pasha for particulars on the subject and whether we imagined that the Turkish Government were encouraging the Shaikh of Barzan or supplying him with arms, I replied that I was not perfectly certain of that, but that we had reasons to believe that the assistance in question was coming from across the Turkish frontier, possibly sent by some Kurdish tribal leaders in Turkey.

The authorities at Angora expressed to me their preparedness to concentrate Turkish forces on the frontier should the Iraq Government wish to undertake a punitive expedition against the Shaikh of Barzan, in which event Turkish frontier forces would be able to arrest any fugitives who might penetrate into Turkish territory and hand them over

to the Iraq authorities. I thanked them for this and said that in the event of the Iraq Government deciding to undertake punitive operations, the best time suited for the purpose would be spring and not autumn, as the latter season would not allow of extended military operations, for several reasons among which are the commencing of the rainy season, the ruggedness of the roads and the fact that those districts are not accustomed to civilised government - all factors which, in the event of an interruption of military operations, would afford ample opportunity for the adoption of defensive measures calculated to delay and render difficult the success of such expedition.

On the 18th September, 1930, I was interviewed by the Turkish Chargé d'Affaires in Baghdad who informed me that the recent operations undertaken by the Turkish Army in the Ararat district had been concluded and that the army had proceeded to march against another district to the west of Lake Van, and it was hoped that all those operations would conclude within a short period. Subsequently the Chargé d'Affaires touched upon the assurances which I had heard at Angora, namely that the Turkish army would be prepared to concentrate on Turco-Iraq frontier and remain in waiting there, in the event of the Iraq Government undertaking a punitive expedition against the Shaikh of Barzan. I thanked him and assured him that the Iraq Government did not contemplate undertaking any such operations at present, for the reasons already alluded to, but that in the event of their deciding on any such measure, they would most likely choose the month of May as the most suitable for the starting of punitive operations.

2.

2. <u>The Oil question</u>. In connection with the note addressed by the Turkish Government to the British Foreign Office and the Iraq Government, concerning the oil question, and in reply to questions by the Turkish Premier and the Turkish Foreign Minister, I explained to them that I had demanded from the company terms which would compel them to start more early the production and marketing of oil, and had also demanded immediate payment by the Company of a certain sum of money, and asked that the concession area should be defined to consist of an area smaller than the Company's present concession area, with the object of giving the Iraq Government opportunity to exploit a portion of their oil (resources) on terms more favourable than those of the Iraq Petroleum Company, through one or more other companies. No agreement has yet been reached over the sum asked for or the (concession) area; the Chairman of the Iraq Petroleum Company has requested me, through his Bagdad agent, to allow him time up to early October in order to enable him to overcome difficulties between the various companies of which the Iraq Petroleum Company is composed.

I have made it perfectly plain to the Turkish Premier that Iraq's interests in this affair were incomparably greater than those of Turkey, and that, consequently, it was in the highest interest of the Iraq Government to be themselves most anxious to settle this question in such manner as would enable them to exploitation ( of the oil resources) as possible.

3. Economic Treaty. The proposed Economic Treaty with Turkey came under discussion. I told the Turkish Premier that the project in its latest form had been put up by the Iraq Government more than five weeks ago and that the delay was due to the failure of the department concerned at Angora to render reply; whereupon he expressed his regret at that and promised to have the required answers given at the earliest possible opportunity. The Turkish Foreign Minister made to me a hint of a desire on his part to introduce into the main text of the treaty a clause on the right of residence; whereupon I told him that I would study the matter on my return to Baghdad and would do all that I could in this connection.

At this juncture, I wish to point out that in the course of his interview with me at Baghdad, on the 18th September, 1930, the Turkish Chargé d'Affaires expressed his complete satisfaction with the new judicial agreement (published in Baghdad on 16th September) and congratulated the Iraq Government on the success they have achieved by the conclusion of this agreement.

(Sd) Nuri as-Sa'id.

دیکۆمێنتی ژمارە (4)

(ئەم بەڵگەنامەیە مۆڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە)[4]

ژمارە 8- ئەرشیف

تورکیا 12ی کانوونی یەکەمی 1933

نهێنی بەشی 1

(ئیٚ.93/1932/6721) ژ:1

لە سێر.ئێف. هەمفرەزیزەوە بۆ لۆرد پاسفیلد(12ی کانوونی یەکەم بە وەزارەتی کۆلۆنیەکان گەیشتووە)

نهێنی

بەغدا، 23ی ئۆکتۆبەر – 2ی نۆڤەمبەری 1933

گەورەم لۆرد،

تشرینی دووەمی ساڵی 1929 کە لە لەندەنم بۆ گرتنە دەستی کارەکانم لە بەغدا بەجیٚ هێشت، باڵیۆزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە پێشنیاری کرد دوای نموونەی ئەوانە پێش خۆم بکەوم و بەئەنگۆرەدا گەشت بکەم، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە سەرەکیەکانی تورکیا بناسم. جا چونکە ڕێوشوێنی پێویستی گەشتەکەم بە میسر و فەلەستیندا تەواو بووبوون، جێبەجێکردنی داوای باڵویز بۆ گەڕانەوەی ئەمساڵم، لە لەندەن دواکەوت.

2- چواری ئۆکتوبەر گەیشتمە قوستەنتەنییە و ڕۆژی دواتر لە گەڵ سێر جۆرج کلارکدا چوومە ئەنگۆرە. پاش سەردانی عیسمەت پاشا و شوکری قایای وەکیلی وەزیری دەرەوە، نیوەڕو خوانێکی ڕەسمی خۆشم بۆ سازکراو، ئەمجا چاوم بە مستەفا کەمال پاشا کەوت، غازی زۆر بە گەرمی پێشوازیی کردم، سەرەتا لە بارەی ڕاپەرینی ئەڤغانستان و بە تایبەتی هۆیەکانی مەرگەساتی ڕۆخانی شا ئەمانڵلاوە پرسیی. من

ڕوونم کردەوە ئەمانۆڵڵا هەڵەیەکی کوشندەی کرد کەوا دەزانی پاڵەوانێکی خۆشەویستی جەماوەرە و سوپایەکی بە ئەمەکی لە پشتە و دەتوانێ نوێکاریی کاریگەر بەسەر خێڵە نەزان و دواکەوتووەکاندا بسەپێنێ. وای دەبینی کە غازی لە تورکیا چیی کردەوە، ئەمەیش دەتوانێ لە ئەفغانستان بیکات و لە بیری کردبوو هەیبەتی خۆی و توانایی سوپاکە و عەقلیەتی هاووڵاتیانی تەواو لەمان جیاوازن. سەرباری ئەمە وەزیری نا شارەزا و نا دڵسۆز خیانەتیان لێکرد.

من وتم: سۆزێکی زۆرم بۆ ئەمانۆڵڵا و گەلی ئەفغان هەبوو، دڵگران بووم کە هەوڵە باشەکانی بوونە مایەی ئەو کارەساتەی عەرشەکەی و ئازاری نا شایستەی خەڵکەکەی.

غازی ئەم شیکردنەوەیەی کێشەی ئەفغانستانی پێ پەسەند بوو، بەڵام وتی: لە گفتوگۆی ئەمانۆڵڵادا هەمیشە هەستی بە ناڕاستی بۆچوونەکانی کردەووە، وایشی هەست دەکرد ئەو لاوە ئۆتۆکراتە نەفام و کەللە ڕەقە، شایانی بەزەیی نەبووە. ئیتر نازانم ئەم هەستە تارادەیەك توندە لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتووە کە غازی لەبنەڕەتدا، بەئامۆژگاری سۆڤیەت پشتگیری ئەمانۆڵڵای بۆ بردنەوەی شەڕی ناوخۆی کردووە، یان نا؟

3- ئەمجا هاتینە سەر باسی کۆن و ئیتنولۆجیا. غازی زۆری هەوڵ دا بیسەلمێنێ کە ڕەگەزەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا تورکە عوسمانییەکان یەك بنەچەیان هەیە و خۆشحاڵ بۆ بەوەی کە بیستی سەرم لە نیشتمانی دێرینی تورکان لە ناوەڕاستی ئاسیا داوە. لەم وتووێژانەدا وتم: ساڵی 1922 کاتێ نوێنەر بووم لە کابوول، داوای یارمەتی پارە و چەکی لێکردم. بۆ ئەوەی BASMARCH بتوانن کۆتی سۆڤیەت بپسێنن. ئەم یادەوەرییە، وای لە غازی کرد چەند چیرۆکێکی پەیوەندی لە گەڵ ئەنوەردا بگێڕێتەوە. وتی هەموو هەوڵێکی خستبووە گەر بۆئەوەی تورکیا لە شەڕێکی گەورە و دژایەتی ئەو سیاسەتەی ئەنوەریشی دەکرد کە دەیویست سەروەت و سامانی وڵات بۆ ئەڵمانیا

بەکاربێنێ. باسی سێ نامەی ئەنوەر کرد کەبۆیی نوسیبوون ، دەریان دەخست چەند کورتبین و بەهەڵپە بووە.

یەکەمیان، کاتی کودەتایەك کە ئەنوەری وەك دیکتاتورێك دەکردە تاکە دەسەڵاتدار نووسراوە، فەرماندەی لەشکرەکانی قوستەنتەنییە و دەردەنیلی بە غازی بەخشیووە. ئەمیش داوای بینینی ئەنوەری کردبوو، پێشنیارەکەشی دابووە دواوە.

نامەی دووەم: دوای شەڕ لە مۆسکووە نوسرابوو، پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئاسیای کردبوو، کە تورکیا و ئێران و ئەفغانستان و بوخارای دەگرتەوە و کۆنترۆڵی بێگانەی بەسەرەوە نەبوو. لە غازی داوا کرابوو پەیوەندی بەکۆمەڵەکەوە بکات بۆ پتەوکردنی ئەو یەکێتیە. ئەویش لە وڵامدا وتی: ئەو شوێنەی ئەنوەر نامەکەی لێ نوسیبوو ڕادەی سەربەخۆیی ئەو یەکێتیە ناکۆکەی دەسەلماند، بۆیە ڕازی نەدەبوو کار بۆ ئەو پڕۆژەیە بکات.

ئەنوەر نامەی سێیەمی، ماوەیەکی کەم پێش مەرگی لە بۆخارا نوسیبوو، داوای پارە و چەکی بۆ ئازادکردنی KHANATES ی ئاسیایی ناوەڕاستی لە دەست سۆڤیەت کردبوو. ئەم نامەیە کە وەڵام نەدرابووەوە، مۆرێکی تازەی لێ درابوو، خۆی تێدایە بە"شای بۆخاراو زاوای خەلیفە" ناوبردبوو.

هەستم کرد غازی، بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، دەیەوێ وەك کەسێکی ئاگادار لە مێژووی جولانەوە پان تۆرانی و پان ئیسلامیەکانی ئاسیا. پێم بڵێ ئەو هەمیشە دژی ئەو بزووتنەوانە و هاوپەیمانی ئاسیا یی بووە ئێستا تورکیای نوێ دەروانێتە ڕۆژئاوا، هاوکات ئەویش بە باڵوێزی خاونشکۆ ڕابگەیێنێ کە هاوپەیمانێتی تورکیا لە گەڵ موسکۆدا ناچارییە و ئیستاش کە پەیوەندییەکانی ئەنگلۆ- تورکی ماوەی چوارساڵی سێر جورج کلارك لە قوستەنتەنییە پتەوبونێکی دیار و بەرچاوی بەخوە دیووە، پەرەسەندنی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی ئینگلتەرە بە باشتر دەزانێ . دواجار غازی لە وەڵامی پرسیارێکماندا وتی: پێی وایە عێراق ڕێککەوتنێکی باشی ئیمزاکردووەو

پەیوەندیشی لەگەڵ دراوسێکانی باشووردا زۆر باشە. ئەم دیدارە دوو سەعات و نیوی خایاند. کەسێتی زاڵی غازی و فراوانی ئارەزووەکانی و جێگیریی ئامانجەکانم، تێدا بۆ دەرکەوت.

4- ڕۆژی دواتر عیسمەت پاشا و شوکری قایا سەریان لێ دامەوە، باسی پەیوەندی تورکیا- عێراق و بەتایبەتی کوردستانمان کرد. ڕوونم کردەوە سیاسەتی حکوومەتی خاوەنشکۆ، وەك هێزیماندات (دەسەڵاتدار)ی سەر عێراق، ئەوەیە کە قەناعەت بە عارەب بکات بە سۆز و دادپەروەرییەوە لەگەڵ کورد دا بجۆڵێنەوە، ڕازییان بکەن وەکو هاونیشتیمانییەکی دڵسۆز و بەختیار لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا بژین. بیروکەی کوردستانی سەربەخۆ هۆشمەندانە نییە و مەحاڵە، ئەو پرۆپاگەندانەش کە گوایە حکوومەتی خاوەنشکۆ پشتگیری ئەم بیروکەیە دەکات، ڕاست نییە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش کە حکوومەتی عێراق چ هەنگاوێك دەنێ تا مافی پەنابەری بە کوردانی هەلاتوو لە سوپای تورك بەرەو ئەو وڵاتە نەدات؟ وتم: حکوومەتی عێراق چیی پێبکرێ بۆ چەککردنی پەنابەرانی کورد و بەکارنەهێنانی خاکەکەی وەك بنکەیەك دژی تورك دەیکات و دڵنیاشم کردنەوە کە نەبوونی هەرکارێکی خێرا و کاریگەر دەرەنجامی نەبوونی سەرچاوەکانی زانیارییە نەك هی نیاز پاکی. هەروەها جەختم کردەوە کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی سنوور دەتوانێ لە سەقامگیرکردنی ئاشتی سنووردا هاوکار بێ، ئەگەر گرینگی بەگەرخستنی دەرەنجامەکانی بدرێ. ئەگەر نا لایەنە ستەملێکراوەکان بەردەوام بە ڕێگەی خۆیان تۆڵەی خۆیان دەسەننەوە.

هەردوو وەزیر کە زور دۆستانەبوون دڵنیایان کردم کە خواستی دۆستانەی حکوومەتی عێراق ڕازین و پەیمانیان دا بە لە بەرگرتنی پەلامارەکانی سنووردا هاوکاری بکەن. هێرشەکانی ئەم دواییە دەشێ بەهۆی کشانەوەی پۆستە تورکیەکانی نزیك سنوورەوە بووبێ، وێرانکارییەکی بەرچاویان لە کوردستانی باشووردا کردووە.

5- عیسمەت پاشا لەو نیوەڕۆ ئاهەنگەدا کە سێر جۆرج کلارك ڕێکی خستبوو، زۆر کراوەبوو، چەند چیرۆکێکی لورد کورزۆن(LORD CURZON)ی پێ ڕاگەیاندم کە سەرەڕای جیاوازیی زۆری سیاسییان زۆر پێی سەرسام بووە. وتی هیچ گلەییەکی لە عێراق نییە، بەڵام هیوادار بوو هەرچی زووە هەوڵ بدرێ شێخی بارزان کە زۆر هاوکاریی یاخییانی کوردی تورکیا دەکات، کۆنتروڵ بکرێ.

بیری هێنامەوە کە حکوومەتەکەی بەرژەوەندیی دارایی هەیە لە گەشەپێدانی نەوتەڵانەکانی موسڵدا و وتیشی: ئەگەر حکوومەتی عێراق ڕێگە بدات بۆڕییەکان بە سووریادا تێپەڕن، ئەوا فەڕەنسا دەرفەتی بۆ دەرەخسێ خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ، ئیتر هەرگیز پێشبینی ناکرێ فەڕەنسا دەست لە ماندات سووریا هەڵگرێ. بۆیە ئەدەنەی بە باشترین و سەلامەتترین ڕێگەی دەرچوونی نەوتی موسڵ لەقەلەم دا.

6- ڕۆژی (8) ی ئۆکتوبەر لە گەڵ سێر جۆرج کلارکدا گەڕامەوە قوستەنتەنییە و لەوێ چاوم بە توفیق ڕۆشدی وەزیری دەرەوە کەوت کە تازە لە مۆسکو گەڕابووەوە. ئەو نیگەران بوو لەوەی کە پێویستە فەڕەنسا ڕازی بێ (دەنووکی مراوی- BEC DE CANARD) کە بەقەراغێکی بێکەلکی نێوان تورکیا و عێراقی دا نا، چۆڵ بکات.

توانیم بەهۆی باڵوێزی خاوەنشکۆوە، دانوستانی گرنگ لە گەڵ سەرجەمی ئەو گەورە بەرپرسانەدا ساز بکەم. پەیوەندی شەخسیش بۆ کارەکانم لە بەغدا زۆر سوود بەخش دەبێ. من بۆ بەرهەم و دەرەنجامەکانی ئەم سەردانە، قەرزاربارى ڕێز و دووربینی سێر جۆرج کلارکم.

7- وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە ناردووە.

ئێف. ئێچ. هەمفریز

کۆمیساری باڵا لە عێراق

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (4) وەك خۆی

THIS DOCUMENT IS THE PROPERTY OF HIS BRITANNIC MAJESTY'S GOVERNMENT.

131

No. 8.- ARCHIVES.

TURKEY

41/1

December 12, 1930.

CONFIDENTIAL.

SECTION 1.

E 6721/1932/93]

No. 1.

*Sir F. Humphrys to Lord Passfield.—(Communicated by Colonial Office, December 12.)*

(Confidential.)

My Lord,

*Bagdad, October 20 to November 20, 1930.*

WHEN I left London in November 1929 to take up my appointment in Bagdad, it was suggested by His Majesty's Ambassador at Constantinople that I should follow the example of my predecessor and travel viâ Angora, in order to make the acquaintance of the principal authorities of the Turkish Republic. As arrangements had already been completed for me to make the journey viâ Egypt and Palestine, the carrying out of the Ambassador's suggestion was postponed till my return from London this year.

2. I arrived in Constantinople on the 4th October, and on the following day accompanied Sir George Clerk to Angora. After paying visits to Ismet Pasha and Shukry Kaya, the Acting Minister for Foreign Affairs, I was entertained at an official luncheon, and later was received in audience by Mustapha Kemal Pasha. The Gazi was most cordial, and first questioned me about my experiences during the revolution in Afghanistan, and especially about the causes of King Amanullah's tragic downfall. I explained that Amanullah made the fatal mistake of regarding himself as a popular hero with a loyal army at his back, willing and able to enforce drastic innovations on backward and ignorant tribesmen. He imagined that what the Gazi had done in Turkey he could do equally well in Afghanistan, forgetting that his own prestige, the power of his army, and the mentality of his countrymen were of an entirely different complexion. Moreover, he was betrayed into excesses by disloyal and inexperienced Ministers. I said that I entertained a strong personal liking for Amanullah and the Afghan nation, and was much distressed that his well-meaning efforts had resulted in disaster to his throne and needless suffering to his people.

The Gazi agreed with my diagnosis of the Afghan troubles, but said that in his talks with Amanullah he had always been impressed with the unsoundness of his views, and he felt strongly that this headstrong and foolish young autocrat was deserving of no sympathy whatever. I wondered whether this somewhat harsh verdict had been prompted by the fact that the Gazi had originally backed Amanullah, on Soviet advice, to win the civil war.

3. We then discussed antiquities and ethnology. The Gazi was at pains to prove that the races of Western Europe and the Osmanli Turks possessed a common origin, and seemed interested to hear that I had visited the ancient homelands of the Turks in Central Asia. During the course of this discussion I mentioned that Enver Pasha had written to me from Dushambe, in the Province of Bokhara, when I was Minister in Kabul in 1922, asking me for help in arms and money to enable the Basmachis to throw off the Soviet yoke. This reminiscence provoked the Gazi to tell some interesting stories of his own relations with Enver. He said that he had done all he could to prevent the entry of Turkey into the Great War, and had consistently opposed Enver's policy of harnessing the country's fortunes to Germany. He recalled three letters which Enver had written him, which showed what an ambitious, short-sighted visionary he was.

The first, written during the war, suggested a *coup d'Etat*, which was to place Enver in supreme power as dictator, and offered the Gazi the command of the Constantinople and Dardanelles armies. He asked for an interview with Enver and turned down this suggestion.

The second letter, written from Moscow after the war, proposed a league of Asiatic States, comprising Turkey, Persia, Afghanistan and Bokhara, which would be entirely independent of foreign control, and the Gazi was invited to join in the task of consolidating this union. He replied that the degree of the "independence" of this incoherent confederation might be guessed by a reference to the address from which Enver had written his letter, and he refused to have anything to do with such a scheme.

The third letter was written by Enver from Bokhara shortly before his death, and requested money and arms in order to assist him in his task of emancipating

[317 m—1]

the Central Asian khanates from the tyranny of the Soviet. This letter, to which no reply was sent, was signed with Enver's new seal and embellished with the device "King of Bokhara and son-in-law of the Caliph."

I gained the impression that in recounting these episodes the Gazi wished to convey to me, as one who was familiar with the history of the pan-Turanian and pan-Islamic movements in Asia, that he had always been opposed to these movements and to entangling Asiatic alliances, and that modern Turkey's outlook was definitely towards the West. At the same time, it seemed to me that he was conveying to His Majesty's Ambassador a hint that Turkey's dalliance with Moscow was involuntary, and that while he gratefully acknowledged the remarkable increase in the cordiality of Anglo-Turkish relations during Sir George Clerk's four years in Constantinople, he would prefer the development of still closer friendship with England. Finally, the Gazi, in answer to my question, told me that he thought that Iraq had obtained a fair treaty, and he was gratified at the excellent relations which existed with his southern neighbour. The interview lasted two and a half hours, and I was impressed by the Gazi's masterful personality, the wide range of his interests, and his inflexibility of purpose.

4. On the following day Ismet Pasha and Shukry Kaya returned my calls, and we discussed Turko-Iraqi relations, especially in regard to Kurdistan. I explained that the policy of His Majesty's Government, as the mandatory Power in Iraq, was to encourage the Arabs to treat the Kurds with sympathy and justice, and to induce the Kurds to live as loyal and contented citizens of the new Iraq States. The idea of an independent Kurdistan was foolish and impracticable, and any rumour that it was countenanced by His Majesty's Government was false.

In reply to a question as to what steps the Iraq Government would take to deny an asylum to Kurds fleeing before the Turkish armies into Iraq, I said that the Iraq Government would do everything in its power to disarm Kurdish refugees and prevent them from using Iraq territory as a base for operations against the Turks, and I assured them that any failure to take prompt and effective action would be due to lack, not of goodwill, but of resources.

I also emphasised that the Permanent Frontier Commission could only contribute to the peace of the border if more care was taken to carry their findings into effect. Otherwise, it was obvious that the aggrieved parties would continue to take reprisals in their own way.

The two Ministers, who were very cordial, assured me that they were satisfied of the friendly intentions of the Iraq Government, and promised to co-operate in the prevention of frontier raids. These have recently caused considerable havoc in Southern Kurdistan, due probably to the withdrawal of the Turkish posts from the vicinity of the border.

5. Ismet Pasha was very expansive at the lunch party given by Sir George Clerk, and regaled me with stories about Lord Curzon, for whom, in spite of their acute political differences, he professed a profound admiration. He told me that he had no real complaint to make against Iraq, but hoped that efforts would soon be made to bring the Sheikh of Barzan under control, as he was showing active sympathy with the rebel Kurds in Turkey. He reminded me that his Government had a pecuniary interest in the early development of the Mosul oil-fields, and remarked that if the Iraq Government permitted the pipe-line to be laid through Syria, they would enable the French to obtain a stranglehold on the country. It was ridiculous, he said, to expect that the French would ever give up the Syrian mandate. The best and safest outlet for the Mosul oil, he naively added, would be through Adana.

6. I returned with Sir George Clerk to Constantinople on the 8th October and had an interview with Tevfik Rüstü, the Minister for Foreign Affairs, who had just come back from Moscow. He seemed very anxious that the French should somehow be induced to evacuate the "bec de canard," which he described as a useless wedge between Turkey and Iraq.

With all these high authorities, I was enabled through the kindness of His Majesty's Ambassador to have interesting conversations, and the personal contact that has been established should prove to be of great value to me in my work at Bagdad. For such fruits as this enjoyable visit may bring forth I am indebted to the generosity and forethought of Sir George Clerk.

7. I have sent a copy of this despatch to His Majesty's Ambassador in Constantinople.

I have, &c.
F. H. HUMPHRYS,
*High Commissioner for Iraq*

دیکۆمێنتی ژمارە(5)

شەقامی داوینیک[5]

31/88369 تایبەت 23 ئادار 1931

بەڕێز کادۆگان

زۆر سوپاس بۆ نامەی 18ی ئادارتان لە بارەی پێشنیاری بەغدا سەبارەت بە کارێکی سەربازی ئەم بەهارە لە کوردستانی عێراق. من تەواو لە نیگەرانیی بەڕێزت دەگەم کە کارێکی سەربازی وەهای سەرکوتکردنی شێخ مەحموود بکێشتەوە بۆ ئیجرائاتی بەرفراوانی سەربازی و دروستبوونی هەستێکی وەها کە گوایە هەوڵ بدرێ سیاسەتێکی نەخوازراو بەسەر کوردەکاندا بسەپێنرێ. بەڕێزتان دەزانن بەپێی ئەنجامەکانی کونفرانسی 31ی کانوونی دووەمی بارەگای مەندووبی سامی، ئەگەر حکوومەتی عێراق بە ڕێنماییەکانی مەندووبی سامی مامەڵەی سیاسی لەتەک کورداندا نەکات، بەبێ ڕەزامەندیی تەواوی حکوومەتی خاوەنشکۆ نابێ هێرش بکاتە سەر شێخ مەحموود، بارزان یان ناوچەی پشدەر. بێگومان ئەم مەرجانە دەبنە ڕێگر لە بەردەم کردەی هەڵەی سەربازی حکوومەتی عێراق.

سەبارەت بە بارزان و ناوچەی پشدەر ڕوونی دەکەمەوە شێخی بارزان و دەستە و تاقمەکەی ساڵانی ڕابردوو ناو بە ناو یاخی بوون. ناوچەی پشدەریش هەرگیز نەچووتە ژێر ڕکێفی حکوومەتەوە و شوێنی داڵدەی چەتە و ڕێگرەکانی عێراق و تورکیا و ئێران بووە. بەم جورە بۆتە مایەی نیگەرانی بۆ حکوومەتی عێراق. لە ڕاستیدا دەمێکە ئەو دەڤەرانە پاك کراونەتەوە ژێر دەسەڵاتی ئیداری، ئێمەش هەر وەکو بەڕێزت پێمان وایە مەترسی هەبێ هەر کردەوەیەکی لەم جۆرەی ئێستای حکوومەتی عێراق بە هەڵە لە جنێف وەکو سەرکوتکاریی دژی هەستی نەتەوەی کورد لێکبدرێتەوە. بۆیە کاتی مەندووبی سامی ڕادەگەیێنن: ئەنجامەکانی کۆنفرانسی بارەگای مەندووبی سامی

پەسەند دەكەین، دەبێ بەر لەوەی كە رازی بین ئیجرائاتەكانی دژی شێخ مەحموود فراوان بكرێن و ببنە كاری سەربازی دژی تیرە و خێڵەكانی بارزان و پشدەر، بەشداری سەربازانی ئیمپراتووریەت قبوول بكات.

تكایە ئاگادارمان بكەن: ئایا پێیان وایە ئەمە لەگەڵ پێویستی بارودۆخەكەدا دەگونجێ؟

دڵسۆزتان،

جەی. ئیچ. هۆڵ

بەڕێز ئەی.ئێم.جی.كادۆگان، سی.ئێم.جی.

## دەقی دیكۆمێنتی ژمارە (5) وەك خۆی

11 57

88069/31

Downing Street.

Private

20th March, 1931.

My dear Cadogan,

Many thanks for your letter of the 18th of March, about the Baghdad proposals for possible military operations in Iraq Kurdistan this Spring. I can quite understand your anxiety lest any military operations, primarily aimed at the suppression of Shaikh Mahmud, should develop into military measures on a widespread scale, and give the impression that an attempt was being mad to force upon unwilling Kurds an unpopular policy You will see, however, that in the conclusions reached at the conference held at the Residency on the 13th January, it is definitely laid down that there should be no question of operations either against Shaikh Mahmud, or in the Barzan or Pizhder country, without the full approval of His Majesty's Government, and unless the Iraq

Government

NOURABLE A.M.G.CADOGAN,C.M.G.

Government follow the High Commissioner's advice in their political dealings with Kurdistan. These conditions should provide a sufficient safeguard against ill-advised military action by the Iraq Government.

As regards the Barzan and Pizhder country, I should explain that Shaikh of Barzan and his people have been in a state of intermittent rebellion during the last few years, and that the Pizhder country has never been brought under administrative control, and has been used as a place of refuge by bandits from Iraq, Turkey, and Persia, thus causing considerable embarrassment to the Iraq Government. On the merits, there is no doubt that it is high time both these districts were cleared up and brought under affective administration. But we are inclined to agree with you that there is danger that any such action on the part of the Iraq Government at this time might be misrepresented at Geneva as a repressive measure aimed against Kurdish national sentiment. We should be prepared therefore, when informing the High Commissioner that we endorse the

conclusions

58

K

conclusions reached at the Residency conference, to suggest that, before approving any extension of the measures against Shaikh Mahmud to include military action against the Barzan and Pizhder tribes, he should bear in mind this danger, and should only concur in such action, and in the participation therein of Imperial troops, if he is satisfied that it is essential.

Perhaps you will let me know whether you consider that this will meet the requirements of the case?

Yours sincerely,

[signature]

## دیکۆمێنتی ژمارە (6)

(ئیۆ93/31/1433)[6]

وەزارەتی دەرەوە. ئێس.دەبلیو و یەك.

خێرا 22مارس 1931

بەڕێز هۆڵ

کادوگان لە پاریسە، بۆیە من لە جیاتی ئەو وەڵامی نامەی ژمارە (88369)ی 23ی ئادار تان، تایبەت بە ئیحتیمالی هێرشی سەربازی دژی کورد، دەدەمەوە.

ئێمەش پێمان وایە پێویستە بارزان و دەڤەری پشدەر"پاك بکرێتەوە"، هەروەها ئەو ڕاسپاردانەی کەوا پێشنیاری دەکەیت بنێردرێن بۆ هەمفریز تەواو پێ بە پێی پێویستی بارودۆخەکەن.

دڵسوزتان،

...........

بەڕێز جەی. ئێچ.هۆڵ، دی. ئێس. ئۆ. ئێم. سی.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (6) وەك خۆی

OUT FILE

1X 59

(E 1433/31/93)

IMMEDIATE.

FOREIGN OFFICE, S.W.1.

24th March, 1931.

My dear Hall,

Cadogan is away in Paris, and I am accordingly replying to your letter to him No.88069/31 of March 20th regarding possible operations against the Kurds.

We quite appreciate that it may be necessary to "clear up" the Barzan and Pizhder country, and agree that the instructions which you propose to send to Humphrys will adequately meet the requirements of the case.

Yours sincerely,

J.H. Hall, Esq., D.S.O., M.C.

## دیکۆمێنتی ژمارە (7)

له بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیا[7]

فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە عێراق
نیسانی 1932

... بێگومان هاریکاری هێزی ئاسمانی لە ناوچەیەکی وا شاخاویدا گەلێك جار کارێکی زۆر پێویستە بۆ وەدی هێنانی سەرکەوتن. ڕەنگبێ هی وا هەبن بڵێن کە عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئیتر نابێ یاریدەی هێزی ئاسمانی مەلەکی (بەریتانی) بێ، بۆیە ئەوساکە لە بواری چارەسەرکردنی ڕاپەرینی وا ترسناکدا دووچاری بارودۆخێکی سەخت دێت. وەڵامی ئەو بۆچوونە بە لای منەوە دوو دیوییە. یەکەم هیچ هۆکارێك لە ئارادا نییە وامان لێبکات چاوەڕوانی بەرپابوونی شۆڕشێکی ترسناکی تر بین لە دوا ڕۆژدا لە کوردستان. لە ماوەی گەلێك ساڵدا شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد دوو مەلی شووم بوون بە ئاسمانی کوردستانەوە، یەکەمیان ئەوا بۆخۆی دەسبەسەرە، پێم وایە دووەمیشیان لە ماوەی چەند مانگێك دا وەك ئەوی بە سەر دێ. بە نەمانی ئەم دوو یاخییە ئیتر لە سەر شانۆکە کەسێکی وا نامێنێ ئاڵای شۆڕشی پێ هەڵگیرێ.

هۆل
فەرمانبەری وەزارەتی موستەعمەرات
نیسانی 1932

دیکۆمێنتی ژمارە(8)

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگی فەڕەنسا[8]

سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

–نهێنی–

### بزوتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەیەکی چاك

29ی حوزەیرانی 1932

خۆ بە دەستەوەدانی شێخی بارزان بۆ تورکەکان لە سۆنگەی هەڵەی ئینگلیزەکان بوو لە ئاست کوردەکان. ڕاستیەکەی ئینگلیزەکان لە یەك کاتدا وادەی کۆمەکیان بە کورد دەدا و لە هەمان کاتیشدا لە لایەن هێزی ئاسمانیی شاهانەشەوە بۆمباباران دەکران.

زیاد لەوە شێخی بارزان لە لایەن کاپیتان هۆڵن وادەی ئەوەی پێ درابوو مانگانەیەکی 533 ڕووپیەیی بۆ ببڕنەوە و گەڕەنتی ساغ و سەلامەتی ژیان بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات و ئەگەر قەبوول بکات لە ئامێدی نیشتەجێی بکرێت.

لە لایەنی خۆیەوە تورکەکان وادەی زۆر وردتر و سەرنج ڕاکێشتریان بە سەرجەمی خێڵەکە دابوو. بە هەرحاڵ تورکەکان هەنگاو هەڵگرتنی گواستنەوەی بنەماڵە کوردەکانیان بۆ ئەنادوڵ هەڵوەشاندەوە.

دیکۆمێنتی ژمارە(9)

## لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی وەزارەتی جەنگی فەڕەنسا[9]

سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا

بیروی دووەم

بەشی زانیاری

–نهێنی–

بزوتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

8ی تەمووزی 1932

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە تۆرکیاوە گەیشتوون. شێخی بارزان، سەرۆکی ڕاپەڕیوە کوردەکانی عێراق کە بەم دواییە پەنای بردووەتە بەر تورکیا, ئێستە نێردراوە بۆ نیشنگەی زۆرەملێ لە وان.

لە لایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەینن کەوا دەسەڵاتدارانی تورک دەستیان بە سەر سەروەت و سامانەکەیدا گرتووە کە بایی 73333 لیرەی زێری تورکییە کە لە عێراقەوە بەسەر پشتی دە هێستر لە گەڵ خۆیدا هێناویەتی.

## دیکۆمێنتی ژمارە(13)

### لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی وەزارەتی جەنگی فەڕەنسا[13]

سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا

بیروی دووەم

بەشی زانیاری

1933/8/4

–نهێنی–

### ڕادەستکردنەوەی ئەحمەد بارزانی بۆ عێراق

سەرچاوە: چاپەمەنی فەلەستینی

ڕۆژنامەی: جامعه العربیه

13 ی تەمووزی 1933

حکوومەتی تورك بڕیاری داوە ئەحمەد بارزانی ڕادەستی عێراق بکاتەوە. شێخ ئەحمەد هەفتەی ڕابردووو لە ئەسکی شەهر چووەتە ئەنقەڕە و دیاربەکر و لە زاخۆ وە دێتە ناو عێراق و لە یەکێك لە گوندەکانی بارزان دادەنیشێ.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (13) وەك خۆی

4/9/33

SECRET

( Source : Presse [illegible] )

( Journal : [illegible] )

( [illegible] JUILLET 1933 )

[illegible] BARZAN.

Le Gouvernement turc a décidé de remet-[illegible] AHMED [illegible] au Gouvernement irakien; le Cheikh a quit-[illegible] la machine frontière [illegible] pour Ankara et Diarbékir et [illegible] la frontière [illegible] ( [illegible] ) [illegible] 13 habitants dans un des villages de Barzan [illegible]

دیکۆمێنتی ژمارە (11)

یەکی کانوونی دووەمی 1945

ژمارە 15233

بۆ کۆمیسیاری گەل لە کاروباری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلەتۆڤ و–م[11]

کۆپییەی دوو نامەی ڕێبەری خێلی کورد (بارزانی) مەلامستەفا (عێراق) کە بۆ هاوڕێ ستالین و ئێوە نووسراوە پێشکێشتان دەکرێت.

تێبینی: نووسراوەکە لە "4" لاپەڕەدایە

جێگری فەرماندەی کردەوەگەلی ئەرکانی گشتیی سوپای سوور سەرتیپ لۆمۆڤ –ن

ناردراوە بۆ هاوڕێیانی خوارەوە:

– ستالین

– مۆلەتۆڤ

– بیریا

– مالنیکۆڤ

– ڤیلیچیڤیسکی

– دیکانزۆڤ

–سیلین

وەرگێڕاوی نامەی ڕێبەری خێلی بارزانی (عێراق) مستەفا بارزانی کە بۆ هاورێیانی ستالین و مۆلەتۆڤ نووسراوە لە ڕێکەوتی 1945/8/27 دا، لە لایەن دوو ئەفسەری هەڵاتووی سوپای عێراقەوە کە ئێستە لەگەڵ مەلا مستەفا دا کاردەکەن، دراوەتە دەستی ئەفسەرێکی هەواڵ کوکەرەوەی ئێمە.

مۆسکۆ

بۆ مارشاڵی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت سەرۆك ستالین

لەو ڕۆژەی سوپای سوور لە خەبات بۆ یەکسانی و ڕزگاری مرۆڤ، ئازادیی پێشکەش بەجیهان کرد، لەو ڕۆژەی تیشکی یەکسانی و ئازادی وڵاتی سۆڤیەت ڕووناك دەکاتەوە، بەناوی گەلی کوردەوە ئەم نامە و ڕاپۆرتەتان سەبارەت بە هەندێ لایەنی بارودۆخی کوردی عێراق بۆ دەنووسم، تکام ئەوەیە، سەرنجی دە هێندە و باشتانی لێ بدەن.

مارشاڵی گەورەم: ئاگادارن گەلێك بەناوی (کورد)هەیە، لەسەر خاکێك کە دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێران و سوریا دەژیت، ئەم گەلە هەر لە کۆنەوە خاوەن زمان و نەتەوایەتی، شێوەی سایکۆلۆژیای خۆیەتی، دوای شەڕی پێشوو کاتێك هاوپەیمانان سەرکەوتن ئەم گەلە چەوساوەیە لە بەر هۆی سیاسی لە نێوان میزۆپۆتامیا"عێراق" و ئێران و تورکیا دا کرا بەسێ بەشەوە، هەموو جارێکیش کە وەك گەلانی تر بۆ ئازادی خۆی دەستی بە تێکۆشان کردووە، بەهۆی سیاسەتی چەوسێنەر و زۆرداراانەی ئینگلیز کە هیچ کاتێك لە گەڵ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا نەبووە، سەرنەکەوتووە. ئێستە شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، بە پێی وەفای ئێوە سەبارەت بە مافی ئازادیی هەموو گەلان، گەلی کوردیش وەك گەلانی تر، بۆ ئازادیی خۆی دەستی بە تێکۆشان کردووە سیاسەتی چەوسێنەر و زۆردارانەی ئینگلیز کە هیچ کاتێك لە گەڵ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا نەبووە، سەرنەکەوتووە. ئێستا شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، بەپێی وەفای ئێوە سەبارەت بە مافی ئازادیی هەموو گەلان، گەلی کوردیش وەك گەلانی تر، بۆ ئازادی خۆی دەستی بە خەبات کردووە.

مارشاڵی گەورەم: بۆ کوردەکانی عێراق ڕوون بووە کە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیز جگە لە چەوسانەوە و زۆرداری، مەبەستیشی لە ناوبردنی ئەم گەلەیە. لەبەر ئەوەی ئێمەی کوردی میزۆپۆتامیا بڕیارمانداوە بە زۆر بگەینە مافی خۆمان. لەبەر ئەوەی هەموو هەوڵدانی ئاشتیخوازانەمان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بێ سود بوو بۆیە دژی دەوڵەتی عێراق هەستاین لە بەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە بە دەستووری ئینگلیز دەیەوێ ئێمە لە ناو

ببات، ئێمەش بڕیارماندا ئابڕوومەندانە تێبکوشێین بۆ گەیشتن بە ئازادی خۆمان، ناسینمان وەکو مرۆڤ. ئێمە ئێستە لە شەڕدا دەژین.

سەرۆکی مارشاڵ: کاتێك ئەم پەیامەتان بۆ دەنووسم باڵە فڕەکانی عێراق بە یارمەتی ئینگلیز شار و گوندەکانی کوردستان بۆمباباران دەکەن، هێزی زۆرداڕەکان بە تۆپ و ڕەشاش دژی دەستە چەکدارەکانی کورد کە جگە لە تفەنگ هیچ شتێکی تریان پێ نییە، شەڕ دەکەن. سەرەڕای ئەمە ئێمە لەو ناوچانەی ئازادمان کردوون ئازادی و خۆدموختاری خۆمان ڕاگەیاندووە دەمانەوێ بیپارێزین، هەموو توانامان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەین.

مارشاڵی زەحمەتکێشانی گەلی چەوساوە:

هەموو دنیا، بە تایبەتی کوردی عێراق ئاگادارن کەئێوە کاری زۆرتان بۆ ئازادی و سەربەخۆییی گەلان کردووە، ئەم هەموو شتانەیش کە دەیان بینین نیشانەی ئەو ڕاستییەن.

لە بەر ئەوەی سەرنجی پیرۆزتان بۆ ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان ڕادەکێشین:

1- یارمەتیی ماددی و چەکداریمان پێ بدرێت.

2- شۆڕشی ئێمە بە شۆڕشێکی پیرۆزی گەلی ڕابگەێنێت.

3- ئێمە ئامادەین وەك کۆمارێکی ئازاد لە ژێر پشتیوانیی ئێوەدا بین.

4- یارمەتی ئێمە بدرێت لە کەناڵەکانی سیاسەتی دەرەوەدا.

5- ئێمە ئامادەین پێوەندییەکانی سیاسی، ئابووری، کلتووری، کشتوکاڵی سوپایی لەگەڵ ئێوەدا ببەستین.

چاوەڕێی هەوڵی پایە بەرزی ئێوە، ڕێنوێنییە بە نرخەکانی ئێوە بۆ ڕزگاریمان دەکەین، بژین، هەر زیندووبن بۆ ئاسایش و ژیانی باشی گەلی کورد.

سڵاو بۆ کوردستانی ئازاد لە عێراق و ئێران.

فەرماندەی سوپای ئازادی و شۆڕشی گەلی کورد لە عێراق

نێزیکتان: مستەفا بارزانی

## دیکۆمێنتی ژماره(12)

### له بەڵگەنامه نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فەڕەنسا[12]

بەغدا, 19ی کانوونی دووەمی 1945

ژمارە:5 ر

یاداشتامه بۆ بەڕێز نوێنەری گشتی و

وەزیر موختاری فەڕەنسا له ڕۆژهەلات بەیرووت.

### له بارەی کوردستانی عێراقەوە

دەگەڕێمەوە بۆ سەر ڕاپۆرتی 14ی ئۆڤەمبەری دواییم لەبارەی یاخیبوونی کوردەکانی عێراقەوە.

ئەم پرسە بوو بە سونگەی گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکیش له ناو هۆڵی پەرلەمان له 9ی ئەم مانگە لەو کاتەی دەنگ له سەر دابینکردنی بڕە پارەیەك درا که زیاتر له 1333333 دینار بوو بۆ ڕووماڵکردنی خەرجیی پێویست بۆ هەڵمەتی سەربازیی هاوینی ڕابردووو.

شەڕەفی ئەوەم هەیە لە گەڵ ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان, بۆ زانیاری، ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیەتان بۆ بنێرم که دووپاتی بەرەنجامەکانی ڕاپۆرتی ناوبراوم دەکاتەوە.

بەم بۆنەوەیە حکوومەت زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا وەك ئەوەی له کابینەی پێشوو گیرا بەوەی زۆر دڵنەوایانە بووە بەرامبەر بە مەلا مستەفا و لایەنگیرەکانی. بڕێك له پەرلەمانتارەکان بەم بۆنەیەوە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا سوپای عێراق پێشتر له بودجه (5) ملیۆن دیناری وەرگرتووە که بە نزیکەی تەواوی ئەم پارەیەی لەو هەڵمەتەدا خەرج

کردووه بەبێ ئەوەی بتوانێ سەرکوتی بکات. لەوەدا دەرکەوتووە حکوومەت ناچار بووە بانگی هێزەکانی پۆلیس و هێزە غەیرە نیزامییەکان بکات کە لە ناو خێڵەکان بە سەر بازکراون، بەڵام وێرای ئەم بڵاو بوونەوەی هێزەکان و زیانی سەدان کوژرا و بریندار, کەچی مەلا مستەفا بە ساغ و سەلامەتی دەرچووە.

وەزیری ناوخۆ بەم بۆنەیەوە دووپاتی دەکاتەوە کەوا داوایەکی بە دەستەوەدانی مەلا مستەفا ئاڕاستەی حکوومەتی ئێران کردووە, بەڵام مستەفا بەگ ئەلعەمری نەیتوانی زانیاری بدات بە بەرپرسیارەکان داخۆ تاران چ وەڵامێکی بۆ هەوڵەکانی عێراق هەیە لە بارەی مەلا مستەفاوە.

واژوو

ڕاسام

## دیکۆمێنتی ژمارە(13)

### لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فەڕەنسا[13]

بەغدا 28ی ئابی 1945

ژمارە:73-ر

-نهێنی-

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە- پاریس

کابینەی سیاسی – بەیرووت

تێبینی بۆ: کۆمیسێری گشتی و وەزیر موختاری
فەڕەنسا لە ڕۆژهەڵات بەیرووت

لە بارەی یاخیبوون لە کوردستان

دەگەڕێمەوە سەر تێبینی ژمارە 73 – م لە 14ی ئەم مانگە. ڕەوشی کوردستان تا ئیستە بە قازانجی حکوومەتی عێراقی نەگۆڕاوە. ئامادەسازییەکانی سوپای عێراق بۆ پەلاماری گشتی بەردەوامە. لە ناو تۆخمە کوردیەکانی سوپا ئاماژە بە ژمارەیەك هەڵاتن دەکرێ بە تایبەت لە ناو ئەفسەرەکاندا بە جۆرێك وادیارە حکوومەت بڕیاری داوە بە یەکجارەکی و پێش هاتنی زستانی دادێ پرسی بارزانیەکان پاکتاو بکات کە یەکێتی عێراقی خستووەتە مەترسییەوە.

هەڵوێستی تەنگەتاویی حکوومەتی ئێستەکە هەڵبەت دەشێ ببێتـە تەگـەرە بـۆ پـڕۆژەی سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای عێراقی.

دەست کێشانەوەی وەزیری کاروباری هەندەران کە لە 26ی ئەم مانگـە بڵاوکرایـەوە لـە ڕاستیدا حکوومەتی پاچەچی هەژاند. پاچەچـی هـەر ئێسـتە لـە میسـر گەڕاوەتـەوە بـۆ ئەوەی پێش گەڕانەوەی وەسی(وصی) بەر لە تەنگژەکە بگرێ کە دەشـێ لـە لایـەن دوو وەزیری کوردەوە بێتە ئاراوە. مەبەست لەم دوو وەزیرە ئەحمەد موختار بابان و توفیـق وەهبیە کە هاوهەڵوێست نین لە گەڵ حکوومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد.

لە ناو ناوەندە ئاگادارەکان وا باوەر دەکرێ کە گۆڕانی کابینـەی حکوومـەت حەتمییـە و نوری پاشا هەر لە گەڵ گەڕانەوەی (وەسی) بۆ بەغدا لە دەوروبـەری 23ی دیسـامبەری داهاتوو. دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات.

واژوو

ڕاسام

## دیکۆمێنتی ژمارە(14)

### لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فەڕەنسا[14]

بەغدا, 12ی دێسامبەری 1945

ژمارە:83-ر

-نهێنی-

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە- پاریس

کابینەی سیاسی - بەیڕووت

تێبینی بۆ: کۆمیسێری گشتی و وەزیر موختاری

فەڕەنسا لە ڕۆژهەڵات بەیڕووت

لە بارەی یاخیبوون لە کوردستان

دەگەڕێمەوە سەر تێبینی ژمارە 73-م لە ڕۆژی 28ی مانگی ڕابردووو سەرۆکی ئەنجوومەن لە 2ی ئەم مانگە ڕایگەیاند کەوا پیاوەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە وەتای سێ هەفتەیە لە دژی دەسەڵاتکارانی کوردستان لە باکوور ڕاپەڕیون لە لایەن پۆلیسەوە ئابلۆوقە دراون" هیچ کەسێکیان ناتوانێ دەرباز ببێ, حەمید بەگی پاچەچی ڕای دەگەیەنێ. نزیکەی 233 چەتە کوژراون یان خۆیان بە دەستەوە داوە. من بڕیارم داوە بارزانیەکان یان هەر کەسێکی تر کە دژی ئارامیی وڵات ڕەفتار بکات بگیرێ." لەوەتای ئەم ڕاگەیاندنە بە هێزە ڕاگەیەندراوە, هیچ چاکبوونێك لە دۆخەکە بە قازانجی حکوومەت

له قەزای زێبار و ناوچەکانی دەوروبەری بەدی نەهاتووە کە بە مەرسوومی ژمارە 421 حوکمی عورفی تێدا ڕاگەندراوە.

چەند شەڕێکی زۆر خوێناوی کە هێزەکانی ئاسمانی عێراقی بەشدارییان تێدا کردووە بەم زووانە ڕوویان داوە و هەردوو لا زیانێکی زۆری مرۆیی و مادییان بەرکەوتووە. لە گەڵ ئەوەشدا لە سۆنگەی ئەو هۆگەلەی کە سوپای عێراقی لە بەر دەستیدایە دەشێ بەم زووانە حکوومەت سەرکەوتنێکی بێ وێنە بە سەر بارزانیەکان ڕابگەیەنێ. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم سەرکەوتنە کۆتایی بە تەنگژەی عەرەب-کورد ناهێنێ کە ناتوانێ هەر تەنیا لە قەزای زێبار گیر بخوات.

ناکۆکی بیروڕا لە ناو کابینەی حکوومەت لە بارەی دۆخی کوردستانەوە کە لە ئارادایە جێگەی نیگەرانیە. بە تایبەتی دوای ئەوەی بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆ. وەسی ئەم دەست کێشانەوەی قەبووڵ نەکردووە و داوای لە مستەفا ئەلعامری کردووە چاوەڕوانی گەڕانەوەی عەبدولئیلا بکات کە لە 21ی ئەم مانگە دەگاتەوە بەغدا.

لە برێك لە ناوەندەکان باوەر دەکرێ نوری پاشا، لە گەڵ هاریکاریی هاوڕێکەی، ماجید مستەفا، کۆنە وەزیری کاروباری کوردی، بگاتە ئاگربەستێك لە باکوور لە کوردستان.

واژوو

ڕاسام

دیکۆمێنتی ژماره (15)

ڕێکخراوی نهێنیی کورد"هیوا" 15ی ئەیلوولی 1945

بۆ بەڕێز نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا[15]

لەو دەرفەتەی هەڵکەوتووە ڕێز و سڵاوی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، سەرنجی ئێوە بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئێستە لە کاتێکدا پاش خەباتێکی سەخت و دژوار بۆ بەدیهێنانی ئازادی و لابردنی زوڵم زۆر و ئازادکردنی گەلان لە کۆیلایەتی، ئاشتی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو جیهان. لە عێراقدا ئێمە پێچەوانەی ئەو شتە دەبینین، دەوڵەتی عێراق کە باش لە هەستی سەربەخۆیی کورد دەگات، دەستی بە هێرش و ئاژاوەنانەوە لە باکووری عێراق کردووە بەو نیازەی پاکانە بۆ کردەوە نایاساییەکانی خۆی دژی کورد بکات، گەلەکەمان لە ناوبەرێت. کاتێك سوپای عێراق نەیتوانی بە ئامانجی کردەوە ناشایانەکانی خۆی بگات، دەستی دایە کردەوەی بێ ڕەحمانە و زۆر خراپتر لەوەی نازییەکان کردیان، بە باڵەفڕە و چەکی قورس دەستیان بە بۆمباران کردنی گوندە کوردنشینەکان کرد، بە بۆمب و گوللەی قورس و سووتێنەر کوردستانیان کاول کرد. بە مەبەستی ترساندنی خەڵك، دەوڵەتی عێراق دەستووری بەکۆمەڵ کوشتنی دانیشتووانی دا، هەموو ئەمانە ئێمەی ناچارکرد، بەرهەڵستیی جیددیی خۆمان دژی کردەوەی دەوڵەتی عێراق بە ئێوە ڕابگەیەنین، داواتان لێ دەکەین، ئەوەندە مەرحەمەت بفەرموون دەنگی لاوازی ئێمە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەم کردەوە بێ ڕەحمانەیە بە دەوڵەتی بەڕێزتان ڕابگەیەنن.

بە سوپاسێکی گەرمەوە

سکرتێری کۆمەڵەی هیوا

کوپیە: باڵیۆزی بەریتانیای گەورە

نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

نوێنەری چین

دیکۆمێنتی ژمارە(16)

لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی[16]

بەغدا 1945/9/33

بەیاننامەی ڕەسمی

هێزەکانی حکوومەت مەلا مستەفا و تاقمەکەیان لە چیای پیرس وەدەرنا, دوای چەند شەڕێك تاقمەکەی زیانێکی زۆریان پێ کەوت.

پاشماوەی تاقمەکە ڕایان کرد و بە ناو ڕوباری زابدا بەرەو چیایەکانی بارزان ڕۆیشتن. بەم شێوەیە تەواوی ناوچەی زێبار لە تاقمەکەی بارزانی پاك کرایەوە و هێزەکانی حکوومەت بەردەوامن لە ڕاوەدوونانی یاخیبووەکان و ئابڵووقەدانیان لە نزیکەوە.

بەڕێوەبەری گشتی پڕۆپاکەندە

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (16) وەك خۆی

Bagdad, le 30 Septembre 1945.

COMMUNIQUÉ OFFICIEL

---

Les forces du Gouvernement ont expulsé Molla Mostapha et sa bande du mont Birisse après des batailles, durant lesquelles la bande a [illegible] de [illegible] pertes.

Les restes de la bande ont pris la fuite, traversant le fleuve de [illegible] et se dirigeant vers les monts Barzans. Ainsi toute la région de Zibar a été nettoyée des bandes barzanes et les forces gouvernementales continuent à pourchasser les rebelles et à les serrer de près.

Le Directeur Général de la Propagande

## دیکۆمێنتی ژمارە(17)

## له بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی[17]

بەغدا 1945/13/3

### بەیاننامەی ڕەسمی

یەکەم: هێزەکانی حکوومەت له ڕووباری زاب پەڕینەوە و دوای ئـەوەی زیـانێکی زۆریـان به تاقمەکەی بارزانی گەیاند ڕاویـان نـان. هێزەکـانی حکوومـەت بلـێ, ناوەنـدی قـەزای زێباریان داگیرکرد و پاشماوەی تاقمەکه بەرەو چیای شیرین هەلاتن.

دووەم: هێزەکانی حکوومەت له شوێنێك به ناوی "گەلی بالنـدا" تاوانکارەکانیـان ڕاونـان دوای ئەوەی زیانێکی گرانیان پێ گەیاندن.

هێزەکانی حکوومەت بەردەوامن له ڕاوەدوونانیان و زیان پێگەیاندنیان.

سێیەم: هێزەکانی حکوومەت بەرەو شوێنێك چوون به ناوی زوێری و ئاوایی ڕاکوهلـەیان داگیرکرد دوای ئەوەی تاوانکارەکانیان ڕاونا و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن.

چـوارەم: هێزەکـانی حکوومـەت بـەرە و ڕێگـەی خـەلیفان– ڕێـزان چـوون و تاقمەکـەی بارزانییان ڕاونا و دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان پێگەیاندن.

هێزەکانی حکوومەت پردی خەڵانیان تا وەکو ئاوایی جافەریان داگیرکردووە.

پێنجـەم: هێزەکـانی حکوومـەت بـەردەوام ڕاوی پاشمـاوەی یاخیبووەکـان دەنـێن و لـه هەموولایەکەوە له نزیکەوە ئابلۆقەیان دەدەن.

بەرێوەبەری گشتی پرۆپاکەندە

دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (17) وەك خۆی

Bagdad, le 3 Octobre 1945.

COMMUNIQUÉ OFFICIEL

1° - Les forces du Gouvernement ont traversé le fleuve du Zebe et ont pourchassé la bande des Barzanes après lui avoir fait essuyer de lourdes pertes. Elles ont occupé Bélé, chef-lieu du caza de Zibar. Les restes de la bande se sont [illegible] vers le mont Chirine.

2° - Les forces du Gouvernement ont chassé les criminels du lieu dit "[illegible]" après leur avoir fait essuyer de lourdes pertes. Elles continuent à les pourchasser et à leur faire endurer des pertes.

3° - Les forces du Gouvernement se sont avancées du lieu dit [illegible] et ont occupé le village de Rakoukha après en avoir chassé les criminels et leur fait endurer des pertes.

4° - Les forces du Gouvernement se sont avancées sur la route Halifan - Ritane et ont chassé la bande barzane après lui avoir fait endurer des pertes. Elles ont occupé le pont de Khillan jusqu'au village de Djaafarian.

5° - Les forces du Gouvernement continuent toujours à pourchasser le restant des rebelles et à les serrer de près de tous côtés.

Le Directeur Général de la Propagande.

دیکۆمێنتی ژماره(18)

## 4ی تشرینی یەکەمی 1945 ژ 63

نوێنەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا[18]

بۆ سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆمیساری گەل لە کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت

هاوڕێ ساملۆڤسکی ناوەڕاستی ی . ڤ

لەگەڵ ئەم نووسراوەدا نامەی کوردەکانتان کە بۆ نۆێنەرایەتی ئێمە نێردراوە بۆ بە ڕێ دەکەم، ئەم نامانە بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان بەکەڵك دێن.

بەرپرسی دەفتەرداریی نوێنەرایەتیی سۆڤیەت لە بەغدا مارتینۆڤ

لە ئینگلیزییەوە وەرگێراوە

کۆمەڵەی کوردیی هیوا

بۆ هێژا و گەورە باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا بەڕێز لەو هەڵەی کە دەست کەوتووە، دەمەوێ ڕێز و سلاوی خۆمتان لە ناخی دڵەوە ئاڕاستە بکەم، بەشانازییەوە هۆکانی شۆڕشی نەتەوایەتیی کوردتان کە ئێستە لە باکووری عێراقدا بەردەوامە بۆ باس بکەم. لە نامەکانی پێشوودا ئێوەی بەڕێزمان لە کێشەی کورد ئاگادار کردەوە، ئەویش سەبارەت بەو هەڵەیە بوو کە کۆنفرانسی ئاشتی دوای شەڕی یەکەمی جیهان، هەروەها لە پەیمان و کۆنفرانسەکانی دواییدا تووشی بوو، واتە دەرفەتی ئەوەی دا بە زۆرەملێ شارەکانی کوردستان لە نێوان سێ دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و هەندێکیش بەسەر سوریادا دابەش بکەن. حکوومەتی ئەم وڵاتانە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سووك کردنی گەلی کوردیان داوە، بچوکترین مافی ئازادییان وەك قسەکردن و نووسین بە زمانی زگماکیی، هتد ... لێ زەوت کراوە. گەلی کورد ئەم دابەشکردنە کوشندەیەی پەسەند نەکردووە، لە بەرئەوەیە بەهەموو وزە و هێزی خۆیەوە دەیەوێ خۆی لەم ڕووداوە دڵتەزێنە بپارێزێت، هەوڵی

گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی دەدا. هەرچەندە کورد نەیتوانی بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە بگاتە داخوازییەکانی خۆی. بۆیە ناچار کرا لەم 25 ساڵەی دواییدا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی خوێناوی بیەویٚ ئەو مافە خوراوەی خۆی بستێنێتەوە، بەم شێوەیە هەبوونی خۆی دەربڕێت. جێگەی زۆر داخیشە، هەندێ دەوڵەت کە بەرژەوەندیی خۆیان دەپاراست، لە ڕاونان و کوشتنی گەلی بێ دەسەلات و ئاشتی خوازی ئێمە پشتیوانییان لە دەوڵەتانی ناوبراو کردووە، هەرچەندە بە گوێرەی ئەرکی سەرشانیان دەبوایە پاراستنی مافی گەلانیان لە ئەستۆ بگرتایە، لە بەرئەوەی ئێمە دەوڵەتانی ناو براو بە پارێزەری مافە دیموکراتییەکان دەزانین. کاتێك شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد تەواوی گەلانی زۆرلێکراو، لەگەڵ گەلی کوردیش کە یەکێك لەوانەبوو کەوتنە جموجۆڵ و ژیانەوە.

گەلەکەمان تاقە گەلێك بووە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بەهەموو توانای خۆیەوە یارمەتیی ڕاستەقینەی بەریتانیای گەورەی لە شەڕ دژی دەوڵەتی فاشیستی شا لە ئێران، هەروەها لە کاتی ڕاپەڕینی ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراق و لە کاتی هێرش بۆ سەر ئەوروپادا، لاوی کورد بە مەیل و داخوازی خۆیان چوونەتە ڕیزی سوپای ئینگلیزەوە، بەو هیوایە دوایی بە سەربەخۆیی ولاتەکەیان بگەن، گەلی کورد هیوایەکی زۆری بەو بەڵێنانە بووە کە هاوپەیمانە گەورەکان بەگەلان و لەوانەیش گەلانی بچووکیان دابوو کە مافی سەربەخۆییان هەبێت، بۆ خۆیان چارەنووس و کاروباری خۆیان دیاری بکەن. بەیاننامەی ئاتلانتیك لە سەرەوەی ئەم هەموو بەڵێنانەیە، دەبوایە گەلانی لە ئازار و چەوسانەوە ڕزگار بکردایە تا مافی سروشتی خۆیان بە دەست بێنن، ئەگەر گەلانی گەورە لە دژوارترین سات و هەلومەرجی جیهان بەڵێنیان بە گەلانی زۆرلێکراو داوە، هەر بۆ ئەوە نەبووە لەسەر کاغەز بینووسن و دوای سەرکەوتن لە شەڕ لە بیریان بچێتەوە. گەلانی بچووك ئەو بەڵێنەیان لە بیر ناچێتەوە، وەك بەڵگەیەك بۆ داخوازییە ڕەواکانیان پێشانی دەدەن. نابێ ئەو مەترسییەی کە لەوانەیە ئەم گەلانە بۆ هێمنایەتی

جیهان هەیانە لەپێش چاو نەگیرێت و ئەگەر بێتو بە دادپەروەری و بەهـەق کێشـەکانیان چارەسەر نەکرێت.

گەلی کورد لە دابەشکردنی وڵاتەکەی خۆیدا بەشداری نەکردووە، کـاتێکیش شـەڕ بـەرەو کۆتایی دەڕۆیشت کورد چالاکی سیاسی خۆی دەست پـێ کـردەوە، داوای سـەربەخۆیی کرد. کاتێك دەوڵەتی عێـراق وەك دەوڵـەتانی ئێـران و تورکیـا لـە مەبەسـتی گـەلی کـورد ئاگادار بووەوە، هەموو توانای خۆی بـۆ دەسـت تێـوەردان و پێشـگیری لـە هـەر شـێوە بزووتنەوەیـەکی گـەلی کـورد بـەکارهێنا. پـێش ئـەوەی کۆنفرانسـی ئاشـتی ببەسـترێت، هەوڵی زۆری دا نەهێڵێت دەنگی کورد بگاتە دنیای دەرەوە. لە ئەنجامی ئەم سیاسـەتە، دەوڵەتی عێراق دەستی بە ڕاونان و گرتنـی نەتـەوە پـەروەرانی کـورد کـرد، بـە دەسـت کەوتنی بچووکترین بیانوو و گومان کەوتە زیندانی کردنیان، ئیتر ئەنجامەکەی ئەوە بـوو کە لە ساڵی 1944 دا بە ناردنی سوپای سەرکوتکەری بۆ ناوچـەی بـارزان لـە بـاکووری عێراقدا کەوتە دژایەتیی کوردان، بەڵام دووچاری تێکشکانی گەورە بوو، ناچار کرا داوای یارمەتی لە ئینگلیز بکات. هەر ئەو دەوڵەتەی ئینگلیز کە لە کاتی خۆی داوای پاڕاستنی هێمنایەتی و ڕێکوپێکی لـە کـورد دەکـرد. لـە بـەر ئـەوەی دەوڵـەتی عێـراق لـەو کاتـەدا دۆستی هاوپەیمانەکان بوو، گوایە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کۆسـپ دەخاتـە بـەردەمی چالاکی سوپای هاوپەیمانەکان، کورد ئـەم بۆچـوون و پێشـنیازەیان پەسـەند کـرد، لـەو سەردەمەدا لە لایان ڕاست بوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەیانویست پێوەندیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا باشتر بکەن، داوای جێبەجێ کردنی هەندێ داخوازیی سەرەتاییان لـە دەوڵەتی عێراق، بۆ باشترکردنی بـاری ژیـانی خـەڵکی ناوچـەکانی باشـووری کوردسـتان کـرد. بـەڵام دەوڵـەتی عێـراق لـە لایـەن دەوڵـەتی ئینگلیـزەوە پشـتیوانی لێ دەکـرا، لـە جێبەجێ کردنی ئەو بەر پرسایەتیەی بە ئەستۆی گرتبوو وازی هێنا، هاوکات دەستی بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی سوپا و پتەوترکردنی پێگە و هێزی چـەکداری خـۆی کـرد، بـۆ ئەوەی پێش هەر شێوە بزووتنەوەی کورد بگرێت، لە کاتێکدا دەیتوانی پشتیوانی مـافی

کورد بێت. دوای ئەم خۆ ڕێکخستنە، دەوڵەتی عێراق دەستووری بە موچەخۆران و پیاوانی خۆی لە ناوچەی بارزان دا تا زەمینە بۆ پاکانەکردنی دەستدرێژی و کردەوەی ناپاکانەی خۆی بکات، هەموو تاوان و بەرپرسیارەتی بخەنە ئەستۆی کورد، وەك تاوانبار پێشانیان بدات و بە بێ هیچ بناغەیەك گۆناهباریان بکات. دەوڵەتی عێراق بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئەوە بوو ئەمە لە ڕۆژی 6ی ئابی 1945 دا بەبێ هیچ ئاگادارییەك، لە پێشاندا هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان و ئەمە بوو بەهۆی داگیرساندنی ئەو شۆڕشەی باس دەکرێت، لە قەڵەمدانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە باکووری عێراق وەك ئاژاوەیەکی ناوخۆیی یان خۆجێی تەنیا درۆیەکی سازکراوی ڕێژیمی عێراقە، بە مەبەستی ئاژاوەکردنی ڕووداوەکانە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ناڕاستی بارودۆخەکە بەدنیا بناسێنن. ئەگەر بیروڕای گەلی کوردستانیان لەم بارەیەوە بپرسیایە بێ شك هەموویان پشتیوانییان لەم شۆڕشە دەکرد جگە لە تاخمێکی کەم کە نوێنەری هیچ کەس نین و شەرەفی خۆیان بە پۆستێکی وەزارەت لە دەوڵەت دەفرۆشن، بەپلەیەکی ناشایان دەگەن.

گەورەی بەڕێز:

شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، ئیتر هیچ بناغەیەك بۆ مەترسیی ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە کۆسپ بخاتە سەر ڕێڕەوی شەڕ نابینرێت، ئەم بزووتنەوەیە ڕەنگدانەوەی هەست و ئاوات و ناڕەزایی کوردی بەدبەختە کە لە سەر خاکی خۆیدا لە لایەن موچەخۆران و کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقەوە دەچەوسێندرێنەوە، ئەمە نیشاندەری خۆڕاگریی گەلە، بەربەرەکانی بەرامبەر زوڵم و زۆرییە و هیوا و هەوڵدانی بۆ ڕزگاربوون لەم ژیانە کوێرەوەرانەیەی تێی کەوتووە. دوژمنانی گەلی کورد توانیویانە ئەم گەلە لە مافی خۆی بێبەش بکەن، بەڵام نەیان توانیوە دەنگی شۆڕشگێڕیی ئەو کپ بکەنەوە. دەوڵەتی بەریتانیای مەزنی ئێوە باش لە ڕووداوەکانی عێراق ئاگادارن. چارەکە سەدەیەك هەبوونی دەوڵەتی عێراق نیشاندەری ئەوەیە، ئەم دەوڵەتە نەیتوانیوە

ئاشتیی نێوان کورد و عەرەب کە جیاوازییەکی زۆریان لە باری زمانی و خۆ و ڕەوشت و داب و نەریتەوە هەیە، پێکبێنێت. لە بەرئەوە سەرکردەکانی دەوڵەتی عێراق ئەوەندە زانیاری و توانای پێویستیان لە باری سیاسی و بەڕێوەبردن نییە کە بتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، لە ماوەی ناوبراودا هەر کاری ناهێژا و خراپیان دژی ئەم گەلە کردووە، ئەم ڕاستییانە بوون بە هۆی ئەوەی لە کوردستاندا دەستیان کردە سەرکوتکردنی هەرجۆرە هەنگاوێك کە نیشاندەری هەبوونی کورد بێت، گرینگی کوردستان و سەر وسامانی سروشتی ئەوانی تێدابێت، لە بەرچاو نەگرتووە و بایەخیان پێ نەداوە. بە داخێکی گران و قووڵەوە کورد، دەبینن کەوا کاربەدەستانی دەوڵەتی بەریتانیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن، بۆ هەندێ کەس کەتوانا و هێزی سیاسی و داراییان هەیە و ژمارەشیان کەمە، لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا دەرفەتیان ڕەخساندووە، بەڵام دەرفەتی هەندێ کەسیان نەداوە کە پشتگیری لە خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بکەن.

ئێمە تکا لە خوا دەکەین کۆتایی بە نا یەکسانی و ناڕەوایی و کۆیلایەتی بێت، لە باتی ئەوە دنیایەکی نوێ پێکبێت کە هەموو گەلان بتوانن مافی یەکسانیان لە هەموو جێگەیەکدا هەبێت، بگەنە ئەو ئازادییەی گەلانی هاوپەیمان شەش ساڵ خەباتیان بۆ کردووە. لە کۆتاییدا داواتان لێ دەکەم بە ئاگادارییەکی پێویستەوە بڕواننە ئەم یادداشتە.

بە سوپاسەوە خزمەتکارتان: سکرتێری هیوا (بێ ئیمزا)

دیکۆمێنتی ژمارە(19)

## له به‌ڵگه‌نامه‌كانی حكوومه‌تی عێراقی[19]

به‌غدا، 1945/13/6

### به‌یاننامه‌ی ڕه‌سمی

یه‌كه‌م: هێزه‌كانی حكوومه‌ت بارزانیان داگیركرد و مه‌لامسته‌فا و تاقمه‌كه‌یان ڕاونا دوای ئه‌وه‌ی زیانی زۆریان پێگه‌یاندن.

دووه‌م: هێزه‌كانی حكوومه‌ت ئاوای ڤیتا یان داگیركرد و تاقمه‌كه‌ی بارزانیان ڕاونا.

سێیه‌م: هێزه‌كانی حكوومه‌ت له‌یلۆكیان داگیركرد و دوای ئه‌وه‌ی زیانێكی زۆریان به تاونكاره‌كان گه‌یاند ڕاویان نان.

چواره‌م: هێزه‌كانی حكوومه‌ت هه‌میشه به‌رده‌وامن له ڕاوه‌دونانی پاشماوه‌ی تاقمه‌كه‌ی بارزانیه‌كان و ئابلۆقه‌دانیان له نزیكه‌وه.

به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی پرۆپاكه‌نده

دەقی دیكۆمێنتی ژماره (19) وه‌ك خۆی



Bagdad, le 6/10/1945

K 18.7

COMMUNIQUE OFFICIEL

1er/- Les forces du Gouvernement ont occupé Barzana et en ont chassé Molla Mostapha et sa bande après leur avoir fait essuyer de lourdes pertes.

2e/- Les forces du Gouvernement ont occupé le village de Vitta et en ont chassé les bandes barzanes.

3e/- Les forces du Gouvernement ont occupé Leiloque et en ont chassé les criminels après leur avoir fait essuyer de lourdes pertes.

4e/- Les forces du Gouvernement continuent toujours à pourchasser les restes des bandes barzanes et à les serrer de près.

Le Directeur Général de la Propagande

دیکۆمێنتی ژمارە (20)

ژمارە

مێژوو 16-12

حزبی دیموکراتی کوردستان[20]

لێژنەی محەلی شنۆ (شنویە)

بڕیارێك لە لایەن برای خوشەویست حوسێن فروهەر

بەهۆی تەلەفونەوە لە ڕێگەی نەغەدەوە

بە پێی فەرمانی (سەرۆکی کۆماری کوردستان) پێویستە گشت ئەو بەڕێزانەی کە میواندرێتی بارزانیەکان دەکەن، لە هەموو ڕۆژیکەوە بە پێی توانا یارمەتیان پێشکەش بکەن، هەروەها نەهێلن هەرگیز تەنگە تاو بن و هەرکەسێك ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکا ئەوا لە لایەن سەرکردایەتی بە ناسنامەکەی ئاگادار دەکرێتەوە...

حوسێن فروهەر.

ئەوەی سەرەوە بروسکەی برا حوسێن فروهەرە، گشت ئەو بەڕێزانەی دانیشتووانی ناوچەی شنۆی (شنۆیە) پێ ئاگادار دەکەینەوە و تەئکید دەکەینەوە لە مەڕ جێ بەجێ کردن و گوێرایەڵی ئەو بڕیارە پیرۆزەی لە لایەن پێشەوا دەرچووە بەو پەری سینگ فراوانیەوە.

واژوو

لێپرسراوی لێژنەی محەلی شنۆ

قازی حقری

مۆری لێژنە

دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (23) وەك خۆی

ژمارە [illegible]
بەروار [illegible]

حزب دیموکرات کوردستان

[illegible]

کوردستان

دیکۆمێنتی ژمارە(21)

## له بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فەڕەنسا[21]

نوێنەرایەتی فەڕەنسا

له عێراق

ژمارە 119 أ.ل

بەغدا،19ی ئاداری ساڵی 1947

له جێبەجێکاری کاروباری فەڕەنسا له عێراق

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران

پاریس

" له بارەی خێڵانی بارزانەوە "

بارزانیەکان خێڵێکی کوردین بریتین له پازده هەزار کەس و له باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، له سەر چەقی بەیەکگەیشتنی سنوورەکانی عێراق –تورکیا و ئێراندا دەژین. له ساڵی 1932 له دژی حکوومەتی ناوەندی ڕاپەرین بەڵام ڕاپەرینەکە هۆیەکەی داواکردنی سەربەخویی ناوچەکەبوو به توندی سەرکوت کرا. سەرۆکەکانی ئەو خێڵانە له نیشینگەی دوور جێنشین کران و مانەوە، دانیشتووانەکەشی ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان بەڵام هەرگیز له سەرۆکە دوورخراوەکانیان باشتر مامەلەیان له گەڵدا نەکراوە: نەداری و نەخوێندەواری باڵیان به سەر ناوچەکەدا کێشابوو کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە به ئانقەست فەرامۆش کرابوون.

ساڵی 1943، دوای یازده ساڵ له ئاوارەیی یەکێك له سەرۆکە سەرەکییەکانی بارزان، مەلا مستەفا، دەگەڕێتەوە ناو خێلەکەی، پەیوەندی به لایەنگیرەکانیەوە دەکات و

شۆڕشێکی نوێ بەرپا دەکات کە بەشکستێکی نوێ تەواو دەبێت. بەڵام حکوومەت لە ماوەی داپڵۆسینەکەدا ناچار دەبێت خێڵەکان چەکدار بکات بۆ بەرەنگاری بوونەوەی یاخیبووەکان. ناکوکیەکان کۆتاییان هات بەڵام ئەم خێڵانە ڕەتیان کردەوە ئەو چەکانە تەسلیم بکەنەوە کە وەریان گرتبوو بە بیانوی ئەوەی لە لایەن خێڵانی تری کوردەوە پەلامار بدرێن. مەلا مستەفا جارێکی تر یەکێك لە وانە بوو هەوڵیدەدا خێڵە چەکدار نەکراوەکان کۆبکاتەوە، ئەوە بەغدای ناچارکرد بۆ سێیەم جار دەست بە شەڕ بکاتەوە دژی مەلا مستەفا. ئاواییەکان بۆمباباران کران و سوتێنران. دانیشتووان تۆقین و لەوە دەترسان لەلایەن خێڵانی هاوسێوە کە بووبوون بە هێزی پۆلیسی غەیرە نزامی قەتل و عام بکرێن، هەموویان خاکی عێراق بە جێدێلن و ئاوارەی ئێران دەبن ئێستاکە پرسی بارزان لەیەك کاتدا هەم حکوومەتی عێراقی و هەم حکوومەتی ئێرانی سەرقاڵ کردووە.

حکوومەتی عێراقی ڕەتی دەکاتەوە بارزانیەکان پێ بنێنەوە ناو خاکی و ئێرانیش دەیەوێ عێراق وەریان بگرێتەوە.

بە گوێرەی زانیاریەکانی حکوومەتی عێراق بەم زوانە لەشکر دەنێرێتە سەر سنووری باکوور–ڕۆژهەڵات بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بارزانیەکان. لە گەڵ ئەوەشدا، تۆخم گەلی کوردی عێراق بە جوش و خرۆشەوە چارەنووسی برا ئاوارەکانیان بۆ کوردستانی ئێران بەڵاوە گرینگە. کوردەکان ڕۆژانە تێلێگرام بۆ حکوومەتی ناوەندی لێدەدەن و داوای گەڕانەوەیان و دەرکردنی لێبووردنی گشتی دەکەن بۆ ئەوانەی مەحکوم کراون. ئەم تێلێگرامانە هەروەها بۆ ڕۆژنامە ناوەخۆیەکانیش نێردراون و لە ناو ئەو ڕۆژنامانەدا بڵاوکراونەتەوە.

کوردەکان بە تایبەتی داوا دەکەن و بنجی کێشەکە ئا لەوەدایە حکوومەت دەست بە ڕیفۆرمی بە پەلە بکات بە جۆرێك دۆخی هەژاری و نەزانیەکی بێوێنە ناوچەکەیان فەرامۆش کردووە. تۆخم گەلی نهێنی هەتا داوای ئۆتۆنۆمی سەرتاسەری ناوچەکەیان دەکەن. کە ئەمەیان یەکێك لە تاقە ڕێگەکانە بۆ دانانی ڕادەیەك بۆ یاخیبوونی

بەردەوامی کورد کە لەدەرەوە هەڵگیرساوە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ناوەوەشدا بێخـەمی حکوومەت بووەتە سۆنگە.

واژوو

ڕێرمۆند

دیکۆمێنتی ژمارە(22)

## له بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فەڕەنسا[22]

بەیرووت 13ی نیسانی 1947

بۆ بەڕێز بیدۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕەنسا

مۆسکۆ

بەڕێز

ڕێگە بە خۆمان دەدەین سەرنجی ئێوە بۆ ئەمانەی خوارەوە ڕابگێشین:

لە داردانی قازی محەمەد، سەرۆك کوماری کورد لە ئێران لە گەڵ وەزیرەکانی، داپلۆسین و ئیستیفزاز لە دژی گەلێك کە بە تاسەی مافی سروشتی خۆیانەوەن لە سەربەخۆیی.

هاتنە ناوەوەی لەشکەری تورکیا و عێراق بۆ ناو خاکی ئێران و هاریکارییان لە گەڵ سوپای ئێران بۆ گەماڕوودان و شەڕی هێزە دیموکراتەکانی کورد بە سەرکردایەتی جەنەرال بارزانی کردەوە گەلێکن پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراتی کە ئێوە لە ژێریدا لەم ڕۆژانە لە موسکۆ کۆبوونەتەوە. بەناوی ئەم پرەنسیپانەوە بۆ مانەوەی ئاشتی ئێمە داوا دەکەین دەست بەجێ هێزە گەورەکان تەدەخول بکەن بۆ ئەوەی کۆتایی بەو قەتەل وعامە بهێنێ و دادپەروەری بگێڕنەوە بۆ گەلی کورد.

جەنابی بەڕێز تکایە ڕێز و سوپاسی پێشدەستییانە و ڕێزی زۆر و زەوەندەم قەبووڵ بفەرموون.

مۆر

کۆمەڵەی کوردی

دیکۆمێنتی ژمارە(23)

14ی حوزەیرانی 1947 ژمارە
45

ناوەڕۆکی وتووێژ لە گەڵ جەنەرال لیتینانت (لیوا) هومایۆنی[23]

13ی حوزەیران لەگەڵ سکرتێری کۆنسولگەری هاوڕێ موحەرەمۆڤ لەوەڵامی چاوپێکەوتنەکەی فەرماندەی سوپای کوردستان و ناوچەی ڕەزائییە (ناوچەی ڕەزائییە و خۆی و ماکۆ)، چووینە لای لیوا هومایۆنی، لە وتووێژدا جەنەرال وتی: پێیان ڕاگەیاندووە کە بەیانی ڕۆژی 13 حوزەیران چوومەتە تەورێز و پرسیاریان لە من کردووە ئاخۆ لەسەر پردی گوندی قیزلداغ (14 کیلۆمەتر دوور لە ماکۆ) حوشتری کوژراوتان بینیوە، منیش لە وەلامدا وتم: بەڵێ ڕاستە، لە سەر پردی قیزڵداغ 5 تا 6 حوشتری کوژراوم بینی. هەروەها سوپای ئێرانیش مۆڵگەی دابوو، نێزیك ئەم پردەش لاشەی مرۆڤێکم بینی، بەڵام لەم هەموو ڕووداوە تێ نەگەیشتم، لە وەڵامی مندا هومایۆنی ڕای گەیاند:

"هەروەك من 9ی حوزەیران ڕام گەیاند، لەو ڕۆژەی لە بەیانییەکەیدا تێکهەڵچوونێك لە نێوان سوپای ئێمە و دەستەکانی مەلا مستەفای بارزانی لە کێوەکانی گوندی شوت لە 25 کیلومەتری ماکۆ ڕووی داوە، لە هەر دوو لا کوشتاریان داوە، شەو لە سەر ڕۆژی 13ی حوزەیران دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانی گەمارۆی سوپای ئێمەیان شکاندووە و دەربازبوونە، لە ڕێگەی پردی قیزڵداغ بەرەو ماکۆ بۆ ناوچەی گوندی خاسێن لە 23 کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی ماکۆ کەوتوونەتە ڕێ. دەستە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیەت ملیان ناوە" بەڵام بەتەواوی هێشتا نازانین ئەوان بەرەو کوێ دەچن؟ بۆ یەکەتیی سۆڤیەت یان بۆ تورکیا دەڕۆن؟ سوپای ئێمە بەدوایان کەوتوون، هیواداریین لەم ڕۆژە نێزیکانەدا لە ناویان بەرین، لەو کێوانەدا ئەو جێگەیەی ئێستە تێدان و پاڵیان پێوە داوە لەبەر گەرما و زۆربوونی مار ناتوانن هێندە

لەویٚ بمێننەوە، ئەگەر بێتو ماوەیەکی زۆر لە گەماڕۆی ئێمەدا بن هەر بۆ خۆیان دەمرن. جگە لەمە ئەوان لە ویٚ ناتوانن خواردن بۆ خۆیان بە دەست بێنن. پاشان هومایۆنی لەمنی پرسی ئاخۆ داواکارییەکەی بە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت گەیەندراوە، وەڵامەکەی دەویست بزانێت چییە؟ ئەو دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا دەیەویٚ لەگەڵ نوێنەری فەرماندەی سوپای سۆڤیەت چاو پێکەوتنی هەبێت، سەبارەت بە ڕێگەنەدانی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت وتووێژ بکات. من لە وەڵامدا وتم:

داواکارییەکەی ئەوم گەیاندووەتە دەوڵەتی خۆم. لە وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت بە چەکدارانی جوتیارەکان مەبەستی چییە؟

هومایۆنی وتی: جوتیارەکان بۆ خۆ پاڕاستنیانە لە هێرشی بارزانیەکان. لەوانەیە هێرش بکرێتە سەریان بۆیە چەکدار دەکرێن.

بەڕێوەبەری ئەرکی سەرکونسلگەری یەکێتی سۆڤیەت لە ماکۆ: موورادیان

سکرتێری کونسلگەریی: موحەرەمۆڤ

دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(24) لە دەروازەی دووەم وەرگێرانەکەی نووسراوە.

Секретарю коммунистической партии (большевиков) Азербайджана и руководителю народов Востока
тов.Багирову

Для меня явилось высокой честью, что я впервые представл перед таким благородным человеком, как Вы.

Народы Востока долгие годы изнывают под гнётом. Одним из таких народов является курдский народ. Этот народ много претерпел от реакционных правительств Турции, Ирана, Ирака и эксплуататорской политики Англиии Америки.

С тех пор как курдский народ удостоился Вашего внимания и стал к Вам близок, он это признал для себя и своей свободы и независимости единственно большим символом. Вот поэтому и мы - группа курдских демократов, офицеров и бойцов прибегла к Вашему покровительству и обратились к Вашей милости.

Иранское реакционное правительство опираясь на англо-американских эксплуататоров направило вооружен ую силу на Курдистанскую республику, разгромило демократическое курдское правительство, шахскими войсками оккупировало курдистанскую землю.

Турецкое фашистское правительство заняв большую часть Курдистана, превратило её в темницу, где курды живут в очень тяжелых и трудных условиях. В настящее время тысячи курдских демократов и свободолюбивых курдов арестованы и находятся в застенках иранских тюрем.

стр.87

Вначале казалось, что нет силы, которая могла бы изменить судьбу курдов, избавить их от несчастья, однако объединение курдского народа под знаменем демократии и надежда на Великого учителя и Вождя СТАЛИНА устранило всякие препятствия на пути нашего движения. стр.88

Внимание отца и руководителя народов Востока тов. Багирова, оказываемое нам явилось большой надеждой для курдского народа.

Дни реакции, гнёта и эксплуатации сочтены и они доживают свои последние дни.

Руководимое мною племя "Барзани" является одним из крупных племен Курдистана.

Борьба племени "Барзани" за свое освобождение и его движение началась еще в 1894 году под руководством моего покойного брата Шейх Абудл Салама. Шейх Абдул Салам в эпоху турецкого султана Абдул Гамида создав подпольную организацию в городе Стамбуле, вел борьбу за национальную независимость курдского народа. Благодаря деятельности этой организации, при участии других курдских племен, в 1904 году в Ираке развернулось освободительное движение. Это движение продолжалось до 1914 года и в том же году, т.е. во время оппозиции султана Рашада, продолжало ожесточенную борьбу против Османской империи; это движение в конечном итоге не привело к нужным результатам и окончилось нашим поражением. Брат мой был арестован и казнен турецкими палачами в городе Мосуле, а мы с семьей эмигрировали в Иран.

После этого главой племени был выдвинут мой брат

Ш

стр.88

Шейх Ахмед Барзани и с 1920 года началась новая непрекращающаяся борьба в Курдистане против всеусиливающейся эксплуататорской политики англичан.

В течение 1942-1945гг. шла борьба против иракского правительства, опиравшегося на эксплуататорскую политику англичан и в 1945 году под натиском врагов, мы со своими семьями и племенем вынуждены были эмигрировать в Иран.

Здесь, ь.е. в Иранском Курдистане лучи красной звезды озарили нашу жизнь. С этого времени приняли участие (стр.89) в организации демократического правительства Курдистана и вместе со своими азербайджанскими братьями вели бои против иранских войск в Резайе и в других местах. Здесь воевали тысячи бойцов из племени "Барзани", защищая границы Азербайджана и свободного Курдиотана. Кроме того, громили врага в районах Саккыз, Сардашт и других горных участках.

Героическая борьба свободолюбивых азербайджанцев и курдов привела к завоеванию свободы и укреплению демократии в Азербайджане и Курдистане.

11.XII.1946г. политическая ситуация вынудила азербайджанские войска отступить, а курдистанское правительство сложить оружие. Однако, мы, т.е. племя "Барзани" не приняв капитуляцию перед врагом, организовали борьбу под названием "Фронт освобождения Курдистана" и в течение шести месяцев устояли перед нашими врагами, завоевателями и захватчиками в Иране.

стр.89

После тяжелых боев, с целью организации партизанского движения, двинулись в сторону Ирака. В Ираке в течение одного месяца ведя партизанский образ жизни направились на советскую территорию, следующей вдоль ирано-турец кой границы. При этом на стыке двух границ войска обоих государств пытались преградить нам путь с целью уничтожения и все время преследовали нас.

Наша освободительная борьба в прошлом известана всем нашим соседям. Несмотря на разгул реакции, левая пресса и органы демократических партий описывали нашу борьбу, популяризировали её среди народов. К числу таких органов печати относятся - "Журнал иракских племен и народностей" "С.элбирутийе", египетский журнал "Алахрам",издаваемый в Мехабаде орган демократической партии Курдистана газета "Курдистан" и журнал "Нейштан", коммунистическая газета "Эл Ираки-эл Корди", "Рузигари", орган египетских независимых "Низал эл-Акрад" (в этой книге написано и говорится о всей нашей борьбе).

стр.90. Наше племы состоит из 50.000 челоевк, Помещиков среди нас нет, каждый из нас владеет землей, скотом, барантой.

В 1914г. мой брат Шейх Абдул Салам поровну и справедливо распределил землю между крестьянами и такое распределение остается до сих пор в наших селах, количество которых достигает до 400.

Таким образом, разрешен земельный вопрос в селах

стр_.90

племени "Барзани" и каждый ведет свое хозяйство индивидуально (независимо) и, таким образом, урегулированы социальные отношения между крестьянами и помещиками.

Среди наших племен общественное отношение и конечная цель заключается в достижении свободы и независимости. Для этого мы неоднократно,восставали, ибо это нам было нужно и являлось нашей первоочередной задачей.

Мы сочли нужным связать свою судьбу с Советами как с властью являющейся опорой свободы и надежды народов.

Эта связь начала устанавливаться с мая месяца 1944 года. В это время среди "Барзаницев" уже существовал "Фронт свободы". С этого времни я поддерживаю связь с военными и политическими представителями Советского государства.

После 11.XII.1946г., т.е. после захвата курдских и азербайджанских земель иранскими войсками, обстановка изменилась. Взаимоотношения советских политических работников со мной оказались не в соответствии с испытанной годами на практике и доказанной мне истиной.

Несомненно советские политические работники предвидели назревавшие события в Курдистане и Азербайджане. Когда начались события, положение "Барзаницев" по сравнению с другими было труднее. Во (стр.91) первых "Барзаницы" эмигрировали в Иран из другой страны, во вторых

мужчины находились в боях, на передовых позициях, а их жены и дети оставались без главы семьи.

Нужно было до начала событий, чтобы советские работники предупредили нас, тогда мы могли бы подготовиться, не распылять так свои силы и не погибли бы в горах. Несмотря на это мы в течение пяти месяцев устояли против иранских войск. О нашей борьбе пpредавали все известные радиостанции и сведения о нас распространяли по всему миру. Грохот бомбардировок, которым мы подвергались с самолётов около Резайе, был слышен на советской территории, однако мы не испытывали сочувственного отношения со стороны советского правительства. Ни азербайджанские, ни московские радиостанции ни одного слова не говорили о нашем движении.

На страницах советской печати не уделялось нам достаточного внимания. Никто со стороны Советского правительства к нам не пришёл, нас не вдохновлял и пути не показывал.

Если политика не позволяла, чтобы о нас говорили, помогали оружием, или оказывали другую помощь, то нельзя было нас предать вовсе забвению и оставить на произвол судьбы.

Когда мы убедились в бесполезности нашего партизанского движения, чтобы не терять оставшиеся силы, решили прибыть на попечение советской земли.

стр.91

Мы, с помощью своей веры и преданности, смело и решительно прорвав ряды и окопы турецких, иранских и иракских войск, ставших на нашем пути и стремившихся уничтожить нас, направились к советским границам.

Прибыв на советскую границу, когда мы хотели перейти в СССР, советские работники не помогли нам, не показали места, откуда можно было переплыть реку. Задержали нас на берегу реки и поэтому мы, чтобы спасти себя, вынуждены были оставить большую часть своего (стр.92) мооружения врагам и облегчив свой груз перешли реку в сторону СССР.

В гор.Нахичевани 40 дней держали меня отдельно от своих братьев (людей). За это время я жил в комнате, напоминавшей тюрьму. Я это чсчитал недостойным для себя и этого не ожидал на советской стороне. По приезде в гор. Шушу повторилось тоже самое.

Положение моих людей было не лучше моего. Я их (своих людей) люблю как зеницу ока. До сего времени для них не созданы условия, они живут в колхозах, работают на каменных и земляннных работах. Это положение не соответствует их было жизни и работе. Они не могут работать наравне с советскими опытными, культурными колхозниками, они не знакомы с такой работой. Многие из них до сих пор не обеспечены одеждой, а некоторые живут в таких местах, где нельзя держать даже скот.

Эти люди являются представителями курдского народа,

стр.92

они в борьбе за победу демократии, за свободу лишились земли, семьи, словом всего того, что имели. Чтобы снова подготовиться к борьбе, они прибыли под покровительство советской земли. Эти люди прибыли в СССР не для торговли, не для других экономических выгод. Эти люди, вышедшие из гущи народов Востока и как представители курдского народа опираются на Советский Союз. Вы, как дорогой и близкий друг народов Востока должны знать все их горе, нужды и дела.

Я считаю своим долгом доложить Вам о положении "барзанинских" эмигрантов и просить Вас об их нуждах и желаниях."

Моя первая просьба к Вам - принять меня. Конечно известно, что Ваше время драгоценное, но мы тоже имеем право отнять несоклько Ваше время и лично доложить Вам о необходимых наших вопросах.

Мы верим, что все находится в состоянии развития и с изменением материального бытия, изменяются и условия. В зависимости от этих условий - изменяются и политиче- (стр.93) ские возможности. Следовательно все время и каждый день создаются новые возможности для победы демократии. Мы ждем момента, когда с помощью советского и других демократических народов вернемся на родину.

Я сожалею, что несмотря на нахождение мое и моих людей на советской территории, мы до сих пор не приобре-

ли новых знаний. Мы непременно должны пользоваться плодами научных, культурных и политических знаний. Безуслоі но здесь труд является священным долгом, но овладение наукой и знанием приобретает первостепенное значение.

В Советском Союзе находится моих братьев-курдов 496 человек. Прошу их всех собрать в одно место. Принимая во внимание предстоящие потребности необходимо с ними проходить политические и военные занятия, учить их пользоваться тяжелыми орудиями, обучать их военным правилам. Отобрать 10 человек и послать их в авиационную школу. Пройти с ними на специальных курсах теоретически‹ занятия по военной тактике и обращению с новыми видами вооружения.

Заниматься с ними по истории, математике, гер графии, медицине, военной дисциплине, при необходимости по другим предметам. Учить их правилам как вести себя в обществе, обучать их порядкам и новой культуре.

Для них найти преподавателей легко. Например из числа советских офицеров - капитан Джафаров и другие знают курдский язык. Кроме того, они, т.е. офицеры и некоторые "барзанинцы" владеют азербайджанским языком. Те, которые не знают, постепенно в процессе занятий могут изучить.

Таким образом, для будущности курдов и для демократии можно создать кадры.

Я не ставлю себе целью, при этом, быть главарем

стр.93

этого племени. Нет, это зависит от воли и желания курдов стр.94. Каждый офицер-барзанинец имеет в своем подчинении более 100 человек своих верноподанных. Некоторые из них являются главарями отдельных курдских тайф и имеют большой авторитет и удельный вес. Они участвовали во многих боях и вокруг каждого из них собралось определенное количество свободолюбивых курдов и вело вместе с ними борьбу. Эти офицеры на практике доказали, что они достойны своего чина и военного звания.

Я лично прошу Вас быть в отношении их великодушным. Мне и всему народу понятно и ясно, что содержать 496 человек для великого могучено Советского государства не представляет никакой трудности и без того всему миру известно, что советская власть является защитницей всех свободолюбивых народов.

Внося предложение собрать их в одное место, я руководствуюсь следующими соображениями: их обучение и жизненное устройство можно было бы урегулировать одной организацией, и таким образом, легко за ними присмотреть и быть в курсе их положения.

После того, как их соберут в одно место, прошу предоставить в мое распоряжение самолёт, или другое средств передвижения, чтобы я имел возможность чаще навещать их. Они имеют богатый опыт борьбы и их очень я ценю, без них я не в состоянии что-либо сделать.

Товарищ Сталин говорит, что "Люди являются самыми

стр.94

ценными существами". Эти слова нашего Великого Вождя. Кроме того, что барзанинцы имеют образ человека, они являются и революционерами.

Здесь в Баку, в Азербайджанском государственном Университете учится в настоящее время один молодой человек по национальности курд - Шемзини Абдулла оглы Азиз.

Этот молодой человек во время боев 1942-1945гг. присоединился к нашему отряду. Раньше служил в иракской армии в чине капитана, впоследствии оттуда бежал и вместе с другими курдскими офицерами присоединился к отря- (стр.95) ду барзанинцев. Он с исключительным воодушевлением и верой боролся вместе с нами и в боях показал свою способность. В Иране он также показал себя в борьбе против ирайского правительства.

АЗИЗ происходит из уважаемой, боеспособной и свободолюбивой курдской семьи. Его род (племя "Нахри") в Курдистане пользуется всесторонним почётом и авторитетом. Его двоюродные братья по отцу выступив против него перешли на сторону реакции, однако Азиз твердо стоял на пути к своей цели.

Присоединившиеся к нам вместе с Азизом некоторые иракские курдские офицеры, в результате последних событий, были арестованы иракским правительством и казнены; теперь Азиз остается для нас как дорогая память от этих

стр.95

офицеров. Я прошу Вас жалеть его и отнестись к нему хорошо и если возможно послать его к находящимся здесь "барзанинцам".

Я полагаю, что Азиз согласится быть в рядах своих сотоварищей по оружию.

Кроме Азиза находятся здесь несколько человек из курдской молодежи, которые учатся в политических и других школах, они являются примерными сыновьями курдского народа. В особенности Ваша отеческая забота о Рагиме Кази-заде вселяет в нас надежду и за это мы Вам очень благодарны.

Имею к Вам еще одну просьбу. Прошу дать указание азербайджанской радиостанции ежедневно выделить определенное время для передач на курдском языке. Наш голос вселит уверенность и надежду в курдском народе. Этот голос по радио, как гром разразится на врага и наоборот подымет курдский народ на новые подвиги. Таким образом, будут созданы условия для защиты прав курдского народа в международных организациях и организации Объединенных Наций.

Когда авторитет курдского народа будет поднят официально советской властью, тогда несомненно этот авторитет (стр.96) в известной степени подымется и во всем мире и это не может не отразиться на престиже врага.

Издавать ежемесячный журнал на курдском языке, на

страницах этого журнала отражать культурно-политическое, экономической положение в Курдистане. Через этот журнал указывать пути освобождения курдского народа. Составить историю революционного движения Курдистана, где показать все еще продолжающееся угнетение и бесправное положение курдского народа. Показать, что курдский народ является одним из жизнеспособных и передовых народов Востока, однако, за последнее время его имя стерто из истории и словарей. Но этот народ будет жить и здравствовать.

Помогите нам обратиться в организацию Объединенных Наций и предъявить свои претензии в отношении четырех реакционных правительств -Турции, Ирана, Ирака и Сирии, продолжающих поныне угнетать курдов.

Когда будет сорвана маска и обнажится истина, тогда будет ясно видно какому гнёту подвергался курдский народ, и что такого положения не переживали даже народы южной Африки.

Об этом мы сочли нужным рассказать Вам, как руководителю и отцу народов Востока.

Я имею большое желание посетить Вождя трудящихся всего мира товарища Сталина и рассказать о горе курдского народа. Ваше внимание к народам Востока, в частности, к курдскому народу, вселяет в нас надежду. Поэтому я и стремлюсь к встрече с Вами. Если смог бы посетить товарища Сталина, то это было бы для меня и для курдского народа большим счастьем. Я стараюсь добиться этого и прошу

стр.96

Вас, тов.Баширов, как близкого соратника тов.Сталина помочь мне в этом. Таким образом, я смог быт увидеть и надежду всех трудящихся мира Москву, а также гор. Сталинград, где войска Красной Армии разгромили врага и заложили начало будущей победы. стр.97

Я еще раз изъявляю свое желание посетить товарища Сталина, жду, чтобы моя мечта сбылась и это зависит от Вашего великодушия.

Я очень нуждаюсь в политических и партийных знаниях, поэтому прошу обучить меня этим знаниям.

К Вам имею еще одну просьбу: в настоящее время при мне находится мой племянник (сын брата) Шейх Сулейман Барзани. Он во всех военных и политических боях принимал непосредственное участие и практически зарекомендовал себя моим самым близким помощником и товарищем.

Если временно или надолго я буду отсутствовать, то он, т.е. Шейх Сулейман достоин заменить меня и может своей способностью служить Вам.

Я надеюсь, что Вы примите меня, и я смогу рассказать о нашем положении более обстоятельно.

С почтением к Вам

сын и слуга курдов

Мустафа Барзани
подпись

15 ноября 1947г.
г.Баку

## دیکۆمێنتی ژمارە(25)

لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا[24]

ڕۆژ / 1961/6/33

ژمارە/2272/ د 13

### ڕاپۆرتی هەواڵەکانی دەرەوە

وڵات/ عێراق

بابەت/ بارودۆخی ناوەوە

ژێدەر/ سەرۆك هۆزەکانی ناوچە

((زۆر نهێنی))

بەپێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون نزیك بیست ڕۆژ بەر لە ئێستا لە نێوان هـۆزی – گـۆران–ی عێـراق کـە سـەر بـە بارزانیەکانـە، هـۆزی هـەرکی (خێلـی محـی الـدین) دژی بارزانیەکانە لە سەر ئاشیٚ– جوجەر– لە نزیك موسڵ کێشەیەك ڕوویداوە، بووەتـە هـۆی شەڕ لە نێوانیان و لە ئەنجامـدا (7) کـەس لـە هەرکییـەکان و (3) کـەس لـە گۆرانـەکان کوژراون و دواتر بە هۆی ناوبژیوانی مەئمورانی حکوومەتەوە کێشەکە کۆتایی پێهاتووە.

هەروەها سیٚ گوند لە گوندەکانی بارزانیەکان کە دەکەونە سەر ڕێی هاتنی هۆزی هەرکی بەرەو ئێران چوڵ کراون.

بۆچوون/ ئەم جۆرە کێشە و بەیەکتر هەڵپژانە هەرچەند زیاتر بـن دەبنـە هـۆی کزبـوونی حزبی پارتی و ڕێگرتن لە چالاکیەکانی مەلا مستەفا و لایەنگرانی حزبەکەیان.

وێنەیەك بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەکانی دووەم و سێیەم بۆ پێزانین.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (25) وەك خۆی


سازمان اطلاعات و امنیت کشور

گزارش اطلاعات خارجی

## دیکۆمێنتی ژمارە(26)

بروسکە[25]

لە بەرێوەبەرایەتی مانۆڕەکانی سەربازی ژمارە 3478/7

بۆ/ هەردوو فیرقەی یەك و دوو ڕێکەوت 1963/7/2

گەیشتینە ڕێککەوتن لە گەڵ حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران بە ڕێگا دان بە هێزە ئاسمانییەکانیان بە دەربازبوونیان لە سنوورەکانی سەر زەوی لە سەر هێڵی سەرەکی کە تێپەر دەبێت لە سەرسنك بۆ ئاکرێ و ڕەواندز بۆ چاودێریکردنی بارەگایەکانی جوداخوازەکان لە ناو خاکی عێراق، تکایە ئاگاداری یەکە سەربازییەکان بکەن لە ناوچەکانی ئاژاوە و شەڕ و شۆری تێدایە بۆ ئەوەی لێکدان دروست نەبێت لە گەڵ فرۆکەکانی جەنگی تورکی و ئێرانی، بەم زووانە دوو ئەفسەری پەیوەندیدار یەکێکیان لە سوپای تورکیا و ئەویتریان لە سوپای ئێران دەگەنە عێراق، یەکەمیان لە موسڵ نیشتەجێدەبێت و ئەویتر لە کەرکوك، هەر یەکێکیان ئامێریکی بێتەل لە گەڵ خۆی دەهێنێت بۆ زامنکردنی پەیوەندیەکان و هاوکاریکردن لە گەل یەکەکانی سوپای ئێمە).

## دیکۆمێنتی ژمارە(27)

**لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا**[26]

ڕۆژ/1963/8/8
ژمارە/331/15858

**نهێنی**

**بابەت/ تەکیە و مزگەوتەکانی کوردستانی ئێران**
**سەرچاوەی هەواڵ/ کەسێکی تایبەت.**

بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون لە هەموو مزگەوتەکان و گوند و بازاڕ و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کوردستان (مەبەستی کوردستانی ئێرانە-و-) خەڵکی وەك شێوەن و ماتەمی محەڕەم، بۆ بۆمباران کردنی هاوڕەگەزەکانی خۆیان بە خەم و پەژارەن. شەو و ڕۆژ لە چاوەڕوانیدان و بەردەوام هەموو جۆرە شتێك وەکو خواردەمەنی، پارە، بە تایبەت گەنم و ئارد و قەند و شەکر کۆ دەکەنەوە دەنێرنە عێراق.
کۆکردنەوەی پول و پارە ئیتر بە ئاشکراییە. بەم دواییانە لە شاری ورمێ لە ناوچەکانی شاپوور، ماکۆ، شنۆ و عەشایری جۆراجۆر پول و پارە کۆکراونەتەوە و دەینێرنە کوردستانی عێراق، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە بەشی زۆری ئەو هەرێمە لە ژێر کارتێکردنی کوردەکانی لای تورکیا ئەوانیش بەو کارە هەڵساون، ئەو کارەیان کردووە، چونکە کوردەکانی لای تورکیا بۆ هەناردنی هاوکاری دەست پێشخەربوون. لە ناوچەی بانە، سەردەشت، مەریوان، سنە، کرمانشانیش بەم هاوکاری کۆکردنەوە هەڵساون، لە لایەکی تر دەگوترێت لە وڵاتە کۆمینیستیەکان بە شۆرەیشەوە، لە وڵاتانی وەکو

مەجەرستان، ڕۆمانی و ئەوانی ترەوە هاوکاری کوردەکان دەکرێت. هەروەها لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو هەواڵی سەرکەوتنەکانی کوردەکان دەکرێت لە تێك و پێکشکاندنی لەشکری عێراق لە سەر ڕێگاکانی کەرکوك، موسڵ، بەغدا و خانەقین بڵاوبووتەوە بەم بۆنەیەوە هەموو کوردە ئێرانیەکان جەژن و شاییان گێراوە و بەرهەڤی خۆیان بۆ پشتیوانی ئەوان ڕاگەیاندەوە. سەرەڕای ئەوەش هۆز و خاوەن زەوی و زارەکانی زۆربەی عەشیرەتەکان بەشە هاوکاری خۆیان بە جیا کۆکردووتەوە و بۆ هاوکاری ئەوان ناردوویانە. لە لایەکی تریشەوە پیاوانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران پەیوەندییان بە دەوڵەمەندە گەورەکانەوە هەیە بەرهەڤی خۆیان بۆ بەشداری و پشتیوانی شۆڕشی کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراقدا ڕاگەیاندووە.

هەروەها کوردەکانی تاران تاکو لە دام و دەزگاکانی حکومەتی داوای هاوکاری و پشتیوانیان لە فارس زمانەکانیش کردووە پول و پارەیان بۆ ئەم مەبەستە کۆکردووتەوە.

وێنەیەك بۆ/ ساواکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ڕەزائیە)، کرمانشا – مهاباد – کوردستان (سنە) بۆ سەر ڕاستکردنی ئەم هەواڵە و چۆنیەتی هەوڵدانتان.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (27) وەك خۆی



## دیکۆمێنتی ژمارە(28)

له بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا[27]

ڕۆژ/1963/8/12

ژمارە/331/16632

**زۆر نهێنی**

بابەت/ هاوکاری ڕاپەریوانی باکووری عێراق

سەرچاوەی هەواڵ/ شارەوانی

بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون لە ڕەزائیەوە، لەو ڕۆژەوەی دەوڵەتی عێراق دەستی داوەتە سەرکوتکردنی ڕاپەریوانی ( مەلا مستەفا بارزانی)، خاوەن زەوی و زارەکانی کوردی ئێرانی، لە ڕوو خۆیان زۆر هێمن و بێ لایەن نیشان دەدەن، بەڵام لە دڵەوە بە نهێنی لە گوند و لادێکان وماڵی هەندێ لەو خاوەن زەوی و زارە دەوڵەمەندانە کە لە شاری (در)ێیە کۆبوونەوە و باس و خواس و پێشبینی و هاوکارییەکانی خۆیان بۆ بارزانیەکان دەخەنە بەر باس و هەموو ڕۆژێك پەیوەندییان بە مەلا مستەفا بارزانیەوە هەیەو هەواڵی بارودۆخیان دەپرسن، بەڵام بۆ سەرگەرمکردنی پاسەوانانی سەرسنوور پرۆپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردووتەوە کە هەرکەسێك لە کوردەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە مەلا مستەفا بارزانی بچێتە ناو خاکی عێراقەوە لە لایەن بارزانیەکانەوە دەگیرێ و دەدرێتەوە دەست دەوڵەتی شاهنشایی تا بەو پڕوپاگەندەیە بتوانن لە هەلی گونجا و بۆچوونی خۆیان جێبەجی بکەن، هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دەوڵەمەند و خاوەن زەوی و زارە کوردەکان بەردەوام پەیوەندی نا ڕاستەوخۆیان لە گەڵ یەکتردا هەیە.

وێنەیەك بۆ ساواكی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ڕەزائیـە) – كوردسـتان (سـنە) – كرمانشـا / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی حەوتەم.

## دەقی دیكۆمێنتی ژمارە (28) وەك خۆی

### گزارش اطلاعات داخلی

| | |
|---|---|
| موضوع - کمک به کردستان شمال عراق | شماره - |
| محل - | تاریخ حادثه - |
| عطف بشماره - | تاریخ وصول خبر ۲۲/۴/۴۲ |
| منبع خبر - [illegible] | تاریخ گزارش ۲۲/۴/۴۲ |
| تقویم: ب ۲ | |

خیلی محرمانه

حامل [illegible] اطلاع داده است [illegible] افراد [illegible] ملا مصطفی [illegible] بارزانی ) بوده [illegible] افراد ایرانی [illegible] کردستان [illegible] [illegible]

[illegible] در حدود [illegible] بارزانی [illegible] افراد ایرانی [illegible] عراق [illegible] [illegible]

هه [illegible] ارتباط [illegible] دارند [illegible]

[illegible]

۱۳۵۰۲

۲۵/۴/۴۲

[illegible]

پێناس و ناسنامەی ئەو مەلایانەی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی نەمریان دا.


الجمهورية العراقية

رقم الهوية

ديوان الاوقاف

التوقيع

عەبدولجەبار ئەعزەمی


المنتسبين و العاملين في دار الثقافة

الاسلامية

سەید عەبدولحوسێن دەخیلی







ئەحمەد عەبدوڵڵا یاسین


هوية
المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسلامية - بغداد - ص. ب ١٣٢
هاتف ٢٥٦٦٤ - ٦٢٤٧٩
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار ١/١/١٩٧١
توقيع صاحب الهوية
تجدد هذه الهوية سنويا


هوية
المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسلامية - بغداد - ص. ب ١٣٢
هاتف ٢٥٦٦٤ - ٦٢٤٧٩
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية
تجدد هذه الهوية سنويا

ئەحمەد محەمەد قاسم


هوية موظفين
الاسم واسم الاب
الدائرة
المحلة
العنوان
الراتب
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية

عەبدولوەهاب ئەعزەمی



باقر مزەفەر




محەمەد کامیل ئیسماعیل




سەید نووری حەسەنی

## دیكۆمێنتی ژماره(29)

نامەی بارزانی بۆ ئەلێكس كۆسیگن[28]

سەرۆك وەزیرانی یەكێتی سۆڤیەت

هاورێی ئازیز ئەلێكس كۆسیگن –ی بەڕێز

سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەكێتی كۆمارە شوسیالیستەكانی سۆڤیەت

سڵاوێكی گەرم

مایەی دڵخۆشییە كە هەلی سەردانە پڕ بەخششەكەتان بۆ عێراقی وڵاتمان بقوزمەوە بۆ ئەوەی جوانترین بەخێرهاتنتان بكەم و هیوای مانەوەیەكی خۆش و شادتان لە وڵاتەكەماندا بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی كە سەردانەكەتان بەشدارییەكی كارای لە پەرەپێدانی پەیوەندی ئەو هاوكاری دۆستایەتیەی لە نێوان حكوومەتە بەڕێزەكەتان و حكوومەتی كۆماری عێراقدا و لە نێوان گەلانی مەزنی یەكێتی سۆڤیەت و لە نێوان گەلی عێراقماندا هەیە بە عارەب و كورد و كەمایەتیە براكانی، زۆر ئاواتە خواز بووم، كە شەرەفی پێشوازیتانم لە بەغدا پێببڕایە بەڵام بارودۆخی سیاسی نالەبار ڕێی لە نێوان من و وەدیهێنانی ئەو ئاواتە داگرت.

هاورێی ئازیز... بە پێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم كە بونەی سەردانتان بۆ عێراق بە هەڵ بزانم تا لە هەندێ لایەنی جیاجیایی ئەو پەیوەندییە ئاگەدارتان بكەمەوە كە لە نێوان حزبی ئێوە و نێوان گەلی كوردمان لە نێوان حزبی بەعسی شوشیالستی عارەب و حكوومەتی عێراقدا لە لایەكی ترەوە هەیە، چونكە من بڕوای تەواوم هەیە كە ئەم بابەتە یەكێك دەبێت لەو خاڵانەی لە ماوەی ئەو گفتوگویە لە نێوان شاندی عێراق و سۆڤیەتدا لە بەغدا باس دەكرێت، لە بەر ئەو بایەخە تایبەتیەی ئەم مەسەلە زیندووە لەم باردۆخەدا هەیەتی، لە كاتێكدا كە هەوڵ و تەقەڵای هەندێ ناوەندی بەرفراوانی هێزی جیا جیا لە ناوەوە و دەرەوەدا بۆ بەرەو و تەنگژە بردنی بارودۆخەكە لە عێراق و

کارکردن لەو ڕێگەیەوە بۆ ڕۆخاندنی ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە بەغدا هەیە تاو دەسێنێ و گومانیش لەوەدا نییە کە ئێوە ئاگاداریەکی تەواوتان هەیە لە بارەی قەبارە و هێزی ئەو ناوەندانە، بێگومان زۆریشن، من چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە جێدێلم بۆ ژیری ئێوە و دووربینی سیاسەتی ڕابەریانەی سۆڤیەت و سۆزی هەمیشەیی بۆ بزاڤی ڕزگاری خوازانەی گەلانی ستەمدیدە، گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانە و پەرۆشە بوو بەرقرار بوونی ئاشتی و ئارامی لە عێراق و دەستەبەری یارمەتی دان و پێشکەوتنی پەرەپێدانی پەیوەندییە چاکەکانی لە گەل یەکێتی سۆڤیەتدا و چاوەڕوانی ئەوەی کە ئێمەش شەرەفی بەشداربوونمان هەبێ، ئەوەندە کە باردۆخ و توانامان ڕێگەمان پێدەدەن کە بەو ڕووکار و ئاراستەیەی لە گەڵ خواست و ئارەزووی گەلی کوردمان دەگونجێ کە گەورەترین ڕێز و تەقدیری بو گەل و حکوومەتی سۆڤیەت هەیە.

**هاورێی بەڕێز**

لای ئێوە شاراوە نییە کە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژووی ساڵی 1973 ڕۆداوێکی دیار و بەرجەستە و خاڵێکی ڕۆشنی مێژووی عێراق و بە هێزکردنی یەکێتی نیشتیمانی گەلەکەی و پشتیوانی برایەتی عارەب و کورد و یەکگرتنی خەباتی ناکۆییان بۆ لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا ئێمە بە جیددی و دڵسۆزییەوە دوای مێژووی ناوبراو لە پێناوی دوو ئامانجی بنەڕەتی دا کاردەکەین:

یەکەم: جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ناوبراو بە هەموو ئەو پابەندایەتیە بەرامبەرانەی کە لەو ڕێککەوتننامەیەدان.

دووەم: بەختکردنی هەموو توانایەك کە هەمانە لە پێناوی پێکهێنانی بەرەی نیشیمانی پێشکەوتن خواز و وەدیهێنانی ئامانجە گشیتەکانی گەلی عێراقمان لەو ڕێگەیەوە.

وا بە پچڕاوەیی پاشبەندێکتان بۆ دەنێرین، کە پیشاندانێکی گشتگیری ڕێککەوتننامەی ئاداری تێدایە، ئەوەی جێبەجێکراوە و ئەو بەندانەشی کە جێبەجێ نەکراون، مرۆڤی خاوەن ویژدان لەم پێشاندانەدا تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێك بەندی ڕێککەوتننامەکە

بە ڕاستی جێبەجێکراون، بەڵام لایەنە گرنگترەکەی لە ئەسلی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردمانە، هێشتا هەر چاوەڕوانی جێبەجێکردنن، بەم بۆنەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین دام و دەزگا جیاجیاکانی حکوومەت لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی تێپەڕی، کاری وا پڕ مەترسیان ئەنجامداوە لەوانەیە ببوانە هۆی هەڵتەکاندنی باوەڕپێکردن لە نێوان هەردوو لادا، گەیشتنە ڕادەی ڕماندنی هەموو پردێکی باوەر و متمانە و گومان و دڕندوگی لەلایەن هەر دوو لاوە، جێ ئەوانەی گرتووتەوە. ئەوەتا سەرەرای سیاسەتی بە عارەب و بەعسی کردن و کاری کڕینی ویژدانی خەڵکی نەفەس نزم لە ناوچەی کوردیدا، بە تایبەتیش لەو ناوچە تێکەڵانەی کە یەك نەتەوە زیاتریان تێدا دادەنیشن و دەسەڵاتدارانی بەرپرسی حکوومەت هیچ تەدابیرێکی یاسایی پێویستیان نەگرتووەتە بەر بۆ گەلێك ڕووداوی دەست درێژی و دوژمنکاری کە ئێمەگەلێك جار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دووچاریان هاتووین، لەوانەش تەقەکردن لە بارەگای حزبمان لە موسڵ تەنیا دوو هەفتە لە دوای ڕێکەوتنامەی ئادار، هەروەها سەبارەت بەو هێرشەی لە کۆتایی ساڵی 1973بۆ سەرئۆ تۆمبێلەکەی ئیدرس بارزانی سازکرا لە بەغدا ڕووی دا و چەند بەرپرسێکی حزبمان تێدا بریندار کران، هەروەها حکوومەت لە تەممووزی ساڵی 1971 هێرشێکی چەکداری ڕێکخست بۆ سەر بارزان و سوپا بە پشتیوانی تۆپخانە و باڵەفڕ بەشداریی تێدا کرد، بە مەبەستی گێروگرفت و ئاژاوە دروستکردن لە ناوچەی ناوبراودا، حزب بەڵگەی تەواوی لایە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، کە هەندێك دام و دەزگای دەوڵەت ئەو هەڵە سەرنەکەوتووەیان بۆ کوشتنی من لە 29ی ئەیلوولی پار ڕێکخست، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت پێش چەند مانگێك دەستیان دایە هەڵمەتی دەرکردنی بەکۆمەڵی ستەمکارانە دژی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراق، بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێککارییانەی لە کاتی خۆیدا لە گەڵ سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی شوسیالستی عارەب لە سەریان ڕێك کەوتبوون، ئینجا لە دوای ئەو شالاوێکی بەربلاو لە لایەن بەرێوەبەرایەتی (استخباراتی) سەربازی

دەستی پێکرد دژی ئەو کوردانەی سەر بەهێزە چەکدارەکانن بە تایبەتیش لە نێو ئەوانەدا کە ئەندامانی حزبی ئێمەن، دواکاری ئومێد بڕیش ئەوەبوو هەندێ ڕەگەزی سەر بە دەسەڵاتداری و حزبی بەعس دەستیان دایە تیرۆرکردن و کوشتنی ئەندامانی حزبمان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات. ئەو کرداری تیرۆر و کوشتنە تەنیا هەر بەحزبی ئێمەوە نەوەستا وەکو زۆر باش لای ئێوە ئاشکرا و زانراوە. حاڵەتێکی ناباوی تیرۆر و توقاندن و نەمانی ئاسایش و ئازادی دیموکراتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و لە ئەنجامی ئەوشدا وەك لاتان شاراوە نییە ئەوە دووساڵ زیاترە، سەدان شیوعی و پێشکەوتنخواز و کەسانی سەر بە حزبە نیشتمانییە جیاجیاکان تیرۆرکران و کوژران، ئەمەش یەکێك بوو لە خاڵەکانی ناکۆکی بنەڕەتی لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

سەبارەت بە یاسای چاکردنی کشتوکاڵیش، ئەوا لە کوردستان جێبەجێکردنی تووشی کوسپ و تەگەر دێت و حکوومەت مەبەستی لەمەدا بەخشینی ئەو دەرەبەگە کوردانەیە لە پابەندایەتی بە یاسایی ناوبراو، بەرامبەر ڕەزامەنی ئەو دەرەبەگانە کە دژی ئێمە کاربکەن. ئەم کارە پڕ لە پێچاوپێچییە کاردانەوەیەکی تۆندی لای جەماوەری کورد و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بە شێوەیەکی گشتی دروست کردووە. جا لە بەر پەرۆشی زۆمان بۆ بەرقرابوونی ئاسایش و ئارامی لە هەموو لایەکی وڵاتەکەمان، هەوڵێکی زۆرمان لە گەڵ حکوومەت و حزبی بەعسی سوشیالیستی عارەب دا، چ لە ڕێگەی دەمەتەقێ و گفتۆگۆی ڕاستەوخۆ یا ڕۆژنامەوە یان ئاڵۆگورکردنی یاداشتنامە لە پێناوی سنووردانان بۆ ئەو کردەوە نا لەبارانە، بەڵام هەموو ئەرك و هەوڵێکمان لەو ڕووەوە بە با چوون بە بەردەوامیش باڵیۆزخانەی یەکێتی کۆمارە شوسیالستەکانی سۆڤیەتمان لە بەغدا لەو وردە بابەتانەی پەیوەندییان بەو مەسەلەوە هەیە ئاگادار دەکەینەوە و هەروەها ئەو ڕاستیانەمان بۆ هاوڕێ ڕۆمانسیف کە لەم دوایانە سەردانی کردین، ڕوونکردووتەوە و وێنەیەکی هەریەك لەو یاداشتنامە و ئەو گفتۆگوانەی لە نێوان ئێمە و نێوان حکوومەت و

حزبی بەعسی سوشیالیسی عارەبدا ڕوویان داوە داوەتیّ و هەروەها چەند وێنەیەکی تری زیادە دەخەینە بەردەست تان بۆ ئاگاداری.

هاوڕێی ئازیزمان...

ئێمە بە پێویستی دەزانین و لەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە هەست بە ئازار و ناخۆشی و نەمانی بڕوا و متمانە و هیوا دەکەین لە ئەنجامی بەردەوام بوونی دەسەڵاتدارییەتی لە پێڕەوکردنی سیاسەتی خەڵك شلەژاندن و تۆڕەکردن، هەروەك هەست بە ئیحراج و ترس دەکەین لە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە لای ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، لەوەش دەترسێین کارەکە لە دەست ئێمە دەرچێت لە لایەن ئێوەشەوە گڕان بیّ کە فریای کارەکە بکەون دوای ئەوەی کار لە کار دەترازێت ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی دروستکردنی کەش و هەوای پێویست و لە بار بۆ گێرەشێوێن و بەکرێگیراوان، بۆ نانەوەی ڕوداوی خەڵك وڕووژێن، بارودۆخی وڵاتەکەشمان وا سەر لە نویّ لە ڕۆخی شەری برا کوژییە، ئەمەش کارەساتی مەرگەساتبار و شتی خراپ لێکەوتنەوەی مەترسیدار و نا لەبار بۆ دوا ڕۆژی عێراق بە دوای خۆی ڕادەکێشێت، بێگومان کارتێکردنی سلبیانەشی بۆ سەرجەم بارودۆخی ناوچەکە دەبێت.

ئێمە لە گەلّ هەموو ئەوانەی پێشەوە باسکراون لەبەر پەرۆشیمان بۆ ئەوەی بەرژەوەندی بنچینەی گەلی عێراقمان بە عارەب و کوردەوە بە فیڕوو نەدەین چاوەڕوانی ئەوەین حکوومەتی عێراق و حزبی بەعسی سوشیالستی عارەب چاوێك بە سەرجەمی سیاسەتەکەیان بە کێشەی کوردا بخشێنەوە، هیوامان وایە کە دەست پێشخەری پەیڕەوکردنی ئەو پەڕی پلەی پاڵەپەستۆ کە لە تواناتاندایە پەیڕەو بکەن، لە پێناوی وەدیهانانی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە سیاسەتی حکوومەتی عێراقدا، لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاری ڕاستگۆ و دڵسۆزانەی نێوان حزبەکەمان و حزبی بەعسی سوشیالستی عارەب و حزبی شیوعی عێراق و حزبە نیشتیمانییە پێشکەوتنخوازەکانی

تر، له ڕێگەی جێبەجێکردنی بەندەکانی تری ڕێککەوتنامەی ئادار و وەدیهێنانی ئامانجە گشـتیەکانی خـەباتی هـەموو گـەلی عێراقمـان، لـە بنیاتنـانی ئاشـتیەکی چەسـپاوی نیشتیمانی و هێنانە دی ئەوەی کە ئاواتی بۆ دەخوازێت لـە پێشـکەوتن و گەشـەکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز بەرەوپێشەوە بچین. ڕەنگە شـتێکی لـە بار بێت، لە کۆتاییدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەین کـە گـەلی کوردمـان هەسـت بـە خۆشـی و بـەختیاری دەکـات، ئەگـەر بوتـان بکرێـت لـەم سـەردانەتاندا تەشـریف بێـنن بـۆ خـاکی کوردستان.

لە کۆتاییدا ئەو پەڕی ڕێز و قەدرلێنانمان قەبوول بفەرموون.

دڵسوزتان

مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

1972/4/8

دیکۆمێنتی ژمارە (30)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[29]

یاداشتنامەی کۆبوونەوەکان لە وەزارەتی دەرەوە دەربارەی دانیشتن لە گەڵ نوێنەرە کوردەکان لە وەزارەتی دەرەوە.

5ی تەمموزی 1972-واشنگتۆن.

(فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە، 1969-1976، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگیE4، 1969-1972).

319- یاداشتنامەی دانیشتنەکان، واشنگتۆن، 5ی تەمموزی 1972، نهێنی.

بابەت: دانیشتن لە گەڵ نوێنەرە کوردەکان لە وەزارەتی دەرەوە لە واشنگۆن.

1- لە ڕێگای ئاسانکارییەکانی شای ئێران، نوێنەرانی ڕێبەری کورد، مەلا مستەفا بارزانی لە 33ی حوزەیرانی 1972 لە گەڵ هیلمز، کۆلۆنیل ڕیچارد کێنێدی و کاربەدەستێکی CIA دیداریان کرد. ئەم یاداشتنامەیە ناوەڕۆکی ئەم دیدارە لە خۆدەگرێت. هەروەها کۆمەڵێك زانیاری باکگراوەندی دیکە و وردەکارییەکانی پشتیوانی کردن لە داواکارییەکانی کوردەکان بۆ یارمەتیدانیان هاوپێچ کراوە. ئەم زانیاریانە هەروەها لە کاتی گفتۆگۆ بەرفراوانەکان لە 1ی تەمموزی 1972 خراوەتە بەردەم نوێنەرانی CIA کە لەم گفتۆگویەدا بەشدار بوون.

2- وەك وتەبێژی نوێنەرە کوردەکان، بەڕێز (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) بە ڕاگەیاندنی سڵاو ڕێزی مەلا مستەفا بارزانی بە نیکسۆن (سەرۆك کۆماری ئەمریکا) و خەڵکی ئەمریکا، دانیشتنەکەی 1ی تەمموزی کردەوە لەلایەن بارزانییەوە سوپاسی ئەمریکای کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە (کە کوردەکان لە مێژە هەوڵی بۆ دەدەن) بۆ

خستنه بەر باسی ڕاستەوخۆی مەسەلەی کورد لە گەڵ دەوڵـەتی وڵاتـە یـەکگرتووەکان، داوا لە هەردوو لا کرد بە تەواوی ڕاشکاوانە و بێ ڕوو دەربایسی گفتۆگـو بکـەن. نـاوبراو پاشـان باسـێکی کـورتی بـە گشـتی دەربـارەی مێـژووی بزووتنـەوەی کـورد و شـەڕ بـۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق خستە ڕوو و وێرای شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان لە ڕووی ژیۆپۆلۆتیکیەوە وتی تەنها هەڵکەوتی ژیۆپۆلۆتیکی کوردسـتانە کـە دەتوانێـت ببێت بە کەند و کۆسپ لە سەر ڕێگـای دەسـەڵاتی تـەواوی سـۆڤیەت بـە سـەر عێـراق و کاریگەرییەکانی لە سەر وڵاتی دیکە بە تایبـەت ئێـران، تورکیـا، عەرەبسـتانی سعودی، ئۆردن و وڵاتی کەنداوی فـارس. نـاوبراو بـە وردی باسـی هەوڵـە هاوبەشـەکانی عێـراق و سۆڤیەتی کرد بۆ ئەوەی کوردەکان بخەنە ژێر کۆنترۆلی ڕژێمـی بـەعس لـە بەغـداد و بـە تایبەتی ئاماژەی کرد بە توندتر بوونی گوشارە سیاسـییە ڕاسـتەخۆکانی سـۆڤیەت لـە سەر ڕێبەری کوردەکان، لە وانە دیداری ڕێبەرە سەرەکییەکانی حزبی شیوعی و یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری دیموکراتیکی ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات لە گەڵ بارزانی.

ناوبراو وتی سۆڤیەت لە کۆتایی حـوزەیرانی 1972 داوای لـە بـارزانی کـردووە وەڵامـی ئەرێنی بداتەوە بە وەی کە کوردەکان پەیوەست بن بە دەوڵـەتی بـەرەی نیشـتمانی لـە عێراق.

نـــاوبراو ئـــەو هەوڵـــەی ســـۆڤیەتی وەك یارمەتیـــەك بـــە ئـــابووری، ســـوپا و هەوڵـــە تیرۆریستیەکانی عێـراق ناوزەنـد کـرد کـە ئامـانجی تێکشـکاندنی بـارزانی و ڕێبەرایـەتی سیاسی کوردی عێراقە. وتەبێژی نوێنـەرە کوردەکـان وتـی بـارزانی و ڕێبـەرانی دیکـەی عێراق لە سـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە ئەگـەر یارمەتییـەکی بەرچـاویان لـە دەرەوە نـەدرێت ناتوانن زۆرتر لە 6 مانگ لە بەرامبەر گوشارە هاوبەشەکانی عێراق و سۆڤیەت ڕابوەستن ئەگەر ئەم یارمەتیە نەگات بە دەستیان، کوردەکان لە ماوەی 6مانگدا ناچـار دەبـن لـە گەڵ حکوومەتی ناوەندی عێراق سازشێکی سیاسی بکەن یان شەڕی لە گـەڵ بکـەن کـە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابن.

3- ناوبراو جەختی کردەوە بارزانی خوازیاری زیادبوونی یارمەتی دەرەکییە، نەك تەنها بۆ ئـەوەی ناوچـەکەی لـە بەرامبـەر سـۆڤیەت و عێـراق بپارێزێـت، بـەڵکو دەیـەوێت کوردسـتانیش بکـات بـە فـاکتۆرێکی ئـەرێنی لـە پـاڵ وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە تایبەت ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی، ئوردن و وڵاتانی کەنداوی فارس. ناوبراو هـەروەها وتـی بـارزانی لە سەر ئەو قەناعەتەیە کە سۆڤیەت ئێستا کۆنترۆڵی ڕووداوەکانی عێراق دەکات و کاتی ئەوە بەسەر دەچێت کە ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی ببن بە هاوسنووری عێراق. بارزانی لە سـەر ئـەو باوەڕەیـە کـە کوردسـتان هـەر چـەند وڵاتێکـی بچـوکە، بـەڵام دەتوانێـت لـە هەڵکەوتە ستراتیژیەکەی کەڵك وەربگرێت، وەك فاکتورێکی کاریگەر لە جیهانی ئـازاد دا شەڕ بکات بۆ ئەوەی ڕێگا لە پەرەسەندنی سۆڤیەت لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بگرێـت و دەسپێشخەر بێت بۆ جیهانی ئـازاد و هاوپەیمانـەکانی لـە ناوچـەکە. لـەم پەیوەندییـەدا نـاوبراو ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە سەرچـاوەکانی نـەوتی عێـراق زۆرتـر لـە ناوچـە کوردنشینەکاندایە، کەوابوو کوردستانێکی بەهێز دەتوانێت ببێت بە فاکتۆرێکی گرنگ لە سیاسەتی نەوتی عێراقدا.

4- ناوبراو وتـی لـەم چوارچـێوەیەدا کـە ئامـاژەی پێکـرا، بـارزانی خوازیـاری یارمـەتی سیاسی، ماددی، سەربازی و هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بـەم شـێوازەی خوارەوە:

الف- بە فەرمی ناسینی ئامانجی ئۆتۆنـۆمی کـورد و بـەردەوامبوونی پەیوەنـدی نهێنـی ڕاستەخۆ لە نێوان بزوتنەوەی کورد و حکوومەتی ئەمریکا.

ب- یارمەتیدانی ماددی بە کورد وەکو پێویست بۆ ئـەوەی کوردەکـان بـبن بـە هێزێکـی چەکداری هێرشبەر بەو مەبەستە کە یا ڕاستەوخۆ دەوڵـەتی بـەعس لـە بەغـدا بـڕۆخێنن یان لایەنی کـەم زۆربـەی هێزەکـانی سـوپای عێـراق بخەنـە نـاو شـەڕێکی بـەرفراوان بـۆ

ئەوەی رژێمی عێراق (وەك دەوڵەتێك كە لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدایە و هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندی ئەمریكا و جیهانی ئازاد و هاوپەیمانەكانی لە ناوچەكە) بڕوخێنن.

ج- دابینكردنی یارمەتی سەربازی.

د- دروست بوونی پەیوەندی هەواڵگری لە نێوان كوردەكان و وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ ئەوەی یارمەتی هەواڵگری بدەن بە كوردەكان.

5- بۆ جێبەجێ بوونی داواكاری سەرەوە بۆ پەیوەندی ڕاستەخۆی بەردەوام لە نێوان ڕێبەرایەتی كورد و حكوومەتی وڵاتە یەكگرتووەكان، ناوبراو وتی بارزانی پێشنیار دەكات بەڕێز (ناوەكەی ڕەش كراتەوە-وەرگێر) بۆ هەمیشە یان بۆ ماوەیەك بێتە حاجی عومەران، ئەگەریش ئەم پێشنیارە بە باش نازانن، بزوتنەوەی كورد لە هەر شوێنێكی گونجاو كە وڵاتە یەكگرتووەكان بە باشی بزانێت دەتوانێ لەم پەیوەندییەدا بێت لە گەڵ ئەمریكا. ناوبراو وتی بارزانی لە قۆناغی یەكەمدا چاوەڕوانی ئەوە دەكات لە هەركاتێكدا هەلومەرجی سیاسی ڕێگا بدات سەردانی وڵاتە یەكگرتووەكان بكات، جەختی كردەوە لە بەرامبەر ئەو یارمەتییەی كورد لە ئەمریكا داوای دەكات، بارزانی ئامادەیە بزوتنەوەكەی و هێزە شەڕوانیەكانی ڕەچاوی سیاسەتی ئەمریكا بكەن. ناوبراو ئەوەی زیاد كرد كە پێش لە دەرچوون لە واشنگتۆن خۆی و بەڕێز (ناوەكەی ڕەش كراوەتەوە- وەرگێر) بوار و وردەكاری داواكارییەكەنیان بۆ (ناوەكەی ڕەش كراوەتەوە- وەرگێر) ئامادە دەكەن.

6- بەڕێز (ناوەكەی ڕەش كراوەتەوە- وەرگێر) وتی هەست دەكات نیگەرانییەكان و داواكارییەكانی بارزانی (كە لە سەروە ئاماژەی پێكراوە) زۆر نزیكە لە لێدوانەكانی سەرۆك نیكسۆن لە كونفرانسە چاپەمەنیەكەی 29ی حوزەیران لە پەیوەندی لە گەڵ هەڕەشەی سیاسەتەكانی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەر ئاستی جیهانی. ناوبراو وتی هەوڵی ئێستای سۆڤیەت و عێراق بۆ كۆنترۆڵكردنی كوردستان دەبێ بە

بەشی کۆتایی سیاسەتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی عێراق بکات بە دەوڵەتێکی داردەست، پێش هەموو شتێك هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

7- ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد خۆی و بەڕێز (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) پێستی بەورێکیان لە کوردستان هێناوە بۆ سەرۆك نیکسۆن وەك پێشکەشیەك لە لایەن بارزانیەوە و ئەم پێشکەشییە دەنێرێ بۆ بەرێوەبەرە پەیوەندیدارە ئەمریکیەکە بۆ ئەوەی لەلایەن ڕێبەری کوردەوە بدات بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا. ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا وتی بارزانی هیوادارە دیداری نوێنەرانی کورد لە واشنگتۆن کە زۆر نزیکە لە جەژنی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمریکا لە 4ی تەمموز، حکوومەتی وڵاتەیەکگرتووەکان تەشویق بکات وەڵامی ئەرێنی بداتەوە بەم داواکارییەی ئەوان بۆ یارمەتیدانی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

8- بەرپرسی بەشی پەیوەندیداری وەزارەتی دەرەوە سوپاسی نوێنەرە کوردەکانی کرد بۆ ئەو دیدارە لە واشنگتۆن و سوپاسی بەڕێز (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) کرد بۆ ئەوەی کە بە جوانترین شێوە هەڵوێست و داواکارییەکانی خەڵکی کورد و ڕێبەرایەتییەکەی ڕوون کردووەتەوە. ناوبراو وتی خۆی و "کۆلۆنیل هیلمز" لە لایەن دکتۆر کیسینجیر (وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان)ەوە ڕێگایان پێدراوە هاوسۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە گەڵ بزوتنەوەی کورد بە ڕێبەرایەتی بارزانی بە وان ڕابگەیەنن. بەڕێز هێلمز ئاماژەی بەوە کرد دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کورد لە ئوفیسێکی وەها لە وەزارەتی دەرەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە هاوهەڵوێستین لەگەڵ کوردەکان و ئامادەین داواکارییەکانیان تاوتوێ بکەین. بەرپرسی ئوفیسەکە وتی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێت درێژە بە پەیوەندییەکانی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بدات کە ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد هەنگاوی یەکەمی ئەم پەیوەندییانەیە.

9- بەتەواوی ڕەش کراوەتەوە-وەرگێڕ.

13- بەرپرسی ئوفیسەکە پاشان داوای لە (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) کرد کە بە زوترین کات پێداویستیە ماددی و سەربازییەکانی کوردەکان بە وردی ئامادە بکات بۆ ئەوەی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ بە زووترین کات تاوتوێ بکات. بەڕێز هێلمز جەختی کردەوە کە کات بۆ کوردەکان زۆر هەستیارە و حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم پەیوەندییەدا هەرچی لە دەستی بێت دەیکات و پاشان بە زۆترین کات ئەم یارمەتییانە بۆ کوردەکان دابین دەکات. ناوبراو هەروەها وتی وەڵامەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێگای (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) دەدرێتەوە بە بارزانی. بەڕێز هێلمز وەك بەرپرسی ئوفیسەکە لە پێشەوە کوردەکانی ئاگادار کردەوە کە زۆر زەحمەتە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ یارمەتی سەربازی ڕاستەخۆ بدات بە کوردەکان بێ ئەوەی بیروڕای گشتی ئاگاداری بێت. ناوبراو وتی لەوانەیە ئێمە بتوانیین تاوتوێ کاناڵێك بکەین بۆ دابینکردنی ئەم یارمەتییە لە ڕێگای (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) یا ئێران. بەرپرسی ئۆفیسەکە بە ڕاشکاوی وتی نهێنی پارێزی مەرجی سەرەکی ئەم پەیوەندییەیە و ئەگەر ئەم نهێنیە نەپارێزرێت، پەیوەندییەکە ئاڵۆز دەبێت.

11- بەڕێز (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) لە وەڵامێکدا وتی ڕێبەرایەتی کورد دەرك بە گرینگی نهێنی پارێزی ئەم مەسەلەیە دەکات و ئامادەیە سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانە کە ئەمریکا لەم پەیوەندییەدا دایدەنێت جێبەجێ بکات و هەموو یارمەتییەکانی ئێمە قبوول بکات بەو شێوەیە ئێمە پێیان دەڵێین. ناوبراو بۆ نیشاندانی نیازپاکی کوردەکان لەم پەیوەندییەدا وتی تەنها حکومەتی ئێران ئاگاداری دیداری کوردەکانە لە واشنگتۆن.

12- کۆلۆنێل کێنێدی سوپاس و پێزانینی دکتۆر"کیسنجێر"ی ڕاگەیاند کە کوردەکان بۆ ئامادەبوونیان لە واشنگتۆن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی هەستار و مەترسیداری

کوردستان و پوتانسییەلەکەی بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەور ببینێت. ناوبراو هەروەها بە نوێنەرە کوردەکانی وت سڵاو ڕێزی ئەو...

پاشان دانیشتنەکە کۆتایی پێهات و هەردوو لا ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی نوێنەرە کوردەکان دیسان لە گەڵ (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێر) دیدار بکەن بۆ ئەوەی ووردەکارییەکانی داواکارییەکانیان بخەنە بەردەستی "هێلمز" و "کلونیل" و "کێندی".

**هاوپێچەکان:**

**هاوپێچی سیاسی**

**هاوپێچی ماددی**

**هاوپێچی سەربازی**

**هاوپێچی هەواڵگری**

## 1- هاوپێچی سیاسی

**باکگراوند**

ئامانجی یەکەمی بزوتنەوەی کورد لە عێراق ئۆتۆنۆمییە بۆ ناوچە کوردنشینەکان. ئەو ئۆتۆنۆمییەی کوردەکان داوای دەکەن بەراورد دەکرێت لە گەڵ ئۆتۆنۆمی هەرکام لە ئەیالەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە خۆی کۆنترۆڵی سیستمی پەروەردەی خۆی بکات و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دابین بکات بۆ هاووڵاتیانی خۆی. ئەم ئۆتۆنۆمییە بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت لە گەڵ سەربەخۆیی. ئامانجی دووەمی بزوتنەوەی کورد پەرەپێدانی دیموکراسیە وەك سیستمی سیاسی دەوڵەتی عێراق.

کـەوابوو کـرنگترین لایـەنی سیاسـی پەیوەنـدی کـورد لـە گـەڵ هـەر دەوڵـەتێك (لەوانـە دەوڵەتی ناوەندی عێـراق) ئەوەیـە کـە ئـەو دەوڵەتـە ئۆتۆنـۆمی کـورد لـە چوارچێوەی کۆماری سەربەخۆی عێراقدا وەك مافێکی ڕەوا و یاسایی بە فەرمی بناسێت.

المنشأة العامة للغزل والنسيج الصوفي في أربيـــل

الشؤون الادارية/ذ ع

العدد/ ٥٥٢٤/٦/٥/٩

التأريخ/ ٢٩/٩/١٩٨٣

أمـــر اداري

==========

استنادا" الى نص الفقرة (هـ) من المادة (٣٤) من قانون العمل رقم (١٥١) لسنة (١٩٧٠) وبناء على ماجاء بكتاب المؤسسة العامة للصناعات النسيجية المرقم س/٥٠٦ في ٢٢/٩/١٩٨٣ ونظرا لانقطاع كل من العمال المدرجة أسماؤهم وأقسامهم أدناه من العمل في هذه المنشأة أعتبارا" من تأريخ ٣١/٧/١٩٨٣ وعدم مباشرتهم بالرغم من مرور مدة أكثر من ثمانية أيام على أنقطاعهم لذا تقـــرر:

١- أنهاء خدماتهم من العمل في هذه المنشأة أعتبارا" من تأريخ ٧/٨/١٩٨٣ ب.ظ.م.

٢- أعتبار فترة أنقطاعهم من ٣١/٧/١٩٨٣ ولغاية تأريخ أنهاء خدماتهم غياب بدون أجر.

| ت | الاسم الثلاثي | القسم |
|---|---|---|
| ١ | وحيد هادي رشيد | الغزل |
| ٢ | يونس شهاب بابكر | النسيج |
| ٣ | اسماعيل عمر اسماعيل | التكملة |
| ٤ | درويش شريف حسن | = |
| ٥ | بشير محمد عبدالله | = |
| ٦ | بابكر كريم شريف | الغزل |
| ٧ | عثمان تقي حسين | النسيج |
| ٨ | شكري محمود علي | الغزل |
| ٩ | حسين برايم شيخك | النسيج |
| ١٠ | طاهر خالد ملا | = |
| ١١ | يوسف عزيز أومر | = |
| ١٢ | عزت محمد أحمد | = |
| ١٣ | ياسين أحمد مصطفى | = |
| ١٤ | فارس محمد أمين حسن | = |
| ١٥ | باشا مصطفى سليمان | = |
| ١٦ | رشيد بشير محمد | الغزل |
| ١٧ | ابراهيم تاج الدين | = |
| ١٨ | عبدالله كريم شريف | = |
| ١٩ | عزيز عبدالله محمد | = |
| ٢٠ | جهو اسماعيل جيجو | = |
| ٢١ | سيد آل علي | = |
| ٢٢ | عمر عثمان ويسي | الادارة - ينهى خدماته بتأريخ ١٠/٨/١٩٨٣ |

- يتبع -

و/ المدير العام

عصــام توفيــق النجــم

نسخة منه الى /=

نقابة العمال

الشؤون المالية/ الاجور

الرقابــة الداخليــة

الدائرة الفنية/ كافة الاقسام والشعب

الضمان الاجتماعــي

التمهيــنة والاحصــاء

ضبــط الوقــت

اللجنــة النقابيــة

الاضابير الشخصية/٢٢/ مع الاوليات

الــــدوارة

(غــازي/جــوان/٢٨/٩)

دیکۆمێنتی ژماره(56)

له بەڵگەنامه نهێنیەکانی حکوومەتی عێراق

بەناوی خودای گەورەو مێهرەبان

زور نهێنی و تایبەت

سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش

بەغداد

ژماره/2962

ڕێکەوت/1983/9/4

بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار

ب: پاشکوی خشتەی کاری دادگا بۆ ڕۆژی 1983/9/1

ئاماژه به فەرمانی ڕەوانەکراو ژماره /1328/23/ له 1983/8/28 .

دادگەکەمان کێشەی ژماره 15/ 1983 ئاسایشی بەغداد ش 31 له سەر داوای ژماره 1493/ج/983 یەکلا کردەوه تایبەت به تاوانباران خوشەوی عەزیز محەمەد بارزانی و گرووپەکەی سەپاندنی بڕیاری له سێدارەدان تامردن دەرکرا به پێی ماددەی 159 و 162 و 175 /2 – 49 و 53 و 53 له ق.ع دەست به سەرداگرتنی ماڵی گوێزراو و نەگوێزراو.

تکایه بفەرموون به تێڕوانینی..له گەڵ ڕێزدا

واژوو/ عەواد حەمەد بەندەر

سەرۆکی دادگای شۆڕش

وێنەیەك بۆ/

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی پاڕاستنی نهێنی.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی جێگری سەرۆك.

بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ئاشتی نیشتیمانی.

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد ش31 تکایە بفەرموون بە

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی م 32 خوێندنەوەی لە گەڵ ڕێزدا.

تەنیا حەوت وێنە

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (56) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية وشخصي

رئاسة محكمة الثورة

( بغداد )

العدد :- ٢٩٦٢

التاريخ :- ٤ / ٩ / ١٩٨٣

الى :- رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية

م :- ملحق جدول اعمال المحكمة ليوم ١ / ٩ / ٩٨٣

اشارة الى امركم المرقم ٢٣ / ٢٨ / ١٣٢٨ في ٢٨ / ٨ / ١٩٨٣ حسمت محكمتنا القضية المرقمة ٢ / ٩٨٣ امن بغداد / ش١ ٣ في الدعوى المرقمة ١٤٩٠ / ج / ٩٨٣ والخاصة بالمتهمين خوشوي عزيز محمد البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقاحتى الموت وفق المادة ١٧٥ / ٢ و ١٥٩ و ١٦٢ و ١٤٩ و ١٥٠ و ٢٣٥ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .

راجين التفضل بالاطلاع . . . مع التقدير

عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثورة

نسخة منه الى :-

مجلس قيادة الثورة ـ مكتب امانة السر
مجلس قيادة الثورة ـ مكتب نائب الرئيس
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية
مديرية امن بغداد ش١ ٣
مديرية الامن العامة م٢ ٣
( سبعة نسخ فقط )

راجين التفضل بالاطلاع . . . مع التقدير

دیكۆمێنتی ژماره(57)

له بەڵگەنامە نهێنیەكانی حكوومەتی عێراق

بەناوی خودای گەورەو مێهرەبان

زور نهێنی و تایبەتی

سەرۆكایەتی دادگای شۆڕش

بەغداد

ژمارە/3861

ڕێكەوت/1983/11/12

بۆ/ سەرۆكایەتی دیوانی سەرۆك كۆمار

ب: پاشكوی خشتەی كاری دادگا ڕۆژی 1983/11/9

1. ئاماژە بە فەرمانی ڕەوانەكراو ژمارە /1643/23/ لە 1983/13/33 .

دادگەكەمان كێشەی ژمارە 83/17 ئاسایشی بەغداد ش 31 لە سەر داوای ژمارە 1873/ج/1983 یەكلاكردەوە تایبەت بە تاوانباران وەلی شەمدین ساڵح بارزانی و گرووپەكەی بڕیاری لە سێدارەدان تامردن دەركرا بە پێی ماددەی 159 و 162 و 175 /2 لە ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵی گوێزراو نەگوێزراو. 49 و 53 و 53

1. ئاماژە بە فەرمانی ڕەوانەكراو ژمارە /1418/23/لە 1983/9/22 .

دادگەكەمان كێشەی ژمارە 83/4 ئاسایشی بەغداد ش 31 لە سەر داوای ژمارە 1593/ج/1983 یەكلاكردەوە تایبەت بە تاوانباران محەمەد ئەمین ساڵح ناسر و گرووپەكەی بڕیاری لە سێدارەدان تامردن درا بە پێی ماددەی 159 و 162 و 175

2/ له ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵی گوێزراو و نەگوێزراو. 49 و 53 و 53

تکایە بفەرموون بە خوێندنەوەی..لە گەڵ ڕێزدا

واژوو/ عەواد حەمەد بەندەر

سەرۆکی دادگای شۆڕش

وێنەیەك بۆ/

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی پاڕاستنی نهێنی

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی جێگری سەرۆك

بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ئاشتی نیشتیمانی

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد ش31 تکایە بفەرموون بە خوێندنەوەی لە گەڵ ڕێزدا.

تەنها 6 شەش وێنە

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (57) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة محكمة الثـــــــوره
بغداد
العدد/ ٣٨٦١
التاريخ/ ١٢/١١/١٩٨٣

سري للغايه وشخصـــي

رئاسة ديوان رئاسة الجمهوريـــه

م: ملحق جدول اعمال المحكمه ليوم ٩/١١/١٩٨٣

١٠ اشاره الى امر الاحاله المرقم ٢٢/١٦٤٠ في ٣٠/١٠/١٩٨٣٠
حسمت محكمتنا القضيه المرقمه ١٧/٨٣ امن بغداد ش٣١ في الدعوى المرقمه ١٨٧٣/ج/١٩٨٣ والخاصه بالمتهمين ولي شمد بن صالح البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥/٢ من ق٠ع ومصادرة اموالهم المنقوله وغير المنقوله ٠

٤٩ و٥٠ و٥٣

٢٠ اشاره الى امر الاحاله المرقم ٢٢/١٤١٨ في ٢٢/٩/١٩٨٣٠
حسمت محكمتنا القضيه المرقمه ٤/٨٣ امن بغداد ش٣١ في الدعوى المرقمه ١٥٩٠/ن/١٩٨٣ والخاصه بالمتهمين محمد امين صالح ناصر وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥/٢ ومصادرة اموالهم المنقوله وغير المنقوله ٠

٤٩ و٥٠ و٥٣

راجين التفضل بالاطلاع ٠٠ مع التقدير ٠

موقع/عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثـــــــوره

نسخه منه الى/ــ
مجلس قيادة الثوره/مكتب امانة السر ٠
مجلس قيادة الثوره/ مكتب نائب الرئيس
دائرة شؤون قانون السلامه الوطنيه
مديرية امن بغداد ش٣١

راجين التفضل بالاطلاع مع التقدير ٠

(٦ ست نسخ فقط)

دیکۆمێنتی ژماره(58)

له بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکوومەتی عێراق

بەناوی خودای گەورە و مێهرەبان

زور نهێنی و تایبەتی

سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش

بەغداد

ژمارە/4235

ڕێکەوت/1983/12/4

بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار

ب: پاشکوی خشتەی کاری دادگا بۆ ڕۆژی 1983/11/33

1. ئاماژە بە فەرمانی ڕەوانەکراو ژمارە /1475/23/ لە 1983/13/2 .
یەکلاکرایەوە لە دادگاکەمان کێشەی ژمارە 9/ 983 ئاسایشی بەغداد ش 31 لە سەر داوای ژمارە 1653/ج/983 تایبەت بە تاوانباران عزیز عومەر محەمەد بارزانی و گرووپەکەی سەپاندنی بڕیاری لە سێدارەدان تامردن دەرکرا بە پێی ماددەی 159 و 162 و 175 /2 – 49 و 53 و 53 لە ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵی گوێزراو و نەگوێزراو.

2. ئاماژە بە فەرمانی رەوانەکراو ژمارە /1562/23/ لە 1983/13/19 .
دادگەکەمان کێشەی ژمارە 83/13 ئاسایشی بەغداد ش 31 لە سەر داوای ژمارە 1774/ج/983 یەکلاکردەوە تایبەت بە تاوانباران ساڵح فەتح اللە چیچو بارزانی و

گرووپەکەی سەپاندنی بڕیاری لە سێدارەدان تامردن بـە پێـی مـاددەی 159 و 162 و 175 /2 لە ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵی گوێزراو نەگوێزراو.

تکایە بفەرموون بە تێڕوانینی..لە گەڵ ڕێزدا

واژوو/ عەواد حەمەد بەندەر

سەرۆکی دادگای شۆڕش

وێنەیەك بۆ/

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی پاڕاستنی نهێنی.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ نووسینگەی جێگری سەرۆك.

بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ئاشتی نیشتیمانی.

بەۆێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی.

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد ش31 تکایە بفەرموون بە خوێندنەوەی لە گەڵ ڕێزدا.

تەنیا حەوت وێنە

## دەقی دیكۆمێنتی ژماره (58) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم
سري للغاية وشخصي

رئاسة محكمة الثورة
( بغداد )
العدد ٤٢٠٥
التاريخ :- ٤ / ١٢ / ١٩٨٣ الى :- رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية
م :- ملحق لجدول اعمال المحكمة ليوم ٣٠ / ١١ / ١٩٨٣

اشارة الى امر الاحالة المرقم ٢٣ / ١٤٧٥ في ٢ / ١٠ / ١٩٨٣ حسمت محكمتنا القضية المرقمة ٩ / ٩٨٣ امن بغداد س ٣١ في الدعوى المرقمة ١٦٥٣ / ج / ٩٨٣ الخاصة بالمتهم عزيز عمر محمد البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ٥٩ و ٦٢ و ١٧٥ / ٢ و ٤٩ و ٥٠ و ٥٣ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .

اشارة الى امر الاحالة المرقم ٢٣ / ٢٥٦٢ في ١٩ / ١٠ / ١٩٨٣ حسمت محكمتنا القضية المرقمة ١٢ / ٨٣ امن بغداد س ٣١ في الدعوى المرقمة ١٧٧٤ / ج / ٩٨٣ الخاصة بالمتهم صالح فتح الله جيجو البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ٥٩ و ٦٢ و ١٧٥ / ٢ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .

راجين التفضل بالاطلاع . . . مع التقدير

عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثورة

نسخة منه الى :-
مجلس قيادة الثورة - مكتب امانة السر
مجلس قيادة الثورة - مكتب نائب الرئيس
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية
مديرية الامن العامة
مديرية امن بغداد س ٣١
سبعة نسخ فقط

راجين التفضل بالاطلاع . . . مع التقدير

دائرة ... العدد ٧٠٦٧ التاريخ ٧ / ١٢ / ١٩٨٣

دیکۆمێنتی ژماره(59)

له بەڵگەنامه نهێنیەکانی حکوومەتی عێراق

به ناوی خوای گەوره و مێهرەبان

وەزارەتی ناوخو کۆماری عێراق

ژماره/61133/31

بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش زۆرنهێنی و تایبەت

ڕێکەوت/1983/11/22

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغداد

بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/64

ب/ دەرچوونی بڕیار

هاوپێچ وێنەیەك له بڕیاری سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش به ژماره 3861 له 1983/11/12 که تایبەته به هەردوو کێشەی ژماره 1983/17 و 1983/4 له بەغداد.

تکایه بفەرموون به پێداچوونەوه و بڕیارپێدانی پێویست به دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی گوێزراو و نەگوێززراو..لەگەڵ ڕێزدا.

<u>هاوپێچ:</u>

وێنەی بڕیار

واژوو/ مقەدەمی ئاسایش

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای بەغدا

وێنەیەك بوو/–

– بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/45/پاشکوی هەواڵی زانیاری بەرایی 1983/17 و 1983/4 لە بەغداد/ تکایە بو پێداچوونەوەو هەژمارکردنی بەندەکان..لە گەڵ ڕێزدا.

– بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد/11/ پاشکوی دەنگوباسی زانیاری بەرایی هەردوو کێشەی سەرەوە بو زانین و هەژمارکردنی بەندەکان تکایە.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (59) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الداخلية — الجمهورية العراقية — العدد / ٦١١٣٠/٣١

مديرية الامن العامة — سري للغاية وشخصي — التاريخ / ١٩٨٢/١١/٢٢

مديرية امن محافظة بغداد

مديرية الامن العامة / ٦٤

م: صدور قرار

نرفق طيا نسخة من قرار رئاسة محكمة الثورة المرقم ٣٨٦١ في ٨٣/١١/١٢

الخاص بالقضيتين المرقمتين ١٩٨٣/١٧ و١٩٨٣/٤ امن بغداد .

راجين التفضل بالاطلاع واتخاذ مايلزم لمصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .. مع التقدير .

المرفقات :

١ . صورة قرار .

موقع/مقدم م امن

مدير امن محافظة بغداد

نسخة منه الى /

مديرية الامن العامة / ٥/٤٥ / لاحقا لاشعار المعلومات الاولى ١٩٨٣/١٧ و١٩٨٣/٤ امن بغداد / راجين الاطلاع وترقين قيدهم .. مع التقدير .

مديرية امن بغداد / ١١ / لاحقا لاشعار المعلومات الاولى للقضيتين اعلاه للعلم وترقين قيدهم رجاءً .

احمد سعدون خضير

هامشنا ٩٠٥ التفريق ١٩٨٣/٢٢/٣

٨٣ / ٩/١٤ — ٨٣/٩/٢٢ وزع

محمود عثمان نبي

ديكۆمێتی ژمارە (60)

له بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[36]

## بارودۆخی کورد و پەیماننامەی جینۆساید
## 3ی تشرینی یەکەمی 1983 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "پرۆکزمایێر" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ڕاپۆرتی ئەم دوایانەی میدیاکان سەبارەت بەگیرۆدە بوونی کورد لە شەڕی ئێران و عێراق، جارێکی دیکە ڕەوشی دژواری خەڵکی کوردی هێنایەوە بیرمان کە ماوەی چەند دەیە بە دەستی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان سەرکوت کراوە. ئەم بارودۆخە، پێویستی یەکجار زۆری پەیماننامەی جینۆساید ئاشکرا دەکات.

نزیکەی 13 ملیۆن کەس لە ناچە شاخاوییەکانی سەر سنووری عێراق، ئێران و تورکیا دەژین.

هەرچەند کوردستان لە نێوان سنووری ئەم دەوڵەتانەدا دابەشکراوە بەڵام دانیشتوەکانی نەتەوەیەکی جیاواز پێکدەهێنن، بە زمانی جیاوازی هیند و ئورۆپایی قسەدەکەن، داب ونەریتێکی جیاوازیان هەیە و لە ڕۆی ئەتنیکیەوە لە خەڵکی دەوروبەری خۆیان جیاوازن.

کورد ئامانجی سەرکوتە سیستماتیکەکان– بەتایبەت لە عێراقدا– بووە و (ئێستاش هەر هەیە) بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەیان بنبڕ بکەن، بڵاوەی پێبکەن و بیخنکێنن. کوردە گوردنشینەکان گوندەکانیان کاولکراون، بنەماڵە کوردەکان لە یەك جیاکراونەتەوە، کوردە وڵاتپارێزەکان و پێشمەرگەکان بەندکراون یا لە سێدارەدران. ئاوارە کوردەکان بە زۆر نیشتەجێکراون و لە ڕەوشی ژیانی مان و نەماندان.

ڕوونه ئەم کردەوانه بۆ لەناوبردنی کورد وەك گرووپێکی کلتووری داڕێژراوە. ڕوون نییە بە گوێرەی پێناسەی وردی پەیماننامەی جینۆساید، خەڵکی کورد قوربانی جینۆسایدن یان نا، بەڵام بە هەرحاڵ ڕوون و ئاشکرایە کە گەلێ لە کوردەکان بوونەتە قوربانی پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤ و ئەم پێشێلکاریانە سیاسەتی دەوڵەتیە کە بەشێوازی سیستماتیك بەرێوەدەچێت. ئەم کردەوانە بێ گومان لە ئاستی جینۆساید دان.

هیوادارم هاوکارانم لە ئەنجوومەنی پیران لە بیریان نەچێت کە کردەوەی جینۆساید هێشتا ئەمڕۆ ڕوودەدات. پێویست بوونی گارانتیەك بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید ئێستاش لە ئارادایە. پەسەند کردنی پەیماننامەی نێونەتەوەیی جینۆساید ئەم پەیامە بەهێزتر دەکات کە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی ئیدی تەحەمولی تاوانی دژی مرۆڤایەتی نییە. داوا لە هاوکارانی سناتورم دەکەم بێ دواخستن، پشتیوانی خۆیان لە پەسەندکردنی ئەم یاسایە دەربڕن.

دیکۆمێنتی ژمارە(61)

لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراق

کۆماری عێراق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

ژمارە 43663/6/9

بەروار 983/12/4 بەیان

ب/ داخستنی قوتابخانە

بە ڕەزامەندی پارێزگای هەولێر و بە نووسراویان ژمار(863) لە بەرواری 1983/12/4 بڕیار درا بە داخستنی ئەم قوتابخانانە بە پێی ڕێزبەندی ناوەکانیان لە خوارەوە، کاری پێدەکریت لە ڕێکەوتی سەرەوە.

ناوی قوتابخانەکان

1- قودسی تێکەڵاو

2- قودسی کوڕان

3- قادسیە

وێنەیەك بو

وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان/بەشی هونەری/ بۆ زانین و لە گەڵ ڕێزدا.

وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پەروەردەیی/ بەشی هونەری بۆ زانین لە گەل ڕێزدا.

وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/ هۆبەی هونەری/ بۆ زانین لە گەل ڕێزدا.

وەزارەتی دەسەڵاتی ناوخۆیی/ بەریوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی ناوخۆیی/ فێرکردنی ناوخۆیی، بۆ زانین لە گەل ڕێزدا.

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی/ بۆ نووسین/ بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی/ فێرکردنی ناوخۆیی/ نووسراوتان لە سەرەوە بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

ڕابەرایەتی هۆبەی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی شوشیالیستی/ نووسینگەی بەڕێز ئەمینی نهێنی، لە گەل ڕێزماندا.

ڕابەرایەتی هۆبەی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی شوشیالیستی/ نووسینگەی قوتابیان و لاوان.

بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە لە هەموو پارێزگاکانی وڵات.

نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی هەولێر/ بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری کارگێری/ بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری هونەری/ بۆ زانین لە گەڵ ڕێزدا.

بەڕێز بەڕێوەبەری پلاندانان.

بەڕێز بەڕێوەبەری کاروباری هونەری.

سەندیکای ماموستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی/ بۆ زانین تکایە.

قایمقامیەتی قەزای هەولێر/ بۆ نووسین..

....

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (61) وەك خۆی

الجمهورية العراقية

المديرية العامة لتربية اربيل

البحوث والدراسات

العدد / ٦/٩/ ٤٢٦٦٢

التاريخ ٤/ ١٢/ ٩٨٣

بيـــان

م/ غلـــق مدارس

ششششششششششش

بناء على موافقة محافظة اربيل بكتابها المرقم (٨٦٠) والمؤرخ في ٤/١٢/٩٨٣ تقرر غلق المدارس المدرجة أسماؤها أدناه اعتباراً من تاريخه اعلاه .

أسماء المدارس

١/ المقدس المختلطة

٢/ المقدس للبنين

٣/ القادسيـــة

غازي محميد اسماعيـــل

ع/ المدير العــــام

نسخة منه الى /

وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال / الشعبة الفنية / للعلم مع التقدير

وزارة التربية / المديرية العامة للتخطيط التربوي / مديرية التخطيط التربوي / الشعبة الفنية للعلم مع التقدير.

وزارة التربية / المديرية العامة للاشراف التربوي / الشعبة الفنية / للعلم مع التقدير.

وزارة الحكم المحلي / مديرية الحكم المحلي العامة / التعليم المحلي للعلم مع التقدير

محافظة اربيل / الادارة المحلية / التحرير / للعلم مع التقدير

محافظة اربيل / الادارة المحلية / التعليم المحلي / كتابكم اعلاه للعلم مع التقدير

قيادة شعبة اربيل لحزب البعث العربي الاشتراكي / مكتب السيد امين السر مع التقدير

= = = = = = = =/ مكتب الطلبة والشباب

المديريات العامة للتربية في المحافظات القطر كافــــة

مكتب السيد المدير العام / للعلم مع التقدير

وحدة الاشراف التربوي في اربيل / للعلم مع التقدير

السيد معاون المدير العام للشؤون الادارية / للعلم مع التقدير

= = = = = = الفنية / للعلم مع التقدير

السيد مدير التخطيــــط.

السيد مدير الشؤون الفنية

نقابة معلمي منطقة الحكم الذاتي / للعلم رجاء

قائمقامية قضاء اربيل / التحرير.

مديرية الاعداد والتدريب / مديرية التجهيزات / السادة مدراء الاقسام

الوسائل التعليمية النشاط المدرسي

شعب المديرية كافــــة

ذاتية الابتدائي / ٥ نسخ / حسابات الابتدائي / ٥ نسخ

دیكۆمێنتی ژماره(62)

له بەڵگەنامه نهێنیەكانی حكوومەتی عێراق

بەناوی خوای گەوره و مێهرەبان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغداد
ژماره/ش55843/31 (نهێنی و تایبەتی)
ڕێكەوت/1984/8/21

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/64

ب/ دەركردنی بڕیار

پاشكوی دەنگوباسی زانیارییه بەراییەكان 1983/1 ئاسایشی بەغداد/ش31 هاوپێچ وێنەیەك له بڕیاری سەرۆكایەتی دادگای شۆڕش بە ژماره 1446/ج/1983 تایبەته به كێشەی سەرەوه.

تكایه بفەرموون به پێداچوونەوه (تێڕوانین) و بەدەستهێنانی پێویست بو دەستبەسەر داگرتنی ماڵ و موڵكی گوێزراو و نەگوێزراو..لەگەڵ ڕێزدا.

واژوو

عەقیدی ئاسایش

بەڕێوەبەرای ئاسایشی پارێزگای بەغدا

وێنەیەك بوو/–

– بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/45/پاشکوی دەنگوباسی زانیاری بەرایی 1983/1 لە بەغداد/ش31 تکایە بفەرموون بۆ تێڕوانین..لە گەڵ ڕێزدا.

– بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد/11/ بو زانین و هەژمارکردنی بەندەکان تکایە.

دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (62) وەك خۆی

بسم اللة الرحمن الرحيم

مديرية الامن العامـة

مديرية امن محافظة بغـــداد ( سري وشخصي )

العدد / ش١٣١/٣٠٨٤٠٥٥

التاريخ ١٩٨٤/٨/٢١

الى / مديرية الامن العامــــة/م٦٤

م/ صدور قـرار

لاحقا لاخبار المعلومات الاولى ١٩٨٣/١ (امن بغداد /ش٣١

نرفق طيا نسخة من قرار رئاسة محكمة الثورة المرقم ١٤٤٦/ج/١٩٨٣ الخاص بالقضية اعلاه

راجين التفضل بالاطلاع واتخاذ ما يلزم لمصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة مع التقديـــر

موقع/ ...

عقيد امـن

مدير امن محافظة بغــداد

نسخة منة الى

مديرية الامن العامـة /٤٥/ لاحقا لاخبار المعلومات الاولى ١٩٨٣/١ امن بغداد /ش٣١

نرجو التفضل بالاطلاع ... مع التقديـــــر

مديريـة امن بغداد /١١/ العلم وترقين قيدهم رجـــــاء

س/

دیکۆمێنتی ژمارە(63)

له بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکوومەتی عێراق

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

کۆماری عێراق — ژمارە / 45 ت

155434/

وەزارەتی ناوخو — ڕێکەوت

1982/1/1/

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

نهێنی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغداد

ب/ زانیاری

هەواڵی زانیاری بەرایی/1983/1

تکایە ڕوونکردنەوەی زیاترمان پێبدەن دەربارەی کێشەی، داوای (رەجەب ئیسماعیل حەسەن بارزانی) لە گەڵ ڕوونکردنەوەی تۆمارنەکراو لە لاتان و زانین دژی ڕاگەیاندن تکایە.

و . بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (63) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة

١٥٠٦٢٢

العدد ٤٥ت:
التاريخ ١/ /١٩٨٣

سري

الى / مديرية امن محافظة بغداد
م/ معلومات

اخبار المعلومات الاولى / ٦ /١٩٨٣
نرجو تزويدنا بنتيجة قضية المدعو رجب اسماعيل حسين البارزاني
مع بيان ما مسجل لديكم من معلومات ضده واعلامنا رجاء

مدير الامن العام

ديكۆمێنتی ژماره(64)

له بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکوومەتی عێراق

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

کۆماری عێراق ژمارە / ش31 /63978

وەزارەتی ناوخو ڕێکەوت /1984/13/3

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

ئاسایشی بەغداد

نهێنی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی / م45

ب/ زانیاری

نووسراوتان /ت/ 155434 له 1984/13/1

پێداچوونەوە بە تێبیی نووسراوی 55843 لە1984/8/21 به پێی وەڵامی بابەتەکه .. بفەرموون بۆ زانین .. له گەڵ ڕێزدا.

عەقیدی ئاسایش

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای بەغداد

دەقی دیکۆمینتی ژمارە (64) وەك خۆی

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الامن العامة
أمن بغداد

العدد ش ٣١/
التاريخ / ١٠ / ١٩٨٤

سـري

الى / مديرية الامن العامه / م٤٥

م / معلـومات

كتابكـم / ت / ١٥٥٤٣٤ فـي ١ / ١٠ / ١٩٨٤

نرجو ملاحظة كتابنا ٥٥٨٤٠ فـي ٢١ / ٨ / ١٩٨٤ والذي

تم بموجبه أجابتكم حول الموضوع .. للتفضل بالعلم .. مـع

التقديـر .

عـقيد أمن
مدير أمن محافظة بغـداد

ديكۆمێنتی ژماره (65)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[37]

## تاوتوێکردنی گەلاڵەکان و بڕیارنامە هاوبەشەکان بۆ پێشگیری لە جینۆساید

## 8ی ئەیلوولی 1988 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "پێڵ":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لە سەر سنووری تورکیا و عێراق، هێما و نیشانەکانی تاوانێکی زۆر گەورە دەردەکەوێت. بۆ جاری دووەم لەم سەدەیە دیکتاتورێکی دڕندە گازی کوشندە بەکار دێنێت بۆ قەڵاچۆکردنی کەمینەیەکی ئەتنیکی جیاواز. ئەم جارە قوربانییەکە کەمینەی کوردی عێراقە و بکەری تاوان سوپای عێراقە.

کورد گرووپێکی ئەتنیکی جیاوازە کە 23 بیست ملیۆنە و خاوەن مێژوویێکی کۆن و کلتووریێکی دەوڵەمەندە. هەرچەندە گەلێ لە کوردەکان ئامانجیان کوردستانێکی سەربەخۆیە، بەڵام کورد دووچاری چارەڕەشییەکی گەورە بووە و لە نێوان عێراق ، ئێران، تورکیا، سووریا و یەکێتی سوڤییەتدا پارچە پارچە بووە.

هەرچەند هەڵسوکەوتی عێراق لە گەڵ کەمینەی کورد لە ڕابردوو دا تۆزێك لە هەڵسوکەوتی دراوسێکانی باشتر بووە، بەڵام ڕەۆشی کوردەکانی عێراق لەم چەند ساڵەی دواییدا بووە بە نەهامەتی و کارەسات. بە دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق، خەباتکارانی کورد لە هەردوو وڵات هەڵیان بۆ ڕەخسا ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانتر (نەسەربەخۆیی) بە دەست بهێنن. لە عێراق ڕاپەرینی کورد پێشکەوتنی زۆرتری بەخۆوە بینی و کونترۆڵی زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق کەوتە دەست. بە هەرحاڵ بەگۆڕینی ئاڕاستەی شەڕ بەقازانجی عێراق لە سەرەتای ئەمساڵ، سوپای عێراق هێرشێکی گەورەی دژی کورد ئەنجام دا. لە گەڵ ئەم هێرشەدا، کوردە گوندنشینەکان لە سەرانسەری ناوچەکە بە دینامیت تەقێندرانەوە و گازی ژەهراوی دژی

خەڵك بەکاربرا. لەمانگی ئادار لە شاروجکەی کوردنشینی هەڵەبجە، 5 هەزار سڤیلی کورد دووچاری گازی کیمیایی بوون. لەدوای ئاگر بەستی 23ی ئاب لە نێوان ئێران و عێراق، سوپای عێراق چەك و تەقەمەنی و پاشکەوتی گازە کیمیاییەکانی بە تەواوەتی دژی کوردەکان بەکار هێنا. ڕاپۆرتەکانی ئاوارەکان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرن سەبارەت بە بەکارهێنانی بەرفراوانی گازی کیمیایی. بە هۆی ئەوەی کە ناوچە بەرووی هەموو بیانییەکان داخراوە، ئێمە تەنها دەتوانین پشت بە ژمارەی کوژراوەکان ببەستین، بەڵام ڕوونە ژمارەیان دەیان هەزار کەسە.

هێرش بۆ سەر کورد هەروەك باسمان کرد، درێژەی هەیە. هیچ گومان لەوەدا نییە ڕژێمی سەدام حوسەین بە نیازە ئەم هێرشە بکات بە دوایین ڕێگاچارەی کێشەی کورد. لە کاتێکدا خەڵك تووشی گازی کیمیایی دەبن، جیهان بێ دەنگە. ئەم بێدەنگیە چەند هۆکاری هەیە: سەرچاوەی زۆری نەوتی عێراق، هێزی سەربازی، هیوای تێك نەچوونی و وتووێژە هەستیارەکان کە بەئامانجی کۆتایی پێهێنانی شەڕی ئێران و عێراق ئەنجام دەدرێت.

بە هەرحاڵ ئەم بێدەنگییە لە جێی خۆیدا نییە. نیو سەدە لە مەو پێش دونیا لە بەرامبەر هیتلەردا بێ دەنگ بوو. ئەوەبوو هیتلەر نزیك بوو هەموو جوولەکەکانی ئەورۆپا لە ناو بەرێت, ئێمە ناتوانین لە بەرامبەر جینۆسایدێکی دیکەدا بێ دەنگ بین.

من ئەمڕۆ گەڵاڵە یاسایەکەم ڕادەستی ئەنجوومەن کردووە کە هەموو یارمەتیە ئابوورییەکان بە عێراق دەپچڕێنێت و پێویستی بەوە هەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی ئەو قەرزانە دەنگ بدات کە دامەزراوە ئابوورییە نێو نەتەوەییەکان دەیدەن بەعێراق و ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەغەدەکات. ئەم کردەوانە بەردەوام دەبێت هەتا کاتێك عێراق بە کەڵك وەرگرتن لە گازی کیمیایی پرۆتۆکۆڵی 1925ی ژنێف پێشێل بکات و هێرش بۆ جینۆسایدی خەڵکی کورد درێژەی هەبێ.

دەگوترێت ئێمە کاریگەرییەکی ئەوتۆمان لەسەر عێراق نییە، لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت بەڵام بەبیروبۆچوونی من، ئێمە دەبێت لە هەموو کەرەستەیەکی بەردەستمان کەڵك وەرگرین تا سەرەنجی ئەوان ڕابکێشین. ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی دیکتاتۆری دڕندەیە بە تێپەربوونی ساڵەها شەڕ ۆ ناکۆکی پتەو بووە. دەسگواشتن، بە تەنیا سیاسەتی ئەم ڕژێمە ناگۆڕێ و پێویستە بە زۆترین کات دەست بەکاربین.

دیکۆمێنتی ژمارە (66)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[38]

جینۆسایدی کورد

9ی ئەیلوولی 1988 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "بۆند" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لەم ڕۆژانەی دواییدا سەبارەت بە باکووری عێراق بیستوومانە، لە ڕاستیدا زۆر ترسناکن. ڕوونە کە دەوڵەتی عێراق بە شێوازی سیستماتیك، هێرشێك بۆ قەڵاچۆکردنی کەمینەی کورد لەو وڵاتە بەڕێوەدەبات. پاش واژووبوونی ئاگربەست لە نێوان ئێران و عێراق لە 2ی ئاب، سوپای عێراق دەستی ئاوەڵا بووە و دەوڵەتی عێراق ئەم هێزە دژی خەڵکی خۆی بەکار دێنێت. لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، ئەو ئاوارانەی هاتوونەتە نێو خاکی تورکیا و وتوویانە پتر لە هەزار کورد گوللە باران کراون و ناوچەیەکی بەرفراوان کەوتۆتە بەر هێرشی کیمیایی. بەهەواڵنێران ڕێگە نادرێت سەردانی ناوچەکە بکەن، بۆیە زانیارییەکانمان کرچوکاڵن. بە هەرحاڵ مەزندە دەکرێت ژمارەی ئەو کەسانەی بەدەستی دەوڵەتی عێراق کوژراون، گەیشتوونەتە دە هەزار کەس و ژمارەیەکی زۆرتر برینداربوونە. پتر لە 133 کەسی دیکە ناچارکراون پەنا بۆ تورکیا ببەن. "تورگوت ئۆزال"، سەرۆك وەزیرانی تورکیا شایانی ستایشە لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی قبووڵ کردووە کە لە دەستی دەوڵەتی عێراق هەڵهاتوون و لە ناوچە سنوورییە مەترسیدارەکان دووری خستوونەتەوە.

ئەمە یەکەم جار نییە ڕژێمی عێراق گازی ژەهراوی دژی خەڵکی خۆی بەکار دەهێنێت. لەم ڕۆژانەی دوایدا لە 16ی ئادار، عێراق سەدان پیاو مندالّی بێ گوناهی لە شاری هەڵەبجە کیمیا باران کردووە. وێنەکانی ئەم ڕووداوە ترسناکە، جیهانی هەژاندووە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، خەڵکی شارستانی لەم وڵاتە و سەرانسەری جیهان ناتوانن بە سانایی بێدەنگ بن، لە کاتێکدا تاوانگەلی ئەوەندە مەزن دژی خەڵکی بێ گوناه بەڕێوەدەچێت. من لەم ڕۆژانەی دوایدا نیگەران بووم لەوە کە ڕێبەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیگەرانی خۆیان دەرنەبڕی لە بەرامبەر ئەم تاوانە.

دوێنێ زۆر خۆشحاڵ بووم کە سەرۆکی تێگەیشتتوی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی پیران گەڵاڵە یاسایەکی ڕادەستی ئەنجوومەنی پیران کردووە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار دەکات دژی عێراق دەست بەکاربێت. ئەمە گەڵاڵەیەکی باشە و من هیوادارم کە هاوکارانم بێ فیڕۆدانی کات، پەسەندی بکەن.

بە هەرحاڵ بیروبۆچوونی من پێویستە لەم پەیوەندییەدا هەنگاوی زیاتر هەڵبگیردرێت و داوا لە سەرۆك كومار دەکەم کردەوەی عێراق بە توندترین شێوە ئیدانە بکات و داوا لە هاوپەیمانەکانمان بکات ئەوانیش ئیدانەی بکەن. لەمە زیاتر داوا لە سەرۆك كومار دەکەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هان بدات تا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی کورد لێکۆڵنەوە بکات و کردەوەکانی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانە بکرێت.

بۆ چەندەمین جار لەم سەدەیەدا، ئێمە بینیوومانە کە هەندێ مرۆڤکوژ گرووپێکی ئەتنیکی یان ئایینیان قەلاچۆکردووە وەك کۆمەڵکوژییەکانی گرووپی "ئیدی ئەمین لە ئووگاندا" ، کۆمەڵکوژی 3 ملیۆن لە هاووڵاتیانی خۆی بە دەستی "پەڵ پوت" و لە هەموو خراپتر کۆمەڵکوژی 6 ملیۆن جوولەکە بەدەستی " هیتلەر".

ئێمە نابێ بهێڵین ئەم ڕووداوانە دووپات بێتەوە. داوا دەکەم دوای قسەکانی من ئەم دوو وتارە بخرێتە بەردەستی هاوکارانم:  یەکەم وتاری" جیم هۆگلەند" لە ژێرناوی"بەهەڵەدا مەچن: ئەمە جینۆسایدە" لە 8ی ئەیلولی 1988 لە ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" دا بڵابوتەوە و ئەوی دیکە وتاری"ویلیام سافێر" لە ژێرناوی " کۆمەڵکوژی کورد بەدەستی عێراق ڕابوەستێنن" لە 9ی ئەیلوولی 1988 لە ڕۆژنامەی" نیۆیۆرك تایمز" دا بڵاوبووتەوە.

داوا لە هاوکارانم دەکەم ئەو وتارانە بخوێنەوە و نەهێڵن ئەم بابەتە بکەوێتە پەراوێزەوە.

## دیکۆمێنتی ژمارە (67)

### لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[39]

### بەڕێز مەسعود بارزانی داواکاریەك پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات
### 9ی ئەیلوولی 1988 – ئەنجوومەنی پیران.

لە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی باکووری عێراق کە تێدا چەکی کیمیایی لە لایەن سوپای عێراق دژی خەڵکی سڤیلی کورد بەکاربرا، بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی خەڵکی کورد داواکارییەکی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردووتەوە، تێدا هاتووە:

" ئێمە داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەکەین بڕیارنامەکانی ئەم دواییانەی خۆی جێبەجێ بکات سەبارەت بە هەڵگرتنی هەنگاوی خێرا دژی هەر دەوڵەتێك کە چەکی کیمیایی بە کار دەهێنێت. ئێمە هەست دەکەین پێویستە جیهانی شارستانی دەستێوەردان لەم بابەتە بکات کە هەتا ئاستی جینۆساید چوتە پێش و مافی مرۆڤی پێشێل کردووە. ئێمە لەم کردەوەیە زۆر بەداخین کە نموونەکەی بە دەگمەن لە سەردەمی نویٚ دا بینراوە. ئێمە دەرك بەوە دەکەین کە ئەنجوومەنی ئاسایش دەست وەرناداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و دواکاری ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئامانجی سیاسی لە پشتەوە نیە، بەڵکو سکاڵانامەیەکە بە نوێنەرایەتی خەڵکێکی سڤیل کە لە ناو دەچێت، ئەگەر پێش لە هێرشی ئێستای دەوڵەتی عێراق نەگیردرێت.

ئێمە هەست دەکەین ئاکام و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتەی عێراق تەنها کاری نەکردووتە سەر خەڵکی گەمارۆدراوی ئێمە ئەگەر هەروابێ هیچ نارەزایەتی دەربرینێك درێژە بە

سیاسەتی خۆی بدات، لەوانەیە ببێتە نموونەیەك بۆ دەوڵەتەكانی دیكە كە ناتوانن ناكوكییەكانیان بە شێوازی شارستانی چارەسەر بكەن. لە كەش و هەوای هەستیاری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و شوێنەكانی دیكەی جیهان، لەوانەیە هەندێ لە دەوڵەتەكان، بێدەنگی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەك ڕێگەپێدان بۆ ئەنجامدانی ئەم كردەوانە لێكبدەنەوە.

ئێمە دڵنیاین (لە بەر خەڵكەكەمان و ئاشتی جیهانی) ئەم سكالانامەیەی ئێمە پشتگوێ ناخرێت و ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵدەستێت بە جێبەجێكردنی ئەركی خۆی لەم پەیوەندییەدا.

مەسعود بارزانی

سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان

1ی ئەیلوولی 1988، عێراق

ڕێبەرایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی عێراق

كوردستان، 15ی ئابی 1988

بەڕێزان:

جەنابی "خاوێر پرێز دیكۆئیار"، سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان.

جەنابی نوێنەری یەكێتی سۆڤیەت لە ئەنجوومەنی ئاسایش.

جەنابی نوێنەری ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ئەنجوومەنی ئاسایش.

جەنابی نوێنەری بەریتانیا لە ئەنجوومەنی ئاسایش.

جەنابی نوێنەری كۆماری گەلی چین لە ئەنجوومەنی ئاسایش.

جەنابی نوێنەری فەرەنسا لە ئەنجوومەنی ئاسایش.

بابەت: پەرەسەندنی شەڕی ڕەگەزی عێراق بۆ جینۆسایدی کورد

بەڕێزان:

وێڕای سڵاو ڕێز، ئێمە دەمانەوێت سوپاس و پێزانینی خۆمان دەربڕین لە بەرامبەر هەوڵە چاکەکانی ئێوە بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی ئێران و عێراق و ڕزگارکردنی خەڵکی ئەم دوو وڵاتە لە کارەساتە مرۆڤی و مادییەکانی 8 ساڵی ڕابردوو. هیوادارین دادپەروەری و ئاشتییەکی درێژخایەن لە نێوان عێراق و ئێران بێتە ئاراوە و ئارەزووی خەڵکی عێراق بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بێتە دی.

ئیزنمان پێبدەن ئەم ڕاستیەتان وەبیر بهێنینەوە ( هەروا کە پێشتر وەبیری ئێوەمان هێناوەتەوە) شەرێکی دیکە دژی کورد لە عێراق بەرێوەیە کە دەوڵەتەیەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی 1981ەوە بەرێوەی دەبەن. لەم شەڕە شۆڤینیەدا کە لە نیسانی 1987وە شێوازی شەڕی جینۆسایدی تەواوی بە خووە گرتووە، سوپای عێراق چەکی جۆرا و جۆری کۆمەڵکوژی (بە تایبەت چەکی کیمیایی) بەکار دێنێت، هەروا کە جیهان لە ناوەڕاستی مانگی مارسی ئەمساڵ دا بینی. ئێمە دەمانەوێت ئەوەش زیاد بکەین لەکاتێکدا ئەم شەڕە درێژەی هەن کاربەدەستانی عێراق سیاسەتی تیرۆر و سەرکوتی خەڵکی عێراق – چ کورد ، چ عەرەب، یان کەمینە ئەتنیکیەکانی دیکە – پەیڕەو دەکەن، دەوڵەتی عێراق ئەم شەڕە خۆێناوییە دژی خەڵکێك بەرێوەدەبات کە لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە و تەنها داوای مافی نەتەوەی خۆی دەکات بەگوێرەی هەموو کۆنوانسیۆنە نێو نەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، مافێکی ڕەوایە.

شایانی ئاماژەپێکردنە لە کاتێکدا میدیا نێو نەتەوەییەکان لە زمانی پسپوران و شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕایانگەیاندووە، هێزەکانی عێراق لە شەڕی کەنداو دژی خەڵکی سڤیل لە هەڵەبجە و شار و گوندەکانی دیکەی کوردستانی عێراق، چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە، لە هەمانکاتدا دەوڵەتی عێراق دژی خەڵکی سڤیل لە گوندەکانی دیکەی کوردستان چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە 33و 31ی مانگی

تەمموزی ئەمساڵ، هێزەکانی عێراق گوندەکانی چۆمی بالیسان، هیران و سماقوڵی هەڵکەوتوو لە باکووری هەولێریان بە چەکی کیمیایی بۆمباران کردووە. هەمان هێرشی لە 2ی ئوگست لە گوندەکانی ئارای، سەرۆ و زاروا لە نزیك سنووری تورکیا ئەنجامدراوە.

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی خەڵکی ئێمە هەتا کاتی نووسینی ئەم داواکارییە هەروا بەردەوامە. وا دیارە هێچ شتێك لە ئێستا و داهاتوودا ناتوانێ پێش لە کەڵك وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی دژی خەڵکی کورد بگرێ، مەگەر ئەوەی لە کۆمەڵگای جیهانی بە تابیەت ئەنجوومەنی ئاسایش هەندێ هەنگاوی جیددی تر لەم پەیوەندییەدا هەڵبگرێت.

ئێمە لەو بڕوایەداین دەوڵەتی عێراق تاوانگەلێکی مەزنی دژی گەلی کورد ئەنجامداوە، دەکرێت وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی لە قەلەم بدرێت. دەوڵەتی عێراق شەڕی جینۆساید بە کەرەستەگەلێکی جۆراو جۆر بەرێوەدەبات، لەوانە:

1- بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیایی لە 14ی نیسانی 1987وە، واتا کاتێك کە بۆ یەکەم جار عێراق گوندەکانی شێخ وەسان و و دەیان گوندی دیکەی کیمیاباران کرد.

2- ڕاگەیاندنی زۆربەی گوندە کوردنشینەکان و دەوروبەری شارەکان وەك ناوچەی قەدەغەکراو کە تێیاندا فەرمانی بەهێزە چەکدارەکان دراوە تەقە لە هەموو مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵ و بوونەوەرێك بکەین.

3- کاولکردنی زیاتر لە 3 سێ هەزار گوند و شار و شارۆچکە و دوورخستنەوەی زۆرەملێ دانیشتووانەکانیان. گرووپێك لەم خەڵکە ئاوارە و دەربەدەرە بۆ بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای عێراق گوێزراونەتەوە و لەوێ لە کەمپە بە کۆمەڵەکان، لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی یەکجار دژوار و خراپدا ڕایانگرتوون.

4- سوتاندنی کێلگە و باغ و دارستانەکانی ئەم ناوچانە.

5– توندترکردنی گەمارۆی ئابووری ناوچە قەدەغەکراوەکان بە ئامانجی ئەوەی ژیانی خەڵك لەو شوێنە لە ناو بەرن.

6– درێژەپێدانی سیاسەتی ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ کە تێدا بە بیانوو گەلێکی سادە وەك پەیوەندی سیاسی، ئاینی و نەتەوەیی دەیان و هەندێ جار سەدان کەس، لەوانە مندالٚ کوژراون.

لە سەروبەندی شاڵاوی سەربازی بۆ سەر گوندە کوردنشینەکان لە پارێزگای کەرکوك، سلێمانی و هەولێر لە بەهاری ساڵی پار، کاربەدەستانی حکوومەت دەیان هەزار بنەماڵەیان دەستگیرکرد. پاشان بەساڵاچوان و منداڵەکانیان لە یەك جیاکردەوە و لە کەمپەکاندا ڕایان گرتن، بەڵام پیاوەکان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرانەوە کە چارەنووسیان نادیارە. لە هەمانکاتدا ژنە گەنجەکان بۆ شوێنەکانی دیکە ڕاگوێزراونەتەوە و هەواڵگەلێکی باسنەکراو لە بارەی ڕەوشی ئەوان بە دەستی ئێمە گەیشتووە.

بەڕێز سکرتێری گشتی

بەڕێزان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش

بەرەی کوردستانی عێراق کە لە 6 حیزب پێکهاتووە، داواتان لێدەکات:

1– گوشار بخەنە سەر عێراق تا دەستەبەجێ کۆتایی بهێنێت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی خەڵکی کوردستان.

2– دەست بەکاربن بۆ ئەوەی شەڕی ڕەگەزی جینۆساید دژی خەڵکی ئێمە ڕابوەستێت و هەموو کردەوەیەك بۆ دوورخستنەوە، تەعریب و شێوازەکانی دیکەی گۆڕینی سیمای نەتەوەیی کوردستان وەلاوە بنێرێت و ئیزن بە خەڵکی خوجێی کوردستان بدرێت بگەڕینەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و ڕێگا چارەیەکی دیموکراتیك، دادپەروەرانە و ئاشتی خوازانە بۆ کێشەی کورد بدوزرێتەوە. ڕێگەمان پێبدەن بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەڵێنانەی

کۆمەڵەی گەلان داییبوو بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد لە کاتی لکانی باشووری کوردستان بە عێراقەوە.

3- گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق تا ڕێز لە مافی ئازادی تاکە کەسی سڤیلی هاوولاتیانی عێراق بگرێت، بێ لە بەر چاوگرتنی ڕەگەزیان و سەرجەم زیندانییە سیاسیەکانی ئازاد بکرێن.

جارێکی دیکە ڕێز و سوپاسی ئێمە قبوول بفەرموون.

مەسعود بارزانی بە وەکالەت لە لایەن ڕێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق.

**هاوپێچ:**

1- لیستی شالاوە سەربازییەکانی هێزەکانی عێراق لە نێوان 1987/4/15 و سەرەتای ئابی 1988 کە تێدا کەلك لە چەکی کیمیایی وەرگێراوە.

2-دەقی بڕیارێکی دەوڵەتی عێراق، فەرمان بە هێزەکانی دەدات هەموو مرۆڤ، ئاژەڵ و بونەوەرێك لە ناوچەی قەدەغەکراوی کوردستان لە ناوبەرن.

دیكۆمێنتی ژماره(68)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[43]

پشگیری لە گەلاڵە یاسای " پێشگیری لە جینۆسایدی 1988"
9ی ئەیلوولی 1988 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "پێڵ" :

جەنابی سەرۆك، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پیران گەلاڵە یاسای "پێشگیری لە جینۆسایدی 1988" تاوتوێ دەکات، من دوێنێ پێشکەشم کردبوو و پشتیوانیە سەرەکییەکەی، ئەندامی هێژای کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران، سناتۆر "هێلمز " بوو. لە ئەنجوومەنی پیراندا وێنەی کەم بووە کە بەم خێراییە تاوتوێی گەلاڵە یاسایەکی ئەوەندە گرنگ بکرێت. بە هەرحاڵ بارودۆخی کوردستانی عێراق پێویستی بە کردەوەی خێرا هەیە. هەروەها باسمان کرد، سوپای عێراق شاڵاوێك بەرێوەدەبات کە تەنها دەکرێت وەك جینۆسایدی خەڵکی کورد شرۆڤە بکرێت. گوندە کوردنشینەکانی باکووری عێراق لەگەڵ دانیشتووەکانیان بە دینامێت دەتەقێنرێتەوە. تەنانەت سوپای عێراق لە هێرشە بەرفراوان و کاریگەرییەکانی بۆ سەر هاووڵاتیانی بێ پاراستنی کورد گازی ژەهراوی بەکارهێناوە.

کردەوەی عێراق، تاوان دژی مرۆڤایەتییە و دەبێت بە توندترین شێوە وەڵام بدرێتەوە. ئەو گەمارۆیانەی ئەم گەلاڵە یاسایە بە سەر عێراقدا دەیسەپێنێت، گرانن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی بەخشینی قەرز بەعێراق دەنگ دەدات لە ڕێکخراوە داراییەکانی جیهان. بۆ وەڵاتێك کە 63 بیلیون دۆلار قەرزارە و داوا لە ڕێکخراوە مالییە

نێو نەتەوەییەکان دەکات تا پارەی شەڕە گرانەکەی لە گەڵ ئێران دابین بکات، ئەم گەمارۆیە قورسە.

ئەم گەڵاڵە یاسایە هەموو هورمە(متمانە) ئابوورییەکان و گارانتی هورمەکانی ئەمریکا بە عێراق دەپچڕێت نزیکەی 833 میلیۆن لە ساڵدا. گەڵاڵەکە هەروەها ناردنی هەموو شتێك بۆ عێراق قەدەغە دەکات، واتا ناردنی هەرشتێ کە لە کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا بێت. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا ڕێگرە لە چوونی ئەو پێداویستیانە کە عێراق پێویستی پێیە بۆ خستنەکاری پیشەسازی نەوت و بۆژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کە لە ئاکامی شەڕ دا لە کارکەوتووە. گەڵاڵە یاساکە هەروەها هەناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەغە دەکات.

لە ئاکامی پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵە یاسایە، هەندێ لە بەشە بازرگانییەکانی ئەمریکا تووشی زەرەر دەبن. بە هەرحاڵ ئەمە پەیوەندی بە مەرگ و ژیانی سەدان هەزار کەسەوە هەیە و مەسەلەیەکی ئەخلاقی زۆر پیرۆزە. بۆ ئەنجامدانی کاری ڕاست و دروست، خەڵکی ئەمریکا لە ڕابردوودا ویستوویەتی بەرتیل بدات.

پاش هۆلۆکۆست کە پشتی جوولەکەکانی ئەورووپای شکاند، خەڵك پێیان وابوو قەد شتێکی وا ئیدی ڕوونادات. بەڵام بەداخەوە ئەمە دیسان لە کوردستانی عێراق ڕوودەدات. ئێمە دەبێت هەرچی لە دەستمان دێت بیکەین بۆ ئەوەی دیکتاتوری عێراق بزانێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی کورد بێ دەنگ نابێت، ئەم گەڵاڵە یاسایە ئەم پەیامە دەگەیەنێت.

بەڕێز "پرۆکزمایێر" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، من زۆر ستایشی سناتوری ئەیالەتی "رۆئیزلەند"، بەڕێز "پێڵ" دەکەم بۆ ئەو هەنگاوە دەست پێشخەرانەیەی سەبارەت بە ڕەوشی دژواری خەڵکی کورد هەڵگرتووە. ڕێبەرایەتی و دووربینی بەڕێز "پێڵ" لەم بوارەدا جێگای ڕێز و ستایشە.

کورد خەڵکێکی لە بیرکراون لە نێو سنووری چەند دەوڵەتێکی دوژمندا پارچە پارچە کراون و زلهێزەکان بۆ ئامانجی خۆیان بەکاری هێناون و لە ڕۆژئاوادا لۆبیان نییە یان لۆبییەکەیان لاوازە.

هەر بۆیە ماوەیەکی زۆری خایاند تا وەزارەتی دەرەوە وەڵامی ڕووداوە تراژدیکەکانی باکووری عێراقی دایەوە. هەروەها هۆکارێکی دیکە، ترس لەوە بوو کە باسکردنی ئەم کێشەیە بە تەواوی، هەوڵی ئاشتی لەنێو ببات.

لە ناوەڕاستی 1973 کاندا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بۆ کە پشتیوانی لە بزوتنەوەی بەرخودانی کورد بکات لە ڕێگەی دابینکردنی پێداوستی سەربازی و پێداویستیەکانی دیکە بۆ بەرەی بارزانی لە ڕێگای ئێرانەوە. پاشان هێنری کسینجێر لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوت لە ئەنجامدا شا سنوورەکانی ئێرانی داخست و بەرخودانی کورد هەڵوەشایەوە و خەڵکە کە ئێمە پشتیوانیمان لێکردن، تێکچوون.

هیچ وێنەیەك بە قەد ئەوەی کە لەماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا بەسەر کوردا هاتووە، بۆ زلهێزێك وەك ئەمریکا ناخوش نییە. سۆڤیەتیش بۆ کورد باش نەبووە. بگرە خراپتریش بووە.

ئێستا دەوڵەتی عێراق نە تەنها دژی هێزە چەکدارەکان، بەڵکو دژی گرووپە سڤیلەکان، گوندەکان و ئاوارە کوردەکان چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێت. ئەم هێرشە بە هەوڵدان بۆ دەرکردنی خەڵك و دووبارە نیشتەجێ کردنیان لە شوێنەکانی دیکە گەیشتووتە لوتکە بە ئامانجی لە ناوبردنی کلتووری کورد و کوشتنی سیستماتیکی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران، ئەمە جینۆسایدە، ئەمە قەسد و نیازە بۆ لە ناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گرووپی نەتەوەیی — ئەتنیکی بەبێ بەزەیییانەترین چەك بەرێوە دەچێت، واتا چەکی کیمیایی کە لەشی مرۆڤ وشك دەکات و دەیشێوێنێت و مرۆڤ

بە مەرگێکی درێژخایەن و بەژان دەکوژێت و ئەگەر قوربانی خۆش بەخت بێت، بە گازی دەمار کتووپڕ دەمرێت.

من لەوە دەترسم ئەم کردەوەیە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی لە بواری بەرهەمهێنانی چەك پێشکەوتوون، ئەم جۆرە چەکە هەڵبژێرن. تکاتان لێدەکەم ئەم گەڵاڵە یاسایە پەسەند بکەن و هیوادارم بەشێوەیەك لە شێوەکان بتوانییێت ئێش و ژانی خەڵکی کورد کەمبکاتەوە.

بەڕێز "هێلمز":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لە هەفتەی ڕابردوو ملیۆنەها ئەمریکایی ئاگاداربوون لە هەوڵە ترسناکەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ لەنابردنی سیستماتیکی هاووڵاتیانی کوردی خۆی ئەنجامی دا. ئەمە تاوان دژی مرۆڤایەتییە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت بێکار دابنیشێت و بێ دەنگ بێت لە بەرامبەر ئەوەی کە ڕوو دەدات. بیرکردنەوە لەوە زۆر ترسناکە چون ڕژێمێکی زاڵم و ڕادیکاڵی وەك ڕژێمی سەدام حوسەین بوونی هەیە. دەوڵەتی عێراق زۆربەی جاران کەلکی لە چەکی کیمیایی وەرگرتووە و هەزاران کوردی کوشتووە و هەزاران کەسی دیکەی ناچار کردووە بۆ وڵاتانی دراوسێ هەڵبێن.

ئەمە بە هیچ شێوەیەك یەکەم جار نییە ڕژێمی عێراق – کە زۆربەی چەکەکانی لە سۆڤیەت دەکرێ– دژی خەڵکی سڤیلی خۆی چەکی کیمیایی بەکار دێنێ. لە مانگی ئاداری ئەم ساڵ عێراق بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شارێکی کوردنشین. بە گوێرەی هەواڵنێرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕاپۆرتە جیهانییەکان ئەم هێرشە 5 هەزار خەڵکی بێ گوناهی کوشتووە. ڕاپۆرتە هەواڵەکان دەڵێن ئەم هێرشە بۆ سزادانی هاووڵاتیانی کوردی عێراق بووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە هەرحاڵ لە مانگی ڕابردوودا هێرشی ڕژێمی عێراق بۆ سەر هاووڵاتیانی کوردی خۆی توندتر بووە. بە گوێرەی ڕۆژنامەی "نیۆیۆرك تایمز" ڕژێمی عێراق لە ئاگر بەستی 23ی ئاب لە گەڵ

ئێران وەك هەلێك کەڵك وەردەگرێت بۆ ئـەوەی هێرشـێکی سـەربازی دژی کـورد ئـەنجام بدات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێـت لەلایـەك بێکـار دابنیشێت و سەیری هێرشی عێراق بۆ سەر 3تا4 ملیۆن کوردی هـاووڵاتی خـۆی بکـات. خەڵکی ئەمریکا نایانەوێت ئێمە بێ دەنگ بـین. لـە ڕاسـتیدا مـن بـە شـانازییەوە دەڵـێم کلیسای "دوت" یەکەم کلیسای "بابتیست" لە "ئالکساندریا" لە ویلایەتی "ڤیرجینیـا" یە، ئێستا پەنای بەو 3 کوردە داوە کە بۆ پرۆتستۆ کردنی کردەوەکـانی ڕژێمـی عێـراق دەستیان بەمانگ گرتن کردووە.

ئـەم گەڵاڵـە یاسـایە – مـن شـانازی بـەوە دەکـەم کـە سـەرۆکی هێـژای کۆمیتـەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پشتیوانی لێکردووە– بـە ڕژێمـی عێـراق نیشـان دەدات وڵاتـی ئێمە چەندە بەجددی سەیری هێرشی عێراق بۆ سەر کورد دەکات. لەمە زیاتر، دڵنیامان دەکاتەوە کە دۆلارە باجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك یارمـەتی نادرێـت بـە ڕژێمی عێراق. بەتایبەت پێویستە نوێنـەرانی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـە هـەموو ڕێکخـراوە مالییـەکانی جیهـان وەك بـانگی جیهـانی دەنـگ بـدەن دژی بەخشـینی هـەر چەشـنە قـەرزێك بـە عێـراق. لەمـە زیـاتر دەبـێ هـەموو یارمـەتی، فروشـتنی چـەك و تەقەمەنی، هورمە(متمانە) ئابوورییەکان و گارانتی هورمەکان بە عێراق قەدەغـە بکرێـت و ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەغە بکرێـت لـە 1/3 لـە 133ی نـەوتی هـاوردەی ئەمریکا پێکدەهێنێت. ئەم گەمارۆانە بەردەوام دەبێت هەتا کاتێك سەرۆك کومـار پشـت ڕاستی بکاتەوە عێراق هێرشی جینۆسـایدی دژی کـورد و بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی ڕاوەستاندووە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران، داوا دەکەم وتارەکەی "کارێل مۆرفی" لە ڕۆژنامـەی "واشـنگتون پۆسـت" لـە 7ی ئـەیلول– کـە باسـی شـەرت و مـەرجی بەخشـینی مـافی پەناری بە 3 کورد دەکات لە لایەن یەکەم کلیسای "بابتیست" لە" ئالکسـاندریا" – و

وتـاره بەنرخەکـەی "ولیـام سـافێر" لـە 9ی ئـەیلوولی 1988 لـە ڕۆژنامـەی "نیۆیـۆرك تایمز" دا بڵاوبووتەوە، بخرێتە بەردەستی ئەندامانی ئەنجوومەن.

## گەڵاڵە یاسای پشتگیری لە جینۆسایدی 1988

بەشی 1: ناوی ئەم یاسایە، پشتگیری لە جینۆسایدی 1988-ە

بەشی 2: کۆنگرێس دەڵێت:

1- نەتـەوەی کـورد گرووپێکـی ئـەتنیکی جیـاوازە، نزیکـەی 23 ملیۆنــە و خــاوەن مێژوویێکی کۆن و میراتێکی کلتووری دەوڵەمەندە.

2 - 3 تا4 ملیۆن کورد، هاووڵاتی عێراقن و لە باکووری ئەو وڵاتە نیشتەجێن.

3- سوپای عێراق هێرشێکی ئەنجامداوە بۆ چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق لە ڕێگای کاولکردنی هەموو گوندە کوردنشینەکان لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری عێـراق و هەروەها لە ڕێگای کوشتنی خەڵکی سڤیل.

4- هێما و بەڵگەنامە تایبەتەکان نیشان دەدات سوپای عێراق دژی خـەباتکارانی کـورد و هاووڵاتیانی سڤیل چەکی کیمیایی بەکارهێناوە و ئێستاش بەکاری دەبات.

5- دەیان هـەزار کـوردی ڕزگـار بـوو لـە هێرشـەکانی سـوپای عێـراق پـەنایان بردووتـە تورکیا.

6- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق پێشێل کردنی یاسای نێونەتەوەییە.

7- هێرشـی عێـراق دژی خـەڵکی کـورد جینۆسـایدە، تاوانێکـە خـەڵکی شارسـتانی لـە هەموو شوێنێك نەفرەتی لێ دەکەن و یاسای نێونەتەوەیی قەدەغەی کردووە.

بەشی 3: گەمارۆکانی سەر عێراق:

1- کاربەدەستان و نوێنەرانی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو ڕێکخراوە مالییە نێونەتەوەییەکان کە ئەمریکا ئەندامیانە دژی بەخشینی هەر چەشنە قەرزێك بە عێراق دەنگ دەدەن.

2- ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت هیچ چەشنە هورمە(متمانە) ئابوورییەکان و گارانتی هورمەکان بدات بە عێراق.

3- نابێت هیچ شتومەکێکی قەدەغەکراو لە لایەن ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ عێراق بگوازرێتەوە.

4- نابێت نەوت و بەرهەمە نەوتیەکانی عێراق بنێردرێتە دەرەوە بۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەشی 4: چاوپۆشییەکان: سەرۆك کومار دەتوانێت چاوپوشی لە گەمارۆکانی بەشی 3 بکات، ئەگەر دلّنیا بیت و بۆ سەرۆکی کۆنگرێس و سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنجوومەنی پیران بنوسێت کە:

1- عێراق جینۆساید دژی خەڵکی کورد ئەنجام نادات.

2- عێراق چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێت کە لەلایەن پەیماننامەی 1925ی ژنیف قەدەغە کراوە و گارانتی جێگای متمانەی داوە کە ئێدی لەم چەکانە کەڵك وەرناگرێت.

بەشی 5: ستایش کردنی تورکیا:

کۆنگرێس ستایشی دەوڵەتی تورکیا دەکات بۆ دالّدەدانی هەزاران ئاوارەی کورد، لە قەلاچۆ کردنی عێراق هەڵهاتوون و داوا لە سەرۆك کۆمار دەکات سوپاس و پێزانینی ئێمە بگەێنێتە دەوڵەتی تورکیا.

بەشی 6: یارمەتیدان بە ئاوارە کوردەکان:

کۆنگرێس هەست بەوە دەکات کە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت یارمەتی بەو ئاوارە کوردانە بدات کە پێویستیان بە دەوا و دەرمان و یارمەتییە مرۆڤییەکانی دیکە هەیە.

بەشی 7: بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

داوا لە وەزیری کاروباری دەرەوە دەکرێت بە زۆترین کات، مژاری کەڵك وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی خۆی – کە زۆربەیان هاووڵاتی سڤیلی بێ پاراستن – تەسلیمی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات تا بە گوێرەی بڕیارنامەی 623ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڕیاری گونجاو و کاریگەر دژی عێراق دەربکرێت بەهۆی کەلك وەرگرتنی بەردەوام لە چەکی کیمیایی.

بەشی 8: بەرواری کارپێکردن:

لە ڕۆژی پەسەندکردنیدا کار بەم بڕیارنامەیە دەکرێت.

دیکۆمێنتی ژمارە (69)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[41]

## کەڵك وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی
## 12ی ئەیلوولی 1988- ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز "جۆرج":

بەگوێرەی ڕاپۆرتە تێروتەسەل و بەڵگەمەندەکان، دەوڵەتی عێراق ئێستا هەوڵدەدات ڕێگا چارەی کۆتایی بەسەر خەڵکی کوردا بسەپێنێت. پتر لە 133 هەزار کورد پێشتر لە دەستی سوپای عێراق هەڵهاتوون و سنووری تورکیایان بەزاندووە. نزیکەی 53 هەزار کورد لە نێو ناوچە قەدەغەکراوەکاندا کەوتوونەتە داو، دەوڵەتی عێراق فەرمانی داوە کەس نابێت تێدا بژیت. ئێستا ئەم خەڵکە بوونەتە ئامانجی ئۆپراسیۆنێکی (شاڵاوی) سەربازی کە بەگوێرەی گەلێ لە ڕاپۆرتەکان چەکی کیمیایش تێدا بەکار دەبرێت.

ئەگەر جیهان نەیەوێت وەڵامی ئەو کردەوانە بداتەوە، ناچار دەبین لە گەڵ کردەوەیەکی بێ بەزییانەی بە کۆمەڵ ڕووبەڕوو بینەوە بە دەستی دەوڵەتێك کردەوەکانی، شەرەفی مرۆڤایەتی و شارستانیەت لەکەدار دەکات. لەم کاتانەدا نابێت بێدەنگ بین. ئەو دەوڵەتانەی ئاگاداری ئەم کردەوانەن و دەنگ ناکەن، دەبن بەشەریکی ئەم کردەوانە.

هەفتەی رابردوو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەنجام بێدەنگی شکاند و بوو بە نموونەی وەڵامی جیهان بە تاوانە بەردەوامەکانی هێزەکانی عێراق دژی مرۆڤایەتی، لەوانە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

سوپاس بۆ سناتۆر " پێڵ " و ئەنجوومەنی پیران بە بۆنەی پەسەند کردنی ئەم گەڵاڵە یاسایە کە ئامانجی پچرانی یارمەتیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بە عێراق و کۆتایی پێهێنانە بە کڕینی نەوتی عێراق لە لایەن ئەمریکا.

ئەمە تەنها سەرەتایەکە و بەس نییە، بۆگەیشتن بە ئەنجام ئێمە دەبێت بیروڕای جیهانی هان بدەین کە داوا لە عێراق بکات دەست لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هەلگرێت و ئیزن بە پشکێنەرە نێو نەتەوەییەکان بدات لێکۆڵینەوە بکەن سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە گەڵ کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی عێراق بە گوێرەی مەرجەکانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێو نەتەوەیی هەڵسوکەوت بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، من ئەم کردەوە تایبەتانە پێشنیار دەکەم:

1- دەوڵەتی ئێمە دەستەبەجێ ڕاگەیاندننامەیەك دەر بکات، تێیدا هێما و بەلگەکانی خۆی بە تیروتەسەلی بخاتە ڕوو.

2- ئێمە دەبێت داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بکەین کە بەزووترین کات لێپرسینەوە لە گەڵ ئەم گومانە بکات کە ئایا عێراق لە سەروبەندی جێبەجێ کردنی سیاسەتی جینۆسایدە یا نا.

3- ئێمە دەبێ داوا لە هاوپەیمانەکانمان بکەین -هەندێکیان شەریکی بارزگانی عێراقن یان چەك و تەقەمەنی بۆ دابین دەکەن -خوازیاری ئەوە بن عێراق لە بەرامبەر ئەم تاوانە وەلامدەر بێت.

4- ئێمە دەبێت ڕاستەخۆ دژی بێ دەنگی دەوڵەتانی " بزووتنەوەی نادەروەس" ڕابوەستین و داوایان لێ بکەین بێ دەنگ نەبن.

5- ئێمە دەبێت بە هەمان شێوە داوا لە یەکێتی سۆڤیەت بکەین، بێ دەنگ نەبێت. هاوتەریب بوونی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ئەم پەیامە بە ڕێبەرانی عێراق دەدات کە دەبێت سیاسەتی خۆیان بگۆڕن.

6- ئێمە دەبێ بەو وڵاتانەی پەیمانامەی جنێفیان واژوو کردووە(سەبارەت بە قەدەغەبوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی) ڕابگەینین کە بێ دەنگ بوون لە بەرامبەر تاوانێکی وەها ئەم پەیماننامەیە دەکات بە پەیماننامەیەکی مردوو و بێ کەڵك.

7- ئێمە دەبێت خێراتر بین لە دابین کردنی پێداویستییەکانی ئاوارە کوردەکان لە تورکیا و ئەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتی ئەوان دەدەن، لە وانە نەتەوە یەکگرتووەکان و خۆدی دەوڵەتی تورکیا. ئێمە دەبێت دڵنیابین لەوەی پێداویستیەکان دابین دەکرێت. بۆ ڕاپەراندنی ئەم کارانە، هەندێ هەنگاوی تایبەت هەیە ئێمە دەتوانین لەم پەیوەندییەدا هەڵی بگرین، وەك:

1- دەبی ئەنجوومەنی پیران داوا لە وەزیری دەرەوە بکات لە زانیارییەکانی بەر دەستی بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەربگرێت.

2- پێشنیار دەکەم هەردوو حزب مەبەستی (کۆماری و دیموکراتە-وەرگێر) لە ڕێگای ڕێبەرەکانیانەوە، کار بکەن بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی ئاڵۆگۆڕی زانیاری بۆ کۆبوونەوە و شرۆڤەکردنی زانیارییەکان بە نوێنەرایەتی لەل ایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە.

3- ئێمە دەتوانیین لە ڕێگای باڵیۆزی تورکیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپاس و پێزانینی خۆمان ڕابگەیەنین بە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی تا ئێستا ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی بۆ ئاوارە کوردەکان و ئاگاداریان بکەینەوە کە ئەنجوومەنی پیران ئامادەییە پێداویستییە ماددییەکانی ئەم ئاوارانە دابین بکات.

4- ئێمە دەبێت لە ڕێگای باڵیۆزی سۆڤیەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە سۆڤیەت بکەین بۆ شەرمەزاری کردنی ڕەفتاری عێراق بە گشتی، پەیوەست بێت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

5- ئێمە دەتوانیین و دەبێت داوا لەو ڕێکخراوانە بکەین کە شەریکی بازرگانی عێراقن و پشتیوانی لێدەکەین و شتومەکی بۆ دابین دەکەن، بێ هەڵوێست نەبن و دەست ڕۆیشتوویی خۆیان بەکار بێنن.

6- ئێمە دەبێت دڵنیابین لەوەی خەڵکی ئەمریکا هوشیاربێ بە نیسبەت ئەو شتانەی ڕوودەدات.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئێمە تەنها دەتوانین لە سەرچاوەکانی خۆمان کەڵك وەربگرین، بەڵکو دەبێت داوا لە دوو پاڵێوراوەکانی سەرۆك کۆماری بکەین لەم پەیوەندیەدا هەلوێست بگرن.

بەڕێز جەنابی سەرۆك، ئەم بێ باکییەی عێراق مەعقوول نییە. ڕێبەرانی عێراق ئاگاداری بارودۆخی جیهانن و دەزانن بەرژەوەندییە مەزنەکانی ئەوان بە توندتر بوونی بیروڕای گشتی دەکەوێتە بەر مەترسی. هەربویە ئێمە دەتوانیین لە ئاکامی ئەم ڕووداوانە کەڵك وەرگرین، ئەگەر بیروڕای گشتی بهەژێنین.

## دیكۆمێنتی ژماره (73)

### له به‌ڵگه‌نامه نهێنیه‌كانی ئه‌مریكا[42]

### ئاواره كورده‌كانی عێراق له توركیا به‌رده‌وام له سه‌ختیدا ده‌ژین
### 12ی ته‌مموزی 1993- ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران

به‌ڕێز "دیكونیسنی":

من ده‌مه‌وێت نیگه‌رانی خۆم ده‌رببڕم به نیسبه‌ت ڕه‌فتاری توركیا له گه‌ڵ 33 هه‌زار كوردی ئاواره‌ی عێراق كه له باشووری ڕۆژهه‌لاتی توركیا ده‌ژین. ئه‌م خه‌ڵكه چاره‌ڕشه پێشتر له‌سه‌ر ده‌ستی سه‌دام حوسه‌ین ئێش و ئازاری زۆریان بینیووه. سه‌دام ئه‌وانه‌ی كیمیابارران كردووه، كوشتووه و ئه‌وانه‌ی له كاولكردنی گونده‌كان و خانووه‌كان ڕزگاریان بووه، دوورخستووه‌ته‌وه. له به‌ر ئه‌وه‌ی له لایه‌ن میدیاكانه‌وه سه‌ره‌نجی كه‌می پێدراوه، كه‌متر كه‌سێك له ده‌ره‌وه‌ی كۆمه‌ڵگای كوردستان ده‌زانێت له‌م ناوچه ده‌ست پێڕا نه‌گه‌یشتوه‌دا چ ڕووده‌دات. به داخه‌وه ئه‌م ڕه‌فتاره درێوه سوكایه‌تیه به هه‌موو مرۆڤایه‌تی، به‌رده‌وامه له به‌ر ئه‌وه‌ی وڵاته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا و ده‌وڵه‌تانی دیكه‌ی ڕۆژئاوا ناتوانن گوشار بخه‌نه سه‌ر ڕژێمی سه‌ره‌ڕۆی عێراق.

پاش ئه‌وه‌ی هه‌زاران كورد به ده‌ستی سه‌ربازه‌كانی عێراق به كۆمه‌ڵ كوژراون، هه‌زاران كه‌س هه‌ڵاتن و په‌نایان بۆ توركیا برد، به‌ڵام به هه‌رحاڵ له توركیاش له گه‌ل كۆمه‌ڵێك كێشه‌ی نۆێ به‌ره‌و ڕووبوونه، ده‌وڵه‌تی توركیا ئه‌وانه‌ی وه‌ك په‌نابه‌ر به فه‌رمی نه‌ناسی و ئه‌وانی وه‌ك ڕێبوار ئاوزه‌ند كرد. ئه‌م ڕه‌فتاره بووه هۆی ئه‌وه كه ئه‌وان له كۆمه‌ڵێك یارمه‌تی مرۆڤانه بێبه‌ش بن.

ئێستاش پاش 3 سێ ساڵ ئەم ڕێبوارانە لە کەمپەکانی باشووری تورکیا نیشتەجێن و دەوڵەتی تورکیا درێژە بە هەوڵەکانی دەدات تا ئەوان وەك نیشتەجێبووی کاتی لە ڕەوشێکی دژواردا بهێڵێتەوە.

لە مانگی ئۆگستی ڕابردوودا من و سناتۆر "لاتینبێرگ" سەردانی یەکێ لەم سێ کەمپانەمان کرد بەنسبەت کەمپەکانی دیکە دۆخەکەی باشتر بوو، 33 تا 43 کەس لە شوقەیەکی 3 ژووریدا بوون، دۆخی پاك و خاوێنی خراپ بوو ئاوارەکان نەیان دەتوانی کار بکەن. لەمە زیاتر دەوڵەت نەیدەهێشت منداڵە کوردە ئاوارەکان بە شێوازی فەرمی پەروەردە ببینن و ماندوویی و بێ هیوایی بە نیسبەت داهاتوو، کەش و هەوای سەرکوت و بێ دەنگی و بێزاری بە سەریاندا زاڵ کردبوو.

لەم دوایانەدا، دەوڵەتی تورکیا پەیمانامەیەکی خۆی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) هەڵوەشاندووە، بە گوێرەی ئەوەی دەوڵەتی تورکیا دەبوو بە پەناگەی هەمیشەیی هەزاران ئاوارە. دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان پارەیان تەرخانکرد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان لە لایەن (UNHCR) و دەوڵەتی تورکیا. کۆنگرێس 53 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و وەزارەتی دەروە دەورێکی گرنگ و جێگای ستایشی بینی لە دابینکردنی هاوکاری دەوڵەتانی دیکە لەم بوارەدا.

زێدەباری هەڵوەشاندنەوە پرۆژەکە بەبێ هیچ پاساوێکی فەرمی، دەوڵەتی تورکیا هەروەها نەیهێشتووە یارمەتیە نێو نەتەوەییەکان بەکار ببردرێت بۆ باشترکردنی ڕەوشی کەمپەکان. لەوە خراپتر ئەوەیە لە سەرتای ئەمساڵەوە، دەوڵەتی تورکیا هاتووچۆی دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کارمەندانی UNHCRی بۆ کەمپەکان بەر تەسك کردووە.

کاربەدەستانی تورکیا دەڵێن کوردەکانی عێراق لە لێبووردنەکەی سەدام حوسەین کەڵك وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق. ئاوارەکان دەڵێن دەوڵەتی تورکیا یارمەتییە نێو

نەتەوەییەکان نادات بە کەمپەکان بۆ ئەوەی ئاوارەکان ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ عێراق. گرووپەکانی داکوکیکاری مافی مرۆڤ کە ئاگاداری ڕەوشی کەمپەکانن، نیگەرانی خۆیان دەربریوە بە نیسبەت گەڕاندنەوەی زۆرەملێی ئاوارەکان بۆ عێراق. ئەگەر ئەم ئاوارانە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، مەترسی ئەوە زۆر جددییە کە تووشی چارەنووسی براو خوشکەکانیان بن کە کوژراون یان لە ماڵ و زێدی خۆیان دەرکراون.

من مانگی ئۆگستی پێشوو لە تورکیا گەڕاومەتەوە. تورکیا پشتیوانی بە هێزی ئێمەیە و پەیوەندی بەرژەوەندی دوو لایەنمان پێکەوە هەیە و دۆستایەتیە لە مێژینەکەمان لەگەڵ ئەوان بەرز دەنرخێنم. بە درێژای سەدەکان، تورکیا (هەروەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پەناگایەکی ئەمن بووە بۆ میلیۆنەها ئاوارە. لە ڕاستیدا ساڵی 1992 دەبێت بە پانسەدەمین ساڵیادی پێکهاتنی کۆمەڵگای جوولەکەکان لە تورکیا کە لە دەستی ئازار و ئەزیەتی ئایینی لە ئیسپانیا هەڵهاتبوون. دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر هەرشتێکدا کە پەیوەندی بە کوردەکانی دانیشتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەوە هەبێت، کۆمەڵێك حیساباتی گرنگی سیاسی و ئاسایشی هەیە.

بە هەرحاڵ کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیا بە نیسبەت ئاوارە کوردە عێراقیەکان پێشاندەری جۆرێك هەستیاربوونە کە تەنها ناکۆکیەکانی ناوچە خراپتر دەکات. داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکەم بە ڕەفتاری خۆی لە گەڵ ئاوارەکاندا بچێتەوە و هەرچی لە دەست دێت بیکات بۆ ئەوەی پێشوازی لەم ئاوارانە بکات و بهێڵێت لە ئازادی و هەلەکانی وڵاتی تورکیا چێژ وەربگرن.

## دیکۆمێنتی ژمارە (71)

### لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[43]

### ڕژێمی سەرکوتکەری سەدام حوسێن هەڕەشەیە بۆ ملیۆنەها کەس
### 11ی ئەیلوولی 1993 – کونگرێس.

بەڕێز "پۆرتێر":

هەمووومان ئاگاداری ئەو مەترسییەین کە لە ئەنجامی داگیرکردنی نایاسایی کوێت بە دەستی عێراق، بەسەر سەقامگیری ئابووری جیهاندا سەپاوە. بەڵام ڕژێمی سەرکوتکەری سەدام ئەوەندەش هەڕەشەیە بۆ سەر ملیۆنەها کەس کە لە کەنداوی فارسدا دەژین.

لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی سەدام حوسەین لە ساڵی 1979وە، کوردەکان– مەزنترین کەمینەی عێراقن– بەتاوانی ئەوەی داوای بەفەرمی ناسینی ئەتنیکی جیاوازی خۆیان دەکەن، بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کراون. لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا سەدان منداڵ کە دایك و باوکیان چالاکوانی سیاسی بوونە–دەستگیر و ئەشکەنجە دراون، سەدان هەزار کورد لە شوێنەکانی دیکە نیشتەجێ کراون بۆ ئەوەی بڵاوە بە کۆمەڵگای کورد بکرێت، سەدان گوند کاول کراون، هەزاران کەس لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کورد کوژران و هەر چەشنە دەنگی نارەزایەتییەك بەتوندترین شێوە سەرکوت کراوە.

ئێمە نابێت چاو لە قسەکانی سەدام بکەین (لە بەر ئەوەی هیچ متمانەیەك بە قسەکانی ناکرێت) بەڵکو دەبێت چاو لە کردەوەکانی بکەین. بە لە بەر چاو گرتنی کارنامەی ڕەشی مافی مرۆڤی سەدام دژی هاووڵاتیانی خۆی، ئەوەی ئەرکی ئێمەیە ئاسایشی هاووڵاتیانی بیانی کە لە کویت بە بارمتە گیراون و هاووڵاتیانی کویت و وڵاتانی دراوسێ بپارێزن.

دیكۆمێنتی ژماره(72)

له بەڵگەنامە نهێنیەكانی ئەمریكا[44]

بڕیارنامەیەك بۆ كۆمەڵكوژی كوردی عێراق

9ی نیسانی 1991– ئەنجوومەنی نوێنەران.

بەڕێز "لڤین"، نوێنەری ئەیالەتی "كالیفۆڕنیا":

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن، من ئەمڕۆ بڕیار نامەیەكم ئامادەكردووە كە داوا لە سەرۆك كۆماری ئەمریكا دەكات بە زووترین كات دەست بەكار بێت بۆ ئەوەی كۆمەڵكوژی كوردەكانی عێراق ڕابوەستێنرێت. ئێمە بۆ ڕاوەستاندنی ئەم تراژیدییایە درەنگ دەست بەكاربووین. سەدان هەزار كورد لە زێدی خۆیان هەڵاتوون. هەزاران كەس مردوون و هەزاران كەسی دیكە بەهۆی برسێتی، نەخوشی سەرما و سۆڵە و هێرشە زەوی و ئاسمانییەكانی سەدام حوسێن لە گەڵ مەترسی مەرگ ڕووبەڕوون.

دەست بەكار نەبوونی ئەمریكا بۆ خستنە خوارەوەی كۆپتەرەكانی سەدام بە شێوازی دلڕەقانە هێرشیان دەكردە سەر خەڵكی كورد، پێشتر بوە هۆی كوژرانی ژمارەیەكی زۆر. ئەگەر ئێمە لەمە زیاتر دەستەوەستان بمێنینەوە هیچ كەس زیندوو نامێنێت تا لەو هەرێمە دژەفرینە كەڵك وەربگرێت كە نەتەوە یەكگرتووەكان پێشنیاری كردووە.

جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەن، سەرۆك بۆش لە جێی خۆیدا جەختی لە سەر بیری ئەخلاقی هەڵە گرینگەكانی ئەمریكا كردووتەوە بۆ تێكشكاندنی سەدام حوسەین. نابێت سەرۆك بۆش بهێڵێت ئەم سەركەوتنە بە تەنها هێشتنەوەی كوردەكان كۆتایی پێبێت كە پێویستی یەكجار زۆریان بە یارمەتی كۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هەیە.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، دەقی ئەم بڕیارنامەیە پێشکەشی ئێوە دەکەم و تکا لە ئەندامانی ئەنجوومەن دەکەم پشتیوانی بکەن لە هەنگاوی پاراستنی خێرای کوردەکانی عێراق و یارمەتیدانیان.

ئەمە دەقی بڕیارنامەکەیە:

- بەهۆی ئەوەی سەدام حوسەین لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشی دڕندانەی کردووتە سەر خەڵکی کوردی عێراق بە تاوانی ئەوەی کە ئەم خەڵکە دژی ئەم دیکتاتۆرە ڕاپەرینیان کردووە.

– بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی ناکوکی ناوخۆی عێراق، سەدان هەزار عێراقی کە زۆربەیان کوردن، ئاوارە بوونە.

– لە بەر چاوگرتنی ئەوەی زۆرێك لەم ئاوارانە و هەروەها ئەو گرووپە ڕاپەریوانە کە هێشتا لە عێراقدا ماونەتەوە بەهۆی برسێتی، سەرما و سۆڵە، برین و نەخۆشی لە گەڵ مەترسی مەرگ بەرەوڕوونە.

– بە لە بەر چاوگرتنی ئەوەی کە کارمەندانی پزیشکی هێزە فرە ڕەگەزەکان لە کەنداوی فارس دەتوانن بە خێرایی پێداویستی دەرمانی خەڵك دابین بکەن.

– بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی عێراق هەروا سنوورەکانی لە سەر هەوڵە سارێژکەرە نێونەتەوەییەکان داخستووە و ناهێڵێت ئەم هەوڵانە ئەنجامبدرێت.

کۆنگرێسی ئەمریکا (بەرەزامەندی ئەنجوومەنی پیران) بڕیاری دا:

1– سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەبێت دەستەبەجێ داوا بکات هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕێکخراوە خێرخوازییە نێو نەتەوەییەکان بپارێزن وەك خاچی سوور، مانگی سوور، سندووقی مندالانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە خۆ ویستەکان بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی کوردەکان و عێراقییەکانی دیکە بکەن.

2- سەرۆك كۆمار دەبێ لەو تیمە پزیشكییەی هێزە هاوپەیمانەكان كە لە كەنداوی فارسدان، داوا بكات یارمەتی پزیشكی و خێرخوازی بدەن بە كوردەكانی عێراق لەو شوێنانەی زۆر پێویستە.

3- سەرۆك كۆمار دەبێ داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان بكات هێزی ئاشتیپارێز لە عێراق جێگیر بكات بۆ ئەوەی خەڵكی كورد و گرووپەكانی دیكە بپارێزێت كە هێزەكانی عێراق هێرشیان كردوونەتە سەر.

دیکۆمێنتی ژمارە(73)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[45]

ئاوارە عێراقیەکان

9ی نیسانی 1991 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "لیهەی":

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، دەمەوێت باسی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆ بکەم و ئەو تراژیدیە مرۆڤییەی لە عێراق ڕوودەدات. سەدان هەزار کورد و شیعە و ئاوارەکانی دیکە لە دەستی سەرەڕۆیی سەدام هەڵهاتوون و پەنایان بۆ تورکیا و ئێران بردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان هەزاران پیاو و ژن و منداڵ برینداربوونە و ژمارەیەکی زۆریان لە سەر ڕێگا سەهۆڵبەستووەکانی عێراق بۆ تورکیا یان لەکەمپە قەرەبالغ و چەپەلەکانی تورکیا و ئێراندا لە ناو چوونە.

من ستایشی بڕیاری سەرۆك بۆش دەکەم بۆ ناردنی خێرای خواردەمەنی و یارمەتییەکانی دیکە بۆ ئەم ئاوارانە، لە وانە خستنە خوارەوەی کەل و پەل لە لایەن فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکاوە. بەڵام هەمووما‌ن دەزانین ئەم یارمەتیانە تەنها بەشی کۆمەڵێك لەم ئاوارانە دەکات. نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتگەلێك وەك بەریتانیا و فەڕەنساش بەرپرسیارن لە بەرامبەر کردەوە کۆمەڵکوژییە هۆڤانەکەی سەدام حوسەین دژی خەڵکی خۆی.

بەڵام هەروەك تاراژیدیاکانی دیکە لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی، بە داخەوە یارمەتیدان بە هەزاران کەس لەم ئاوارە ئێش و ئازار چەشتووانە زۆر درەنگ و زۆر کەم بووە. بە گوێرەی زانیارییەکانی من، سندووقی ئاوارەکان و کۆچکردووەکانی وەزارەتی دەرەوە کەمتر لە 43 ملیۆن دۆلار پارەی تێدایە. لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری پارەی ئەم

سندووقە تەرخانکراوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی هەزاران ئاوارەی برسی شاخەکانی ئافریقیا و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا و بیابانی ئافریقیا. ئەو برە پارەیە کە لەوانەیە تەرخان بکرێت بۆ یارمەتیدانی کورد و شیعە و کەسانی دیکە کە لە کوشتن ، ئەشکەنجە، دڕندەیی و برسێتی لە عێراق هەڵهاتوون، بەشیان ناکات. ئێمە دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا ناچارە بەشێکی زۆری یارمەتیەکی خێرا بدات بەم ئاوارانە.

وەك سەرۆکی کۆمیتەی شالاوی دەرەوە کە دەسەڵاتم بە سەر سندووقی ئاوارە و کوچکردووەکاندا هەیە، بەڵێنی ئەوە دەدەم بەخێرایی داخوازنامەیەك پێشکەش سەرۆك کۆمار بکەم بۆ یارمەتیدانی خێرای ئاوارە عێراقییەکان.

ئێمە دەزانیین کورد و شیعەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەهاندانی حکوومەتی بۆش دژی سەدام حوسەین ڕاپەرینیان کردووە. سەرۆك (بۆش)یش دەڵێت قەد کارێکی وای نەکردووە کە ئەم خەڵکە سەرکوتکراوە وا تێبگەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە قازانجی ئەوان دێتە مەیدان. بە هەرحاڵ باسەکەی ئێمە، ئەم تەوەرە لە خۆ ناگرێت و ئیدی گرنگ نییە، با مێژوو نووسان پاشان لە سەری بڕیار بدەن. ئەمە ڕاستیەکی تاڵە ئەوانەی ڕاپەینیان کردووە بەهایەکی یەکجار زۆریان داوە بۆ بوێری و ئازایەتی خۆیان. مانەوە لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسەین، بە واتای کوشتنی زیاتر، ئەشکەنجەی زیاتر و برسێتی زیاترە. ئەوان هیچ چارەیەکیان جگە لە هەڵهاتن نییە، تەنها هیوایان ئەوەیە کۆمەڵگای جیهانی یارمەتیان بدات. ئەمە یەکێ لەو کاتە مێژووییانەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا بێتە پێشەوە و نیاز پاکی و خێرخوازی خۆی نیشان بدات.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن هەروا کە بیرمان دێت لە تروپکی بۆمبارانەکانی "شالاوی گەردەلوولی بیابان"، ئێمە ڕۆژانە ملیۆنێك دۆلارمان سەرف دەکرد، با ئێستا پارەی ڕۆژێکی ئەو شالاوە تەرخان بکەین بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەو کەسانەی کە ئەوەندە

بوێریان بووە لە بەرامبەر دەوڵەتەکەیان ڕابوەستن بەو هیوایە کە دیکتاتۆرێك بڕوخێنن کە هێشتا بەسەر وڵاتەکەیدا حوکم دەکات.

ئایا هیچ ئەمریکاییەك هەیە نەیەوێت یارمەتی ئەم ئاوارانە بدات لە کاتێکدا ئەم وێنانە دەبینێت، کاتێك دایکێك دەبینێت منداڵە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی بە کۆڵەوەیە، کاتێك دەبینێت بنەماڵەکان بەسەر جۆگەلە سەهۆڵ بەستوەکاندا تێدەپەڕن. کاتێك دەبینێت منداڵەکان هاوار دەکەن و هەوڵدەدەن لقەدارێکی بچوك بدۆزنەوە کە ئاگری بدن و خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، کاتێك دەبینێت بنەماڵەکان دێن و دەچن و هیوایان ئەوەیە ڕۆژی دواتر زیندوو بن و لەو سەرما و سۆڵەدا نەمرن. ئایا تەنها یەك کەسی ئەمریکایی هەیە نەیەوێت یارمەتی ئەم ئاوارانە بدات، باوەڕناکەم.

ئێمە لە کاتی شەڕدا یارمەتیمان داوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارەیەکی زۆری خەرج کردووە. با ئێمە بەشێکی بچوك لەو پارەیە تەرخان بکەین بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە هێشتا بە دەستی ئەو سەرکوتەوە دەناڵێنن کە ئێمە لە "شاڵاوی گەردەلوولی بیابان" دژی شەڕمان کردووە. ئەمە باشترین کارێکە کە ئەمریکا دەتوانێت بیکات، ئەمە شتێکە ئێمە دەتوانیین بە باشی ئەنجامی بدەین. با جارێکی دیکە جیاوازی نێوان سەدام حوسەین و و خۆمان بە جیهان نیشان بدەین. با یارمەتیان بدەین. ئەم کارە دەبێ بکرێت. هیوادارم بە زۆترین کات ئەنجام بدرێت.

## دیکۆمێنتی ژمارە (74)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[46]

تراژیدیای کورد

9ی نیسانی 1991– ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز"جۆرج":

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، دەمەوێت باسی کێشەیەك بکەم کە چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی ئەنجوومەن پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ باسیان کردووە و ئەویش تراژیدیای کۆڕەوی کوردە.

جێگای دەستخۆشیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری داوە دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە ڕووداوەکانی عێراق خەریکە دەبێ بە یەکێ لە کارەساتە سیاسییە گەورەکانی سەردەم. بە هەرحاڵ یارمەتی ئێمە بۆ پەسەندکرانی ئەم بڕیار نامەیە تا ئەم کاتە کارێکی عاقلانەبووە، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەهەندەکانی کێشەکە و هەروەها لە پەیوەندی لە گەڵ بەرپرسیاریەتی ئێمە لە بەرامبەر ئەم ڕووداوانە. لەمە زیاتر ئێمە هێشتا لە سەر هەنگاوەکانی دواتر چڕ بووینەتەوە، لە کاتێکدا کە دۆزینەوەی چارەسەرییەکی درێژخایەن پشتگوێ دەخەین.

هەموو هەڵسەنگاندنەکان جێی گومانن و ئێمە دەبێ بە پارێزەوە نزیکی هەڵسەنگاندنەکانی دەوڵەتەکانی دیکە ببینەوە. با وا دابنێین نزیکەی 333 هەزار کورد چوونەتە ناوخاکی تورکیا و هەمان ئەو ژمارەی دیکە لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق و تورکیا کۆبوونەتەوە. ئێران پەنای بە 333 هەزار کورد داوە و دەڵێت ئامادەیە جێگای 233 هەزار کەسی دیکە بکاتەوە. ئێران هەروەها جێگای نزیکەی 43 هەزار ئاوارەی خەڵکی ناوچەی باشووری عێراقی کردووەتەوە.

سەرەنجام لەوانەیە نزیکەی 15 تا 23 هەزار کەس لە بەشی باشووری عێراقدا نیشتەجێ بن کە ئێستا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

ئێستا کۆمەڵێك هەوڵی نێو نەتەوەیی لە ئارادایە بۆ یارمەتیدانی ئەو کوردانەی کە هەڵهاتوون بۆ سەر سنووری تورکیا. ئەگەر ئەم هەوڵانە لە کاتی خۆی و بە قەد پێویست نەبێت، مەترسی ڕوودانی کارەساتێك لە ئارادایە. ئەمە یەکێ لە بەر پرسیارییەتیە گرانەکانی کۆمەڵگای نێو نەتەوەییە، بە تایبەت دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان(بە بیر و بۆچوونی من بە تایبەت کویت و عەرەبستانی سعوودی) کە هاوکاری ئاوارەکان بکەن.

لە گەڵ ئەمەشدا هەتا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، وەڵامێکی بەو شێوەیە لە ئارادا نییە بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی لەعێراقەوە هەڵهاتوون. ئێستا دەوڵەتی ئێران داوای یارمەتی نێو نەتەوەیی دەکات و ئەم یارمەتییە دەبێت بە هەمان هەستی بەرپرسیارێتی و خێراییەوە دابین بکرێت کە ئێستا لە ئارادایە بۆ یارمەتی دانی ئاوارەکانی سەر سنووری تورکیا. بەدڵنیاییەوە ئەگەر تەنها یەك کات هەبێت بۆ ئەوەی جیهان وەڵامی داخوازی ئێران بداتەوە، ئەوکاتە ئێستایە.

لە هەمانکاتدا ئێستا سەرەنجەکان لە سەر پێشنیاری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا،"جان مەیجێر" چڕ بوونەتەوە بۆ دروست کردنی ناوچەیەکی پارێزراو بۆ ئەوەی ئاوارەکان لە ئاسایش و ئارامیدا بن.

ئەمە بیروکەیەکی شازە، بەڵام کۆمەڵێك ئاکام و لێکەوتەی بە دوواوە دەبێت و کۆمەڵێك کەند و کوسپی لە سەر ڕێگایە. بۆ نموونە من لەوە بە گومانم کە بکرێت کۆمەڵێك ناوچەی پارێزراو لەسەر سنووری عێراق لە گەڵ ئێران و تورکیا دروست بکرێت لە بەر ئەوەی هیچ ژێرخانێك لەو ناوچانەدا نیە و هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی پێداویستی ئەم ژمارە زۆرە ئاوارانە دابین بکرێت. ناوچەیەکی پارێزراوی وا دەبێت لە قوڵایی خاکی عێراقدا دروست بکرێت بۆ ئەوەی شارۆچکە گەلێکی تێدابێت کە بکرێت لەو شارۆچکانەدا هەوڵەکانی دابین کردنی پێداویستیەکان ئەنجام بدرێت.

کەوابوو بە بیر و بۆچوونی من ئێمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە هەرێمێکی بەرفراوان لە قوڵایی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق دابمەزرێنین کە هێزەکانی سەدام حوسەین دەستیان پێنەگات. ئەگەر ئێمە کارێکی وابکەین، پاراستنی سەدان هەزار پیاو ، ژن، منداڵ بەوە گرێدراوە کە بتوانین کۆمەڵێك ناوچەی ئەمنی پارێزراو دروست بکەین و ئەم ناوچانەش بەبێ هاوکاری دەڵەتی عێراق ناتوانێت بوونی هەبێت. بە باوەری من چەند ئامراز لە دەستی ئێمە دایە:

یەکەم: ئەوەیە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی هەیە لە ڕێگای بڕیارنامەی 688ی ئەنجوومەنی ئاسایش لەم کێشەیەدا دەستێوەردان بکات.

دووەم: لە ڕێگای بڕیارنامەی 678 کە ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بە کۆمەلێك هۆ کە ئەم هۆکارانە نە تەنها بۆ دەرکردنی سەربازانی عێراقی لە کویت، بەڵکو بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێو نەتەوەیی لە ناوچە وەڕاست دەگەڕێت. بە دڵنیاییەوە کۆڕەوی بە کۆمەڵی خەڵك بەو شێوازەی کە ئێستا ڕووی داوە بە گوێرەی پێناسەی بڕیارنامەی 678 هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ناوچە.

سێیەم ئامراز، ڕاگەیاندننامەی لێبووردنی گشتی خۆدی سەدام حوسەینە ڕێگای خۆش دەکات بۆ ئەوەی چاودێری بیانی بکرێت بە سەر جێبەجێبوونی ئەم لێبووردنە گشتیە لە ناوچەی پارێزراو لە بەر ئەوەی کردەوەکانی سەدام حوسەین بە جوانی نیشانی داوە ئەم جۆرە لێبووردنانە جێگای متمانە نین. کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دەبێ لە بەرامبەر جێبەجێ بوونی ئەم لێبووردنە گشتیە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت.

بە یارمەتیتان خاڵێکی دیکە لە بارەی ئەم ناوچە پارێزراوانە بهێنمە سەر زمان: ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ناوچەی پارێزراو کە ئاوارەکان تێیدا پارێزراو بن دەبێت بۆ هەندێك ناوچەی دوور لە سنووری کوردستانی عێراق درێژ بکرێتەوە و هەرچی لە سنووری عێراق و تورکیا نزیکتر بینەوە، دەسەڵاتی سەدام حوسەین لاوازتر و کەمتر دەبێت، بەڵام هەرچی زۆرتر بەرە و قوڵایی خاکی کوردستانی عێراق بچینە پێش، دەسەڵاتی سەدام

حوسەین زۆرتر دەبێت و لە ئەنجامدا ئێمە دەبێت بە پارێزی زۆرترەوە هەڵسوکەوت لەگەل سەدام بکەین. ئەگەر ئێمە کێشەکە نەگوازینەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێبەرایەتی نەکەین بۆ ئەوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی، پشتیوانی (کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی) بەدەست بهێنین، ناکرێت بە شێوازی کاریگەری ئەم قەیرانەی ئێستا چارەسەر بکرێت.

کە وابو ئێمە دەبێ ئامادە بین بۆ ئەوەی کۆمەڵێك گوشاری نوێ و قورس بخەینە سەر عێراق تا ڕازی بێت بە داخوازییەکانی ئێمە لەم بوارەدا. بە دڵنیایەوە مەبەستی من ئەوە نییە نابێ ئێمە سەربازەکانمان لە ناوچە بکێشینەوە، بەڵکو کۆمەڵێك پێشنیاری دیکەم لەم پەیوەندییەدا هەیە، بە تایبەت لە یەکەمین هەنگاودا دەبێ داوای ئەوە بکەین فڕینی کۆپتەرەکانی عێراق کۆتایی پێبێت. سەدام حوسەین تەنها لە ڕێگای ئەم کوپتەرانەوە دەتوانێت کوردەکان بەرە و شاخەکان ڕاو بنێت، ئەم ڕاستییە پێشتر سەلمێندراوە.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن ڕێو شوێنەکانی ئاگربەست بەڕوونی بەکارهێنانی کۆپتەری سەربازی بۆ ئەو ئامانجانە قەدەغەکردووە عێراق ئێستا کەڵکی لێوەردەگرێت. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسە چاپەمەنییەکە، کە پاش ڕوونبونەوەی کۆمەڵکوژی خەڵك بەرێوەچوو، وتی"ئایا سیاسەتی ئێمە شەفاف نییە؟ بەڵێ".

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن لە ئەنجامی سیاسەتی ئەمریکا لەم بارودۆخە دا مافێکی تایبەت دراوە بە عێراق تا کۆپتەری جەنگی بەکاربهێنێت بۆ کۆمەڵکوژی کورد. ئێمە دەزانین هەر ڕۆژ کۆپتەرەکان بەکار دەبرێن، تەنانەت دوێنێش. ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە نەهێڵین ئەم کۆپتەرانە بفڕن. هەموو کەسێك ئاگادارە چی مەترسییەك لە پێشە، بەڵام کەس هیچ ناکات لە بەر ئەوە کە لە سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەترسێ. سەرۆك کۆمار دەڵێت ئەگەر ئێمە کۆپتەرە سەربازییەکان بخەینە خوارەوە، دەکەوینە ناو لێژاییەك، دەست تێوەردانی زەمینی هێزەکانی ئەمریکای لێ دەکەوێتەوە و دەکەوینە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە.

سەرۆك كومار نابێ پێش لە ئێمە بگرێت بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەم خەڵکە. پێش نەگرتن لە فڕینی کۆپتەرە جەنگیەکانی عێراق، هەڵەیە. ئێمە دەبێت هەر ئێستا پێش لە فڕینی ئەم کۆپتەرانە بگرین.

دووەم: دەبێ وەبیری عێراقی بهێنینەوە کە گوێرایەڵ نەبوون بە بڕیارنامەی 688 لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیارێك پێشکەشی ئەنجوومەنی گشتی بکات کە ئەندامیەتی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبواسرێت یان ئەگەر زۆر پێویست بێت بە تەواوی هەڵبوەشێنرێتەوە. هەرچەند لەوانەیە بە بیروبۆچوونی هەندێ کەس ئەم کردەوانە مەترسییەکی ئەوتۆ بۆ سەدام حوسەین دروست نەکات، بەڵام بە بیروبۆچوونی من هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی لایەنی کەم هەندێ لە ئەندامانی گرینگی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسیار بکەین کە ئایا عێراق ( نە تەنها بۆ خەڵکی خۆی، بەڵکو بۆ ناوچەش هەڕەشەیە) دەتوانێت بە زوڵم و زۆرداری بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

سێیەم: دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری بەعێراق بدات ئەگەر نەهێڵێت کێشەکە لە ڕێگای ئاشتیخوازانە چارەسەر بێت.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەم هەڵێنجاندنە کە ئێمە نابێت خۆمان بخەینە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق ، لە کاتێکدا:

" ئێمە کۆنترۆڵی 23٪ی هەرێمی زەمینی و 133٪ی هەرێمی هەوایی عێراقمان بە دەستەوەیە و بە یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمانان دەتوانین 133٪ی نەوتی هەناردەی عێراق بۆ دەرەوە کۆنترۆڵ بکەین و هەموو خەرجەکانمان لە داهاتی نەوتی عێراق کەم بکەینەوە و هەموو ئەو شتوومەکانە کۆنترۆل کەین کە لە وڵاتانی دیکەوە دەچێتە ناو عێراق. کەوابوو ئەم بیروکەیەی ئێمە نابێت دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا بکەین بۆ ئەوەی پێش لە کوژرانی بە کۆمەڵی دەیان هەزار کەس بگرین، ڕاست نییە.

چوارەم: وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە ئێمە نامانەوێت بازنەی گەمارۆکانی سەر عێراق ئەوەندە بەرفراوان بکەینەوە کە زیان بە پێداویستیە ڕۆژانەکانی خەڵکی عێراق بگەیەنێت و ئەم گەمارۆانە تەنها بۆ کاتی دەسەڵاتدارانی سەدام نابێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت هەتا دەوڵەتێکی نوێ لە عێراق پێکبێت کە ڕێز لە مافی مرۆڤ و مافی سیاسی هاووڵاتیانی عێراق بگرێت.

پێنجەم: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەدام حوسەین، دەبێ هەوڵ بدات بۆ پێکهێنانی دادگایەکی نێو نەتەوەیی ڕاستی دۆزینەوە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لە گەڵ ڕەفتاری عێراق لە کویت و لە ڕاپەرینەکەی ئێستادا بگرێت. بە بیروبۆچوونی من ئەگەر ئێمە بهێڵین ئەم تاوانانە شاراوە بمێننەوە، دەبینین ڕێبەرانی جیهان ڕۆژێ لە ڕۆژان دەچنە بەغداد و تەوقە لە گەڵ سەدام یان هەر سوپا سالارێکی خوێنرێژی بەعسی دیکە دەکەن کە بێتە جێگای سەدام و دام و دەزگای تیرۆر و سەرکوتی (سەدام تەنها یەکێ لە دامەزرێنەوە سەرەکییەکانییەتی) سەدام بەڕێوە ببات.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، لێرە کۆمەڵێك کێشەی ئاڵۆزی یاسایی و ئەخلاقی هەیە. دەبێ لاپەرەیەکی نوێ لە یاسای نێو نەتەوەیی بنووسرێتەوە. بە هەرحاڵ ئێمە با لە سەر ڕاستیە بەر چاوەکان چڕ بینەوە. ژیانی هەزاران هەزار کەس لە دەستی ئێمەدایە. ئێمە دەسەڵات و یاسای نێو نەتەوەیمان هەیە بۆ دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم کێشەیەدا ، دەسەڵات و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشمان هەیە بۆ پێناسەکردنی ڕێوشوێنەکانی پێشگیری لە کارەسات، دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە ئەم ڕێوشوێنانە بسەپێنین بە سەر عێراقدا. ئەوەی ئێمە هێشتا نیمانە، ڕێبەرایەتی ئەمریکایە بێ ئەوەش هەموو شتەکانی دیکە بێ کەڵك و بێ ئەنجام دەبێت.

هیوادارم هێدی هێدی ڕێبەرایەتی ئەمریکا بێتە مەیدان.

## دیکۆمێنتی ژمارە(75)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[47]

### کورد و ئاژینی نوێی جیهانی
### 9ی نیسانی 1991- ئەنجوومەنی پیران.

تـاوتوێکردنی گەڵاڵـە یاسـایەك بـۆ چاکسـازی لـە یاسـایی یارمـەتی سـاڵی 1961 بـۆ هەموارکردنی گەیاندنی پێداویستی پزیشکی و یارمەتیەکانیی دیکە بە خـەڵکی کـورد بـۆ سـاڕێژکردنی ئـێش و ئازارەکانیـان لـە لایـەن کۆمیتـەی پەیوەندییـەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران:

بەڕێز"مۆینیهان" :

بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی ئەنجوومـەن، دەمـەوێت پێشـنیاری گەڵاڵـە یاسـایەك بکـەم بـۆ تـەرخانکردنی 53 ملیـۆن دۆلار یارمـەتی مرۆڤدوسـتانە بـۆ کوردەکـانی عێـراق. ئەمـە بەجۆرێك دەربڕی هەڵوێستی کۆنگرێسە کە وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەبـێ هـەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بـە گـوێرەی بەشـیVII مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازی کاریگـەر بـەکاربهێنن بـۆ ڕاوەسـتانی هێرشـە نایاسییەکانی عێراق بۆ سەر خەڵکی سڤیل. هێرشەکانی ئەم دواییانەی دەوڵـەتی عێـراق – و بەر پەرچدانەوەکانی ئێمە – کۆمەڵێك پرسیاری بنەڕەتی دروست کردووە سەبارەت بەوە کە ئایا ئێمە دەمانەوێت ئاژینێکی نوێ جیهانی پاش قەیرانی داگیرکردنی کویت بـە دەستی عێراق پەیرەو بکەین یا نا؟

بە گوێرەی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان (بە تایبەت ماددەی 27) هەندێك ڕووداو لە چوارچێوەی ناوخۆی هەر وڵاتێکدان و لە دەرەوەی لێوەشاوی ئەنجوومەنی ئاسایشن. بەڵام ئەم ماددەیە بۆ باسەکەی ئێمە وەڕاست ناگەرێت، 2 ملیۆن کوردی عێراق لە دەستی سەربازانی عێراق هەڵهاتوون. ئەم ئاوارانە چوونەتە ناو خاکی ئێران و تورکیا و کێشە و نا سەقامگیریان بۆ ناوچە دروست کردووە، کە وابوو گومان لە وەدا نییە کە ئەم ڕووداوانە بە گوێرەی ماددەی 39 هەڕەشەن بۆ ئاشتی. لە ڕاپۆرتەکەی"ئالان ریندگ" بۆ ڕۆژنامەی "نیۆیۆرك تایمز" سەر لە بەیانی ئەمڕۆ بڵاوبوتەوە، هاتووە کاربەدەستانی تورك و توویانە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ژمارەی ئەو کوردانەی لە عێراق هەڵهاتوون لە هەفتەکانی داهاتوودا بگاتە یەك ملیۆن کەس و دابین کردنی پێداویسیەکانی ئەم ژمارە زۆرە لە دەرەوەی توانایی کۆمەڵگای نێو نەتەوەییە. ئەوان دەڵێن ئاوارەبوونی 33 هەزار کەس کێشەیەکی مرۆڤییە بەڵام ئاوارەبوونی یەك ملیۆن کەس کێشەیەکی سیاسیە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، چاوەروان دەکرێت 1/5 ملیۆن ئاوارەی کورد بچنە ناو ئێران.

لەمە زیاتر یاسای نێو نەتەوەیی ئێستا لە گەڵ شەڕێکی ناوخۆیی بەرەو ڕوویە. بە گوێرەی پەیماننامەی چوارەمی ژنێف لە ساڵی 1941 بۆ پاڕاستنی خەڵکی سڤیل لە کاتی شەڕ، هێرشکردنە سەر کەسانێك کە بەشدارییان لە شەڕدا نەکردووە بە تەواوی قەدەغەیە. ئەم قەدەغە بوونە تەنانەت بۆ کاتێکیش کە شەر تایبەتمەندی نێو نەتەوەیشی نییە، وەڕاست دەگەرێت.

عێراقیش وەکو هەموو دەوڵەتانی دیکە دەکەوێتە ناو ئەم پەیماننامەیە. ئەم هێرشە دڕندانە بۆ سەر خەڵکی سڤیل پتر لەوەی کە بێ ئەخلاقی بن، نا یاساین. ئەنجوومەنی ئاسایش بە دەستپێشخەری فەڕەنسا هەنگاوی یەکەمی لەم پەیوەندییەدا هەڵگرتووە. ئەوان لە ڕاستیدا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی ئەم بارودۆخە هەڕەشەیە بۆ ئاشتی، فەرمانیان داوە بە سوپای عێراق ئەم هێرشانە ڕابوەستێنێت و عێراقیش بە گوێرەی

مـاددەی 25ی مەنشـوور دەبـێ رابوەسـتێنێت. ئەگـەر عێـراق سەرپێچـی بکـات. وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت ئەو کارە جوانەی بۆ دامرکاندنـەوەی قـەیرانی کەنـداوی فـارس کـردی بـۆ ئـەم قەیرانـەش بکـات و دەبـێ ئامرازەکـانی مەنشـووری نەتـەوە یەکگرتووەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە بەرامبەر هەڕەشە لـە سەر ئاشتی ڕابوەستێت. ئامرازەکان لەبـەر دەسـتدان، یاسـایی نێـو نەتـەوەی مـاددەی 39ی مەنشـوور، مـاددەی 41ی مەنشـوور (سـەبارەت بـە گـەمارۆکان) و مـاددەی42 (سەبارەت بە بـەکارهێنانی هێـزی سـەربازی لـە لایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە). بـۆ نموونە ماددەی 42 ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە کاتێکدا گـەمارۆکان کاریگەری ئەوتۆیان نەبێت. ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانیـت فـەرمان بـە کۆپتـەرەکانی عێـراق بـدات هێرشـەکانیان ڕابوەسـتێنن ئەگـەر عێـراق سەرپێچـی بکـات، ئەنجوومـەنی ئاسایش فەرمان بـە هێـزە هاوپەیمانـەکان لـە ناوچـەکە بـدات هەنـدێ لـە کۆپتـەرەکانی عێراق بخەنە خوارەوە.

کاتێك سەدام حوسەین کوردەکانی بە چەکی کیمیای لە ساڵی 1988 بەکۆمەڵ کوشت، یەکێ لە گرنگترین پەیماننامە نێو نەتەوەییەکانی پێشێل کـرد کـە پرۆتۆکـۆلی 1925ی ژنـێڤ بـوو سـەبارەت بـە قەدەغـەبوونی کـەلك وەرگـرتن لـە چـەکی کیمیـایی. وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ کارێکی نـەکرد بـۆ پێشـگیری لـەم ڕووداوە، بەپێچـەوانەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەتا ئەو ڕۆژەی عێراق کوێتی داگیر کرد، دژی گەمارۆدانی ئابووری عێراق ڕاوەستا. بە هەرحاڵ لە قەیرانی دووەمی(شەڕی کەنداو) دا بینیمان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تۆندی جەختی لە سەر جێبەجێکراوی یاسای نێو نەتـەوەیی دەکردەوە. حکوومەتی ئەمریکا ئامرازەکانی مەنشووری بەکارهێنا و بە تەواوی گەمارۆی ئابووری خستە سەر عێراق. قەیرانی ئێستا ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕوو دەکاتەوە کە ئایا ئـەم دەروەسبوونە بەنسـیبەت ئـاژینی نـوێی جیهـانی، دەرکردنـی سـەربازی عێـراق لـە کـوێتی لێدەکەوێتـەوە یـان نـا. مـن پشـتیوانی لـە داواکـاری سـەرۆك کۆمـار دەکـەم بـۆ

گەڕانـەوە بـۆ سـەروەری یاسـا و هیـوادارم وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا درێـژە بـە کارەکانی بدات، ئەگەر بەڕاستی لە سەر ئـەو بیروباوەڕەیـە کـە دەکرێـت بەشـیVII ی مەنشوور بەکار ببرێت بۆ جێبەجێکردنی سەروەری یاسا.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن باوەر ناکـەم ئـەو بـڕە یارمەتییـەی ئـەم یاسـایە تـەرخانی کردووە، بەس بێت لە بەر ئەوەی پێشتر خەرجی دابینکردنی پێداویستیەکانی 2 ملیـۆن ئاوارە 13 هێندەی ئەو بڕە پارەیە بووە کە ئەم یاسایە تەرخانی کـردووە، بـەڵام ئەمـە سەرەتایەکە.

من پیرۆزبایی لە حکوومەتی ئـەمریکا دەکـەم بـۆ بڕیارەکـەی بـۆ دەسـپێکردن و نـاردنی یارمەتی و هیوادارم بەئەنجامی خۆی بگات.

دڵنیام کە قسەکانی بەڕێز "گۆر" نیشان دەدات ئێمە یاسایەکی نێو نەتەوەیمان هەیە کـە ئەمڕۆ بەکار دەبردرێت. ئەم یاسایە بەشێکە لە کۆنڤانیسیۆنی چواردەمی ژنێڤی 1949 سـەبارەت بـەو ناکۆکیانەیـە کـە جەوهـەری ناوخۆییـان هەیـە. هـەروا جـەنابی سـەرۆکی ئەنجوومەن دەزانێت کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ کۆمەڵێك پەیماننامە لە خۆ دەگرێت ، بـە دوای جـەنگی جیهـانی دووەم پەسـەند کـرا بـەو مەبەسـتەی تاوانـەکانی شـەڕ لـە دەوڵـەتی ئاڵمانیایی نازی و دەوڵەتانی دیکە پاش جەنگی جیهانی دووەم ئەنجامیان دابـوون، بـبێ بە ئەجیندای دادگاکانی"نۆرێنبێرگ".

ئەم کردەوانەی عێراق پێشێلکردنی یاسای نێو نەتەوەییە کە ئـەمڕۆ هەیـە و لـە زۆربـەی ساڵانی ئەم نیو سەدەی دواییە هەبووە. من وەبـیری سـەرۆکی ئەنجوومـەن دەهێنمـەوە (هەرچـــەندە پێویســـت بـــە وەبیرهێنانـــەوە ناکـــات) وەك پەیماننامەیـــەك، وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ بەدوای ئەم کێشەیە دابچێت. ئێمە ئـەو پەیماننامەیـەمان واژوو کردووە و بە گوێرەی یاسـای بنـەڕەتی ئێمـە، هـەموو پەیماننامەیـەك لـە حـوکمی یاسایی باڵای وڵاتە. ئێمە لەم پەیوەندییەدا هیچ ڕێگـاو چـارەیەکی دیکـەمان نییـە جگـە

لەوەی کە یاسا جێبەجێ بکەین. سەرکەوتن شتێکی هەمیشەیی نییە، بەڵام دەبێ هەوڵی بۆ بدەین.

پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك باسی ئاژینی نوێی جیهانی دەکەین چی لە مێشکی ئێمە دایە لە بەر ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا ڕووداو گەلێکی بەرچاومان بینیووە، بەڵام نەمان ویستووە وەڵامیان بدەینەوە بە هۆی ئەوەی ناوەرۆکی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت ماددەی 2ی بەشی 7 دەڵێت: " ئەو ڕووداوانە لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی ناوخۆی وڵاتێکدان، لە دەرەوەی لێوەشاوەیی ئەنجوومەنی ئاسایشە" ئێمە ویستوومانە بە سادەیی ئەو ڕووداوانە پشتگوێ بخەین کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئێمە هەبووە، هەروەك کێشەی سەربازانی عێراق ئێستا 2 ملیۆن کوردی عێراقیان ئاوارەی ناخۆ و دەرەوەی عێراق کردووە.

کوردستان ناوچەیەکی گەورەیە بەسەرهاتێکی ناخۆشی بووە و لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، عێراق و تورکیا (لە ئیمپراتوری عوسمانی کۆن)دا هەڵکەوتووە، سنوورەکانیان پاش پەیماننامەی"سێڤر"– کە کۆتایی بە شەڕی نێوان هاوپەیمانان و ئیمپراتۆری عوسمانی هێنا– دیاری کرا. دەمەوێت وەبیرتان بێنمەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی1917 شەڕی ڕانەگەیاند دژی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەڵام دژی ئاڵمانیا و نەمساو هەنگاریا ڕاگەیاند. لە ئەنجامدا ئێمە هیچ بەشداریەکمان لەم پەیماننامەیەدا نەکرد و لە قۆناغی دواتردا بینیمان کەوتووینەتە ناو کێشەکە. هیچ گومان لەوەدا نییە ئەم باڕوودوخەی ئەمڕۆ لە پێشەوە پێشبینی دەکرا و قابیلی قبوول نییە، ئاڵۆزییەکی مرۆڤایەتی تەنها بە دەربرینی نیگەرانی کۆتایی پێبێت.

بەڕابەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو کە کۆنڤانسیۆنی 1949ی ژنیف پەسەند کرا. کۆنڤانیسیۆنی چوارەمی ژەنیف سەبارەت بە پاڕاستنی خەڵکی سڤیلە لەکاتی شەڕدا. ئەم کۆنڤانیسیۆنە هێرش کردن بو سەرخەڵکی سڤیلی بە تەواوی قەدەغەکردووە کە بەشدارییان لە شەڕدا نەکردووە. ئایا ئەم قەدەغەبوونە دەکرێت بۆ"

ناکۆکیە چەکدارییەکان کە جەوهەری نێونەتـەوەییان نییـە" بـەکار ببردرێت. بـەڵێ ئـەم قەدەغەبوونە بۆ بارودۆخگەلێك وەك ئەو هەرەشەیە کە ئێمە ئێستا لە گەڵدا ڕووبـەروین، وەڕاست دەگەڕێت، بە تایبەتی لە بەر ئەوەی لـە ئـەنجامی ناکۆکیـەکی نێـو نەتەوەییـدا سەری هەڵداوە.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، من بە نوێنەرایەتی لە لایەن بەڕێزان "داماتوو"، "پێل"، "گۆڕ" ،"بینگمەن" ، "فۆرد"، "لیبـەرمان" ، "ویلستۆن ، "لڤین" ، "ساربانز" گەلاڵەیـەکم ئامـادەکردووە بـۆ چاکسـازی لـە یاسـای یارمـەتی بیـانی 1961 بـۆ هـەموارکردنی دابینکردنـی پێداویسـتی پزیشـکی و یارمەتیـەکانی دیکـە بـە خـەڵکی کـورد بـۆ کـەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانیان، ئێمـە بـە گـوێرەی پرنسـیپە مرۆڤـی و یاساییەکان کـار دەکەین، ئێمە نابێت بێـدەنگ ڕابوەسـتین، ئێمـە بـەر پرسـیارن بەنسـبەت یاسـاکانمان. کۆنوانسیۆنی 1946ی ژنێڤ پەیماننامەیەکە ئێمە واژوومان کردووە، بەگوێرەی یاسایی بنەڕەتی ئەمریکا لە حوکمی یاسایی بەرزی وڵاتدایە و من ناتوانم بیر لـەوە بکەمـەوە کـە ئێمە نەمانەوێت جێبەجێبکەین.

ئەمە دەقی گەڵاڵە یاسایەکەیە:

بەشی أ – یارمەتی مرۆڤ دوسـتانە بـۆ کـورد: فەسـلی 9ی بەشـی 1ی یاسـای یارمـەتی بیانی 1961 (سەبارەت بە یارمەتیدان بە کارەساتە نێو نەتەوەییەکان) چاك کـراو ئـەم بەشە نوێییە بە کۆتاییەکەی زیاد کرا:

أ- کۆنگرێس بڕیاری دا وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەبـێ بـە خێرایـی یارمـەتی بـە خەڵکی کورد و ئاوارەکانی دیکەی عێراق بدات کـە کەوتوونەتـە بـەر هێرشـی سـەربازانی عێراق.

ب- بەرێوەبەری ئاژانسی پێشکەوتنی نێو نەتەوەی دەبێ:

1- بە گوێرەی دەسەڵاتەکانی ئەم بەشە، یارمەتی مرۆڤ دۆستانە بدات بەخەڵکی کورد.

2- یارمەتییە پێشکەشییەکانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان کۆ بکاتەوە بۆ یارمەتیدانی کورد و ئاوارەکانی دیکەی لە عێراق هەڵهاتوو.

3- هاوکاری بکات لە گەڵ ئاژانسە ناحکومییەکاندا بۆ دابینکردنی ئەم یارمەتیانە.

4- ڕێگە بەفەرماندەی گشتی ئیدارەی گواستنەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدرێت هەموو ئامرازە هەوایی و دەریاییەکان بەکار ببات بۆگواستنەوەی یارمەتییە پزیشکیە حکوومی و ناحکومییەکانی ئەمریکا بە ئاوارەکان.

5- جگە لەو پارەیەی ئەم فەسلە تەرخانی کردووە، 53 ملیۆن دۆلاری دیکە لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەنەوە تەرخان دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی 1و2ی ئەم گەلاڵەیە یاسایە.

6- ئەو بڕە پارەیەی بۆ جێبەجێکردنی پاراگرافی 1 تەرخان کراوە هەتا کاتی پێویست لە بەر دەستدا دەبێت.

7- ئەو دەسەڵاتە کە یاسایی یارمەتی بیانی 1961 داویەتی بۆ گواستنەوەی پارە لە نێوان ژمارە حیسابەکان، نادرێت بەو پارەیەی بۆ جێبەجێکردنی پاراگرافی 1 تەرخان کراوە.

8- یارمەتیەکانی ئەم بەشە ناکەوێتە نا وبازنەی ڕێوشوێنەکانی دیکەی ئەم یاسایە.

9- بە لە بەرچاوگرتنی گرنگی ئەم یارمەتیە مرۆڤدۆستانەیە، کۆنگرێس پێداگری لە سەر سەرۆك دەکات لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دەست بکات بە وتووێژ.

13- یارمەتیە مرۆڤ دۆستانەکان دەبێ بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی ئەم بەشە بدرێت بە ئاوارە سڤیلەکانی عەرەبستانی سعودی، کویت باشووری عێراق کە لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە داگیرکراوە.

11- یارمەتیە مرۆڤدوستانەکانی ئەم بەشە، ئەم شتومەکانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت بەڵام دەتوانین لەمەش زیاتر بێت: بەنزین ، گاز و سوتەمەنی، پێداویستیەکانی پاڵاوتنی

ئاو، پێداویستیەکانی خۆپاڕاستنن پێداویستیەکانی پێشگیری لە بڵاوبونەوەی نەخۆشییە پەتاکان و پاڕاستنی گشتی، دەواو دەرمان، خۆراك و جل و بەرگ.

بەشی ج: بەنسبەت هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کورد و خەڵکی سڤیلی دیکەی عێراق، کۆنگرێس لە سەر ئەو بروایەیە:

ئا: هێرش کردنە سەر خەڵکی سڤیل لە عێراق پێشێل کردنی ماددەی 3ی کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێڤە لە 12ی ئابی 1949 سەبارەت بە پاڕاستنی خەڵکی سڤیل لە کاتی شەڕدا.

ب- هێرش کردنە سەر خەڵکی سڤیلی عێراق، مەترسییە بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچە.

ج- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کۆمەڵێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر تا بە گوێرەی بەشی VII ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان پێش لەم هێرشانە بگرێت.

## دیکۆمێنتی ژمارە(76)

### لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[48]

## جیۆسایدی سەدام حوسێن

## 11ی نیسانی 1991 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز" داماتۆ" :

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەمڕۆ ئێمە یادی ڕووداوێکی ناخۆش دەکەینەوە لە بارەگای کۆنگرێس، ئەویش یادکردنەوەی 6 ملیۆن کەسە کە گیانیان لە هۆلۆکۆست دا لە دەست داوە. ئەو هەستانە کە بۆ ئەم ڕووداوە دەربراوە، قەد لە بیرمان ناچێت.

جەنابی سەرۆك ناچارم پێتان بڵێم حەپەساوم، هەژاوم و تۆقاوم لە بەر ئەوەی کە نازانم چون دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەی جارێکی دیکە بەرە و دواوە چووبێ و ڕێگە بەوە بدات جینۆساید ڕووبدات، ڕێگە بەوە بدات دەزگای مرۆڤ کوژی سەدام، پیاو، ژن، منداڵ و خەڵکی سڤیل بکوژێت لە بەر ئەوەی شیعەن یان کوردن، لە بەر ئەوەی لایەنگری لەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت کۆشکی سەرکوت بڕووخێنن.

ئەمڕۆ بێدەنگی جیهان ڕۆخسارێکی دزێوتری بە خۆ وە گرتووە لە بەر ئەوەی هیچ پاساوێك بۆ ئەم بێدەنگیە نییە. خەڵك ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن ئەم ڕووداوانە نابینن یان ئاگاداری نین، کەوا بۆ ئەم یادکردنەوە جوانە و هەموو یادکردنەوەکانی دیکە کە ئێمە بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییەکانیان دەیگرین، هەتا کاتێك ئێمە نە توانیین لە بەر سەدام ڕابوەستنین لە ڕاستیدا بێ کەڵکە. من نامەوێت بچمە ناو باسە تایبەتەکە دەبێ یان نابێ هەرێمێکی پارێزراو دروست بکرێت بۆ پاراستنی ژن و منداڵی بێ گوناه. بە بیروبۆچوونی من ئەمە کارێکی تا ڕادەیەك باشە، بە باوەری من دەبێ هێزە

هاوپەیمانەکان لەو هێزە گەورەیەی لەناوچە هەیانە کەڵك وەربگرن بۆ ڕاوەستاندنی ماشینی کوشت و کوشتاری سەدام، دەبێ زۆر بە ڕاشکاوی بە سەدم و ژنەراڵەکانی بگوترێت ئەگەر دەتانەوێت هێزی خۆتان دژی خەڵکی بێگوناح بە کاربێنن، ئێمە هێزتان تێکدەشکێنین. ئەمە دەنگ و کردەوەی ڕاستی و دادپەروەری نیە. ئێمە چوون دەوێرین باسی ئەوە بکەین دەمانەوێت یادی ئەو کەسانە بەرز ڕابگرین کە لە هولۆکۆست یان جینۆسایدەکانی دیکەدا کوژران و قەد فەراموشیان ناکەین، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ئەوە دەجۆلێینەوە. ئێمە هەمان شت دەکەین، بەڵام بەشێوازێکی زۆر قێزەونتر لە بەر ئەوەی پشت لەو شتانە دەکەین کە لە شاشەی تەلەفزیونەکانمانەوە دەیبینین.

بەڵێ جیهان لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکات 53 ساڵ پێش، ئێمە هیچ زانیاریەکمان نەبوو، نەماندەزانی، قەد هیچ بیروکەیەکمان نەبوو، باشە ئایا ئێستا هیچ بیروکەیەکمان هەیە؟ ئایا ئێستا هەست بە باشتربوون دەکەین، لە بەر ئەوەی دەمانەوێت 13 ملیۆن یان 23 ملیۆن یا 33 ملیۆن یا 53 ملیۆن دۆلار بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان تەرخان بکەین. ئایا دەتوانین هەست بە باشتربوون بکەین و بلێین کێ دەزانێ، لەوانەیە ئێمەش کەسێکمان هەبێت لە سەدام خراپتر بێت.

## دیکۆمێنتی ژمارە(77)

### لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا[49]

### جینۆسایدی عێراق ڕابوەستێنن
### 11ی نیسانی 1991-کۆنگرێس

بەڕێز" پێلْ ":
جەنابی سەرۆك کارەساتێکی بێ وێنە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات. پتر لە سێ ملیۆن کوردی عێراقی بە هۆی سەرما و سۆڵە، برسێتی و هێرشی سەربازی سوپای عێراق لە گەڵ مەترسی جیددی مردن ڕووبەڕوون. بینەران، لەوانە کۆمەلێك لە ئەندامانی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس باسی تاکتیکەکانی عێراقیان کردووە، لەوانە بۆمباردمانی بەربلاوی شارۆچەکە کوردنشینەکان بە تۆپ و کۆپتەر، کۆمەڵکوژی خەڵکی سڤیل لەو ناوچانە کە دیسان لە لایەن سوپاوە گێڕاونەتەوە و بەکارهێنانی چەکە قەدەغەکراوەکان وەك تۆپی فۆسفۆری و ناپاڵم.
چەند ملیۆن کورد لە شارەکانی باکووری عێراق هەڵهاتوون و پەنایان بردووتە چۆم و شاخە بەرزەکان و ئێستا چوونەتە خاکی تورکیا و ئێران. بە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس بە شێوازی سیستماتیك هەموو گوندەکانی کوردستانی کاول کردووە، ئاوارەکانی ناو عێراق هیچ پەناگەیەکیان نییە و دەستیان بە هیچ سەرچاوەیەکی خۆراك لەم ناوچە کشتوکاڵییە دەوڵەمەندەدا ناکات.
ئێمە دەبێت یارمەتی بەو چەند کوردە بدەین کە لە سەر سنووری عێراق و تورکیا، لە ناو خاکی تورکیا، لە سەر سنووری عێراق و ئێران و لە ناو خاکی ئێران دان. من ستایشی هەوڵەکانی ئێران و تورکیا دەکەم بۆ یارمەتی دانی کوردەکان، بەڵام دەبێ

کاری زۆرتر لەم پەیوەندییەدا بکەن. قابلی قبوول نییە ئێمە ئەم خەڵکە برسییە کە لەگەڵ هێرشی سەربازی بەرەورووون لە سەرما و سۆڵەدا بهێڵینەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەوەی نەهێڵێت باری ئابووری ئەم ئاوارانە تەنها لەکۆڵی تورکیا و ئێران بێت بەڵکو لە کۆڵی هەموو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بێت.

کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دەبێ ئێستا کاری جیددی بکات بۆ ڕێگرتن لە کوژرانی خەڵك. ئێمە دەبێت بە سەدام ڕابگەینین کوژرانی خەڵکی سڤیل قابلی نییە و دەبێ ڕابوەستێ. بۆ ئەم ئامانجە من بەکارهێنانی هێزی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە باشتر دەزانم ئەگەر پێویست بکات بۆ ڕزگارکردنی گیانی خەڵك، نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئەو کۆپتەر و تۆپانە لە ناوببات ئەوانەی هێرشیان پێدەکرێتە سەر خەڵکی عێراق. بە هەرحاڵ دەبێ ئەوەش بڵێم من دژی بەکارهێنانی هێزی زەمینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکام.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵك بەرپرسیاریەتی هەیە بەنسیبەت ئەوەی ئێستا لە ناوخۆی عێراق ڕوودەدات. کۆمەڵکوژی خەڵك یەکێ لە ئەنجامە نەخوازراوەکانی دەستێوەردانی سەربازی ئێمەیە لە عێراقدا. لەمە زیاتر لەڕێگای ئەو لێدوانانەی بە شێوازی نەخوازراو کورد و شیعەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتیان دەدات، ڕاپەرینی عێراق لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە هاندرا. لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی ئانگۆلا، ئەفغانستان و کامبۆدیا دەدات، دەرك پێکراوە کە عێراقیەکانیش گەشتوبوونە ئەو باوەرە کە لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمریکا بە واتای ئەوەیە ئەمریکا یارمەتیان دەدات.

لە شەڕی دووەمی جیهامی تا ئێستا ئەوەندە خەڵك بەم خراپییە نەکەوتوونەتە ناو مەترسییەوە. ئێمە دەبێت هەر ئێستا دەست بەکاربین بۆ ڕاوەستاندنی کۆمەڵکوژی.

گیانی پتر لە 1 یەك ملیۆن كەس بەوە گرێدراوە كە ئێمە لە ڕۆژانی داهاتوودا چی دەكەین.

## دیكۆمێنتی ژماره (78)

له بەڵگەنامه نهێنیەكانی ئەمریكا[53]

له ئەنجندای كۆنگریس، ئەنجوومەنی پیران

ئەگەر سەدام هیتلەره، ئێمەش دەبێت پشتیوانی له كوردەكان بكەین
25ی نیسانی 1991 – ئەنجوومەنی پیران.

بەڕێز "كرانستۆن"
جەنابی سەرۆك، سوپاسی سەرۆكی هێژای كۆمیتەی پەیوەندییەكانی دەرەوه دەكەم. تكا دەكەم وڵاته یەكگرتووەكانی ئەمریكا به توندترین شێوه پشتیوانی بكات له خەڵكی كورد و نەیارەكانی دیكەی حكوومەتی عێراق. هەروەها دەمەوێت سەرنجتان ڕابكێشم بەرەو لای تراژیدیای كوردەكان له كەمپه قەرەباڵغەكانی باكووری عێراق له بارودۆخێكی ترسناكی مرۆڤی دان. ئەمه كوردەكانن كه ئێوه له تەلەفزیۆنەكانی C N N (سی ئێن ئێن) دا دەیانبینن.
كوردەكان لەو شوێنانه دەژین كه دەوڵەتی عێراق پێیان دەڵێت"شارەكانی سەركەوتن" و 53 پەنجا شاری وا هەیه، به گوێرەی هەڵسەنگاندنه متمانه پێكراوەكان، 1 یەك ملیۆن خەڵكی له بیركراوی برسی لەم شارانه دەژین له ڕاستیدا له كەمپ دەچن نەك له شار.
جەنابی سەرۆك یەكێ له ئامانجه سەركیەكانی شەڕی كەنداوی فارس كۆنترۆڵ كردنی سەدام حوسەین بوو، كه سەرۆك بۆش له گەڵ "ئادۆلف هیتلەر" بەراوردی كردووه. باشه"ئادلۆف حوسەین" هێشتا له سەر دەسەڵاته و هێشتا دیكتاتۆری ڕەهای عێراقه و

هێشتا لە ڕێگای گاردی خۆێنرێژ و سەرکوتکەری کۆماری بە سەر عێراقدا حوکم دەکات. کردەوە زاڵمەکانی سەدام دژی کورد، چ پێش و چ پاش شەڕی کەنداو، لە داگیرکردنی کویت خراپترە. ئێمە نابێت ڕێگا بدەین سەدام کۆمەڵکوژییەکی هوڤانە بقەومێنێت.

داوا لە سەرۆك بوش دەکەم ڕوونی بکاتەوە کە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوی بەرپرسیارە بەرامبەر کوردەکان و کەسانی دیکە کە دژی سەدام ڕاپەرینیان کردووە و ئێمە و هێزە هاوپەیمانەکان، عێراق بەجێ ناهێڵین هەتا کاتێك سەدام لە سەر دەسەڵات مابێت یان هەتا کاتێك کە ڕێبەرانی کوردستانی خۆدموختار پێمان بڵێن کە مانەوەمان ئیدی پێویست نییە.

بە گوێرەی دەنگ و باسەکانی ئەمڕۆ کوردەکان هەوڵدەدەن لە گەڵ سەدام ڕێکبکەون بۆ ئەوەی جینۆسایدی سەدام ڕابوەستێت. سیاسەتی ئەمریکا نابێت کارێك بکات کە لە بایەخی ئامانجەکانی کورد کەم بکاتەوە، تکا لە سەرۆك بوش دەکەم هەرچی لە دەست بێت بیکات بۆ ئەوەی سەدام تێبگات ئێمە لە گەڵ ئامانجی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی و پلۆرالیزمی فرەحزبی هاو هەڵوێستین. لە کاتێکدا ئاوارە کوردەکان لە ناو ترس و تۆقاندان و پێویستیان بە یارمەتی ئێمە هەیە، ئێمە ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە ئاوارەکان بە ڕاستی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان. ڕاستیەکەی ئەوەیە کاتێك کە وەزارەتی دەرەوەی سەرۆك ڕەیگان و سەرۆك بوش لە گەڵ دیکتاتۆری عێراق گەرم بوون، سەدام گوندەکانی کوردەکانی خاپوور دەکرد. ئەوان گوندەکانیان خاپوور کرد بە هەمان شێوەی هیتلەر کە شارۆچکەی لیدیسە لە چکسلاڤاکیای لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی خاپوور کرد. وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێ هەرێمێکی پارێزراو لە باکووری عێراق بۆ ئاوارەکان دروست بکەن. ئێمە هەنگاو هەلبگرین بۆ یارمەتی فریاگوزاری بۆ ئەو 833 هەزار کوردەی لە کەمپەکان و مەزراکانی نزیکی سنووری تورکیا دەژین. نابێت چاوی خۆمان ببەستین لە ئاست بارودۆخی خراپی ئەو1/5 ملیۆن ئاوارەیەی لە سەر سنووری ئێرانن.

جەنابی سەرۆك ساڵەهای ساڵ هێزە دیمۆکراتە پارتیزانەکان کە دژی دیکتاتۆری سەدام خەباتیان دەکرد، چاوەڕوانی یارمەتی و پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون. تەنانەت لە دژوارترن کاتەکانی تیرۆری سەدام دا لە شەقامەکانی بەسرە و شاخەکانی کوردستان، ژنان و پیاوانی ئازا و بوێر بە شێوازی نهێنی خەباتیان دەکرد بۆ ئەو بیروکەی دیموکراسی و مافی مرۆڤەی کە "جفرسۆن" و "لینکۆڵین" خەباتیان بۆ کردووە. بە داخەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمساڵ نەیتوانی وەڵامی هاواری یارمەتی شەڕوانانی ئازادی عێراق بداتەوە، ئەمە جاری یەکەم نییە دیمۆکراتەکانی عێراق لە ئاکامی کردەوەکانی ئەمریکا هەست بە دڵساردی دەکەن.

لە ناوەڕاستی دەیەی 1973 هێنری کسینجێر، وەزیری دەرەوە و شای ئێران پشتیان لە هاوپەیمانە کوردەکەیان کرد و ڕێگایان بۆ سەرکوتی خوێناوی ئەوان خۆش کرد. کسینجێر پاشان وڵامێکی بێ بەزەییانەی دایەوە بەو گلەیی و سکاڵایانە کە بە نسیبەت ئاکامە پڕ لە قوربانیدانەکەی ئەم سیاسەتەی ئەوان دەرکرا و وتی"سیاسەت کاری پرۆپاگەندەی ئاینی نییە". لەم ساڵانەی دوای دەیان هەزار کورد بە دەستی سەدام و هێزە سەرکوتکەرەکانی زیندانی کران، ئەشکەنجە کراون و کوژراون.

ئێمە بە هۆی ڕەچاوکردنی  بارودۆخی تورکیا و خۆدی سەدام، بە شەرمەوە لە بەرمبەر ئەم کردەوە سەرکوتکارانەی  سەدام بێ دەنگ بووین. ئەمڕۆ نوێنەرانی لێژنەی پزیشکان و مافی مرۆڤ دەڵێن هەر ڕۆژ هەزار ئاوارە تەنها لە سەر سنووری عێراق و تورکیا دەمرن. ئیران بانگەشەی ئەوە دەکات ڕۆژی 13 ملیۆن دۆلار بۆ فریاکەوتنی ئاوارەکانی خەرج دەکات، بەڵام تا ئێستا ئەمریکا هیچ یارمەتیەکی ڕاستەوخۆی بەم خەڵکە نەداوە. سەرۆك بوش بە شێوازێکی کارامە و باش سەرەنجی بیر و ڕای جیهانی بەرەولای داگیرکردنی کوێت بە دەستی سەدام ڕاکشا، بەڵام نەیتوانی هەمان نیگەرانی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بەرەولای قوربانیانی سەدام لە عێراق ڕابکێشێت. جەنابی

سەرۆك ئەمە ئـاژینی نـوێی جیهـانی نییـە، ئەمـە ئازایـەتی نـوێی جیهانـە بـۆ پاڕاسـتنی یەکپارچەیی عێراق.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی دەروازەی سێیەم

1- مەعروف چیاوك، كارەساتی بارزانی زۆڵملێكراو، وەرگێرانی ئەبو بەكر سالح ئیسماعیل، چاپخانەی ڕوشنبیری و لاوان، چاپی دووەم، هەولێر 2009، ل63

2- سەلمان عەلی، كوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2005، ل10

3. هـ. س. پ، ل36

4. هـ. س. پ، ل42

5. هـ. س. پ، ل51

6. هـ. س. پ، ل53

7. د. كەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ئامادەكردنی عەبدوڵڵا زەنگە، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، هەولێر 2001 ل74

8. د. نەجاتی عەبدوڵڵا, ڕاپەرینەكانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنیەكانی هەردوو حكوومەتی فەڕەنسا و بەریتانیادا 1931-1949 وەرگێرانی لە فرەنسییەوە, چاپخانەی ئاراس/2313/ بەرگی یەكەم, ل72

9. هـ.س.پ, ل73

13. هـ.س.پ, ل83

11. د. ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دیكۆمێنتی سۆڤیەتیدا (1945-1958)، تومارێكی زێرین لە مێژووی گەلی كورد، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم 2332 ل52

12. د. نەجاتی عەبدوڵڵا، هـ.س.پ, ل95

13. هـ.س.پ, ل138

14. هـ.س.پ, ل.113

15. د. ئەفراسیاو هەورامی، هـ. س. پ، ل89

16. نەجاتی عەبدوڵڵا، هـ.س.پ, ل116

17. هـ.س.پ, ل117

18. د. ئەفراسیاو هەورامی، هـ. س. پ، ل83

19. د. نەجاتی عەبدوڵڵا ، هـ.س.پ, ل118

23. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(1931-1958)، و" سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهوک، 1998، ل281.

21. د. نەجاتی عەبدوڵڵا ، هـ. س. پ، ل121

22. نەجاتی عەبدوڵڵا، هـ.س.پ, ل126

23. ئەفراسیاو هەورامی، هـ. س. پ، ل61

24. بەدرەدین سالح، کوردستان و شۆڕشی کورد، لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر 2010، ل56

25. محەمەد سالح عقراوی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانیّ، دهوک 2007، ل132

26. بەدرەدین سالح، هـ. س. پ، ل92

27. هـ. س. پ، ل94

28. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004، ل.305

29. لوکمان میهۆ، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (بەشی یەکەم: کوردستانی عێراق)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر 2009، ل220

30. هـ. س. پ ل272

31. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول، 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2004، ل 522

32. لوکمان میهۆ، هـ. س. پ، ل297

33. هـ. س. پ، ل281

34. هـ. س. پ، ل284

35. هـ. س. پ، ل287

36. هـ. س. پ، ل291

37. هـ. س. پ، ل300

38. هـ. س. پ، ل305

39. هـ. س. پ، ل308

40. هـ. س. پ، ل321

41. هـ. س. پ، ل322
42. هـ. س. پ، ل332
43. هـ. س. پ، ل335
44. هـ. س. پ، ل369
45. هـ. س. پ، ل373
46. هـ. س. پ، ل376
47. هـ. س. پ، ل392
48. هـ. س. پ، ل423
49. هـ. س. پ، ل425
50. هـ. س. پ، ل459

# بەشی هەشتەم

# جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

# لە چاوی وێنەکاندا

# پێشانگای یەکەم

## بۆنیادنەرانی ئەمرۆ

لەم پێشانگایەدا هەر پێنج پێشمەرگە و ئازادی خواز و شۆرشگێر و قارەمان و سەرکردە کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بزاڤیان کردووە بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و مافە رەواکانی کورد و کوردستان، رووخسار و وێنەکانیان دونیایەك داستانانی پڕ لە تراژیدیامان بۆ دەخوێنەوە.



شێخ عەبدولسەلام بارزانی

شێخ ئەحمەد بارزانی (خودان) و مەلا مستەفا بارزانی



شێخ ئەحمەد بارزانی (خودان) و  مەلا مستەفا بارزانی

باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی



باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی



بارزانی نەمر



جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی سەرۆك مسعود بارزنی

# پێشانگای دووەم

**بارزانیەکان**
**لە مهابادەوە**
**بەرەو سۆڤیەتی**
**پێشوو**

ئەم پێشانگایە وێنەکانی ساڵانی 1945 تاکو 1959 لە خۆ دەگرێت، ژیان و خۆ ڕاگری و بەرخودانی بارزانیەکان لە کۆماری مهاباد و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.



بەشداریکردنی بارزانیەکان لە ئاهەنگی هەڵکردنی ئالای کوردستان، کۆماری مهاباد.



بارزانی نەمر، کۆماری مهاباد 1946




خۆ پێشاندانی بارزانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.



بارزانیەکان لە سۆڤیەتی پێشوو





گەڕانەوەی بارزانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ کوردستانی عێراق، 1959



بەسرا، هاولاتیانی کورد و عارەب لە پێشوازی گەڕانەوەی بارزانیەکان بۆ ولاتی خۆیان.



ئەو کەشتییەی بارزانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتەوە پێی گەڕانەوە.



بارزانی نەمر و بارزانیەکان لە سۆڤیەتی پێشوو



# پێشانگای سێیەم

## لە

## زیندانەوە

زیندانیکردنی نهێنی و ئاشکرای بارزانیەکان بە هەڕەمەکی بە درێژایی سەدەی ڕابردوودا پرۆسەیەکی بەردەوامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بووە بەرامبەر بە بارزانیەکان، ئەم پێشانگایەش تایبەتە بە وێنەی بارزانیە بەندکراوەکان لە ساڵی 1947–1949 و تا دامەزراندنی حکۆمەتی کۆماری لە عێراق ساڵی 1958.








# پێشانگای چوارەم

## بەعس بەمەش
## نەوەستا

کۆشتن و لە ناوبردن و تۆقاندنی بەردەوام و بە هەموو جۆر و شێوازیك یەكێك بۆ لە كردارە بەردەوامەكانی حكوومەتی بەعس لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەم پێشانگاشەش دوو ڕووداو لە خۆ دەگرێت یەكەمیان چەند وێنەیەك لە كاتی هەوڵی تیرۆركردنی بارزانی نەمر لە لایەن چەند مەلا (ماموستای ئاینی)ی حزبی بەعس لە بارەگای بارزانی نەمر، حاجی ئۆمەران. لە دوو هەوڵی جۆدادا.

دووەمیان وێنەی ئەشكەوتی دەكان، ئەو ئەشكەوتەی هەروەك لە پێشەكی و دەروازەی دووەمدا ژمارەی قوربانیان و چۆنیەتی جینۆسایدكرنیان بەدرێژایی خراونەتە ڕوو.



بارەگای بارزانی نەمر 29 / 9 / 1971 لە کاتی هەوڵی تیرۆرکردنی.








ئەو جانتایەی بۆمبارێژکرابوو بۆ تیرۆرکردنی بارزانی نەمر 1972.



ئەو جانتایەی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی نەمر ئامادەکرابوو.



یەکێك لەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ مەبەستی لە ناوبردنی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد، کە مینرێژکرابوو لە لایەن مەلاکان، دوای تەقاندنەوەی.



بارزانی نەمر دوای رزگاربوونی لە هەوڵە تیرۆرستییەکەی 29ی ئەیلولی 1971



ئەشکەوتی دەکان

# پێشانگای پێنجەم

## ڕاگواستن و ژیان
## لە
## ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا

ئـەم پێشـانگایە چـەندین وێنـەی جۆراوجـۆر لـە خـۆ دەگرێـت، گوزارشـتە لـە ژیـان و بـەرخودانی بارزانیـەکان لـە ئـاوارەیی و ڕاگواسـتی بـە زۆر و کـۆڕەو ... هتـد لـە نێـوان ساڵانی 1975 – 1991



باشووری عێراق ئۆردووگای زۆرەملێی تایبەت بە بارزانیەکان ژمارە (1)، 1977



ئۆردووگایەکی زۆرەملێی بارزانیەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراق 1978



بارزانیە ڕاگوێزراوەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراق



ئۆردووگای زۆرەملێی قودسی تایبەت بە بارزانیەکان قوشتەپە 1980



بەر لەوەی جینۆساید بکرێن، ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قوشتەپە



ژیان و یاریکردنی منداڵەکان و کۆبوونەوەی گەنجەکان بە بێ کار لە یەکێك لـە ئۆردووگـا زۆرەملێیەکان.





منداڵیکی ڕاگوێزراو.

ڕاگوێزاوە بارزانیەکان لە ناوچە عارەبنشێنەکان.



پشوودان و خواردنی بارزانیە ڕاگوێزراوەکان لە کاتی ڕاگواستنیاندا



ئەو مرۆڤانەی هەرگیز بیریان لە تاوان نەدەکردووە، تاوانیان خرا پاڵ و جینۆسایدکران.



کرێکارە ڕاگوێزراوەکان، بەر لە کۆمەڵکوژیان.



ئەگەر ئەم هەموو مرۆڤە گەنجانە تاوانبار بن! ئەی منداڵەکان تاوانیان چیبۆ.





ئەمەبوو ژیانی بارزانیەکان بە بەردەوامی.





سەربازە بارزانیەکانیش رزگاریان نەبوو لە کۆمەڵکوژیساڵی 1983





منداڵە بێ بەشکراوەکان لە باوك و باوکە بێ بەشکراوەکان لە منداڵەکانیان





